# گۆڕانە مەزنەکان لە هزرێکەوە دەست پێ دەکەن

(لەگەڵ ئەحمەد بین بیللادا بەرەو جیهانێکی نوێ)

ئەمجەد شاکەلی

ناوی کتێب: گۆڕانە مەزنەکان لە هزرێکەوە دەست پێ دەکەن
(لەگەڵ ئەحمەد بین بیللادا  بەرەو جیهانێکی نوێ)
نووسەر: ئەمجەد شاکەلی
بابەت: باس و لێکۆڵینەوە
دیزاینی بەرگ: ئیسڕا کەمال
دیزاینی ناوەوە: خەبات عارف
چاپخانەی: کارۆ، سلێمانی، کوردستان
چاپی یەکەم: 2022
تیراژ: (500) دانە
نرخ: (٧٠٠٠) دینار
ژمارەی نێودەوڵەتی: ISBN: 978-91-981755-2-3
ژمارەی سپاردن: لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکانی هەرێمی کوردستان، ژمارە (     )ی ساڵی (2022)ی پێ دراوە.

ئێستایش زایەڵەی دەنگی خەدیجەی خوشکم کە بە هەڕا بەرەو
پیرم دەهات و دەیگوت: "ئەرێ وەڵڵا هاتۆ..." لە گوێمدا
دەزرنگێتەوە
بۆ هەر چوار خوشکە خۆشەویستەکانم:
خەدیجە، نەسرین، خەولە و نازک
ئەوان هەمیشە هاوخەم و هاوڕاز و هاوپشت و هاوڕێی نزیکمن
گەلێکم خۆش دەوێن.

# دەسپێکی عیشقێکی یەکلایەنە

ئێستایش زایەڵەی دەنگی باوکم، وەک سۆزی دەروێشێکی عاشق، لە گوێمدا دەزرنگێتەوە، کاتێک لە سەرەمەرگی هیوادا، شیوەنی گوڵاڵە، گەشت لە هەورامان، گەشت لە قەرەداغ و دەروێش عەبدوڵڵای مامۆستا گۆران و شێخ مەحموودی زیندوو، ئەی نازەنین، مامە کۆڕنوو، دەمی بەهار و جەزائیری موحەممەد ساڵح دیلان[1] و بارزانی و

---

[1] موحەممەد ساڵح دیلان (کوڕی مەلا ئەحمەدی کوڕی مەلا ساڵحی کوڕی مەلا قادر/1927-1990)، لە سلێمانی لە دایک بووە و هەر لەوێیش کۆچی دوایی کردووە. لە حوجرە و مزگەوتەوە دەستی بە خوێندن کردووە و دواتر تا پۆلی سێیەمی ناوەندی خوێندووە. ساڵی 1947 لە فەرمانگەی تووتن دامەزراوە. لە تەمەنی بیست و یەک ساڵیدا شیعری بڵاوکردۆتەوە. شیعرەکانی تژین لە هەستی نیشتمانپەروەری و باسی سروشت و جوانی و بە زمانێکی ناسک و خۆش و ڕەوان نووسراون. لەنێوان ساڵانی 1948–1966دا، نۆ گلەت لەسەر خەبات و تێکۆشانی، زیندانی کراوە و چەندین جاریش دوورخراوەتەوە و تووشی ئازار و ئەشکەنجە و نانبڕین بووە. ساڵی 1954 بەبێ مۆڵەتی دەوڵەت، لە کۆنگرەی ئاشتی و هاوکاریی گەلاندا، کە لە شاری ڤیەننا ساز کراوە، بەشداریی کردووە. دیلان، بێجگە لەوەی شاعیر و تێکۆشەرێکی خاوەنهەڵوێست بووە،

جەمیلەی کامەران موکری،[2] بۆ چەندەمین گڵەت بۆ ئێمەی، ئەوانەی ماڵ، لەبەر چرا لالاکەدا، شەوانی زستان،

---

دەنگخۆشێکی کەموێنە و مەقامبێژێکی زانا و بەهرەمەند و ئاوازدانەرێکی دەگمەنیش بوو. سروودی نەورۆز، کە شیعری پیرەمێردە، دیلان بۆ یەکەم جار ئاوازەکەی داناوە و گوتوویەتی. خەرمانێک گۆرانی و مەقامی ڕەسەنی پڕ سۆز و هونەر و جوانی لە پاش جێماوە. بە نەخۆشیی دڵ کۆچی دوایی کردووە. باوکم، لەنێو هەرچی سترانبێژ و دەنگ و ئاوازی کوردیدا هەن، دیلانی لە هەمووان پێ خۆشتر و پەسەندتر بوو و بەردەوام گوێی لێ دەگرت. گەلێ حەزی بە دەنگی شوکور خەیاتیش دەکرد. منیش بۆ خۆم، حەزکردنم لە دەنگی دیلان، لە باوکمەوە بۆ ماوەتەوە.

[2] کامەران موکری (موحەممەد ئەحمەد تەها/1929–1986)، لە سلێمانی لە دایک بووە. تا دواساڵی خوێندنی ئامادەیی خوێندووە، بەڵام تەواوی نەکردووە. لەنێوان ساڵانی (1949–1963) بۆ ماوەی شەش ساڵ بەهۆی هەڵوێستی نیشتیمانییەوە زیندانی کراوە. ماوەیەکی زۆر لە بەشی کوردی کۆلیجی ئەدەبییاتی زانستگەی سلێمانی و دواتر زانستگەی سەلاحەددین لە هەولێر، مامۆستای ئەدەبییاتی کوردی بووە. لە شاری هەولێر کۆچی دوایی کردووە. کە لە ژیاندا بوو، لەنێوان ساڵانی 1945–1972، حەفت دیوانی شیعری چاپکراون، دیارترین دیوانەکانی (ئاشتی، دیاری، ئاگرو ژیلە، گوڵ ئەستێرە و گوڵاڵە سوورە)ن. بێجگە لە شیعر، کامەران موکری چیرۆکنووسیش بووە.

دەخوێندەوە و زۆر جاریش خرمەی باران، بۆ دەنگی ئەو و شیعرەکان دەبووە مۆسیقایەکی چێژبەخش.

موحەممەد ساڵح دیلان، بە شیعری "جەزائیر"ەکەی، وێنەیەکی پڕ لە ناسۆر و تاوانکاریی فرانسایییە داگیرکەرەکانی لە جەزائیر، پێشانی ئێمە دەدات. ئێمە، کە ئەو شیعرەمان دەژنەفت، دەنگی گوللە، دەسرێژ، بۆردومان، زریکە و قیژەی زارۆک و کچان و کوڕانی لاو، قرچەی سووتانی سروشت، هاواری پیرمان دەهاتنە گوێ. ئاگر، خۆڵەمێش، لاشە، دووکەڵمان دەبینین. قڕکردن، کوژتن، جەنگ وماڵوێرانی، هەموو ئەوانە بەبەرچاوماندا دەهاتن و دەچوون. هەموو ئەوانە، قین و تووڕەیی و تین و جۆش، نەک تەنێ لەکن جەزائیرییان، لەکن ئێمەی گوێگر و خوێنەریشیان دەهێنایە گۆڕێ. دیلان، لەو نەهامەتییەی جەزائیردا، سەلماس، خۆ، وان، بۆتان، ئاگری داغ و دێرسمی کوردان، وەبیر جەزائیرییان دێنێتەوە و خەباتی ئەوان و کوردستانییان پێکەوە گرێدەدات. دیلان، خەباتی گەلی جەزائیر و مەینەتییەکانیان وەک فیلمێک پێشان

دەدات و دەگوێزێتەوە و پێمان دەڵێ، داگیرکاری و ستەم، لە هەر جێیەکی دنیادا بێت، هەر یەک واتای هەیە! [3]

ناوی"جەمیلە"یشم، لەو تەمەنەوە ژنەفتبوو و دواتر بۆ خۆیشم جەمیلە و شیعری دیکەیشم دەخوێندەوە و بەرەبەرە ئاشنایەتیم لەتەک ناوی جەمیلە و وەڵاتی جەزائیری جەمیلە و خەباتی گەلەکەی جەمیلەدا، پەیدا کرد. ناوی جەمیلە بووحیرد[4]، کیژۆڵە شۆڕشگێڕەکەی جەزائیر،

---

[3] دیوانی محەمەد ساڵح دیلان، ئامادەکردن و لێکدانەوە و پەراوێزنووسین و پێشەکی: دکتۆر عەبدوڵڵا ئاگرین، هەولێر، چاپی دووەم، پوختە و زیادکراوە، 2013.

[4] جەمیلە بووحیرد (جميلة بوحيرد/1935–...) لە شاری جەزائیر لە وەڵاتی جەزائیر لە دایک بووە. باوکی جەزائیرییە و دایکی توونسی. دایکی، خۆشەویستیی نیشتمانی لە دڵیدا چاندبوو و جەمیلەی منداڵی فێرکردبوو، کە ئەو جەزائیرییە نەک فرانسی. جەمیلە، چووە خوێندنگە و دواتر لە خوێندنگەیەکی جلدرووندا بەردەوام بوو، چون بۆ خۆی هونەر و بەدەوکاریی شێوازی پۆشاکی پێ خۆش بوو. سەمای کلاسیکی دەکرد و لە ئەسپسوارییشدا بەهرەدار بوو. ساڵی 1954، کە شۆڕشی جەزائیر دژی داگیرکەری فرانسا بەرپا بوو، بووحیرد لە تەمەنی بیست ساڵیدا چووە ڕیزی بەرەی ڕزگاریی نیشتمانیی جەزائیر (جبهة التحرير الوطني الجزائرية)ەوە. دواتر

چووه ڕیزی ئەو خۆبەخش و گیانبەخشانەوە، کە بۆمبیان دژی فرانسای داگیرکەر دادەنا. بووحیرد، لەنێو ئەوانەی هێزەکانی فرانسا وەدوویاندا دەگەڕان، کەسی ژمارە یەک بوو. لە ساڵی 1957دا لە کاتێکدا نابوویانە ڕەتیەوە و فێشەکێکی بەرکەوتبوو، گیرا و ئیدی بە هەموو شێوەیەک ئەشکەنجە و هەموو جۆرە ئازارێک درا. هەر لە 1957دا درایە دادگە و بڕیاری لە سێدارەدانی درا. لەبەردەم دادگەدا چەند ڕستەیەکی گوت، تا ئێستایش کاریگەریی هەیە و لە گوێی هەموو خودان وێژدانێک و ئازادیخوازێکدا دەزرنگێتەوە. بووحیرد گوتی: "لە ڕاستیدا من نیشتمانەکەی خۆم خۆش دەوێت و دەمەوێ بە ئازادی بیبینم، هەر بۆیە لەگەڵ خەباتی بەرەی ڕزگاریی نیشتمانیدام، ئەوەیش تاکە هۆیەکە فەرمانی لە سێدارەدانی منی لەسەر دەدەن، وەک چۆن براکانم بین مهێدی و بوو مەندل و زەدوورتان کوژتن، لێ ئێوە ئەوەتان لە یاد نەچێت، بە کوژتنی ئێمە شەرەف و نەریتی ئازادییەکانی وەڵاتەکەی خۆتان دەکوژن و داهاتوویشی دەخەنە خەتەرەوە و دەیڕووخێنن. ئەوەیشتان لە یاد نەچێت، کە ئێوە ناتوانن ڕێگە لە ئازادی و سەربەخۆیی جەزائیر بگرن، ئینشائەڵڵا". بۆ بینینی ئەو گوتەیەی بووحیرد، بنۆڕە: آرنو، جورج و فیرجس، جاك، دفاعا عن جميلة..!، الطبعة الثالثة، دار العلم للملايين، بيروت، نيسان 1958، ص87-88. دوای ئەوە هەموو جیهان دژی بڕیارەکەی دادگەی فرانسا هاتنە دەنگ، کۆمیتەی مافی مرۆڤ لە 7ی مارسی 1958دا کۆوەبوو و داوای دواخستنی

بڕیاری لە سێدارەدانەکەی کرد و دواتر بڕیارەکە گۆڕدرا بۆ زیندانیی هەتاهەتایی. دوای سێ ساڵان لە زیندانییەکەی، کە لە 1962دا، جەزائیر ئازاد بوو، بووحیرد ئازاد کرا و دواتر مێردی بە پارێزەرە فرانساییەکەی خۆی کرد کە بوو بە موسوڵمان. بووحیرد، بەناویترین نیشانەی بەرخودانی جەزائیرە و تا ڕادەیەکیش هیی هەموو عەرەب. نزیکەی حەفتا شیعر لە لایەن گەورە شاعیرانی وەک: نەزار قەبیانی (نزار قباني)، سەلاح عەبدوسسەبوور (صلاح عبدالصبور)، بەدر شاکیر ئەسسەییاب (بدر شاكر السياب)، موحەممەد مەهدی ئەلجەواهیری (محمد مهدي الجواهري) و زۆرێکی دی، بۆ بووحیرد گوتراون. دوای ڕزگاربوون و سەربەخۆیی جەزائیر، بووحیرد بوو بە سەرۆکی ڕێکخراوی ژنانی جەزائیر، لێ بە هۆی ناکۆکیی لەگەڵ سەرۆک ئەحمەد بین بیللادا دەستبەرداری کارەکەی بوو و ئیدی لە سیاسەتیش دوورکەوتەوە. لەگەڵ جەمیلە بووحیرددا، دوو جەمیلەی دیکەیش هەبوون، کە شایستەی ئەوەن یاد بکرێنەوە، جەمیلە بوو عیززە (جميلة بوعزة) و جەمیلە بووباشا (جميلة بوباشا)، کە بە جوانانی شۆڕش (جميلات الثورة) ناویان دەرکردبوو و هەرسێک گیانبەخش (فدائي) بوون و کاری چاندن و تەقاندنەوەی بۆمبیان دژ بە فرانساییەکان دەکرد. ئەو سێ کیژە لە لایەن دەسەڵاتداریەتیی فرانساوە فەرمانی لە سێدارەدانیان درابوو. پیکاسۆ Pablo Picassoی هونەرمەند، لەنێو ئەو سێ جەمیلەیەدا، وەک نموونەیەکی شۆڕشگێڕی و داکۆکی لە

نیشتمان، لە ساڵی 1961دا، نیگارێکی جەمیلە بووباشای بە قەڵەم کێشا، کە بوو بە هۆکاری لەقاودانی کردە دڕندە و نامرۆڤییەکانی داگیرکاری فرانسی و ورووژاندنی ڕای گشتی دژ بە فرانسا و دامەزراندنی کۆمیتەیەک بۆ داکۆکی لە بووباشا. پارێزەر جیزێل حیلمی (جيزيل حليمي)، فرانسی لە بنەچەدا توونسی، سەرپەرشتیی ئەو کۆمیتەیەی کرد و کۆمەڵێک فیلۆسۆف و بیرمەند و نووسەر و قانوونناسی وەک: سیمۆن دی بۆڤوا، فرانسوا ساگان، سارتر، لووی ئاراگۆن و... لەو چالاکی و بەرگرییەدا هاوکاری بوون. ئەو نیگارەی بووباشا، کە پیکاسۆ کێشابووی، کرا بە بەرگی کتێبێک، پارێزەرەکەی بووباشا و سیمۆن دی بۆڤوا، وێکڕا لەمەڕ بووباشاوە نووسیبوویان و لە جەنیوەریی 1962دا پەخش کرایەوە. ئیدی لە ئەنجامی ئەو گوشار و خۆپیشاندانانەی، بۆ ئازادکردنی بووباشا، کە زۆرێک لە وەڵاتانی جیهانیان گرتەوە، لە 21ی ئەپریلی 1962دا، بووباشا، ئازاد کرا. شۆڕشی جەزائیر لە ڕووی ڕەگەز (جێندەر)ەوە تەواو ڕیزپەڕ بوو لەو شۆڕشانەی دیکەی مەغریبی عەرەبی، بەوەی کە تەنێ شۆڕشی نیرینە(پیاوان) نەبوو. مێینە(ژن) ئامادەییەکی خۆیا و لەبەرچاویان لەو شۆڕشەدا هەبوو، نە تەنێ وەک ژمارە بەڵکە وەک جۆر و چۆنیەتی و هێمایەکیش کە جەمیلە بووحیرد لەدوای ڕێڕۆییەکی خەباتی درێژخایەن و لە میانەی تێکۆشانیدا وەک کەسیەتییەکی ناوازە لە جڤاکێکدا کە لەژێر هەژموونی نێرینەدایە، لە تەواوی جیهاندا بوو بە نیشانەی خەباتی گەلی جەزائیر بۆ

سەربەخۆیی. دیارە بووحیرد تاکە ژن نەبوو ڕۆڵێکی لەو جۆرەی بینی بەڵکە ژنی دیکەیش هەبوون، لە پێگەی جیاوازەوە بەشداریی شۆڕشیان کرد و دواتریش وەک زۆری دیکە لە توێژ و خەڵکانی بەشداربووانی شۆڕش بوون بە بەشێک لە جڤاکی دەوڵەتی دوای کۆڵۆنیالیزم. هەرچەندە بەشداری ژنان لە شۆڕشدا بۆ بەرەی ڕزگاریی نیشتمانیی جەزائیر لە دەسپێکدا هێندە ئاسان نەدەهاتە پێش چاو، لێ بۆ بەرەی ڕزگاریی گەلێک سوودمەند بوو و پتر گەلێریی خەباتی گەلی جەزائیری دەسەلماند، کە تەواوی جەماوەر بە ژن و پیاوەوە تێیدا و لەپێناوی کێشەی ڕەوای گەلدا بەشدارن. وێڕای ئەوانە تەواوی ئەو دادگایی و ئەشکەنجە و کردە ناڕەواییانەی ژنانی بەشداربووانی شۆڕش لە لایەن دەسەڵاتداریەتی فرانسای کۆڵۆنیالیستەوە تووشی بوون، دەنگێکی نێونەتەوەیی مەزنی دایەوە و ڕووناکبیرانی فرانسایان وەئاگا هێنایەوە و تەنانەت تەنێ بوونی جەمیلە بووحیرد وەک نموونەیەک بوو بە هۆی گۆڕینی دیدی زۆرێک لە لاوانی فرانسایی و ئەوروپایی بۆ هاوسۆزیی لەتەک شۆڕشی جەزائیردا. ژنانی بەشداربووانی شۆڕش لە بەرەی جەنگەوە نەگەڕانەوە بۆ نێو ناندین و کاری نێوماڵ بەڵکە دەیانیان لە بوای گشتیدا دەستبەکار بوون، لەوانە: زهوور وەنیسی (زهور ونيسي)، سیاسەتکار و نووسەر، نەفیسە حموود (نفيسة حمود)، بژیشک و جەنگاوەر لە سپای ڕزگاریی نیشتمانیدا، هەروەها مەریەم بلمەیهووب (مريم بلميهوب) بوو کە لە 1956دا چووە نێو

تا ئێستایش لە دڵ و بیری هەموو شەیدایانی ئازادیدا دەژی. کامەران موکری، لە شیعرێکدا بۆ جەمیلە، کچە لاوە خوێنگەرمە شۆڕشگێڕەکەی جەزائیر، دەکاتە نیشانەی ئازایەتی و قارەمانیەتیی وەڵات و شۆڕشی گەلی جەزائیر بۆ ئازادی و لەگەڵ وێنەگەل و نموونەگەلێکی خەباتی گەلی

---

شۆڕشەوە و لە 1957دا گیرا و پاش پێنج ساڵان زیندانی ئازاد کرا، ئەو خانمە شۆڕشگێڕانە پاش ڕزگاربوون و سەربەخۆیی جەزائیر بوون بە وەزیر و بەڕێوەبەری گۆڤار و بەربرس لە یەکیەتیی ژنان و کارا لە بواری تەندروستی و ئەندامی ئەنجومەنی جەزائیر و پارێزەر و ڕاوێژکار و زۆر پلە و پێگەی دیکە. زۆرینەی گەواهییەکان ئەوە دەردەخەن کە هۆکاری سەرەکی سەرکەوتنی ژنانی شۆڕشگێڕ لەوەی پێگەی باڵا وەدەست بهێنن لە کاری گشتیدا لە دوای سەربەخۆیی، ئیدی سیاسی بێت یا جڤاکی، هێز و هەژموونی شەرعییەتی شۆڕشگێڕانە بوو کە هەر گڕ و کڵپە و گەرمی و بڵێسە و کاریگەریی هەبوو و مابوو. هۆیەکی گرنگی دیکەی تر کە هەبوو و وەها هەلومەرجێکی هێنابووە گۆڕێ، سروشتی دەسەڵاتی نوێ بوو لە دەوڵەتی تازە سەربەخۆی جەزائیردا، کە دەوڵەتی نۆزاد دروشمی پێشکەوتنخوازانە و سۆسیالیستانەی هەڵگرتبوو و پیادە دەکرد، بە تایبەت لە سەردەمی سەرۆک ئەحمەد بین بیللادا.

کوردستان بۆ ئازادی و ڕزگاری ئاوێتەی دەکات. موکری، جەمیلە و خۆڕاگریی ئەو و خەباتی شۆڕشگێرانی گەلی جەزائیر، وەک سرووشبەخش و هاندەرێک، دەکاتە نموونە و هێمایەک، ڕەنگدانەوەی لە خەباتی گەلی کورددا دەبینێتەوە. موکری، دروودی گردەکەی سەیوان و کچەکەی نەغەدە و هەموو کچان و کوڕانی کوردستان بۆ جەمیلە و جەزائیر دەنێرێت و جەمیلە وەک نموونەی ئازایەتی و قارەمانیەتی پێشانی مرۆڤی کورد دەدات.[5]

ئێستایش خەڵکی کوردستانی تامەزرووی ئازادی و سەربەخۆیی، بە تام و چێژەوە جەمیلەکەی کامەران موکری و جەزائیرەکەی دیلان، دەخوێننەوە و قارەمانیەتی گەلی جەزائیریان زێتر بۆ دەردەکەوێت و وێنە و لێکچوونی خۆیان لەو شیعر و نموونە و هەستەدا دەبیننەوە. لەوێوەڕا ئیدی جەمیلە بووحیرد بۆ من بوو بە ڕایەڵەیەک و بە جەزائیرەوە گرێیدام.

زۆر لەمێژ نەبوو ڕادیۆ هاتبووە ماڵی ئێمەوە. هەر چەند مانگێک پێش 14ی تەممووزی 1958، باوکم یەکەم

[5] کامەران، ئاگر و ژیلە، چاپخانەی کامەران، سلێمانی، 1958.

ڕادیۆی کڕیبوو، ڕادیۆیەکی سوور، پێیان دەگوت "پای".
ئەو جۆرە ڕادیۆیە باترییەکی زلی پێوە دەبەسترا و وایەرێکی درێژیشی پێوە گرێدەدرا، ئەوسەری وایەرەکە لە بان خانوو، بە سەری دارێکی درێژەوە، کە لە بانەکە دەچەقێنرا، قایم دەکرا و دەبەسترا. ساڵانی دواتر، ناوی کەروجاشیان لەو جۆرە ڕادیۆیانە نابوو. ئەودەمە ئەو ڕادیۆیانە باو بوون و هەندێک خەڵک هەیانبوون. بەهۆی ئەو ڕادیۆیەوە هەواڵی جیهانمان دەژنەفت. باوکم، زۆر گوێی دەدایە هەواڵە عەرەبییەکانی ڕادیۆگەلی لەندەن، ئیسرائیل، سەوتولعەرەب (صوت العرب)ی قاهیرە، جارجارەیش بەغدای عەرەبی و کوردی و ڕادیۆی تاران و مۆسیقا و گۆرانیی فارسی و بانگە خۆشەکەی نیوەڕوانی ئێران. باوکم خوێنەرێکی باش بوو و کتێبخانەی خۆی هەبوو و کتێب و کۆڤارگەلێکی زۆری بە زمانانی عەرەبی و کوردی و فارسییش لەماڵدا هەبوون.
هەر لە دوای 14ی تەمموزیشەوە ئیدی ڕۆژنامە و کۆڤار و بڵاوکراوەی دیکەی سیاسی و ئەدەبی، سەر بە ئیدیۆلۆگی و دیدی جیاوازی حیزبگەلی پارتیی

کوردستانی و شیووعیی عیراقی، چون باوکم بەشداریی لە هەندێکیاندا هەبوو، دەهاتنە ماڵێ.

ئەو دەمە من بۆ خۆم هێشتا لە سیڕەی ئەوەدا نەبووم دەم لە سیاسەتەوە بژەنم و قسەی گەورە بکەم، لێ بە هۆی ژینگەی ماڵ و بەهۆی ئەوەی لە خوێندنگەیش لە کەلار دەستم بە خوێندن کردبوو و کەلاریش مەکۆی سیاسەت بوو و ڕۆژانە چالاکیی سیاسی و ڕێپێوان و خۆپیێشاندانی تێدا ئەنجام دەدرا، ئیدی تێگەیشتنێکی کرچوکاڵ لەمەڕ سیاسەت و جیهان و بڕێک بنەما لە کەللەمدا چرۆیان کردبوو و تا ڕادەیەک ئاگاییەکی نیوەوناتەواو و کەم و سادە و سەرەتایی سیاسییم، لە دوای 14ی تەمموزەوە پەیدا کردبوو. لە پاییزی 1962یشدا، کە تازە چووبوومە پۆلی یەکەمی ناوەندیی لە کفری، بۆ یەکەمجار بە هۆی هاوپۆلێکمەوە، حەمیدی حاجی مەجیدی زڕگوێزی، بووم بە ئەندامی یەکیەتیی قوتابیانی کوردستان، کە سەر بە پارتیی دیموکراتی کوردستان بوو. ئیدی لە شانەیەکدا بووم و دەچوومە کۆبوونەوە و باسی سیاسەتمان دەکرد و بڵاوکراوەمان

دەخوێندەوە و بڵاویشمان دەکردەوە. 1963، کوودێتای بەعسی بەسەردا هات، ساڵی خوێندنی 1963–1964، لە خوێندن دابڕام و چ پێوەندێکم نە بە خوێندنگە و نە بە یەکیەتیی قوتابییانەوە نەما، لێ گۆڕانی سیاسی، کوودێتای ڕووخاندنی عەبدولکەریم قاسم، جەنگی کورد و حوکوومەت، هێرشی بەعس، جاڕدانی قڕانی کۆمیۆنیستەکان، حەرەس قەومی (الحرس القومي) و... دنیایەک وردەواڵەیان خستە سەر زانیاریی سیاسیم. کە ساڵی خوێندنی 1966–1967، دەستم بە قۆناغی ئامادەیی کرد، گۆڕانێک بەسەر بیرکردنەوەمدا هاتبوو، کاتێک لەگەڵ دوو هاوپۆلمدا، موحەممەد نەوزاد موستەفا وەنداوی و کەریم ئەحمەد موحەممەد (کەریم ئەحمەد گوڵە)دا، گرۆیەکی گچکەمان پێکهێنابوو و مەیلمان بۆ حیزبی کۆمیۆنیستی عیراقی هەبوو و ئەدبییاتی چەپمان دەخوێندەوە و بیروڕامان دەگۆڕییەوە و ئیدی بە خشکەیی، هەر لەو دەمەوە، وەک هزرین، ڕووم بە لای چەپدا وەرچەرخاند و دواتریش بە کردار، خۆم لەنێو ئەو بزاڤەدا بینییەوە و دەمم لە هەموو باسێک دەکوتا.

هەر لە دەسپێکی تێگەیشتنە کرچوکاڵەکەمەوە، لە دوای 14ی تەمموززی 1958، بێجگە لە عەبدولکەریم قاسم، مەلا موستەفای بارزانی، شێخ مەحموودی حەفید، قازی موحەممەد، چوار ئەفسەرە شەهیدەکان، شێخ سەعیدی پیران، فەهد و حازم و سارم، بەرەبەرە ناوی جەمال عەبدوننناسر، ئەحمەد بین بیللا، مارکس، لێنین، ترۆتسکی، نەهرۆ، گاندی، ستالین، ماو، کاسترۆ، گیڤارا، هۆ شی مین، شۆڕشی ئوکتۆبەر، شۆڕشی چین، شۆڕشی ڤییێتنام، شۆڕشی کووبا، فلستین، شۆڕشی جەزائیر و گەلێ ناوی دیکەم بەرگوێ کەوتبوون و هەواڵە پێوەندداڕەکان بەو ناوانەوە، کە پتر ناوەیلێ بوون لە جیهانی سیاسەتدا و باسوخواسی ئەوان، ختووکەی هەست و مێشکمیان دەدا. ئەوانە بە من ناوەیلێکی باش و ئومێدبەخش و ڕێنیشاندەر بوون، لێ هەر بە هۆی ئەوانەوە، شارەزای ناوی نەیارانی ئەوانیش بووبووم. لەنێو ئەو هەموو سەرکردە و شۆڕش و وەڵاتانەی بۆ من مایەی هیوا و شانازی بوون، بێجگە لە کووبا و کاسترۆ و گیڤارا، کە خۆشەویستییەکی زێدەم بۆیان هەبوو، گەلێک خۆشم لە جەزائیر و شۆڕشەکەی و

ئەحمەد بین بیللا دەهات. ناوی زۆرێک لە سەرکردەکانی جەزائیرم دەزانی و زانیاریم لەبارەیانەوە هەبوو.

بێجگە لە باوکم، ژینگەی ماڵ، ڕادیۆ پایەکە، خوێندنگە و کەلار و هەموو ئەوانە، هۆکارێکی دیکە هەبوو، پتر جەزائیر و شۆڕشەکەی و سەرۆک ئەحمەد بین بیللای لە هزرمدا چەسپاندبوو و فرەتر هەستی نزیکایەتیی لە دڵمدا جێگیر کردبوو و زێدە خۆشم گەرەک بوو: ساڵانی خوێندنی ناوەندی و ئامادەیی و زانستگەم لە کفری و بەغدا و سەردەمی سەربازی و دەستبەکاربوونم لە کەرکووک و هەولێر و سلێمانی، کە دەگەڕامەوە ماڵێ و خوشکەکانم بە پیرمەوە دەهاتن، بەتایبەت خەدیجەی خوشکم، کە هەمیشە دەیکرد بە هەڵڵا و دەیگوت: "ئەرێ وەڵڵا عەبدولعەزیز بووتەفلیقە هاتۆ، ئەرێ وەڵڵا ئەحمەد بین بیللا هاتۆ، ئەرێ وەڵڵا کەریم بەلقاسم، ڕابیح بیتات، ئایت ئەحمەد و...هاتۆ." خەدیجە و من هێندەمان باسی جەزائیر و شۆڕش و سەرکردەکانیان کردبوو، هەموویان وەک ناسیاو و کوڕانی گەڕەک و کەسانێکی نێزیکیان لێ هاتبوون بۆ ئێمە. خەدیجە، شێوە و سەروسەکوتی منیشی

به شێوەی هەر یەکێک لەو جەزائیرییانە دەشوبهاند و "ئەرێ وەڵڵا...هاتۆ"کەی ئەویش پتر لەو ناوانە و لە جەزائیری نزیک دەخستمەوە.

ساڵی 1962 ئەحمەد بین بیللا بە سەرۆکایەتی شاندێکی جەزائیری گەیشتە بەغدا و سەرۆکی عیراق عەبدولکەریم قاسم لە پێشوازییدا بوو. کە وێنەی ئەو دووەم لە ڕۆژنامەدا دەدین و لە هەواڵدا لە ڕادیۆوە هەواڵم دەبیستن و گوێم لە گوتەکانیان دەبوو، شاگەشگە دەیگرتم و هەر دەتگوت منیش لەگەڵیاندام، بە دەستە خۆم نەبوو، کەیفم پێیان دەهات و بەو دوو جوامێرە سەرسام دەبووم.

خۆشەویستیم بۆ ئەحمەد بین بیللا و شۆڕش و گەل و وەڵاتی جەزائیر، هەرگیز فەرامۆش نەکردبوو، ساڵانێکی دواتر، زیندووکردنەوەی یادەوەرییەکانی سەردەمی منداڵی و مێردمنداڵی، هانیان دام، وەدووی دید و هزرین و کەسیەتی و ڕۆڵ و خەباتی بین بیللا و شۆڕش و گەلی قارەمانی جەزائیردا بگەڕێم و خوێندنەوەیەک لەو بوارەدا بکەم. ئەو خوێندنەوەیە گەیاندمییە خڕکردنەوەی هەندەک زانیاری لەمەڕ جەزائیر و شۆڕشەکەی، کە لەم لاپەڕانەدا

و لە شێوەی گەشتێکدا بەنێو هزر و جیهانبینیی بین بیللای شۆڕشگێڕدا ئەم کورتەباسەی لێ هاتە بەرهەم.

باسەکە، لە پێشەکییەک و دوو بەش و پاشەکییەک پێکهاتووە. دوو بەشەکە: بەشی یەکەمیان، ژیانی بین بیللا، پاشخانێکی مێژووی داگیرکردنی جەزائیر لە لایەن کۆلۆنیالیزمی فرانساوە و شۆڕشی جەزائیر دەگرێتە خۆ و بەشی دووەمیان، هزری بین بیللا و دید و جیهانبینیی وی. لە تەواوی باسەکەدا، ڕەخنەگرانە گوێم لە سەرۆک بین بیللا گرتووە و هەوڵمداوە، بیر و بۆچوونی خۆمیش لەمەڕ تێزەکانی وییەوە، دەرببڕم. گەلێ جاریش ڕەنگە تا ڕادەیەک جۆرێک لە نزیکی یا تێکەڵبوون لەنێوان بیر و هزرەکانی ئەودا و سەرنجەکانی بەندەدا، هاتبنە گۆڕێ. لە زۆر جێگەیشدا لەنێوان کەسیەتی و بیری بین بیللا و شۆڕشی گەلی جەزائیر و کورددا، هەوڵی دۆزینەوەی ڕایەڵە و گرێدانێکم داوە.

لە 11ی ئەپریلی 2012دا لە جەزائیر، لە تەمەنی 96 ساڵیدا، لە ماڵەکەی خۆیدا لە شاری جەزائیر، سەرۆک ئەحمەد بین بیللا، کۆچی دوایی کرد و لە کاتی مردنەکەیدا

هەردوو کچەکەی مەهدییە و نوورییە بە دیارییەوە بوون و حوکوومەتی جەزائیر هەشت ڕۆژ پرسەی نیشتمانیی بۆ دانا. دواتر لە گۆڕستانی عالیە (مقبرة العالیة) لە چوارگۆشەی شەهیدان (مربع الشهداء)، کە گۆڕی میر عەبدولقادر جەزائیریشی لێیە، لە جەزائیری پێتەخت، بە خاک سپێردرا. بە بڕیاری سەرۆککۆمار عەبدولعەزیز بووتەفلیقە (عبدالعزیز بوتفلیقة)، لە 16ی ئەپریلی 2012دا، ناوی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی وەهران، کە پاش جەزائیری پێتەخت، بە دووەم شاری وەڵاتی جەزائیر دەژمێردرێت، گۆڕدرا بۆ فڕۆکەخانەی ئەحمەد بین بیللا. نەمانی بین بیللا، ناکاتە نەمانی جیهانبینی و هزری وی. ئەو ڕێگەیەکی خەبات، خوێندنەوە و دید و فەرهەنگێکی بۆ ژیان جێهێشت، کە هەمیشە سرووشبەخشن بۆ مرۆڤ و جڤاک و خەڵکانی ستەملێکراوی جیهان.



ئەحمەد بین بیللا

ئایا ئاوڕدانەوە لە کەسیەتییەکی وەک بین بیللا و شۆڕشێک وەک شۆڕشی گەلی جەزائیر و ورووژاندنی باسێک لەم جۆرە، کە بووە بە ڕابوردوو، چ پێوەندێکی بەم سەردەمەوە هەیە و بۆ خوێنەر و مرۆڤی کورد چ بەهایەکی هەیە و چ دەگەیەنێت؟ ئایا خۆخجڵکردن بە وەها بابەتێکەوە بەفیڕۆدانی کات نییە؟ ڕەنگە ئەمانە پرسگەلێک بن، ڕووبەڕووی ئەم مژارە ببنەوە! ڕەنگە وەها باس و بنکۆڵکردنێک بۆ ئەو مێژووە، کورد گوتەنی وەک "کای کۆن بە بادا کردن" دابنرێت! ڕەنگە وەک تارماییەک، تەمومژێک، لە سەردەمێکی بەسەرچووی کاڵەوەبوو، کە بۆ هەنووکە و جیهانی ئەمرۆ هیچ نەگەیەنێت، بێتە بەرچاو، ڕەنگە وەک مێژوویەکی داڕماو و بڕاوە و کۆتاهاتوو تەماشا بکرێت، بە تایبەت لەکن نەوەی ئەمڕۆی کورد.[6]

---

[6] لە دەسپێکی چامەیەکی شیعری زۆر جوان و بەناوێدا بە ناوێ "الأطلال"، واتە: میلکان (شوێنەوار، هەوار، نیشتمان، زێد)، کە هونەرمەند و سترانبێژی گەلێ بەناوێی عەرەب ئومموکولسووم (أم كلثوم) کردوویە بە گۆرانییەکی فرە خۆش و جوان، شاعیری میسری ئیبراهیم ناجی (إبراهيم ناجي)، کە بۆ خۆشەویست و دڵبەر

ئەمڕۆ لە زۆرینەی کۆمەڵانی جیهاندا، لە وەڵاتگەلێکی هەژار و بەجێماو و داڕزاو و تەپیودا بەتایبەتی، لە نێویشیاندا کوردستانەکەی لەمەڕ خۆمان، شەپۆل و پەتای نیولیبراڵیزم (Neoliberalism)، کە لەسەر بنجی سەرمایەداری ڕوواوە و کار بۆ لاوازکردن و کوژتنی ڕۆڵی دەوڵەت و کەرتی گشتیی دەکات لە بواری ئابووریدا و پەڕە بە کەرتی تایبەت و بازاڕی ئازاد دەدات، گاڵە بە مرۆڤ و مرۆڤایەتی دەکەن، تا ڕادەی خۆسڕینەوە و لەبەینبردنی هەموو بەها و فەرهەنگ و کەلەپوور و مێژوویەکی خەڵک و وەڵات و زێدەتر برسیکردن و چەوساندنەوەی هەژاران و وێرانکردنی ژینگە. ئەوەی لەو بازاڕی ئازاد و نیولیبراڵیزمەی گەیشتووەتە کوردستان و وەڵاتگەلێکی دیکەی هەژار، ئەوانەی جاران پێیان دەگوترا

---

و عیشقە سووتینەرە لەدەستچووەکەی دەیڵێ، دەڵێ: "یا فؤادي لا تسل أين الهوى، كان صرحا من خيال فهوى"، دڵە، مەپرسە عیشقەکەم کوا، تەلارێک بوو لە خەیاڵ و داڕما.

"جیهانی سێیەم"، بێجگە لە توێکڵ و خەڵتە و قرێژییەکانیان نەبێت شتێکی دیکە نین، دەنا خۆ چ هزر و فەرهەنگێکی باڵا و بەهاگەلێکی سوودمەند و پێشکەوتنێکی ئابووری و خۆشگوزەرانییەکی بۆ خەڵک؛ پڕانی خەڵک، دەستەبەر کردووە؟

ئەو جیهانەی بین بیللا تێیدا ژیا و ئەو شۆڕشەی بین بیللا ڕێبەری بوو و ئەو گەلەی جەزائیر کە سەربەخۆیی وەدەستهێنا، ئەو جیهانە دابەشبووەی باکوور و باشووری گۆی زەوی، جیهانی سێیەم، جیهانی ئیسلامی، سەرمایەداری و ئیمپریالیزم و لیبراڵیزم، دەوڵەمەندی و هەژاری و نادادپەروەری و بەکاربردنی مرۆڤ و دنیایەک پرسی دیکە، کە تەواوی ئەو تێز و هزرانەن سەرۆک ئەحمەد بین بیللا خولیایان بوو و دەکۆشا بۆوەی لەو نێوەندە جەنجاڵەدا، ڕێچکەیەک بەرەو جیهانێکی ئاسوودە و خۆشگوزەران و نوێ بۆ مرۆڤ؛ هەموو مرۆڤ، بدۆزێتەوە، ئێستایش پرس و ئەندێشەگەلێکن وەدووی لێتێگەیشتن و چارەسەردا دەگەڕێن.

بین بیللا و جەزائیر، ئەزموون و مێژووی خەڵکانێکن، خەمەکانیان، خەمی هەموو مرۆڤایەتییە و لەنێویشیاندا مرۆڤی کورد. کورد، کە "لە دەرەوەی مێژووە.."، بە دیدی مامۆستا مەسعوود موحەممەد و بە بڕوای بەندەیش یەک هەنگاو لە چوونەنێو مێژووەوە نێزیک نەبووەتەوە. کورد، لەنێو ئەوانی دیکەدا، لەنێو ئەو عالەمی خودایەدا منەی خۆی دەکات، چون هێشتا خۆی نەدۆزیوەتەوە. مارکس دەڵێ: "مێژوو یەکەمجار وەک تراژیدیا خۆی دووپاتە دەکاتەوە و دووەمجار وەک گاڵتەجاڕی". تەواوی مێژوویەک، ئەگەر بشێت ناوی مێژووی لێبنرێت، تەواوی وێستگەگەلێک کە کورد هەیبووە و پێیدا تێپەڕیوە، بێجگە لە سەدان پاتەبوونەوەی تراژیدیا و بێهوودەیی و گاڵتەجاڕی، هیچ شتێکی دیکە نەبووە! کورد، ئەگەر بە خۆی بزانێت، هێشتا ئەزموون و مێژووی نەک تەنێ بین بیللا، بەڵکە کاسترۆ، گێڤارا، ماو زەدۆنگ، هۆ شی مین، ماندێلا، لۆمۆمبا، فرانز فانۆن و... شۆڕشەکانی هەموو گەلانی چەوساوەی سەر زەوی، سرووشبەخش و وانە و سەرمەشقن بۆی. خوێندنەوە و فێربوون لەوانەوە و گرتنەبەری ڕێچکەی خەباتی ئەوان و فەرامۆش نەکردنیان، مرۆڤ بەرەو ئامانج دەبات.

مێژوو، تەنێ پێشاندان و باسکردن و لێکدانەوەی ڕووداوەکان و کەسەکان نییە، بەڵکە هەڵکۆڵین و شیکار و توێژینەوەی چۆنیەتیی بینین و کارکردی ڕووداوەکان و فێربوونە لێیان و گۆڕینی ڕەوش و دەوروبەر و جڤاکە. مێژوو لەسەر بنەمای گەواهیی دادەمەزرێت، نەک تەنێ گێڕانەوەی ڕووداوە تایبەتەکانی پێوەندار بە گرۆیەکی دیاریکراوەوە. مارکس، دەڵێ: "فیلۆسۆفەکان تەنیا شتێکی کردوویانە، لێکدانەوەی جیهان بووە بە چەند جۆرێک، لێ گرنگ گۆڕینیەتی"،[7] واتە: گۆڕینی جیهان. مارکس و مارکسیستەکان، ئەو بیرۆکەیەی کە پێی وایە، مێژوو تەنێ لە زنجیرەیەک ڕووداو پێکهاتووە، ڕەددەکەنەوە. مارکس، ڕەخنە لە فیلۆسۆفانیش دەگرێت کە تەنێ لێکدانەوەی جۆراوجۆریان بۆ جیهان کردووە، لەکن مارکس کارە

---

[7] کارڵ مارکس، لە بڕگەی پانزدەیەمی تێبینی و تێزە فەلسەفییەکانیدا لەمەڕ فیلۆسۆفی ئەڵمانی لودڤیگ فیووورباخ Ludwig Andreas Feuerbach (1804–1872) ئەوەی گوتووە. ئەو تێزانەی لە ساڵی 1845دا نووسیوە، لێ لە ژیانی خۆیدا چاپ نەکراوە، بەڵکە پاش مردنی مارکس، لەلایەن ئێنگڵسەوە لە ساڵی 1888دا چاپ کراوە. بنۆڕە: https://www.marxists.org/svenska/marx/1845/03-d006.htm، Karl Marx: Teser om Feuerbach,1845 وەرگێڕانی بۆ سویدی: Sven-Eric Liedman

گرنگەکە، گۆڕینی جیهانە و دەرهێنانیەتی لە چەقبەستوویی و بەستەڵەک بەرەو باشتر. کورد، ئێستایش بە لاڕێدا دەڕوات و ڕێگەی ڕاست و دروستی خۆی نەدۆزیوەتەوە و نەگرتووەتەبەر. بیرگەی مرۆڤی ئەو بەشەی جیهان، کە ئێمەی لێوە هاتووین و بەتایبەت مرۆڤی کورد، بێجگە لەوەی فرە ئاڵۆزە و پڕە لە ناتەبایی و ناکۆکی و کۆنتراست، زۆر کورت و کەمخایەن و پچڕپچڕە، کورد گوتەنی: "قونتە یا قوندە"یە[8] و بە ئاسانی و بێ کێشەیش دەتوانێت ملی ڕاستییەکان با بدات و ستەملێکراو بکات بە ستەمکار و بە پێچەوانەیشەوە.

---

[8] بە گوێرەی فەرهەنگی خاڵی مامۆستا شێخ موحەممەدی خاڵ و هەنبانەبۆرینەی مامۆستا هەژاری موکریانی، قوندە: باڵدارێکە یا گیاندارێکە کلکی کوڵ (کورت) بێت. لە گەرمیان لەبری قوندە دەگوترێ قونتە، کە پتر بۆ مامری کلک کوڵ بەکاردەهێنرێت و دەگوترێ"مامرە قونتە". ساڵانی 1970، کە تەواوی کارمەندانی کورد لە کەرکووک وەدەردەنران و دەنێردران بۆ هەولێر و سلێمانی و شوێنی دیکەی سەر بەو دەڤەرەی بەعس ناوی نابوو "منطقة الحكم الذاتي"، واتە: دەڤەری ئۆتۆنۆمی، مامۆستا عەلی غەفوور گلی، یەکێک بوو لەوانەی بۆ سلێمانی دوورخرابووە. مامۆستا گلی، لە جێکارەکەی هاوکارێکی لەگەڵ بوو، دیار بوو زۆر پێکنەدەهاتن. مامۆستا، کە باسی ئەو هاوکارەی کردبا، دەیگوت: "بەخوا کابرایەکی عەقڵ قونتەیە...". من بۆ خۆمیش یەکێک بووم لەو دوورخراوانە بۆ هەولێر.

بە دوورکەوتنەوە لە ئەزموون و مێژووی دەوڵەمەند و پڕپەند و پڕوانە و پڕواتەی بین بیللا و خەباتگێڕانی وەک وی و شۆڕش و ڕابوونی گەلانێکی مانەندی جەزائیر و فەرامۆشکردنیان، کورد، هەرگیز نایەتەوە مایەی خۆی و ئەوەیشی هەیە لە دەستی دەدات. تازەگەری و نوێبوونەوە، بە خۆلادان و خۆگێلکردن لە مێژووی ڕابردوو و دابڕان لێی و سڕینەوەی و گۆڕینی بە چەمک و تێزگەلێکی نامۆ، کە هیچ پێوەندیان بە کەڵەکەبووی کەلەپوور و فەرهەنگ و تەواوی مێژوویەکی هەبوو، نایەنە دی. گۆڕین و شێواندن و شۆخیکردن بە مێژووی هەر گەلێک و نەتەوەیەک و کۆمەڵەمرۆڤێک و جڤاکێک، دزێوترین پەلاماردان و هێرشکردنەسەر و داگیرکردنە، چون ئەو شێواندنەی مێژووە، جڤاکێکی بێ بنەما و بێ ڕەسەنایەتی و بەدگۆڕ دێنێتە گۆڕێ، کە ئیدی هەستنەکردن بە ئینتیما و کێشەی ناسنامە و خۆنەناسین، بە سەختی دەدەرێنێت، کە ئەوەیش تاوانێکە و دەبێتە هۆکاری گۆڕینی سایکۆلۆگیی تاکەکانی گەل، نەتەوە و جڤاک و پساندنی شیرازەکانی ڕۆح و هاوهەستی و سۆزێک، کە وێکڕا گرێیدابوون. هەموو نەتەوە و جڤاک و

گەل و مرۆڤ بە گشتی، لە چوارچێوەی ڕژگاریی (بۆماوەیی) هەلومەرجێکی پێشینە و دەستەبەرکراوی ڕابوردوو، مێژووی تایبەتی خۆی چێ دەکات. بۆ تێگەیشتنی ئێستا، خوێندنەوەی ڕەخنەگرانە و وردی کەلەپوور و فەرهەنگ و مێژوو و تەتەڵەکردنی تەواوی ئەو خەرمانە کەڵەکەبووە، ئەرکە نەک تەنێ پێویستیی.

چێ گێڤارا دەڵێ: "ژیان وشە و هەڵوێستە، ترسنۆکەکان مێژوو نانووسن، ئەوەی عاشقی نیشتمانە و ڕێبەرایەتیی شۆڕشی حەق دەکات و هەژارانی خۆشدەوێت، ئەوە، مێژوو دەنووسێت". ڕۆڵی ڕێبەر و سەرکردە و شۆڕشگێڕە گەلێر و خاکەڕا و مەزنەکان، لەنێویشیاندا ئەحمەد بین بیللا، هەرگیز گرێدراوی ئەو ساڵانەیان نییە لە دەسەڵاتدا بوون یا ژیاون، ئەوان خودانی خەون و پەیامن و مەزنیی ئەوان لەوەدایە، بەو هەلومەرجانەی دەیسازێنن و دەیڕەخسێنن و دیاریی دەکەن، ڕەوتی ڕووداوەکان و بزاڤی مێژوو، هێندەی بکرێت، فەراهەم دەکەن و بەو ئاراستەیەدا دەیانبەن کە بە سوودی بزاڤ و نەخشە و ئامانجەکانی گەل و نیشتمان و مرۆڤایەتی

بشکێتەوە، بەو جۆرەی بۆ خۆیان دەیانەوێت و بە قازانجی کۆمەڵ و مرۆڤ بێت. بین بیللا، مرۆڤێک بوو، لەنێو خەڵکەوە هاتبوو. ئەو، خاوەنی وشە و هەڵوێست بوو. ئەو شۆڕشگێڕێک بوو، عیشقی نیشتمان و ئازادی لە دڵدا بوو و دەیزانی مرۆڤ ئەو کارەیە دەیکات و ئەو هزرەیە جیهانی لێوە دەبینێت و ئەو وشەیەیە دەیڵێت، مرۆڤ دەتوانێت بڕیار بدات و لەوەیشدا ئازادە. ئەو خۆی بۆ پرسی هەژاران و ئازادیی مرۆڤ تەرخان کردبوو. ئەو دەیزانی ژیانی ڕاستەقینە یەکسانە بە خەبات و بزاڤ و جەنگێکی بەردەوام و درێژخایەن، هەربۆیە بڕیاری ئەوەی دابوو وەک شۆڕشگێڕ و جەنگاوەرێک بچێتە نێو جەنگی ڕزگاریی دژە ئیمپریالیزمەوە و هێندەی لە توانستیدا بوو و هێندەی وزەی تێدابوو، دەبوو ئامراز و تاکتیکەکان دەستنیشان و دەستەبەر بکات و ڕێکخستن و شێوازی خەبات دیاری بکات بۆوەی ڕەوت و ئاراستەی مێژوو بەرەو ئاقاری جیهانێکی باشتر بۆ جەزائیر، جیهانی عەرەبی، جیهانی ئیسلامی، جیهانی سێیەم و مرۆڤایەتی ببات. ئەو ڕوومەتگەلەی لە یادگە و بیری گەل و جەماوەردا بۆ هەمیشە دەمێننەوە، ئەو مرۆڤانەن، بە هزر

و هەڵوێست و خەباتی خۆیان مێژوویان تۆمار کردووە و دەکەن، بین بیلا یەکێکە لەوان. ئەو، پیاوێکی مەزنی سەردەمی پیاوە مەزنەکان بوو، ئەوانەی لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا مێژوویان دروست کرد، بین بیلا بۆ خۆی مێژوو بوو.

موحەممەد ئەلماغووت (محمد الماغوط)ی ئەدیب و شاعیری بەناوێی سووریا دەڵێ: "کاتێک لە حەلەب پیاسەم دەکرد، گوێم لە ڕۆژنامەفرۆشەکە بوو هاواری دەکرد: ئەلوەتەن (الوطن) بە پێنج لیرە، ئەسسەورە (الثورة) بە پێنج لیرە، ئەلعوروبە (العروبة) بە دوو لیرە، وامدەزانی مەبەستی نرخی ڕۆژنامەکەیە؟". ئەمڕۆ لە کوردستانەکەی تۆ و مندا، نیشتمان بۆ هەمووان نییە، نیشتمان نیشتمانی یەکانەکانە؛ خۆپێداوان،[9] سەرمایەداران، دەسەڵاتداران،

---

[9] مەبەست لە "خۆپێداو" ئەوەیە، دەوڵەمەندیی، بە تایبەت دەوڵەمەندیی سەرمایەدار و میلیۆنێر و میلیاردێرە زەبەلاحەکان، ئیدی لە هەر کوێیەکی جیهان بن، هەروا لەخۆڕا و بە ئاسانی چێ نەبووە و چێ نابێت. بە گوێرەی تیۆریی"موڵک دزییە"ی فیلۆسۆفی فرانسی پرۆدۆن Pierre-Joseph Proudhon، لە ئەنجامی هەژارکردنی خەڵکی دیکە و بەشخواردنی ئەوان و چەپاو و "چەپوگوپ" و ساختەکارییەوە، دەوڵەمەند دەبێتە خاوەنی ئەو

وەزیر، گزیر، جێنێراڵانی جەنگ، پلەدارە باڵاکانی کۆن و نویی حیزب، دەسگە سیخوڕی و هەواڵگرییەکان، بۆرژوازییان، چەقۆکێشان، بازرگانان، مشەخۆران و دزان، نیشتمانپەروەرییش بۆ چەوساوان و بەشمەینەتان و هەژارانە. لە نیشتمانێکدا پرۆسێسی ناشیرینکردنی پاشخان، فەرهەنگ، زمان، مێژوو، خاک، کەلەپوور و هەموو شتێکی نیشتمان و هەموو ئەوەی پێوەندداره بە کوردستانەوە، پیادە بکرێت، نیشتمان، شۆرش و کوردبوون، لە دوانزدە لیرەکەی، ماغووت باسی دەکات، ئەگەر کەمتر نەهێنن پتر ناهێنن!.

کۆردێڵ هوڵ (Cordell Hull)، سیاسییەکی ئەمەریکایی بووە، لە 1955دا کۆچی دوایی کردووە دەڵێ: "تۆ ئەگەر بتەوێ گەلێک بسڕیتەوە، بە پەکخستنی بیرگە و یادگەی دەست پێ دەکەیت و دوای ئەوە کتێب و فەرهەنگ و مێژووەکەی لە بەین دەبەیت و ئەوجا لایەنێکی دی، کتێبی

---

هەموو سامانەی هەیەتی. هۆکاری هەژاری تەنبەڵی نییە، وەک سەرمایەداران و زەنگینان دەبێژن، لێ هۆکاری زەنگینبوون، نادادپەروەری و ستەم و قۆڵبڕین و فرتوفێڵە. سەندنەوەی سامان لە دەوڵەمەند و دانی بە هەژار، هەرگیز نابێتە دزی.

دیکەی بۆ دەنووسن و فەرهەنگێکی دیکەی دەدەنێ و مێژوویەکی دیکەی بۆ چێ دەکەن، ئیدی ئەو، ئەوەی لە بیر دەچێت کێ بووە و چی بووە". ئەو گەلانەی مێژووی خۆیان ناپارێزن، تاکە یەک چارەنووس چاوەنۆڕیانە ئەویش نەمانە، نەمان و بەس!

ئەم دەسپێکە و ئەو پاشەکییەی، کە لەژێر ناوی (بین بیللا، بیرێکی جیاواز، ڕوانگەیەکی نوێ بۆ ژیان)دایە، لێ دەرچن، تەواوی باسەکە، کە دوو بەشە و پاش ئەم دێڕانە دەستپێدەکات، لە پاییزی 1985دا نووسراوە، لێ بەم تازەکییە بە باسەکەدا چوومەوە و مشتوماڵێکم کردووە و لێرەولەوێ لە ڕووی زمان و هەندەک زانیاری و پەراوێزەوە، وشەگەلێکم لێ گۆڕیوە، بڕێکم کەم یا زیاد کردووە، واتە: نوێم کردووەتەوە.

هەرچەندە فێرناندۆ پێسوا[10] دەڵێ: "جڤاکەکان، بزوێنەرانی هەست و هەوەس دەیانئاژۆن، نەک هزر. هیچ فیلۆسۆفێک،

---

[10] فێرناندۆ پێسوا (Fernando Pessoa/ 1934-1888)، شاعیر و نووسەر و ڕەخنەگری ئەدەبی و وەرگێڕ و فیلۆسۆفی پورتوگالی. لە باژێڕی لیسابۆن هاتووەتە دنیاوە. ئەو بە یەکێک لە کەسایەتییە

بێ ئەوەی خۆی بە تەواوی یا بە کەمتر نەخستبێتە خزمەتی ئایین یا سیاسەت یا جۆرێکی دیکەی بیرکردنەوەی جڤاکییەوە، ڕێگەیەکی بۆ خۆی نەکردووەتەوە"، لێ جۆن مەینارد کینز،[11] ئابووریینASی ئینگلیز دەڵێ: "هزرەکان، شێوەی ڕەوتی مێژوو دیاری دەکەن/ Ideas shape the course of history". دیارە هزر، بە وشە دەردەبڕدرێ و دواییش دەبێتە کردار. وشە توانستی گۆڕینی جیهانی هەیە و ئافرێنەری هزر و وشە

---

ئەدەبییەکانی سەدەی بیستەم دەژمێردرێ. یەکێکە لە شاعیرە هەرە مەزنەکان لە زمانی پورتوگالیدا. ئەو لە زمانی ئینگلیزی و فراسییەوە وەرگێڕانی کردووە و بەو زمانانەیش نووسیویەتی. دوای خۆی چەندین دەستنووس و کتێب و کاری هێژای لە بواری ئەدەبی و فەلسەفەیی و ڕەخنە و هی دیکەدا، جێهێشتووە.

[11] جۆن مەینارد کینز John Maynard Keynes (1883–1946)، ئابووریناس و نووسەری بەناوێی ئینگلیز. خاوەنی تیوریی کینزییە لە ئابوورییدا، کە باوەڕی بە ئابووریی تێکەڵ هەیە لەنێوان کەرتی گشتی و تایبەتدا و جەخت لەسەر نۆرەیەکی زیاتری کەرتی گشتی دەکات. بە مەزنترین تیۆریستی ئابووریی دادەنرێت لە سەدەی بیستەمدا. مامۆستای زانستگە بووە و خاوەنی چەندین تیۆری و کتێبی گرنگە لە بواری ئابوورییدا.

و کردار و مێژوویش تەنێ مرۆڤە. هەموو گۆڕانێکی مەزن لە هزرێکەوە دەست پێ دەکات و لە پشتی هەر هزرێکیشەوە مرۆڤێک هەیە. یەکێک لەو مرۆڤانەی دەهزری و خەونی گەورەی بە گۆڕانەوە دەبینی، ئەحمەد بین بیللا بوو. ناوەڕۆکی ئەم لاپەڕانە، گەشتێکە لەگەڵ بین بیللا و بەنێو هزری بین بیللادا.

ئەمجەد شاکەلی
13ی فێبریوەری 2021

# بەشی یەکەم

# وێڵبوون وەدووی گۆڕاندا

هەر لە سەرەتای مێژووەوە تا هەنووکە، هەموو بیر و ئیدیۆلۆگی و فەلسەفە و ئایینێک، کە پەیدابوون و هەن، هەریەکە و لە دیدی خۆیەوە و بە شێوازێکی تایبەت، کەم تا زۆر، گۆڕین و هێنانەگۆڕێی جڤاکێکی جیاواز، لەوەی پێش پەیدابوونی خۆی، لە بەرچاو گرتووە و مەبەستی بووە. تەواوی شارستانەتییەکانی مرۆڤ بە درێژایی بوونی مرۆڤ و مێژوو، هەزاران ساڵە بەرەبەرە هاتۆنە گۆڕێ و بەرەو ڕەسین و پێگەیشتن و دەقگرتن چوون. شارستانەتییە کەوناراکانی سۆمەری، میسری فیرعەونی، ئاشووری، ئارامی، ئازتیک، تۆلیک، مایا و ئێنکای گەلانی ڕەسەنی ئەمەریکای خواروو (ئەمەریکای لاتین)، کە تا سەردەمێکی ئەوروپاییە دڕندەکان (کۆلۆمبوس و پورتوگالی و سپانییەکان) ئەو وەڵاتانەیان داگیر نەکردبوو، مابوون.[12] شارستانەتی گریکی، ڕۆمانی،

---

[12] ساڵی 1492 کۆلۆمبوس و کۆلۆنیالیستە سپانی و پۆتوگالی و ئەوروپاییانی دیکە، ئەوانەی لە ڕێگەی زەریاوە، بە چەکەکانیانەوە،

فارسی (ئێرانی)، ئیسیووپی، هیندوستانی، چینی و... هەموو ئەوانە هەوڵی ئەوەیان داوە، مرۆڤ بەرەو مرۆڤبوون و شارستانی ببەن. دواتر لێرە و لەوێ، لە دەڤەر و لەنێو جڤاکە جیاوازەکاندا، پەیامهێن پەیدا بوون، لە هیندوستان، لە فلستین، لە چین، لە ئێران، ئەمانیش دەیانەویست کۆمەڵی مرۆڤایەتیی نوێ لەسەر بنەمای

---

گەیشتنە ئەمەریکا. ئەوان توانییان فەرهەنگ و شارستانەتییەکانی گەلانی ڕەسەنی ئەمەریکا، گەلانی مایا و ئینکا لەبەین ببەن و ئەو گەلانە بنبڕ بکەن. ئەو داگیرکرنی ئەمەریکایە بوو بە دەسپێکێک بۆ بڵاوبوونەوەی سەرمایەداری. لە دەسپێکی ئەو داگیرکارییەوە و لە ساڵانی 1500ەوە و لە ماوەی 30 ساڵدا، 25 میلیۆن مرۆڤی دانیشتووە ڕەسەنەکانی ئەمەریکای لاتین و سەروو، لەلایەن ئەوروپاییانی کۆلۆنیالیستەوە لەبەین بران. ئەو خەڵکە ڕەسەنە، کۆلۆنیالیستانی ئەوروپایی لە دیدێکی ڕەگەزپەرستی و سووکلێنۆڕینەوە، ناوی ئیندیان (Indian)یان لێناون. ئەوان، پێش داگیرکردنی وەڵاتەکانیان، کە پتر لە دەیان هەزار ساڵ تێیدا ژیابوون، پتر لە سەد گەل و خەڵکی جیاوازبوون. ڕۆژی 8ی ئوکتۆبەر، کە لە جیهاندا بە ڕۆژی گەلە ڕەسەنەکان دادەنرێت، لە ئەمەریکا بە ڕۆژی کۆلۆمبوس دادەنرێت، چون دەکاتە ڕۆژی گەیشتنی کۆلۆمبوس بە خاکی خەڵکە ڕەسەنەکانی هەردوو ئەمەریکای باکوور و باشوور، کە ئیدی بوو بە هۆی سەپاندنی هەژموون و سیاسەت و ئایین و فەرهەنگ و سەرمایەداریی ئەوروپا لەنێو گەلانی ئەو خاکەدا.

ئەخلاقی دامەزرێنن. هەر لەو دەمانەدا و دواتریش، سەدان فیلۆسۆف، هەزاران بیریار و داهێنەر پەیدا بوون، ئەوانیش وەدووی شاری نموونەیی یوتوپیا و جڤاکی خۆشگوزەران و پڕ لە ئازادی و جوانی و خۆشی و چێژ و بەختەوەریدا وێڵ بوون. ئەریستۆ لە "ئۆرگانۆن" و ئەفلاتوون لە "کۆمار" و تۆماس مۆر لە "یوتوپیا" و فرانسیس بەیکۆن لە "ئەتڵانتیسی نویێ" و ئۆگستین لە "شاری خودا"دا، باسیان لە وەدیهێنانی جڤاکی نموونەیی کردووە و هەموو ئەمانە وێستگەیەلێک بوون لە ڕێگەیەکی درێژدا بۆ پێشڤەچوونی مرۆڤ.

تەواوی ئەو ئایین و فەلسەفە و هزر و ئیدیۆلۆگییانە، هەرچەندە لە ژینگە و لەنێو جڤاکی جیاوازدا سەریانهەڵداوە، لێ لەسەر بنەمای یەکدی و وەک بیرازکەر و تەواوکەری یەکدی، پەیامەکانی خۆیان بە مرۆڤ گەیاندووە و لە مێژووی مرۆڤدا جێی خۆیان کردووەتەوە. بەختەوەری و خۆشگوزەرانی و خێر و خۆشیی مرۆڤ و پێشاندانی ڕێگەی ڕاست و دروست بە مرۆڤ، تەنانەت ئەگەر دواتریش ڕەوتەکەیان گۆڕیبێ و ئاراستەیەکی دژە دید و بۆچوونە مرۆڤدۆستییەکانی خۆیانیشیان گرتبێتە بەر، بەشێک بوون لە پەیامێن زۆرینەی وان. ڕێگەکانی

گرتوونیاننەبەر هەندێ گلەت تۆندئاژۆ و جارجاریش میانڕۆ و ئارام بوونە، لێ لە کۆتاییشدا هەمووان، هەریەکە و بە شێوازی خۆی، ئامانجیان بیرازی کۆمەڵ و مرۆڤ بووە.

جوولەکایەتی، فەڵەیەتی و ئیسلام، کە بە ئایینە ئیبراهیمییەکان دەناسرێن، وەک سێ ئایینی یەکتاپەرستی یا ئاسمانی، لە ڕێگەی پەیامهێنان و کتێبە پیرۆزەکانیانەوە، باسیان لە بوونی هێزێکی دەرەوەی ئەم گەردوون و جیهانە بینراوەیان؛ هێزێکی میتافیزیکی نادیار و نەبینراو، کە مرۆڤ دەسەڵاتی بەسەردا نییە، بەڵکە ئەوە دەسەڵاتی بە سەر مرۆڤدا هەیە، کردووە. هیچ یەکێک لەو ئایینانە، نە بیری دامەزراندنی بەهەشتێکی لەسەر زەوین و لەم جیهانەدا هەبووە و نە هەیە و نە بەڵێنی سەدلەسەدیشی بە مرۆڤ داوە بۆ وەدیهێنانی جڤاکی بەختیار و خۆشگوزەران لەم جیهانی سەر زەوینە، بەڵکە ئەوان باسی بەهەشتێکیان کردووە، لە جیهانێکی دیکەدایە، کە وەک پاداشتێک، پاش مردنی مرۆڤەکان، لەهەمبەر ژیانی سەختی ئەم جیهانەدا، بە باوەڕدارانی خوداپەرستانی سەر زەوی دەدرێ، دوای ئەوەی مرۆڤ ڕێگەیەکی گونجاو لەگەڵ ئەو باوەڕەدا دەگرێتە بەر، کە ئەوان؛ ئەو ئایینانە و ئەو پەیامهێنانە، بۆ خۆیان داوایان کردووە، گونجاو

لەگەڵ ئەو ئەخلاقەدا، کە بۆ خۆیان بڵاویان کردووەتەوە، پاداشتیان ئەوە دەبێت، بە گوێرەی دڵسۆزی و پابەندبوونیان بە باوەڕەکانیانەوە، لە ڕۆژی پەسڵاندا بنێردرێن بۆ بەهەشت یا بۆ دۆزەخ. لەگەڵ ئەوەیشدا، هەر ئایینە و بە جۆرێک و لە سەردەمێکدا، وەرامی زۆرێک یا بەشێک لەو پرسیارانەی، کە زۆر جاران مرۆڤ وەدوویاندا وێڵ بووە، داوەتەوە. سەربارى پەیامی خوداناسی و خوداپەرستی، ئەو ئایینانە پەیامی ڕێکخستنی کۆمەڵیشیان پێ بووە و هەریەکە بە پێی دیتن و هەلومەرج و تایبەتمەندیی خۆی، جۆرە ڕێکخستنێک، جۆرە سیستمێکی سیاسی، ئابووری و جڤاکی هێناوەتە گۆڕێ و کۆمەڵێک دەستوور و نەریتی پێوەندداریەتی نێو کۆمەڵ، مرۆڤ و مرۆڤ، مرۆڤ و کردگار، مرۆڤ و جڤاک، جڤاک و جڤاک، مرۆڤ و دەوروبەر، سازداوە و چەسپاندووە.

بێجگە لەو سێ ئایینە ئیبراهیمیانە، تاویزم، بوودابیزم، کۆنفۆشیانیزم، سێ ئایینە مەزنەکانی ڕۆژهەڵات، کە پتر فەلسەفە بوون و وەدووی دەسپێک و سەرەتاکاندا دەگەڕان، ئایینگەلێک یا فەلسەفەگەلێک بوون بێ خودا و بێ دنیایەکی دیکەی پاش مردن و بێ پەیامهێن و دوور لە لاهووت (الهیات، تیۆلۆگی)، مامۆستاگەلێکی مەزنی

وەک بوودا و کۆنفۆشیۆس و لاوتزی، هەرگیز بانگەشەی ئەوەیان نەکردووە، کە خودایەک ناردبێتنی یا لە لایەن ئاسمانەوە نێردرابێتن. زەردەشتیزم، هیندۆییزم، ئایینگەلی خەڵکە ڕەسەنەکانی لاتین ئەمەریکا و ئەفریقا و... کۆمەڵێک ئایین و دەیان هزر و فەلسەفە، کە لەپێش ئایینە ئاسمانییەکانیشدا هەبوونە و دەیان ئیدیۆلۆگی و ئیزمی دیکە، کە سەردەمێکی دواتر هاتوونە ئاراوە، مانەندی کەپیتالیزم، لیبراڵیزم، نیولیبراڵیزم، سۆسیالیزم، مارکسیزم، کۆمۆنیزم، سەندیکالیزم، ئەنارکیزم و... ئەوانیش هەر مەبەستیان گۆڕین و بارسووککردنی مرۆڤ و خۆشیی ئەو و هێنانەدی شێوازێکی نوێی ژیان و جیهانێکی نوێ بووە و هەیە. تەواوی ئەو بیر و ئایین و فەلسەفانەیش، کەسانێک بانگیان بۆ داوە و هاواریان بۆ کردووە و تێکۆشاون بۆ پەرەپێدان و بڵاوکردنەوەیان، بۆوەی تا دەکرێ خەڵک لە دەوریان گردبکرێنەوە و بڕوایان پێ بهێنن و زۆرترین ژمارەی مرۆڤ سوودیان لێ وەرگرن یا بەرینترین جوگرافیا و تەواوی جیهان بگرنەوە. ئەو کەسانەی وەها مەبەستێکیان هەبووە، خاوەنی بیر و دید و فەلسەفەیەکی تایبەت بوون و هۆشیار بوون و ئاڵاهەڵگری ئەو ڕێبازانە بوون و ڕێنیشاندەری خەڵک بوون. مرۆڤگەلێکی ئەو کارەیان کردووە، کەسانێکی بیرازخواز (مصلح، ڕیفۆرمیست

Reformist) یا شۆڕشگێڕ بوون و ئەوان ڕێبەر بوون و بە کردەوە و بیر و وشە، لە پێناوی گۆڕان و خۆشبەختیی مرۆڤدا، ئەگەر سەرزارەکییش بێت، خەباتیان کردووە و خزمەتی مرۆڤیان کردووە. زۆرینەی ئەو شۆڕشە ئایینییانەی وەک جوولەکایەتی، مەسیحییەت و ئیسلام و ئەو شۆڕشە سیاسییانەی، لە سەرەتای مێژووەوە تا ئەمڕۆ، وەک شۆڕشی فرانسای 1789 و ڕووسیای 1917 و چینی 1949 و شۆڕشی ڤییێتنام و کووبا و جەزائیریش، کە مرۆڤایەتی دیتوونی، زۆرینەیەک لە پێشەنگەکانیان، خەڵکانی خاکەڕا و سەر بە چینەکانی خوارێی جڤاک بوون، بۆیە هەمیشە ڕووی دەمیان لەو چینانە و پەیامەکانیان بۆ ئەو چینانە بوون.

هەندێ گلەت بڕێک لەو بیر و فەلسەفانە، کەپیتالیزم، لیبراڵیزم و نیولیبراڵیزم، لەبری بارسووککردنی مرۆڤ، پتر هۆکاری بارگرانیی مرۆڤ بوونە و بوونەتە هۆی داماڵینی مرۆڤ لە زۆرێک لە بەها مرۆڤییەکان و گۆڕینی مرۆڤ تێیاندا بۆ ئافەریدەیەکی کالائاسا و وێڵ وەدووی ماددەدا. کۆلۆنیالیزم و فاشیزم و نازیزمیش، لە دەسپێکدا هەر بە مەبەستی جڤاکی نوێ و جیهانی نوێوە هاتوون، لێ لە دواییدا بوون بە بەڵا و ماڵوێرانی و نەگبەتی بۆ مرۆڤ و مرۆڤایەتی.

هەر لە دەسپێکی مێژووەوە تا ئەمڕۆ گەلێ ناوی مانەندی کۆنفۆشیۆس، لاوتزی، بوودا، سپارتاکۆس، مووسا، عیسا و موحەممەد وەبەرگوێ دەکەون، بانگی "مەزنیی بۆ خودا لە بەرزی و خۆشیی لەنێو خەڵکدا و ئاشتی لەسەر زەوی"ی پەیامهێن عیسا، هاواری دادپەروەری و مرۆڤدۆستیی و یەکسانیی پەیامهێنی ئیسلام موحەممەد، هەموو ئەوانە بیرازێکی جڤاکی و بانگێک بوون بۆ وریاکردنەوەی مرۆڤ و بۆ ئەو سەردەمەیش شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی بوون. هەرچی ئیمام عەلییە، کە دادوەرترین فەرمانڕەوای موسوڵمان بووە لە مێژوودا و بووە بە قوربانیی ڕێگەی دژایەتیی چەوسێنەر و خۆپەرست و بەرچاوتەنگ و ستەمکاران، ئەبوزەڕی غیفاری و هێنانەگۆڕێی کێشەی هەژاری و نادادی، هەموو ئەوانە ورووژاندنی باسوخواسی کێشەی چینایەتی بوون و داکۆکی بوون لە چەوساوە و کەنارخراوانی جڤاک. ڕاپەڕین و شەهیدبوونی ئیمام حوسەینیش لەپێناوی دادپەروەری و حەقپەرستیدا  و ڕاپەڕینی حەمدانی قەرمەتییش، هەموو ئەوانە هەر دەکەونە ئەو ڕەوتەی داکۆکی لە چەوساوان و هەژاران و دادپەروەری و یەکسانیخوازییەی، کە ئیمام عەلی لە ئیسلامدا پێشەوای بوو.  کۆموونەی پاریس و شۆڕشی فرانسا و ئازادی و برایەتی و یەکسانی، مرۆڤایەتییان وەئاگا هێنایەوە. کارڵ

مارکس، بە ڕیسواکردنی سەرمایەداری و پێشکەشکردنی بەرنامەی کۆمۆنیزمەکەی وەک نەخشەڕێگەیەک و دواچارەسەرێک بۆ کۆتاییهاتنی خەفەت و ناسۆرەکانی مرۆڤ و دامەزراندنی جڤاکی بێ چین و یەکسان، باکۆنین و بانگەوازەکەی بۆ دامەزراندنی جیهانێکی بێ دەسەڵات، بێ دەوڵەت، بێ ئایین، لەژێر دروشمی "نە دەوڵەت، نە خودا"دا، شۆڕشەکانی ئوکتۆبەر، چین، ڤییێتنام و کووبا، ناوی لێنین، ترۆتسکی، ماو زەدۆنگ، گاندی، مارتن لۆسەر کینگ، لۆمۆمبا، هۆ شی مین، کاسترۆ و گێڤارای شۆڕشگێڕ، کە خۆی بۆ بەگژداچوونی چەوساندنەوە لە هەر کوێیەکی سەر ڕووی ئەم زەوینەدا بێت تەرخان کردبوو و لە پێناوی ئازادی و دادپەروەری و مرۆڤدا گیانی خۆی بەخشی، فرانز فانۆن و ئیدوارد سەعید، بە پێشاندانی ڕوومەتی دزێوی کۆلۆنیالیزم و پاش کۆلۆنیالیزم و کارلێکردنی بێفەڕیان لەسەر جیهانی سێیەم، سەدان فیلۆسۆف و هزرمەند و بیرازکار و شاعیر و نووسەر و هونەرمەند کە هەوڵیان دەدا و هەوڵ دەدەن، دۆزەخی مرۆڤایەتی بکەن بە بەهەشت، هەموو ئەمانە لە بیر و مێشکی هەموو خەڵکدا دەژین و دیرۆکی پڕ شانازی و سەربڵندیی ئەوان، هەردەم هاندەری هەموو خەباتگێڕێکە بۆ کۆشش وەدووی داهاتوویەکی باشتر و جوانتردا بۆ مرۆڤایەتی.

# زنجیرەیەک ڕابوون تا ڕەسین

# بە سەرکەوتن

لەنێو ئەو شۆڕشە مەزنانەی، مرۆڤایەتی هەمیشە سەری بۆ دادەنەوێنێت و بە ڕێزەوە لێی دەنۆڕێت و هەمیشەیش وەک ئەستیرەیەکی گەش، ئاسمانی مرۆڤایەتی دەدرەوشێنێتەوە، شۆڕشی جەزائیرە. جەزائیر، ئەو وەڵاتە پانوپۆڕە عەرەبییەی مەغریبی عەرەبی لە باکووری ئەفریقا، کە 132 ساڵ (5ی جووڵای 1830 – 5ی جووڵای 1962)، بندەست و کۆیلە و داگیرکراوی فرانسا بوو. وەنەبێ جەزائیر پێش داگیرکردنی لەلایەن فرانساوە دەوڵەتێکی سەربەخۆ بووبێت، بەڵکە لە لایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە، لە ساڵی 1815ەوە داگیرکرابوو و وەک ویلایەتێکی عوسمانی دەژمێردرا تا ئیدی فرانسا لە دەستی عوسمانییانی دەرهێنا و خستییە بندەستی خۆیەوە.[13] دەسپێکی داگیرکردنی جەزائیر لەلایەن فرانساوە، لەو هێرشە سەربازییەوە دەستی پێ کرد، کاتێک ئادمیراڵ

---

[13] الجمل، دکتور شوقي عطاالله، المغرب العربي الكبير في العصر الحديث (ليبيا-تونس-الجزائر-المغرب)، الطبعة الاولى، مكتبة الانجلو المصرية، القاهرة، 1977، ص97.

دوپرێ (Guy-Victor Duperré) بە 600 کەشتی لە بنگەی تۆلۆن (Toulon)ەوە، لە 25ی مەی 1830دا ڕووی کردە شاری جەزائیر. تەواوی ئەو هێرشە بۆ داگیرکردنی وەڵاتی جەزائیر، نەخشەیەک بوو لە سەردەمی ناپۆلیۆندا لە ساڵی 1808دا دانرابوو. دوای ئەوەیش جێنێراڵ دو بۆرمۆن (De Bourmont) بە 37 هەزار سەربازەوە گەیشتە ڕۆژاوای شاری جەزائیر. ئیدی لە 5ی جووڵای 1830دا فرانسا بەتەواوی جەزائیری خستە بندەستی خۆیەوە. فرانسا و فەرهەنگی کۆڵۆنیالیزم بە ناخ و دەروون و هەست و نەستی خەڵکەکەیدا ڕۆچووبوو و کاری تێ کردبوون و مرۆڤبوونی ئەوانی بەرەبەرە دەسڕییەوە و لەبەین دەبرد. زیندانیی دەکردن، ئەشکەنجەی دەدان و دەیکوژتن. لە 1955دا چەندین دیلی جەزائیری لەلایەن هێزەکانی فرانساوە لاقە (زەوت) کراون و ئەشکەنجە دراون و سووکایەتییان پێ کراوە. فرانسییەکان کیژە جوانە پاکیزە جەزائیرییەکانیان هەڵدەبژارد بۆ ئەوەی چییان گەرەک بێت لەگەڵیاندا بیکەن، لێ جەزائیرییەک تەماشاکردنی کچێکی فرانسی تەنانەت ئەگەر لەشفرۆشیش بووبێت لێ حەرام بوو. فرانسا، تاڵانی دەکردن و خاکی وێران و قڕێژ دەکردن و بۆمبی ئەتۆمیشی بەسەردا تاقی دەکردنەوە. لە ساڵی 1960دا فرانسا 150 دیلی جەزائیری، لە بێئاوانی ڕەگگان/ڕەققان،

وەک مشک بە دارەوە بەستەوە بۆوەی تاقیکردنەوەی ئەتۆمییان لەسەر بکات و توێژینەوە لەمەڕ ئەنجامی کاریگەریی تیشکە ئەتۆمییەکان بکات. لەنێوان 1960-1966 پتر لە 17 گلەت بۆمبی ئەتۆمی لە بیێاوانی جەزائیر تاقی کردنەوە، کە بوون بە هۆی لەبەینچوونی نزیکەی 42 هەزار مرۆڤ و بڵاوبوونەوەی چەندین جۆر نەخۆشی و دەرد و زایەندەی ناتەواو. جەزائیرییان لە 1830دا، کە فرانسا وەڵاتەکەیانی داگیرکرد، خوێندن و نووسینیان دەزانی، لێ دوای تێپەڕبوونی نیو سەدە بەسەر داگیرکردنی جەزائیردا لە تاریکایی نەزانیندا، هێڕ و گێژ بووبوون.[14] فرانسا لەبری خوێندەواری و بارهێنان، نەخوێندەواری و گەوجاندنی لە جەزائیردا بڵاو دەکردەوە، بۆوەی پتر بەسەر خەڵکەکەیدا زاڵ بێت و بە هاسانی شارستانیەتی و فەرهەنگی خۆراوایی بەسەریاندا بسەپێنێت، بەو کارەیش ڕێژەی نەخوێندەواری لە جەزائیر گەیشتبووە 80%. لە کاتێکدا کە زمان لە ئەوروپا یەکێکە لە کۆڵەکە و بناخەکانی نەتەوە، زمانی عەرەبی، کە زمانی خەڵکی جەزائیرە، بە قانوونی فرانسی سڕابووەوە و لە

---

[14] الأشرف، مصطفى، الجزائر، الأمة والمجتمع، ترجمة حنفي بن عيسى، مؤسسة الوطنية للكتاب، الجزائر 1983، ص414.

ساڵی 1830ەوە، وەک زمانێکی بێیانی هاتبووە ئەژماردن.[15]

لە دوای شۆڕشی ئوکتۆبەری 1917ی سۆسیالیستی و دامەزراندنی یەکیەتیی سۆڤییێت، کە یەکەم دەوڵەت بوو لەسەر بنەمای سۆسیالیزم و مارکسیسزم دابمەزرێت لە جیهاندا، ئیدی لەوەودوایش سۆسیالیزم پەرەی سەند و گەلێ وەڵاتی دیکەی گرتەوە و بوو بە هێزێکی مەزن و ڕکابەری سەرمایەداری و ڕۆژاوا، هەمیشە ڕۆژاوا دژایەتی کۆمۆنیزمی دەکرد، تەنانەت ئەو بزاڤە ڕزگاریخوازانەی لە وەڵاتگەلی عەرەبیدا سەریانهەڵدەدا، هەر لە چوارچێوەی دنەدان و فیتی سۆسیالیزم و کۆمۆنیزمدا هەژماری دەکردن. هەرچی جەزائیرە، بەو جۆرە نەبوو، فرانسا و ڕۆژاوایانی دیکە، مەسەلەی عەرەبایەتی و ئیسلامەتییان تێیدا وەدی دەکرد و ئەو دووەیان لە کۆمۆنیزم پێ مەترسیدارتر بوو، هەر بۆیە کۆڵۆنیالیزمی فرانسی، کار و کۆششی دەکرد بۆ سڕینەوەی ناسنامە و زمان و فەرهەنگ و دیرۆک و عەرەبایەتی و ئیسلامەتیی گەلی جەزائیر و نەخشەی دادەڕشت بۆ فرانسیاندن و مەسیحییاندنی.

---

[15] سارتر، چان پول، عارنا في الجزائر، الدار القومية للطباعة والنشر، شوێن و ساڵی چاپ و پەخشی نادیارە، ص18.

کۆلۆنیالیزمی فرانسی، داگیرکەری خاک بوو لە جەزائیر. کۆلۆنیالیزمێک کە خاک داگیر دەکات، داگیرکارییەکەی، تەنێ خاک نییە، بەڵکە کۆمەڵایەتی و ئابووری و فەرهەنگیشە. وەها داگیرکارییەک، لەسەر بنەمایەک دادەمەزرێ، دژ بەو تیۆرییە ناسراوەیە لە زانستی سیاسەتدا، کە دەڵێ: دەوڵەت لە خاک و گەل و بناخە و سیستمێکی دەسەڵات و سەروەری پێکدێت. کۆلۆنیالیزم بنەمای دەوڵەت بەوە دەزانێت، کە هێزێکی سیاسی، سیستمێکی دەسەڵات و سەروەرییەک، بەسەر خاکێک و گەلێکدا بسەپێنێت و ئەو سەپاندنە ببێتە هۆی پەیدابوون و سەرهەڵدانی ڕێژیمێکی سیاسیی نوێ، کە بە تۆبزی و بەگوێرەی خواستی کۆلۆنیالیستان، نەک بەگوێرەی پەرەسەندن و گەشەکردنێکی سروشتی و دیمۆگرافی هاونیشتمانییە ڕەسەنەکان، گەشە بکات.[16] فرانسا، بە درێژایی 132 ساڵ ئەو کارەی دەکرد.

لەڕێگەی لەشکرێک سیخوڕ و بەکرێگیراو و پاشکۆ و وابەستە و توێژەری جڤاکناسی و مرۆڤناسی و گەشتیار و گەڕیدە و ئەفسەر و ئەکادیمییەوە، دەسەڵاتدارانی

---

16 العقاد، صلاح، المغرب العربي، ط 3، مكتب الأنجلو المصرية، 1969، ص46.

فرانسا، کەوتنە کار و کنەکردنی توێژینەوە و لێکۆڵینەوە و پشکنین، لەمەڕ بونیادی جڤاکیی گەلی جەزائیر و گەڕان وەدووی خاڵی بەهێز و خاڵی لاوازی ئەو بونیادەدا. ئامانج لەو کارەیان، هەڵوەشاندنەوەی ئەو بونیادە و لەنێوبردنی هەموو بناخە و بنەما ڕۆحی و نیشتمانییەکانی بوو، لەڕێگەی پیڕۆکردنی سیاسەتی پشتگوێخستن و چاندن و پەخشکردنەوەی هزری ڕووخێنەر و بۆچوونی خەیاڵی و ناڕاست، لەنێو گەلی جەزائیردا، بەوەی کە سپای فرانسا هەرگیز ناشکێت و هەمیشە سەردەکەوێت. فرانسای کۆلۆنیالیست، وەها کارێکی بۆیە دەکرد، چون دەیزانی، لە ڕێگەی ڕووخاندنی بونیادی کۆمەڵایەتییەوە نەبێت، گەلی جەزائیر هەرگیز تێکناشکێنرێت و بە چۆکدا نایەت، بۆیە هەر بەو جۆرەی کرد و تەواوی بنەما و ڕایەڵە ڕۆحی و ئایینی و نیشتمانی و فەرهەنگی و نەریتی و ڕەسەنایەتییەکانی گەلی جەزائیر کە بەرهەمی کەڵەکەبووی دیرۆکێکی دەیان سەدەن و هەموو جەزائیرییانی، عەرەب و ناعەرەبی وەڵات، هەموو لەژێر ئالای ئیسلام و عەرەبایەتیدا، بە هۆی فەرهەنگ و ناسنامە و کەسیەتیی نەتەوەیی و نیشتمانییەوە، وەک یەکەیەک، توندوتۆڵ، لە بازنەی هاریکاری و یەکگرتووییدا، پێکەوە

و بێ جیاوازی و هەڵاواردن، گرێدابوون و یەکیانگرتبوو، هەموو ئەوانەی کردە ئامانج بۆ لەبەینبردن. فرانسا، درکی بەوە کردبوو و دەیزانی ئەوە شادەمار و سەرچاوەی هێزە لەکن گەلی جەزائیر، بۆیە تەواوی ئەو ڕایەڵانەی هەڵوەشاندەوە، بەوەی ناکۆکی و دووبەرەکی خستە نێوان پێکهاتەکانەوە بۆوەی لەنێوان خۆیاندا بکەونە جەنگەوە و دوژمنەکەیان فەرامۆش بکەن، تا لەسەر سیاسەتی کۆلۆنیالیستی خۆی بەردەوام بێت و لە هەموویش ترسناکتر ئەوە بوو کە فرانسا بە جیددی و بە وردی و بە بەرنامە کاری بۆ دەکرد، هەوڵی سڕینەوەی ناسنامە ئیسلامییەکەی جەزائیر بوو، کە هۆکاری یەکخستنی گەل و بەهێزترین دوژمنی کۆلۆنیالیزم بوو.

هەر لە دەسپێکی داگیرکردنی جەزائیر لە لایەن فرانساوە لە ساڵی 1830دا، بە تایبەتیش لە 1838ەوە، ئیدی پرۆسێسی مژدەدەری و مەسیحییاندنی جەزائیر دەستی پێ کرد. کردەی مەسیحییاندن، تەواوکەر و یارمەتیدەری کردەی کۆلۆنیکردنی جەزائیر بوو، هەر بۆیە مژدەدەری و مەسیحییاندن شان بە شانی یەکدی دەڕۆیشتن و بۆ یەک ئامانج کاریان دەکرد. مژدەدەرەکان، کاریان بۆ پەرەپێدانی هزر و چەسپاندنی کۆلۆنیالیزم دەکرد لەو

وەڵات و جڤاکانەی دەیانکردنە عیسایی. پرۆسێسی عیساییاندن لە جەزائیر بە چڕی و خەستی لەسەر دەستی کاردینالٚ لاڤیژێغی (بە فرانسی: Charles Martial Lavigerie)، کە ساڵی 1892 مردووە، دەستی پیٚ کرد. یەکەم پێوەندی لاڤیژێغی بە جیهانی ئیسلامییەوە لە ساڵی 1860دا بوو، کاتێک پێوەندی بە عیساییانی ڕۆژهەڵاتەوە کرد. ئەو بە بڕیٚ پارەوە، کە لە ئەوروپا بۆ کۆمەک بە عیساییانی ڕۆژهەڵات خڕکرابووەوە، چوو بۆ وەڵاتی شام. لەو دەمەدا عیساییانی وەڵاتی شام لە جەنگێکی تایفەگەریدا بوون دژ بە دورزییە موسوڵمانەکان. لاڤیژێغی، لە گەڕانەوەیدا بۆ فرانسا بە ڤاتیکاندا تێپەڕی. پاپای مەسیحییانی کاتۆلیک هانی لاڤیغێری دا، کە کۆمەک بە مژدەدان و مەسیحییاندنی جیهانی ئیسلامی بکات. لاڤیژێغی، لە ساڵی 1867 چووەتە جەزائیر و لەویٚ لە 1868دا کۆمەڵەیەکی مژدەدەری ئایینی عیسایی بە ناوی باوکانی سپی (بە عەرەبی: الآباء البيض، بە فرانسی:Pères Blancs) دامەزراندووە. کار و چالاکییەکانی مەسیحییاندنی جەزائیرییان و مژدەدەریی لاڤیژێغی بە شێوەیەکی سەرەکی، لە سیٚ دەڤەری جیاوازی جەزائیردا بڵاو دەکرایەوە، دەڤەری قەبائیل (القبائل)، کە نشیمەنی ئەمازیغییەکانە و کەژ و کێو و

چڕیشە بە دانیشتووان، دەڤەری شەلەف (الشلف)، کە جیۆگرافیایەکی کراوەی هەیە و جێی کشتوکێڵە و فرانسیگەلێکی داگیرکەری زۆری لێ دەژیان و دەڤەری هەقار (الهقار)، کە دەڤەرێکی بێئاوان و خێڵنشینە، هەروەها لە باژێڕی وەهران (وهران)یش. لاڤیژێغی، جەزائیری وەک دەسپێک و دەروازەیەک و یەکەم هەنگاو بۆ مەسیحییاندنی تەواوی ئەفریقا دەبینی و دەژمارد و بەکاردەهێنا. شێوازی کارکردنی لاڤیژێغی و باوکانی سپی و تەواوی ئەو مژدەدەرانە، بەکارهێنانی چەند ئامرازێک بوو وەک: خوێندن و بارهێنان، تیمار و چارەسەری نەخۆشی و بواری تەندروستی و کاری خێرخوازی و سەرباری ئەوانە گرنگییەکی تایبەتیان بە مەسیحییاندنی زارۆکان دەدا.[17] فرانز فانۆن[18] گەلی جار لە شێوازی

---

[17] بقطاش، خديجة، الحركة التبشيرية الفرنسية في الجزائر 1830-1871، منشورات دحلب، الجزائر 1977، ص7-130.

[18] فرانز فانۆن Frantz Omar Fanon (1925-1961)، دەروونناس و فیلۆسۆفێکی چڤاکی بوو. لە فرانسا لە دوورگەی مارتینیک لە زەریای کاریبی لە دایک بووە. لە جەزائیر لە عەین کرمە (عين كرمة) بە خاک سپێردراوە... لە دووەم جەنگی جیهانیدا لەگەڵ سپای ئازادیی فرانساییدا بووە و دژ بە نازیستەکان جەنگاوە. دواتر لە سەردەمی داگیرکردنی جەزائیر لەلایەن فرانساوە، وەک بژیشکی

کارکردنی ئۆڵکارانی عیسایی لە وەڵاتانی داگیرکراو و بندەستی وەک جەزائیر ڕازی نەبووە و ڕوون و ڕاشکاوانە سەرکۆنەی ئایینی عیسایەتی کردووە و ڕەخنەی لێی هەبووە. ئەو، عیسایەتی و کارکردنی عیساییانی لە کۆلۆنییەکاندا، بە دەرمان و ژاریDDT و

---

سەربازی لە سپای فرانسی لە جەزائیر کاری کردووە. هەر لەو دەمەدا چووەتە ڕیزی بەرەی ڕزگاریی جەزائیرەوە و دواتر بووە بە بژیشک لەکن ئەوان و کاری سیاسی و ڕێکخستن و ڕۆژنامەوانیشی بۆ دەکردن. ساڵی 1960 بوو بە باڵیۆزی حوکوومەتی کاتیی جەزائیر لە گانا. بە نووسین و دیدە دژە کۆلۆنیالیزم و دژە ڕەگەزپەرستییەکانی، بە سرووشبەخشی زۆرێک لە بزاڤە ئازدیخوازەکانی جیهان دادەنرێت. فانۆن، لە کتێبی پێستی ڕەش، دەمامکی سپی (Peau noire, masques blancs)دا بە شێوازێکی قووڵ و ورد، توێژینەوەیەکی دەروونشیکاری و دیاردەناسی بۆ ئەزموونی مرۆڤی ڕەشپێست دەکات لەمەڕ کۆلۆنیالیزمەوە. لەو تێزەیدا پتر جەخت لە ڕزگارکردن و ئازادبوونی مرۆڤ دەکات لە شێتیی ڕەگەزپەرستی (ڕاسیزم). فانۆن بە کتێبی نەفرەتلێکراوانی زەوی (Les Damnés de la terre)، کە پێوەندداره بە شۆڕشی ڕزگاریخوازی جەزائیرەوە (1954-1962)، بوو بە ڕووناکبیرێکی دیار و ناسراو و ڕێبەر لەنێو بزاڤە دژە کۆلۆنیالیزمە ئازادیخوازەکانی جیهاندا. بنەمای بیر و تێزەکانی فانۆن، فەلسەفە و تیۆریی مارکسیزمە.

کوژتنی مێروو چوواندووە. فانۆن دەڵێ: "کڵێسە لە کۆلۆنییەکاندا کڵێسەی سپیپێستانە؛ کڵێسەی بێیانییانە. کڵێسە لەو وەڵاتانەدا مرۆڤی کۆلۆنیالکراو بۆ ڕێگەی خودا بانگ ناکات، بەڵکە بۆ ڕێگەی مرۆڤی سپیپێست و بۆ ڕێگەی دەسەڵاتداری سەروەر و ڕێگەی چەوسێنەری دڕندە بانگی دەکات. دیارە لە مێژووی نێردە مژدەدەرەکاندا پتر خەڵکانێک کە وەک ئەرک کار دەکەن چالاکن، هەرچی خەڵکانێکن کە وەک بژاردەی خۆیان کار دەکەن کەمترن و کەمتر چالاکن". [19]

پێش داگیرکردنی جەزائیر لەلایەن فرانساوە لە 1830دا، تەنێ لە باژێڕی جەزائیردا 112 مزگەوت هەبوون، دواتر تەنێ 5 مزگەوتیان مانەوە و ئەوانی دیکەیان هەموو ڕووخێنران و دوو دانە لەو مزگەوتانە کرانە کڵێسە: مزگەوتی کشتاوە (كشتاوة) و مزگەوتی بچین یا عەلی بچین (بتشين/علي بتشين)بوون.[20] لە دەسپێکی

---

[19] Fanon, Frantz, The Wretched of The Earth, translated by Constance Farrington, Grove press, New York, 1963, p: 42.

[20] المدني، أحمد توفيق، هذه هي الجزائر، مكتبة النهضة المصرية، القاهرة، 1956، ص140. ئەو مزگەوتی (عەلی بیتشین)ە، بە ناوی کەسێکی نە جەزائیری و نە لە دەسپێکدا موسوڵمان، بە ناوی پیکانینۆ (Picanino)، کە لەنێوان 1630-1646دا سەرکردەی

داگیرکردنی جەزائیرەوە، تەواوی مزگەوت و وەقف و دامەزراوە ئیسلامییەکان، بوون بە موڵکی دەوڵەتی فرانسای داگیرکەر و فرانسا جەنگێکی دڕندانەی دژ بە مزگەوت و مەدرەسە و حوجرەکانی قورئان ڕاگەیاند. فرانسییەکان یەکەم خوێندنگەی مژدەدەری مەسیحییایەتییان لە ساڵی 1836دا دامەزراند. لە یادی سەد ساڵەی داگیرکردنی جەزائیردا، حاکمە فرانسییەکەی جەزائیر،[21] پییێر بۆردێ (Pierre Bordes)، دەیگوت: "جەزائیرییەکان تا قورئان بخوێنن و بە عەرەبی بپەیڤن، ئێمە بەسەریاندا سەرناکەوین... ئێمە دەبێ قورئانی

هێزی کەشتیوانیی زەریایی جەزائیر بووە، ناو نراوە. پیکانینۆ، لە ساڵی 1599دا لەسەر دەستی فەتحوڵڵا خواجە، کە لە دەرەوەی ئەو هێزە خاوەن کەشتی بووە، بووە بە موسوڵمان و ناوی خۆی گۆڕیوە بۆ عەلی بیتشین (Ali Bitchin). بە فەرمانی عەلی بچین لە ساڵی 1622دا، ئەو مزگەوتە دروست کراوە و ناوی عەلی بچینی لێ نراوە. هەندێ جار بە (جامع زوج عیون)یش ناو دەبرێ.

[21] لە ماوەی 132 ساڵ داگیرکاریی جەزائیر لەلایەن فرانساوە لەنێوان 1830-1962، جەزائیر لەلایەن کۆمەڵێک حاکم یا فەرماندارەوە بەڕێوە براوە. ئەوانەیان لەنێوان 1830-1870دا حاکم بوون، هەموو لە ئەفسەر و سەرکردە سپاییەکانی فرانسا بوون و دواتر جاروبار خەڵکی مەدەنی یا ناسپاییش دەکران بە حاکم. ژمارەی تەواوی حاکمانی فرانسی لە جەزائیر لە ساڵانی بندەستیی جەزائیردا 64 حاکم بوون.

عەرەبی لە بوونی ئەواندا بسڕینەوە و نەهێڵین و زمانی عەرەبییش لە زمانیان دەرکێشین".

فرانسییەکان، بە قانوون، جیاوازیی ڕەگەزییان لەنێوان خۆیان و جەزائیرییاندا دەکرد و جەزائیرییەکانیان بە ئەهالی (الأهالي) و موسوڵمان و عەرەب دەناساند و دوای زەوتکردنی زەوییەکانیان، وەک نۆکەر بۆ کۆلۆنیالیستان بەکاریان دەهێنان. تەواوی ئەو کردەوە دزێو و نامرۆڤانەی فرانسییان پێڕۆیان دەکرد، هۆکارێک بوون بۆ ئافراندنی ڕق و کینەیەکی کەڵەکەبووی بێسنوور و پەنگخواردوو، لە ناخی هەموو جەزائیرییەکدا و هەر بەین نا بەینێک لە شێوەی سەرهەڵدان و ڕاپەڕینێکدا بتەقێتەوە و خەڵک یاخی بێت و دژ بە داگیرکاریی فرانسا ڕاببێت. دەستدانە چەک و پەنابردنە بەر توندوتیژی، دواوێستگەی چەوساوە و بەشمەینەتانە، لەمێژە گوتراوە: "لە پزدانی ژانەوە داهێنان لە دایک دەبێ"، جەزائیر، ژان گرتی و هزر و خەبات و شۆڕشی بۆ ئازادی داهێنا.

شاعیری عەرەب نەزار قەببانی (نزار قباني) دەڵێ :"شۆڕش لە پزدانی خەمدا لە دایک دەبێ..."،[22] ئەوەی لە جەزائیر دەگوزەرا، تەنێ خەم نەبوو، بەڵکە ستەم، چەوساندنەوە، تواندنەوە، سڕینەوە، لە بەین بردن و هەموو شێوازێکی

[22] قباني، نزار، إلى بيروت الأنثى مع حبي، 1978.

خراپەکاری و نامرۆڤانە بوون، فرانسای داگیرکەر، دژ بە گەلی جەزائیر دەیکرد، کە ئیدی توانستی بەرگەگرتن و بڕستی لە گەل بڕیبوو.

زۆرێک لە مێژوونووسان جەخت لەوە دەکەنەوە کە ڕێبازە سۆفیگەرییەکان لە جەزائیر، ڕۆڵێکی مەزنیان هەبووە لە ڕێبەرایەتیکردنی بەرخودانی گەل دژ بە داگیرکاریی فرانسا و تەنانەت دژ بە ستەمی دەوڵەتی عوسمانییش پێش فرانسا. ڕابوونی 1803-1804ی ئەلئەحرەش، کە لە ڕۆژهەڵاتی جەزائیر دژ بە ستەمکاریی دەوڵەتی عوسمانی سەریهەڵدا، موحەممەد بین عەبدوڵڵا بین ئەلئەحرەش (محمد بن عبد الله بن الأحرش)ی ڕێبەری، سەر بە تەریقەتی شازیلی (الشاذلية) بوو و ڕابوون و بەرخودانی 1832ی میر عەبدولقادر جەزائیری[23] کە بە یەکێک لە ڕێبەرە مەزنەکانی

[23] میر عەبدولقادر جەزائیری (الأمير عبد القادر ابن الشريف محي الدين) ناسراو بە (عبد القادر الجزائري/1808-1883). باوکی شێخی تەریقەتی قادری بوو و بە ڕەچەڵەکیش دەچنە سەر سەییدی هاشمی. نووسەر، شاعیر، فیلۆسۆف، فەقیهـ سۆفی، سیاسی و جەنگاوەر بوو. ڕێبەری سپای ئەفریقا بوو، کە سپایەک بوو لە خەڵکی جەزائیر و دژ بە داگیرکاریی فرانسا لەنێوان 1832-1847دا شۆڕشی بەرپا کرد و جەنگا. لەنێوان 1847-1852 لە فرانسا زیندانیی کرا و کە ئازاد کرا لە 1853دا گەیشتە تورکیا و

بەرخودانی گەل، دژ بە کۆڵۆنیالیزمی فرانسی و دامەزرێنەری دەوڵەتی نوێی جەزائیر دەژمێردرێت، سەر بە ڕێبازی قادری بوو. ڕاپەڕینەکانی 1845ی بوومعزە (الشريف محمد بن عبدالله بو معزة) و 1854ی کچە ئەمازیغی لالە فاتیمە نسوومەر[24] و 1871ی شێخ موحەممەد ئەلمیقرانی (الشيخ محمد المقراني) و 1881ی شێخ بووعەمامە (الشيخ بوعمامة)، هەموو ئەوانە تەقینەوە

---

دواتر لە 1855دا ڕۆیشت بۆ شام (دیمەشق) و لە 1883دا کۆچی دوایی کرد و لە تەنیشت ئیبن عەرەبی (إبن عربي)یەوە بە خاک سپێردرا و دواتر لە 1965دا ئێسک و پاشماوەکەی گوێزرایەوە بۆ جەزائیر.

[24] لالە فاتیمە نسوومەر (فاطمة سيد أحمد) ناسراو بە (لالة فاطمة نسومر/ 1830–1863). لالە، وشەیەکی ڕێزلێنانە و بە زمانی ئەمازیغی واتای "بەڕێز، گەورە، خاتوون، خانم و..." دەگەیەنێت. لە خێزانێکی سەر بە تەریقەتی ڕەحمانییە (الطريقة الرحمانية)ی سۆفیدا گەورە بوو. لە بواری زانیاری ئایینیدا خۆی پێگەیاندبوو و شارەزا بوو و کاروباری تەریقەتی ڕەحمانییەیشی لە ئەستۆ گرتبوو. لالە فاتیمە، پێوەندی بە ئەششەریف بووبەغلە (محمد بن عبدالله بو بغلة)وە کرد، کاتێک بووبەغلە لە دەڤەری جرجرە (جرجرة) دژی داگیرکاریی فرانسا ڕاپەڕیبوو و لالە فاتیمەیش هاوشانی بووبەغلە ڕێبەرایەتیی ئەو ڕابوونەی کرد. لە 1857دا لە جەنگێکی مەزندا دژ بە فرانسییەکان، لالە فاتیمە دەستگیر کرا و خرایە ژێر چاودێری و ماڵنشینیی بەتۆبزی تا لە تەمەنی 33 ساڵییدا کۆچی دوایی کرد.

و پەرچەکردار بوون، دژ بە فرانسای داگیرکەر، تا دواشۆڕش و مەزنترین شۆڕشیش، کە لە 1ی نۆڤەمبەری 1954دا وەک درێژەپێدەر و بەردەوامیی تەواوی ئەو شۆڕش و ڕابوونانەی پێش خۆی و گێڕانەوە و لکاندن و نوێکردنەوەی ڕەوشی پێش 1830، تەقییەوە، کە ئیدی گەلی ئەو وەڵاتە ڕابوون و بڕیاری وەدەرنانی یەکجارەکی فرانسای داگیرکەریان لە وەڵاتەکەیان دا و بڕیاری وەدەستهێنانی ئازادی و سەربەخۆییان دا. هەموو ئەو ڕابوون و شۆڕشانەیش، کە لە چوارچێوەی بیری ئازادی و سەربەخۆیی و دژایەتیی کۆڵۆنیالیزم و بیری نەتەوەیی عەرەبی و هەندێ جار سۆسیالیستیدا جێیان دەبێتەوە و پۆلێن دەکرێن، هەموویان بە شۆڕشی نۆڤەمبەریشەوە، ئەگەر ڕێکوڕەوان ناوی ئیسلامیان لە خۆ نەنابێت، ڕەنگوبۆیەکی ئیسلامییان پێوە بووە. شۆڕشی جەزائیر تا 1962 درێژەی کێشا و لە 5ی جووڵای 1962دا و ڕێک لە ڕۆژێکدا، کە کۆڵۆنیالیستانی فرانسی جەزائیریان پێش 132 ساڵ داگیر کردبوو، گەلی جەزائیر سەربەخۆییان وەدەستهێنا.

پاش حەوت ساڵ و نیو جەنگ و کوژتار، لەبەینچوونی یەک میلیۆنونیو مرۆڤ، ئاوارەبوونی نیو میلیۆن مرۆڤی جەزائیری بۆ مەغریب و توونس، کە پاش سەرکەوتنی

شۆڕش گەڕانەوە، خڕکردنەوەی چوار میلیۆنونیو مرۆڤ، لەنێو ئۆردووگە زۆرەملێیەکاندا، زیندانیکردنی سەدهەزار مرۆڤ کە دوای جەنگ ئازادکران، دووسەدهەزار بێوەژن، کە مێردەکانیان شەهید بوون و دووسەدوپەنجاهەزار سێوی (هەتیو)، کە بە بۆنەی جەنگەوە سێوی کەوتبوون، هەموو ئەوانە بەرهەمی دڕندەیی و نامرۆڤانەیی و دیاریی کۆلۆنیالیزمی فرانسی بوون بۆ گەلی جەزائیر.

# تێڕوانینی مارکسیزم بۆ داگیرکردنی جەزائیر لە لایەن فرانساوە

فرێدریک ئێنگڵس،[25] لە گوتارێکیدا لەمەڕ جەزائیر، لە کۆڤارێکی ئەمەریکاییدا بە ناوی ئینسیکلۆپیدیای نوێی ئەمەریکایی New American Cyclopedia، لە ساڵی 1857دا، کە لە 22ی سێپتەمبەری ئەو ساڵەدا، چەند بڕگەیەکی لەو گوتارە لە نامەیەکیدا بۆ کارڵ مارکس کلکردووە، کاتێک مارکس لە 20ی فێبریوەری 1882دا بە

[25] فرێدریک ئێنگڵس Friedrich Engels (1820–1895)، فیلۆسۆف و پیشەساز و جڤاکناس و نووسەر و تیۆریست و سیاسی، لەگەڵ کارڵ مارکسدا بە باوک و دامەزرێنەری تیۆری و فەلسەفەی مارکسیزم دادەنرێت و پێکەوە جاڕنامەی کۆمیۆنیزمیان دەرکرد و دوای کۆچی دوایی مارکس، ئێنگڵس، بەشی دووەم و سێیەمی کتێبی"سەرمایە"ی مارکسی پەخش کردەوە و بۆ خۆیشی بەشی چوارەمی بۆ تەواو کرد و هەر بە ناوی کارڵ مارکسیشەوە پەخشی کردەوە. کتێبی "سەرمایە"، مارکس لە ساڵی 1867دا لە نووسینی بووەتەوە.

هۆی نەخۆشییەوە و بۆ سوودوەرگرتن لە کەشوهەوای جەزائیر گەیشووەتە جەزائیر و تا 2ی مەی 1882 لەویٚ ماوەتەوە، واتە: ماوەی 72 ڕۆژ، ئیدی جێیهێشتووە و گەڕاوەتەوە بۆ لەندەن.



کارڵ مارکس لە جەزائیر، فێبریوەری 1882

ئێنگڵس، باس لە کۆلۆنیالیزمی فرانسی و کارە قێزەونەکانی لە جەزائیر دەکات و دەڵێت: "ئەو وەڵاتە بەدبەختە، هەر لە یەکەم داگیرکاریی فرانسادا لە 1830، تا ئەمڕۆ، بووە بە مەیدانێک بۆ جەنگی خوێناوی و تۆقاندنی خەڵکی بێتاوان و سەرکوتکردن و داپڵۆسینی دڕندانە. باژێڕەکان، گچکە و گەورەیان، ماڵ بە ماڵیان،

دوای بەرگرییەکی توند و قوربانییەکی مەزن و فرە لە لایەن جەزائیرییانەوە، فرانسییەکان داگیریان کردن. عەرەب و قەبائیلی (بەربەر/ ئەمازیغ)یەکان، کە مەسەلەی ئازادی و جەنگ دژ بە داگیرکەرانی بێیانی لە ژیانی خۆیان بەهادارترە، هەموو جۆرە سووکایەتی و ستەم و چەوساندنەوەیەکیان چەشت، کاتێک هێرشی دڕندانەی داگیرکەران کرایە سەریان و موڵک و بەروبووم و بەرهەم وماڵەکانیانی سووتاندن و بە دڕندەترین شێوازیش ئەوانەی مابوون لە دانیشتووان، کوژتنیان. فرانسییەکان لەو جەنگە بەربەرییەیانەدا، هەرچی ئامراز و شێوازێکی دژە بەها مرۆڤییەکان و شارستانەتی و ڕێسا و نەریتە مەسیحییەکانە، گرتنیانەبەر و ئەنجامیاندان.

ئەو بڕگەیەی لەو گوتارەدا بڵاو کراوەتەوە، کە سەرکۆنە و ڕەخنەیە لە کۆڵۆنیالیزمی فرانسی، تەواوی بیروڕاکانی ئێنگڵس نییە لەمەڕ جەزائیر و کۆڵۆنیالیزمی فرانسی. ئێنگڵس و مارکس، لەمەڕ ئەو باسەوە، گەلێک بیروڕای دیکەی پێچەوانەی ئەو ڕایەیان هەبووە. لە کتێبی مارکسیزم و جەزائیر (الماركسية والجزائر)دا،[26] کە کۆکراوەی کۆمەڵێک گوتار و نامەی ئێنگڵس و مارکسە و

[26] ماركس-انجلز، الماركسية والجزائر، ترجمة جورج طرابيشي، دار الطليعة للطباعة والنشر، الطبعة الأولى، بيروت-لبنان، آب 1978.

پێونددارن بە جەزائیرەوە و بیرمەندی عەرەب جۆرج تەرابیشی،[27] کردوویە بە عەرەبی، بیر و بۆچوون و هەڵوێستەکانی ئەو دوو جوامێرە (مارکس و ئێنگڵس)، لەمەڕ جەزائیر و کۆڵۆنیالیزمەوە بە ڕوونی دەبینرێن. ئێنگڵس، لە وتارێکی دیکەیدا بە ناوی "عەبدولقادر"، کە مەبەستی میر عەبدولقادر جەزائیرییە و لە 22 جەنیوەری 1848دا نووسیویەتی و لە ڕۆژنامەی ئەستێرەی باکوور

---

[27] جۆرج تەرابیشی (جورج طرابيشي) 1939-2016، بیرمەند و نووسەر و ڕەخنەگر و وەرگێڕی عەرەبی سووریایی. لە حەلەب (حلب) زمانی عەرەبی خوێندووە و لە دیمەشق (دمشق) ماجستێری لە پەروەردەدا وەرگرتووە. بەڕێوەبەری ڕادیۆی دیمەشق بووە. سەرنووسەری کۆڤاری توێژینەوەی عەرەبی (دراسات عربية) بووە. سەرنووسەری کۆڤاری یەکیەتی (الوحدة) بووە. ماوەیەک لە لبنان ژیاوە و لە سەردەمی جەنگی نێوخۆی لبناندا، ڕۆیشتووە بۆ فرانسا و تا کۆچی دوایی کردووە، لەوێ ژیاوە و خۆی تەرخان کردووە بۆ نووسین. تەرابیشی، کتێبگەلێکی زۆری لەمەڕ مارکسیزم و تیۆریی نەتەوەیی و ڕەخنەی ئەدەبی نووسیوە. پتر لە 200 دانە کتێبی لە بوارەکانی فەلسەفە و ئیدیۆلۆگی و دەروونشیکاری و ڕۆماندا، وەرگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی. ڕەوتی هزریی تەرابیشی بە وێستگەکانی بیری نەتەوەیی و شۆڕشگێڕی و وجوودییەت و مارکسیزمدا تێپەڕیوە.

کەوتووەتە Northern Starی ئینگلیزیدا بڵاوکراوەتەوە، کەوتووەتە ژێر کاریگەریی ڕۆژنامە فرانسییەکان و دیدی ئەوانەوە. ئێنگڵس دەڵێ: "بە شێوەیەکی گشتی، بەدیلگرتنی سەرکردە عەرەبەکە، کارێکی چاک و مەزنە، چون جەنگی بەدوو هیچ هیوایەکی نەبوو... دەستبەسەرداگرتنی جەزائیر، کارێکی گرنگە و گونجاندنە لەتەک پێشکەوتنی شارستانیەتیدا". ئێنگڵس، تێکشکانی میر عەبدولقادر، بە گرنگ دادەنێت، چون ئەو ڕابوونی عەبدولقادری پێ یاخیبوونی جڤاک و ئاوەزێکی بەدوویانەیە و پێی وایە چاوەڕوانی هیچی لێ ناکرێت. ئێنگڵس، ئەو جڤاکە بەدوویەی جەزائیر و باکووری ئەفریقا بە جڤاکی سەرمایەداریی ئەوروپا بەراود دەکات، کە بێگومان دیارە ئەوەی دووەمیان پێشکەوتووترە. ئێنگڵس، هەرچەندە ڕەخنە لە کۆلۆنیالیستەکان دەگرێت، لێ لەمەڕ جەزائیرییەکانیشەوە دەڵێ: "گەرەکە ئەوەمان لە بیر نەچێت، کە ئەو بەدووگەلە گەلێکی دزن و ئامرازە سەرەکییەکانی ژیانیان، پەلاماردانی یەکدییە و پەلاماردانی ئاوایینشینەکانیشە بۆ تالآنکردنی ئەوەی بەر دەستیان دەکەوێت". هەر لەو گوتارەیدا خەڵکی جەزائیر بە کێوی و چەتە و ڕێگر و دەرەبەگ ناو دەبات. ئێنگڵس، لە گوتارێکی دیکەیدا، جەزائیر بە فێرگەیەکی سەربازیی دادەنێت و پێی وایە سەربازانی فرانسی، لەو جەنگانەیان فرە سوودمەند بوون

و فره فێربوون و ئەوەیش بوو بە هۆی پێشڤەچوونی تاکتیکە سەربازییەکانیان و چەکەکانیان. لە کۆتاییدا ئێنگڵس، کۆلۆنیالزمی بۆرژوازی تاڵانکەری دەرەکی، کە بانگەشەی پێشکەوتن و فەرهەنگ و زانیاری دەکات، پێ باشتر و لەپێشترە، لە دەرەبەگ و بەدووی خەڵکی جەزائیر. ئێنگڵس، باس لە پێشکەوتنی بازرگانییش دەکات لەسایەی داگیرکاریی فرانسادا. بێگومان ئێنگڵس پێی وابووە، کە کۆلۆنیالیزمی فرانسی هەوڵی ڕووخاندنی بونیاد و بنەما و پێوەدنداریيە پێش سەرمایەدارییەکان دەدات و ئەوەیش دەبێتە هۆی چێبوونی شۆڕشێکی ڕاستەقینە لە ڕەوشی جڤاکیی باوی جەزائیردا.

هەرچی دیدی کارڵ مارکسە لەمەڕ کۆلۆنیالیزمی فرانسییەوە لە جەزائیر، دیدێکی ئابووری پەتییە. مارکس لایەنە شارستانیەتی و فەرهەنگی و مرۆڤایەتییەکە پشتگوێ دەخات و تەنێ گرنگیی بە لایەنە ئابوورییەکە دەدات، ئەویش وەک بەشێک لە تیۆرییە ماددییەکەی خۆی، کە لە ڕاستیدا تا ڕادەیەکی زۆر دیدە ڕۆژاواییە ئەوروپاییەکەی بە سەردا زاڵە. مەبەست لەو دیدە ئابوورییەش، بازرگانی، شۆڕشی پیشەسازی، سەرمایەداری، کارگەر، سەرچاوە و مادده سەرەتاییەکان

بۆ پیشەسازی، بازاڕ و کۆمەڵێک لایەنی دیکەی پێوەنددار بەو لایەنەوە.

تۆماس ڕۆبێر بوژۆ Thomas Robert Bugeaud، ئەو جێنێراڵە فرانسییەی، کە لەنێوان 1840-1847دا فەرمانداری جەزائیر بوو و بە دڕندەترین شێوە لەهەمبەر خەڵکی ئازادیخوازی جەزائیر، سیاسەتی کوژتن و لەبەینبردن و کۆچپێکردن و ستەم و چەوساندنەوەی پێڕۆ دەکرد، داوای لە مارکس کرد، گوتارێک بۆ ڕۆژنامەیەکی فرانسی بنووسێت و بوژۆ وەک فریادڕەس و فریشتە پێشان بدات، مارکس گوتارەکەی نووسی و لەو گوتارەیدا داکۆکی لە بوژۆ کرد و جەختی لەوەیش کردەوە، کە بوژۆ نە بەشداریی ئەو کوژتارانەی کردووە و نە فەرمانی بە کردنیان داوە. مارکس سەرکۆنەی کۆڵۆنیالیزمی فرانسی لە جەزائیر ناکات. ئەو، لەبەر ئەوەی تەنێ لە ڕوویەکی ئابوورییەوە لێی دەنۆڕێت، پێی وایە بە قازانجی سەرمایەدارییە و سەرمایەدارییش تازەگەریی پێویست دەخاتە نێو ئەو جیهانە بەدووییە دواکەوتووە. هەندێ جار ڕەخنە لە ڕەوتار و بەرخوردی نائەخلاقیی سەربازانی

فرانسا دەگرێت، لەهەمبەر خەڵکی جەزائیر، کە چۆن هێز بەکار دەبەن، زەوی داگیر دەکەن، پێوەندداریەتیی خێزانی و خوێن لە بەین دەبەن، پێوەندی خەڵک و زەوی دەپچڕن و تۆوی دابەشبوون و لێکترازان دەچێنن. دژایەتی ئەو کارانە دەکات، لێ ڕەخنە لە کۆلۆنیالیزم وەک کۆلۆنیالیزم ناگرێت. وەک زەوتکردنی مافی مرۆڤ و تاوان و دڕندەیی مرۆڤی سپیپێست، بە ناوی بڵاوکردنەوەی شارستانیەتی و تازەگەرییەوە، تەماشای ناکات!

مارکس لە دیدێکی ئەوروپاییانەوە دەینۆڕییە ئەوی تر، واتە: جیهانە داگیرکراوەکە (جەزائیر). مارکس، کۆلۆنیالکردنی جەزائیری لەلایەن فرانساوە، وەک کردەی ئاوەدانکردنەوەی خاک و کۆچی مرۆڤ دەبینی، وەک کۆچی مرۆڤی ئەوروپایی بۆ ئەمەریکا و ئوستralیا، کە بە ڕای ئەو، ئەوروپاییان لەو وەڵاتانە، شارستانیەتییان بڵاو کردووەتەوە و پێشکەوتن و خۆشگوزەرانی و زانیارییان لەگەڵ خۆدا بۆ گەلان و خەڵکە ڕەسەنەکەی ئەو وەڵاتانە بردووە. مارکس، قڕکردنی میلیۆنان لە خەڵکە ڕەسەنەکەی ئەمەریکا و ئوسترالیا فەرامۆش دەکات. مارکس، سڕینەوە

و لەبەینبردنی فەرهەنگی جەزائیر و وەڵاتانی داگیرکراوی دیکەی، لە لایەن کۆلۆنیالیزمەوە، کە چ تاوانێکە، لە بەرچاو نەگرتووە. مارکس، بە باشی زانیوە، وەڵاتانی بەجێماو و دواکەوتوو، بە قۆناغی کۆلۆنیالیزمدا تێپەڕن، بۆوەی نوێ ببنەوە و بزاڤێکی پیشەسازی و چینی کارگەریان تێدا پەیدا بێت.

که ئینگلترا چووەتە هیندوستان، مارکس بە کارێکی باشی زانیوە؛، چون پێی وابووە، وەڵاتانی بەجێماو و دواکەوتوو، دەبێ بە قۆناغی کۆلۆنیالیزمدا تێپەڕن، بۆوەی نوێ ببنەوە و بزاڤێکی پیشەسازی و چینی کارگەریان تێدا پەیدا بێت. بە ڕای وی ئینگلترا دەتوانێت جڤاکی هیندوستانی بگۆڕێت بۆ جڤاکێکی ڕۆژئاوایی ئاسا، بەوەی بناخەی ماددیی و ژێرخانی ئابووری نوێی تێدا دادەمەزرێنێت و ئەوەیش دەبێتە هۆی پێشکەوتنی هیندوستان و لەبەینبردن و نەهێشتنی ئەو شێوە ژیانە ئاسیاییە و گۆڕینی هیندوستان، بۆ وەڵاتێکی سەرمایەداری و پیشەسازی و دروستبوونی پرۆلیتاریا و دواتریش بەرپابوونی شۆڕشی پرۆلیتاریا و لەنێوچوونی سەرمایەداری و دامەزراندنی دەسەڵاتی

پرۆلیتاریا. لە گوتارێکیدا بە ناوی "ئەنجامەکانی داهاتووی فەرمانڕەوایی بریتانیا لە هێندوستان"،[28] کە لە نیوەی 1853دا نووسیویەتی، کارڵ مارکس پێی وایە: ئینگلترا تەواوی بناخە و بنگەکانی جڤاکی هیندوستانی داڕماند، بێ ئەوەی هیچ سیمایەکی شێوازی نوێی بیناکردنەوەی ئەو جڤاکە دیار بێت". مارکس، داڕمانی ئەو بنگە و بناخانە دەگێڕیتەوە بۆ پێکدادانی جیاوازییەکانی نێوان هێزێکی پێشکەوتووی بەرهەمهێنی بریتانیایی و جڤاکێکی بەجێماوی بەکاربەری خەڕەک و تەشیرێس و ئابوورییەکی کشتوکێڵی، کە توانستی بەرگریکردن و خۆپاراستنی لەهەمبەر ماشینی ئابووریی سەرمایەداریی بریتانیدا نەبوو و پێیشی وایە ئیدی بریتانیا بە هۆی بازرگانی و بازاڕی ئازادەوە، گەورەترین شۆڕشی کۆمەڵایەتی لە ئاسیادا هێنایە گۆڕێ. مارکس، ئەوەی پێی دەڵێ شۆڕشی کۆمەڵایەتی، دەکاتە پاساو بۆ داگیرکردنی هیندوستان لە لایەن بریتانیاوە و بە کارێکی باش بۆ گۆڕینی "جڤاکی هیندوستانی لە جڤاکێکی پڕ لە نەخۆشی

---

[28] Marx, Karl, The Future Results of British Rule in India, Works of Karl Marx 1853.

و نەزانین و جیاوازیی کەمینە ئایینی و ئیتنییەکان، کە هەمیشە لەسەر دەسەڵات لە ململانیدا بوون و وەڵاتێکی بێ مێژوو و بێ مێژوویەکی زانراو، چون چینی تێدا نییە"،[29] بۆ جڤاکێکی نوێ و گەشەسەندوو وەک مارکس دەیبینێت. مارکس و ئینگڵس، هەردووکیان، ڕەوایەتی

---

[29] سیستمی چینایەتی لە هیندوستان، کۆمەڵ بەسەر چەند بەشێکدا دابەش دەکات. زۆرێک لە زانایانی کۆمەڵناسیی لەسەر ئەوە کۆکن کە پێناسەکردن یا وەسفکردنی سیستمی چینایەتی لە هیندوستان بە شێوازێکی ڕوون و دروست، بەهۆی ئاڵۆزییەوە، کارێکی نەکردەنییە. چون سیستمی چینایەتی بە شێوەیەکی بنەڕەتیی لەو وەڵاتە لەسەر بنەمای ئابووریی نییە، بەڵکە جیاوازیی مێژوویی، ئایینی، فەرهەنگی، ڕەسەن، ڕەگەز و لایەنی دیکەن، کە بنەمای ڕەگئاژۆی سەدانساڵەی نێو ئەو جڤاکەن و ئەو سیستمەیان لەسەر دامەزراوە کە بە سیستمی کاست Caste ناسراوە. وشەی کاست Caste، لە بنەڕەتدا وشەیەکی پورتوگیزییە و بە واتای توخم یا بنەما یا پیتاندن و تێکەڵکردن دێت. هەر لە دەسپێکی داگیرکردنی هیندوستان لە لایەن کۆلۆنیالیزمی بریتانیاوە لەنێوان 1858-1947دا ئینگلیزی داگیرکەر، ئەو سیستمەی پتر چەسپاند و کاری پێ کرد. دوای سەربەخۆبوونی هیندوستان ئیدی لە 1950 ئەو سیستمە بە ڕەسمی و وەک قانوون وەلانراوە، لێ نایەکسانییەک کە بەرهەمی زایین و چینە کۆمەڵایەتییەکانە تا هەنووکەیش لە هیندوستان هەر هەیە و ماوە.

دەدەن بە داگیرکردنی هیندوستان لەلایەن بریتانیاوە. مارکسی دژە سەرمایەداری، ئەو داگیرکارییەی هیندوستانی لەلایەن ئینگلتراوە، پێ ئاساییە و قەبووڵە و باشە.

هەر ئەو دیدەی لەمەڕ هیندوستانەوە هەیبووە، مارکس لەمەڕ جەزائیریشەوە هەمان بۆچوونی هەبووە. هەردوو دەقەکانی مارکس و ئێنگڵس لەمەڕ هیندوستان و لەمەڕ جەزائیر، ئەوە دەردەخەن، کە ئیمپریالیزمی ئینگلیزی لە هیندوستان و فرانسی لە جەزائیر، بە ڕای ئەو دوو فیلۆسۆفە، شارستانیەتی بڵاو دەکەنەوە و شۆڕشی چاوەڕوانکراو بەرپا دەکەن و جڤاکی پاشکەوتووی شوانکارەیی و لادێنشینیی هیندوستان و دەرەبەگایەتی و چەتە و ڕێگریی جەزائیر، بەرەو پێشکەوتن دەبەن!.

مارکس و ئینگلز، ڕووخانی دەوڵەت و نێوەندی تاریکستان و تاریکستانانی عوسمانیشیان پێ کارێکی باشە و لە چوارچێوەی گۆڕینی بەرهەمهێنانی پێش سەرمایەداری بۆ سەرمایەداری دەبینن، لێ ئەوان دژ بە لەشکرکێشیی ڕووسیای تزاری دژ بە یاخیبوونی پۆڵۆنیا لە 1863دا،

پشتگری پۆلۆنیان و مارکس لەو ڕووەوە پێی وایە: "هەر گەلێک، گەلێکی دیکە بچەوسێنێتەوە، بۆ خۆی ئازاد نییە"، هەروەها لەهەمبەر چەوساندنەوەی ئیرلاندییەکان لەلایەن ئینگلیزەوە مارکس پێی وایە: "گەلێک ئەگەر گەلێکی دیکە کۆیلە بکات، بە دەستی خۆی کۆت بۆ خۆی دروست دەکات". مارکسیزم تەواوی سیما دیارەکانی فەرهەنگی ئەوروپایی، کە لە سەدەکانی ناوەندەوە گەشەی کردووە تا دەگاتە سەردەمی ڕابوون. پێوە دیار و خویایە.

بیرمەندی فلستینی-ئەمەریکی ئیدوارد سەعید، پێی وایە، لە دیدی مارکسەوە، ڕۆژهەڵاتییان، واتە: تەواوی نائەوروپاییان، تەنبەڵن و توانستی نوێنەرایەتیی خۆیانیان نییە، ئەوان گەرەکە نوێنەرایەتی بکرێن.[30] مارکس لەمەڕ جەزائیریشەوە هەروا هزریوە. سەرۆک ئەحمەد بین بیللایش جەخت لەو دید و بۆچوونەی مارکس دەکاتەوە. مارکس و ئێنگڵس، لە مانیفێستی حیزبی کۆمیۆنیستدا،[31] کە لە 1848دا، بڵاویان کردەوە، جەختیان لە ڕۆڵی بۆرژوازی کردووە و پێیان وابووە، بەهۆی پێشکەوتن و

---

[30] سعيد، إدوارد، الإستشراق، نقله إلى العربية كمال أبو ديب، مؤسسة الأبحاث العربية، بيروت، 1980.

[31] كارل ماركس و فريدريك أنجلز، بيان الحزب الشيوعي، 1848.

زاڵبوونییەوە، هەموو جڤاکەکانی بندەستی لە هەموو عەردێک وەک خۆی لێ دەکات و ئیدی جۆری بەرهەمهێنان و شارستانیەتی و فەرهەنگی مانەندی جڤاکە ئەوروپاییەکان لە دنیادا بڵاو دەکاتەوە. مارکس و ئێنگڵس پێیان وابووە، ئەو نەتەوەگەلە ژێردەستە دواکەوتووانە، ناتوانن پێشکەون و بازبدەن، کەواتە کۆچی ئەوروپاییان بۆ ئەوێ ئەو گۆڕینە ساز دەکات و سەرمایەداری دروست دەبێت و بەوەیش سۆسیالیزم دێتە گۆڕێ. ئەو بیر و بۆچوونانەی  مارکس و ئێنگڵس، کە مەزنترین بانگخوازگەلێکی ئازادی و دژایەتیی ئیمپریالیزم و کۆلۆنیالیزم بوون، لەو نووسینانەیاندا لەمەڕ جەزائیرەوە، پشتیوانیکردنە لە داگیرکردنی جەزائیر، لەلایەن فرانساوە و پاساوهێنانەوەیە بۆ کۆلۆنیالیزم، کە بە بۆچوونی ئەوان چرای ڕووناکی  و شارستانیەتی بۆ گەلانی بەربەری و کێوی دەبات و کە ئەوەی دەیکات لە جەزائیر، گونجاندنی جەزائیر و جەزائیرییانە لەگەڵ شارستانیەتیدا. مارکس و ئێنگڵس، هەرگیز باسیان لە کێشەی جەزائیر، وەک کێشەیەکی نەتەوەیی گرێدراو بە بزاڤێکی مێژووی گشتیی ڕزگاری و ئازادیی گەلانی بندەست و داگیرکراو، نەکردووە. ڕوانگە و کاری مارکس و ئێنگڵس، پتر ژینگە

و جڤاکی ئەوروپا بووە و زانیارییەکانیشیان پتر ئەوروپاییانە بووە.[32]

مارکس و ئێنگڵس، لە ساڵانی 1800دا، زۆر بە چڕی خۆیان بە کێشەی ئایرلاندەوە خەریک کردبوو و خستبوویانە بەرباس. هەڵوێستی مارکس لەمەڕ ئایرلاند، وەک هەڵوێستی مارکس نییە لەمەڕ جەزائیر و هیندوستان. ئایرلاند، کە لە ساڵانی 1800دا، بەشێک بووە لە بریتانیا، لە 1916دا، بەشێکی لە بریتانیا جودا بووەوە و جاڕی سەربەخۆیی دا. بەشی ئایرلاندی باکوور، تا ئێستایش هەر بەشێکە لە بریتانیا. لە 2ی نۆڤەمبەری 1867دا، مارکس، لە نامەیەکیدا بۆ ئێنگڵس، دەنووسێت: "باوەڕم وابوو دابڕینی ئایرلاند لە ئینگلترا، کارێکی نەکردەنییە. ئێستا لەو باوەڕەدام، کە دەبێ هەر ڕووبدات... چینی کارگەری ئینگلیز تا لە ئایرلاند ڕزگاری نەبێت، هیچی پێ ناکرێت... ڕەگوڕیشەی پەرچەکرداری ئینگلیز لە ئینگلترا، دەگەڕێتەوە بۆ دەستبەسەرداگرتنیان بەسەر

[32] مارکس- انجلز، الماركسية والجزائر، ترجمة جورج طرابيشي، دار الطليعة للطباعة والنشر، الطبعة الأولى، بيروت-لبنان، آب 1978.

ئایرلانددا".[33] ئەو هەڵوێستەی مارکس لەمەڕ ئایرلاند و جیاوازیی لە هەڵوێستی وی لەمەڕ جەزائیر و هیندوستان، تەنێ ڕەنگدانەوەی بیرکردنەوەیەکی ئەوروپاییانەیە. ئایرلاند ئەوروپایە و بۆی هەیە دژایەتی ئیمپریالیزم و کۆڵۆنیالیزم بکات و باسی ئازادی و سەربەخۆیی بکات، لێ جەزائیر و هیندوستان، دەرێی ئەوروپان و پاشکەوتوون، ئیمپریالیزم و کۆڵۆنیالیزم، پێشکەوتن و شارستانیەتی بۆ ئەوان دەبەن!

ئەو دیتنە تا سەردەمی لێنین بەردەوام بووە. تا ئەو کاتەی لێنین لە ساڵی 1913دا گوتارێکی بە ناوی "ئەوروپای دواکەوتوو و ئاسیای پێشکەوتوو" نووسی، لەوێدا باس لە نەتەوە و پێویستیی ڕزگاربوون لە کۆڵۆنیالیزم دەکات. لەو تێزانەیدا لەمەڕ کۆڵۆنیالیزم و گەلانی داگیرکراو، جیاوازییەک لەنێوان دیدی لێنین و دیدی مارکس و ئێنگڵسدا وەدی دەکرێت. لێنین، گرنگییەکی زۆری بە

33 Sulzberger ،C. L., Karl Marx and the Irish, New York Times, December 1, 1971.

گەلانی بندەست و داگیرکراو داوە. بزاڤ و خەباتی ئەوانی بۆ ڕزگاربوون و ئازادی و لەنێو ئەوانیشدا بزاڤی گەلانی ڕۆژهەڵات بۆ ئازادی لە بەرچاو گرتووە. لێنین، چەندین تێزی لەمەڕ کێشەی نەتەوە و کۆڵۆنیالیزمەوە نووسیوە. ئەو، لەمەڕ ڕابوونی گەلی چینەوە دژ بە ئیمپریالیزم لە 1900دا، لەمەڕ شۆڕشی چینەوە لە 1911دا، لەمەڕ شۆڕشی تورکیاوە لە 1908-1909دا، گوتار و توێژینەوەی نووسیوە و پشتیوانیی لێ کردوون. ئەو لەمەڕ تاوانەکانی کۆڵۆنیالیزمی ئینگلیزەوە لە هیندوستان و لەمەڕ گرنگیی ئەو بزاڤە ئازادیخوازییە نیشتمانییەی هیندوستان، کە لە دەسپێکی سەدەی نۆزدەیەمدا بەرپا بوو، نووسیویە. ئەو دژی ئیمپریالیزمی ئیتالیایی نووسیوە، کاتێک لە ساڵی 1911دا، هێرشی کردووەتە سەر تەرابولسی ڕۆژاوا (طرابلس الغرب) و بە توندی دژی ئیتالیاییەکان قسەی کردووە و پەسنی خێڵە عەرەبەکانی داوە، کە ئازادیخوازن و بندەستی و ستەم قەبووڵ ناکەن. لێنین، گاڵتەی بە درۆی ئیمپریالیزمی جیهانی دەهات، کە بانگەشەی "شارستانیەتی و بە شارستانیکردن"ی گەلانی ڕۆژهەڵاتیان دەکرد. مێژوو هەموو ئەوانەمان بۆ ڕوون

دەکاتەوە و فێرمان دەکات و پێمان دەڵێت، کۆڵۆنیالیزم، هەر ڕەنگوبۆیەکی بووبێت و هەبێت و لە هەر کوێیەکی جیهان بێت، هەر کۆڵۆنیالیزمە و چ کارەسات و نەهامەتییەکی بۆ گەلی جەزائیر و هەموو گەلانی بندەست و داگیرکراوانی جیهان ئافراندبوو، هەر ئەوە دەئافرێنێت و هیچی لەوە باشتری لێ شین نابێت. مێژوونووسی فرانسی گیلبەرت ماینیێ (Gilbert Meynier) دەڵێ: "ئیدیۆلۆگیی کۆڵۆنیالیزم، لە هەموو شێوەیەکیدا، لیبراڵیزم، سێکولاریزم، مەسیحییەت، سۆسیالیزم یا تەنانەت کۆمیۆنیزمیشدا بێت، ڕەگی لە قووڵایی فەرهەنگی نەریتیی ئەوروپاییدایە"،[34] چون ئەوروپا بە لای تەواوی ئەو ئیدیۆلۆگییانەوە لانکی شارستانیەتیی عەقڵی و تەکنیک و سەرچاوە و نموونەی باڵایە. ژان پۆڵ سارتر، کە دژی داگیرکاریی فرانسا بوو بۆ جەزائیر، دەیگوت: "ئەوەی کە داگیرکەری خاس و داگیرکەری گەن هەیە، قسەیەکی ڕاست نییە، داگیرکەر هەر داگیرکەرە و بەس".

---

[34] حربي، محمد، الثورة الجزائرية، سنوات المخاض، ترجمة نجيب عياد و صالح المثلوثي، الجزائر 1994، ص93.

# ئەحمەد بین بیللا، کوڕە هەژارە شۆڕشگێڕە سەرۆکە بیرمەندەکە

لەنێو ڕۆڵە هەرە شۆڕشگێڕ و جەربەزە و لە ڕیزی سەرکردە بەناوێیەکانی جەزائیردا، مانەندی ئیلیاس دریش (إلياس دريش)، باجی موختار (باجی مختار)، عوسمان بەلووزداد (عثمان بلوزداد)، ڕەمەزان بین  عەبدولمەلیک (رمضان بن عبدالملك)، موستەفا بین  عۆدە (مصطفى بن عودة)، موستەفا بین  بولعید (مصطفى بن بولعيد)، لەخزەر بین  تووبال (لخضر بن طوبال)، زوبێر بوو عەجاج (زبير بو عجاج)، سولەیمان بوو عەلی (سليمان بو علي)، بیلحاح بوو شوعەیب (بلحاح بو شعيب)، عەبدولحەفیز بووسووف (عبدالحفيظ بوصوف)، عەبدوسسەلام حەبەشی (عبدالسلام حبشي)، عەبدولقادر لمەعموودی (عبدلقادر لمعمودي)، موحەممەد مەشاتی (محمد مشاطي)، سولەیمان مەللاح (سليمان ملاح)، موحەممەد مەرزووقی (محمد مرزوقي)، بووجومعە سوێدانی (بوجمعه سويداني)،

زیغوود یووسوف (زيغود يوسف)، کەریم بەلقاسم (كريم بلقاسم)، هوواری بوومەدیەن (هواري بومدين)، حوسەین ئایت ئەحمەد (حسين آيت أحمد)، موحەممەد ئەلعەرەبی بین  مهێدی (محمد العربي بن مهيدي)، موحەممەد بووزیاف (محمد بوضياف)، ڕابیح بیتات (رابح بيطاط)، عەبدولعەزیز بووتەفلیقە (عبدالعزيز بوتفليقة)، فەرحات عەبباس (فرحات عباس)، دیدووش موراد (ديدوش مراد)، ناوی ئەحمەد بین بیللا گەش و ڕووناک دیارە و لە گەڵێ ڕووەووە لە زۆرێک لەوانی دیکە باڵاتر و بڵندتر و بەڕوومەتترە.

## منداڵیی و خوێندنگە

ئەحمەد بین بیللا، 25ی دیسەمبەری 1916[35] لە شارۆکەی مەغنییە یا لالامەغنییە (مغنية/لالامغنية) نێزیک

[35] لە هەندێ سەرچاوەدا ساڵی 1916 بە مێژووی لەدایکبوونی بین بیللا دادەنرێت و لە هەندێکی تردا 1918، لێ مانگ و ڕۆژی لەدایکبوونی تا ڕادەیەک ڕەنگە لە شوێنی خۆیدا نەبێت و ڕاست نەبێت، چون لەو سەردەمەدا، جەزائیرییان، کارگێڕی و تۆماری ناو و ئامار و باری کەسیەتی و ئەو جۆرە شتانەیان نەبووە، لەبەر

به شاری وەهران (وهران) لە ڕۆژاوای جەزائیر، کە دەکەوێتە سەر سنووری نێوان جەزائیر و مەغریب، لە خێزانێکی جۆتکاری هەژار، کە لە مەغریبەوە هاتبوو، لە دایک بووە. باوکی و دایکی، هەردوو لە بنەچەدا مەغریبی بوون. باوکی مەغریبییەکی موسوڵمانی سۆفی بووە و وەک هەموو ئەندامانی بنەماڵەکەی سەر بە تەریقەتێک یا ڕێبازێک بووە، مەکاحیلی (المکاحلیة)پێ گوتراوە، جووتیار بووە و لە تەمەنی لاویدا لە دەوروبەری مەڕاکیش (مراکش)ەوە هاتووەتە جەزائیر و لە مەغنییە گیرساوەتەوە و لەگەڵ دایکی بین بیللادا خێزانیان پێکهێناوە و بوون بە خاوەنی پێنج کوڕ و دوو کچ. باوکی خاوەنی زەوییەکی پشتاو (دێم/دەیم)ی 30 هێکتار[36]ی بوو، کە 30 کم لە مەغنییەوە دوور بوو. ئەو لەبەر

---

ئەوەی وەڵاتەکەیان بندەستی کۆلۆنیالیستانی فرانسی و دەسەڵاتێکی سەربازی داگیرکەر بوو.

[36] یەک هێکتار، دەکاتە: 10000م2. لە کوردستان و عیراق لەبری هێکتار، دۆنم بەکار دەهێنن. هەر یەک دۆنم زەوی، دەکاتە: 2500م2، واتە: هەر یەک هێکتار دەکاتە: چوار دۆنم زەوی.

دەستکورتی، سووکە کارێکی کڕین و فرۆشتنیشی لە مەغنییەدا دەکرد.

دەسپێکی خوێندنی بین بیللای کوڕە جووتیار، لە مەغنییەوە، لە حوجرە (زاویة)[37]وە، لەکن باوکی، کە

---

[37] زاویە، سووچێک، قوژبنێک، گۆشەیەک یا کوڵبەیەکە، لە شوێنێکی چەپەک و دوور لە قەرەباڵغی و ژاوەژاو و ئاوەدانی، بۆ خوداپەرستی، لە لایەن سۆفییانەوە دامەزراوە، بۆوەی بتوانن بە ئارامی، ڕامان و زیکر و وەرزشە ڕۆحییەکانی خۆیانی تێدا بکەن، کە دەکرێ وەک خەڵوەتگە تەماشا بکرێت. زاویە، لە دەسپێکدا سووچی بینایەک بووە کە بە پەرستگەی ڕاهیبی مەسیحی گوتراوە، دواتر ئەو دەستەواژەیە بۆ مزگەوتی گچکە یا بۆ جێنوێژ (بەردەنوێژ) بەکار هێنراوە، کە لە ڕۆژهەڵات لەنێو موسوڵماناندا ئەو جیاوازییە لەنێوان مزگەوت و بەردەنوێژدا دەکرێ، مزگەوت گەورەترە. دواتر وشەی زاویە بۆ بڕکەیەک ماڵ و خانوو و ئاوەدانییەکی بچووک و ژووری قورئان خوێندن و فێرکردنی زانستە عەرەبی و ئیسلامییەکان و جێی ژیانی خوێندکاران و شوێنی چێشتلێنان و هەڵگرتنی خۆراک و بۆ گۆڕ و شتی دیکە بەکار دەهات. لە ڕووی جڤاکییشەوە زاویە، جێگەی داڵدەدانی ڕێبوار و هەژاران بووە، کە خۆراک و حەوانەوە و کۆمەکیان تێدا دەستدەکەوت و داڵدەیەکیش بوو بۆ مندالانی هەتیو و نەدار. زاویە ڕۆڵی دادگەی

زاوییەیەکی، لە ماڵی خۆیانەوە بەڕێوە دەبرد، دەستی بە خوێندنی قورئان کردووە. هەر لەو کاتەشدا چووەتە خوێندنگەی سەرەتایی فرانسی و دواتر هەر لەسەر خوێندنی خوێندنگە بەردەوام بووە. دوای خوێندنی سەرەتایی لە تیلمیسان (تلمسان)، کە بە نەریت و کەلەپووری عەرەبی دەوڵەمەندە، ئامادەیی خوێندووە. هەڵوێستی دژەئیسلامی مامۆستاکەی و بێ توانستیی و بێ دەسەڵاتیی ئەم، بە هۆی تەمەنییەوە وەک زارۆکێکی چواردە پانزدە ساڵان، لە بەرپەرچدانەوەی ئەو مامۆستایەی، کارێکی وای تێکرد، خوو بداتە وەرزش و لە

---

شەرعیشی دەبینی، بە تایبەت لە سەردەمی کۆڵۆنیالیزمی فرانسیدا. هەرچی ڕۆڵی ئایینی زاویەیە بنکەیەک بوو بۆ زانستە ئایینییەکان، فێربوونی قورئان، بڵاوکردنەوەی زمانی عەرەبی، خوێندنی زانستەکانی فیهی و ئوسوول و حەدیس و لێکدانەوەی قورئان. داهاتی زاویەکان، لە خێرەومەندانەوە دەهات، کە بەرهەم و داهاتی زەوی کشتوکێڵی و باخ و خانوو و شتی دیکەیان تەرخان دەکرد بۆ زاویەکان و هەندێ جاریش خەڵک بە پارە و بەخشین کۆمەکیان بە زاویەکان دەکرد. وشەی زاویە، لە وەڵاتانی مەغریبی عەرەبی(مەغریب، جەزائیر و توونس) بەکار دەهێنرێت.

خوێندنگه دوور بکەویتەوە و نەتوانێت بەڵگەنامەی تەواوکردنی ئامادەیی وەربگرێت و چیدی وەدووی خوێندندا نەچێت. ئەو بۆ خۆی ئەو ڕووداوە بەم جۆرە دەگێڕێتەوە و دەڵێ: "تەمەنم چواردە ساڵان بوو، کاتێک یەکێک لە مامۆستاکان، کە ناوی بین ئاڤیس ( Ben Avidés) بوو و بۆ خۆی فرانسی بوو، لێ ناوە عەرەبییەکەی لە ڕەسەنە سپانیاییەکەیەوە بۆی مابووەوە، جارێکیان لە پۆلدا لەگەڵ شاگردە موسوڵمانەکانیدا، کە زۆرینە بوون و تەنێ سێیەکی شاگردەکان فرانسی بوون، بوو بە قڕە و ناکۆکییان و هێرشێکی توندی کردە سەر ئیسلام و قیڕاندی و گوتی: "پەیامهێنەکەتان موحەممەد درۆزن و ساختەکار و فێڵبازە". ئەو مامۆستایە فەڵەیەکی گەلێ دەمارگیر و تونداژۆ و ڕەگەزپەرست و دژ بە ئیسلام بوو و تەنێ دید و بیروڕای خۆی بە ڕاست دەزانی. منیش هەڵسامە سەر پێ و لە تووڕەییدا ڕەنگم زەرد هەڵگەڕا و پێم گوت: "گەورەم تۆ لەبەردەم زارۆکاندا دەتوانیت ئەمە بڵێیت، چون ئێمە زۆر گچکەین و هیچ نازانین تا گەنگەشەت لەگەڵدا بکەین، بەڵام تۆ گەرەکە ئەوە بزانیت، ئایینەکەمان بەلای خۆمانەوە پیرۆزە. ئەوەی تۆ دەیڵێی

قسەیەکی جوان نییە. من دەیشمزانی ئێمە بە فرانسی دەپەیڤین، لێ بە عەرەبی بیر دەکەینەوە. ئیدی من لە تووڕەییدا هەموو لەشم دەلەرزی. مامۆستا، لە پۆل کردمیە دەرێ و هەڕەشەی وەدەرنانمیشی لە خوێندنگە لێکردم. من خۆم ڕاگرت و بەرەبەرە ڕەوشەکە هێور بووەوە، بەڵام سنووردانان بۆ مامۆستایەک، لە لایەن شاگردێکەوە، کە من بووم، کارێکی خراپ بوو و لەوەیش خراپتر ئەوە بوو، شاگردێکی "ئەندیژان[38] بە گژ

[38] ئەندیژان Andijan، وشەیەکی فرانسییە، وەک پێناسەیەک بۆ هاووەڵاتێکی پلە دوو، یا خەڵک، ڕەشەخەڵک، هەژار، عەوام، مسکێن، ڕەعییەت و ڕوعاع (رعاع)، لە سەردەمی کۆلۆنیالیزمدا فرانسییەکان وەک سووکایەتی بۆ جەزائیرییەکان بەکاریان دەهێنا. وشەکە بەلای داگیرکەرە فرانسییەکانەوە دەیکردە چەمکێک بۆ قۆناخێکی نێوەند لەنێوان مرۆڤ و ئاژەڵدا (واتە: نەمرۆڤ نەئاژەڵ). ئەندیژان وەک هاووەڵاتی تەماشا نەدەکران و خاوەنی ناسنامە و وەڵاتینامە نەبوون. بەگوێرەی قانوونێکی ساڵی 1865، کە فرانسای داگیرکەر دەریکردبوو، ئەندیژانەکان دەکرا وەک فرانسی بژمێردرێن، لێ نەک وەک هاووەڵاتی فرانسی، دواتر دەبوو داوای بە فرانسیبوون و هاووەڵاتیەتی فرانسا بکەن. کە دەبوونە فرانسی ئیدی تەواوی قانوونە فرانسییەکانی تەنانەت باری کەسیەتی و تەڵاق و میرات و ژنومێردایەتی فرانسا دەیانیگرتەوە. ئەو ئەندیژانانەی نەدەبوونە فرانسی و نەدەبوونە خاوەنی ناسنامەی خۆیان و بە ئیسلامەتی و

مامۆستایەکدا بچێت.  ئیدی من لە ناخەوە بریندار بووم و پانزدە ڕۆژ نەخۆش کەوتم. هەرگیز ئەو بەسەرهاتەم لە بیر ناچێتەوە و هەمیشە جیاوازیی ڕەگەزیم وەبیر دەخاتەوە و ئەوەم پێ قەبووڵ نەدەکرا. لەوێ ڕۆژێڕا ئیدی، ئاگایی ئەوەم لا دروست بوو کە ئێمە جەزائیریین و ئەوان فرانسین، ئێمە موسوڵمانین و ئەوان موسوڵمان نین، کەوتمە بیرکردنەوە لە جەزائیر و گەل و کۆلۆنیالیزم

---

عەرەبایەتی و جەزائیریەتی خۆیان دەمانەوە پێیان دەگوترا نۆکەرانی فرانسا یا "شت یا بابەتی فرانسا SUJET FRANÇAIS"، کە فرانسا چەندین یەکەی سەربازیی لەوانە پێکهێنا و هەر لە دوای دەرچوونی ئەو قانوونی ناسنامەیەی 1865 خستنیە خزمەتی سپای فرانساوە و تا لە یەکەم جەنگ و دووەم جەنگی جیهانییشدا خستیاننە نێو جەنگەوە. ئەوەش وای کرد، زۆرێک لە لاوانی ئەندیژان هەڵبێن و کۆچ بکەن بۆ وەڵاتانی ئەفریقا و بۆ مەغریب و توونس. وەک نموونە: عەبدولعەزیز بووتەفلیقە (عبدلعزیز بوتفليقة) لە ساڵی 1937دا لە مەغریب لە دایک بووە، قاسیدی میرباح (قاصدي مرباح) لە ساڵی 1938 لە مەغریب لە دایک بووە، هەروەها یەزید زرهوونی (يزيد زرهوني) لە ساڵی 1937دا لە توونس لە دایک بووە، کە سێ سەرکردەی جەزائیری بوون و لە باوک و دایکی ئەندیژانی هەڵاتووی جەزائیری لە دەرێی جەزائیر هاتوونەتە دنیاوە.

و ناسنامەی خۆم و لە قووڵایی دڵمەوە هەستم دەکرد، من شۆڕشگێڕم".

# هەڵبژاردنی ڕێگە

بین بیللا هەر ئەو ڕۆژە بژاردەی خۆی دیاری دەکات و دەستبەرداری خوێندن دەبێت و بڕیاری خۆی دەدات. پاش ئەو ڕووداوە و بەو تەمەنە گچکەیەی خۆیەوە، چووە نێو پارتی گەلی جەزائیر (حزب الشعب الجزائري)ەوە[39] و لە

---

[39] حیزبی گەلی جەزائیری (حزب الشعب الجزائري)، لە 11ی مارسی 1937دا لە فرانسا دامەزرا. ئەم حیزبە درێژەپێدانی حیزبی ئەستێرەی باکووری ئەفریقا (حزب نجم شمال أفريقا) بوو، کە لەنێو کارگەرانی جەزائیرییدا لە فرانسا، لە لایەن مسالی ئەلحاج (مصالي الحاج)، حاجی عەلی عەبدولقادر (الحاج علي عبد القادر)، بغلوول (بغلول)، سی ئەلجیلالی (سي الجيلالي)ەوە دامەزرێنرابوو و میر خالید ئەلحەسەنی بین هاشمی (الأمير خالد الحسني بن هاشمي)، کە بە میر خالید دەناسرا و کوڕەزای میر عەبدولقادر جەزائیری بوو و لە جەزائیرەوە بۆ فرانسا دوورخرابووە، وەک سەرۆکی شەرەفی ئەو حیزبە دانرابوو. خەڵکانێکی زۆر، مسالی ئەلحاج، بە دامەزرێنەری حیزبی ئەستێرە و حیزبی گەل دادەنێن. حاجی عەلی عەبدولقادر ئەندامی حیزبی کۆمیۆنیستی فرانسی بوو و براکی

کۆمیۆنیستیی جیهانی داوای لێکردبوو، لەنێو کارگەرانی باکووری ئەفریقادا لە فرانسا، حیزبێک دامەزرێنێت، ئیدی ئەویش حیزبی ئەستێرەی باکووری ئەفریقای دامەزراند بۆ هەموو کارگەرانی مەغریبی و جەزائیری و توونسی، کە لە فرانسا بوون، لێ لە 1927دا مەغریبی و توونسییەکانی لێ کشانەوە و تەنێ جەزائیرییەکان مانەوە و بوو بە حیزبێکی جەزائیری. ئەو حیزبە لە بنەمادا حیزبێکی کۆمیۆنیستیی نائایینیی سێکۆلار بوو. کە مسالی ئەلحاج لە 1927دا بوو بە سەرۆکی لەگەڵ بیر و بووچوونی سێکۆلاریزمدا نەبوو و جیاواز لە حاجی عەلی عەبدولقادر بیری دەکردەوە و حیزبەکەی بەرەو ئەوە برد، داخوازی سەربەخۆیی تەواوی باکووری ئەفریقا (مەغریب، جەزائیر و توونس) بکات و جەزائیر ببێتە نێوەندی ئەو داخوازییە و باوەڕی بە ئیسلام وەک ئایین و عەرەبی وەک زمان و سەربەخۆیی و دابڕان لە فرانسا هەبوو. مسالی ئەلحاج، تا دەسپێکیساڵی 1937 لەو حیزبەدا مایەوە و دواتر، بە هۆی بیروباوەڕی جیاوازییەوە، بڕیاری وەدەرنانی درا. لە جڤینی دامەزراندنی حیزبی گەلدا، لە فرانسا، پتر لە 300 کەس بەشدار بوون. مسالی ئەلحاج بە سەرۆکی حیزب هەڵبژێردرا و ئەویش بڕیاری گوازتنەوەی چالاکیی حیزبەکەی بۆ جەزائیر دا و بۆ خۆیشی لە 18ی جوونی 1937دا گەڕایەوە بۆ جەزائیر. حیزبی گەل بوو بە ڕێکخراوێکی سیاسی بەهێز و سوودی لە ئەزموونی هەموو کەونە ئەندامانی حیزبی ئەستێرە وەرگرت و لە هەموو شارەکانی جەزائیردا بڵاو بووەوە. لە 26ی سێپتەمبەری

ڕیزەکانی بزاڤی نیشتمانیی جەزائیردا، کە وەک بین بیللا بۆ خۆی دەڵێ: "هەرگیز بە بێ ئیسلام مرۆڤ ناتوانێت لێی تێبگات"، خۆی دۆزییەوە و ئیدی لەو تەمەنە منداڵییەوە کەوتە خەباتکردن، دژی کۆلۆنیالیزم و ڕەگەزپەرستی، چون ڕەگەزپەرستی بە هەموو جۆرەکانییەوە، کە لە بنەڕەتدا پێوەندە بە ڕۆژاوا و سەرمایەدارییەوە، ژارێکە هەموو شتێک بۆگەن دەکات و دەرد و پەتایەکە بەنێو خەڵکدا بڵاو دەبێتەوە، وەک بین بیللا دەڵێ. لە تەمەنێکی زۆرگەنجدا، بین بیللا، کە هەر 15 ساڵێک دەبوو، چووە ڕیزی حیزبی گەلی جەزائیرییەوە، کە مسالی ئەلحاج[40]

---

1939دا حیزبی گەل بە بڕیاری دەسەڵاتی فرانسی داگیرکەر، هەڵوەشێنرایەوە و سەرکردەکانی هەموو خرانە زیندانەوە و مسالی ئەلحاجی سەرۆکیشی شانزدە ساڵ زیندانی بە کاری سەختەوە بۆ بڕایەوە. حیزبی گەل، دواتر بوو بە بزاڤ لەپێناوی سەرکەوتنی ئازادییە دیموکراتییەکان (الحركة من أجل انتصار الحريات الديمقراطية) و لە کۆتاییشدا بوو بە حیزبی بزاڤی نیشتمانی جەزائیری (الحركة الوطنية الجزائرية).

[40] مسالی ئەلحاج (مصالي الحاج)، سەرکردەیەکەی نیشتمانپەروەری جەزائیری بوو. کە بە باوکی نەتەوە (أبو الأمة) ناوی دەرکردبوو، لە باژێڕی تیلمیسان لە 16ی مەی 1898ی هاتووەتە دنیاوە و لە پاریس، لە فرانسا لە 3ی جوونی 1974دا کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی شێخ سنووسی (الشيخ السنوسي) لە زێدی

لەدایکبوونی خۆی بە خاک سپێردراوە.  یەکێک بوو لەوانەی هەر لە سالآنی 1920ەوە داوای سەربەخۆیی لە فرانسا دەکرد. لەگەڵ چەند هەڤالێکیدا لە 1926دا، حیزبی ئەستێرەی باکووری ئەفریقا (نجم شمال إفريقيا)یان دامەزراند و لە 1927دا بوو بە سەرۆکی ئەو حیزبە. ئەو لەگەڵ بیر و بووچوونی سێکۆلاریزمدا نەبوو. ڕێبازی حیزبەکەی گۆڕی و داوای سەربەخۆیی تەواوی باکووری ئەفریقا (مەغریب، جەزائیر و توونس)ی دەکرد و جەزائیریشی بە نێوەندی ئەو بزاڤە دادەنا و باوەڕی بە ئیسلام وەک ئایین و عەرەبی وەک زمان و سەربەخۆیی و دابڕان لە فرانسا هەبوو. ئەلحاج، چەندین گلەت لە فرانسا و جەزائیر خراوەتە بەندیخانەوە و بۆ کۆنگۆ دوورخراوەتەوە. ساڵی 1918 بووە بە سەرباز لە سپای فرانسادا و بەشداریی یەکەم جەنگی جیهانیی کردووە و لە 1921دا هاتووەتەوە بۆ جەزائیر و لەبەر بێکاری و سەختیی ژیان لە 1925دا، گەڕاوەتەوە بۆ فرانسا. ئیدی لەوێ لە کارگەکاندا دەستی بە کارکردن کردووە و چووەتە ڕیزی سەندیکاوە و شارەزایی لە سیاسەت و بەڕێوەبردن و ڕێکخستن و پێوەند و سەرکردەییدا پەیدا کردووە و لەو ماوەیەدا لە حیزبی کۆمیۆنیستی فرانساییەوە نزیک بووە. ئەلحاج بە ڕێبەری سەربەخۆیی دادەنرا. لە ساڵی 1934دا، کە حیزبی ئەستێرە بەشداریی خۆپیشاندانەکانی هێزە چەپ و کارگەرییەکانی فرانسای دژ بە فاشیزم کرد، ئەلحاج لە 1ی نۆڤەمبەردا گیرا و 6 مانگ خرایە بەندیخانەوە. دواتر چووە ڕیزی حیزبی یەکیەتیی نیشتمانیی موسوڵمانانی باکووری ئەفریقا (الاتحاد الوطني لمسلمي شمال إفريقيا)وە و لە فێبریوەری 1935دا بە سەرۆکی ئەو حیزبە هەڵبژێردرا. جارێکی دی لە مانگی مەی ئەو ساڵەدا دادگایی کرایەوە. ئەوجا هەڵهات بۆ سویسرا و لەوێ شەکیب

ئەرسلان (شكيب أرسلان)ی، نووسەر و ئەدیب و بیرمەندی عەرەبی لبنانیی، ناسی. ئەرسلان، کە بۆ خۆی لە هزر و دیدی جەمالوددین ئەفغانی (جمال الدين الأفغاني) و موحەممەد عەبدە (محمد عبده)وە نێزیک بوو، کاریگەری لەسەر بیروباوەڕی ئەلحاج دانا. دواتر کاتێک بەرەی میللی لە ساڵی 1936دا لە فرانسا دەسەڵاتی گرتە دەست، ئەلحاج گەڕایەوە بۆ جەزائیر و دەستی بە بانگەشە و پروپاگەندە کرد بۆ حیزبی ئەستێرە، کە ئیدی دەسەڵاتی فرانسی لە ترسی چالاکی ئەو حیزبەدا، لە 25ی جەنیوەری 1937دا بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی دا. مسالی ئەلحاج، تا دەسپێکی ساڵی 1937 لەو حیزبەدا مایەوە و دواتر کە لە 11ی مارسی 1937دا حیزبی ئەستیرە بوو بە حیزبی گەلی جەزائیر (حزب الشعب الجزائري)، مسالی ئەلحاج ئەو حیزبەی دامەزراند و بە سەرۆکی حیزب هەڵبژێردرا. ئەلحاج، بڕیاری گوازتنەوەی چالاکیی حیزبەکەی بۆ جەزائیر دا و بۆ خۆیشی لە 18ی جوونی 1937دا گەڕایەوە بۆ جەزائیر. ئەلحاج، حیزبی گەلی، لەسەر بناخەی حیزبی ئەستێرە و ئەندام و هەوادارانی دامەزراند و لەنێوان ساڵانی 1937 و 1939دا تێیدا چالاک بوو. لە 1937دا جارێکی دی، بۆ ماوەی 2 ساڵ زیندانی کرایەوە و لە 27ی ئۆگوستی 1939دا، لە لایەن فرانساوە حیزبی گەل هەڵوەشێنرایەوە و ئەلحاج دیسان گیرایەوە و سزای 16 ساڵ زیندانیی بەسەردا درا. لە 23ی ئەپریلی 1943دا، لە لایەن هێزە هاوپەیمانەکانەوە خرایە ژێر چاودێری و ماڵنشینی بەتۆبزی و بەڵێنی پێ درا دوای دوو مانگ ئازاد بکرێت، لێ نەکرا. ساڵی 1944، حیزبەکەی لەگەڵ حیزبی براڤی هەڤاڵانی ئاشکرایی و ئازادی (حزب حركة أصدقاء البيان والحرية)ی، فەرحات عەبباس (فرحات عباس)دا، کە هەرچەندە عەبباس و ئەلحاج دوو ڕەوتی

جیاواز بوون، تێکەڵ کرد و دوای کوژتارەکەی سەتیف (سطيف)ی ساڵی 1945، ئەلحاج لە ساڵی 1946دا، بزاڤ لەپێناوی سەرکەوتنی ئازادییە دیموکراتییەکان (الحركة من أجل انتصار الحريات الديمقراطية)ی دامەزراند، کە ڕێکخراوێکی سەربازیی نهێنی بوو، لەنێو ئەو بزاڤەی، مسالی ئەلحاج ڕێبەری بوو و وەک حیزبێک بوو لەنێو حیزبێکدا، کە خەباتی گەلی جەزائیری خستە چوارچێوەیەکەوە. لە هەڵبژاردنی شارەدارییەکاندا لە 1948دا، زۆرینەی دەنگەکانی وەدەستهێنا، بەڵام دواتر لەلایەن حوکوومەتی فرانساوە هەڵوەشێندرایەوە. ئیدی لەنێو ئەو حیزبەوە زۆرێک لە لاوان ڕێگەی نیشتمانپەروەرییان گرتەبەر و دواتر شۆڕشی جەزائیریان دەست پێ کرد. کە لە 1ی نۆڤەمبەری 1954دا شۆڕشی چەکداریی جەزائیری بەرپا بوو، هەڵوێستی ئەلحاج، دژی خەباتی چەکداری بوو و ئەو جەختی لەسەر کار و چارەسەری سیاسی دەکرد و لەو چوارچێوەیەدا، ساڵی 1954 حیزبی بزاڤی نیشتمانی جەزائیری (حزب الحركة الوطنية الجزائرية) دامەزراند، کە تاکە حیزب بوو نەچووە نێو شۆڕشەوە. لەنێوان ئەو حیزبە و حیزبی بەرەی ڕزگاری نیشتمانی (حزب جبهة التحرير الوطني)دا گەلێک جەنگ و پێکدادانی خوێناوی لە جەزائیر و فرانسا ڕوویان دا. مسالی ئەلحاج، لەو ماوەیەدا لە نیشتەجێی تۆبزیدا بوو لە فرانسا. ئەلحاج ئیدی بەرەبەرە کاریگەری کەم بووەوە. لە 1961دا، فرانسا ویستی دابەشبوون و ناکۆکی نێوان نیشتمانپەروەرانی جەزائیر بەکار بهێنێت و حیزبی بزاڤی نیشتمانی جەزائیری (حیزبەکەی مسالی ئەلحاج) بخاتە نێو دانوستاندنەکانەوە، بەڵام بەرەی ڕزگاری جەزائیری دژایەتی کرد و هێندەی دیکە کوژتار و ناکۆکی لەنێوان ئەو دوو لایەنەدا پەرەی سەند. ئەلحاج بەشداری گوتوبێژەکانی

ڕێبەری بوو. دوای چەند ساڵێکی کەم، لەنێو ئەو حیزبەدا بوو بە یەکێک لە ڕێبەرە چالاک و بزێوەکانی. دواتر بە هۆی بە پێویستزانین و داخوازی بین بیللا بۆ دەستپێکردن بە خەباتی چەکداری و ئامادەنەبوونی مسالی ئەلحاج بۆ ئەوە، بین بیللا لەتەک نۆ هاوڕێی دیکەیدا لە حیزبی گەلی جەزائیری جوێ بوونەوە و چوونە نێو حیزبێکی دیکەوە بە ناوی کۆمیتەی شۆڕشگێڕی یەکیەتی و کار (اللجنة الثورية للوحدة والعمل CRUA)، کە لە 23ی مارسی 1954دا دامەزرا و موستەفا بولعید (مصطفى بولعيد) سەرۆکایەتی کۆبوونەی دامەزراندنی ئەو حیزبەی کرد و دواتر موحەممەد بووزیاف (محمد بوضياف) وەک سەرۆکی ئەو حیزبە دیاری کرا. دواتر لە 23ی جوونی 1954دا، جڤینی دەستەی 22 ساز کرا،[41] کە سیاسەتکارە

ئیڤیان Évian-les-Bainsی نەکرد و جەزائیری جێهێشت و چووە فرانسا و تا کۆچی دوایی کرد لە 1974دا، لەوێ مایەوە. مسالی ئەلحاج، گوتەیەک یا ڕستەیەکی بەناوێی هەبوو، دەیگوت: "ئەم خاکە، جەزائیر، بۆ فرۆشتن نییە".

[41] ئەو 22 کەسە، ئەمانە بوون: موستەفا بین بولعید (مصطفى بن بولعيد)، موحممەد ئەلعەرەبی بین ئەلمهێدی (محمد العربي بن المهيدي)، موراد دیدووش (مراد ديدوش)، زەیغوود یووسف (زيغود يوسف)، موحەممەد بووزیاف (محمد بوضياف)، عەبدوڵڵا بین تووبال (عبدالله بن طوبال)، بووجمعە سوێدانی (بوجمعه سويداني)،

تووڕەکان بوون لە مسالی ئەلحاج و بە پێچەوانەی ئەلحاجەوە، داوای دەستپێکردنی جەنگی چەکدارییان دەکرد. بین بیللایش یەکێک بوو لە سەرکردە تووڕەکان، هەربۆیە لەگەڵ جەنگی چەکدارییدا بوو، لێ ئەو بە هۆی هەڵهاتنییەوە لە زیندانێکی فرانساوە بۆ قاهیرە لە ساڵی 1953دا، لە کاتی ئەو جڤینەدا نەیتوانی ئامادە ببێت، بەڵام لەگەڵ بیر و نەخشەی ئەواندا بوو. لەو جڤینەدا بڕیاری مێژوویی دەستپێکردنی خەباتی چەکداریی لە 1ی نۆڤەمبەری 1954دا درا.

---


ئەلباجی موختار (الباجي مختار)، ئەحمەد بووشوعەیب (أحمد بوشعيب)، ڕەمەزان بین عەبدولمالیک (رمضان بن عبدالمالك)، حەبەشی عەبدوسسەلام (حبشي عبدالسلام)، موحەممەد مەشاتی (محمد مشاطي)، ئەسسەعید بوو عەلی (السعيد بو علي)، سولەیمان مەللاح (سليمان ملاح)، عوسمان بەلووزداد (عثمان بلوزداد)، عەبدولحەفیز بولسووف (عبدالحفيظ بولصوف)، ڕابیح بیتات (رابح بيطاط)، عەممار بین عۆدە (عمار بن عودة)، ئەززوبێر بین عجاج (الزبير بن عجاج)، موحەممەد مەرزووقی (محمد مرزوقي)، یووسوف حەدداد (يوسف حداد)، عەبدولقادر لمەعموودی (عبدالقادر لمعمودي). بنۆڕە: الزبيري، الدكتور محمد العربي، الثورة الجزائرية في عامها الأول، دار البعث، الطبعة الأولى، 1984، ص 118.

بین بیللا هەر لە دەسپێکی چوونە نێو سیاسەت و خەباتەوە، بۆ سەربەخۆیی وەڵاتەکەی، لە دژی داگیرکاریی فرانسا تێکۆشاوە. ئەو یەکێک بووە لەو نۆ دامەزرێنەرانەی بەرەی ڕزگاریی نیشتمانی (جبهة التحرير الوطني)، کە باوەڕیان وابوو "تاکە دانوستاندن لەگەڵ داگیرکەری فرانسیدا، جەنگە". هەرچەندە بەرەی ڕزگاری نیشتمانیی جەزائیر، سەرکردەیەتیی شۆڕشی جەزائیری دەکرد، بیر و دیدی سەرانی بەرە تا ڕادەیەک، لەنێوان دوو جەمسەری بیرکردنەوەدا، بە جۆرێک لە جۆرەکان دابەش بووبوون: جەمسەرێکیان، جیهانی ڕۆژاوا، کە هێمای تاکایەتی و ڕێزگرتنی ژیانی تاکەکەسیی بوو. جەمسەرەکەی دیکەیان، جیهانی ئیسلامی، کە پتر ئایین بەسەریدا زاڵە و تاک، تەنێ لەنێو کۆمەڵدا حیسابی بۆ دەکرێت.[42] بین بیللا، سۆسیالیستانە دەهزری و عەرەبایەتی و ئیسلامیشی فەرامۆش نەکردبوو. ئەو باوەڕی بە خەباتی شۆڕشگێڕانە و جەنگی چەکدار بوو دژ بە فرانسای داگیرکەر. ئیدی لە 1ی نۆڤەمبەری 1954دا، جاڕی دەستپێکردنی جەنگ و شۆڕشی

---

[42] حربي، محمد، جبهة التحريز الوطني، الأسطورة والواقع، ترجمة كميل قيصر داغر، الطبعة الأولى، دار الكلمة للنشر، بيروت-لبنان، 1983، ص 250.

چەکداری جەزائیری دژ بە فرانسا، درا. وەها جەنگێکی دژ بە داگیرکەر، بێگومان بێجگە لە جەنگێکی "دادپەروانە" ناکرێ ناوێکی دیکەی لێ بنرێت! ئەگەر بەرەی ڕزگاریی نیشتمانی، حیزبێکی سیاسیی سۆسیالیستی بووبێت و باڵی سیاسیی بزاڤی ڕزگاریخوازی بووبێت، ئەوا لەشکری ڕزگاریی نیشتمانی (جيش التحرير الوطني)ش باڵە سەربازییەکەی ئەو بزاڤە بوو. بین بیللا وەک هێما و سەرکردە و ڕێبەری ڕۆحیی شۆڕشی 1ی نۆڤەمبەر تەماشا دەکرا.



ئەحمەد بین بیللا

# بین بیللا چ جۆرە پیاوێک بوو

بین بیللا، پیاوێکی شۆڕشگێڕ، خەباتکار و سیاسییە و هەمیشە داکۆکیکار بووە لە مافی مرۆڤ. وەک نەتەوەییەکی عەرەبی دێتە ژماردن و پشتگری پرسەکانی عەرەب بوو و داوای یەکیەتیی وەڵاتانی مۆریتانیا، مەغریب، جەزائیر، توونس و لیبیا (المغرب العربي)ی دەکرد. کە باسی ئەو دەکرێت، وەک کەسیەتییەکی مەزن و دەم بە کەنین و ڕووخۆش و کەم گرنگینەدەر بە پرۆتۆکۆل و ئەتەکێت و کەم ڕەسمیی، پێناسە دەکرێت، کە مرۆڤ بە هۆی سادەیی و خاکەراییەوە، لەگەڵیدا هەست بە ئارامی و ئاسوودەیی دەکات، چون لە هەڵوێست و دیدی خەڵک تێدەگات تا ڕادەی ئەوەی خۆی لە جێگەی ئەوان دادەنێت، لێ کە دژایەتی و ڕووبەڕووبوونەی لەتەکدا بکرێت، ڕەنگە ببێتە مرۆڤێکی شەڕانی و تۆسن. هەرچەندە خەڵکانێکی زۆر پێی سەرسامن، لێ هی وایش هەن دژ بە ئاراستە و خولیا عەرەبی و ئیسلامی و سۆسیالیستییەکانین. بین بیللا، مرۆڤێکە، خوێندوو و خۆکرد، هەر لەو کاتەوە، کە ئاگایی جەزائیرییەتی، عەرەبایەتی و ئیسلامەتی پەیدا کردووە و وەنێو سیاسەت کەوتووە، دەستی بە خوێندنەوە کردووە. لە دەسپێکدا

تەواوی کتێبەکانی شەکیب ئەرسلان (شكيب أرسلان)، کە کرابوونە فرانسی و زۆرێک لە ڕۆمانە جیهانییەکانیشی خوێندوونەوە. دواتر لە هەموو ژیانیدا خوێندنەوە، بەشێکی گرنگ بووە لە ئارەزووەکانی و بە ئەرکی زانیوە. فەلسەفە، ئەدەبییات، چیرۆک، شیعر، مێژوو، مارکسیزم، هزر و... هەموو جۆرێک لەوانەی خوێندووەتەوە و دەخوێنێتەوە. گوێ دەداتە مۆسیقا و چێژی لێ دەبینێت. قورئان، تاقە کتێبێکە، کە هەموو ڕۆژێک هەندێکی لێ دەخوێنێتەوە. لە فێربوونی زماندا زیرەک بووە و هەر زمانێکی حەزی لێ بووبێت، بە سانایی فێری بووە. فرانسی، عەرەبی، ئیتالی، سپانیۆلی، ئینگلیزی و ئەڵمانی دەزانێت. ئەو هەرگیز لە ژیانیدا نە جگەرەی کێشاوە و نە کحوولی خواردووەتەوە.

# بین بیللا، سەربازی، وەرزش و مردنی باوکی

لە ساڵی 1937دا، وەک هەموو جەزائیرییەکانی دیکە، بین بیللا بانگ کرا بۆ سەربازی لە سپای فرانسادا و بوو بە سەربازی ناچاری (بەتۆبزی/ئیجباری/إجباري). لە

1939دا دەبوو ماوەی سەربازییەکەی تەواو بێت، لێ دووەم جەنگی جیهانی بەسەردا هات و ئیدی بۆ دەوڵەتی فرانسا و لە ڕیزی سپای فرانسادا، دژ بە نازیزم و فاشیزم جەنگا. بەشداربوونیشی لەو جەنگەدا لە ڕیزی فرانسادا، ئەو بۆ خۆی پێی وابوو، کە لەپێناوی پرس و مەسەلەیەکی دادپەروەرانەدا دەجەنگێ، مادام جەنگەکە دژ بە فاشیزم و نازیزمە. دواتریش، دوای ئەو جەنگە، بۆ ئازادی و سەربەخۆیی جەزائیر، دژ بە فرانسا جەنگا. لە سپای فرانسادا پلەی ڕەقیب (رقیب)ی[43] وەرگرت و فەرماندەی یەکەی پیادەی ئەلپ بوو لە مەرسیلیا. لەبەر ئەوەی فڕۆکەیەکی جەنگیی خستە خوارەوە، میدالیای خاچی جەنگی پێ بەخشرا. لەو جەنگانەدا گەلێک ئازایی نواند، تەنانەت دوژمنەکانیشی گەواهی ئەوەیان بۆ دەدا. هەر لەو سەردەمەدا و لە ساڵی 1939دا باوکی کۆچی دوایی کرد. کە فرانسا لە 1940دا لە لایەن ئەڵمانیاوە داگیر کرا، ماوەی سەربازییەکەی تەواو کرد و گەڕایەوە جەزائیر و

---

[43] پلەیەکی سەربازییە، سەرباز نزمترین پلەی سەربازییە. پلەی ڕەقیب دەبێتە سێیەم پلە دوای پلەی سەرباز. لە سەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا بەو پلەیە گوتراوە چاڤووش (چاوش). لە عیراق پێی دەگوترێ عەریف(عریف). ئەو پلەیانە، ژێر ئەفسەرن. ئەفسەر ئەستێرەی سەرشان وەردەگرێت و ئەو پلەیانە، خەتی سەر قۆڵ و باڵ وەردەگرن. پلەی ڕەقیب خاوەنی سێ خەتە.

بوو به سەرپەرشتکاری خێزانەکەی خۆیان. ساڵی 1942، کاتێک فرانسا و هاوپەیمانان دژ بە ئیتالیا و ئەڵمانیا لە جەنگدا بوون، بین بیللا دیسان بانگی سەربازی کرایەوە، ئەمجارەیان لەگەڵ دەستەیەکی مەغریبیدا، کە ئەم تاکە جەزائیری بوو لەنێویاندا، وەک دەستەی یا یەکەی مەرگ. نێردران بۆ بەرەی پێشەوەی جەنگ لە ئیتالیا، دواتر لەنێو یەکەی تیرهاوێژە نیشانگرە (قناص)ەکاندا کرا بە ڕەقیبی یەکەم (رقیب أول)[44] و یاریدەر. لە جەنگی مۆنتی کاسینۆدا گەلێک ئازایەتی نیشان دا و فەرماندەکەی خۆی دوو جاران ڕزگار کرد. بە هۆی ئازایەتییەوە جێنێراڵ شارڵ دو گۆل[45] بۆ خۆی، دوای ڕزگارکردنی ڕۆما لە ساڵی

---

[44] لە عیراق دەکاتە ڕەئیس عورەفا (رئيس عرفاء) و خاوەنی چوار خەتە.

[45] شارڵ دو گۆل Charles de Gaulle)/ 1890-1970)، جێنێراڵ و سیاسەتکارێکی فرانسی. لە شاری (لیل)ی فرانسا، لە خێزانێکی نەریتیی کاتۆلیکییەوە هاتووەتە دنیاوە. ساڵی 1912، کۆلێژی سەربازی تەواو کردووە. لە 1940دا وەک سەرکردەی لەشکری فرانسی بەشداری جەنگی دووەمی جیهانی بووە. چەند کتێبێکی لەمەڕ ستراتیژی سەربازی و وێناکردنی سیاسی و سەربازییەوە نووسیوە. سەرۆکی حوکوومەتی فرانسای ئازاد بوو لە لەندەن. دواتر لە 1944دا بووە بە سەرۆکی حوکوومەتی کاتیی فرانسی

1944دا، میدالیای سەربازیی پێ بەخشی، کە بڵندترین میدالیای فرانسییە و ئەویش تاکە عەرەبە ئەو میدالیایەی وەرگرتبێت. لە سەربازییدا چوار میدالیای وەرگرتووە و گرنگترینیان خاچی جەنگە. لە 1944دا، بین بیللا لە خزمەتی سەربازی ئازاد کرا، کە ئەو وەک خەڵاتێک دەیبینێت.

ئەو بار و ڕەوشی ژیانە خێزانییەی دوای مردنی باوکی، هەرگیز لە خەبات بۆ چاککردنی ڕەوشی هەموو جەزائیرییان داینەبڕی، بۆیە هەر زوو، دوای ئەوەی گەیشتە ئەو باوەڕەی، کە سەربەخۆیی، بە هێز دەستەبەر دەکرێت و دێتە دی، تێکەڵ بە بزاڤە سیاسییە خەباتگێڕەکان و دواتریش جیهادییەکان بوو. لە ئازادکردنی وەڵاتەکەی لە کۆلۆنیالیزمی فرانسی و دوای

---

دواتریش بووە بە یەکەم سەرککۆماری کۆماری پێنجەمی فرانسا. بە مانۆر و فرتوفێڵەکانی لە سیاسەتی جەزائیریدا ناسرابوو، بە هەوڵدانی بۆ دوورخستنەوەی حیزبی بەرەی ڕزگاری نیشتمانی جەزائیری لە دەسەڵات و سیاسەت و پرۆژەی دابڕینی دەڤەری بێئاوانی جەزائیر لە جەزائیری نیشتمان. هەرچەند ناوی باوکی ڕۆحییان لە دو گۆل نابوو، لێ لە 1968دا خەڵک، بەتایبەت لاوان، دژی ڕاپەڕین، تا لە مەی 1969دا دەستبەرداری سەرۆکایەتی بوو.

ئەوەیش لە ڕزگارکردنی وەڵاتەکەی لە نەزانین و هەژاری و وابەستەییدا، چالاکانە و لێبڕاوانە بەشدار بوو. لەگەڵ ئەوەیشیدا، کە ساڵانێکی کەم لە فەرمانڕەواییدا بوو و ساڵانێکی زۆر لە زینداندا، هەرگیز لە داکۆکیکردن لە پرسەکانی دادپەروەریی لە جیهاندا و لە دژایەتی هەموو جۆرە داگیرکارییەکی ئاشکرا و شاراوە، کۆڵی نەدا.

پاش ئەو کێشەیەی لەگەڵ مامۆستاکەیدا و ڕووکردنە وەرزش، بین بیللا بوو بە قارەمانی 400 میتریی هەڕاکردن و زۆریشی حەز لە یاریی تۆپێن بوو. لە شارەکانی مەرسیلیا و کان لە فرانسا وازیی کردووە و داوای لێ کراوە لەگەڵیان بمێنێتەوە، لێ ئەو گوێی بەو داوا و بەڵێنە ماددییانەی ئەوان نەداوە و گەڕاوەتەوە بۆ جەزائیر.

# کۆکوژییەکەی 1945

دوای بەشداریکردنی بین بیللا لەگەل فرانسییەکاندا لە دووەم جەنگیی جیهانیدا، کە ئیدی وەڵاتانی هاوپەیمان و لەنێویشیاندا فرانسا لە نازیزم ڕزگاریان بوو، لە 8ی مەی1945، کۆکوژی و قڕکردنێک دژی گەلی جەزائیر لە

لایەن فرانسییانی داگیرکەرەوە کرا. ئەو ڕۆژە هەموو گەل و وەڵات خۆیان بۆ ئاهەنگی سەرکەوتن لە جەنگی دووەمی جیهانیدا بەسەر نازیزم و فاشیزمدا ئامادە دەکرد، سپای فرانسا، وەها تاوانێکی ئەنجام دا. لەو دەمەدا و لە سەردەمی جەنگی دووەمی جیهانیشدا، تەنێ 10%ی سپای فرانسا، فرانسی بوون، 90%ی سپاکە جەزائیری و عەرەب بوون. ئەو سەرکەوتنە لە جەنگدا پتر سەرکەوتنی جەزائیرییان و عەرەب بوو و بەو کۆکوژییە فرانسا تۆڵەی لە گەلی جەزائیر کردەوە. ئەو کۆکوژییە هەموو دەڤەرەکانی جەزائیری گرتەوە، بە تایبەت سەتیف (سطيف)، مسیلە (مسيلة)، قەلمە (قلمة)، خراتە (خراطة) و سووق ئەهراس (سوق أهراس). لە دەڤەری سەتیف لە یەک ڕۆژدا فرانسییەکان تەواوی دانیشتووانی ئاواییەکیان لە سێدارە دا. ئەو جەنگە بوو بە هۆی کوژتنی پتر لە 45 هەزار مرۆڤ بە دزێوترین و نامرۆڤانەترین شێواز و بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا، یەکەم کەسیش لەو کوژتارەدا شەهید کرا، لاوێکی 22 ساڵان بوو بە ناوی بووزێد سعال (بوزيد سعال). ئەو کۆکوژی و ستەم و سەرکوتکردنە، کە تەواوی جەزائیر و جەزائیرییانی گرتەوە، گۆڕانێکی وای هێنایە گۆڕێ و بوو بە هۆی ئەوەی تا ڕادەیەک چەمکی تیرە و هۆز کاڵ بکاتەوە و نەیانهێڵێت و بیانسڕێتەوە و هێز و وزەیەکی ڕاستینە بە چەمکی گەل و نەتەوە

ببەخشێ. لەو دەمیەوە، مەگەر لە لایەن خەڵكانێكی هیچوپووچەوە نەبێت، كە وەدووی تەماح و چاوچنۆكییەوە بوون، دەنا ئیدی بەهایەک بۆ وردیلە ئینتیمای خێڵ و هۆز نەما و بەكار نەدەهات، ئیدی هزری نەتەوە بوو بە هزری باو و زاڵ. ئەو ڕووداوی كۆكوژییە وەک هۆكار و هاندەر و پاڵنەرێكی دیكەی پتر ڕووكردنە دژایەتیی داگیركەر و باوەڕبوون بە شۆڕش، هاتە سەر ئەو كێشەیەی، بین بیللا، پێشتر لەگەڵ مامۆستاكەیدا تووشی بوو و بووە هۆی گەلێک دڵگران بوون و كارتێكردنی و پتر هەستكردنی بە ئازاری گەلەكەی و وەئاگاهێنانەوەی، كە ئیدی ئەوەی بۆ سەلما، داگیركەری فرانسی چەندە توندوتیژ و دڕە، لێ بە بەكارهێنانی توندوتیژییش نەبێت لاناچێت.

## ڕێكخراوی تایبەت

بین بیللا هەر زوو لەنێو بزاڤی نیشتمانیدا، كەوتە چالاكی. ئەو چووە ڕیزی حیزبی گەلی جەزائیر (حزب الشعب الجزائري) و دواتریش بزاڤ لەپێناوی سەركەوتنی ئازادییە دیموكراتییەكان (الحركة من أجل إنتصار الحريات الديمقراطية) كە مسالی ئەلحاج (مصالي الحاج)

سەرکردەی بوو. لە 1947دا بە ڕاوێژکاری شارەداریی مەغنییە (مغنية) هەڵبژێردرا، هەرچەند فرانسییەکان زۆر تەنگیان پێ هەڵدەچنی و ئەو هەموو کۆششی بۆ خزمەتی جەزائیرییەکان بوو، فرانسییەکانی بە ڕێکخستن و ڕێکوپێکیی کارەکانی سەرسام کردبوون.

لە فێبریوەریی 1947دا لە شاری جەزائیر جڤینێک ساز کرا، ئەندامانی حیزبی گەلی جەزائیری و بزاڤی سەرکەوتنی ئازادییە دیموکراتییەکانی تێدا بەشدار بوون و ڕێکخراوێکی نیمچە سەربازییان دامەزراند بە ناوی ڕێکخراوی تایبەت (المنظمة الخاصة)[46] و بین بیللا لەو

---

[46] ڕێکخراوی تایبەت (المنظمة الخاصة OS)، کە هەندێ جار بە ناوی ڕێکخراوی نهێنی (المنظمة السرية)یشەوە ناو دەبرێت، کرۆک و بنەمایەک بوو بۆ دامەزراندنی لەشکری ڕزگاریی نیشتمانی (جيش التحرير الجزائري ALN)، لە میانی کۆنگرەی دووەمی حیزبی گەلی جەزائیری (حزب الشعب الجزائری) لە باژێڕی جەزائیر لە 14 و 15ی فێبریوەری 1947دا دامەزرا و هاتە گۆڕێ. بیرۆکەی دامەزراندنی ئەم ڕێکخراوە دەگەڕێتەوە بۆ وەڕزبوونی هەندێک لە خەباتگێڕە ڕادیکاڵەکان و تووڕەییان لەو کۆمەڵکوژی و قڕانەی 8ی مەی 1945، فرانسییەکان دژ بە گەلی جەزائیر ئەنجامیان دا و گەیشتن بە باوەڕی بێسوودبوون و بێهوودەیی کاری سیاسی، ئیدی لەوەوە داوای گۆڕینی شێوازی خەباتیان کرد بۆ خەباتی چەکداری. ئەوانەی لەو کۆنگرەیەدا وەک سەرکردەیەتیی سەربازی و سیاسی ئەو ڕێکخراوە هەڵبژێردران، پێکهاتبوون لە: موحەممەد بەلووزداد

(محمد بلوزداد) وەک ڕێکخەر و هاوئاهەنگکار و بیلحاج ئەلجیلالی عەبدولقادر (بلحاج الجيلالي عبدالقادر)، کە بە (قوبووس/کوبیس)یش دەناسرا، وەک بەرپرسی سەربازی و حوسێن ئایت ئەحمەد (حسين آيت احمد) وەک بەرپرسی سیاسی و ئەحمەد بین بیللا (احمد بن بلة) وەک بەرپرسی دەڤەری وەهران (وهران) و مەرووک موحەممەد (مروك محمد) وەک بەرپرسی شەلەف و ڕقیمی جیلالی (رقيمي جيلالي) وەک بەرپرسی شاری جەزائیری پێتەخت و دەوروبەری و موحەممەد بووزیاف (محمد بوضياف) وەک بەرپرسی قوسەنتینە و عەممار ولد حموود (عمار ولد حمود) وەک بەرپرسی دەڤەری قەبائیل (القبائل) و موحەممەد یووسوفی (محمد يوسفي) وەک بەرپرسی تۆڕەکانی زانیاری و پێوەندەکان و بێجگە لەوانەیش، موسەتەفا بین بولعید (مصطفى بن بولعيد) و موحەممەد ئەلعەرەبی بین مهێدی (محمد العربي بن مهيدي) و ڕابیح بیتات (رابح بيطاط) و عەلی محساس (علي محساس) و دیدووش موراد (ديدوش مراد) و کەریم بەلقاسم (كريم بلقاسم) و ئیدریس ئیدریس (ادريس ادريس) و عەسلە ڕەمەزان (عسلة رمضان)یش هاتنە نێو ئەو ڕێکخراوەوە. موحەممەد بەلووزداد تا نۆڤەمبەری 1947 سەرکردەی ئەو ڕێکخراوە بوو و بەهۆی نەخۆشییەوە دەستبەرداری بەرپرسیارییەتییەکەی بوو و حوسێن ئایت ئەحمەد جێگەی ئەوی گرتەوە تا ساڵی 1949، ئیدی حوسێن ئایت ئەحمەد لەو ساڵەدا لە کێشەی بەربەر تێوە گلا و ئەحمەد بین بیللا کرا بە کەسی یەکەمی ڕێکخراوەکە. لە سەردەمی بین بیللادا ڕێکخراوەکە نوێژەن کرایەوە و هەموو نەخشە و ئامانجە قرێژەکانی فرانسای داگیرکەر دژی جەزائیر و گەلەکەی و ئایین و زمان و فەرهەنگ و مێژووی، لە قاو درا و خۆپێشاندان ڕێکخرا و جاڕی

ڕێکخراوەدا یەکێک بوو لە سەرکردەکانی و کرا بە فەرماندەی دەڤەری وەهران، ئەوەیش دوای کۆنگرەی یەکەمی بزاڤی سەرکەوتنی ئازادییە دیموکراتییەکان بوو. ئیدی ئەرکی پەیداکردن و وەدەستهێنانی چەک و ڕاهێنانی جەنگاوەران بۆ ئامادەکاریی بۆ خەباتی چەکداری و جەنگ، خرایە سەر ئەو ڕێکخراوە تایبەتە. سەرکردەیەتیی ئەو ڕێکخراوە درایە دەست موحەممەد بەلووزداد. هەرسێیان: حوسەین ئایت ئەحمەد و ئەحمەد محساس (أحمد محساس)، کە عەلی محساس (علي محساس)یشی پێ دەگوترا و ئەحمەد بین بیللایش بوون بە یاریدەری.

---

بەشدارینەکردنی هەڵبژاردن درا و وەک ڕێکخراوێکی سەربازیی چەکدار، ئامادەکاری بۆ شۆڕشی چەکدار دەکرا. لەگەڵ پاراستنی هەموو نهێنییەکدا، لە مانگی مارسی 1950دا، ئاشکرا بوو و تەواوی ئەندامانی ڕێکخراوەکە دووچاری ڕاونان و چەوساندنەوە و زیندان بوون و ڕێکخراوەکەیش لە دواییدا تەقێنرایەوە و هەڵوەشێنرایەوە و تاکە شانەیەکی ڕێکخراوەکە لە چیاکانی ئۆراس (الأوراس) بە سەرکردەیەتیی موستەفا بین بولعید مایەوە و توانی چەک گرد بکاتەوە و دواتریش بووزیاف و بیتات و دیدووش موراد و کەریم بەلقاسم و عەممار ئووعومران (عمار أوعمران) هەڵهاتن و خۆیان گەیاندە کەژەکان. ئیدی ئەو خەباتگێڕانە بە نهێنییەکی تەواوەوە، نەخشەیان بۆ دەسپێکردنی شۆڕش دانا تا لە 1ی نۆڤەمبەری 1954دا دەستیان پێ کرد.

ئیدی بین بیللا، دوای ئەوەی فرانسییەکان بەتۆبزی شاری مەغنییەیان پێ جێهێشت، چوو بۆ شاری جەزائیری پێتەخت، بۆوەی دەست بە خەباتی نهێنی بکات. لە دیسێمبەری 1949 لە سەرکردایەتیی ڕێکخراوی تایبەت (المنظمة الخاصة)دا، گۆڕینێک کرا بە دانانی ئەحمەد بین بیللا، کە یەکێک بوو لە دامەزرێنەرانی ڕێکخراوی تایبەت، لە جێگەی حوسەین ئایت ئەحمەد، بە سەرۆکی ڕێکخراوەکە و فەرماندەی ئەو باڵە سەربازییەی ڕێکخراوەکە کە ناوی سپای نهێنی (الجيش السري) لێ نرابوو. ئایت ئەحمەد، بەوە تۆمەتبار کرا، لەگەڵ دەستەی بزاڤە بەربەرییەکەدا بێت کە بە سەرۆکایەتی ڕەشید عەلی یەحیا (رشيد علي يحيى) هەوڵی داگیرکردنی حیزبی دەدا.[47] ئەم ڕەشید عەلی یەحیایە، لە نۆڤەمبەری 1948دا و لە کۆنگرەی بزاڤ لەپێناوی سەرکەوتنی ئازادییە دیموکراتییەکاندا، بە کۆمەکی وا عەلی بننای (واعلي بناي) و عومەر ولد حمموودە (عمر ولد حموودة)، سەرکەوت و بوو بە سەرۆکی فیدراسیۆنی ئەو حیزبە لە فرانسا، ئیدی

---

[47] بوحوش. الدكتور عمار، التأريخ السياسى للجزائر من البداية ولغاية 1962، الطبعة الأولى، دار الغرب الإسلامي، بيروت-لبنان، 1997. ص 345.

لەوێوە هەوڵی دامەزراندنی بزاڤێکی گەلێریی بەربەر، بە دنەدانی خەڵکانێکی چەپگەرا درا.[48]

# بڕینی بانک

لەبەر ئەوەی هیچ چارەسەرێکی سیاسی بۆ جەزائیرییەکان نەدۆزرایەوە بۆ گێڕانەوەی وەڵات و سامانی وەڵاتەکەیان، ئامانجی ئەو ڕێکخراوە، ئامادەکاری بوو بۆ شۆڕشێکی چەکدار. بین بیللا بوو بە بەرپرسێکی سەربازی کە 5 هەزار چەکدار لەژێر فەرماندەیی ئەودا بوون. دواتر بوو بە یەکێک لە نۆ سەرکردەکەکانی کۆمیتەی شۆڕشگێڕی یەکیەتی و کار (اللجنة الثورية للوحدة والعمل CRUA)، کە لە پزدانی ڕێکخراوی تایبەتەوە سەری هەڵهێنا و شۆڕشی ڕزگاریی دەست پێ کرد. ئەو ڕێکخراوە پێویستی بە پارە بوو بۆ جێبەجێکردنی ئامانجەکانی، لێ سیاسییەکان ڕێگەیان لێ دەگرت، ڕێکخراوەکە بۆ خۆی دەسپێشخەریی دەکرد و کارەکەی دەخستە دەستی خۆی. لە 5ی ئەپریلی 1949دا

[48] بوحوش..، التأريخ..، ص 518.

ڕێکخراوەکە بە چاوساغی و ڕێنیشاندانی کارگێڕێکی پۆستی وەهران بە ناوی جەللول نمیش (جلول نميش)، هێزێکی کۆماندۆس بە سەرکردەیەتیی بین بیللا، دەستی بەسەر نێوەندی پۆستی وەهراندا گرت و سێ میلیۆن و سەدوحەفتا هەزار (3170000) فرانکی فرانسییان ڕفاند. پارەکە موحەممەد خەیزەر (محمد خيضر) گەیاندییە شاری جەزائیر و دواتر لە لیبیا چەکی پێ کڕدرا و چەکەکان گەیێندرانە چیاکانی ئۆراس (الأوراس)، بین بیللا بەو کارەی بۆ سیاسییەکانی سەلماند کە ئیدی گەمەی سیاسی گەیشتووەتە بنبەست و کۆتایی و بێجگە لە چەک و شۆڕش هیچ ڕێگەیەکی دیکە بۆ وەدەرنانی فرانسا و ڕزگارکردنی جەزائیر نییە. فرانسییەکان بە ڕێکخراوەکەیان زانی، خەڵکی سیخوڕی خۆیان خزاندبووە نێو ڕێکخراوەکەوە و ئیدی زۆرێک لە ئەندامانی دەستگیر کران و لەنێویشیاندا بین بیللا. لە 1950دا، بە هۆی زمانلێدان و ناپاکیی یەکێک لە هاوڕێیانی خۆیەوە، کە ئەندامی ڕێکخستنی تایبەت بوو، بە ناوی قوببووس[49]

---

[49] قوبووس، قۆبیس، کۆبویس Cobus (بلحاج الجيلالي عبدالقادر)، لە ئاوایی زدین لە جەزائیر لە دایک بووە. چووە ڕیزی بزاڤی سەرکەوتنی/پشتگرتنی ئازادییە دیموکراتییەکان و یەکێک بوو لە ئەندامانی دامەزرێنەری ڕێکخراوی تایبەت OS و مەشق و بارهێنانی سەربازیی لەو ڕێکخراوەدا پێ سپێردرابوو. ئەو جڤینە

(قبوس)، کە ناوە ڕاستییەکەی جلالی بلحاج (جلالي بلحاج) بوو، بین بیللا گیرا. بلحاج، بوو بە چاوساغ و ڕێنیشاندەری

---

حیزبییەی کە لە ساڵی 1947دا گیرا و بڕیاری دامەزراندنی ڕێکخراوی تایبەتی تێدا درا، لە ماڵی قوبووسدا کرا. دوای ئاشکرابوونی ئەو ڕێکخراوە لە تبسە (تبسة) لە 1950دا و دەستگیرکردنی هەموو سەرکردەکانی ڕێکخراوەکە بە بین بیللایشەوە (سەرۆکی ڕێکخراوەکە) بێجگە لە موحەممەد بووزیاف کە نەگیرا، قوبووس بۆ خۆیشی گیرابوو، لێ پێش تەواوبوونی ماوەی زیندانییەکەی ئازاد کرا و ئەو تاکە کەس بوو لە گیراوەکان کە ئازاد کرا، ئیدی بوو بە جاسووس و بەکرێگیراوی پۆلیسی فرانسی. بە هۆی بارهێنانێکی سەربازییەوە کە لە خوێندنگەی سەربازیی شرشال وەدەستی هێنابوو و پلەی عەریفی تێدا وەرگرتبوو. کە شۆڕشی نۆڤەمبەر دەستی پێ کرد، قوبووس یەکەم بەربژێر بوو بۆ سەرکردەیەتیی ویلایەتی شەشەم (الصحراء)، بەڵام ئەو چووە ڕیزی ناپاک و خیانەتکارانەوە دژ بە نیشتمان و بوو بە سەرکردەی سپاپەک، کە سپای فرانسا هەموو جۆرە چەک و ماشێنی سەربازی و ئامێری پێوەند و زانیاریی هەواڵگری و تەواوی ئامرازەکانی دیکەی پێدابوو دژ بە بەرەی نیشتمانیی جەزائیر و شۆڕشی جەزائیر. قوبووس لە 16ی ئەپریلی 1958دا لە بەین بردرا. دەگێڕدرێتەوە کە کوڕی قوبووس یا زاواکەی سەری بڕاوی قوبووسی وەک نیشانەیەک بۆ پەیوەستبوون بە شۆڕشەوە هەڵدەگرێ و دەیبا بۆ نێو شۆڕشگێڕان.

فرانسییەکان بۆ دەستگیرکردنی بین بیللا لەماڵەکەی خۆیدا لە گەڕەکی قەسەبە (القصبة) لە جەزائیری پێتەخت.

گەلێ جار، زیندان دەبێتە فێرگەیەک بۆ بارهێنان و پێگەیاندنی مرۆڤ و ڕامان. لەو ماوەیەی لە زینداندا دەبێ، بین بیللا، خۆی فێری زمانی سپانیۆلی دەکات، بە پەیڤین و خوێندنەوە و نووسین. وەک بۆ خۆی دەڵێ، لە سەردەمی سەربازیشدا لە ئیتالیا، زمانی ئیتالی بەو جۆرە فێر بووە. ئەو هەر زمانێکی فێری بووە، بە فرانسی و عەرەبیشەوە، زۆر بە باشی فێری بووە، واتە: لە زماندا زیرەک بووە. لەو زیندانەدا دەرفەتی باشی بۆ خوێندنەوە هەبووە. لەو کتێبانەی بۆ خۆی باسیان دەکات، کە خوێندوونیەوە و سوودی لێ وەرگرتوون، ئەلفیتنەتولکوبرا (الفتنة الکبری)ی تاها حوسەین و نەهجولبەلاغە (نهج البلاغة)ی ئیمام عەلی و میژووی تەبەری (تأريخ الطبري) بوون.

# هەڵهاتن لە زیندان

کاتێک بین بیللا و هاوڕێیانی درانە دادگە، ئەوان دادگەییەکەی خۆیان کردە دادگەیی داگیرکاری و

کۆلۆنیالیزم. بین بیللا سی ساڵان حوکم درا، لێ له 16ی مارسی 1952دا، دوای هەوڵدان و شەکەتی و سەختییەکی زۆر، بە هاوڕێیەتی عەلی محساس لە زیندان هەڵهات و بە کۆمەکی دیدووش موراد و بە پاسپۆرتێکی ساختە و لە ڕێگەی زەریاوە لە ساڵی 1952دا گەیشتە پاریس. لەوێ لەگەڵ عەلی محساس و بووزیافدا کۆوەبوو و داوای لە بووزیاف کرد، ئەندامانی ڕێکخراوە نهێنییەکە لە جەزائیر خڕ بکاتەوە، دوای ئەوەی حیزب بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی ڕێکخراوە نهێنییەکەی دابوو. دواتر بین بیللا ڕۆیشت بۆ سویسرا و لەوێیشەوە بۆ قاهیرە، کە لە 1953دا گەیشتێ و خۆی گەیاندە ئایت ئەحمەد و موحەممەد خەیزەر، بۆوەی نوێنەرایەتی بزاڤی سەرکەوتنی ئازادییە دیموکراتییەکان بکەن و وەک نوێنەری ڕێکخستنەکان لە دەرێی وەڵات کار بکەن. ئەو سێیە لەگەڵ شەش کەسی دیکەدا، کە ئەمانە بوون: ڕابیح بیتات، کەریم بەلقاسم، موحەممەد ئەلعەرەبی بین مهێدی، موحەممەد بووزیاف، موراد دیدووش و موستەفا بولعید، لەنێو جەزائیردا دەژیان و دەیانتوانی لەنێوان جەزائیر و فرانسا و سویسرادا هاتوچۆ بکەن و لە سویسرا، کە بووبووە جێژوانێک بۆ ڕێکخستنی نێوخۆ و نوێنەرانی لێژنەکەی دەرێی وەڵات، کە لە قاهیرە بوون، یەکدی ببینن. لە قاهیرەیش، بین بیللا، لەگەڵ عەبدولکەریم ئەلخیتابی

(عبدالكريم الخطابي) سەرۆکی ئۆفیسی مەغریبی عەرەبی و جەمال عەبدونناسر (جمال عبدالناصر)دا چاویان بە یەکدی کەوت.

## بەرەو میسر و دیداری عەبدونناسر

بین بیللا تاکە سەرکردەیەکی جەزائیری بوو، بە دیداری عەبدونناسر بگات. عەبدونناسر، نەیار و سەرئێشەیەکی گەورە بوو بۆ کۆلۆنیالیزم. ئەو دیدارەی عەبدونناسر دەرگەی بۆ بین بیللا کردەوە، بە قایلبوونی عەبدونناسر بەوەی بین بیللا چەک و تەقەمەنی لە میسرەوە بگوێزێتەوە بۆ جەزائیر، بۆ ئامادەکاریی بۆ هەڵگیرساندنی شۆڕش. ئەو کارە دووساڵونیو درێژەی کێشا. یەکەم کردەی گواستنەوەی چەک لە ڕێگەی لیبیاوە لە فێبریوەری 1954دا کرا و بورقێبە (الحبيب بورقيبة)ی سەرۆکی توونس، هەندێ کێشەی بۆ گواستنەوەی ئەو چەکانە ساز کرد، تا گەیشتە ئەوەی شەڕ لەنێوان جەزائیرییان و توونسییەکاندا دروست بێت. بێجگە لە گوێزتنەوەی چەک، بین بیللا بوو بە شارەزا لە ڕاهێنانی سەربازیدا و لە عەین شەمس (عين شمس) لە میسر، لەشکرگەیەکی بۆ ڕاهێنان دامەزراند و کاری لەسەر ئەوە دەکرد جەزائیرییەکان، بە

تایبەت ئەوانەی لە ئەلئەزهەر خوێندکار بوون، بخاتە ڕیزی ئەوانەی ڕاهێنانی پێ دەکردن. یەکێک لەوانە موحەممەد ئیبراهیم بووخەڕووبە (محمد إبراهيم بوخروبة) بوو، کە دواتر بە هوواری بوومەدیەن (هواري بومدين) ناوی دەرکرد.[50] بین بیللا، لەسەر دەسەڵاتی

[50] هاوڕێم کاک بەختیار ئەمین، یەکێک لە کەسە هەرە چالاکەکان و کەسیەتییەکی دیار و بەرچاوی کورد لە ئەوروپا و عیراق و خۆرهەڵاتی ناوین، کە ماوەیەکیش وەزیری مافی مرۆڤ بوو لە عیراق، بۆی گێڕامەوە و گوتی: "لە سەرەتای ساڵانی 2000دا و لە کاتێکدا کە بەردەوام خەریکی جڤین و دروستکردنی لۆببی و بینینی سیاسەتکارانی جیهانی و دۆست پەیداکردن بووین بۆ کورد و پرسی کورد و بۆ دژایەتیی ڕێژیمی بەعسی عیراق، چەند جارێک لە فرانسا ژنێکی چالاکی سیاسیی بە ڕەچەڵەک جەزائیریم بینیوە و قسەوباس کەوتووەتە نێوانمانەوە. ژنەکە، ناوی حەلیمە بوومەدیەن (حليمة بومدين) بوو و لەسەر لیستی پارتی سەوزی فرانسا ( Les Verts) ئەندامی پەرلەمانی ئەوروپا بوو. حەلیمە، دەیگوت: پاشناو (ناوی خێزانی/ناوی گەورە)ی من، واتە بوومەدیەن (بومدين) پاشناوێکی کوردییە و ئێمە وەک خێزان بە ڕەچەڵەک کوردین و دەگەڕێینەوە سەر یەکێک لەو تیرە کوردانەی لە جەزائیر و باکووری ئەفریقا ژیاون. هوواری بوومەدیەن (هواري بومدين)یش، کە هاتووەتە نێو شۆڕشی جەزائیرەوە و خۆی لە هێزەکانی فرانسا شاردووەتەوە، گەلێ جار هاتووەتە ماڵی ئێمە و بۆ نەناسینەوە و خۆگومکردن، ناوی خۆی، کە شتێکی دیکە بووە، گۆڕیوە و کردوویەتی بە هوواری بوومەدیەن، واتە: پاشناوی ئێمەی

کۆڵۆنیالیزمی فرانسی، بووبوو بە مەترسییەک و ئەو دەسەڵاتە هەوڵی لەنێوبردنی دەدا و دوو گلەت هەوڵی کوژتنی درا، جارێکیان لە قاهیرە و جاری دووەم لە تەرابولس (طرابلس) لە لیبیا لە ساڵی 1955دا، بە ڕێکخستن و نەخشەدانانی ڕێکخراوی دەستی سوور (الید الحمراء La Main Rouge).[51]

---

وەرگرتووە". بوومەدیەن، لە ساڵی 1957دا، کە کراوە بە سەرکردەی دەڤەری ویلایەتی پێنجەم (الولایة الخامسة)، کە دەڤەری وەهران و سنووری مەغریب دەگرێتەوە، ئیدی ناوی خۆی لە موحەممەد ئیبراهیم بووخەڕووبە (محمد إبراهیم بوخروبة)ەوە کردووە بە هوواری بوومەدیەن و بەو ناوەوە نەک بووخەڕووبە ناسرا و ناوی دەرکرد. سەرچاوەی دیکەیش هەن، باس لەوە دەکەن کە هوواری بوومەدیەن وەک بنەچە دەگەڕێتەوە سەر هۆزی بەنی هیلال(بەني هلال)، کە یەکێک بووە لەو هۆزە عەرەبییانەی نیشتەجێی دوڕگەی عەرەبی کە دواتر کۆچیان کردووە بۆ باکووری ئەفریقا.

[51] ڕێکخراوی یا یەکەی دەستی سوور (بە عەرەبی:الید الحمراء و بە فرانسی: La Main Rouge، ڕێکخراوێکی چەتەگەری مرۆڤکوژ بوو، دەسگەی هەواڵگریی فرانسا دایمەزراندبوو و لە وەڵاتانی مەغریبی عەرەبی و ئەوروپادا چالاک بوو، بۆ کوژتنی نەیار و دوژمنانی فرانسا و سەرکردە و خەباتگێڕانی بزاڤە نیشتمانییەکانی توونس و جەزائیر و مەغریب. ئەم ڕێکخراوە دژ بە هەموو کەسێکی نێشتمانپەروەر بوو، کە داخوازیی ئازادیی مەغریبی عەرەبی کردبا

و دژ بە هەموو ئەو بێیانییە ئەوروپایی و نائەوروپاییانە بوو، کە مەیلیان بە لای شۆڕشی جەزائیردا هەبوو و باسیان دەکرد و داکۆکییان لێدەکرد و بەرخوردیان لەگەڵدا هەبوو و دژایەتی داگیرکاریی فرانسا بوون لە جەزائیر. ڕێکخراوەکە دژی هەموو ئەوانە چالاکیی ئەنجام دەدا و توندوتیژی بەکار دەهێنا. لە ساڵی 1952وەوە تا ساڵانی 1960 لەو کارەدا بەردەوام بوو. ئەندامانی ڕێکخراوەکە نەناسراو بوون و هەرگیز نەدەدرانە دادگە و لەلایەن سپا و پۆلیسی فرانسییەوە دەپارێزران. کاتێک هەوڵە دیپلۆماسییەکان بۆ گەیشتن بە ئاشتی لەنێوان بزاڤی نیشتمانیی توونس و حوکوومەتی فرانسیدا سەرینەگرت و بزاڤی نیشتمانی توونسی فرانسییە داگیرکەرەکانیان بە بێیانی ناودێر کرد، دەسەڵاتی فرانسی کەوتە گرتنی سەرانی بزاڤی نیشتمانی توونسی، ئەلحەبیب بورقێبە (الحبيب بورقيبة) و ئەلمونجی سلیم (المنجي سليم) و ئەلهادی شاکیر (الهادی شاکر) گیران و ئیدی بەرخودانی چەکداری توونسی دژ بە فرانسا دەستی پێ کرد و پەلاماری سپای فرانسا و مۆڵگە سەربازییەکانیان درا. لە هەمبەر ئەو بەرخودانەدا، فرانسییە داگیرکەرەکان ئەو ڕێکخراوی "دەستی سوور"ەیان ساز کرد. ڕێکخراوەکە، سەرکردەی سەندیکایی توونسی فەرحات حەششاد (فرحات حشاد)ی لە 5ی سێپتەمبەری 1952دا و ئەلهادی شاکیر، سەرکردەیەکی حیزبی دەستووری توونسی لە سێپتەمبەری 1953دا و دۆکتۆر عەبدوڕەحمان مامی (عبدالرحمن مامي) لە 13 جووڵای 1954دا کوژت. لە 1957یشەوە ڕێکخراوەکە گۆڕانی بەسەردا هات و چالاکتر کرایەوە و ئەمجارەیان کوژتنی سەران و هەوادارانی بەرەی ڕزگاریی نیشتمانی جەزائیری کردە ئامانج، بە تایبەت ڕووناکبیرانی جەزائیری لە ئەوروپا. ڕێکخراوەکە پتر لە



ئەحمەد بین بیللا و جەمال عەبدونناسر لە قاهیرە

200 کەسی کوژت و تەنیا لە ساڵی 1960دا 135 کەسی کوژت. بێجگە لە وەڵاتانی مەغریبی عەرەبی، لە پێنج وەڵاتی ئەوروپاییدا ڕێکخراوەکە کارەکانی ئەنجام دەدا و لە ڕێگەی ژاراویکردن، گوللەبارانکردن، تەقاندنەوەی ماشێن، بۆمبی کاتبۆدانراو و تیرباران و ناردنی پۆستی بۆمڕێژکراو و تەقینەوەوە، قوربانییەکانیان لەبەین دەبرد.

# دەسپێکی شۆڕش نۆڤەمبەر

پێش دەستپێکردنی هەر شۆڕشێکی گەلێر و ئازادیخوازیی دژ بە کۆڵۆنیالیزم و سیستمی سەرمایەداریی جیهانی، وەک شۆڕشی نۆڤەمبەری جەزائیر، شۆڕشگێڕان، ئەوەیان دەزانی یا دەبوو بیزانن، کە هەر سەختییەک و هەر گوشار و توندوتیژی و تەنگپێهەڵچنینێک تووشی شۆڕشەکەیان دەبێت، لەو سیستمەوە، سیستمی سەرمایەدارییەوە دەخرێتە ڕێی ئەو جۆرە شۆڕشانە. هەرچی کێشە و ئاریشەیەکیشە، کە هەموو ئەزموونێکی شۆڕشگێڕی بەرەوڕووی دەبێتەوە، بوونی ئەو ئەزموونە شۆڕشگێڕییەیە لە دەوروبەرێکدا کە بە تەواوی ئەو ئەزموون و بزاڤەی قەبووڵ نییە و ڕەفزی دەکات، واتە: دەوروبەرە سەرمایەدارییە جیهانییەکە، کە مخابن دەوروبەرێکی دیکە نییە. بەرەوڕووبوونەوە و تەحەددایەکی سەرەکی هەموو شۆڕشێک لەو سیستمە جیهانییەوەیە، بە هەموو سەنگ و هەژموونێکی خۆی و بە هەموو شێوازێکی کە کاری پێ دەکات، نە تەنێ بە هۆی هێز و سیاسەتی ئاسن و ئاگر، بەڵکە لە میانی فەرهەنگ

و زانست و تەکنۆلۆگیشەوە و لە میانی وێنەیەکی نموونەیی کە دەیدات بە خۆی و لە خەڵکی دی و لەوانی دیکەی دەستێنێتەوە، هەروەها لە میانی ئەو ڕێسا و ڕێکار و جۆرە نەریتانەی کە داڕێژەر و نەخشەدانەری پاشکۆیەتی و پێوەندەکانی نێوان نێوەند و دەرێی نێوەندن (داگیرکەر و داگیرکراو).

دیارە مەرج نییە هەموو هزرێک ببێتە هۆی بەرپاپوونی شۆڕش، لێ هەموو شۆڕشێک زادەی هزرێکە. لێنین دەڵێ: "هیچ شۆڕشێک بێ تیۆرییەکی شۆڕشگێڕانە نابێت". بە ئاوڕدانەوە لە شۆڕشگەلێکی مەزن، کە گۆڕینی مەزن و کاریگەریان وەدووی خۆیاندا هێناوە و جیهانیان گۆڕیوە، دەبینین، شۆڕشی فرانسای 1789، مۆنتسکیۆ Montesquieu، ڤۆلتێر Voltaire، ڕۆسۆ Rousseau، سان چۆست Saint-Just و هی دیکە و شۆڕشی ڕووسیای 1917، کارڵ مارکس و ئینگڵس و لێنین و ترۆتسکی و هی دیکە و شۆڕشی چینی 1949، ماو زەدۆنگ و شۆڕشی ڤیێتنامی 1955-1975، هۆ شی مین و جێنێراڵ چیاب و شۆڕشی کووبای 1953-1959، فیدێل کاسترۆ و ئەرنێستۆ چێ گیڤارا، بیریار و فیلۆسۆف و خودانی بنەما هزری و تیۆرییە شۆڕشگێڕەکانی ئەو شۆڕشانە و سرووشبەخشی کردەی شۆڕش بوون.

هەرچی شۆڕشی جەزائیرە، بەڵێ شۆڕشی گەل بوو دژ بە کۆلۆنیالیزم و بۆ ئازادی، لێ نە تیۆریست و بیریاری مینا ئەوانەی هەبوون و نە فەلسەفە و تیۆریی وەک ئەوانەیش بزوێنەر و پێشەنگی ئەو شۆڕشە بوون، لێ گەل و سەرکردەکانی شۆڕش گەیشتبوونە دووڕێیانێک؛ ئازادی یا کۆیلەیەتی، کە دەبوو یەکێکیان هەڵبژێرن، ئەوانیش بوێرانە ئازادییان هەڵبژارد. ئەحمەد سێکۆتووریێ[52] دەڵێ: "پێمان باشترە هەژار بین و ئازاد، نەک دارا و کۆیلە". فرانز فانۆن دەڵێ: "برسییەتییەکی شەرەفمەندانە لە تێرییەکی کۆیلانە گەلێک باشترە".[53] هەڵبژاردنی ئازادی، واتە: هەڵبژاردنی کردەی شۆڕش بۆ گەیشتن بە ئازادی، هەڵبژاردنی کردەی شۆڕشیش دەکاتە هەڵبژاردنی چەک و جەنگ. هەر وەڵات و کۆمەڵ و گەل و خەڵکێک و تەنانەت مرۆڤێکیش جەنگ بسەپێنرێت بە

---

[52] ئەحمەد سێکۆتووریێ Ahmed Sékou Touré (1922–1984)، لەنێوان 1958–1984دا سەرۆکی گینیا بوو لە ئەفریقا. یەکێک بوو لەو سیاسییانەی هەمیشە دژ بە کۆلۆنیالیزم و ئیمپریالیزم بوو. لەنێو ئەفریقا و وەڵاتان و گەلانی ئازیخوازدا، خۆشەویست بوو.

[53] Fanon, Frantz, The Wretched of The Earth, translated by Constance Farrington, Grove press, New York, 1963, p: 208.

سەریدا و ناچار بکرێت بۆ جەنگ و بژاردەیەکی دیکەی لەبەردەستدا نەبێت، جەنگ بۆ ئەو جەنگێکی دادپەروەرانەیە. ئەوەیشی لە دەرێی چەک هیچ ئومێدێکی نەماوە و نییە، چەک و چەکهەڵگرتن بۆ ئەو کارێکی پیرۆزە. دو گۆل دەڵێ: "جەنگ ژیان دەبەخشێتە هەندێک نەتەوە و بۆ هەندێکیشیان مردن ئامادە دەکات"، جەنگ لەدایکبوون و ژیانی بە جەزائیر و جەزائیرییان بەخشی.

وێڕای ئەوانە، سەرکردەیەتیی شۆڕش چ نەخشەیەکی دوورمەودای بۆ داهاتووی وەڵات دانەڕشتبوو و تەنانەت توانستی خۆئامادەکردنیشی بۆ قۆناخی دوای سەربەخۆیی نەبوو! بیری لەوەیش نەکردبووە، چ جۆرە جڤاکێک ساز دەکات! ئەوە پرسێک بوو سەرکردەیەتی، نە کردبووی و نە خستبوویە بەرباس، چون زۆرێک لەو سەرکردەیەتییەی دەستی بەسەر شۆڕشدا گرت، کەسانێک بوون لەو سیاسییانەی لە دەسپێکدا هەرگیز لەگەڵ شۆڕش و جەنگی چەکداریدا نەبوون و باوەڕیان پێی نەبوو، لێ کە شۆڕش بوو بە واقیع، خۆیان پێدا کرد و تێکەڵی بوون و بوون بە سەرکردەیش، هەر ئەو بیرکردنەوەیە وای لێ کردن، دژایەتی بەرەی ڕزگاری

بکەن... شۆڕشی 1ی نۆڤەمبەر لە وەها هەلومەرجێکدا سەری هەڵدا.




دەستەیەک لە شۆڕشگێڕانی سپای ڕزگاریی جەزائیر

بە دەستپێکردنی شۆڕشی جەزائیر و دامەزراندنی بەرەی ڕزگاری، بین بیللا بوو بە نوێنەری ئەو بەرەیە لە دەرێی وەڵات. 1ی نۆڤەمبەری 1954 بزیسکی شۆڕشی جەزائیر بە سەرۆکایەتیی حیزبێکی نوێ، حیزبی بەرەی ڕزگاریی جەزائیر (حزب جبهة التحرير الجزائرية)، دەستی پێ کرد و ئەوەیش جاڕدانی پەنابردنی جەزائیرییان بوو بۆ چەک، دوای شکستی هەموو ڕێگە سیاسییەکان، بۆ ڕزگارکردنی نیشتمانەکەیان لە داگیرکاریی کۆلۆنیالیزمی فرانسی.

تەواوی خەباتگێڕانی بەرەی ڕزگاری لە ڕووی چینایەتییەوە لەنێو گەل و چینە هەژارەکانەوە هاتبوون، نەک چینی بۆرژوازی، ئەوەیش بۆ خۆی خاڵێکی ئەرێنی بوو و هێزێکی زیاتر بوو بۆ شۆڕش، چون خودانی هیچ جۆرە بەرژەوەندێک نەبوون تا بیدۆڕێنن. لە جەزائیر جاڕنامەی 1ی نۆڤەمبەر و دەسپێکی شۆڕش پەخش کرایەوە و لە قاهیرەیش بین بیللا یەکەم کەس بوو جاڕنامەکەی لە ڕادیۆی قاهیرەوە خوێندەوە. بە هەموو پێوەرێک هەلومەرجی سەرکەوتنی شۆڕش لە دەسپێکدا نەبوو، چون لە لایەکەوە هیچ نەخشە و بەرنامەیەک بۆ بزاڤەکە نەبوو و هەموو سیاسییەکان و حیزبەکان لەگەڵ دەستپێکردنی شۆڕشدا نەبوون و لە لایەکی دیکەوە کەمیی چەک و خراپی و چرووکی جۆرەکانی، کە زۆریان پاشماوەی دووەم جەنگی جیهانیی بوون. لە ئالییەکی دیکەوە بووزیاف، کە هاوئاهەنگکاری شۆڕش بوو، دووچاری نەخۆشیی سیل هاتبوو و ئیدی بین بیللا ناچار بوو لە دەسپێکدا کارەکان بگرێتە دەست. وێڕای ئەو هەموو ئاریشە و بەربەستانەی لە ڕێگەی شۆڕشدا قوت دەبوونەوە، شۆڕشەکە چون هیی گەل بوو و دژ بە داگیرکەر بوو و بۆ ڕزگاری بوو، وەک موحەممەد

ئەلعەرەبی بین مهێدی،[54] یەکێک لە سەرکردە قارەمان و خەباتگێڕ و شۆڕشگێڕەکانی جەزائیر گوتبووی: "شۆڕش


[54] موحەممەد ئەلعەرەبی بین مهێدی (محمد العربي بن مهيدي)، ساڵی 1923 لە ئوستانی ئومولبەواقی (أم البواقي) لە ڕۆژهەڵاتی جەزائیر هاتووەتە دنیاوە. لە خوێندنگەکانی شارەکەی خۆی و ئوستانەکانی باتنە (باتنة)، قوسەنتینە (قسنطينة) و بیسکەرە (بسكرة) خوێندووەیەتی. لە ساڵی 1939دا چووەتە ڕیزی دیدەوانانی ئیسلامیی جەزائیرەوە. ئارەزووی مووزیک و شانۆی هەبوو و یاریی تۆپی پێشی دەکرد. هێشتا تەمەنی نەگەیشتبووە 20 ساڵان، لە ڕێگەی حیزبی گەلەوە کەوتە نێو سیاسەتەوە و دواتریش چووە ڕیزی باڵی سەربازیی حیزبی گەلەوە، کە پێی دەگوترا ڕێکخراوی تایبەت (المنظمة الخاصة). لە 1949دا و لە تەمەنی 26 ساڵاندا بوو بە بەرپرسی سەربازیی ئوستانی سەتیف (سطيف) لە خۆرهەڵاتی جەزائیر و بوو بە جێگری سپاسالاری باڵی سەربازیی خۆرهەڵاتی جەزائیر، کە ئەو دەمە موحەممەد بووزیاف (محمد بوضياف) سەرۆکی بوو. بەشداری خۆپێشاندانی 8ی مەی 1945ی کرد، کە داوای سەربەخۆیی جەزائیری دەکرد. دواتر کە باڵی سەربازیی حیزبی گەل هەڵوەشێندرایەوە، بین مهێدی چووە وەهران (وهران). لەگەڵ 4 هاوڕێی لاوی دیکەیدا (مستەفا بین بولعید، دیدووش موراد، موحممەد بووزیاف و ڕابیح بیتات)، لە مارسی 1954دا کۆمیتەی شۆڕشگێڕی یەکیەتی و کار(اللجنة الثورية للوحدة والعمل)یان دامەزراند. لە دامەزراندنی دەستەی 22دا، لە 23ی جوونی 1954دا، کە زۆرێک لە سەرکردەکانی شۆڕشی تێدا بوون، بەشدار بوو. لەنێو ئەو 6 کەسەیشدا بوو، کە بەیانی 1ی نۆڤەمبەری

1954ی جاڕدانی شۆڕشیان داڕشت. له ئۆگوستی 1956دا سەرکردەیەتیی شۆڕش به سەرکردەی دەڤەری ڕۆژاوای جەزائیر دیاریی کرد و هەر لەو مانگەدا کۆنگرەی سوومممام (الصومام)ی ڕێکخست. ئیدی بوو به بەرپرس و ڕێکخەری کاری فیدائییانەی سپای ڕزگاریی جەزائیری. لەنێو جەزائیری پێتەختدا کەوتە چالاکیی چەکداری و تۆقاندنی داگیرکەرانی فرانسی. له 23ی فێبریوەری 1957دا فرانسییەکان دەسگیریان کرد. ئیدی به هەموو شێوازێک کەوتە ژێر ئەشکەنجە و ئازاردان، ددانەکانیان شکاند، پێستیان داماڵی، نینۆکەکانیان دەرهێنا، ئاسنی سوورکراوەیان خستە نێو دەمیەوە، بێ ئەوەی پاکانه بکات و ناوی یەک هاوڕێی بهێنێت و هیچ بدرکێنێت. ئەو به جەللادەکانی دەگوت: "فەرمانم به هزری خۆم داوە، که هیچتان پێ نەڵێم". پێش شەهیدبوونی به جەللادەکانی گوت: "ئێوە ڕابردووتان هەیە و ئێمە داهاتوو". جێنێراڵ مارسێل بیژا ( Marcel Bigeard)ی فرانسی که له جەنگی فرانسای داگیرکەردا، دژ به شۆڕشی ڕزگاریخوازی گەلی جەزائیر، به کارە چەپەڵ و دڕندەیی و نامرۆڤییەکانی بەناوێ بوو و ئەو بوو، فەرمانی کوشتنی بین مهێدی دا له هەمبەر ئازایەتی و قارەمانیەتیی موحەممەد ئەلعەرەبی بین مهێدیدا دەڵێ: "ئەگەر سێ کەسی وەک ئەلعەرەبی بین مهێدیم بووایە جیهانم داگیر دەکرد" و ئیدی له 4ی مارسی 1957دا، بین مهێدی له سێدارە درا. جێنێراڵ پۆڵ ئۆساغێس( Paul Aussaresses )، یەکێک له جێنێراڵە خوێنڕێژ و دڕندەکانی فرانسا، که بەرپرسی ئەشکەنجە و ئازاردانی ئەو شۆڕشگێڕە زیندانییانەی جەزائیر بوو، ئەو سەرپەرشتی ئەشکەنجەدانی بین مهێدی دەکرد و هەر ئەو بۆ خۆی له سێدارەیشی دا و کوشتی... ئەو دەڵێ: "حەفتەگەلێک ئەشکەنجە و دەرهێنانی نینۆکەکانی و کەوڵکردنی و

فڕێدەنە سەر شەقام، گەل لە ئامێزی دەگرێ"، گەل، بە تەواوی نێر و مێ و چین و توێژ و هەموو جیاوازییەکانییەوە، باوەشی بە شۆڕشدا کرد و بوو بە خاوەنی.

---

لێکردنەوەی پێستی و بڕینی هەندێک پاژی لەشی، یەک وشەی لە زار نەهێنایە دەر، بەڵکە لە تەحەدداکردنمان بەردەوام بوو، جوێنی پێ دەداین، تفی بە ڕوومەتماندا دەکرد تا پێش لە سیدارەدانیشی... ئەوجا خۆم و ئەفسەرەکەی بەردەستم لەبەر پێیدا داچەمینەوە و سڵاوی شەرەفمان بۆی کرد... هیچ ژنێک لە دنیادا پیاوێکی وەها وەک بین مهێدی ناهێنێتە دنیاوە، هیچ ژنێک". فەرمانی لەبەینبردنی بین مهێدی لە وەزیری دادەوە دەرچووبوو و لەو کاتەیشدا فرانسوا میتێران (François Mitterrand) وەزیری داد بوو.



موحەممەد ئەلعەرەبی بین  مهێدی لە دوارۆژەکانی ژیانیدا لە زیندان

کە حیزبێک و سپایەکی شۆڕشگێڕ ڕێبەرایەتیی شۆڕشی نۆڤەمبەریان گرتە دەست و گەل بوو بە هێز و وزە و بزوێنەر و خاوەنی شۆڕش. لێرەدا پرسێک دێتە ئاراوە، ئەدی ڕووناکبیران و فەرهەنگییان لە کوێی ئەو بزاڤی ڕزگاری و شۆڕشەدا بوون؟ ڕووناکبیران و فەرهەنگییان، کەسانێکن سەرگەرمی هزر و ئەدەبییات و هونەرن و بوار و مەیدانی فەرهەنگی و سیاسی گەڵاڵە دەکەن و پێکدەهێنن

و سیاسەتە جڤاکییەکان دادەڕێژن و ئاراستە دەکەن و ڕەنگە بەگوێرەی پێگە و جێگەیشیان بەشداریی جێبەجێکردنیان بکەن. بە گوێرەی وەها پێناسەیەک بۆ ڕووناکبیران و فەرهەنگییان، ڕووناکبیرانی جەزائیر ناکەونە نێو ئەو پێناسەیەوە، لەبەر هەندێک هۆی مێژوویی، کە دەگەڕێنەوە بۆ داگیرکاریی بێیانی لە سەردەمی جیاوازدا. ئەو داگیرکارییانە بوون بە هۆکاری ڕێگەپێدانی دەرکەوتنی فەقیهـ و نوێنەرانی ئایینزا ئیسلامییەکان و شێخانی زاوییە و ڕێبازە سۆفیگەرییەکان، کە لە وەڵاتانی مەغریبی عەرەبیدا ڕۆڵێکی لەبەرچاویان دیتووە. گومان لەوەدا نییە کە سۆز و مەیلی ئایینی لە دەسپێکدا ڕۆڵێکی گرنگی بینیوە، لێ ئەوە تاکە هۆکارێک نەبوو پاڵ بە گەلەوە بنێت بۆ خەبات.[55] مەیلی ئایینی و چالاکی ئایینکاران، هۆکارێک بوون بۆوەی ڕووناکبیرانی جەزائیری تا ڕادەیەک نەچنە نێو ئەو پێناسەیەوە، لێ لەگەڵ هەموو ئەوانەیشدا لە سەردەمی کۆڵۆنیالیزمی فرانساییدا کرۆکی دەستەیەکی ڕووناکبیر، لەو کەسانەی لە خوێندنگە فرانسییەکان خوێندنیان تەواو کردبوو، دروست بووبوو و فرانسییەکان وەک بەرنامە و

---

[55] الأشرف..، الجزائر..، ص47.

نەخشەیەک و بەشێک لە پرۆژەی کۆلۆنیالیزم، پاش تێکشکانی پرۆژەی تێکەڵکردن و گونجاندنی جەزائیرییان بە جڤاک و فەرهەنگی فرانسی و تواندنەوەیان لەنێو فرانسیاندا، گرەویان لەسەر ئەو بە ڕەگەز جەزائیرییانەی بە فەرهەنگ و خوێندن فرانسییانە دەکرد، کە کارێک بۆ خزمەتی دەوڵەتی فرانسا ئەنجام بدەن. لە سەردەمی بزاڤی نیشتمانی و شۆڕشدا لە جەزائیر، بەشێک لە چینی ناوەند، چوونە نێو بزاڤی نیشتمانییەوە بە هەموو جیاوازییەکانیانەوە، ئەوەیش بووە هۆی ئەوەی ئەو چینە ناوەندە ڕۆڵێکی گرنگ لە بەرنامە و لە ئاراستەکردنی خەباتی نیشتمانی و ئازادبوون لە کۆلۆنیالیزم و دروستکردنی دەوڵەتی نیشتمانیدا ببینن. ئەم توێژاڵە ڕووناکبیرە کە کەمینە بوون و کە چوونە نێو بزاڤی نیشتمانییەوە، تووشی تەنگپێهەڵچنین و گوشارێکی زۆر بوون لە لایەن خەڵکانی سیاسی و سەربازییەوە لە سەردەمی شۆڕشدا، لێ لەگەڵ ئەوەیشدا ئەمانە جێ پەنجەی خۆیان لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکانی پاش سەربەخۆیی جێهێشت، ئیدی بە بەشداربوونیان لە میدیا و کاری دیپلۆماسی و سیاسەت لە حوکوومەتی کاتییدا. لەوانە نووسەر موستەفا ئەلئەشرەف (مصطفى الأشرف) و مێژوونووس موحەممەد حەربی (محمد حربي) بوون، کە دووەمیان دوای کوودێتاکەی بوومەدیەن و دژبوونی

بۆی هەڵات و چووە پاریس، هەروەها موحەممەد یەزید (محمد یزید)یش. شۆڕشی جەزائیر، شۆڕشێک بوو خەڵکانێکی نیشتمانپەروەری سەر بە چینەکانی جووتیاران و کارگەران، نەک دەستەبژێرێکی ڕووناکبیران یا بۆرژوازییانی ڕاپەڕیوی دژ بە گەندەڵیی سیاسەتی بۆرجوازییانی نیشتمانیی وەڵات، ڕێبەرایەتییان دەکرد. لە جەزائیر، کردەی شۆڕشگێڕیی کەوتە پێش تیۆرییاندنی سیاسەت، چون سەرکردەکانی شۆڕش لەو نیشتمانپەروەرانە بوون، بەرچاویان ڕوون و هزریان پڕ بوو لە بیرۆکەی شۆڕش، دژ بە ستەم و چەوساندنەوەی سیستمی داگیرکاریی کۆلۆنیالیزم. هەرچی ئەو کەمە ڕووناکبیرانەن، کە لە شۆڕشدا هەڵکشان و گەیشتنە پلەی باڵا، ئەوانە بوون هاتنە نێو شۆڕشەوە و لە کارایی و ڕاستی و دروستی ڕەوتی شۆڕش دڵنیا بوون.[56]

بە بۆچوونی فیلۆسۆف و دەروونناسی شۆڕشگێڕ فرانز فانۆن: ئیدی کردەی حەوت ساڵی شۆڕش، جیاوازیی نێوان خودان ملیوان کەوەکان و ملیوان سپییەکانی نەهێشت. ڕووناکبیرانی وەڵاتیشی کرد بە بەشێک لە شۆڕش و تێکەڵی گەل و جەماوەری کردن. شۆڕش

---

[56] سعدالله. أبوالقاسم، أبحاث وآراء في تأريخ الجزائر، الطبعة الثانية، الشركة الوطنية للنشر والتوزيع، الجزائر، 1981، ص 48-49.

کارکردێکی وەهای لەسەر دانان، بە چاوی خۆیان تەواوی کوێرەوەری و نەهامەتی و دەرد و ئازارەکانی گەل ببینن و بچێژن و لە هەمان کاتیشدا زرنگی و ئاگایی و وریایی گەل هەست پێ بکەن و ببینن. گەلی جەزائیر، تەواوی جەزائیرییان، ئەو کۆمەڵە ژن و پیاوە هەژار و برسی و بێسەوادانە، کە چەندین سەدە بوو لە تاریکیدا نوقم بووبوون، بەرانبەر تانک و فڕۆکە و بۆمبی ئاگر و چەکی پێشکەوتووی ئیمپریالیزم و داڕووخانی دەروونی و دژ بە هەوڵی گەندەڵی و مێشکشۆردنەوە و بەرتیل ڕاوەستان. ئەوان ڕووبەڕووی ناپاکان و جاش و خۆفرۆشان و بەکرێگیراوان، خۆیان ڕاگرت و درێژەیان بە خەبات دا. ئەوان لە قووڵایی چەندین میتر لەژێر زەویدا، لە چیاکاندا کارگەی چەکدروستکردنیان دامەزراند و چەکیان بەرهەم هێنا. ئەوان دادگەکانی گەلیان خستنە کار. ئەوان کۆمیتەی سنووردارکردنی موڵک و زەویوزارە پانوپۆڕەکانی موڵکدار و فیۆداڵەکانیان دامەزراند و نەخشەی "زەوی هی ئەو کەسەیە دەیکێڵێت"یان دانا، کە دوای سەرکەوتنی شۆڕش و ئازادبوونی وەڵات بوو بە قانوونێکی بنەڕەتی وەڵات. لە سەردەمی شۆڕشدا، بە بەرنامە کشتۆکێڵ، بازرگانی، موڵک و زۆرێک لە شێواز و پێداویستییەکانی ژیان، ڕێکخرابوون. تەواوی ئەو هەنگاوانەی شۆڕش و گەل، لەو حەوت ساڵەی شۆڕشدا نایان، ڕێگەخۆشکردن و

خۆئامادەکردن بوو بۆ هەڵهاتنی ڕۆژێکی نوێ و جەزائیری سەربەخۆ و ئازادی سبەینێ.[57]

دەبوو لە 30ی ئوکتۆبەری 1954دا شۆڕش دەست پێ بکرێت، لێ ئەو کارە درایە دەست شۆڕشگێڕانی، کە لە مەیداندا بوون. لە دەسپێکدا دەڤەری ئۆراس (الأوراس)، بە بەراورد لەگەڵ دەڤەرەکانی دیکەدا، چالاکی و نەبەردگەلێکی زۆری تێدا کران، لەبەر بوونی چەکێکی زۆر لەوێ و بەهۆی سەختیی خاکەکەیشیەوە، کە کۆمەکێکی باشی بە شۆڕشگێڕان دەکرد. دوای نزیکەی ساڵێک، کردە سەربازییەکان و جەنگ تەواوی دەڤەرەکانی جەزائیری گرتەوە. کردەی هێنانی چەک بۆ شۆڕشگێڕان بە شێوەیەکی قاچاخ و نهێنی بەردەوام بوو. گەورەترین چەکهێنان، ئەوە بوو کە بە کەشتیی شاژنە دینا کرا و سەرکردەی کەشتییەکە زەریاوانێکی یۆگوسلاڤی بوو و لە 20ی جەنیوەری 1955دا ڕووی دا. جڤینێک لە ماڵی فەتحی ئەلدیب (فتحي الديب) لە قاهیرە ڕێکخرا بۆ تەدارەکی ناردنی چەک و گەیاندنی بە شۆڕشگێڕان، بەو کەشتییە. هاوئاهەنگی لەنێوان بین بیللا و فەتحی ئەلدیبی نوێنەری دەسگەی هەواڵگریی میسر (المخابرات المصرية) و ڕاوێژکاری جەمال عەبدونناسر و نوێنەری ئەو بۆ

[57] Fanon..., The Wretched..., p: 188-190.

کاروباری کۆمەککردن و هاریکاریی شۆڕشی جەزائیر، زۆر باش و لە ئاستێکی باڵادا بوو و هەمیشە هەوڵی دۆزینەوەی ڕێگە و ئامرازی نوێیان دەدا بۆ دابینکردنی چەک و تەقەمەنی بۆ شۆڕشگێڕانی جەزائیر. نەخشەکەیان بەو جۆرە بوو، هەموو ڕێگەیەک بگرنە بەر بۆ وەدەستهێنانی چەک. چەک لە ڕێگەی میسرەوە لە قاچاخچییە نێودەوڵەتییەکان دەکڕدرا و هەر خۆیشیان (قاچاخچییان) دەیانگەیاندە جێی مەبەست لەنێو خاکی جەزائیر و لە ئەگەری شکستهێنانی ئەو نەخشەیەدا، دەبوو لە ئەنبارەکانی سپای میسرەوە چەک بدرێت بە شۆڕشگێڕانی جەزائیر.

بین بیللا و بووزیاف لەو جڤینەدا ئامادە بوون. لە نیوەی مارسی 1955دا، بین بیللا ڕۆیشت بۆ سپانیا بۆ ئامادەکاریی پێشوازیکردنی چەکەکان. کەشتییەکە لە 27ی مارسدا لە بەندەری پۆرسەعید(بورسعيد) بەرەو شاری نازوور (الناظور)ی مەغریبی وەڕێکەوت و حەفت جەزائیری لەنێو ئەو کەشتییەدا بوون، کە بوومەدیەن یەکێکیان بوو.

بە گەشەسەندنی شۆڕش و مەزنتربوونی، سیاسەتکارانێکی زۆری جەزائیری چوونە ڕیزی باڵی سیاسی بەرەی ڕزگاریی نیشتمانی و لەنێو ئەوانەیشدا

هەبوون، هەر لە دەسپێکدا دژ بە بەرپاکردنی شۆڕش بوون. دەسەڵاتدارانی فرانسا لە لایەکی ترەوە هەوڵیاندا پێوەندیان بە سەرکردەکانی شۆڕشەوە هەبێت و داوای دانوستاندنیان لەگەڵدا کردن، بە مەرجی دامەزراندنی حیزبێکی دیکە. لە 20ی ئۆگوستی 1956دا، کۆنگرەی سووممام (الصومام)[58] لە هەلومەرجێکی ئاڵۆزدا گیرا. لە

---

[58] کۆنگرەی سووممام (الصومام) لە 20ی ئۆگوستی 1956دا کرا، لە دۆڵی سووممام لە بەججایە (بجاية) لە ئاوایی ئیفری (إيفري) لە ئۆزلاگن (أوزلاقن) لە باکووری جەزائیر. کۆنگرەی سووممام، یەکێک بوو لە یەکەم بڕیارەکانی دەستەی 22، کاتێک دەستیان بە شۆڕش کرد. لەوێدا بڕیار درا، سەرکردەکان پاش ساڵێکی شۆڕش گرد ببنەوە بۆ هەڵسەنگاندنی ئەنجامەکانی و ورد ببنەوە لە سەختی و ئاستەنگەکانی و ڕێکخستنەوە و پێداچوونەوە بە کارەکانیدا بکەن، لێ ئەو بڕیارە نەتوانرا جێبەجێ بکرێت، بە هۆی ڕووداوە سەخت و دژوارەکانی ساڵی یەکەمی شۆڕش وەک شەهیدبوونی چەند سەرکردەیەکی شۆڕش لەوانەیش: ئەلباجی موختار (الباجي مختار) و سوویدانی بوو جمعە (سويداني بوجمعة) و گرتنی هەندێکی دیکەیان وەک: ڕابیح بیتات و موستەفا بین بولعید و کۆچی بووزیاف بۆ هەندەران، سەرباری سەختییەکانی چەککڕین و کردنەژووریێ بۆ جەزائیر، کە پێشتر چاوەنۆڕی وەها شتێک نەدەکرا. عەببان ڕەمەزان (عبان رمضان) بانگی سەرکردەکانی کرد بۆ ئەو کۆنگرەیە و پێوەندی پێوە کردن و لە سەر کات و جێگە پێکهاتن. ئەوانەی ئامادەی کۆنگرەکە بوون ئەمانە بوون: ئەعومەر ئووعومران، کەریم بەلقاسم، موحەممەد ئەلعەرەبی بین

لایەکەوە، بەهۆی شەهیدبوون یا زیندانیکردنیانەوە یا بانگهێشتنەکردن و دوورخستنەوەیان، زۆرێک لە سەرکردە سەربازی و سیاسییەکانی، سەرەتا ئامادەی

---

مهێدی، عەببان ڕەمەزان، زەیغوود یووسوف و ئەلئەخزەر بین تۆبال (الأخضر بن طوبال). چەند سەرکردەیەکی باڵا لەنێوخۆ و دەرێی جەزائیر، لەبەر هۆکاری نەبوونی ئاساییش نەیانتوانی ئامادە بن. گرنگترین ئەنجامێک لەو کۆنگرەیەدا هاتە دی، یەکخستنی پێڕۆ و سیستمی سەربازی و سیاسی بوو و گرنگیدان بە هاریکاری و هاوئاهەنگی نێوان هێزەکانی نێو شۆڕش و دانانی نەخشەڕێگەیەک بۆ کار و داهاتووی شۆڕش و بڕیار درا بە دامەزراندنی ئەنجومەنی نیشتمانیی شۆڕشی جەزائیر (المجلس الوطني للثورة الجزائرية )، کە لە 34 ئەندام پێکهاتبوو و بڕیاری ئەوەیش درا بە پتر گرنگیدان بە لایەنی سیاسی و پێشخستنی و پێش لایەنی سەربازی بخرێت و گەلێ بڕیاری دیکە. تەواوی دۆکیۆمێنتەکانی کۆنگرە بەهۆی کەوتنی بەشداربووانی کۆنگرە بە کەمینی فرانسییەکانەوە و هەڵاتنی ئەو هێسترەی دۆکیۆمێنتەکانی لێ بارکرابوو، کەوتنە دەست سپای فرانسا. کۆنگرەی سوومام ڕێگەی خۆش کرد بۆ دامەزراندنی حوکوومەتی کاتیی بە سەرکردەیەتیی فەرحات عەبباس (فرحات عباس) بۆ جووڵانەوەی سیاسی و هەندێکیش پێیان وایە کۆنگرە، وەک کوودێتایەک بوو بەسەر سەرکردە نیشتمانییە نەریتییەکاندا یا ئەو سەرکردانەی داوای چارەسەری ئاشتییانەیان دەکرد، مانەندی فەرحات عەبباس و مسالی ئەلحاج، کە هەندێکیان لە جەزائیر بوون و بڕێکیشیان هەڵهاتبوون بۆ دەرێی وەڵات یا بە دیل گیرابوون.

جڤینەکە نەبوون، وەک کە لەگەڵ بین بیللادا کرا و ئامادە نەبوو. سەرکردەکانی نێو وەڵات، وەک سەرکردەکانی دەرێی وەڵات، کاتێکی تەواویان نەدانێ بۆ ئامادەبوونی جڤینەکە. ئیدی لەوێوە نیشانە سەرەتاییەکانی ناتەبایی دەرکەوت. بڕیارەکانی کۆنگرەیش هۆیەکی دیکە بوو بۆ تەماشاکردنی کۆنگرە وەک خەنجەرێک لە سینگی شۆڕش، وەک بین بیللا وای دەدیت و پێی وابوو ئەوە: "یەکەم لادان و هەڵگەڕانەوەیە لە ئاراستە عەرەبی و ئیسلامییەکانی شۆڕشی جەزائیر" و لادانی کۆنگرە بووە دەسپێکی کوژتن و ئیدی بین بیللا کۆنگرە و بڕیارەکانیشی ڕەدکردەوە.

25ی سێپتەمبەری 1956، لەنێو زەریای ناوەڕاستدا، فرانسا دەستی گرت بەسەر کەشتییەکدا بە ناوی ئاتۆس Athos، کە چەکی هەڵگرتبوو بۆ شۆڕشگێڕەکانی جەزائیر. ئەوەیش بووە هۆی تێکچوونی پێوەندەکانی میسر و فرانسا لەو سەردەمەدا. لەو دەمەدا بین بیللا بە پاسپۆرتێکی دیپلۆماسی پاکستانی، کە دەسەڵاتداریەتی پاکستان وەک کۆمەک و هاریکاریی شۆڕشی جەزائیر پێی دابوو، سەفەری دەکرد. بەو جۆرە توانی لەو قەدەغەکردنەی فرانسا و هاوپەیمانانی دەرباز بێت. بین بیللا لە ساڵانی 1980یشدا ئەو پاسپۆرتە پاکستانییەی لە تاراوگە/مەنفا (منفى)کەیدا بەکار دەهێنا.

ساڵی 1956 دەسپێکێک بوو بۆ پێوەندکردن و دانوستاندن لەنێوان بەرەی ڕزگاری و حوکوومەتی فرانسیدا، لە میسر و یۆگوسلاڤیا و ڕۆما. دوای نزیکەی هەشت مانگ، لەگەڵ خەیزەر (خیضر) و یەزید (الیزید)دا گەیشتنە جۆرێک لە پێکهاتن. سەرکردەکان بڕیاریاندا هاوسێیەکانی جەزائیر، توونس و مەغریب، لە ئەنجامی دانوستاندنەکە ئاگادار بکەنەوە. لە مانگی ئوکتۆبەردا، بین بیللا، جەمال عەبدونناسری خانەخوێی، لە چوونی بۆ مەدرید، بۆ جڤین لەگەڵ سەرکردەکانی دیکە، ئاگادار کردەوە. عەبدونناسر پێی گوت: "نەک ڕیبات!"، سێ جاران ئەوەی گوتەوە، وەک ئەوەی بین بیللا ئاگادار بکاتەوە. کە بین بیللا گەیشتە مەدرید، دیتی هاوڕێیانی، لەسەر بانگهێشتنی شا موحەممەدی پێنجەم (الملك محمد الخامس)، ڕۆیشتوون بۆ ڕیبات (الرباط) لە مەغریب، بۆ ئەوەی لەوێوە لەتەک وی بچن بۆ توونس. ئیدی ئەویش (بین بیللا) ڕێگەکەی ئەوانی گرتەبەر.

# یەکەم کردەی ڕفاندنی فڕۆکە لە مێژوودا و بین بیللا لە زینداندا

لە ڕێگەیاندا لە ڕیباتەوە بۆ توونس بە فڕۆکەیەکی مەغریبیMoroccan Airline’s DC-3، کە فڕۆکەوانەکەی فرانسایی بوو، بە فەرمانی گی مۆللێ Guy Molletی سەرۆکی حوکوومەتی سۆسیالیستیی فرانسای ئەودەم؛ هێزی هەوایی فرانسی، لە 22 ئۆکتۆبەری 1956دا، فڕۆکەکەی ڕفاند و فەرمانی پێدرا لە جەزائیری پێتەخت بنیشێتەوە و هەموو سەرنشینانی گیران. ئەوە یەکەم ڕفاندنی فڕۆکە بوو لە مێژوودا. لەو کارەدا بین بیللا، موحەممەد بووزیاف، حوسەین ئایت ئەحمەد و موحەممەد خەیزەر، سەرکردە مێژووییەکانی شۆڕشی جەزائیر و ڕۆژنامەنووس مستەفا ئەلئەشرەف (مصطفى الأشرف) دەستگیر کران. بین بیللا و هاوڕێیانی، کە لە پێناوی ئازادی وەڵاتەکەیاندا، ڕفێندران و زیندانیی کران، بوون بە ناسراوترین زیندانییانی جیهان لەو سەردەمەدا. بەو کارە، سپای فرانسا دانوستاندنەکانی نێوان فرانسا و

جەزائیرییەکانی، کە بە میانگریی توونس و مەغریب بەڕێوە دەچوو، تێکدا و کۆتایی پێ هێنا. سپاسالاری فرانسی لەگەڵ سەرکردە گیراوەکاندا لێکۆڵینەوەی ئەنجامدا و هەوڵیدا، دانوستاندنێکی نوێ لەنێوان سپای فرانسا و ئەواندا بهێنێتە گۆڕێ، لێ ئەو سەرکردانە ڕەدیان کردەوە. گیراوەکان، لە دەسپێکدا لە بنکەی پۆلیس لە جەزائیر، بۆ ماوەی یەک حەفتە هێڵرانەوە، پاشان گوێزرانەوە بۆ زیندانی لاسانتێ (La Santé)، لە دوورگەی ئەکس (Aix) و لەوێ بۆ ماوەی دووساڵونیو مانەوە و ژیانێکی سەختیان بەسەربرد. دواتر لە مارسی 1959دا بە بڕیارێکی دو گۆلی سەرۆکی فرانسا، گوێزرانەوە بۆ قەڵای تیرکان Truquant و دواتریش بۆ ئۆلنوا Aulnoy و تا 18ی مارسی 1962 لەوێ مانەوە. ماوەی پێنج ساڵ و نیو لە زینداندا لە فرانسا مانەوە. دو گۆل، ئەو زیندانییانەی بە زیندانیی سەربازی هەژمارد و تەنێ پارەێزەران دەیانتوانی سەردانیان بکەن. لەگەڵ ئەوەیشدا فرانسییەکان وەک کەسێکی پڕبایەخ و بەهادار تەماشای بین بیللایان دەکرد و ئازادیی خوێندنەوەی هەبوو و ئەو ماوەی زیندانییەی بەکارهێنا و سوودی لێوەرگرت بۆ پێشخستن

و گەشەپێدانی زانیاری و فەرهەنگی سیاسیی خۆی. بەو هۆیەیشەوە بیری سۆسیالیزم و چەپی فرانسی کاریگەریی لەسەر دانا.

لەهەمبەر کردەی ڕفاندنی ئەو سەرکردانە و فڕۆکەکەیان، وەک پەرچەکردار، تووڕەبوون و ناڕازیبوون دژ بە فرانسییەکان دەستی پێ کرد. هەر دوای کردەکە، لە مەغریب و توونس و جەزائیر. دوای کۆبوونەوەی 25 دەوڵەتی ئەفریقایی و ئاسیایی لە ڕێکخراوی دەوڵەتانی یەکگرتوو،[59] بەیاننامەیەک دەرکرا، کە تێیدا ناڕەزایی

[59] وشەی نەیشن یا ناسیۆن Nation لە زمانی لاتین و زمانانی ئەوروپاییدا، کە زمانی ئینگلیزییش یەکێکە لەوان، واتا و لێکدانەوەیەکی زۆری هەیە. نەیشن/ناسیۆن، لە گرۆیەک یا کۆمەڵەمرۆڤێک پێکدێت، فەرهەنگێکی هاوبەش کۆیان دەکاتەوە، زمان گرنگترین بەشیەتی و بەوە لە خەڵکانی دیکە جیاوازن. نەیشن/ناسیۆن، بە واتای: کۆمەڵەمرۆڤێک، چەند بنەما و پێوەند و ڕایەڵە و شتگەلێکی هاوبەش کۆیان دەکاتەوە و پێکەوەیان گرێ دەدات و یەکیان دەخات وەک: زمان، ڕەگەز، ڕەچەڵەک، مێژوو، فەرهەنگ، ئایین، خاک. نەیشن/ناسیۆن بە کوردی دەکاتە: نەتەوە. ئەوروپاییەکان واتایەکی بەرینتر دەدەنە دەستەواژەی نەیشن و بۆ: نەتەوە، گەل، وەڵات، نیشتمان، دەوڵەت، دەسەڵات، جڤاک، خەڵک، وەڵاتی دایک، وەڵاتی باوک، ڕەگەز، شارستانیەتی، هۆز، خێڵ و

تەنانەت هەندێ گەلەت، بۆ کۆمەڵەخەڵکێک، کە مەبەستێک، ئامانجێک، دیدیک یا بەرژەوەندیێکی هاوبەش کۆیان دەکاتەوە و لە ڕێکخراوێکدا گلێر دەبنەوە و یەک دەگرن، بە کاری دەهێنن، وەک نموونە ڕێکخراوی "Nation of Islam"، کە ڕێکخراوێکی تایبەتە بە ڕەشپێستان لە ئەمەریکا و لە ساڵی 1930یەوە دامەزراوە. لەبەر ئەوەی شێواز و بنەمای دەوڵەت، لە ڕۆژاوادا، لەسەر بنگەی دەوڵەتی نەتەوەیی، "دەوڵەت-نەتەوە" یا "نەتەوە-دەوڵەت" دامەزراوە و لە نموونەگەلی دەوڵەتانی: دانمارک، سوێد، نۆروێژ، ئەڵمانیا، فرانسا، پۆڵۆنیا، فینلاند، ئایسلاند، یۆنان، ئیتالیا، پورتوگال، ئایرلاند و... چەندین نموونەی دیکەدا دەبینرێن، لەنێوان نەتەوە و دەوڵەتدا، تێکەڵبوونێک دروست بووە و جیاوازییەک نەماوە و سنوورێک نییە، هەربۆیە گەلێک ئاساییە ڕێکخراوی" United Nation"، بە نەتەوە یەکگرتووەکان ناو ببرێت، لە کاتێکدا کە بۆ خۆی ڕێکخراوێکە کۆمەڵێک دەوڵەتی سەربەخۆی خاوەن دەسەڵات و سنوور و ئاڵا و سەروەری و حوکوومەت و لەلایەن کۆمەڵی نێودەوڵەتییەوە ددانپێدانراوی لە خۆ گرتووە و نەتەوەگەلێکی ناسەربەخۆ و بێدەسەڵات و بێسنوور و بێئاڵا و بێسەروەری و بێحوکوومەت و لەلایەن کۆمەڵی نێودەوڵەتییەوە ددانپێدانەنراوی نەگرتووەتە خۆ. دیارە پێش دامەزراندنی ئەم ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەی ئەمڕۆ لە ساڵی 1945دا، کۆمەڵەی نەتەوەکان(بە عەرەبی: عصبة الأمم و بە ئینگلیزی: League of Nations) هەبوو کە لە ساڵی 1919دا و دوای یەکەم جەنگی جیهانی دامەزرابوو،

ئەویش هەر وەک ئەم ڕێکخراوەی ئەمڕۆ بوو، کە تەنێ دەوڵەتی سەربەخۆی لەخۆ دەگرت و ناوی کۆمەڵەی نەتەوەکانی لەخۆ نابوو. ئەگەر ئەو دەستەواژەی "نەتەوەیەکگرتووەکانUN"ە، ڕاست بووایە و کۆمەڵەی نەتەوەکان و گەلان بووایە و هەموو نەتەوەکانی جیهانی لە خۆ گرتبا، دەبوو: باسک، قەرەج، ئینديان (خەڵکە ڕەسەنەکەی لاتین ئەمەریکا)، کورد، بەلووچ، فلستینی، سریان، پەشتۆن، ماوری، تامیل، ئەبوریجین، ئاشووری، تورکمەن، چیچنی، کلدان، ئەمازیغ (بەربەر)، سام، چەرکەس و... دەیان نەتەوەی دیکەی ئەم جیهانە، کە بێ دەوڵەتن، ئەندامی ئەو ڕێکخراوە بووایەن. ڕەنگە ئەو ڕێکخراوە، لە باشترین حاڵدا، بە نوێنەری "نەتەوەگەلی دەوڵەتدار" واتە ئەو نەتەوانەی کە خاوەنی دەوڵەتی خۆیانن، دابنرێت. ئێمە دەبێ شتێکی گرنگ و لەبەرچاویش لە بیر نەکەین، ڕێکخراوی "دەوڵەتە یەکگرتووەکان"یش وەک زۆرینەی ڕێکخراوە جیهانییەکانی دیکە، کاریگەری، بیر و دید و بۆچوونی ڕۆژاوای لەسەرە و هەڵبژادنی ناوی ئەو ڕێکخراوانە، ڕەنگدانەوەی جیهانبینی و فەرهەنگی ڕۆژاوان و ئەو دەستەواژەی "نەیشن"ە لە " United Nation"دا، دەکاتە: دەوڵەت، نەک: نەتەوە. دیارە لەکن عەرەب بووە بە "الأمم المتحدة" و لەکن فارس بووە بە "سازمان ملل" و لەکن تورک بووە بە "Birleşmiş Milletler" و لەکن کوردیش، وەک لاساییکردنەوەیەکی ئەو نەتەوە سەردەستانەی چواردەوری کوردستان، بووە بە "نەتەوە یەکگرتووەکان"، کە ڕاست نییە. ئەو ڕێکخراوە لە باشترین حاڵدا دەبوو ناوی"National State" بووایە کە

دەربڕدرا، لەهەمبەر ڕفاندنی ئەو سەرکردە جەزائیرییانە و داوا کرا بۆ جاری دووەم، لە ساڵی 1956دا، کێشەی جەزائیر بخرێتە پێش ئەنجومەنی گشتیی دەوڵەتانی یەکگرتوو. لە 28ی ئوکتۆبەری 1956دا، بە بەشداریی بریتانیا، ئیسرائیل و فرانسا، پەلاماری سێقۆڵی، کە بە جەنگی سوێس ناسراوە، بۆ سەر میسر درا. فرانسا دەیویست سزای میسر بدات، لەبەر ئەوەی لەگەڵ جەزائیرییاندا ڕاوەستابوو.

---

دەکاتە دەوڵەتی نەتەوەی زۆرینە لە وەلاتێکی سەربەخۆدا، وەک دەوڵەتگەلی عیراق، تورکیا، سووریا و ئێران، کە دەوڵەتەکانیان هینی گەلە سەردەستەکانی عەرەب و تورک و فارسن. ئەگەر ڕێکخراوی هەموو گەل و نەتەوەکان بووایە دەبووە"Nation – State"، کە ئیدی دەبوو نەتەوە گچکەکانیش خودانی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان بووایەن و ئەندامی ئەو ڕێکخراوە بووایەن. هەربۆیە من پێم وایە لەبری دەستەواژەی "نەتەوە یەکگرتووەکان UN"، بە کوردی بگوترێ "دەوڵەتە یەکگرتووەکان" یا "دەوڵەتانی یەکگرتوو" یا "حوکوومەتە یەکگرتووەکان" باشتر و ڕاستتر و دروستترە.

# بین بیللا، لە چاوی پارێزەرە فرانسییەکەیەوە

مادلین لافي ڤەیرۆن Madeleine Lafue-Veyron، پارێزەرەکەی بین بیللا، کە خانمێکی فرانسایی بە ڕەگەز جوو بوو و لە دامەزراوەی برترەند ڕەسڵ Bertrand Russellدا کاری دەکرد، لە نزیک و لەدوورەوە بین بیللای لە سێ قۆناخدا ناسیوە.

یەکەم: ساڵی 1957 کاتێک بین بیللا لە زیندانی لاسانتێ بووە لە پاریس.

دووەم: دوای سەربەخۆیی جەزائیر و ئازادکردنی ڕێبەرانی شۆڕشی جەزائیر.

سێیەم: دوای کوودێتای 1965 و دوورکەوتنەی بین بیللا لە گۆڕەپانی سیاسەت. خانم مادلین لافي ڤەیرۆن، ساڵی 1957 دەبێتە پارێزەری بین بیللا و چەند زیندانییەکی دیکەی لاسانتێ. ئەو لەمەڕ یەکەم ناسینی بین بیللا و شێوە و کەسیەتیی وییەوە، بەم جۆرە باسی دەکات و دەڵێ: "بین بیللا، باڵابەرز، باریکەڵە، جوانخاس، لەشرێک، ڕۆحسووک، گران، پشتڕاست و خاکەڕا بوو، بۆیە لە دڵدا

شیرین بوو. خاوەن کاریزما، بیرتیژ، بوێر، سیاسییەکی کارامە و لێزان و لێهاتوو بوو. پێوەندی لەگەڵ خەڵکدا ڕاستەوخۆ بوو و لەنێو هاوڕێکانیدا بەهێزترین کەسیەتیی هەبوو و نزیک بە دڵ بوو. حەزی بە گەنگەشە و وەرزش دەکرد و یاریی تۆپی دەست Handballی دەکرد و لەتەک هاوڕێکانیدا وازیی دەکرد. کەوشی وەرزشی لە پێ دەکرد. ڕەوتار و بەرخوردی لەتەک هاوزیندانییانیدا مرۆڤانە و باش و گەرم بوو، فرە ساکار و سادە بوو. پیاوێکی باوەڕدار بوو، فرەگلەت دەمبینی نوێژی دەکرد، باوەڕی بە میتافیزیک نەبوو، باوەڕی بە سۆسیالیزم بوو، وەک تیۆرییەک بۆ شیکاریی کۆمەڵایەتی، گرنگییەکی زۆری بە ڕێبازی مارکسیزم دەدا. پێیوابوو، بزاڤی شۆڕشگێڕیی لە جیهانی سێیەمدا دەبێ یەک بگرێت و بیری هەرێمایەتی دوور بخرێتەوە".

# حوکوومەتی کاتیی و ناکۆکیی سەرکردەکان

ڕۆژی هەینی 19ی سێپتەمبەری 1958، بڕیاری دامەزراندنی یەکەم حوکوومەتی کاتیی جەزائیری لە

تاراوگە (مەنفا) درا. فەرحات عەبباس،[60] کە باوەڕی بە جەزائیرێکی ئازاد نەبوو، بە سەرۆکی حوکوومەت و بین بیللا و موحەممەد بووزیاف بە جێگری سەرۆکی حوکوومەت دانران. عیراق یەکەم دەوڵەت بوو ددانی بەو حوکوومەتەی جەزائیردا نا. بین بیللا، هەرچەندە

---

[60] فەرحات عەبباس (فرحات عباس1899-1985)، بە کراوەیی سیاسی و هزریی ناسرابوو و لە ژیانی سیاسیی خۆیدا، کە پتر لە 30 ساڵ درێژەی هەبوو، چەندین گلەت گۆڕانی بەسەردا هاتووە. لە دەسپێکدا لەگەڵ تێکەڵبوون و توانەوەی جەزائیر بوو لەنێو فرانسادا، لە هەموو ڕوویەکەوە. دواتر لە بیرازخوازییەوە بەرەو شۆڕشگێڕیەتی چوو. ئەو دەیگوت: "فرانسا منم" و جەزائیر و خۆیشی بە فرانسا و فرانسی دەزانی. ئەو باوەڕی بە بوونی گەل یا نەتەوەیەکی جەزائیری نەبوو. ئەو دەیگوت: "ئەگەر من نەتەوەیەکی جەزائیریم بدۆزیبایەوە دەبوومە نیشتمانپەروەر و شەرمم لەو تاوانەی خۆم نەدەکرد، من لە پێناوی نیشتمانی جەزائیردا نامرم، چون وەها نیشتمانێک نییە. من لەمێژوودا بۆی گەڕاوم نەمدۆزیوەتەوە و لە زیندوو و مردووم پرسیوە و چوومەتە گۆڕستانان، لێ بێسوود بووە". تا شۆڕشی 1ی نۆڤەمبەریش دەستی پێ کرد، عەبباس هەر دژ بە جەنگی چەکدار بوو و هەر بەرەو فرانسایاندنی جەزائیر هەنگاوی دەنا. دواتر بیروڕای گۆڕی و پێوەندی لەگەڵ سەرانی بەرەی ڕزگاری و بین بیللادا پەیدا کرد، لێ پاش ئازادبوونی جەزائیریش، هەر ڕەخنەی لە جۆری کاری دەسەڵات و سیاسەتی سەرۆک بین بیللا هەبوو. ماوەیەک خرایە ژێر چاودێرییەوە.

هەلومەرجی زیندانییەکەیشی خراپ و دژوار بوو، وەک جێگری سەرۆکی حوکوومەتی فەرحات عەبباسی 1958 و 1959 و حوکوومەتی بین خەددەی 1961 مایەوە. لە 10ی نۆڤەمبەری 1959دا جێنێراڵ دو گۆل پێشنیازی دانوستاندنی خستە پێش بەرەی ڕزگاریی نیشتمانیی جەزائیر و لە 20ی نۆڤەمبەری 1959دا، بەرە، بەو پێشنیازە قایل بوو و بین بیللا و بیتات و ئایت ئەحمەد و خەیزەر و بووزیافی ڕاسپارد وەک نوێنەری بەرە بۆ دانوستاندن، لێ دو گوڵ قەبووڵی نەبوو بین بیللا لەو دانوستاندنەدا بەشدار بێت. ئیدی ڕۆڵی سەرکردە زیندانییەکان بەرەو لاوازبوون دەچوو، بە تایبەت دوای ئەوەی بڕیارەکان بێ ڕاوێژ لەگەڵ واندا، دەدران. وەک ئەوەی لە 16ی دیسەمبەری 1959دا کاتێک ئەنجومەنی نیشتمانیی لە تەرابولس کۆبووەوە و بێ ڕاوێژکردن لەگەڵ سەرکردە زیندانییەکاندا، سەرکردەیەتیی سپای بە هوواری بوومەدیەن سپارد، وەک جێنشینی کەریم بەلقاسم. دو گۆل، لە 14ی جوونی 1960دا بانگهێشتنێکی نوێی لە سەرکردەکانی شۆڕشی جەزائیر کرد بۆ دانوستاندن. دانوستاندن هەر لەو مانگەدا لە شاری مۆلن Melunی فرانسی دەستی پێ کرد تا گەیشتنە پێکهاتنی

ئێڤیان Évian، ئەو باژێڕە فرانسییەی دەکەوێتە سەر سنووری سویسرا.[61]



کەریم بەلقاسم

لەو دەمەدا ڕەوش تێکچوو و ململانێ و ناکۆکی کەوتە نێوان حوکوومەتی کاتی و سەرکردەیەتیی سپا، کە ئەمەیان عەبدولعەزیز بووتەفلیقەی لە ساڵی 1961دا نارد بۆ سەردانی سەرکردە زیندانیکراوەکان بۆ ئاگادارکردنەوەیان لە ڕەوشەکە، لەوێ لە لایەن بین بیللاوە پشتگری کرا، لێ بووزیاف بە هۆی پشتگریی بۆ

[61] باژێڕی ئێڤیان Évian، بە ئاوێکی خواردنەوەی گەلێک بەناوێ و ناسراو لە هەموو ئەوروپا و ئەمەریکادا ناسراوە، کە هەر بە ناوی باژێڕەکەوەیە.

کەریم بەلقاسم،[62] لەگەڵ سەرکردەیەتیی سپادا نەبوو. سەردانەکەی بووتەفلیقە، بە دنەدانی سپاسالار بوومەدیەن

[62] کەریم بەلقاسم (کریم بلقاسم/ 1922–1970) کە بە ناوی شێرەکەی جورجورە (أسد جرجرة) بەناوێ بوو. لە ئاوایی ئایت یەحیا (آیت یحیی) لە نزیکی تیزی وزوو (تیزی وزو) لە دایک بووە. یەکێکە لە شەش سەرکردە مێژووییەکان کە شۆڕشیان هەڵگیرساند. لە تەمەنی لاویدا لە ڕیزی کۆمەڵە سیاسییەکاندا خەباتی دەکرد و دواتریش چووە ڕیزی حیزبی گەل (حزب الشعب)ەوە، ئیدی هەمیشە ڕاو دەنرا و دوو جاریش فەرمانی لە سێدارەدانی درابوو. لە کۆتایی 1940کاندا چووە کێوان هەربۆیە ناوی شێری جورجورەی لێ نرا. بەهۆی مەیلی بۆ کاری چەکداری و سەربازی لە شۆڕشدا کەوتە ململانێ و ناکۆکییەوە لەتەک عەببان ڕەمەزانی هاوڕێی خەباتیدا، کە بووە هۆی لەبەینبردنی عەببان. کوژتنی عەببان وەک هەڵەیەکی سیاسی گەورە بۆ بەلقاسم دەژمێردرێ. بەلقاسم بۆ خۆیشی پاش سەربەخۆیی بە هۆی ناکۆکیی لەگەڵ دەسەڵاتدا بە هەمان چارەنووسی عەببانی هاوڕێی گەیشت. بەلقاسم، گەلێک کار و بەرپرسیاریەتیی سەربازیی گرتە دەست، وەک سەرکردەی دەڤەری سێیەمی شۆڕش و وەزیری جەنگ لە حوکوومەتی کاتییدا و وەزیری کاروباری دەرەوە لە دووەم حوکوومەتی کاتییدا و ئەندامی شاندی دانوستاندنی جەزائیریش لە ئیڤیان، کە ڕێگەخۆشکەر بوو بۆ سەربەخۆیی جەزائیر. لەو ململانێیەی نێوان سپای سنوور، کە بوومەدیەن سەرکردەیەتی دەکرد و حوکوومەتی کاتیی، کە فەرحات عەبباس سەرۆکی بوو، بەلقاسم تێکەڵ نەبوو و دەستبەرداری ژیانی سیاسی بوو و لە فرانسا جێگیر بوو. لەوێ حیزبێکی ئۆپۆزیسیۆنی

بوو و هەندەک خەڵک وەک هەوڵدانی بوومەدیەن بۆ ڕاکێشانی مەیلی سەرکردە زیندانییەکان بەلای خۆیدا هەژماریان کرد، بەڵام بین بیللا وای بۆ دەچوو، کە ئەوە تەنێ سەردانێکە بۆ ئاگادارکردنەوەی سەرکردەکان لە ڕووداوەکان.

---

بە مەبەستی ڕۆخاندنی ڕێژیمی جەزائیر لەهەمبەر دەسەڵاتی جەزائیر بە ناوی بزاڤی دیموکراتی شۆڕش (الحركة الديمقراطية للثورة)ی دامەزراند. وەها کارێک بوومەدیەنی تووڕە کرد بۆیە فەرمانی لەسێدارەدانی بەلقاسمی دەرکرد. دواتر لە 17ی ئوکتۆبەری 1970دا لە ژوورەکەیدا لە هۆتێلێک لە فرانکفۆرت لە ئەڵمانیا بەلقاسم بە خنکێنراوی دۆزرایەوە. ئیدی بوومەدیەن و ڕێژیمەکەی بەو کردەیە تاوانبار کران. دیارە هەر ئەوەی کە بەلقاسم لەتەک چەند سەرکردەیەکی مێژوویی وەک موحەممەد بووزیاف و حوسەین خەیزەر (حسين خيضر)دا کە ئەوانیش کوژران، لای ئۆپۆزیسیۆنی سیاسی هەڵبژاردبوو و ددانی بەو حوکوومەتەی دوای سەربەخۆبوون نەدەنا و بەرهەڵستیی دەکرد، بووە هۆی کوژتنی.

# ناجەزائیرییانیش لەتەک شۆرشی جەزائیردا بوون

خەباتی گەلی چەوساوەی جەزائیر پشتگری و سۆزێکی نێونەتەوەیی بەلای خۆیدا ڕاکێشابوو. هیچ بزاڤێکی ڕزگاریخوازیی نیشتمانی، هێندەی شۆڕشی جەزائیر، گەلانی جیهان و ڕێکخراو و کۆمەڵە نێودەوڵەتییەکانی بەخۆیەوە خەریک نەکردووە و گرنگییان پێ نەداوە و پشتیوانییان لێ نەکردووە. هێندەی، ڕووناکبیرانی نەتەوەگەل و وەڵاتگەلی جیاواز، گرنگییان بە شۆڕشی جەزائیر و بزاڤە ڕزگاریخوازەکەی داوە و ئاگاییان لە بارەیەوە هەبووە و تۆمار و یادداشتیان کردووە، خەڵکی جەزائیر و بەشداربووانی شۆڕشەکە بۆ خۆیان، لە ڕووی دیوی دەرەوەی شۆڕشەکە و ناساندنی و میدیاوە هێندەیان نەکردووە. شۆڕشی جەزائیر هەر لە جاڕنامەی یەکەمی دەسپێکردنی شۆڕشی نۆڤەمبەردا، جیهانیبوونی خۆی ئاشکرا کرد، هەر بۆیە لە سەرانسەری جیهاندا هەموو ئازادیخوازان، پشتگرییان دەکرد و بە شۆڕشی خۆیانیان دەزانی. کێشەی جەزائیر و خواستی گەلی جەزائیر و شۆڕشەکەی، یەکێک لە ڕەواترین و

دادپەروەرترین پرسەکانی جیهان بوو. سۆز و مەیل و پشتیوانیی تەواوی شۆڕشگێڕانی جیهان لەو شۆڕشە، نیشانەی ئەو ڕاستییەیە.

لەنێوان چەندین ڕووناکبیری خەباتکاری ناجەزائیری، ڕووناکبیر و بیریارە فرانسییەکان، ڕۆڵێکی بنەڕەتی و کاریگەریان لە کاراکردن و کۆمەککردن بە چالاکییەکانی شۆڕشی جەزائیر هەبووە. شۆڕشی جەزائیر، کە لە نیوەی سەدەی بیستەمدا بەرپا بوو و سەرکەوتنی وەدەستهێنا، گرنگترین بزاڤی ڕزگاریخوازیی بوو لە جیهاندا. هەموو جیهان، لەنێویشیاندا ئازادیخوازانی فرانسا، کە وەڵاتەکەیان 132 ساڵ جەزائیری داگیر کردبوو، چاویان دەکردێ. دەسەڵاتدارانی فرانسا، هەوڵێکی چڕ و بەردەوامیان دەدا بۆ جوانپێشاندانی وێنەی خۆیان و کارە نامرۆڤی و دڕندە و دزێوەکانی خۆیان لە جەزائیر، هەر بۆ ئەوەیش زۆرێکیان لە کەسە ناسراو و کاریگەرەکانی جڤاکی فرانسییان وەگەڕ خستبوو، بۆ داکۆکی لە کارەکانیان و ئارایشتکردنیان. هەرچەندە داگیرکردنی جەزائیر لەلایەن فرانساوە، ڕقێکی خەستی لە دڵی جەزائیرییاندا دژ بە فرانسییەکان دروست کردبوو، لێ لەنێو فرانسییاندا تەوژم یا ڕەوتێکی دژ بە جەنگی جەزائیر هەبوو. ئەو ڕەوتە پتر لە خەڵکانی چەپ پێکهاتبوو و لە

پێشی هەموویانیشەوە، بیریار و ڕووناکبیران. تەنانەت تەواوی ئەو پارێزەرانەیشی داکۆکییان لە جەزائیرییان دەکرد، بە پارێزەرەکەی بین بیللایشەوە، هەموو خەڵکانێکی چەپ بوون. دەستەبژێرێک لە ڕووناکبیرانی فرانسا، چوونە ڕیزی جەزائیرییانەوە و دژایەتی حوکوومەتەکانی وەڵاتەکەی خۆیانیان دەکرد و ڕەخنەیان لە سیاسەتە کۆلۆنیالیستییەکانیان دەگرت و دیوە ناشیرینەکەی کۆلۆنیالیزمی فرانسی و کردەوەکانی داگیرکارانیان لە قاو دەدا و داوای سەربەخۆیی جەزائیریان دەکرد.

لە هەرە ناودارەکانی ئەو ڕووناکبیرانە: فیلۆسۆفی فرانسی ژان پۆڵ سارتر[63] بوو. کە کتێبی "عارنا في

---

[63] ژان پۆڵ سارتر (Jean-Paul Sartre /1905-1980) ، فیلۆسۆف و ڕۆماننووس و شانۆییینووس و ڕەخنەگری ئەدەبییات و چالاکوانێکی سیاسی فرانسییە. سارتر، بەناوێترین فیلۆسۆفی فرانسییە لە سەدەی بیستەمدا، ئەو فیلۆسۆفی بوونگەرایی (بەعەرەبی: الوجودية و بە ئینگلیزی: Existentialism)ە و لە ڕووی ئیدیۆلۆگی و سیاسەتیشەوە لەتەک چەپگەراکاندا بوو و چووبووە ڕیزی حیزبی کۆمیۆنیستی فرانسییەوە. هاوڕێی سیمۆن دی بۆڤوار بوو، کە ئەویش خانمە فیلۆسۆفێکی فرانسی بوو. سارتر، لەساڵی 1964دا خەڵاتی نووبێلی پێ بەخشرا، لێ ئەو ڕەفزی کرد و

الجزائر/ به كوردی: ئاوڕووچوونمان له جەزائیر" نووسی و ڕووی دزێوی کۆڵۆنیالیزمی فرانسی له داگیرکردنی جەزائیردا پیشاندا. یەکێکی دیکه لەو ڕووناکبیرانه، فیلۆسۆف و دۆکتۆری دەروونناس فرانز فانۆن بوو، که هەموو ژیانی تەرخان کرد بۆ ڕزگاریی جەزائیر و تیمارکردنی گەلەکەی و خوێندنەوەی شۆڕشی جەزائیر له ڕووی کۆمەڵناسییەوە.

---

وەرینەگرت. سارتر، پشتیوانیکەری شۆڕشی جەزائیر بوو و دژی فرانسا بوو له داگیرکردنی جەزائیردا و دەیگوت: "ئاشتی ئازادییە". ئەو لەگەڵ هەموو ئازادی و دادپەروەرییەکدا بوو له جیهاندا. له بەشداربووان و هاندەرانی ڕابوونی لاوان بوو له ساڵی 1968دا له فرانسا. هەڵوێستی پشتگریی فلستینیانی هەبوو، لێ له دواییدا ڕووی کرده ئیسرائیل.



فرانز فانۆن

فانۆن، لەگەڵ بەکارهێنانی هێزدا بوو و بە ڕێگەیەکی ڕاستی دەزانی بۆ ڕزگارکردنی وەڵاتان و گەلانی بندەست و داگیرکراو. ئەو دەیگوت: "سیستمی کۆلۆنیالیزم شەرعییەتی خۆی لە هێزەوە وەدەستدەهێنێت و بێجگە لە

زمانی هێزیش هیچ زمانێکی دیکە تێناگات" ئەو دەیزانی، مرۆڤی داگیرکراو، کۆلۆنیالکراو لەنێو توندوتیژیدا و بە توندوتیژی ڕزگاری دەبێت، دەنا هیچ ڕێگەیەکی دیکەی بۆ ئازادبوون نییە. فانۆن، پێی وابوو و جەختی لەوە دەکردەوە، کە تەواوی تێروتەسەلی و کەشوفشێکی ئەوروپا و ژیانیان، لە سەرشانی کۆیلەکان هاتووەتە گۆڕێ و بە خوێنی ئەوان ئاودراوە و لە بان و لە ژێر زەوینی ئەوانەوە گەیشتووەتە ئەوروپا و خۆشگوزەرانی و پێشکەوتنی ئەوروپا لە ئارەقە و لاشەی مردووی کۆیلە ئەفریقاییەکان و عەرەب و گەلانی ڕەسەنی لاتین ئەمەریکا و هیندییەکان و ڕەگەزی زەردەوە وەدیهاتووە. تێز و تیۆرییەکانی فانۆن لە جەزائیر، گەشەی کرد و فرەتر بڵاوبووەوە، بە تایبەت کە لە ڕیزی بەرەی ڕزگاریی نیشتمانیی جەزائیردا چالاک بوو. فانۆن، پێی وابوو ئەو مرۆڤایەتییەی یا مرۆڤدۆستییەی چەپی فرانسی لە ساڵانی 1950دا بانگەشەی بۆ دەکرد، هەست و تێگەیشتنێکی لەمەڕ ئەوەی، کە کۆلۆنیالیزم، توانستی سنووردارکردنی بەرخورد و ڕەوتارکردنی ڕەشپێستانی هەیە، نەبووە. فانۆن دەیگوت: "ڕەشپێستان لەنێو ڕەنگی ڕوومەتیاندا زیندانیین".

فرانز فانۆن، وەک ئاماژەیەک بۆ خۆگرێدانی بە بزاڤ و شۆڕشی گەلی جەزائیرەوە دەڵێ: "من، بەس بۆ ئەوەی

داکۆکی لە ڕەشپێستان بکەم، لەسەر ئەم زەوینە نیم، بەڵکە بۆ ئەوە هەم، داکۆکی لە هەموو ستەملێکراو و چەوساوەیەک بکەم. ئەز داکۆکی لە فرانسا دەکەم لەبەر ئەوەی لە لایەن ئەڵمانییەکانەوە داگیر کراوە، بەڵام دوای دەرچوونی لە بندەستیی ئەڵمانیا و ئازادبوونی، فرانسا بۆ خۆیشی خەڵکی دیکەی داگیر کردووە و گەلێکی دیکەی چەوساندووەتەوە، من لە جەزائیر دژی دەوەستمەوە". فانۆن، جەزائیرییان وەک برا و هاوڕێ و هاوسەنگەر دەبینێت، ئەو دەڵێ: "کاتێک مرۆڤ داکۆکی لە بەهاکانی هزر دەکات و بە کۆیلایەتی و ستەم و چەوساندنەوە قایل نابێت و دەڵێ: نەء، ئەو دەمە من هەست بە هاوسۆزیی ئەو مرۆڤە دەکەم و هەست دەکەم ئەو برا و هاوڕێمە". فرانز فانۆن، لەلایەن شۆڕشگێڕانی جەزائیرەوە، تا ئەو ڕادەیە خۆشەویست بوو، کە لە خاکی جەزائیردا، ئەو خاکەی فانۆن خۆشی دەویست، بە خاک سپێردرا. سەرۆک بین بیللا لەمەڕ فانۆنەوە دەڵێ: "فانۆن، تەنێ هاوڕێیەک نەبوو لە جەنگدا، ئەو ڕێنیشاندەر و ئاراستەکاریش بوو، چون ئەوەی ئەو لە بەرهەمە هزری و سیاسییەکانیدا بۆی جێهێشتووین، پشتیوانە و گەرەنتی و دەستەبەرییەکە بۆ شۆڕشی جەزائیر". ماتماتیکزان

مۆریس ئۆدان،[64] فیلۆسۆف فرانسیس ژانسن،[65] ڕۆژنامەوان و قانوونناس هێنڕی ئەللاگ (عەللاق)،[66]چەند نموونەیەکی دیکەی ئەو ڕووناکبیرانە بوون.

---

[64] مۆریس ئۆدان Maurice Audin (1932-1957) ماتماتیکزانێکی فرانسی، لەدایکبووی شاری باجە (باجة) لە توونس، لە کاتێکدا، کە توونس کۆلۆنی فرانسا بوو. لە جەزائیری پێتەخت و لە زانستگەی جەزائیر، مامۆستای ماتماتیک بوو و باوکی سێ زارۆک بوو. پێش دەست بەکاربوونی وەک مامۆستا لە ساڵی 1953دا، لە زانستگەی جەزائیر، لە ساڵی 1951دا چووبووە ڕیزی حیزبی کۆمیۆنیستی جەزائیرییەوە. بوو بە بەرپرسی شانەیەکی حیزبی کۆمیۆنیست، بە ناوی "شانەی لانژڤان/Cellule Langevin"، کە بە ناوی فیزیکزانی بەناوێی فرانسی پۆڵ لانژڤان Paul Langevinەوە ناو نرابوو. ئۆدان، پێوەندێکی توندوتۆڵی بە سەرکردەکانی بەرەی ڕزگاریی نیشتمانیی جەزائیرەوە هەبوو، لەنێو ئەوانیشدا بەتایبەت عەببان ڕەمەزان (عبان رمضان) و موحەممەد ئەلعەرەبی بین مهێدی (محمد العربي بن مهيدي). ئۆدان، بەرپرسی کردەی دەربازکردنی ئەلعەرەبی بووهالی (العربي بوهالي)، سکرتێری حیزبی کۆمیۆنیستی جەزائیر بوو، لە جەزائیری پێتەختەوە بۆ ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات لە ساڵی 1956دا. ئۆدان، خەباتکار بوو دژی کۆلۆنیالیزمی فرانسی و بۆ سەربەخۆیی جەزائیر تێدەکۆشا تا ئەو ڕۆژەی گرتیان و دواتر لەژێر ئەشکەنجەی هێزەکانی داگیرکەری فرانسییدا شەهیدکرا و بە گوێرەی ڕای گشتیی جیهانیی بوو بە نیشانەی ئەشکەنجە لە شۆڕشی جەزائیردا.

[65] فرانسیس ژانسن Francis Jeanson (2009-1922)، فیلۆسۆفێکی فرانسی، بەڕێوەبەری کۆڤاری سەردەمە نوێیەکان Les temps modernes بوو. لەتەک ژنەکەیدا کۆلیت، کتێبێکیان بە ناوی "جەزائیری لە قانوون دەرچوو L'algerie hors la loi لە ساڵی 1955دا نووسی. ئەو هاریکار و پشتیوانێکی چالاکی بەرەی ڕزگاریی نیشتمانی بوو هەر لە سەرەتای 1956ەوە. یەکەم فرانسییەک بوو دژ بە سیاسەتی دوژمنکارانەی فرانسا لە جەزائیر و ئەوەیش وای لێکرد تۆڕێکی پشتگریی بەهێز بۆ شۆڕشی جەزائیر لە فرانسا و ئەوروپا پێکبهێنێت. ئەو تۆڕە پێی دەگوترا ساکهەڵگران Les porteurs de valises . ژانسن، سەرکردەیەتیی ئەو تۆڕەی دەکرد. تۆڕەکە، مەترسییەکی مەزن بوو لەسەر بەرژەوەندەکانی فرانسا، هەر بۆیە پۆلیس هەمیشە گێچەڵیان بە ژانسن دەگرت بە تایبەت ساڵی 1960. دەسپێکی ئەو ساڵە کتێبێکی بەناوی جەنگەکەمان Notre guerre ، بڵاوکردەوە. بەرەیەکی بە ناوی بەرەی هاریکاریی شۆڕشی جەزائیر لە ساڵی 1961دا دامەزراند. دادگەیەکی فرانسی لە 1960دا فەرمانی 10 ساڵ زیندانی بۆ بڕییەوە، لێ لە 1966دا کەوتە بەر لێخۆشبوونی دەسەڵاتداریی فرانسا.

[66] هێنری ئەللاگ (عەللاق) Henri Alleg یا Hanry John Salem (2013-1921)، لە باوک و دایکێکی جوولەکەی خەڵکی ڕووسیا، لە شاری لەندەن، لەدایک بووە. ساڵی 1939 بەهۆی جەنگی دووەمی جیهانییەوە و کاریگەریی خراپی لەسەر جووەکان، لە

هەموو ئەو ڕووناکبیرانە وەک دید و بیرکردنەوە بە جۆرێک، کارکردی هزری چەپیان لەسەر بوو و لەسەرە. ئەوان تا ڕادەی دژایەتیی دەسەڵاتی فرانسای وەڵاتی خۆیان، لەگەڵ شۆڕش و گەلی جەزائیردا بوون. هەڵوێستی ئەوان ڕەنگدانەوەی بیر و ئیدیۆلۆگی ئەوان بوو. ئەوان وەک ڕووناکبیر، هەستیان بەوە دەکرد، خەبات بۆ ڕاستی و داکۆکی لە ڕاستی و دادپەروەری، بێ جیاوازیکردن لەنێوان ڕەگەزەکانی مرۆڤدا، ئەرکی ئەوان و هەموو ڕووناکبیرێکە. هەستی مرۆڤایەتی و باوەڕبوون بە ئازادی و ڕێزگرتن لە مێژوو و فەرهەنگ و بەهاکانی

---

لەندەن هەڵاتووە و لە جەزائیر نیشتەجێ بووە. چووەتە ڕیزی حیزبی کۆمیۆنیستی جەزائیرەوە. لە ساڵی 1951دا بووە بە بەرپرسی ڕۆژنامەی جەزائیری کۆماری (الجزائر الجمهورية)ی ئەو حیزبە. لە ساڵی 1957دا فرانسییەکان دەیگرن و زیندانیی دەکەن. لە زینداندا بە نهێنی خەریکی نووسین دەبێت لەمەڕ دڕندەیی شێوازەکانی ئەشکەنجەدان لە لایەن دەسەڵاتی کۆلۆنیالیزمەوە، کە بۆ خۆیشی یەکێک بووە لە ئەشکەنجەدراوەکان و ئەنجامی کارەکەی بوو بە کتێبێک بە ناوی پرسیار (La Question) و لە 1958دا چاپ و بڵاوکرایەوە. ئەللاگ هەمیشە وەک دۆستی گەلی جەزائیر مایەوە و داوای دەکرد فرانسا ددان بە تاوانەکانی 132 ساڵی داگیرکردنی جەزائیردا بنێت.

فرانسا و شۆڕشی فرانسا، بزوێنەری ئەو ڕووناکبیرانە بوون بۆ وەها هەڵوێستێک. بێجگە لەوانەیش بەشداریی ئەو ڕووناکبیرانە لە بەرخودان و خەباتی گەلی فرانسادا دژ بە نازیزم، دیدێکی وای لا ساز کردن کە دژایەتیی داگیرکردنی جەزائیر، وەک دژایەتیی نازیزم بێت بەلایانەوە. جەزائیرییەکان، گەلێک سپاسگوزاری تەواوی ئەو ڕووناکبیرە ئازادیخوازانە بوون.

بێجگە لەو ڕووناکبیر و خەڵکە چەپانەی باسکران، ناکرێت ڕۆڵی جوامێرانە، دڵسۆزانە و مرۆڤانەی باڵێکی دیکەی بزاڤ و ڕەوتە چەپەکانی جیهان لە پشتیوانیی شۆڕشی جەزائیردا فەرامۆش و نادیدە بکرێت، کە لەو خەباتەیاندا پێشەنگ بوون. ئەوانیش، مارکسیستە شۆڕشگێڕەکان، خەباتگێڕانی نێونەتەوەیی چوارەم (الأممية الرابعة/ Fourth International)، واتە: ترۆتسکیستەکان. یەکەم تۆڕێک، کە دروست بوو بۆ کۆمەک بە بەرەی ڕزگاریی نیشتمانیی جەزائیر، کە ڕێبەری شۆڕشی 1954-1962ی جەزائیر بوو، تۆڕێک بوو گرێدراوی لقی فرانسای نێونەتەوەیی چوارەم، واتە: حیزبی کۆمیۆنیستی

نێونەتەوەیی بوو. ئەو لقە لە دەوری پییێر فرانک،[67] گرد بووبوونەوە و بەرەی ڕزگاریی نیشتمانیی جەزائیریان بە ڕێبەری خەباتی گەل و شۆڕشی جەزائیر دادەنا. ترۆتسکیستەکان، پشتگریی گەلانی داگیرکراویان بۆ سەربەخۆیی دەکرد و ئۆمێدیشیان بە تێکدانی سیستمی سەرمایەداریی فرانسی و پەرەسەندنی شۆڕشی وەڵاتە کۆلۆنییەکان و گەیشتنی ئەو شۆڕشە بە ئەوروپا هەبوو. بێجگە لە چالاکییە نەریتییەکانی "ساکهەڵگران"، تۆڕە ترۆتسکیستییەکە دوو کردەی مەزنی بە نەخشە و دنەدانی میشال ڕاپتیس،[68] کە بە ناوی پابلۆ (Pablo) دەناسرا و

---

[67] پییێر فرانک Pierre Frank (1905–1984)، سیاسەتکارێکی فرانسی بوو، لە پاریس لە دایک بووە و هەر لەوێیش کۆچی دوایی کردووە. لەنێوان 1948–1972 سکرتێری حیزبی کۆمۆنیستی نێونەتەوەیی فرانسی (نێونەتەوەیی چوارەم/ترۆتسکیستەکان) بوو.

[68] میشێل ڕاپتیس Michel Raptis(1911–1996)، بە ڕەچەڵەک یۆنانی، لە ئەسکەندەرییە (أسكندرية)ی میسر لە دایک بووە. لە 1916ەوە لەگەڵ باوک و دایکیدا لە یۆنان ژیاون. لە ئەسینا تەکنیکی خوێندووە و بووە بە ئەندازیاری مەدەنی. ساڵی 1928 چووەتە ڕیزی دەستەیەکی کۆمیۆنیستی تا ڕادەیەک نهینی دژ بە سیاسەتی ستالین. ساڵی 1934 چووەتە ڕیزی ڕێکخراوی کۆمۆنیستی نێونەتەوەییەوە (ترۆتسکیستییەکان) لە یۆنان. ساڵی 1936

یەکێک بوو لە سەرکردەکانی نێونەتەوەیی چوارەم و لە بنەچەدا یۆنانی بوو، ئەنجامدا. یەکەم کاری ئەو تۆڕە، دامەزراندنی کارگەی دروستکردنی چەک بوو، بۆ بەرەی ڕزگاریی نیشتمانیی جەزائیر لە نزیک شاری قونەیترە (القنیطرة) لە مەغریب لە دەسپێکی ساڵی 1960دا. کارگەکە تۆپ و بۆمب و ڕەشاشی دروست دەکرد، کە

---

دەگیرێت و بۆ دورگەیەک دوور دەخرێتەوە. 1937 ئازاد دەکرێت و لە یۆنان وەدەردەنرێت و دەچێتە پاریس و لەوێ نیشتەجێ دەبێت. لە 1938دا لە کۆنگرەی دامەزراندنی نێونەتەوەیی چوارەمدا وەک نوێنەری یۆنان بەشدار دەبێت. ئیدی لەو دەمییەوە بە میشال پابلۆ (Michel Pablo ) دەناسرێت. لەنێو ترۆتسکیستەکانی فرانسادا گەلێک چالاک دەبێت و فێری کاری نهێنییان دەکات بۆ هاریکاریی بەرەی ڕزگاریی نیشتمانیی جەزائیر. لە فرانسا پێوەندێکی توندوتۆڵی لەگەڵ سەرانی بەرەی ڕزگاریی جەزائیردا دروست کردبوو. لە 1958دا ئیدی لە هۆلاند نیشتەجێ دەبێت و بە چڕی لەگەڵ شۆڕشگێڕانی جەزائیردا پێوەندی دەبێت. لە سەربەخۆبوونی جەزائیر لە 1962وە تا ڕۆژی کوودێتاکەی بوومەدیەن بەسەر بین بیللادا و وەلانانی بین بیللا لە دەسەلات، پابلۆ وەک ڕاوێژکاری سەرۆک بین بیللا کاری کردووە. پابلۆ و هاوڕێیانی، پاش ئازادبوونی جەزائیر، لە جەزائیر جێنشین بوون و تا کوودێتاکەی بوومەدیەن لەوێ مانەوە. پابلۆ. دوای کوودێتاکە، جەزائیر جێدەهێڵێت. لە یۆنان کۆچی دوایی کردووە.

هەرچەندە زۆر تۆکمە و نایاب نەبوون، لێ بۆ شۆڕشگێڕانی جەزائیر بەکەڵک بوون. خەڵکانی چەپی ترۆتسکیستی خۆبەخشی سەر بە نەتەوەی جیاوازی وەک ئەرجەنتینی، فرانسی، یۆنانی، ئەڵمانی، ئینگلیز، هۆڵاندی و هی دیکە، بێجگە لە جەزائیرییان بۆ خۆیان، لەو کارگەیەدا کاریان دەکرد. تەواوی ئەندازیارەکان و کارگەرەکان پتر سەر بە نێونەتەوەیی چوارەم بوون. پابلۆ و تۆڕەکەی، بۆ قازانجی بەرەی ڕزگاریی جەزائیری، پارەی ساختەی فرانسی و ناسنامەی ساختەیشیان دروست دەکرد، ئەوەیش بوو بە هۆی گرتن و دادگەییکردنی پابلۆ لە ئەمستردام. هەروەها داڵدەی خۆشاردنەوەیان بۆ شۆڕشگێڕانی ڕاونراوی دەستی پۆلیس، دابین دەکرد. جەزائیرییەکان، لە ترۆتسکیستەکان، سوودێکی زۆریان لە بواری بانگەشە و پرۆپاگەندە و دابەشکردنی بڵاوکراوەدا وەردەگرت. یەکەم بڵاوکراوەی بەرەی ڕزگاری، کە بە ناوی بەرگرییە جەزائیرییەکان "مقاومات جزائرية" بوو بە چاپ و دابەشکردنییەوە بە ترۆتسکیستەکان سپێردرا. پاپلۆ، ئۆمیدی ئەوەی هەبوو بەرەی ڕزگاریی جەزائیر

ببێتە حیبزێکی مارکسی-لێنینی و دواتریش بچێتە نێو نێونەتەوەیی چوارەمەوە.

لەپاڵ ئەو ڕووناکبیرانەی هەڵوێستێکی خویا و ڕوونیان دژ بە داگیرکاریی فرانسا و لەتەک شۆڕشیی گەلی جەزائیر و سەربەخۆیی جەزائیردا بوون، هی دیکە هەبوون هەڵوێستێکی میانڕەو و تا ڕادەیەک ناجێگیریان لەو مژارە هەبوو. وەک نموونە دەشێ باس لە ئەلبێر کامۆ[69] بکرێت. کامۆ، لەکن فرانسییان و جەزائیرییان وەک نووسەر و بیریار و فیلۆسۆف و مرۆڤێکی مەزن دەبینرێت

---

[69] ئەلبێر کامۆ Albert Camus (1913 - 1960)، فیلۆسۆفی بێهوودەیی و نووسەری شانۆیی و ڕۆماننووسێکی فرانسی بوو. لە باوکێکی فرانسی و دایکێکی سپانیی، لە ڕۆژهەڵاتی جەزائیر هاتووەتە دنیاوە. بەشداریی بزاڤی بەرگریی فرانسای دژ بە ئەڵمانیای نازی کردووە و بڵاوکراوەیەکیان بە ناوی شانەکانی بەرگرییەوە دەرکردووە لەگەڵ ژان پۆڵ سارتردا و چووتە نێو حیزبی کۆمیۆنیستی فرانسییەوە، دواتر لێی دوور کەوتووەتەوە. کامۆ، وەک فیلۆسۆفێک ئازادی، خۆشەویستی، بوون، مردن، شۆڕش، بەرگری و هەموو کێشە وجوودییەکانی مرۆڤ، بواری هزر و باسەکانی وی بوون. لە 1957دا خەڵاتی نووبێلی لە ئەدەبدا پێ بەخشرا. کۆمەڵێک بەرهەمی هزری و فەلسەفەیی و ئەدەبی نایابی بە مرۆڤایەتی بەخشیوە.

و هێجیان لارییان لەوە نییە، لێ جەزائیرییان لە هەڵوێستە سیاسییەکانی خۆش نابن و پێیان وایە ئەو لەگەڵ شۆڕشەکەیاندا (1954-1962) نەبووە و دژی بیرۆکەی سەربەخۆیی جەزائیر بووە. وەک گەواهییەک بۆ ئەو بۆچوونەی خۆیان، گوتەیەکی بەناوێی کامۆ خۆی لە کاتی وەرگرتنی خەڵاتی نووبێلی ئەدەبدا لە ساڵی 1957دا کە دەڵێ :"ئەگەر سەرپشک بکرێم لەنێوان دادپەروەری و دایکمدا یەکێکیان هەڵبژێرم، دایکم هەڵدەبژێرم"، دەکەنە بەڵگە. جەزائیرییان وەک لایدەیەکی باکووری دەنۆڕنە کامۆ، چون لە ڕۆمانەکانیدا وەک بێیانییەک جەزائیرییان لە وەڵاتی خۆیاندا پێشان دەدات. هەرچی فرانسییەکانە وەک دوورەپەرێز و دەستبەرداربوویەک لە کۆمەڵی ئەوروپایی لە جەزائیر و بە هەڵبژاردنی کەنارگرتن و بێدەنگیی تۆمەتباری دەکەن. ئەوان بەهۆی بۆچوونە نەگونجاوەکانی لەگەڵ فرانسادا، وەک پیاوێکی خەڵکی باشوور، واتە: جەزائیری تەماشای دەکەن. کامۆ، داکۆکیی لە کێشەی گەلی جەزائیر وەک مرۆڤ دەکرد، نەک وەک گەلێک کە دەیەوێت لە ڕێگەی شۆڕشەوە، ئازاد و سەربەست بێت. ئەو، ڕەخنەی لە کۆڵۆنیالیزمی فرانسی

هەبوو، لێ ئەو لەنێواندا بوو. ئەو دژ بە توندوتیژی و جەنگ بوو و لەتەک پێکەوەژیانێکی ئاشتییانەی زۆرینەیەکی جەزائیری و کەمینەیەکی فرانسی/ئەوروپاییدا بوو لە جەزائیر. ئەو لەگەڵ شۆڕشی چەکداری و سەربەخۆیی جەزائیردا نەبوو. ڕەنگە دیدی کامۆ لە چەند وشەیەکدا کورت بکرێتەوە، ئەو دژ بە کۆڵۆنیالیزم بوو، دژ بە جەنگ و کوژتنی مرۆڤ بوو، دژ بە شۆڕشی چەکداری بوو، لەگەڵ ئازادی و مافی مرۆڤدا بوو، لێ جەزائیری وەک قەوارەیەکی جیاواز لە فرانسا نەدەبینی بەڵکە وەک بەشێکی فرانسا دەیدی و دەیژمارد.

بیریاری ئێرانی عەلی شەریعەتی،[70] کە لە ساڵی 1959دا گەیشتە پاریس و لەو دەمەیشدا شۆڕشی جەزائیر

[70] عەلی شەریعەتی (علي محمد تقي شريعتي مزيناني/1933–1977، لە شاری سەبزڤار (سبزوار) لە خۆراسان لەدایکبووە. کۆلیژی ئەدەبیاتی خوێندووە و پاشان لە ساڵی 1959دا نێردراوە بۆ فرانسا بۆ خوێندن و لەوێ زانستی ئایین و کۆمەڵناسیی خوێندووە و بڕوانامەی دۆکتۆرای لە مێژووی ئیسلام و کۆمەڵناسیدا وەرگرتووە. لە ساڵی 1961دا بە هۆی بەشداربوونی لە خۆپیشاندان و ڕێپێوانێک بۆ هاوسۆزی لەگەڵ

بەردەوام بوو، یەکێک بوو لەو ئازادیخوازانەی لەگەڵ بەرەی ڕزگاری نیشتمانیی جەزائیریدا پێوەندی هەبوو و هاریکاری دەکردن و لەتەک فرانز فانۆنیشدا پێوەندێکی تایبەتی هەبوو و بڕێک لە کارەکانی فانۆنیشی وەرگێڕایە

---

پاتریس لۆمۆمبای سەرۆکوەزیرانی کۆنگۆ، کە لەلایەن دەسگەی سیخوڕیی بێلژیکەوە کوژرا، بۆ ماوەیەک گیرا. لە تەمەنــی لاویدا لەگەڵ بــزاڤەکەی موسەددیق (مصدق)دا بوو و کاری وانەگوتنەوەی دەکرد. چەند جارێک زیندانی کراوە. لە 1969دا لە فرانساوە گەڕایەوە بۆ ئێران و حوسەینییەی ئیرشاد (حسینیەی إرشاد)ی دامەزراند، بۆ پەروەردەکردن و بارهێنانی لاوان. لە 1973دا حوسەینییەکەیان داخرا. دواتر شەریعەتی خۆی و باوکی گیران و ساڵ و نیوێک زیندانی کران، لێ بە هۆی ناڕەزایی و گوشاری ناوەکی و دەرەکییەوە، لە 1977دا ئازاد کرا، هەر دوای ئەوە لە هەمان ساڵدا ڕۆیشت بۆ لەندەن و پاش گەیشتنی بە لەندەن بە سێ حەفتە لە پێش شۆڕشی گەلانی ئێران بە دوو ساڵ، لە ئەپارتمانتەکەی خۆیدا، لە تەمەنی 44 ساڵییدا، بە کوژراوی دۆزرایەوە. شەریعەتی بیرمەندێکی مەزن و مامۆستایەکی توانا و نووسەرێکی نایاب و پڕ وزە و خاوەن پڕۆژە بوو. ئەو بە سرووشبەخشی شۆڕشی گەلانی ئێران دادەنرێت.

سەر زمانی فارسی. کاریگەرییەکی یەکجار زۆری فرانز فانۆن و تێزە شۆڕشگێڕییەکەی کە دژایەتی کۆڵۆنیالیزم بوو و ئەو دەمە لەنێو ڕووناکبیرانی چەپگەرادا وەک بزیسک تەشەنەی کردبوو، کەوتبووە سەر عەلی شەریعەتی. شەریعەتی کتێبە بەناوێکەی فانۆن"نەفرەتلێکراوانی زەوین"ی هەر دوای دەرچوونی لە 1961دا بە ماوەیەکی گەلێک کورت، وەرگێڕایە سەر زمانی فارسی. شۆڕشی جەزائیر لە دیدی شەریعەتییەوە بەرجەستەکردنی خەبات بوو دژ بە کۆڵۆنیالیزم و داگیرکەر و خەبات بوو بۆ بوون و ئازادی مرۆڤ، چون پەرچەکردارێک بوو دژ بە چەوساندنەوە و ستەمێک کە لە مرۆڤ دەکرا و مرۆڤ قوربانی دەدا بۆ گێڕانەوەی نە تەنێ ئازادی سیاسی بەڵکە بەها و کەرامەتە مرۆڤییەکان و بەرپرسیاریەتییە ئەخلاقییەکانی مرۆڤ.

لە ساڵانی دەسپێکی شۆڕشی جەزائیردا، تەنانەت سەربازانی فرانسی هەڵدەهاتن و دەچوونە ڕیزی شۆڕشگێڕانی جەزائیرەوە. لە دەڤەر یا ئوستانی پێنجەم، کە وەهران (وهران) دەگرێتەوە و موحەممەد ئەلمهێدی بین عەرەبی سەرکردەیەتیی دەکرد، 1073 سەربازی فرانسی چوونە ڕیزی شۆڕشگێڕانەوە، بەڵام سەرکردەیەتیی شۆڕش بڕیاری دا بیانگێڕێتەوە بۆ وەڵاتی

خۆیان (فرانسا) یا بیاننێرێت بۆ هەر وەڵاتێکی دیکە، کە بۆ خۆیان گەرەکیان بێت.

فەرهەنگ بە هەموو ڕەهەند و بوار و بەشەکانیەوە و لەنێویشیاندا هونەر و بەتایبەتیش سینەما و فیلمسازی، یەکێکە لەو بوارانەی، توانستی گۆڕینی دید و ڕای خەڵکی هەیە و کاریگەرییەکی کارای لەسەر پێشاندانی ڕاستی و ڕەوایەتی و دادپەروەریی کێشە و ڕووداوەکان هەیە. حوکوومەتەکانی فرانسا وەک بەشێک لە سیاسەتی فەرهەنگیی خۆیان، هەمیشە سینەمایان بۆ داگیرکاری و خۆسەپاندنی خۆیان و دەسەڵاتیان لەنێو وەڵاتەکانی بندەستیاندا بەکاردەهێنا، گەلێ جار نافەرهەنگیی و چەوتیی ئەو سیاسەتە لەلایەن بڕێک لە سینەماکارانی فرانساییان خۆیانەوە، خراوەنەتە بەرچاو و ئاشکرا کراون، بە تایبەت لە لایەن ئەوانەی، کە بە "شەپۆلی نوێ" ناویان دەرکرد. ڕۆژنامە و کۆوارە چەپگەراکانی فرانسا، سیاسییەکان و سینەماییەکان، ڕۆڵێکی بەرچاویان لە گوازتنەوەی ڕاستیی ڕووداوەکانی جەزائیردا هەبوو، بە پێشاندانی ئەو کارە قێزەونانەی فرانسا، لە کوژتن و ئەشکەنجە و زیندانیکردن و... کە دژ بە گەلی جەزائیر دەیکرد.

له ساڵانی 1950دا بزاڤێکی سینەمایی بە ناوی "شەپۆلی نوێ، بە فرانسی: La Nouvelle Vague" لە فرانسادا سەریهەڵدا و تا کۆتایی ساڵانی 1960 درێژەی هەبوو. ئەو شەپۆلە کاریگەریی ڕیالیزمی نوێی ئیتالی و سینەمای هۆلیوودی لەسەر بوو، لێ ئەو سینەماکارە فرانسییانە ڕۆحێکی گەنجانەی یاخی و دژ بە نەریت، پاڵی پێوە دەنان و ڕەفزی شێوازە کلاسیکییەکەی سینەمایان دەکرد. زۆرێک لەوان بە کارەکانیان بەشداریی یاخیبوون و گۆڕانە سیاسی و جڤاکییەکانی ئەو سەردەمەیان کرد و ئەزموونە ڕادیکاڵ و نوێیەکەیان کرد بە بەشێکی دژایەتیی داخراویی و کۆنسێرڤاتیزم. بەشێکی زۆری ئەو لاوانەی تێکەڵ بەو شەپۆلە بوون و کارا بوون تێیدا، خەڵکەیلێکی چەپ بوون. زۆرێک لەو لاوانە کۆمەڵێک فیلمی دژەباوی دژ بە دەسەڵاتی فرانسی و هاوسۆزی وەڵاتانی کۆلۆنیالکراو و لەنێویشیاندا جەزائیر و گەل و شۆڕشی جەزائیریان چێ کرد. یەکێک لەو سینەماکارانەی وەها کارێکی کردووە، دەرهێنەری چەپ و کۆمیۆنیست و دۆستی شۆڕشی جەزائیر ڕینێ ڤۆتیێ (René Vautier)یە، کە هێشتا تەمەنی 21 ساڵان بوو، حوکوومەتی فرانسا لەگەڵ شاندێکی فێرکاریی فرانسیدا لە ساڵی 1950 ناردی بۆوەی لە وەڵاتانی ڕۆژاوای ئەفریقا، لەنێویشیاندا

جەزائیر، فیلمێکی دۆکیۆمێنتێر لەمەڕ خوێندن و بارهێنانەوە لە وەڵاتە کۆڵۆنیکراوەکان چێ بکات. کاتێک ڤۆتیێ ڕۆیشت بۆ ئەوێ، واقیعێکی تری بینی، هەربۆیە فیلمێکی دژ بەو دیدە ڕەسمییەی فرانسا و سیاسەتی حوکوومەتەکانی فرانسی چێ کرد. ئەو فیلمێکی چێ کرد بە ناوی "ئەفریقا 50، بە فرانسی: Afrique 50"، لەو فیلمەدا پێچەوانەی خواستی فرانسییانی دەسەڵات، ئەوەی ڕاستی بوو پێشانی دا. کە گەڕایەوە بۆ فرانسا، فیلمەکەیان لێ زەوت کرد و بۆ ماوەی ساڵێک زیندانییان کرد.[71] ئەودەم ڤۆتیێ درکی بەوە کرد، کە هونەری حەوتەم (سینەما) پشتیوانی سیاسەتە داگیرکارییەکانی دەوڵەتی فرانسا دەکات و وەک ماددەیەکی سڕکەر بۆ خەواندن و بێهۆشکردنی هاووەڵاتیانی فرانسا و وەڵاتانی دیکە بە کار دەهێنرێت و بەو هونەرە، دواکەوتوویی و پۆخڵی و سەرەتایەتیی ژیانیان پێشان دەدات و لەبەرانبەریشدا مرۆڤدۆستی و پێشکەوتن و شارستانیەتیی فرانسا دەخاتە پێش چاوی خەڵکی ئەو وەڵاتە کۆڵۆنیکراوانە. بەو کارەیش هەرچەندی گەلانی وەڵاتانی کۆڵۆنیکراو بە سەرەتایی و دواکەتوویی پێشان بدرێن، داگیرکاریی فرانسا بۆ ئەو

---

[71] فیلمەکەیان پاش چل ساڵان ئازاد کرد و ڕێگەی پێشاندانی پێ درا.

وەڵاتانە شەرعییەتێکی زیاتر وەردەگرێت، بەوەی کە فرانسا هاتووە بۆ ئەو وەڵاتانە بۆ پێشخستن و بەشارستانیکردن و بەرزکردنەوەی ئاستی فەرهەنگییان. بەوەیش پاساو دەداتە داگیرکارییەکەی، کە ڕۆشنگەری و ژیاریی پەخش دەکاتەوە و دەگەیەنێتە خەڵک. فرانسا هەندەک جار، جەزائیرییانی وەک هاریکار و قایلبوو بە بوونی فرانسا لە وەڵاتەکەیان و هەندەک جاریش وەک خەڵکانێکی لە پشتەوە ڕاوەستاو و پێخاوس و شڕۆڵ و کنجشڕ و دڕاو و پینەپینە و بەجێماو، کە هەمیشە پێویستیان بە کەسانێکە فەرمانڕەواییان بکەن و ڕێبەرایەتییان بکەن، پێشان دەدا. بێجگە لەو فیلمە، ڤۆتیێ، کۆمەڵێک کاری دیکەی گرنگی کردووە. لە کارە هەرە دیارەکانی، کە لەمەڕ شۆڕشی جەزائیرەوە بوون و ڕەوشی جەزائیر و گەلەکەی پێشان دەدان، فیلمی "گەلی جەزائیر، بە فرانسی: L'Algerie،Une Nation"ی ساڵی 1954، کە بە بیانووی خۆهەڵقورتاندن لە ئاسایشی نێوخۆی فرانسادا قەدەغە کرا، هەروەها فیلمی "جەزائیر دەسووتێت، بە فرانسی: L'Algerie en flammes"ی ساڵی 1958 و فیلمی "گەلێک پێش دەکەوێت، بە فرانسی: Un peuple en marche" ساڵی 1963.

بێجگە لە ڤۆتیێ، لە لایەن هەندەک هونەرکاری دیکەوە، کە ئەوانیش لە بەرەی چەپدا بوون و باوەڕیان بە عەدالەتی جڤاکی هەبوو و سەرکۆنەی کۆلۆنیالیزمیان دەکرد، کاری فیلمسازی کرابوون. لەو کارانەدا هێمایان بەوە کردبوو، کە لە جەزائیر، ئەشکەنجە و کوژتن دژ بە خەڵکی جەزائیر دەکرێت و ئەوەیشیان سەلماندبوو، کە ڕووبەڕووبوونەوەیەکی توند لەنێوان فرانسا و سپایەکی ڕێکوپێکی جەزائیریدا، نەک ڕێگر و چەتەدا، هەیە، وەک پرۆپاگەندەی فرانسییەکان وێنای دەکرد. ئەو تێز و بۆچوونە لە فیلمی "سەربازە بچووکەکە، بە فرانسی: Le petit soldat"ی ساڵی 1960ی دەرهێنەری فرانسی ژان لووک گۆداغ (Jean-Luc Godard) پیشان درا. ئەو فیلمە لە کاتیی پیشاندانیدا لە فرانسا، هەرایەکی وەدووی خۆیدا هێنا و بوو بە هۆی تووڕەبوونی حوکوومەتی فرانسا، کە کەوتە هاندان و وەگەڕخستنی ڕای گشتی دژ بەو فیلمە، تا کار گەیشتە ئەوەی پیشاندانی فیلمەکە لە سینەماکاندا قەدەغە بکرێت و هەڕەشە بە لەنێوبردنی دەرهێنەرەکە بکرێت، بە بیانووی ئەوەی هاوسۆزی بەرەی ڕزگاریی جەزائیرە. هەر لەو ڕەوتە نوێیە یا شەپۆلە نوێیە، ئاگنێس ڤاغدا (Agnès Varda) فیلمی "کلییۆ لە پێنجەوە بۆ حەوت، بە فرانسی: Cléo de 5 à 7"ی لە ساڵی 1962دا دەرهێنا.

ئەو فیلمە باسی یەک ڕۆژ لە ژیانی ژنەهونەرمەندێکی بەناویَ دەکات، کە نەخۆشیی شێرپەنجەی هەیە و چاوەڕوانی مردنە. ئەو ژنە هونەرمەندە نەخۆشە بە ڕێککەوت ئەفسەرێکی فرانسی دەناسێت، کە لە جەزائیر کار دەکات. ئەو ئەفسەرە دەبێتە هۆی ئاشکراکردنی کۆمەڵێک زانیاریی نهێنی و شاراوە، لەمەڕ پەروەندەی جەزائیر، بۆ ئەو ژنە نەخۆشە و بۆ فرانسییەکان، کە دەبێتە هۆی چاوکردنەوەی ئەو ژنە و ئاگادارکردنەوەی فرانسییەکان لە ڕێگەی ئەو فیلمەوە لە تاوانێک دەوڵەتەکەیان لە جەزائیر دەیکات.

وەنەبیَ تەنیَ ڕووناکبیران و بیرمەندان و ئەو جۆرە مرۆڤانە پشتوپەنا و هەواداری شۆڕشی جەزائیر بووبن و وەنەبیَ تەنیَ خەڵکی یەک وەڵات بووبن، بەڵکە سەدان خەڵکی سەر بە نەتەوە و ئایین و ڕەنگ و ڕەگەز و وەڵاتی جیاواز هاوخەباتی جەزائیرییان و شۆڕشەکەیان بوون. دەشیَ خەباتگێڕی ئەرجەنتینی ڕۆبێرتۆ مونێس ( Roberto Munez)یش، وەک نموونەیەک ببینرێت. ئەو یەکێک بوو لەوانەی هەر لە ئەرجەنتینەوە و لەنێو خوێندکاراندا خەباتی بۆ گەلی جەزائیر دەکرد و هەوڵی پەیداکردنی چەکی بۆ شۆڕشگێڕانی دەدا تا لە 1959دا چووە ڕیزی بەرەی ڕزگاریی جەزائیرەوە و دەستیکرد بە کارکردن لە

کارگەی نهێنیی چەکدروستکردن، کە لە مەغریب بوو و بەشداریی لە چەندین نەبەردی شۆڕشگێڕیدا کرد. وێڕای هەموو ئەوانە، چەندین ئازادیخوازی ئەڵمانی، نەمسایی، هۆڵاندی، سویسری، ئیتالی، ژاپۆنی، ویۆگوسلاڤی و... لەگەڵ شۆڕشی جەزائیردا بوون.

## ئازادکردنی بین بیللا لە زیندان

پاش ئەوەی دانوستاندن لەنێوان هەردوو لایەنی جەزائیری و فرانسی بە ڕێککەوتنی ئێڤیان وەبەرهات و ئاگربەست لە 19ی مارسی 1962دا دەستی پێ کرد، نۆرەی ئازادکردنی سەرکردە زیندانییەکان هات و لە سەررووی هەموویشیانەوە بین بیللا. دوای گەشتێکی ئەو سەرکردانە لەنێوان سویسرا و مەغریب و میسر و توونس، هوواری بوومەدیەن، لە فڕۆکەخانەی توونسی پێتەخت، لە پێشوازییاندا بوو، موحەممەد بووزیاف لەنێو سەرکردەکاندا نەبوو، ئەوەیش لە لایەن خەڵکەوە وەک بوونی ناکۆکی لەنێو سەرکردە ئازادکراوەکاندا، لێکدرایەوە.

دوای ئازادکردنی لە زیندان، بین بیللا، دیتی لەنێو جەزائیرییەکاندا ململانێیەکی زۆر هەیە و دوای ئاگاداربوونی لە ڕەوشێکی کە ڕوویدابوو، نزیکبوونەیەک لەنێوان ئەو و سەرکردەیەتیی سپاسالارییدا، کە بوومەدیەن سەرکردەی بوو، چێ بوو. ئەم نێزیکییە، حوکوومەتی کاتیی کە لەگەڵ سەرکردەیەتیی سپاسالاریدا لە ململانێدا بوو، پێی وەڕس بوو. بین بیللا، لە گوتەکەیدا لە مارسی 1962 لە شاری وەجدە (وجدة)، ڕەخنەی لە حوکوومەتی کاتی و ڕەوشە ئاریشەییەکەی لەگەڵ سەرکردەیەتیی سپادا، گرت. بین بیللا، بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و گەیشتن بە پێکهاتنێک، خزمەت بەو دەوڵەتەی خەریک بوو لە دایک دەبوو، بکات پێشنیازی گردبوونەوەیەکی ئەنجومەنی نیشتمانیی شۆڕشی جەزائیری کرد.

## گەشتێک بۆ وەڵاتانی عەرەبی

پێش ئەوەی ئەو گردبوونەوەیە ببێتە کردار، سەرکردە جەزائیرییەکان، گەشتێکیان بە وەڵاتانێکی عەرەبیدا، بۆ سپاسکردنیان، کە پشت و پەنا و هاریکاری شۆڕشی جەزائیر بوون، دەست پێ کرد.  لە میانی ئەو گەڕانەدا،

سەردانی عیراقیشیان کرد. ئەحمەد بین بیللا و شۆڕشی جەزائیر، لە عیراق و لەنێو عیراقییاندا، فرە خۆشەویست بوون. عیراق، نە تەنێ لە سەردەمی کۆماری و سەرۆک عەبدولکەریم قاسمدا، بەڵکە لە سەردەمی پاشایەتیشدا، پشتیوان و هاریکار و کۆمەککاری شۆڕشی جەزائیر بوو. لە سەردەمی پاشایەتیدا، حوکوومەتی عیراق لەژێر گوشاری گەلی عیراقدا، کە دەهاتنە سەر شەقام و دژی کۆلۆنیالیزمی فرانسی نارەزاییان دەردەبڕی و پشتیوانییان لە شۆڕشی جەزائیر دەکرد و کۆمیتە و تۆڕی خڕکردنەوەی کۆمەکی خۆبەخشی ماددی و دەرمان و خۆراکیان ڕێکدەخست، بۆ گەیاندنی بە گەلی جەزائیر، حوکوومەت بڕیاریدا ساڵانە 250 میلیۆن فرانکی فرانسی تەرخان بکات بۆ کۆمەک بە جەنگی ڕزگاریی جەزائیر، هەروەها 250 هەزار پاوەندیشی دانا، کە بۆ پشتگرتنی شۆڕشی جەزائیر، بدرێت بە کۆمکاری عەرەبی. عیراق، لە یەکیەتیی دەوڵەتانیش (UN) لە ساڵی 1955دا پشتگریی کێشەی گەلی جەزائیری کرد. لە زستانی 1958دا، بە فەرمانی نووری ئەسسەعید (نوري السعيد)، سەرۆکوەزیرانی حوکوومەتی عیراق، سێ کامیوون (شاحنة)ی پڕ لە چەک، بە شێوەیەکی نهێنی، لە سنووری عیراق–سووریاوە، ڕادەستی عەبدولحەمید میهری (عبدالحميد مهري)ی نوێنەری بەرەی ڕزگاریی جەزائیر

کرا، بۆوەی بنێردری بۆ سپای ڕزگاریی نیشتمانیی جەزائیر.[72]

لە سەردەمی کۆمارییشدا، سەرۆک عەبدولکەریم قاسم، کۆمەک و پێداویستیی سەربازیی بە فڕۆکەی هێزی هەوایی عیراقی دەنارد بۆ شۆڕشگێڕانی جەزائیر. سپای عیراق بە شێوەیەکی ڕێکوپێک و چڕ و نهێنی و بە فڕۆکەی عیراقی، لە ڕێگەی لیبیاوە، هاوئاهەنگیی لەتەک جەزائیرییاندا دەکرد. سەرۆک قاسم بڕیاری دا 3 ملیارد فرانکی فرانسی بە چوار بەش یا چوار گلەت، پێشکەش بە شۆڕشی جەزائیر بکرێت و کرا. عیراق، خوێندکارانی جەزائیری بۆ خوێندن و ڕاهێنانی سەربازی و جەنگ، لە کۆلیژە سەربازییەکانی عیراقدا وەردەگرت و مەسرەفیشی دەکردن. لە کۆلیژی جەنگ 40 خوێندکارێک خوێندیان و بوون بە ئەفسەر و لە کۆلیژی فڕین و هێزی هەواییش 27 خوێندکارێک خوێندیان. عیراق، یەکەم دەوڵەتی عەرەبی بوو، ددان بە حوکوومەتی کاتیی جەزائیردا بنێت. ڕۆژانە 10 خولەک کات لە خوێندنگەکانی عیراقدا تەرخان کرابوو بۆ ناساندن و باسکردنی شۆڕشی جەزائیر.

---

[72] بوحوش. الدكتور عمار، التأريخ السياسى للجزائر من البداية ولغاية 1962، الطبعة الأولى، دار الغرب الإسلامي، بيروت-لبنان، 1997. ص 350.

ڕادیۆی بەغدا، ڕۆژانە بەرنامەیەکی تایبەتی لەمەڕ شۆڕشی جەزائیرەوە پەخش دەکردەوە. هەر لە سەردەمی یەکەم حوکوومەتی عەبدولکەریم قاسمدا، کاتێک ئیبراهیم کوببە،[73] وەزیری ئابووری بوو، داوای کرد، عیراق و

---

[73] ئیبراهیم کوببە (إبراهیم عطوف جعفر كبة)، زانایەکی ئابووریناس و سیاسییەکی عیراقی بوو، ساڵ 1919 لە نەجەف لە دایک بووە و لە ساڵی 2004دا کۆچی دوایی کردووە. لە یەکەم حوکوومەتی کۆمارییدا دوای 14ی تەمموزی 1958، کرا بە وەزیری ئابووری و لە ساڵی 1960دا لە وەزارەت دوورخرایەوە. لە زانستگەی بەغدا بوو بە مامۆستا و لە کوودێتای 8ی فێبریوەری 1963دا لە زانستگە دەرکرا و خرایە زیندانەوە تا ساڵی 1965، کە بە لێخۆشبوونێکی سەرۆکایەتیی کۆمار، ئازاد کرا. ماوەیەک لە خوێندنگەی ئامادەیی بوو بە مامۆستا و دواتر گەڕایەوە زانستگە و لە زانستگەی بەغدا و موستەنسەرییە بووە مامۆستای ئابووریی سیاسی/مێژووی هزری ئابووری دەگوتەوە، تا لە ساڵی 1977دا بەتۆبزی خانەنشین کراوە و لەکار دوورخراوەتەوە. قانوون و ئابووریی لە زانستگەی بەغدا و قاهیرە و فرانسا، خوێندووە و بڕوانامەی باڵای لە قانوون و لە ئابووریی سیاسیدا لە قاهیرە و پاریس وەرگرتووە. لە ساڵی 1947ەوە کوببە، لایەنگری ڕێباز و فەلسەفەی ماددی و ئابووریی سۆسیالیزمی زانستی و مارکسیزم بوو. کوببە خاوەنی چەندین کتێبی هێژایە لە بوارەکانی هزری ئابووری و سیاسەت و بابەتی جیاوازدا. ئیبراهیم کوببە، لە ساڵی خوێندنی 1970-1971دا لە زانستگەی بەغدا، مامۆستام بوو و مێژووی هزری ئابووری و ڕێبازە ئابوورییەکانی پێ دەگوتینەوە. ئەو لە سەردەمی خوێندنی

وەڵاتانی دیکەی عەرەب، وەک کۆمەک و پشتگرتنێک بۆ شۆڕشی جەزائیر، پێوەندی ئابووریی لەگەڵ فرانسادا ببڕن، لێ کۆمکاری عەرەبی لەگەڵ وەها داواکارییەکدا نەبوو و پشتگوێی خست، بەڵام لە 13 نۆڤەمبەری 1958دا، عیراق هەموو چالاکییەکی ئابووری و بازرگانیی لەگەڵ فرانسادا ڕاگرت.

ڕۆژی 5ی ئەپریلی 1962، هێشتا جاڕی سەربەخۆیی جەزائیر نەدرابوو، شاندێکی شۆڕشی جەزائیر بە سەرۆکایەتیی ئەحمەد بین بیللا، جێگری سەرۆکی حوکوومەتی کاتیی کۆماری جەزائیر و ئەندامەتیی حوسێن ئایت ئەحمەد و ڕابیح بیتات و موحەممەد خەیزەر، گەیشتە بەغدا.[74] شاندەکە سێ ڕۆژ لە عیراق مایەوە و

زانستگەمدا، زاناترین مامۆستایەک بووە دیتبێتم و ناسیبێتم، ئەو خۆشەویستترین مامۆستام بوو.

[74] بین بیللا، لەو ماوە کورتەی دەسەڵات و سەرۆکایەتیدا، بێجگە لە کووبا و ئەمەریکا و یەکیەتیی سۆڤیێت، تەنێ سەردانی چەند وەڵاتێکی عەرەبی و ئەفریقایی کردبوو، واتە هێندە گەشتەڵ نەبوو. کێشەکانی تازە ئازادبوونی وەڵات و کارکردن بۆ جێبەجێکردنی بەرنامە و نەخشەکانی پێشخستنی وەڵات، خجڵی کردبوون. بێجگە لەوانەیش پێوەندێکی بەربڵاو و فراوانی لەتەک ڕێبەران و سەرانی دەوڵەتگەلی بێیانیدا زۆر نەبوو، تەنێ لەگەڵ برێک لەو ڕێبەرانەدا کە تا ڕادەیەک هاوبیر و هاوڕێباز و ئاراستە بوون، مانەندی: جەمال

بۆی دەرکەوت چەندە شۆڕش و شۆڕشگێڕانی جەزائیر لەکن گەلی عیراق و هێزە نیشتمانییەکانی، خۆشەویست و هێژان. بەغدا وەک قارەمان پێشوازیی لە سەرکردە جەزائیرییەکان کرد و لە پێش هەموو عیراقییانیشەوە، سەرۆک عەبدولکەریم قاسم و نوێنەرانی هێز و حیزبە نیشتمانییە عیراقییەکان، بە هەموو ڕەنگەکانیانەوە، لە ڕاستەوە بۆ چەپ لەو پێشوازییەدا هەبوون. پێشوازیکەران بە هەڵگرتنی ئاڵای جەزائیر و وێنەی سەرکردەکانی جەزائیرەوە چوونە پیریی شاندەکەوە و تەنانەت ماشێنی ئەو سەرکردانەیان ڕاگرت و هەوڵیاندا لەسەر شانی خۆیان هەڵیگرن. جەماوەری پێشوازیکەر، کە سەدان هەزار دەبوون، بە دروشم و وشەی گەرم و پڕ خۆشەویستییەوە چوونە پیرییانەوە. سەرۆک عەبدولکەریم قاسم و تەواوی بەرپرسە باڵاکانی عیراق و جەماوەری عیراق، لە وەڕێخستن و خوداحافیزیی شاندەکەیشدا بوون تا فڕۆکەخانەی بەغدا. بین بیللا و قاسم، لە گوتەی ماڵاوایی و خوداحافیزیدا سپاس و بەڵێنی هاریکاری و کۆمەک و پەسنی جەزائیر و عیراق و سەرکردەیەتیی وەڵاتەکانیان دا.

---

عەبدونناسر، کاسترۆ، نکرۆما و چی گێڤارا، پێوەندێکی چڕ و بەردەوامی هەبوو.




ئەحمەد بین بیللا و عەبدولکەریم قاسم لە بەغدا

# بەردەوامیی ململانێ

ئەو گردبوونەیەی بین بیللا پێشنیازی کرد، دواتر، لە هەلومەرجێکی ناکۆکی و ململانێدا لەسەر دەسەڵات، لەنێوان 21 و 28ی مەی 1962دا لە تەرابولسی لیبیا، ڕێکخرا. بین بیللا، بەپێچەوانەی ئەوانەی پێش 1956 دەیانناسی، ئامادەبووانی، بەوەی توانستی قسەکردنی لەسەر کێشەکانی دەوڵەت هەیە، سەرسام کرد، چون ئەو لە زیندانەوە بەرنامەی بەڕێوەبردنی دەوڵەتی ئامادە کردبوو و لەو جڤینەی تەرابولسدا پێشکەشی کرد. بین بیللا، زۆر پشتڕاست، باوەڕبەخۆ و خۆڕاگرانە بەرنامەی

جەزائیری نوێی خستە بەرچاوی ئامادەبووان. ئەو تا ڕادەیەک لەگەڵ سەرکردەیەتییەکی کۆ و بەکۆمەڵدا نەبوو، نەک لە ڕووی باوەڕبوون بە دیکتاتۆریی یا حەزکردن لە دەسەڵات یا باوەڕنەبوون بە دیموکراتی و دەسەڵاتی گەل، بەڵکە لەبەر ئەوەی ئەو دەیزانی لە دەوڵەتێکی ساوادا، کە لە سفرەوە دەست پێ دەکات و دەبێ هەموو نەخشە و کارێک بڕیاری بۆ بدرێت، ناشێ و ناکرێ، هەر سەرکردە و بەرپرس و دەسەڵاتدارێک، بە ناوی پاشخان و خەبات و شۆڕشەوە، خۆی لێ ببێتە ڕێبەر و سەرۆک و ببێتە خاوەن بڕیار و هاوئاهەنگی و یەکدەنگی لە بەین بچێت. بۆیە یەک سەرۆک، دەتوانێت پارێزەری یەکدەنگی و یەکیەتی و خاوەن بڕیار بێت،[75] لێ ڕاوێژ بە هاوکارانی بکات. ئەو دژ بە هەلپەرستیی ئیدیۆلۆگی بوو. ئەو باوەڕی بەوە بوو شۆڕشی دیموکراتیی گەلێر، گەرەکە جووتیار، کارگەر و ڕووناکبیرە شۆڕشگێڕەکان ڕێبەرایەتی بکەن، بۆوەی ڕێگە لە دەرەبەگ و بۆرژواکانی جەزائیر بگرن،

---

[75] تۆما ئەکوینی دەڵێ: "باشترین جۆری حوکم، حوکمی یەک سەرۆکە". بین بیللا دەیزانی کۆسەرکردەیەتی دەکاتە: کورد گوتەنی "فرەکوێخایەتی"، کە دەبێتە گەڕەلاوژە و بێسەروبەری. تۆما ئەکوینی Tommaso d'Aquino (1225–1274)، قەشە و ڕاهیب و فیلۆسۆف و لاهووتییەکی کاتۆلیکی ئیتالیایی دۆمێنیکانی بوو.

ئیدۆلۆگییەکەیان نەبێتە هۆی ڕێگەخۆشکردن بۆ کۆلۆنیالیزمی نوێ. بین بیللا، جەختی لەوە دەکرد، جەزائیر ببێتە دیموکراتییەکی گەلێر لەسەر بنەمای گۆڕینی سۆسیالیستی و دژایەتیی ئیمپریالیزم. لەو جڤینەدا، بە ئامادەبوونی دوو لەسەر سێی ئەندامانی ئەنجومەنەکە، مەکتەبی سیاسییەک هەڵبژێردرا، کە بین بیللا و شەش ئەندامی دیکەی لەخۆ گرت. دوای ئەوەی لە 22ی جووڵای 1962دا لە مەغریبەوە، بین بیللا گەیشتە تیلمیسان، لە تیلمیسانەوە پێکهاتەی مەکتەبی سیاسی ڕاگەیاند و ئەرکی بەڕێوەبردنی وەڵاتی خرایە سەر. دوای ئەوەی جەزائیرییەکان، بە هەموو هێزێکەوە لە گشتپرسییەکدا بۆ مافی چارەنووس، لەگەڵی بوون، سەربەخۆیی جەزائیر بە ڕەسمی لە 5ی جووڵای 1962دا ڕاگەیێنرا.

هەر لەو دەمەوە سیاسەتکاران لەنێوان ململانێ و هاوپەیمانیەتیدا دەژیان، دیارترینیان لەنێوان حوکوومەتی کاتیی و سپاسالارییدا بوو. ئیدی لەوێوە لە 1962ەوە کێشەیەک لەنێوان دوو دەستەدا، کە بە دەستەی تیلمیسان، بە سەرۆکایەتیی بین بیللا و بوومەدیەن و دەستەی تیزی ئوززوو، بە سەرۆکایەتیی بووزیاف و کەریم بەلقاسم، سەری هەڵدا و ئەنجامەکەی پاڵی بە سپاوە نا، پێتەخت

داگیرکات و هاوپەیمانیی بین بیللا و بوومەدیەن وەسەرخات.

لە کۆتایی سێپتەمبەری 1962دا بین بیللا، بەوەی ببێتە سەرۆکی یەکەم حوکوومەتی جەزائیر دوای سەربەخۆیی، قایل بوو. بین بیللا لە دەسپێکدا دوودڵ بوو لەوە، لێ بوومەدیەن قایلی کرد بە وەرگرتنی بەرپرسیاریەتی و پشتیوانیی سپایشی بۆ دابین کرد. لە 26ی سێپتەمبەری 1962دا، بە 141 دەنگ بە قازانجی وی و 13 دەنگ دژی، بین بیللا، متمانەی ئەنجومەنی نیشتمانیی وەرگرت و حوکوومەتەکەیشی لە ڕۆژی 28ی سێپتەمبەردا متمانەی وەرگرت. ئیدی بەو جۆرە بین بیللا، دوای دەست لە کار کێشانەوەی بین یووسف بین خەددە، لە 29ی سێپتەمبەری 1962دا بوو بە سەرۆکوەزیران. دوای ڕەزامەندیی گەلی جەزائیر لەسەر یەکەم دەستووری وەڵات، بین بیللا وەک یەکەم سەرۆککۆماری جەزائیری دیموکراتی گەلێر (الجمهورية الجزائرية الدمقراطية الشعبية) ناودێر کرا و گەل بە زۆرینەی دەنگ لە گشتپرسییەکدا لە 15ی ئوکتۆبەری 1963دا هەڵیانبژارد. لە کۆنگرەی حیزبی بەرەی ڕزگاریی نیشتمانیشدا لە ئەپریلی 1964، بین بیللا بە سکرتێری گشتیی مەکتەبی سیاسی هەڵبژێردرا، لێ پێش ئەپریلی 1963و بەستنی ئەو

کۆنگرەیە، بین بیللا تا ڕادەیەک ترسێکی لە موحەممەد خەیزەری سکرتێری ئەودەمی حیزبی بەرەی ڕزگاریی نیشتمانیی هەبوو، کە ڕەنگە بەرە بکاتە دوژمنی. بین بیللا لەو مێژووەدا لە نەیارەکانی ڕزگاری بوو، ئیدی پێی باش بوو، پێوەندی ڕاستەوخۆی لەتەک جەماوەردا پتەو و توند بکات، چون دەیزانی ئەوە تاکە بنەما و سەرچاوەی دەسەلاتی سەربەخۆیە.[76]

پاش سەربەخۆیی، بین بیللا، کە ڕێبەری هەرە گەلێری وەلات بوو، لەنێوان 15ی ئۆکتۆبەری 1963- 19ی جوونی 1965دا بوو بە یەکەم سەرۆکی جەزائیری ئازاد تا هوواری بوومەدیەن (هواري بومدين)ی هاوڕێی و وەزیری جەنگ، کوودێتای بەسەردا کرد. بین بیللا، وەک زۆرینە یا نزیکەی هەموو جەزائیرییانی دیکە، لە ژینگەیەکی هەژاردا گەورە بووبوو و هەر زوو درکی بە جیاوازییەکانی نێوان جەزائیرییانی خودانزەوی و کۆلۆنیالیستانی ڕۆژاوایی داگیرکەری زەوی و تالانکەری هەموو خێروبێری وەلات و دیلکەری خەلک، کردبوو. کە بین بیللا بوو بە کەسی یەکەمی وەلات، گوتی: "ئەم وەلاتە جوانە، کە حەوت سال لە جەنگدا ژیا و میلیۆنێک شەهیدی

---

76 حربي...، جبهة التحرير...، ص 311.

لە دەست دا، برینەکانی هێشتا خوێنیان لێ دەچۆڕێن و گەلەکەی لە هەژاریدا دەژی، لەسەر بناخەی نوێ لەسەرێڕا تا خوار، خۆی دروست دەکاتەوە، ئومێدەوارم کاتم بدرێتێ تا ئەو کارە بکەم".



ئەحمەد بین بیللا

## دەوڵەتی نوێزاوی جەزائیر

دوای سەرکەوتنی شۆڕش و سەربەخۆبوونی جەزائیر، داگیرکەر و خاوەنزەوی و خاوەنکارگە فرانسییەکان،

جەزائیریان جێهێشت و گەڕانەوە بۆ فرانسا. بەڵام هەروا بە سانایی و بێ کێشە جەزائیریان جێنەهێشت. ئەوان هەموو شتێکی جەزائیر و جەزائیرییانیان زەوت کردبوو و جەزائیرییان بۆ خۆیان خاوەنی هیچ نەبوون. ئەوان؛ فرانسییانی داگیرگەر، کە گەڕانەوە بۆ وەڵاتی خۆیان، شارەکانی جەزائیریان مینا کەلاوە و وێرانەیەک جێهێشت. لەماوەی یەک حەفتەی پێش ڕۆیشتنیان تەلار و باڵەخانەکانیان تەقاندنەوە و ڕووخاندن. کارگە و کێڵگەکانیان سووتاندن و دەسگە و دامەزراوە و فرۆشەگەکانیان تاڵان کردن. بۆمب و گوللەیان بەسەر زارۆک و ژن و پیردا بێ جیاوازیی باراند. شەقام و مەیدانەکان پڕ بووبوون لە خوێن و لاشەی کوژراو. کە جەزائیریان جێهێشت، باژێڕەکان دەتگوت چۆڵن، سووتابوون، دەرگەی خانووەکان لە گرێژنەوە دەرهاتبوون و دیوارەکان داڕمابوون و ڕووخابوون.

لە سەردەمی کۆلۆنیالیزمدا بەو ئەوروپاییە داگیرکەرانەی کە لە ماوەی چەندین نەوەدا هاتبوون و دەهاتن بۆ وەڵاتگەلی داگیرکراو و بندەست لە ئەفریقا و لەنێویشیاندا جەزائیر و تێیاندا نیشتەجێ بووبوون دەگوترا "پێ ڕەشەکان"، واتە: ئەو دەستەواژە و ناوەیان بۆ بەکار دەهێنرا. ئەو پێ ڕەشانە تا کۆلۆنیالیزم هەبوو، ئەوانیش لەو وەڵاتانە هەبوون و لەگەڵ ڕزگاربوونی ئەو

وەڵاتانەیشدا ئیدی ئەوانیش وەدەرنران. کاتێک پێ ڕەشەکان بە هەزارانیان بە کەشتییە مەزنەکان دەگەڕێنرانەوە یا دەگەڕانەوە بۆ بەندەرەکانی خوارووی فرانسا، لە بەرانبەردا هەزاران ئەوروپایی ڕوویان دەکردە کەنارەکانی باشووری زەریای ناوەڕاست و دەگەیشتنە وەڵاتانی تازەڕزگاربووی ئەفریقا. ئەوانە خۆبەخشگەلێکی چەپگەرا بوون؛ بژیشک، مامۆستا، ئەندازیار، پارێزەر و شارەزای کارگێڕی و بەڕێوبردن و...بوون. زۆرێک لەوانە بە جۆرێک بەشدارییەکی چالاکانەیان لە خەباتی گەلانی کۆلۆنیالکراودا کردبوو بۆ سەربەخۆیی و ڕزگارییان و دەهاتن بۆ بەشداریکردن لە بنیاتنان و دروستکردن و پێگەیاندن و گەشەکردن و پێشخستنی ئەو وەڵاتە نوێزاوانە. ئەو خەڵکانە بە پێچەوانەی پێ ڕەشەکانەوە، ناوی "پێ سوورەکان"یان لێ نرابوون و دەستەواژەی "پێ سوورەکان"، وەک دژ بە پێ ڕەشەکان بەکار دەهێنرا. زۆرینەی ئەو پێ سوورانە لە جەزائیر جێگیر بوون. ئەوان کە جەزائیریان هەڵبژارد، بێجگە لە ناو و مەزنی و گرنگیی شۆڕشی جەزائیر، کە پێشڕەوی خەبات و شۆڕشەکانی تەواوی جیهانی سێیەم بوو، هۆکارێکی گرنگ و ڕوونی دیکەیش لە ئارادا هەبوو بۆ خڕبوونەی ئەو پێ سوورانە لە جەزائیر و جێهێشتنی ژیانی ڕۆژاوا و تێروتەسەلی و تێکەڵبوونیان بە ژیانی شەکەتی و سەختی و نادیاری

جەزائیری نووزاد، ئەویش ئەزموونی خۆبەڕێوەبەری"التسيير الذاتي/ Self-management "ی سۆسیالیستیی بوو،، کە چێ گیڤارا لە بارەیەوە دەیگوت "ئەم ئەزموونە سۆسیالیزمێک بە هەناسەیەکی مرۆڤانەوە چێ دەکات" و کە سەرۆک ئەحمەد بین بیللا پیادەی دەکرد. گەڕانەوەی سپا و هێزە چەکدار و دەسگە سیخوڕی و هەواڵگرییەکانی فرانسا و ئەروپاییان، واتە: پێ ڕەشەکان و جێهێشتنی جەزائیر بۆ گەلی جەزائیر کارێکی باش بوو، لێ تا ڕادەیەک بە ڕۆیشتنی ئەوانەی لە بەڕێوەبەرایەتی و کارگێڕیدا کاریان دەکرد، جۆرە ڕەوش و حاڵەتێکی بۆشایی کارگێڕی و دامەزراوەیی و سیاسی هاتنە پێشێ. ئەوە یەکەم کۆسپێک بوو، ڕووبەڕووی بەرەی ڕزگاریی نیشتمانی بووەوە. دوای 132 ساڵێک لە کۆلۆنیالیزمی سەربازی و هزری و فەرهەنگی و ئابووری و جڤاکی و...، هاتنەپێشێی وەها بۆشاییەکی سیاسی و کارگێڕی، پێشهاتێکی سروشتی بوو، لێ درێژەی نەکێشا و پشتی ماوەیەکی کەم، باری ژیانی خەڵک بەرەو باشی چوو و مووچە بەرز بووەوە و ژمارەیەکی زۆر نەخۆشخانە و خوێندنگە دروست کران، هەموو ئەوانە بوون بە هۆی خاسبوون و بەرزبوونەوەی ئاستی بژێوی وەڵاتییانی جەزائیر و دەوڵەتیش دەستی بە گێڕانەوە و دامەزراندنەوەی کارگێڕی و دامەزراوە دەوڵەتییەکان

کردەوە. سپای جەزائیریش لە دوای شۆڕش نۆرەیەکی گرنگ و بنەڕەتی و فرە چالاکی لەو بووژانەوە و بیناکردن و دامەزراندنەوەیەدا بینی. سەرەتاکانی ئەو دەوڵەتە نوێیە تازەوەپێکەوتووە بڕێک سەخت بوو. خەزینەیەکیان هەبوو بەشی یەک حەفتەی نەدەکرد، دوای ڕۆیشتنی ئەوروپاییەکانیش کێماسییەکی زۆریان لە خەڵکانی بەهرەداردا هەبوو، یەک زانستگەیان هەبوو 500 خوێندکاری تێدا بوون، دوو ئەندازیاری تەلارسازی و 120 بژیشک و دەرمانسازیش بۆ تەواوی خەڵکی جەزائیر هەبوون. یەکەم کێشەیەک، تووشی حوکوومەت بوو، چوونە خوێندنگە و چالاکی و هەڵمەتی جووتکردن و کێڵان و تۆوکردن بوون، کە وەرزی هەردوو ئەوانە بەڕێوە بوون.

سەرۆک ئەحمەد بین بیللا، ئازایانە بەرەوڕووی ئەو کارە بووەوە و لەگەڵ سەختی و دژواریشدا لە کردەی کێڵان و تۆوکردندا سەرکەوت و ئیدی جەزائیریش وەرزێکی هات و پڕپیتی بەخۆیەوە دیت. بین بیللا، بەهۆی پێوەندێکی باشی لەگەڵ جێنێراڵ دو گۆلی سەرۆکی فرانسادا، چوونەخوێندنگەی ئاسان کرد و سەختییەکانی بەردەم بودجەیشی نەهێشت. لە مارسی 1963یشەوە، حوکوومەتەکەی بین بیللا، لە چوارچێوەی ئەو ڕێبازە ئابوورییە سۆسیالیستییە نەخشە بۆ داڕێژراوەدا، کە بە

کۆمەکی کۆمەڵێک ڕاوێژکاری سۆسیالیست و مارکسیست و کۆمیۆنیستی وەڵاتانی عەرەبی و بێیانی پێڕۆی دەکرد، دەستی بە خۆماڵیکردنی زەوییە کشتوکێڵییەکان کرد. لە ماوەی 132 ساڵی داگیرکردنی جەزائیر لە لایەن فرانساوە، ئەوەی فرانسای داگیرکەر دەیویست، لە وێرانکردنی ئابووری و کشتوکێڵ و برسیکردنی خەڵکی جەزائیر بە هۆی پێڕۆکردن و جێبەجێکردنی ئەو سیستمە ئابوورییەی بۆ جەزائیری دارِژتبوو، بەوەی بەردەوام پەرە بە داگیرکردنی هەرچی زیاتر زەویی کشتوکێڵییە بدات، مەبەست و ئامانجەکانی سیاسەتی کۆلۆنیالیی خۆی ئەنگاوتبوو. تەواوی ئەو زەوییانەیشی بە ڕێگەی قانوونەوە دەکردە بەشی گچکە گچکە و لە جووتیارانی جەزائیری دەسەندەوە و دەیخستنە ژێر دەسەڵاتی کۆلۆنیالیستانەوە.

ژان پۆڵ سارتر، لەمەڕ داگیرکردنی زەویی کشتوکێڵییەوە لە جەزائیر دەڵێ: "لە ساڵی 1850دا داگیرکەرە فرانسییەکان 115000 هێکتار زەوییان داگیر کردبوو و لە ساڵی 1900دا ئەو ژمارەیە بەرزبووەوە بۆ 1.600.000 هێکتار و لە ساڵی 1950دا ژمارەکە زیادی کرد و گەیشتە 2.703.000 هێکتار، دەوڵەتی فرانسایش بە ناوی زەوی ئەمیری (زەوی دەوڵەت)ەوە خاوەنی 11 میلیۆن هێکتار زەوی بوو لە جەزائیر، لە کاتێکدا

جەزائیرییەکان خۆیان لە وەڵاتەکەی خۆیاندا و لەسەر زەویی خۆیان، تەنیا 7 میلیۆن هێکتاریان بۆ جێهێڵراوە، واتە: لە ماوەی یەک سەدەدا سێیەکی زەوییەکان داگیر کراوە. ئێستا لە جەزائیر 6 هەزار موڵکداری فرانسی هەن، کە داهاتیان لە بەرهەمە کشتوکێڵییەکانیان لە دوانزدە میلیۆن فرانک زیاترە و هەندێکێشیان دەگاتە میلیارێک فرانک".[77] سارتر باس لەوەیش دەکات، کە 90%ی جووتیارانی جەزائیری لە زەوییەکانیان وەدەرنراون و دوورخراونەوە و لە زەویی خراپ و بێفەڕدا خڕکراونەوە و ناچار کراون لەوێدا بە کرێیەکی کەم و مانەندی بێگاری کار بکەن.[78] پاش گێڕانەوەی زەوییەکان و دوای چەند مانگێکیش، بین بیللا یەکەم کۆنگرەی جووتیاریی گرت، ئەویش لە چوارچێوەی سیاسەتێکی جووتیارانەدا، کە بە خۆبەڕێوەری "التسییرالذاتي" ناو نرا و تەواوی ئەو کێڵگە و زەوییە کشتوکێڵییانەی لە ژێر دەستی داگیرکەرە فرانسییەکاندا بوون، لێیان سەندرانەوە و کران بە موڵکی دەوڵەتی جەزائیر، واتە: موڵکی گشتی، کە ئیدی بە هەرەوەزی کاریان تێدا دەکردن و دیوانی نیشتمانیی ڕێکخستنەوەی بنیاتی جووتیاری، کە هەر لەو ساڵەدا

---

[77] سارتر.،، عارنا..، ص 10-11.

[78] سەرچاوەی پێشوو، ل 16.

دامەزرا، سەرپەرشتیی دەکرد. کە باسی سیاسەتی کشتوکێڵیی خۆی دەکات، بین بیللا دەڵێ: هەرچەندە کارێکی سەختە، لێ لە هەمان کاتدا سرووشبەخشە، گۆڕینی پارچە زەوییەکی بچووک بۆ زەوییەکی بەپیت و بەرهەمدار، بیرۆکەیەکی جوانە. ئەو سیاسەت و شێوازی خۆبەڕێوەبەرییە یا جووتیارییە، دواتر بۆ کارگەرانیش پێڕۆ کرا. ئەو بەرنامەیە بۆ جڵەوکردنی بیرۆکراتی و سووککردنی باری ئەو دوو چینە بوو، بۆوەی بۆ خۆیان ببنە خودانی بەرهەمی خۆیان.

بین بیللا، توانیی دیاردەی کاری کەوشڕەنگکردن (کەوشپاککردنەوە/ بۆیاغچێتی)، کە منداڵان دەیانکرد، نەهێڵێت. دوای پێنج مانگ لە وەرگرتنی دەسەڵاتی شۆڕشگێڕانەی وەڵات، بین بیللا بڕیاریدا، تەواوی منداڵە بۆیاغچییەکان لە شوێن و بنکەی بارهێناندا خڕکاتەوە و هەر خێزانی یەکێک لەوان 15 هەزار فرانکی فرانسی پێ بدات. ئیدی هەموو ئەو زارۆکانەی لە خۆپیشاندانێکی گەلێردا، کە بین بیللا بۆ خۆی ئامادەی بوو، خڕ کردەوە و ئەو زارۆکانەیش ئاگریان بەردایە قوتوو و ئامێر و ئامراز و عاسەلاکانی کارەکەیان و دەستیان بە خوێندن و فێربوون کرد. بین بیللا، گرنگیی بە ژنانی جەزائیریش دا.

چالاکوان و خەباتگێڕ ئانی شتاینەر[79] دەڵێ: "بین بیللا هەموو توانستێکی بە ژنان پێشکەش کرد و کوودێتای بوومەدیەن هەمووی بە بادا دا".

لە ئاستی نێودەوڵەتیدا، بین بیللا، کاری کرد بۆوەی جەزائیر بچێتە نێو هەموو ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانەوە. لە ئوکتۆبەری 1963دا، جەزائیر چووە نێو ڕێکخراوی دەوڵەتانی یەکگرتوو UN. جەزائیر، دەستی کۆمەکی بۆ هەموو شۆڕشەکانی ئازادیخوازیی لە جیهاندا درێژ کرد و تا ئەو ڕادەیەی جەزائیر بە مەککە یا ڕووگە (قیبلە/القبلة)ی

---

[79] ئانی شتاینەر Annie Steiner، ژنە چالاکوان و جەنگاوەری جەزائیری بە ڕەگەز جوو، ئەندامی بەرەی ڕزگاریی جەزائیر و ئەندامێکی چالاکی دەستە یا تۆڕی یاسیف سەعدی (یاسف سعدي) بۆ چاندنی بۆمب. لە 7ی فێبریوەری 1928دا لە باژێڕی حەجووت (حجوط) لە جەزائیر لە دایک بووە. لە 1949دا خوێندنی قانوونی تەواو کردووە و بووە بە پارێزەر. لە بنکە جڤاکییەکانی جەزائیردا، کاری دەکرد و وانەی دەگوتەوە. لە 15ی ئوکتۆبەری 1956دا دەستگیر کرا و لە مارسی 1957دا لەلایەن دادگەیەکی دەسەڵاتی سەربازیی فرانسییەوە لە جەزائیر، وەک یەکەم ژنە سیاسییەکی دەستبەسەرکراو بە پێنج ساڵ زیندانی، بە تۆمەتی کۆمەککردن بە بەرەی ڕزگاریی جەزائیر، سزا درا. لە 1961دا ئازاد کرا. کە جەزائیر ئازاد بوو، ئەو هاووەڵاتیەتی جەزائیری هەڵبژارد.

شۆڕشگێڕان ناو دەبرا. جەزائیر، لە ڕووی سەربازییەوە کۆمەکی بە بزاڤە ڕزگاریخوازەکانی وەک ANC و PAC لە خوارووی ئەفریقا و SWAPO لە باشووری ڕۆژاوای ئەفریقا و ZANU و ZAPU لە زیمبابۆی و MOLA لە ئەنگۆلا دەکرد. تەواوی ڕێکخراوە ئازادیخوازەکانی جیهان، ئەوەی کە بیردا دێت، لە جەزائیری ئەو ڕۆژگارەدا بنکەیەکی چالاکییان لە جەزائیری پێتەخت هەبوو، ئیدی لە بەرەی نیشتمانیی باشووری ڤییێتنام (ڤییێتکۆنگ) تا دەگاتە بەرەی ڕزگاریی مۆزەمبیق (Frelimo) و بزاڤی سەربەخۆیی نامیبیاوە تا دەگاتە بەرەی ڕزگاریی کۆنگۆ (CNLF)ەوە، دیارە ڕێکخراوی ئازادیی فلستینیش لە جەزائیر پێگەیەکی کاریگەر و بەهێزی هەبوو.

## گێچەڵی مەغریب بە جەزائیر

دوای ئازادبوون و سەربەخۆیی جەزائیر، لە لایەن مەغریبەوە تەشقەڵە و گێچەڵی پێ دەکرا. مەغریب ئامانجی بەرینکردنەوەی پانایی جیۆگرافیای وەڵاتەکەی هەبوو و گەرەکی بوو ئەو زەوییانەی، بە هیی خۆی دەزانی و کۆڵۆنیالیزمی فرانسی لە کاتی شۆڕشی ڕزگاریخوازییدا

لێی دابڕیبوو، بگێڕێتەوە. حوکوومەتی کاتیی جەزائیر بەڵێنیدا دوای سەربەخۆیی، لەو کێشەیە بکۆڵێتەوە. هەر دوای ئەوەی ساڵێک پێشتر، جەزائیر، دوای هەشت ساڵ شۆڕش دژ بە فرانسا، سەربەخۆیی وەدەستهێنابوو، لە کاتی دانوستاندندا لەمەڕ سنوور، کە لە شاری وجدە (وجدة) دەکرا، بە پشتگریی واشنگتن هێزەکانی مەغریب پەلاماری جەزائیریان دا. جەنگ لە سەر سنووری نێوان مەغریب و جەزائیر لە 8ی ئوکتۆبەری 1963دا هەڵگیرسا و نوێنەری شا حەسەنی دووەم لە 10ی ئوکتۆبەردا چوو بۆ جەزائیر، لێ هیچی پێ نەکرا و جەنگەکە پتر پەرەی سەند. بە گوێرەی پێکهاتنێک لە کۆنگرەی باماکۆ Bamakoی پێتەختی مالی، لە نێوان 29–30 ئوکتۆبەردا، لەژێر چەتری ڕێکخراوی یەکیەتیی ئەفریقادا، جەنگ لە 2ی نۆڤەمبەردا ڕاوەستا. لەم جەنگەی نێوان جەزائیر و مەغریب، لەنێوان 19ی ئوکتۆبەر – 2ی نۆڤەمبەری 1963، کە بە "جەنگی لم" ناوی دەرکرد، میسر 6 فڕۆکەی دا بە جەزائیر، لێ جەزائیر بە کاری نەهێنان. لەسەر داوای جەزائیر، حوکوومەتی کووبا، هێزێکی چەکداری بە سەرکردەیەتیی ئێفیخێنیۆ ئامێیخییێراس Efigenio Ameijeiras نارد، کە یەکێک بوو لە شۆڕشگێڕە شارەزاکانی سەردەمی شۆڕشی کووبا، بۆوەی بە هانای جەزائیرەوە بێت و هێرشەکەی مەغریب ڕابگرێت. تەنێ

ئامادەبوونی ئەو هێزە کووبابییە، مەغریبی ناچار کرد بە پاشەکشێ و گەڕانەوە. کووبا، 3 کەشتی پڕ بە چەکیشی نارد، بەڵام یەک حەفتە دوای ڕاگرتنی جەنگ گەیشتن. لەو جەنگەدا پتر لە 800 سەربازی جەزائیری کوژران. لە ناوەوەی وەڵاتیش ئەم جەنگە جەزائیرییانی یەکخست، چون هاوارەکەی بین بیللا، کە گوتی: "سووکیان کردین"، کاریگەریی خۆی لە جەزائیرییان کرد. ئیدی کۆمەڵێک لەوانەی لە سپا یاخی بووبوون و چووبوونە نێو قەبائیل (القبائل)ەوە گەڕانەوە نێو سپا و یەکێک لە سەرکردەکانیان گوتی:"جەزائیر، یەکەمە و پێش هەموو شتێکە".

## دژایەتیی بین بیللا

ئایت ئەحمەد و بووزیاف، هەر لە دەسپێکڕا، بە بیانووی ئەوەی هەر یەک لەوان لە بین بیللا شایستەتر و لەبەرترە، دژایەتیی بین بیللایان دەکرد. ئەوانەی دژایەتیی هاوپەیمانیەتییەکەی بین بیللا – بوومەدیەنیان دەکرد، لەگەڵ ئەوەیشدا کە تای تەرازووی بین بیللا سەنگینتر بوو، هەرگیز ڕانەدەوەستان و بین بیللایان بە دیکتاتۆر تۆمەتبار دەکرد و لە چالاکییەکانیان بەردەوام بوون و خڕبوونەوەی گەلێرییان دژ بە دەسەڵات ساز دەکرد. بین

بیللا، لەو ناکۆکییانەی لەنێو بەرەی ڕزگاریدا هەبوون، لەگەڵ چارەسەری سەربازییدا نەبوو، بۆ کێشەی ئۆپۆزیسیۆن (بووزیاف و ئایت ئەحمەد) لەگەڵ ویدا. ئەو حیسابی بۆ بووزیاف و هاوبیرانی دەکرد و گەرەکی بوو، دەسەڵات لەتەک بووزیافدا دابەش بکات. بین بیللا دەیگوت:"با ئەو حیزب وەرگرێت و من حوکوومەت یا بە پێچەوانەوە".[80] ئەم ئۆپۆزیسیۆنە بوو بە هەڕەشەیەک، چون گەیشتە پلەی یاخیبوونی سەربازی و ئیدی بووزیاف گیرا.

لە 9ی جووڵای 1963دا، ئایت ئەحمەد، جاڕی یاخیبوونی دژ بە دەسەڵات دا و چووە ڕیزی دەستەکەی کۆلۆنێل موحەننەد ئولحاج (محند أولحاج)ەوە، کە لەگەڵ سەربازەکانیدا لە چیاکانی ئەلقەبائیل (القبائل)[81] هەر لە

---

[80] حربي...جبهة التحرير...ص 267.

[81] دەڤەری قەبائیل (القبائل) یا وەڵاتی قەبائیل، دەڤەرێکی فەرهەنگی و سروشتییە لە باکووری ڕۆژهەڵاتی جەزائیر. دەڤەرەکانی بوومرداس (بومرداس)، تیزی وزوو (تيزي وزو)، بەججایە (بجاية)، بووەیرە (بويرة)، سەتیف (سطيف) و... دەگرێتەوە. بەشێکی چیاکانی ئەتڵەس (جبال الأطلس) دەکەوێتە ئەو دەڤەرە. پڕانی دانیشتووانی بەربەرن (ئەمازیغ)، زمانی خۆیان دەپەیڤن، لێ زمانی ڕەسمییان عەرەبییە. دەڤەری قەبائیل، سروشتێکی جوان و پڕ ئاژەڵی هەیە. هەردوو سەرکردەی جەزائیری کەریم بەلقاسم (كريم بلقاسم) و

سەرەتای سەربەخۆییەوە یاخی بووبوون. ئیدی زۆرینەی سەرکردەکان لە دەڤەری  ئەلقەبائیل، بێجگە لە هەردوو کۆلۆنێل موحەممەدی ئەلسەعید (محمدي السعيد) و ئیعزووزن (إيعزوزن)، بۆ ڕووخاندنی بین بیللا، تەنانەت ئەگەر بەهێز و بەزۆریش بێت، یەکیان گرت. تەواوی هەوڵەکان بۆ گێڕانەوە و پەشیمانکردنەوەی ئایت ئەحمەد لە یاخیبوونە چەکدارییەکەی، هەرچەندە کۆلۆنێل موحەننەد ئولحاجی هاوپەیمانیشی پاشگەز بووبووەوە، جێی خۆی نەگرت و سەرکەوتوو نەبوو. سپای جەزائیر لە 17ی ئوکتۆبەری 1964دا توانیی، ئایت ئەحمەد دەستگیر بکات و بیخاتە زیندانەوە. ئایت ئەحمەد دادگایی کرا و فەرمانی لە سێدارەدانی دەرکرا، لێ بین بیللا لە جێبەجێکردنی فەرمانەکەدا پەلەی نەکرد. بین بیللا، نەک تەنێ لە سەردەمی دەسەڵاتداریەتیدا، تەنانەت لە سەردەمی شۆڕشیشدا، لەگەڵ کوژتنی سەرکردەکانی شۆڕش و بزاڤەکەدا نەبوو، وەک ئەوەی بەرانبەر عەببان ڕەمەزان (عبان رمضان) [82] کرا و کوژرا.

---

حوسەین ئایت ئەحمەد (حسين آيت أحمد) خەڵکی ئەو دەڤەرەن و سەر بە ئەمازیغەکانن.

[82] عەببان ڕەمەزان (عبان رمضان 1920-1957). لە خێزانێکی دارا لە دەوروبەری باژێڕی تیزی وزوو (تيزي وزو) لە دەڤەری قەبائیل (القبائل) هاتووەتە دنیاوە. پاش تەواوکردنی قۆناخی بەکالۆریا، لە

سەردەمی یەکەم جەنگی جیهانیدا بووە بە دەرەجەدار لە ڕیزی سپای فرانسادا. پاش ئەوە چووەتە ڕیزی حیزبی گەلی جەزائیر (حزب الشعب الجزائري)یەوە. بەشداریی خۆپێشاندانەکانی 8ی مەی 1945ی کردووە و دواتر بووە بە ئەندامی ڕێکخراوی تایبەت. لە لایەن دەسەڵاتی داگیرکەری فرانساوە دەستگیر کراوە و شەش ساڵ زیندانیی بۆ بڕاوەتەوە. پاش ئازادبوونی لە 1955دا دەچێتە ڕیزی شۆڕشەوە. لەسەر داوای کەریم بەلقاسم لە جەزائیری پێتەخت دەمێنێتەوە، چون بەلقاسم پێی دەڵێ: "شۆڕش لە پێتەخت، نەک دەڤەری قەبائیل، زیاتر پێویستی بەوە ". عەببان، چالاکوانێکی سیاسی و سەرکردەیەکی شۆڕشگێڕی جەزائیری بوو و یەکێک بوو لە ڕێکخەرانی خەباتی چەکداری لە شۆڕشی جەزائیردا و بە یەکێک لە دیارترین سەرکردەکانی شۆڕش دەژمێردرێت و وەک سەرکردەیەکی سیاسی و شارەزا لەنێو بەرەی ڕزگاریی جەزائیردا دەناسرا و پێیشی دەگوترا، ئەندازیاری شۆڕش. ڕۆڵێکی مەزنی لە یەکخستنی هەموو دەستە و حیزب و لایەنە سیاسییەکانی جەزائیردا لەنێو بەرەی ڕزگاریدا هەبوو و وەک ڕێکخەری سەرەکیی کۆنگرەی سوممام دەژمێردرێ. لە پاش کۆنگرەی سووممام ئیدی ناکۆکی لەنێوان عەببان ڕەمەزان و عەبدولحەفیز بووسووف (عبد الحفيظ بوالصوف)، کەریم بەلقاسم (كريم بلقاسم) و لەخزەر بین توووبال (لخضر بن طوبال)دا سەری هەڵدا. سیاسییەکان لەو کۆنگرەیەدا دەستیان بەسەر بڕیارەکانیدا گرت. لەپێش هەموو ئەوانیشەوە عەببان، کە بوو بە ژمارەی یەکەم لە لیستی بەرەدا و ئەویش شایستەیی پلەی یەکەمی بە کاری سیاسی بەخشی و ئامانجی کاری سەربازی بە وەدیهێنانی خواستی سیاسی دەبینی. ئەو بۆچوونەی عەببان لەکن سەرکردەکانی شۆڕش لە دەرێ و لە ناوەوە هەستێکی

وای هێنایە گۆڕێ کە عەببان و هاوبیرەکانی هەوڵ دەدەن بۆ ئەوەی بە تەنێ خۆیان دەست بگرن بەسەر سەرکردەیەتی شۆڕشدا تا لەو ڕێگەیەوە هەڵبژاردەی دانوستاندن لەگەڵ فرانسادا بۆ وەدەستهێنانی سەربەخۆیی بهێڵنەوە. لەو کەشە سیاسییە ئاڵۆزەدا، کۆنگرەی قاهیرە لە ساڵی 1957دا بەسترا و بڕیاری کەنارخستنی عەببان لە ڕووی سیاسییەوە درا، بەوەی سەرپەرشتیاریی بڵاوکراوەی موجاهید بکات. عەببان، ئەوەی بە دوورخستنەوە و پشتگوێخستن دانا و لە بڵاوکراوەکەیەوە دەستی کرد بە هێرشکردنە سەر نەیارە سیاسییەکانی لەنێو دەستە سەربازییەکەدا کە وەلایان نابوو. هەندێک کەس باس لەوە دەکەن کە عەببان ژێراوژێر پێوەندی بە دوژمنەوە، واتە: فرانسا کردبێت و هاوڕێیەکانی بە جۆرێک پێیان زانیبێت و قایلیان کردبێت بەوەی لەگەڵ خۆیان بیبەن بۆ مەغریب بۆ دیداری شا موحەممەدی پێنجەم و لەوێ (لە مەغریب) دادگاییان کردبێت و فەرمانی کوژتنیان دابێت. هەندێکیش ئەو بۆچوونە بە ڕاست نازانن. باس لەو کێشەیەی نێوان عەببان و کەریم بەلقاسمیش دەکرێت کە دوای کۆنگرەی قاهیرە، ئەوەی کە بڕیاری وەلانانی عەببانی تێدا درا، کاتێک عەببان گەرەکی بوو کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی بکات و کەریم بەلقاسم داوای کرد کۆنگرەکە بەڕێوە ببات، عەببان زۆر تووڕە بوو لە بەلقاسم و سووکایەتی پێ کرد و پێی گوت :"کەرە، تۆ بە چ زمانێک دەتوانیت چالاکی ببەخشیتە کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکە؟ بە عەرەبی، فرانسی یا ئینگلیزی؟ خۆ تۆ هیچیان بە باشی نازانیت، مەگەر بە زمانی قەبائیلی (واتە: ئەمازیغی) قسە بکەیت". ئیدی لە 15ی دیسەمبەری 1957دا بڕیاری لەبەینبردنی عەببان درا، کاتێک بردیان بۆ کێڵگەیەک لە تیتوان(تطوان) لە ڕێگەی تەنجە (طنجة) لە مەغریب. لەوێ لە



عەببان ڕەمەزان

---

خانوویەکی تایبەتی هەواڵگریی بووسووفدا، لە لایەن دوو کەسی سەر بە بووسووفەوە خنکێنرا و کوژرا، بێ ئەوەی، جەللادەکانی بشزانن ئەو قوربانییە کێیە، وەک چۆن هەمیشە لە کوژتنە سیاسییەکاندا ڕوودەدات بە ناوی "لەبەینبردنی ناپاکێک". کوژتنی عەببان بە تۆمەتی ناپاکی تا ساڵی 1984 بە شاراوەیی مابووەوە، ئیدی لێخۆشبوونێکی سەرۆکایەتیی دەرچوو و ناوی بیستویەک کەسی لە لیستی ناپاکی سڕییەوە و وەک شەهید ژماردنی، عەببان یەکێک بوو لەوان.

دوای سەربەخۆییش بین بیللا لەگەڵ سزادان و تۆڵەسەندنەوە لە منداڵانی حەرەکی (الحركي)یش،[83] واتە:

[83] حەرەکی (الحركي)، ئەو جەزائیرییانەن، کە خزمەتیان بە داگیرکەری فرانسا کردووە. ئەمانە دوو جۆرن، یەکەمیان: ئەوانەن کراونەتە سەرباز و دەبوو لە ڕیزی سپای فرانسادا سەربازی بکەن. لە کاتی شۆڕشی جەزائیردا (1ی نۆڤەمبەری 1954-5ی جووڵای 1962)، فرانسا دژ بە شۆڕشگێڕە جەزائیرییەکان بە کاری دەهێنان، جەنگی پێ دەکردن و سیخوڕیشی بۆ فرانسا پێ دەکردن. دووەمیان: ئەو جەزائیرییانەن بۆ خۆیان بە ئارەزوو و خواستی خۆیان چووبوونە ڕیزی سپای فرانساوە و زۆرینەیان بەشداریی یەکەم جەنگیی جیهانی یا دووەم جەنگ یا جەنگی هیندوستان و چینیان لە ڕیزی سپای فرانسادا کردبوو. ئەمانەی دەستەی دووەم، جاش بوون. پێناسەی حەرەکی ئەمڕۆ لەکن جەزائیرییان، ئەو کەسەیە ناپاکیی لەهەمبەر نیشتمانەکەی کردووە و دژی بووە، واتە: جاش. وشەی حەرەکی، لە دەسپێکدا بۆ دەستەکەی مسالی ئەلحاج بە کار دەهێنرا. ئەلحاج لەگەڵ بەرەی ڕزگاری و شێوازی خەبات و هەندێک بۆچوونی واندا جیاواز بوو و باوەڕی بە شۆڕشی چەکداری نەبوو. ئەو حەرەکییانەی فرانسا کردبوونی بە سەرباز، ناوەکەیان لە بزاڤەکەی ئەلحاجەوە وەرگرتبوو. حەرەکی، بەشێک بوون لە سپای فرانسا و ژمارەیان دەگەیشتە 100000 کەس. زۆرێک لەوان، دوای سەربەخۆبوونی جەزائیر، لە ڕیزی سپای فرانسا هاتنە دەرێ و تێکەڵ بە بەرەی ڕزگاری بوون و بەشداریی دەسەڵاتیان کرد. حەرەکییەکانی، کە خۆبەخشانە لەگەڵ فرانسادا دژی شۆڕش کاریان دەکرد (جاشەکان)، ژمارەیان 63000 کەس

بوون، ئەمانە جۆرێکی دی بەرخوردیان لەگەڵ کرا، فرانسا زۆرێک لەوانی، بەتایبەت ئەوانەی لە ژیانی خۆیان دەترسان، لەگەڵ خۆدا دوای جێهێشتنی جەزائیر، بردەوە بۆ فرانسا. بە هەردوو دەستەکەوە ژمارەی حەرەکی 163000 کەس بوون. بێجگە لەو حەرەکییانە بە جاش و ناجاشیانەوە، ماشینی سەربازیی فرانسا بۆ خۆی لە جەزائیردا، کە جەنگیی شۆڕشگێڕان و گەلی جەزائیریان دەکرد پێکهاتبوو لە 250 هەزار سەرباز. حەرەکی، ئەوانەی بە ناپاکی بەرانبەر شۆڕشی جەزائیر(1954–1962) تاوانبار دەکرێن و لەگەڵ داگیرکەردا بوون، تا ئەمڕۆیش نەنگی و شەرمێک وەدوویانەوەیە و لێیان نابێتەوە و لە نەوەیەکەوە دەگوێزرێتەوە بۆ نەوەیەکی تر، بە تەواوبوونییشیان دواییان نایەت و وەچە لە دوای وەچە لەگەڵیاندایە. منداڵانیان، پاشان نەوەکانیان، هەر هەموویان ناسنامەیەکی دیار و چەسپاویان نییە و وەک ڕەزا قورس دەبینرێن و هەمیشە لە پێوەندیاندا لەگەڵ نیشتمانی دایکدا بە گومانەوە لێیان دەنۆڕدرێت. ئەمانە، بێجگە لە سەرۆک بین بیللا هیچ دەسەڵاتدارێک داکۆکی لێ نەکردوون و بە دەگمەنیش ڕووناکبیرانێک نابینرێنەوە کێشەی ئەوانیان خستبێتە ئەستۆی خۆیان یا هاوسۆزییەکیان بۆیان بووبێت. ئەمانە مافی ئینتیمایان بۆ نیشتمانەکەی خۆیان لێ سەندراوەتەوە و ناو و ناوبانگیان زڕێنراوە و لە یادگە سڕاونەوە و نەیانتوانیوە لایەک یا بەرەیەکی گونجاو هەڵبژێرن تا لە کۆتاییدا خۆیان لە دەرێی وەڵاتەکەی خۆیان دۆزیوەتەوە کاتێک وەدەرنراون و گەڕانەوەیشیان لێ قەدەغە کراوە. ئەوانەی لەتەک ئاراستە و دیدی بەرەی ڕزگاریی نیشتمانیدا نەدەگونجان، هەموو خۆیان لە دەرێی وازییەکە دۆزییەوە، دوور لە نیشتمانەکەیان، لایەنگرانی حیزبی گەل، حیزبەکەی مسالی ئەلحاج وەک نموونە، کە

جەزائیرییانی سیخوڕ و بەکرێگیراوانی داگیرکەرانی فرانسادا نەبوو، بەهۆی ناپاکیی باوکانیانەوە. بین بیللا سیاسەتی چاوپۆشی و لێخۆشبوونی پیڕۆ دەکرد.

یاخیبوونەکان ڕیزەکانی سپایشیان گرتەوە. یاخیبوونەکەی دەڤەری ئەلقەبائیل و شەعبانی لە باشوور، دیارترینیان بوون. کۆلۆنێل شەعبانی لەگەڵ بوومەدیەندا، لەمەڕ ئەفسەرەکانی کە لە سپای فرانسا هەڵهاتبوون، ناکۆک بوو، چون ئەو گومانی لە دڵسۆزیی ئەوان هەبوو. بین بیللا سەری سووڕمابوو و نەیدەزانی چۆن مامەڵەی

---

هاوتای بەرەی ڕزگاری بوو. حیزبی گەل حیزبێکی نیشتمانپەروەر بوو، لێ باوەڕی بە شۆڕشی چەکداری و بە تێکەڵی نەبوو. وەها ڕەوشێک تووشی شێخانی ڕێبازە سۆفیگەرییەکانیش بوو، کە ڕسوایی و نەنگییەکەیان لەگەڵ خۆیاندا برد بۆ فرانسا، بەهۆی دەنگۆیەکەوە کە گوایە :سۆفییەکان لە کارگێڕییە کۆلۆنیالیستەکەوە نێزیکن. لە سەردەمی هەژان و کڵپەی سەربەخۆییدا پاکتاو و کوژتن و توندوتیژی دژ بە هاونیشتمانیانی نێو یەک نیشتمان پیڕۆ کرا و خەڵک دابەشکران بەسەر شۆڕشگێڕان و حەرەکیدا. شۆڕشگێڕان لە جەزائیر مانەوە و ئەوانی دیکە لە جەزائیر دەرکران و دەسەڵاتداریەتیی نوێ ناویانی لە پەروەندەی تایبەتدا تۆمار کرد بۆ ئەوەی ڕێگەی فڕۆکەخانە و بەندەر و سنوورەکانیان لەسەر دابخرێت و هاتنە نێو جەزائیریان لەسەر قەدەغە بکرێت. تۆمەتی حەرەکی منداڵ و نەوەکانیان و ئەوانەی دوای ئەوانیش دێن، بە ڕژگاریی بۆیان دەمێنێتەوە.

لەگەڵدا بکات. ئەو پرسە، بوو بە کێشەیەک و ئیدی شەعبانی دەستگیر کرا و درایە دادگا و فەرمانی لە سێدارەدانی درا. ئیدی بەو جۆرە ڕێژیمی بین بیللا هەموو نەیارە سیاسییەکانی بێلایەن کرد. فەرحات عەبباس، لە ئەدرار (أدرار)، لە خوارووی وەڵات خرایە ژێر چاودێری و ماڵنشینی بە تۆبزی، بووزیاف گیرا، ئایت ئەحمەد زیندانی کرا، بێجگە لەمانەیش، سیاسەتکارانێکیش پێیان باش بوو، لە دەرێی جەزائیر لە مەنفا بمێننەوە و وەک ئۆپۆزیسیۆن کار بکەن. هەرچەند بین بیللا، لە دەسپێکی دەسەڵاتیدا، بە هۆی زۆریی سەرکردە و ڕەوت و ئاراستەی جیاوازەوە، سیاسەتێکی نەرم و میانڕەویشی گرتبووە بەر، لێ لەو ڕەخنانەی لە ڕێژیمی وی دەگیرا، لەنێوبردنی ئۆپۆزیسیۆنە سیاسییەکانی بوو، کە پاڵی بە هەندێ کەسەوە نا، بچنە پاڵ ئۆپۆزیسیۆنەکان لە دەرێی وەڵات. ڕەخنەی ئەوە لە بین بیللا دەگیرا، کە تاکڕۆ بووە لە فەرمانڕەواییدا و هەموو دەسەڵاتەکانی لەکن خۆی خڕ کردووەتەوە، لێ وەها کردەوەیەک یا بەرخوردێکی بین بیللا، ئەگەر برێک ڕاستیشی تێدا بێت، دەگەڕایەوە بۆوەی، ئەو لەو باوەڕەدا بوو، ئەو سەردەمە سەختە، پێویستی بەوە بوو دەسەڵاتێکی نێوەندەکیی بەهێز هەبێت.

# کۆڵەکەکانی بەرنامەکەی بین بیللا

عەرەبایەتی، ئیسلام و بیرازکردنی کشتوکێڵ، سێ کۆڵەکەی بەرنامەکەی بین بیللا بوون.[84] بین بیللا، هەوڵی گواستنەوەی جەزائیری دەدا بۆ سەردەمێکی نوێ. دروستکردنی دەوڵەت، چاکسازیی کشتوکێڵ، پیشەسازی، ئازادیی ژنان، نەهێشتنی شوێنەواری دەرەبەگایەتی، هەموو ئەو هەنگاوانە، کە بە گوێرەی تیۆریی مارکسیزم، لە میانەی شۆڕشی دیموکراتی بۆرژوازی یا شۆڕشی دیموکراتیی گەلیردا ڕوو دەدەن، بەشێک بوون لە نەخشەی بین بیللا بۆ جەزائیرێکی نوێ.[85] وەک جەختکردنێک لە پابەندبوونی جەزائیری سەربەخۆ، بە ئایینی ئیسلامەوە و پاراستنی ناسنامەی ئیسلامیی گەل و وەڵاتی جەزائیریش، لە بەند (مادده، خاڵ)ی چوارەمی، یەکەم دەستووری وەڵاتدا لە ساڵی 1963دا و لە سەردەمی سەرۆک بین بیللادا، ئیسلام وەک ئایینی دەوڵەتی جەزائیر دانراوە و ئەو بنەمایە لە بەندی دووەمی هەموو دەستوورەکانی دواتریشدا ماوەتەوە و

---

[84] حربي...، جبهة التحرير...، ص 267.

[85] سەرچاوەی پێشوو، ص 272.

پارێزراوه.[86] دیاره تێکەڵکردنی ئایین بە سیستمی دەسەڵات، بە قایلبوونی بەرەی ڕزگاریی نیشتمانیی جەزائیر بووە، کە حیزبی فەرمانڕەوا بوو.[87]
بە باوەڕی من، دەوڵەت، کە دامەزراوەیەکەی کارگێڕی و بەڕێوەبردنە و کەسیەتییەکی مەعنەوی و قانوونی هەیە نەک فیزیکی، ناکرێت خاوەنی ئایینێک بێت یا پۆشاکێکی ئایینیی بە بەردا بکرێت و ناوی یەک ئایینی بەسەردا ببڕێت، چون لە هەموو حاڵێکدا لەنێو هەر دەوڵەتێکی ئیسلامی یا نائیسلامیدا، ئایینی دیکەی بێجگە لەو ئایینەی بۆ دەوڵەتەکە هەڵدەبژێردرێت یا ڕاستتر "دەسەپێنرێت" هەیە و گەلێ جاریش چەندین ئایین هەن. دەوڵەتی

---

[86] سەپاندن یا هەڵبژاردن و دانانی ئایینێک بۆ دەوڵەت، وەنەبێ تەنێ دەوڵەتی جەزائیر کردبێتی و کردەیەکی نوێ بێت لە دەوڵەتداریدا. گەلێ دەوڵەتی دیکەیش ئەو کارەیان کردووە. ئێران، لە دوای شۆڕشی ئیسلامی: ئیسلامی شیعە، وەڵاتی مەغریب: ئیسلامی مالیکی، عەرەبستانی سعوودی: ئیسلامی حەنبەلی، ئیسرائیل: جوولەکایەتی، دەوڵەتگەلی وەک دانمارک، ئایسلاند و نۆروێژ: مەسیحییەتی پرۆتستانتی، دەوڵەتانی یۆنان، پاش ڕووخانی ڕێژیمی سۆسیالیستیش گورجستان و بولگاریا: مەسیحییەتی ئەرتۆدۆکسی، ئەرمەنستان: لە ساڵی 301ی زایینەوە مەسیحییەتی کڵێسەی ئەرمەنی، بڕێک وەڵاتی ئاسیایی: بوودایی، هەموو ئەو ئایین و ئایینزایانە بە ڕەسمی وەک ئایینی دەوڵەت دانراون.

[87] حربي...، جبهة...،ص 250.

دامەزراو لەسەر بنەمای  ئایینی، لە باشترین حاڵدا بەرەو بەڕاستنەزانینی ئەوی دیکە و تاوانبارکردنی دەڕوات، چون ڕا و بۆچوونی ئەوی دی بە کفر و ناڕاست دادەنرێت. لە وەها دەوڵەتێکدا ئازادیی تاکەکەس چاودێری دەکرێت و سنووردار و ڕێگەپێنەدراوە. دەوڵەت، ئەگەر لەسەر ئایینێک دامەزرا، ئیدی ئیسلام، مەسیحییەت، جوولەکایەتی یا...، دەکاتە ئەوەی دەوڵەتێکی ئیدیۆلۆگییە. لە وەها دەوڵەتێکدا یەک ئایین باڵادەست دەبێت  و ئایینەکانی دیکە بە پلەی دووەم دێن. ئایین، هەر لە بنەما و دەسپێکڕا، کە پەیامهێنان پەخشیان کردووەتەوە، گرنگیدان بووە بە ڕێزی مرۆڤ بەرەو کامڵبوون و وەدەستهێنانی فەرهەنگ و ئاکار و پێویستییەکانی گەیشتن بە نموونەیی، ئیدی ئەو نموونەیە موحەممەد یا عیسا یا هەر پەیامهێنێکی دیکە بێت، چون هەموو پەیامەکان یەکێکن و هیچ جیاوازییەک لەنێوان تێڕوانین بۆ نموونەیی و بەخشندەییاندا نییە، چ ئیسلام یا مەسیحیی بێت. ئایین بۆ خەڵک و مرۆڤە و بۆ دروستکردن و پێگەیاندنی مرۆڤە، نەک بۆ دەوڵەت. ئایین، باوەڕ و پەیام و پەروەردە و ئەخلاقە بۆ بەرهەمهێنانی تاکی باش، کە ئەو تاکە باشانە جڤاکی باش پێک دەهێنن. دەوڵەت، دەبێ دامەزراوەیەکی بێلایەن بێت و بۆ هەموو دانیشتووان و خەڵکی وەڵات بێت بە یەکسانی و بێ جیاوازی. ئەوەی لە دەستووری

جەزائیردا هاتووە، دیاریکردنی ئایینی ئیسلام وەک ئایینی دەوڵەت، تەنێ وەک پەرچەکردارێکی دژایەتیی کۆلۆنیالیزمی فرانسی بووە، کە دیارە ئەوروپایی و مەسیحییە، دەبوو وا نەبووایە!

هەندێ کەس گازندەی ئەوە لە بین بیللا دەکەن، کە پتر خۆی بە بەڕێکردن و کارڕایی پرسە ڕۆژانەکانەوە خەریک کردووە، نەک پرسە ستراتیژییە دوورمەوداکان. هەروەها گلەیی ئەوەیشی لێ دەکرێت، لە گێڕانەوەی وێنە گەلێرییەکەی حیزبی بەرەی ڕزگاریشدا سەرکەوتوو نەبووە و تەواوی چالاکییە سیاسییەکانیشی تەنێ لەو حیزبەدا خڕ کردووەتەوە. لە کاتێکدا کۆچی دەشتەکییان (ئاوایی و گوندنشینان) بۆ نێو شاران، وەدووی ژیانێکی باشتردا، هۆکارێکی گرنگ بوو بۆ بەرزبوونەوەی ڕێژەی بێکاری، کە بین بیللا لە میانی پرۆژەی بیرازی کشتوکێڵەوە دژی ئەو کۆچکردنە دەوەستایەوە و هەوڵی چارەسەرکردنی دەدا، لە بواری ئابوورییشدا، ڕەخنەکان باسیان لە هەڵچوونی ڕێژەی بێکاران دەکرد (2.5 ملیۆن بێکار، لەنێو 11 میلیۆندا، کە دانیشتووانی جەزائیرن، لە ساڵی 1964دا) و باس لە سەرنەکەوتنی خۆبەڕێوەبەریی کۆمپانیاکانیش دەکرا، لەوەی ئەنجامگەلێکی باش بە دەستەوە نادەن. ئامانج لە خۆبەڕێوەبەردنی کۆمپانیاکان

ئەوە بوو، سامان و موڵکی کۆمپانیاکان بۆ دەوڵەت بمێنێتەوە و قازانجەکەیشی بۆ کارگەران بگەڕێتەوە بۆ هاندانیان بۆ کاری زیاتر. لەهەمبەر ئەوەدا بین بیللا ڕێگەی بەوە نەدا، هەندێ جەزائیری ببنە دەرەبەگی نوێ، ئیدی لەوەدا لەگەڵ فەرحات عەبباسدا تێکچوو، چون ئەو (فەرحات عەبباس) سیستمێکی لیبراڵی دەویست. بڕێک لەوانەی شارەزایانی ئەو مێژووەن، دووساڵ و نیوی فەرمانڕەوایی بین بیللا بە کەم دادەنێن، بۆوەی بتوانرێ هەڵسەنگاندنی باش یا نەباشی بۆ بکرێ.

# جەزائیری سەردەمی بین بیللا، بێشە و بنکەی شۆڕشگێڕان

گومان لەوەدا نییە کە چینە هەژارەکانی جڤاکی جەزائیر ئافرێنەری یەکێک بوون لە شۆڕشە نیشتمانی و ڕزگارییە مەزنەکانی مێژوو. شۆڕشی جەزائیر (1954–1962) لە پەیام و نەخشە و گەلاڵەکانیدا و بە هەموو پێوەرێک، هەر لە دەسپێکی سەرهەڵدانیەوە شۆڕشێکی نێونەتەوەیی بوو، هەر بۆیە هاوڕێیەکی نێزیکی شۆڕشی ڤییێتنام و شۆڕشی کووبا  و جووڵێنەری ڕاستەقینەی بزاڤی چەکداریی گەلانی

دیکەی ئەفریقا بوو دژ بە کۆلۆنیالیزم، لە ئەنگۆلا و مۆزەمبیق وەک نموونە، کۆمەکی بەو بزاڤە ڕزگاریخوازانە دەکرد و سرووشبەخشی شۆڕشی فلستینی و گەلی بێئاوانی ڕۆژاوا (الصحراء الغربية)یش بوو لە خەباتی بەردەوامیاندا بۆ سەربەخۆیی. خەباتی سپای ڕزگاریی جەزائیر، تەنێ بۆ ڕزگاریی نیشتمانی و جڤاکی و فەرهەنگی  و ئابووری نەبوو، بەڵکە خەباتێک بوو بۆ ئازادیی تەواوی کیشوەری ئەفریقا. هەردوو سەرکردەی شۆڕشگێڕ موحەممەد ئەلعەرەبی بین مهێدی و فرانز فانۆن، لە تێز و دەقەکانی خۆیاندا، گەلێ جار جەخت لەوە دەکەنەوە و لای ئەوان سەرۆک بین بیللایش، بە هزر و بە کردار، نوێنەر و نیشانە و ڕێبەری وەها نەخشە و بزاڤێک بوو. شاری جەزائیری پێتەختی وەڵاتی جەزائیر، لە سەردەمی ڕزگاربوون و سەربەخۆیی و دەسەڵاتی سەرۆک بین بیللادا، بووبووە بێشەیەکی هزری و مەیدانی چالاکی، بۆ تەواوی بزاڤ و خەڵکانی شۆڕشگێڕ و دژە ئیمپریالیزم و ئازادیخوازانی نێونەتەوەیی.

سەرکردەکانی بزاڤە ڕزگاریخوازەکانی لاتین ئەمەریکا، ئەفریقا و هیی دیکەیش، سەردانی ئەوێیان دەکرد و لەوێ دەمانەوە و هەموو کارئاسانییەکیان بۆ دەکرا و کۆمەکیان پێ دەکرا، بۆ درێژەدان بە خەبات، دژ بە ئیمپریالیزم و کۆلۆنیالیزم و ستەم، لەپێناوی ئازادیدا. دەشێ وەک

نموونە، دوورخراوانی کۆلۆنییەکانی پورتوگال، ئەوانەی دوای خۆپیشاندانەکانی ئەنگۆلای (1961) و گینیا بیساوی (1962) و مۆزامبیکی (1963)، دوورەگەزەکان (Mulatto) و کەمینەکانی وەک ڕووناکبیرانی کاپ ڤێردە (الرأس الأخضر/Cabo Verd)، باس بکرێن. هەروەها ئەمیلکار کابرال (Amílcar Lopes Cabral)ی[88] شۆڕشگێڕ، مالکۆلم ئێکس (Malcolm X)،[89] یەکێک لە

---

[88] ئامیلکار کابرال، بە سپانی Amílcar Lopes da Costa Cabral (1924-1973)، یەکێک لە بەناوێترین سەرکردە ئەفریقاییەکان، کە دژ بە کۆلۆنیالیزم جەنگا. کابرال، ڕێبەری بزاڤی نەتەوەیی گینیا بیساو و دوڕگەکانی کاپ ڤێردە یا سەری سەوز بوو. پێش ئازادبوونی گینیا بیساو، کابرال لە 1973دا کوژرا. کابرال، هەرچەندە مارکسیست نەبوو، لێ کاریگەرییەکی قووڵی مارکسیزمی لەسەر بوو و بووبووە سرووشبەخشێک بۆ شۆڕشگێڕانی سۆسیالیست و بزاڤە ئازادیخوازەکانی هەموو جیهان.

[89] مالکۆڵم ئێکس Malcolm X(1925-1965)، ئەمەریکاییەکی بە ڕەچەڵەک ئەفریقایی بوو. بانگخوازێکی ئیسلامی و داکۆکیکارێکی مافی مرۆڤ بوو. پیاوێکی ئازا و بوێر بوو و داکۆکیی لە ڕەشپێستان دەکرد و سپیپێستانی تۆمەتبار دەکرد بە تاوانکردن بەرانبەر ڕەشپێستان. لە 1946دا بە تۆمەتی دزی و هەڵکوتانە سەر خەڵک زیندانیی کراوە. لە زینداندا چووەتە ڕیزی بزاڤی نەتەوەی

ڕوومەتە هەرەدیارەکانی بزاڤی ڕەشپێستانی ئەمەریکا، کە ساڵی 1964 سەردانی جەزائیری کرد و چاوی بە سەرۆک بین بیللا کەوت. ئەرنێستۆ چێ گیڤارایش، کە چەندین جار لەتەک سەرۆک بین بیللادا یەکدییان دیوە و سەردانی جەزائیری کردووە و پێش چوونیشی بۆ نێو

---

ئیسلام (Nation of Islam). لە 1952دا لە زیندان ئازاد کراوە و ئیدی لەنێو خەڵکدا ناو دەردەکات و دەبێتە یەکێک لە سەرکردەکانی نەتەوەی ئیسلام. ئەو، بڕێک بیروڕای توندڕۆی بەرانبەر سپیپێستان هەبوو و ئەوانی بە شەیتان دادەنا. لە 1959دا سەردانی میسر و سعوودییە و سووریا و جەزائیر و ئێرانی کرد و چاویشی بە جەمال عەبدونناسر و ئەحمەد بین بیللا کەوت . مالکۆڵم ئێکس، لەتەک ئیلیجا موحەممەد (Elijah Muhammad)ی سەرۆکی نەتەوەی ئیسلامدا تێکدەچێت و ئیدی لە 1964دا ئەو بزاڤە جێدەهێڵێت. دواتر دەچێت بۆ ئەفریقا و ڕۆژهەڵاتی ناوین و حەج. کە دەگەڕێتەوە بۆ ئەمەریکا، بزاڤی نەتەوەی ئیسلام فەرمانی کوژتنی دەدات و لە 14ی فێریوەری 1965دا ئاگر لە ماڵەکەی بەردەدەن، لێ خۆی و خێزان و منداڵەکانی ڕزگار دەبن. هەر دوای ئەو ڕووداوە بە یەک حەفتە و لە 21ی فێبریوەریدا لە هۆڵێکدا لە نیویۆرک لە کاتی گوتار و قسەکردنێکیدا بۆ خەڵک لەمەڕ ئیسلامەوە، چەند کەسێکی سەر بە بزاڤی نەتەوەی ئیسلام دەیدەنە بەر گوللە و دەیکوژن.

ڕاپەڕیوانی کۆنگۆ، تا ڕۆژی کوودێتاکەی بوومەدیەن لە جەزائیر بوو و لەوێوەوە ڕۆیشت بۆ گۆنگۆ.

نیلسۆن ماندێلا (Nelson Mandela)، چەندین گلەت لە جەزائیر بووە. ئەو لەگەڵ شۆڕشی جەزائیردا پێوەندی هەبووە. یەکەم مەشقی سەربازیی ماندێلا لە ڕیزەکانی سپای ڕزگاریی نیشمانیی جەزائیردا، لە دەسپێکی ساڵانی 1960دا وەریگرتووە. هەر دوای ئەوە بڕیاری دامەزراندنی باڵی سەربازی کۆنگرەی نیشتمانیی ئەفریقا (ANC)ی داوە. جەزائیر لەو دەمەوە بە مەشق و چەک و دابینکردنی پاسپۆرت و ئامرازی دیکە، کۆمەکی بە بزاڤی ئازادیخوازی باشووری ئەفریقا، دژ بە ڕەگەزپەرستی و ئەپارتەید دەکرد. ماندێلا لە 1961دا سەردانی برێک لە هێزەکانی جەزائیری لە وەجدە (وجدة) کردووە، کە لە جەنگدا بوون دژ بە هێزی فرانسا. ساڵی 1962، ماندێلا چووەتە چیاکانی جەزائیر و سەردانی هەندێک لە جەنگاوەرانی خۆیانی کردووە، کە تێکەڵ بە هێزەکانی جەزائیر بوون و مەشقیان دەکرد. وا باوە، کە ماندێلا لە ئەپریلی 1962دا، بە ناوی خوازراوی دەیڤید مۆتسۆمایی (David Motsomayi)ی و بە پاسپۆرتێکی ئەسیووپیاییەوە گەشتی مەغریب، جەزائیر و مالی کردووە.

هەموو ئەو خەڵکانە زایەڵەی دەنگی ڕەوت و تەوژمە ئازادیخوازەکانی کیشوەری ئەمەریکا و ئەفریقایان دەبرد بۆ جەزائیر. یەکێکی دیکە لەوانەی لە سەرۆک بین بیللاوە نزیک بوو و چووبووە جەزائیر، کەسێکی چەپ و شۆڕشگێڕێکی عەرەبی مەغریبی بوو، ئەلمەهدی بین بەرەکە.[90] کە سەرکردەیەکی سۆسیالیستی مەغریبی بوو

---

[90] ئەلمەهدی بین بەرەکە (المهدي بن بركة)/1920-1965، لە ڕیبات (الرباط)ی مەغریب لە دایک بووە و لە ڕۆژی 29ی ئۆکتۆبەری 1965دا لە بەردەم قاوەخانەیەکدا لە سەر شەقامی سان جیرمان لە پاریس، ڕفێندرا و دواتر لە جێگەیەکی دیکە بە کوژراوی دۆزرایەوە. سیاسەتکارێکی سۆسیالیستی ناسراو و چالاکی مەغریبی بوو. ئەو، کە سەردەمێک مامۆستای بیرکاری (ماتماتیک)ی شا حەسەنی دووەم (الملك حسن الثاني) بووبوو، دواتر بوو بە سەرسەخترین ئۆپۆزیسیۆنی شا حەسەن. بین بەرەکە، سەرکردەیەکی سیاسیی مەغریبیی ئۆپۆزیسیۆن بوو، لە خێزانێکی ئاسایی و هەژاردا هاتووەتە دنیاوە. لە ماتماتیک و مێژوو و زمانی فرانسیدا گەلێک بەهرەمەند بووە. دەبوو بچێتە زانستگەی پاریس بۆ خوێندن، لێ دووەم جەنگی جیهانی وای لێ کرد، ڕوو بکاتە جەزائیر و لەوێ لە ساڵی 1942دا لیسانسی ماتماتیکی وەرگرت و دەستی بە کاری مامۆستایی کرد لە ڕیبات. بین بەرەکە سەرگەرمی خەبات بوو لە پێناوی سەربەخۆیی مەغریبدا و هەر لە تەمەنی 23 ساڵییەوە دەستی بە کاری سیاسی کرد. لە 1943دا چووە ڕیزی کارگەرانی نیشتمانییەوە و لە دامەزراندنی کۆمەڵەی فەرهەنگی ڕیباتی نیشتمانیدا بەشدار بوو. ئەو کۆمەڵەیە دەسەڵاتداریەتیی فرانسی لە

1944دا هەڵیوەشاندەوە. بین  بەرەکە لە 1944دا بەشداری نووسینی دۆکیۆمێنتی 11ی جەنیوەری 1944دا کرد، کە داوای سەربەخۆیی مەغریبی دەکرد و لە خۆپیشاندانەکانی دژ بە دەسەڵاتی فرانسادا بەشدار بوو و دەستگیر کرا، کە ئەوە یەکەمجار بوو بگیرێت. دوای ئازادبوونی لە زیندان، بوو بە ئەندامی دەستەی کارگێڕی حیزبی سەربەخۆیی (حزب الإستقلال). لە ساڵی 1951دا بۆ جاری دووەم گیرا و دوورخرایەوە بۆ باشووری مەغریب و تا ساڵی 1954 لەوێ مایەوە. لە 1959دا بین بەرەکە لە حیزبی سەربەخۆیی جودا بووەوە و حیزبی یەکیەتیی نیشتمانیی هێزەکانی گەل (حزب الاتحاد الوطني للقوى الشعبية) دامەزراند و بەهۆی دژایەتیی حوکوومەتی مەغریبەوە، ناچار بوو بچێت بۆ ژنێڤ. دوای کۆچی دوایی شا موحەمەدی پێنجەم (الملك محمد الخامس) بڕیاری گەڕانەوەی بۆ مەغریب دا و لە 1962دا وەک ئەندامی پەرلەمان لە دارولبەیزاء (دارالبيضاء) هەڵبژێردرا. لە سەرەتای ساڵانی 1960دا ماڵباتی بین بەرەکە چوونە قاهیرە، کە لەو دەمەدا ڕەوت و بزاڤی نەتەوەیی لەوپەڕی گەشانەوەیدا بوو و ڕێکخراوەکانی هاریکاریی ئەفریقایی و ئاسیایی کەش و بوار و ژینگەیەکی فراوان و لەباریان بۆ چالاکییەکانیان دۆزیبووەوە. بین بەرەکە، نزیکایەتی لەتەک جەمال عەبدونناسر و زۆرێک لە ڕێبەرانی جیهانی سێیەمدا پەیدا کرد. لە ساڵانی 1960دا بین بەرەکە، بوو بە ڕێبەریکی کارگەر لە ڕیزی ڕێبەرانی جیهانی سێیەمدا. ئەو ئامادەکاریی بۆ کۆنگرەی سێ کیشوەری دەکرد، کە لە جەنیوەری 1966دا لە هاڤانای پێتەختی کووبا دەگیرا و ئەو سەرۆکی دەستەی ئامادەکاریی ئەو کۆنگرەیە بوو و هەموو کۆششێکی بۆ سەرخستنی ئەو کۆنگرەیە بوو و بۆ ئەوەیش پێوەندی بە تەواوی بزاڤە ئازادیخوازەکانی جیهانی

سێیەمەوە کرد، هەر بۆیە بین بەرەکە بە خەتەرێکی ڕاستەوخۆ لەسەر ئیمپریالیزمی ئەمەریکا دادەنرا و وەک خەتەرێکیش لەسەر بەرژەوەندەکانی ڕێژیمی مەغریب و بەرژەوەندەکانی دەوڵەتە داگیرکەر و کۆڵۆنیالیستەکان لە ئەفریقا دەبینرا و ئەو یەکەم کەسیش بوو، دزەکردنی ئیسرائیلی بۆ نێو ئەفریقا ئاشکرا کرد. لە چوارچێوەی دوا قۆناغەکانی ئامادەکارییەکەی بۆ کۆنگرەی سێ کیشوەر، بین بەرەکە لە 23ی جوونی 1965دا سەردانی بەیرووتی کرد و دواتر چوو بۆ ژنێڤ و پاریس و لە 29ی ئۆکتۆبەری 1965دا بین بەرەکە لە قاوەخانەیەک لە شەقامی سان جێرمان لە پاریس ڕفێندرا. ئەو ژوانێکی لەگەڵ خوێندکارێکی مەغریبیدا بە ناوی توهامی ئەلئەزمووری (تهامي الأزموري) لەو قاوەخانەیە دیاری کردبوو، کاتێک سێ کەس پەلاماریان دا و بە تۆبزی خستیانە نێو ئۆتۆمبیلێکەوە و بە شەقامی (ڕان)دا هەڵهاتن. تا هەنووکەیش ڕووداوی ڕفاندنی بین بەرەکە، نهێنییەکی ئەفسووناوییە. چەندین دەسگەی سیخوڕی و هەواڵگری جیهانی و لەنێویشیاندا مۆسادی ئیسرائیلی لە ڕفاندن و کوژتنیدا بەشدار بوون. ڕۆژنامەی یەدیعۆت ئەحرۆنۆت (بە عەرەبی: يديعوت أحرونوت، بە ئینگلیزی: Yedioth Ahronoth، بە عیبری: **ידיעות אחרונות**)ی ئیسرائیلی ساڵانێکی دواتر باسی لە ڕفاندنی بین بەرەکەی کردبوو. شلۆمۆ نیکدیمۆن، ڕۆژنامەنووسی ئیسرائیلی، باس لە هەندەک ڕاپۆرتی نهێنی دەکات، کە جەخت دەکەن لە کۆمەک و هاریکاریی هونەری و تەکنێکی ئیسرائیل و ئەمەریکا، لە ڕفاندنی بین بەرەکەدا و باس لەوەیش دەکات کە ئیسرائیل جێگەکەی دەستنیشان کردووە و دەسگا هەواڵگرییەکانی فرانسا و مەغریب کاری ڕفاندنەکەیان ئەنجام داوە. باس لەوەیش دەکرێت، کە چەند پۆلیس و هەواڵگری مەغریبی وەک:

موحەممەد مەسناوی (محمد مسناوي) و عەبدولقادر ئەلسەقا (عبدالقادر السقا) و بەتایبەتیش جێنێراڵ موحەممەد ئۆفقێر (محمد أوفقير) لە سەرووی هەمووانەوە، دەستیان لە ڕفاندن و ئەشکەنجەدانی ئەو سەرکردە چەپە، بە دەستبەستراوی و هەڵواسراوی بە پەت و کوژتنی و دواتریش گواستنەوەی لەشەکەی بۆ مەغریب و تواندنەوەی لە بەرمیلێک ترشی گۆگرد (بە عەرەبی: حامض الأسيد، بە ئینگلیزی: sulphuric acid ، بە فارسی: اسید سولفوریک، کە لە کیمیادا بە $H_2SO_4$ ناسراوە)دا. پێش ڕفاندنی و کوژتنی لە ساڵی 1965دا، بین بەرەکە دواکتێبی بە ناوی «الاختيار الثوري في المغرب»، واتە: هەڵبژاردنی شۆڕشگێڕیی لە مەغریب، نووسی، کە لەوێدا باس لە مەغریبی ساڵانی 1960 دەکات. بین بەرەکە ژیانی خۆی کردە قوربانی بیروباوەڕە سیاسییەکانی خۆی، کە لەو کتێبەیدا بە ڕوونی دیارە. ئەو کتێبەی توێژینەوەیەکە لەمەڕ جڤاکی مەغریبی و باس لە سەربەخۆیی و هەلومەرجەکانی دەکات، هەروەها لە بزاڤی ڕزگاریخوازی مەغریب دەکۆڵێتەوە، کاتێک شا حەسەنی دووەم لە 1962دا دەستوورێکی کۆنەپارێزی هێنابووە گۆڕێ، لە کاتێکدا تەوژمێکی دواکەوتوو کیشوەری ئەفریقای داگیر کردبوو و هەموو هێزە پێشکەوتنخوازەکان تووشی تێکشکان و سەختی دەهاتن، لە جەزائیر، میسر، سووریا و باسی ڕۆڵی ئیسرائیل دەکات لە ئەفریقا. بین بەرەکە بە دامەزرێنەری چەپی نوێی مەغریب دادەنرێت. ئەو لە دەرێی وەڵاتەکەی خۆی، بە تایبەت لە وەڵاتانی لاتین ئەمەریکا و برێک لە وەڵاتانی ئەفریقا و ئاسیا، کە مەیلی سۆسیالیزم و کۆمیۆنیزمیان هەبوو، گەلێک بەناوێ و خۆشەویست بوو.

و ڕێبەری یەکیەتیی نیشتمانیی هێزەکانی گەل (الاتحاد الوطني للقوات الشعبية ) و ڕێبەری بزاڤی جیهانی سێیەم و یەکیەتیی ئەفریقا بوو، دژی ڕێژیمی وەڵاتەکەی بوو، پاش ئەوەی ئیدی نەیدەتوانی لەگەڵ ڕێژیمی مەغریبدا هەڵبکات، بە خۆ و خێزانەوە وەڵاتی مەغریبی جێهێشت و چووە جەزائیر و لەوێ چاوی بە چێ گێڤارا کەوت و دواتریش چوو بۆ میسر. بین بەرەکە لە جەزائیر هەوڵی دا، کۆڤارێک بۆ ڕاگەیاندن و خۆئامادەکردن و ڕێکخستن و گەنگەشە، بە ناوی کۆمیتەی دژایەتیی کۆڵۆنیالیزمی سەر بە ڕێکخراوی هاوکاریی ئەفرۆ-ئاسیایی دەربکات. گۆڤارەکەیشی ناونا کۆڤاری ئەفریقا "المجلة الإفريقية"، دواتر ئەو دیدە لەمەڕ کۆڤارەکەوە بەرینتر بووەوە، کە شۆڕشی کووبا و لاتین ئەمەریکایش بگرێتەوە. بین بەرەکە، لە جەنگی لمی 1963ی نێوان مەغریب و جەزائیردا، پشتی جەزائیری گرت و لەگەڵ سەرۆک بین بیللادا بوو.



ئەلمەهدی بین  بەرەکە

جەزائیر لەو سەردەم و سالآنەدا و لە سایەی سەرۆک بین بیللادا، بووبووە ڕووگەی شۆڕشگێڕان، کاتێک بووبووە نێوەند و چەقی بزاڤە ڕزگاریخوازەکانی جیهانی سێیەم و بنکە و مەکۆ و بێشەی هەموو شۆڕشگێڕانی جیهان. هەموو هێزە چەپە سۆسیالیستە جیهانەسێیەمییەکان (ناسۆڤییێت و ناچین) لە هەوڵی

گردبوونەوەیەکی ئەفریقایی-ئاسیایی-لاتین ئەمەریکاییدا بوون، لە ساڵی 1966دا لە هاڤانای پێتەختی کووبا، بۆ یەکخستنی تەواوی ئەو گەل و هێزانەی ئەو وەڵاتانە، بۆ ڕزگاربوون لە پاشکۆیەتیی سەرمایەداری و هەژموونی ئابووری و سیاسیی ئیمپریالیزم و دروستکردنی هێڵێکی ئابووری و سیاسیی سۆسیالیستانە و دادپەروەرانە و هاوسەنگییەک لەنێوان سۆڤییێت و چیندا.

# پێوەند و دۆستایەتی چێ گێڤارا و بین بیللا

چێ گێڤارا، کە ڕێگەی چەپگەرایی و شۆڕش و جەنگی دژ بە ئیمپریالیزمی گرتەبەر، لەتەک هەندێک لە سەرکردە عەرەبەکاندا، ئەوانەی ڕێبازێکی شۆڕشگێڕانەیان هەڵبژاردبوو، پێوەند و هاوڕێیەتی ساز کرد و سەردانی چەند وەڵاتێکی عەرەبیشی کرد. گێڤارا، لەگەڵ جەمال عەبدوننناسر و ئەحمەد بین بیللا و ئەلمەهدی بین بەرەکەدا[91] نێوانی خۆش بوو و ئەو سێ سەرکردە

---

[91] گێڤارا، بین بەرەکەی وەک باشترین هاوڕێ و هاوخەونی شۆڕشگێڕانەی خۆی دەبینی و بین بەرەکەیش گێڤارای وەک

عەرەبەی وەک هاوڕێ و هاوخەبات و هاودید و هاوڕاز دەبینی. لە 23ی جوونی 1959دا، بۆ لەنزیکەوە بینینی ئەزموونی چاکسازیی کشتوکێڵ لە میسر، سەردانی میسری کرد و ماوەی 15 ڕۆژ مایەوە و جەمال عەبدونناسر زۆر بە گەرمیی پێشوازیی لێکرد. دوای سەردانی میسر چوو بۆ غەززە (غزة). دواتر چووە سووریا[92] و سوودان و مەغریب. پاش ئەو گەشتەی بە

---

ڕۆمانسییەکی خەونبینەر دەبینی، کە هەموو ساتێک و لەسەر هەر زەوینێک و  هەر جێگەیەک ئامادەی مردنە.

[92] چێ گێڤارا لە ساڵی 1959دا سەردانی سووریای کرد لە دیمەشق سەردانی مەزار و ئارامگەی سەلاحوددینی ئەییووبی لە مزگەوتی ئەمەوی (المسجد الأموي) کرد. لەو سەردەمەدا سووریا و میسر کۆماری یەکگرتووی عەرەبی (الجمهورية العربية المتحدة)یان پێکهێنابوو، کە لەنێوان 29ی سێپتەمبەری 1958 – 22ی فێبریوەری 1961دا بەردەوام بوو و سەرۆک جەمال عەبدونناسر سەرۆکی ئەو کۆمارە یەکگرتووە بوو، واتە: سەرۆکی هەردوو میسر و سووریا بوو. ئەم بەستەرەی خوارەوە ڤیدیۆیەکی ئەو سەردانە مێژووییەی گێڤارایە:
.https://www.youtube.com/watch?v=tHAtDNFYHb8

وەڵاتانی عەرەبی و چەند وەڵاتێکی ئاسیایی و ئەفریقایی، بیری پەخشکردنی نموونەی شۆڕشگێڕی و بەشداریی لە بزاڤە ڕزگاریخوازەکانیاندا بوو بە نەخشەڕیگەیەک بۆی، کە لە چیلی و ڤییێتنام و جەزائیرەوە دەستی پێ کرد.

گێڤارا، لەگەڵ سەرۆک ئەحمەد بین بیللادا پێوەند و هاوڕێیەتییەکی گەلێک چڕ و نزیک و دۆستانەی پەیدا کرد. ئەو هاوڕێیەتییەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1962. لە ئۆکتۆبەری 1962دا، ئەو کاتەی بین بیللا چووبووە نیویۆرک بۆ ئامادەبوونی خولی جڤینی ڕێکخراوی



چێ گێڤارا، فیدێل کاسترۆ و ئەحمەد بین بیللا لە کووبا

دەوڵەتانی یەکگرتوو UN و هەڵکردنی ئاڵای جەزائیر لەسەر ئەو ڕێکخراوە و لەوێوە لە 16ی ئوکتۆبەردا چوو بۆ کووبا و لە هاڤانا لە لایەن خەڵک و سەرکردەکانییەوە، فیدێل کاسترۆ، چێ گێڤارا و ڕائوول کاسترۆوە، گەرمترین و دۆستانەترین پێشوازیی لێ کرا. ئەوە یەکەم دیداری نێوان بین بیللا و گێڤارا بوو.



فیدێل کاسترۆ، چێ گێڤارا و ئەحمەد بین بیللا لە کووبا

چێ گێڤارا، بۆ یەکەمجار بە بۆنەی یادی یەکەم ساڵەی سەربەخۆیی جەزائیرەوە لە مانگی تەمموزی 1963دا سەردانی جەزائیری کرد و ماوەی سێ حەفتە مایەوە. گێڤارا، کەش و هەوا و سروشتی جەزائیر و سیاسەتی سەرۆک بین بیللا و شۆڕشی جەزائیری بە دڵ بوون و لەگەڵیاندا دەگونجا و بە قارەمانیەتیی گەلی جەزائیر

سەرسام بوو. ئیدی لەوێ دەمیەوە هاوڕێیەتی و پێوەندەکانی بین بیللا و گێڤارا دەستی پێ کردبوو و تا دەهات گەرمتر، قوولتر و چڕتر دەبوو.
هەر لەو ساڵەدا، جەزائیر لەگەڵ مەغریبدا کەوتنە جەنگەوە. جەنگێک، ناوی جەنگی لم (الرمال)ی لێنرا. ئەمەریکا و فرانسا پشتیوانی مەغریب بوون و کووبایش کۆمەکی بە جەزائیر کرد. برایان ڕائوول و فیدێل کاسترۆ و گێڤارا، 22 زرێپۆش و سەدان سەربازیان نارد بۆ جەزائیر و ئامادەی جەنگ بوون، ئەگەر هاتباو جەنگ بەردەوام بووایە. بین بیللا و گێڤارا، لە ماوەی دوو ساڵی دوای 1963، بە چڕی یەکدیان دەدی و باسیان لە هەناردنی شۆڕشی جەزائیر و کووبا دەکرد بۆ ئەفریقا، بە تایبەت کۆنگۆ، کە جەزائیر کۆمەکی بە شۆڕشی چەکداری ئەوێ دەکرد. گێڤارا لە 18ی دیسەمبەری 1964دا بۆ جاری دووەم دەچێتەوە جەزائیر و ماوەی سێ مانگ لەوێ دەمێنێتەوە. لە کۆڕێکی ئابووریی هاریکاریی ئەفرۆ-ئاسیایی، لەنێوان 22-27ی فیبریوەری 1965، لە جەزائیر، گێڤارا، بەشدار دەبێت و گوتارێکی گرنگ لەمەڕ شۆڕشی کووبا، سۆسیالیزم، ئەمەریکای لاتین، ئیمپریالیزم، پێشکەش دەکات و باس لە ئەرکە ئەخلاقییەکانی وەڵاتانی سۆسیالیستییش دەکات و لەمیانەی گوتەکەیدا ئەو وەڵاتانە بە سازش لەتەک

دەوڵەتانی ڕۆژاوادا تۆمەتبار دەکات و جەخت لەوەیش دەکاتەوە، کە ئەفریقا یەکێکە لە گۆڕەپانە هەرە گرنگەکانی دژ بە هێزە ئیمپریالیزمەکانی جیهان و گەلێک بابەتی دیکەیش دەخاتە بەرباس، لە 24ی فیبریوەریی 1965دا ئەو گوتارە پێشکەش دەکات.



چێ گێڤارا و ئەحمەد بین بیللا لە جەزائیر

جەزائیر لەو سەردەمەدا بووبووە بنکە و داڵدەیەک بۆ بزاڤە شۆڕشگێڕییەکانی لاتین ئەمەریکا. لە جەزائیر ئەو بزاڤانە ڕێک دەخران و مەشق بە سەربازەکانیان دەکرا. گیڤارا بۆ خۆی سەرپەرشتیی ئەو کارەی دەکرد. گیڤارا، داوا لە بین بیللا دەکات، جەزائیر ببێتە وێستگەیەک بۆ دابینکردنی چەک بۆ بزاڤە شۆڕشگێڕەکانی ئەمەریکای لاتین و بین بیللاش دەسبەجێ بەو بیرۆکەیە قایل دەبێت و هەموو کەرەستە و ئامرازێکیش بۆ جێبەجێکردنی ئەو بیرۆکەیە ئامادە دەکات و ڤیللایەک، بە ناوی "سووزینی"، لە جەزائیری پێتەخت، کە فرانسییەکان لە سەردەمی داگیرکاریدا، بۆ ئەشکەنجە بەکاریان هێنابوو و چەندین کیژ و کوڕی خەباتگێڕی تێدا شەهید کرابوون، وەک نێوەندێک بۆ میوانداری و گردبوونەی بزاڤە شۆڕشگێڕەکانی ئەمەریکای لاتین، بە سەرپەرشتیی ڕاستەوخۆی گیڤارا، تەرخان دەکات. گیڤارا، لە 14ی مارسی 1965دا و پێش کوودێتاکەی بوومەدیەن، لە جەزائیرەوە دەگەڕێتەوە بۆ کووبا، لێ باسی ئەوەیش دەکرێ، کە هەر ئەو ڕۆژەی کوودێتا سەربازییەکەی بوومەدیەن ڕوویدا و سەرۆک بین بیللا لەسەر کار لابرا، لە 19ی جوونی 1965دا، جەزائیری جێهێشتووە، لێ هەر ماوەیەک پێش جێهێشتنی جەزائیر، ئیدی لە بەرچاو بزر

بووە و دەرنەکەوتووە. تا ڕادەیەک جەخت لەوەیش دەکرێتەوە کە گێڤارا لەنێوان جەنیوەری-مارسی 1965دا، بێجگە لە جەزائیر، گەشتی چین، مالی، کۆنگۆ، گوینیا، گانا، تانزانییا و میسری کردبێت و لەگەڵ سەرکردەی حوکوومەتان و ڕێبەرانی بزاڤە ئازادیخوازەکاندا جڤیبێت.



چێ گێڤارا و ئەحمەد بین بیللا لە جەزائیر

گێڤارا، بە مەبەستی هەڵگیرساندنی شۆڕشی چەکدار، دەچێتە ئەفریقا. ئەو بە دەوڵەمەندیی فەرهەنگی ئەفریقا گەلێک سەرسام دەبێت. ئەو پێی وادەبێت، لاوازترین بازنەی ئیمپریالیزم لە ئەفریقایە، بۆیە دەبێ هەموو هێز و توانستی خۆی بخاتە گەڕ بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئیمپریالیزم لەو کیشوەرەدا. گێڤارا دەیویست بە گیان و

لەش لەنێو ئەو شۆڕشەدا بێت، هەربۆیە چەند جارێک چووبوو بۆ مالی، گانا، گینیا، داهۆمی (کە دواتر ناوی گۆڕدرا بۆ بەنین)، ئەنگۆلا و کۆنگۆ. کۆنگۆ، لەو سەردەمەدا و دوای کوژتنی پاتریس لۆمۆمبا Patrice Lumumba، سەرکردەی خەباتی سەربەخۆیی دژی بەلژیک و یەکەم سەرۆکوەزیرانی کۆنگۆ، کە بە فەرمانی ئەفسەرێکی بەلژیکی و بە دەستی یەکەیەکی پۆلیس لە بەکرێگیراوانی هێزە ئیمپریالیستەکان، کە لە لایەن واشنگتنەوە پشتگری دەکران لە 17ی جەنیوەری 1961دا کوژرا، ئیدی خەبات دژ بە ئیمپریالیزم لەو وەڵاتەدا هەر بەردەوام بوو. لەو دەمەدا لە نێوان 1963-1965، لە کۆنگۆ ڕابوون و بزاڤێکی چەکداری بە سەرکردەیەتیی حیزبێکی ماویستی کۆمیۆنیستی، بە ناوی یاخیبووانی سیمبا Simba rebellion هەبوو. سیمبا، بە زمانی سواحیلی واتە: شێر، ئەو بزاڤە بە ڕێبەریی پییێر مۆلێلیPierre Mulele بوو.

1ی ئەپریلی 1965، چێ گێڤارا بە دەمامکەوە بە ناو و ناسنامەیەکی خوازراو و ناڕاستەوە (ڕاموون بینیتێز) ، هاوڕێ لەتەک سەدان چەکداری شۆڕشگێڕی کووباییدا، کووبا جێدەهێڵێت و دەچێت بۆ کۆنگۆ بۆ ئەوەی بچێتە نێو ڕیزی هێزە شۆڕشگێڕەکانی لاورێنت کابیلا (Laurent-

Désiré Kabila) وە. کە لە کۆنگۆ دەشۆڕشان. کابیلا، کە لە 1960دا سەر بە گرۆی کۆمەککەرانی پاتریس لۆمۆمبا (Patrice Émery Lumumba)ی سەرۆکوەزیرانی ئەو دەمەی کۆنگۆ بوو. کە چێ و هاوڕێیانی تێکەڵ بەو هێزانەی کابیلا بوون و چێ وەک ڕاوێژکار، کۆمەکی بەو بزاڤە دەکرد، بۆ جەنگ لە دژی ڕێژیمی کۆنگۆ، ڕێژیمێک، کە بەلژیک، ئەفریقای خواروو و هێزە ئیمپریالیستەکانی دیکە، کۆمەکیان پێ دەکرد. لە 21ی نۆڤەمبەری 1965دا، دوای نزیکەی حەفت مانگ مانەوە لە کۆنگۆ، بەهۆی تێکچوون و ناشۆڕشگێڕی و لادانێک لە ڕێبازی شۆڕش و تێکشکانی شۆڕشەکە، گێڤارا ئەو بزاڤەی کۆنگۆی جێهێشت و چوو بۆ داریسسەلام Dar es-Salaam لە تەنزانییا. گێڤارا، ئەوەی بۆ ڕوون بووەوە کە کابیلا پیاوی شۆڕش نییە و وەدووی ئەلکهوول و ژن و مێبازییەوەیە، نەک شۆڕش، هەر بۆیە کابیلا هیچ کۆمەکێکی لە چێ و جەنگاوەرە کووباییەکانەوە پێ نەکرا. ئیدی یاخیبوونەکەی کابیلا داڕما. چێ، لە تانزانییا چەند حەفتەیەک بەنهێنی و خۆشاردوویی لەگەڵ کچە هاوڕێیەکەیدا ئالیدا مارچ Aleida March، کە بە ناو و ناسنامەیەکی ساختەوە دەگاتە ئەوێ دەمێنێتەوە تا لە کۆتایی دیسەمبەردا تانزانییا جێدەهێڵن و دەچن بۆ چیکۆسلاڤاکیا و چەند مانگێکیش

لەوێ بە نهێنی دەمێننەوە. لە 3ی نۆڤەمبەری 1966دا، چێ دەگاتە بۆلیڤیا بۆوەی لە دەڤەری نیانکاواسوو (Ñancahuazú) دەست بە خەباتی چەکداری و شۆڕشێکی نوێ بکات و ئیدی ساڵێک دوای ئەوە لە دەڤەری لا ئیگێرا (La Higuera) لە بۆلیڤیا شەهید دەبێت.
لەو کاتانەی چێ گێڤارا لە ئەفریقا بوو و سەرگەرمی کۆمەککردن بوو بە بزاڤە شۆڕشگێڕەکانی ئەو دەڤەرە، بین بیللا پێشنیازی بۆ گێڤارا کردبوو، کە فڕۆکەیەکی بۆ تەرخان بکات تا بە ئاسانی هاتوچۆی ئەملا و ئەولا بکات و لە لایەنی ئاسایش و جێبەجێکردنی کارەکانییەوە یارمەتیدەری بێت و نهێنیی جووڵانەوەیشی پارێزراو بێت. گێڤارا ئەوەی قەبووڵ نەبوو.
بین بیللا، وەک قارەمانێک، شۆڕشگێڕێکی لەخۆبردوو، مرۆڤێکی ئازا و ئاگا، دەینۆڕییە گێڤارا. ئەو (بین بیللا)، بە ژان دانییێل،[93] ڕۆژنامەوانی فرانسی گوتبوو: هەست دەکەم فرە لە چێ گێڤاراوە نزیکم... لێ ئێمە ناتوانین تا هەتایە هەر لە شۆڕشدا بین. مەبەستی ئەوە بوو، کە گێڤارا، واتە: هەمیشە شۆڕش، هەمیشە شۆڕشگێڕ. ژان پۆڵ سارتر،

---

[93] ژان دانییێل Jean Daniel Bensaid (1920–2020)، نووسەر و ڕۆژنامەوانی چەپی فرانسی، کە لە جەزائیر لە خێزانێکی جوولەکەدا لە دایک بووە.

لەمەڕ گێڤاراوە دەیگوت: "کامڵترین پیاوی سەردەمی ئێمەیە". لە 15ی ئوکتۆبەری 1967یشدا واتە: شەش ڕۆژێک دوای شەهیدبوونی گێڤارا، فیدێل کاسترۆ، ڕێبەری کووبا و هاوڕێی گێڤارا، لە ڕاگەیاندنی شەهیدبوونی گێڤارادا دەڵێ: "ئەو نموونەی مرۆڤێکە، کە تەنێ هیی ئەم سەردەمە نییە، بەڵکە هیی داهاتووە". شۆڕش و داکۆکی لە چەوساوان و دژایەتیی ئیمپریالیزم، لە ئەرجەنتینەوە گێڤارای گەیاندبووە گواتیمالا و لە کووباوە گەیاندبوویە کۆنگۆ و لە کۆتاییشدا بۆلیڤیا، کە ئیدی لەوێ شەهید بوو. ئەو هەمیشە هیوایەکی پەلە و خێرای ڕزگارکردنی هەژاران لە ستەم و چەوسانەوە، سرووشبەخش بوو بۆی. ئەو پێی وابوو، تەنیا شۆڕشە، هەندێ جار، دەتوانێت مرۆڤ بکاتە ڕووناکی بۆ بوون. بین بیللا، لەنێوان 1962و1965دا، گەلێ جار گێڤارای دیبوو و شاری جەزائیریش بووبووە مەکۆیەکی ئازاد بۆ هەموو ئازادیخوازان و دژەئیمپریالیستان. بین بیللا لەمەڕ خۆشەویستییەوە بۆ گێڤارا، لە سەردەمی زیندانییەکەی خۆیدا دوای وەلانانی لە دەسەڵات، دەڵێ: "لە ڕاستیدا خۆم و هاوژینەکەم، لە خۆشەویستیمان بۆ چێ گێڤارا بەردەوام بووین و وێنەیەکی گەورەی ئەو دیواری زیندانەکەمانی ڕازاندبووەوە و نیگاکانی ئەو گەواهی ژیانی ڕۆژانەمان بوو بە شادی و خەمەکانمانەوە". کە لە 9ی ئوکتۆبەری

1967دا، گیڤارا لە بۆلیڤیا شەهید کرا، بین بیللا لە زیندانی تەنیاییدا دەبێ و لە ڕادیۆوە ئەو هەواڵە پڕ لە ناسۆر و دڵتەزێنە دەژنەفێت، هێندەی لە دەستدانی برایەکی خۆی دڵتەنگ و خەمبار دەبێت، وەک بۆ خۆی دەڵێ: "ئەو ڕۆژە لە بیرگەمدا بە حەرفی ئاگرین نووسراوە، کاتێک هەواڵی کۆچی دوایی گێڤارای برامم بیست".

# بوومەدیەن و نەخشەی کوودێتا دژ بە بین بیللا

هاوئاهەنگی و پێکەوەکارکردن لەنێوان بین بیللا و بوومەدیەندا تا کۆنگرەی حیزبی بەرەی ڕزگاری لە 14ی ئەپریلی 1964 بەردەوام بوو، ئیدی دوای ئەوە ناکۆکی کەوتە نێوان سەرۆک (بین بیللا) و سەرکردەی سپا (بوومەدیەن)وە، تا ئیدی سەرکردەی سپا باسی لە دەست لەکارکێشانەوەی خۆی کرد، بین بیللا بە توندی ڕەفزی کرد. بوومەدیەن، لەنێو ئەوانەدا بوو، دژ بە بەستنی کۆنگرەکە بوون، لە کۆنگرەکەیشدا ڕەخنەیەکی زۆر لە بوومەدیەن و سپا گیرا. بین بیللا دواتر لە باسی ئەو ناکۆکییەدا گوتی: "ناکۆکیی لەگەڵ بوومەدیەن و

دەستەکەی ئەودا لەسەر یەک هۆکار بوو، کێ لە جەزائیردا فەرمانڕەوایی دەکات، سپا یا حیزب (جبهة التحریر)!". ئیدی جۆرە ململانێیەکی نوێ لەسەر دەسەڵات، لەنێوان سەرۆک بین بیللا و هاوپەیمانە کۆنەکەیدا بوومەدیەن، کە توند دەستی بە سپاوە گرتبوو، هاتە گۆڕێ، بەتایبەت دوای ئەوەی لە دیسەمبەری 1964دا، بین بیللا جاڕی حوکوومەتێکی نوێی دا و بۆ خۆی هەر سێ وەزارەتی نێوخۆ و دارایی و هەواڵی گرتە دەست. ئیدی بوومەدیەن لەوە دڵنیا بوو، کە بین بیللا کار بۆ وەلانانی ئەو دەکات، هەرچەند بین بیللا، لە ساڵی 1964دا، دەست لەکارکێشانەوەی بەکۆمەڵی، بوومەدیەن و ئەوانی دیکەی پەسەند نەکرد، بەڵام ڕەوشەکەیش هێور نەبووەوە.



هوواری بوومەدیەن

لە کاتێکدا کە بین بیللا هەرگیز چاوەڕوانی کوودیێتایەک نەبوو لە لایەن هوواری بوومەدیەنی وەزیری جەنگەوە، لە سەرەتای 1965دا، بوومەدیەن و هەوادارانی نەخشەی لابردنی بین بیللایان دادەنا، وەک ئەوەی ئەو هەوڵی دوورخستنەوەی ئەوانی لە دەسەڵات دابێت. دوای تێکچوونی پێوەندەکانی بین بیللا و بوومەدیەن، ئەو کوودیێتایەی بوومەدیەن بە نەخشە و بەرنامە بەرەو ئەنجام دەبرا. بوومەدیەن توانی برێک لە سەرکردەکانی سپاسالاریی قایل بکات، بە پێویستیی لابردنی بین بیللا. دوای مانگێک لە ئامادەیی، ئەتتاهیر ئەلزوبێری (الطاهر الزبيري) سەرۆکی سپاسالاریی، کاری دەستگیرکردنی بین بیللای لە ئەستۆی خۆی گرت و لە شەوی 18-19ی جوونی 1965دا، بە کۆمەڵێک سەربازەوە، دای بەسەر ماڵە سادە و ساکارەکەی بین بیللادا، کە هەر ئەپارتمانێکی ئاسایی بوو، بێ دەنگ و زۆر بە ئارامی، بین بیللایان، بە بێ هیچ بەرگری و ڕووبەڕووبوونەوەیەک دەستگیر کرد. بین بیللا، کە سەرۆککۆمار بوو، هەر تەنیا دوو دانە پاسەوانی هەبوو و ئەو دووەیش هەرگیز چاوەڕوانی ئەوە نەبوون سپاسالار زوبێری، بۆ گرتنی سەرۆک بین بیللا هاتبێ و ئەوەی ڕووی دەدا کوودیێتا بێت. لە کاتێکدا ئەو سەربازانەی بین بیللایان دەستگیر دەکرد و دەبرد بۆ داهاتوویەکی نادیار، لێی دەترسان و گومانیان لە هەموو

جووڵانەوەیەکی ئەو دەکرد، کە ڕەنگە خۆی ڕزگار بکات، چون ئەو هەم پێشتر سەرباز بوو و هەم وەرزشکارێکی کارا و بەناویێ. بین بیللا، بە ئارامی و چەسپاوی و پشتڕاستی و خۆڕاگریی خۆی، ئەوانەی هاتبوون بۆ گرتنی، سەرسام کرد.

بوومەدیەن لە ڕادیۆوە جاڕی کوودێتاکەی دا. لە گوتارێکدا پاساوی بۆ هێنایەوە و ناوی "ڕاستکردنەوەی شۆڕشگێڕانە"ی لە کوودێتاکەی نا. لەو بەیاننامەیەی بڵاوی کردەوە، تەواوی سەردەمی بین بیللای بە خراپ و ناپەسەند دایە قەڵەم. بوومەدیەن، بین بیللای بە لادەر لە هێڵی شۆڕشی جەزائیر ناوبرد و بە دیکتاتۆر و شۆڤینیست و خراپ بەکارهێنی دەسەڵات، ناودێری کرد. بەوە تۆمەتباری کرد، کە نۆ پۆستی هەستیاری لە دەسەڵاتدا بە دەستەوەیە. بوومەدیەن دەیگوت، ئەو خۆی، بۆ ڕزگارکردنی شۆڕش و ڕاستکردنەوەی ڕێڕۆی سیاسی و بۆ پاراستنی دەسکەوتەکانی شۆڕشی جەزائیر، ناچار بووە بەوەی، ئەو گۆڕینە بکات. پێدەچێ پاساوهێنانەوەی بوومەدیەن بۆ کوودێتاکەی، کە ئەو بۆ خۆی بە شۆڕش و ڕاستکردنەوە ناوی دەبات و بەو جۆرەی بۆ خۆی باسی دەکات، تەواوی ڕاستییەکان نەبێت، بەڵکە هۆکاری کەسەکی و جیاوازیی نێوان هەردوو

سەرکردە، بین بیللا و بوومەدیەن، بنەمای کوودێتاکە بن. مادلین لافی ڤەیرۆنی پارێزەری بین بیللا، ئەوەی بوومەدیەن دەیگوت بە ڕاست نەدەزانی و پێی وابوو: "بوومەدیەن لە گەلێریی بین بیللا دەترسا، ئەو دەیزانی بۆ خۆی کاریزمای بین بیللای نییە". ناوی بین بیللا وەک شۆڕشگێڕێک، وەک سەرکردەی شۆڕشی ڕزگاریی جەزائیر، کە یەکێک بوو لە گەورە شۆڕشەکانی ڕزگاریی جیهانی، هەموو لایەکی گرتبووەوە، لە هەموو لایەک، لە هەموو جیهانی ئازاددا، خەڵک، گەل و دەوڵەتان، بە گەرمی پێشوازییان لێ دەکرد، بەتایبەت لەو گەشتانەیدا بۆ وەڵاتانی بەرەی ڕۆژهەڵات. بین بیللا هێندە بەناوێ و ناسراو بوو، میسر چۆن جەمال عەبدونناسری هەبوو، جەزائیریش ئەحمەد بین بیللای هەبوو، ئەو شانی لە شانی سەرکردە مەزنەکانی جیهان دەدا. بوومەدیەن لەو گەلێرییەی بین بیللا زەندەقی چووبوو. ئەوەی بوومەدیەن لەهەمبەر بین بیللا کردی، کوودێتای شاگردێک بوو بەسەر مامۆستاکەیدا. بین بیللا، بوومەدیەنی لە ئەزهەر دۆزییەوە و سواری کەشتییەکەی کرد و ناردی بۆ بەندەری نازووری مەغریبی، واتە: بین بیللا، بوومەدیەنی هێنایە نێو شۆڕشەوە.

کوودێتاکەی بوومەدیەن بەسەر بین بیللادا زادەی ناکۆکییەکی تازەکی و هەڵچوونێکی دەسبەجێ و کارێکی

ڕاستەخۆیی و کتوپڕ نەبوو. بوومەدیەن، وەک کەسێکی فێڵزانی موعاوییەئاسا لە سیاسەتدا لەمێژ بوو کنەی دەکرد و هەوڵی دەدا بۆ ئەوەی خۆی ببێتە هەمەکاری سیاسەت و دەسەڵات لە جەزائیردا. هەر ئەوەی کە لە دیسەمبەری 1959دا و لە جڤینەکەی تەرابولسدا و بێ ڕاوێژی سەرکردە زیندانییەکان، لەوانەیش بین بیللا، بوومەدیەن کرا بە سەرکردەی سپا و هەر ئەوەی پاشتر سەرکردەیەتیی سپا، واتە: بوومەدیەن، لە 1961دا بووتەفلیقەی کەسی نزیکی خۆی کلکرد بۆ سەردانی سەرکردە زیندانییەکان و بۆ وەدەستهێنانی مەیلی وان بەلای خۆیدا و هەر ئەوەی کە بین بیللا وەک یەکێک لە جێگرانی سەرۆکی حوکوومەتی کاتیی دیاری کرا و هەر ئەوەی بوومەدیەن پشتی بین بیللای گرت بۆ ئەوەی ببێتە یەکەم سەرۆککۆماری جەزائیری سەربەخۆ، هەموو ئەوانە لە دڵسۆزی و خۆشەویستی بوومەدیەنەوە نەبوون بۆ بین بیللا، هەروا و بێ مەڵامەت نەبوون، بەڵکە ڕێگەخۆشکردن بوون بۆ وەلانانی بین بیللا. هەموو ئەوانە کنەکردن و وازییەکی دزێو و گەماری بوومەدیەن بوون، نەخشە و تەونێکی جاڵجاڵۆکەئاسا بوون، بۆ بەکارهێنانی بین بیللای دڵپاک، خاکی، سادە، دوور لە فرتوفێڵ و تەڵەکەبازیی سیاسەت، خاوەنی هزر و ئەخلاق و باوەڕ و دڵسۆزی خاک و وەڵات و خەڵک، وەک پەیژە بۆ دەسەڵات

گرتنە دەست و گۆڕینی ڕەوتی شۆڕشی جەزائیر و سڕینەوەی هەموو دەسکەوت و جوانییەکانی شۆڕش و بین بیللا و بۆ گرێدانی جەزائیر بە ئیمپریالیزمەوە.



ئەحمەد بین بیللا و جەمال عەبدونناسر

تەواوی ماوەی سەرۆکایەتی و دەسەڵاتی بین بیللا، ماوەی دووساڵ و نیو بووە، لە ماوەیەکی وا کەمدا، هەڵبژاردنی دەستوور و پەرلەمانی یەکەم و دووەم و کۆنگرەی حیزبی بەرەی ڕزگاری و کۆنگرەگەلی جووتیاران و کۆنگرەی پیشەسازی، سازدران و بین بیللا

جەزائیری خستە سەر ڕێگەیەکی تایبەتی سۆسیالیزم؛ سۆسیالیزمێکی گەلیێر، کە زۆر گرنگیی بە پرس و کێشەی ڕزگاری و ئازادی لە جیهانی سێیەمدا دەدا، تا ئەو ڕادەیەی داوای یەکیەتییەک یا نێونەتەوەییەکی بۆ جیهانی سێیەم دەکرد، لەهەمبەر وەڵاتانی پیشەسازی، کە بە ڕای وی چینی کارگەر لەو وەڵاتانەدا گۆڕاون بۆ چینی بۆرژوازی.[94] ئەو ماوە کورتەی دەسەڵاتەکەی، بۆ وەها خواست و کارەیلێک، کە بن بیللا بۆ خۆی بە گرنگیانی دەزانی، گەلیَ کەم بوو، لەگەڵ ئەوەیشدا ئەو ددان بەوەدا دەنیَ، کە بۆ خۆی بیَ هەڵە نەبووە، چون لە کۆتاییشدا ئەویش مرۆڤە.

ئەو نیوەڕۆیەی کۆڵۆنێلە تۆسن و تووڕە و درژەکە، ئەوەی تەنانەت بۆ شیری دایکیشی ناخەنێت؛ بووخەڕووبە، ئەوەی بە هوواری بوومەدیەن ناوی دەرکردبوو، وەزارەتی جەنگ و ڕادیۆی داگیرکرد و لەوێوە جاڕی کۆتاییهاتنی بین بیللا و دەسەڵاتەکەی ئەوی دا و بە بەرەڵڵایی ناوی برد، فەرمانی بە سپا دا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گەل و خەڵکی تووڕە و ناڕازی بە توندترین شێوە و بە هەموو جۆرە چەکێک. شاری بوونە/عەننابە(بونة، عنابة)، شارەکەی بووخەڕووبە

---

[94] حربي...، جبهة...، ص273.

ڕابووبوو و خەڵک هاواریان دەکرد: "نا بۆ سپا، نا بۆ دیکتاتۆری، بەڵێ بۆ بین بیللا، بەڵێ بۆ ئازادی". لەو ڕۆژەدا گڵکۆی شەهیدەکان و پەیکەرەکان، خوێنی خۆپێشاندەران و هەوادارانی بین بیللایان لێ دەچۆڕا، ئەوان هاواریان دەکرد: "بین بیللا، بین بیللا، ئازادی، ئازادی، بووخەڕووبەی مرۆڤکوژ". لەو ڕۆژەدا؛ 19ی جوون، سەربازانی بووخەڕووبە فەرمانیان پێ درا و کەوتنە سەر شەقامەکان و درەوکردنی گیانی خەڵک و خوێنڕژتن. لە شەقامی یەکەمی نۆڤەمبەر و عەببان ڕەمەزان و ڕیزی عومەر (ريزي عمر) و مەیدانی ئەفریقا و بازاڕە گەلێرییەکانەوە دەستیان پێ کرد. ئیدی خوێن تێکەڵ بە گەڵای دار و تیشکی خۆر و عەرەبانەی دەەستفرۆش و سەوزە و میوە بوو و سام و ترس تا حەلحەلەی ئاسمان بەرز بووەوە. سەربازان شەڕی نێو جادە و کۆڵانیان دەکرد و فیشەکبارانی خەڵکێکیان دەکرد، کە هاوارکردن تاکە چەکیان بوو. لەو نیوەڕۆیەدا 38 کەس لە لایەنگرانی بین بیللا لە عەننابە کوژران. ئەوە دیارترین پەرچەکرداری دوای کوودێتاکە بوو. لەشی مرۆڤە ناڕازییەکان دەدرانە بەر گوللە و لە خوێن دەگەوزێنران و باژێڕەکانی دیکەی جەزائیریش پێکدادان و لەبەینبردن و دەستگیرکردنیان تێدا

ڕووی دەدا.[95] ئەو پێکدادان و ڕابوونەی دژ بە کوودێتا هاتنە گۆڕێ ماوەی مانگێکیان خایاند و گەلێ شوێنی جەزائیریان گرتەوە و خەڵک دڵسۆزیی خۆیان بۆ بین بیللا دەربڕین و لە گەلی جێگەیش لەسەر دیواران ناوی بین بیللا و جەزائیریان بە خوێنی خۆیان نووسی. بین بیللا، کە کاتی خۆی هەموودەم دەیگوت، زۆرینەی گەلی جەزائیری لەگەڵە، لاوازیی پەرچەکرداری گەلی جەزائیری گێڕایەوە بۆ ئەوەی، گەل هێشتا برینداره. پەرچەکرداری هاوڕێیانی بین بیللا لە دەرێی وەڵاتیش زۆری نەخایاند.

کوودێتاکەی بوومەدیەن بەسەر بین بیللادا و زیندانیکردنی، سەرکردەکانی جیهانی سێیەمی نیگەران کرد و زیانی گەیاند بە پێوەندی جەزائیر، لەتەک وەڵاتانی شۆڕشگێڕدا، بەتایبەت جەمال عەبدونناسری میسر. فیدێل کاسترۆ و سەرۆک تیتۆ، ڕەخنەیان لە کوودێتاکەی بوومەدیەن گرت و هەوڵی تایبەتیان بۆ بین بیللا دا. هەندێک خۆپێشاندان لە میسر و ئوردون ڕێکخران. بە جۆرێکی نارەسمی لە لایەن عەرەبەوە، تا جەنگی جوونی 1967، جەزائیر کەنار خرا. کوودێتاکەرانیش، کە بە

---

[95] حيدر، حيدر، وليمة لأعشاب البحر"نشيد الموت"، الطبعة السابعة، ورد للطباعة والنشر والتوزيع، سورية-دمشق، 2000، ص 375.

تۆمەتبارکردن و ناوزڕاندنی ڕێژیمی بین بیللا، بەڵێنی ئەستۆپاکی خۆیان دابوو، بەڵێنەکەیان بە جێ نەهێنا و سەردەمی فەرمانڕەوایی ئەوانیش بێ هەڵە نەبوو و کەوتنە داوی دەسەڵات و دووپاتەکردنەوەی هەڵەکانی پێشووەوە.

هەرچەند بوومەدیەن و کوودێتاکەران بین بیللایان بە تاکڕەوی و داگیرکردنی دەسەڵات تۆمەتبار دەکرد، لێ ناکۆکییە سەرەکییەکە لەسەر هێزەچەکدارەکان بوو، کە بین بیللا دامەزرێنەری بوو و ژمارەیان نزیکەی هێندەی ژمارەی سەربازانی بنکە سەربازییەکان دەبوو و هەروەها دانانی ئەتتاهیر ئەلزوبێری (الطاهر الزبيري) بە سپاسالار، بێ پرسی بوومەدیەنی وەزیری جەنگ و بێجگە لەوانەیش بین بیللا گومانی هەبوو لە بووتەفلیقە و گەرەکی بوو ڕزگار ببێت لێی، ئیدی ئەوانە بوون بە هۆی ڕووخاندنی. ئەمانە کەسانێک دەیڵێن، بین بیللایان دیوە و جەخت لەوە دەکەنەوە، کە خاڵی لاوازی بین بیللا، باوەڕبوونی بوو بە پیاوەکانی چواردەوری.

گۆڕەپانی سیاسیی وەڵات داخراوییەکی خویا و مەزنی بەخۆیەوە دیت، چون بوومەدیەن دەستی کرد، بە هەڵوەشاندنەوەی تەواوی دامەزراوە دەستوورییەکانی، کە لە سەردەمی بین بیللادا دامەزرابوون. دواتر تەنانەت بۆ کەسانێکی، کە کۆمەکیان بە کوودێتاکە کردبوو، وەک

کۆلۆنێل زوبێری سەرۆکی سپاسالاریی، ڕوونبووەوە، کە ئەوان، وەک بۆ خۆیان دەیانگوت، دیکتاتۆرێکیان وەلاناوە بۆوەی یەکێکی دیکە لە جێگەی دانێن. تەنانەت هەندێک لەوان، لە ڕێگەی نەخشەدانان بۆ کوژتن یا کوودێتا، هەوڵی ڕووخاندنی ڕێژیمی نوێیان دا، لێ سەرنەکەوتن. ڕێژیمی نوێ هەرچەندە بە سەرکردەیەتییەکی تێکڕایی و کۆمەڵ دەستی پێ کرد، لێ هەر زوو بوو بە دەسەڵاتێکی تاکڕۆ. کوودێتاکە، کۆنگرەی ڕێکخراوی ئەفرۆ- ئاسیایی، هەڵوەشاندەوە، کە دەبوو لە جەزائیر لە 23ی جووندا گیرابا، چون کوودێتاکە لە 19ی جووندا ڕوویدا. چاوەڕوانی ئەوە دەکرا، لەو کۆنگرەیەدا گۆڕین لە سیستمی جیهانیدا بکرێت، بەوەی سیستمێکی نوێی دەوڵەتداری چێ بکرێت. بین بیللا، بە پێکهاتن و ڕاوێژ لەتەک سەرکردەی کۆمەڵێک لە وەلاتانی جیهان، مانەندی: جەمال عەبدونناسر، ئەحمەد سۆکارنۆ، شو ئین لای، نکرۆما، نایریری، مۆدیبۆ کیتا، جۆمۆ کینیاتا و... هاوئاهەنگی لەگەڵ گێڤارا و بین بەرەکە، ئامادەکارییەکی باشی بۆ کردبوو و چاوەڕوانییەکی زۆر و ئومێدێکی فرەی لەسەر هەڵچنیبوو.
هەر لەو سەروبەندەدا، گێڤارا بە هاوئاهەنگی لەتەک ئەلمەهدی بین بەرەکەدا، ئامادەکاری بۆ کۆنگرەی سێ کیشوەری ئەفریقا-ئاسیا- لاتین ئەمەریکا لە هاڤانا دەکرد،

که بڕیار بوو له 3–13ی جەنیوەری 1966 بکرێت و دەیانەویست وەک پێشەکییەک بڕێک جڤین بە ئامادەبوونی نوێنەرانێک لەو سێ کیشوەرەوە، لە 24ی ئۆگوستی 1965دا سازکەن، لێ کوودێتاکەی بوومەدیەن پەکی ئەو جڤین و ئامادەکارییانەی خست. دوای ئەوەیش ئەحمەد سۆکارنۆی سەرۆکی ئیندۆنیزیا کوودێتای بەسەردا کرا و کۆمەڵکوژییەکی گەلێک دڕندانە دژ بە خەڵکانی چەپ و کۆمیۆنیستەکان لەو وەڵاتەدا کرا.[96] دوای کوودێتاکەی بوومەدیەن گێڤارایش لە بەرچاو بزر بوو و بە کارێکی

[96] لە سەرەتای ئۆکتۆبەری 1965 تا ساڵی 1966، ئەمەریکا و بریتانیا، بە بیانووی لەنێوبردنی کۆمیۆنیزم و بە کۆمەک و پشتگرتنی سۆهارتۆ و سپا و هێزە ئیسلامییەکان، شاڵاوێکی پاکتاو و کۆمەڵکوژیی دڕندانەیان دژ بە حیزبی کۆمیۆنیستی ئیندۆنیزی(PKI) ڕاگەیاند و بوون بە هۆی کوژتن و لەبەینبردنی نیو میلیۆن تا یەک میلیۆن مرۆڤی کۆمیۆنیست و چەپ و هەوادارانیان لەو وەڵاتەدا. ئەو حیزبە نزیکەی 3.5 میلیۆن ئەندام و 20 میلیۆن هەواداریشی لەنێو ڕێکخراوەکانی سەر بە حیزبەکەدا هەبوون و دوای حیزبی کۆمیۆنیستی چینی و حیزبی کۆمیۆنیستی سۆڤییێتی سێیەم گەورەترین حیزبی کۆمیۆنیستی بوو لە جیهاندا. لە مارسی 1966دا ئیمپریالیزمی ئەمەریکا و بریتانیا سۆکارنۆی ئازادیخواز و بێلایەن و دژەئیمپریالیزمیان لە دەسەڵات وەدەرنا و سۆهارتۆی نۆکەری خۆیان گەیاندە دەسەڵات.

شۆڕشگێڕانە ڕۆیشت بۆ کۆنگۆ. سەرباری هەموو ئەوانە، بین بەرەکە، کە چالاکانە خجڵی ئامادەکاری کۆنگرەی هاڤانا بوو و لە چوارچێوەی ئەو کارەدا، لە 23ی جوونی 1965دا چوو بۆ بەیرووت و دواتر لە 29ی سێپتەمبەری 1965دا سەردانی هاڤانای کرد و ڕێک یەک مانگ دوای سەردانەکەی هاڤا، بین بەرەکە لە 29ی ئۆکتۆبەری 1965دا، لە پاریس ڕفێنرا و دواتر بە کوژراوی دۆزرایەوە. کۆنگرەکەی هاڤانا، کە دەبوو لە مانگی جەنیوەری 1966دا بگیرێت، لە دیسەمبەری 1966دا گیرا، کە نزیکەی سالێک دواکەوت. لە هەلومەرجێکیشدا گیرا، کۆمەڵێک لە کەسە سەرەکییەکانی تێدا نەبوون: سەرۆک ئەحمەد بین بیللا، ئەلمەهدی بین بەرەکە و سەرۆک ئەحمەد سۆکارنۆ.

تەواوی ئەو ڕووداوانە ڕوونکردنەوەیەکی زۆر ئاشکران، کە بۆچی ئەمەریکا یەکەم دەوڵەت بوو برووسکەی پشتگریی بۆ کوودێتاکەرانی جەزائیر و سەرکردەیەتیی نوێی جەزائیر، واتە: بوومەدیەن و دەستەکەی، نارد!. بین بیللا جەزائیری بەرەو سۆسیالیزم دەبرد، کارێک کە لە لایەن ڕۆژاوا و سەرمایەدارییەوە هەرگیز قەبووڵ نەدەکرا، بۆیە کوودێتای بەسەردا کرا. هەندەک کەسیش پێیان وابوو کوودێتای بوومەدیەن بەسەر بین بیللادا،

دووپاتەبوونەوەی مێژوو بوو لە جەزائیر و بە کوودێتای عەبدوننناسر بەسەر موحەممەد نەجیبدا چوویێندرا. ئەگەر هاتبا ئەو کۆنگرەیەی هاڤانا لە 3-13ی جەنیوەری 1966دا کە نەگیرا، گیرابا، لەنێوان ئەمەریکا و سۆڤییێتدا هێزی سێیەم دروست دەبوو و سیاسەت و ئابوورییەکی دی دەهاتە گۆڕێ و بێجگە لە ملنەدان بۆ ئەمەریکا، دەبووە هێزێکیش ڕێگەی لە یەکیەتیی سۆڤییێت دەگرت، دەست بەسەر بزاڤە ڕزگاریخوازەکاندا بگرێت، لێ بەو کوودێتایەی بوومەدیەن بەسەر بین بیللادا، هەموو پێشبینییەکان سڕدرانەوە.

## بین بیللا دەخرێتەوە زیندان

بین بیللا، لە باسی گرتنەکەیدا دەگێڕێتەوە، کە سەرەتا براوە بۆ وەزارەتی جەنگ و ئیدی لەنێوان مۆڵگە سەربازییەکاندا گوێزراوەتەوە، هەر دوو مانگ جارێک بۆ جێگەیەکی دیکە و ئەم کارە چەندین ساڵ بەردەوام بووە و هەموو جارێکیش لە ژوورێکی گچکەدا، زیندانیی کراوە و بە توندی چاودێریی کراوە. لە دەسپێکدا تەنێ لە لایەن سەرۆکی دەڤەرەوە کۆلۆنێل سەعید عوبێد (سعید عبید)ەوە سەردانیی دەکرا و دواتریش لە لایەن کۆلۆنێل

عەبدوڵڵا بلهەوشات (العقيد عبدالله بلهوشات)ەوە، کە بوو بە جێگری کۆلۆنێل سەعید عوبێد، سەردانیی کراوە. بین بیللا، لەو زیندانەیدا لە دەسپێکدا و لەسەر داوای خۆی قورئانێکی بۆ دابین کرا، چون بۆی نەبوو هیچی دیکەی هەبێت، لێ دواتر و پاش ماوەیەک ڕێگەی پێ درا، لە ژوورەوە ڕادیۆیەکی هەبێت و ڕۆژنامەیەک یا دووانی، وەک ڕۆژنامەی لۆمۆندی فرانسی، هەندێ جار بۆ بێت. کاتێک کە کوودێتای بەسەردا کرا، بین بیللا، لە ڤیللایەکدا، لە جێگەیەکی تا ڕادەیەک چۆڵدا دانرا و ڕێگە بە کەس نەدەدرا سەردانیی بکات. لەمەڕ ئەو 15 ساڵەی لە زینداندا بوو، بین بیللا باسی ڕەوشی خۆی دەکات و دەڵێ: "لەنێوان 1965-1971، تاک و تەنیا و گۆشەگیر بووم بەرانبەر دیوارێک. کێشەکە بە درێژایی ئەو ساڵانە بێدەنگی بوو. قورئان باشترین هاوڕێم بووە لە کاتی زیندانیدا. قورئانم بە دەنگێکی بڵند دەخوێندەوە، ئەوە کۆمەکێکی زۆری پێ کردم. لە 1971دا زوهرە هاتە نێو ژیانمەوە". مەبەستی زوهرە سەللامی (زهرة سلامي)یە، کە لەو ساڵەدا و لە زینداندا، زەماوەندیان کردووە. بین بیللا وەک دەشڵێ، لەو تەنیاییەدا سوودێکی زۆری بینیوە و ئەو کاتانەی بۆ خوێندنەوە و ڕامان بەکار بردووە. لەوێدا شارەزایی لە هزری ئیسلامی و تێزە هزرییەکانی دیکەدا پەیدا کردووە و پێی وایە ئیسلام کۆمەکی پێ

کردووە. بین بیللا، لەو 15 ساڵ زیندانییەیدا دوای لەکارکەنارخستنی، هەرگیز حەزی بە دەرکەوتنی نێو میدیا و ئاخافتن و کەوتنەبەر ڕووناکی نەدەکرد. ئەو، گۆشەگیرییەکی ئارەزوومەندانەی سۆفییانەی هەڵبژاردبوو. زیندان کۆمەکێکی باشی پێکرد، بۆ فێربوونی زمانی عەرەبی بە باشی. زیندان، دەرفەتێکی باشی پێ بەخشی چەندین کتێبی کەلەپووری و هزریی عەرەبی و ئیسلامی و شیعر بخوێنێتەوە. ئەو کە چووە زیندان عەرەبی بە باشی نەدەزانی، کە دەرچوو عەرەبییەکی باش فێر بووبوو و شارەزاییەکی باشی لە زمان و فەرهەنگیی عەرەبیدا پەیدا کردبوو. ڕێژێ دۆبرێ[97] دەڵێ: "ئەوانەی بە

---

[97] ڕێژێ دۆبرێ Jules Régis Debray (1940 –...)، فیلۆسۆف، ڕۆژنامەوان، ئەکادیمی و بیریارێکی فرانسییە. لەمەڕ میدیا و فەرهەنگەوە چەندین تیۆری هەیە. ئەو بەو پێوەندەی بە چێ گێڤاراوە ناسراوە، کە لە ساڵی 1967دا لە بۆلیڤیا هەیبوو. لە مانگی ئەپریلی 1967دا، واتە پێش شەهیدبوونی چێ گێڤارا بە شەش مانگێک، لە بۆلیڤیا دەیگرن و دەخرێتە زیندانەوە، بە تۆمەتی کارکردن لەتەک گێڤارادا و 30 ساڵ فەرمانی زیندانیکردنی دەدرێت، لێ لە 1970دا و دوای 3 ساڵ بە هۆی داخوازییەکی نێودەوڵەتی و ڕووناکبیرانی بەناوێی وەک ژان پۆل سارتر و ئەندرێ مالڕۆ، ئازاد دەکرێت. دۆبرێ، پشتگری سەرۆکایەتیی سلڤادۆر ئاللیندی بوو لە چیلی. لە 1973دا چەندین کار و پلەی ڕەسمیی لەنێو حوکوومەتی فرانسیدا وەرگرت. لە ساڵانی 1960دا لە زانستگەی

سامانی ڕۆحی دەوڵەمەندن، بەرەو ئاسمان باز دەدەن، بنمیچەکە دەبڕن و هەڵدەکشێن بەرەو مەزنترین".[98] بین بیللا دەڵێ: "ئەوەی خۆڕاگریی بۆ ئاسان کردم، باوەڕ بووە بە ئیسلام". گومانی تێدا نییە، باوەڕ مرۆڤ دەپارێزێت و هێزی دەداتێ. بین بیللا لە 1980دا لە بەندیخانە ئازاد کراوە.

بین بیللا، لەو زیندانەیدا، 18 مانگ بە پۆشاکی سەربازییەوە چاوەڕوانی سیخوڕ و پیاوانی دەسەڵات بووە بۆوەی بیبەن بۆ لەسێدارەدان. شوێنەکەی گەلێک خراپ بوو. ئەو لە جێیەک بوو بە ناوی بیئر ئەلتووتە (بئر التوتة) لە بێئاوانێکدا، لەسەر ڕێگەی سەرەکی نێوان جەزائیری پێتەخت و شاری وەهران ، کە 40 کم لە جەزائیرەوە دوور بوو. ئەو دەڤەرە لەژێر دەسەڵاتی

---

هاڤانا لە کووبا مامۆستای فەلسەفە بووە. چەندین کتێب و تیۆریی شۆڕشگێڕانەی لەمەڕ بزاڤی سۆسیالیزم و خەباتی چەکدار لە لاتین ئەمەریکا نووسیوە. ساڵی 1981 بوو بە ڕاوێژکاری فرانسوا میتێرانی سەرۆکی فرانسا بۆ کاروباری دەرەوە.

[98] دوبریە، ریجیس، مذکرات بورجوازی صغیر، بین نارین وأربعة جدران، ترجمة سهیل إدریس، دار الآداب، بیروت، الطبعة الأولی 1977، ص11. دۆبرێ، ئەوەی لە زینداندا گوتووە و لە وشەی "مەزنترین" مەبەستی خودایە.

کۆلۆنێل عەبدوڵڵا بلهەوشاتدا بوو، کە ئەو بین بیللای لە کوژتن دەپاراست. 450 کەسی سەرباز و هەواڵگری سەربازیی پاسەوانی زیندانەکەی بین بیللا بوون وماڵی بین بیللایش بە ئامێری وێنەگرتن و دەنگ تۆمارکردن چێنرابوو.

لە دەسپێکی زیندانیکردنی بین بیللادا لە دوای کوودێتاکە، بوومەدیەن بۆ ماوەی هەشت مانگی ڕەبەق، هاوڕێ و سەرۆک و مامۆستاکەی خۆی خزاندە ژێرزەوینێکەوە، کە هیچ کەسێک نەیدەتوانی چاوی پێی بکەوێت. دایکی بین بیللا، فاتیمە بینتولحاج (فاطمة بينت الحاج)، کە تەمەنی 84 ساڵ بوو، هەشت مانگ چاوەڕوان بوو کوڕەکەی ببینێت، لێ ڕێگەیان نەدەدایە تا درەنگانێ ڕێگەی پێ درا، بچێتە سەردانی، لەو ڤیللایەی تێیدا زیندانی کرابوو. بینتولحاج، لەو تەمەنەیدا ڕێگەی 600کم ی دەبڕی بۆوەی کوڕە زیندانییەکەی ببینێت. ئەو چون چووبووە نێو ساڵەوە، حەزی دەکرد بین بیللای کوڕی ژن بهێنێت. ئەو هەموو جارێک ئەو باسەی لەگەڵ کوڕەکەیدا دەکردەوە. بین بیللا پێی وابوو ئەوە کارێکی نەکردەنییە و شتی وا نابێت، ئەو دەیگوت کێ بێ قایل بێت بەوەی شوو بە زیندانییەک بکات! بین بیللا وەک بلێی مانی لە ژنهێنان گرتبێت و بڕیاری ژیانی ڕەبەنی و سەڵتیی دابێت، وەک بۆ خۆی دەیگوت،

بەتایبەت دوای زیندانیکردنی لە 1965دا، وا بوو. بین بیللا لەو کاتەدا تەمەنی 49 ساڵ دەبوو و سەردانە یەک لە دوای یەکەکانی دایکی، کە هەموو جارێک ئەم ڕستەیە: "ئەحمەد، کوڕم ژن بهێنە"ی دەگوتەوە و چەند پاتەی دەکردەوە، وای لێ کرد بەزەیی بە دایکیدا بێتەوە و دڵی نەرم بێت و بە بڕیاری ژننەهێناکەیدا بچێتەوە و لە دڵی خۆیشیدا باوەڕی بەوە نەبوو هیچ کچێکی وا هەبێت قایل بێت بەوەی مێرد بە زیندانییەک بکات. دایکی هەر جارەی دەچووە سەردانی بین بیللا، بێ گوێدانە تەمەنی، پاسەوانانی زیندان پەتپەتی دنیایان پێ دەکرد و هەموو جارێک پڕتاڵەکانیان لە بەر دادەکەند و ڕووتیان دەکردەوە، کە دەبووە هۆی سەرمابوونی و لە دواییشدا نەخۆشکەوتنی. ئیدی بین بیللا بە داواکەی دایکی، بە ژنهێنان قایل بوو.

## زەماوەندی کچێک لەتەک نەیارە زیندانییەکەیدا

دوای قایلبوونی بین بیللا بە داواکەی دایکی، جارێکی تر، کە دایکی هاتەوە بۆ سەردانی کوڕەکەی و باسی

ژنهێنانەکەی هێنایەوە گۆڕێ، بین بیللا پێی گوتبوو، کێ شوو بە زیندانییەک دەکات؟ لەو ماوەیەدا جارێک زوهرە سەللامی؛ ڕۆژنامەوان، دێتە زیندان بۆوەی دیدارێک لەگەڵ بین بیللای نەیاریدا بکات، کە بە ڕای زوهرە سەللامی "پیاوێکی ڕووخاو و پاشڤەڕۆ و لادەر بوو لە شۆڕش" و دنیایەک پرسیاری بۆ ئامادە کردبوو. وا ڕێک دەکەوێت دایکی بین بیللایش لەوێ دەبێت و چاوی بە زوهرە دەکەوێت. دایکی بین بیللا دواتر لەگەڵ زوهرەدا دەکەوێتە قسەکردن و باسی ژنهێنانی کوڕەکەی لەگەڵدا دەکات و داوای لێ دەکات شوو بە کوڕەکەی بکات. پاش هاتنەوەی دایکی بۆ سەردانی بین بیللای کوڕی، دەسبەجێ وێنەی کچێک لە باخەڵی دەردەهێنێت و پیشانی بین بیللای دەدا و پێی دەڵێ ئەم کچە بخوازە. بین بیللا کە وێنەکە دەبینێت دەزانێت ئەمە زوهرە سەللامیی ڕۆژنامەوانە، کە دیداری لەگەڵدا کردووە و هەر ئەو زوهرە سەللامییە ماویستەیە، کە لەنێو حەشاماتێکی زۆری خەڵکدا، کە هەموو چەپڵەیان بۆ بین بیللا لێدەدا کاتێک سەرۆک بوو، ئەو تاکەکەسێک بوو چەپڵەی لێنەدەدا. ئەو، کە ناوی تەواوی زوهرە میشال سەللامی بوو، لە باوکێکی جەزائیری و دایکێکی فرانسی و لە فرانسا لە دایک بووبوو، کچێکی لاوی لەدایکبووی 1935بوو و چەپێکی ماویستی دژ بە ڕێژیمی جەزائیر و

دژ بە بین بیللا بوو و ڕۆژنامەوان بوو لە حەفتەنامەی "شۆڕشی ئەفریقا"ی چەپگەرادا، کە بە زمانی فرانسی لە جەزائیر دەردەچوو. ئیدی دایکی بین بیللا، بەرەبەرە هەم زوهرە بە شووکردن بە بین بیللا و هەم بین بیللا بە خواستنی زوهرە قایل دەکات و بیرۆکەکەی دەگەیەنێتە ئەنجام. ڕۆڵە کاریگەرە یەکلاکەرەوەکە لە تەواوی ئەو پرۆسێسەدا، دایکی بین بیللا دیتی و ئەو بوو بە هۆی ڕێکخستنی، کورد گوتەنی "ئەو کاری خێرە".

ڕێژیمی بوومەدیەن و بەڕێوەبەرایەتیی زیندانیش بەو زەماوەندە قایل بوون. زوهرە سەللامی، کە لە پێشدا نەک تەنێ بیرۆکەی مێردکردنی بە بین بیللا ڕەفز دەکرد، بەڵکە بین بیللایشی وەک کەسیەتی و هزر و سیاسەت ڕەفز دەکرد، بەرەبەرە پێی قایل بوو و قەبووڵی کرد. قانوونی زیندان تەنێ سێ ڕۆژ مۆڵەتیان بە بین بیللا دابوو بۆ زەماوەندکردن، دەنا ئیدی لێی حەرام دەکرا، ئیدی لە دووەم سەردانی زوهرەدا، بین بیللا توانی بەو بیرۆکەیە، کە دایکی کاری بۆ کردبوو، بۆ خۆیشی زوهرە قایل بکات. زوهرە بە قایلبوونی، بڕیاری ئەوەیشی دا لەگەڵ بین بیللادا لە زینداندا بمێنێتەوە. زوهرە، کە بڕیاری مێردکردنی بە بین بیللا دا، گوتی: "ئەوان هەوڵ دەدەن جەزائیرییەکان بین بیللا لە بیر بکەن، من هەوڵ دەدەم

تەنیا ئەوە بسەلمێنم، کە تەنیا یەک جەزائیری ئەوی لە بیر نەکردووە"، ئەو مەبەستی خۆی بوو.

لە 25ی مەی 1971دا، زوهرە پۆشاکێکی سپیی بووکێنی لە بەر کرد و بە ئامادەبوونی دایک و باوکی خۆی و چەند هەڤاڵێک مارە برا بۆ پیاوێکی 55 ساڵان، کە لە زینداندا بوو. دوای ماوەیەک زوهرەیش چووە زیندانەوە بۆ کن مێردەکەی و لە زینداندا ژیا و ماوەی حەفت ساڵ و نیو لەگەڵی مایەوە. بە هاتنی زوهرە بۆ نێو ژیانی بین بیللا، ژیانی بین بیللا بەتەواوەتی گۆڕا و لەو تەنیاییە ڕزگاری بوو و ئیدی هاودەمێکی هەبوو، قسەی لەگەڵ بکات و لە ڕووی مەعنەوەییەوە ئارامی و دڵنیاییەکی بۆ دروست بوو. لە دەسپێکدا ئەو ژن و مێردە بۆ خۆیان بەتەنێ بوون، لێ ئەو ئارامییە هێندەی نەبرد و کێشە دروست بوو. زوهرە هەر بەینێک جارێ دەهاتە دەرێ و سەردانی خێزانی خۆی دەکرد. هەر کاتێک لە زیندان دەرچووبایە یا کە دەگەڕایەوە زیندان، پشکنینێکی زۆری بۆ دەکرا. بێجگە لەوەیش زیندانەکە پڕ کرابوو لە ئامێری گوێگرتن و کامیرا.

بین بیللا و زوهرە منداڵیان نەبوو، ئەوان کۆرپەیەکی کچیان گرتە خۆ، ناوی مەهدییە (مهدية)یان لێنا و کچێکی 2 ساڵانیشیان لە وەهران پەیدا کرد ناوی نوورییە (نورية)یان لێنا. ئەو منداڵانە لە ئاوایی بیئرئەلتووتە چوونە

خوێندنگە. دەسەڵات، ڕێگەی نەدا منداڵەکان بە ناوی بین بیللاوە لە خوێندنگە بنووسرێن، چونکە ناوی بین بیللا لە جەزائیردا قەدەغە کرابوو و تەواوی مافی هاووەڵاتیەتی و ڕەگەزنامەیش لە بین بیللا سەندرابوونەوە، تەنانەت لە کتێبی میژوویشدا، کە لە خوێندنگەکان دەخوێندران، ناوی بین بیللا، لەدوای ئەوەی لە دەسەڵاتدا نەما، سڕابووەوە و هەرگیز لە کوولەکەی تەڕیشدا ناوی نەدەبرا. ئەوەی سەیر بوو لەو زەماوەندەی بین بیللا و زوهرە سەللامیدا، ئەوە بوو، زوهرە سەللامی، یەکێک بوو لە ئۆپۆزیسیۆنە سەرسەخت و توندەکانی سەرۆک بین بیللا و هەواداری دوژمنەکەی بین بیللا، موحەممەد بووزیاف بوو و پشتگرێکی تەواوی کوودێتاکەی بوومەدیەن و گۆڕینی ڕێژیم بوو. ئەو ڕۆژنامەوانێکی  چالاک و سەرکەوتوو بوو. قایلبوونی کچێکی گەنجی لەو جۆرە، بەوەی مێرد بە زیندانییەک بکات، کە کەس چاوەڕوانی ئازادبوونی نەدەکرد، ڕووداوێکی دەگمەن بوو لە مێژووی مرۆڤایەتیدا. دایکی بین بیللا دوای نزیکەی دوو ساڵ لەو ژنومێردایەتییەی زوهرە و بین بیللا، لە تەمەنی دەوروبەری 92 ساڵیدا کۆچی دوایی کرد و ڕێگەیش بە بین بیللای کوڕی نەدرا بەشداری بکات لە ناشتن و پرسەی دایکیدا. هەردوو بین بیللا و زوهرە تا دەهات، پتر لە بیری ئیسلامەوە نزیک دەبوونەوە و بین بیللا بەها

ئیسلامییەکانی بە گەرەنتییەکی سەد لە سەدی مافی خەڵکی جەزائیر دەزانی.

بین بیللا، لە زیندانیشدا هەمیشە لە جیهانەوە و بە تایبەت لە جیهانی سێیەمەوە نێزیک بوو، ئەوە بەو کتێبانەدا دەردەکەوت، کە لە ڕێگەی ژنەکەیەوە (زوهرە) لە مادلین لافی ڤەیرۆنی پارێزەری داوای دەکردن، هەموو ئەو کتێبانە لەمەڕ ڕەوشی سیاسی و ئابووری و فەرهەنگیی جیهانی سێیەم بوون و هەندێکیشیان لەمەڕ هونەری تەلارسازی و شارستانەتی بوون. بین بیللا وەک ڕووناکبیرێک ئاگای لە ڕەوش و دەوروبەر هەبوو. دوا کتێبێک ڤەیرۆن بۆی نارد، ئەلعەرەب (العرب)ی مەکسیم ڕۆدنسن بوو. زوهرە سەللامی دەیگێڕایەوە، کە بین بیللا سەرسامە، بەو نووسینانەی باس لە خەڵکە ڕەسەنەکانی لاتین ئەمەریکا دەکەن.

هەرچەندە لە 19ی جوونی 1965دا، بین بیللا لە دەسەڵات وەدەرنرا و ئیدی هەرگیز نەگەڕایەوە سەر دەسەڵات و ماوەی 15 ساڵ زیندانی کرا، ئەو وەک دەنگێکی بەهێز و زوڵاڵی جیهانی سێیەم مایەوە. سەرلەبەری ژیانی ئەو، خەبات و کۆششێک بوو، کە هەر لە تەمەنی 15 ساڵانەوە کەوتبووە سەر ئەو ڕێچکەیە و هەرگیز و تا هەنووکەیش، لە بیروباوەڕی خۆی لای

نەداوە و ڕێبواری ئەو ڕێیەیە. ئەو دەیگوت: "من تاکە ئومێدێکی جەزائیرم"، کاتێک دەیویست جۆریک لە سۆسیالیزم پیادە بکات. دەیگوت:"جەزائیر وەک چرایەکە بۆ جیهانی سێیەم". بین بیللا، جلێکی سادە، چاکەتێکی شینی پڕڕەنگی، چون ئەو هەمیشە حەزی لە ڕەنگی شینە، وەک ئەوەی ماو زەدۆنگی لە بەر دەکرد و وەک پێشاندانی ئەو ڕێبەرانەی لە کەسیەتی و لە جیهانبینییانەوە نێزیکە دەیگوت؛"کاسترۆ برامە، ناسر مامۆستامە، تیتۆ نموونەمە".

## هەوڵدان بۆ ئازادکردنی بین بیللا لە زیندان

لە گەلێ لاوە و لە لایەن گەلێ کەسەوە هەوڵی ئازادکردنی بین بیللا دەدرا. لەوانە جەمال عەبدونناسر، کە بین بیللای زۆر خۆش دەویست، لێ هەوڵەکانی هیچ سوودێکیان نەبوو. عەبدونناسر، شاندێکی پێکهاتووی لە موشیر عەبدولحەکیم عامیر (المشیر عبدالحکیم عامر) و ڕۆژنامەوان موحەممەد حەسەنێن هەیکەل (محمد حسنین هیکل)، کلکرد بۆوەی لە ڕەوشی بین بیللا ئاگادار بن. باس لەوەیش دەکرێت، کە موشیر عامیر، بە تەمای ڕفاندن و

دەربازکردنی بین بیللا بووبێت لە زیندان، چون هەر ئەو ڕۆژەی موشیر عامیر گەیشتە جەزائیر، ژێرئاوی (غواصة)یەکی میسری بەرەو کەنار ئاوەکانی جەزائیر جوولا. تەواوی هەوڵەکانی سەرۆکانی وەلاتانێک کە بین بیللا پێوەندی هاوڕێیەتی پێیانەوە هەبوو هیچیان لێ شین نەبوو.

مادلێن لافی ڤیرۆن، ئەو پارێزەرەی یەکەم گلەت لە زیندانی لاسانتێی فرانسا بین بیللای ناسی، ڕۆڵێکی گەورەی لە ناساندنی کێشەکەی بین بیللادا بە کۆمەڵی نێودەوڵەتی بینی. لیژنەیەکی نێودەوڵەتیی دامەزراند و کاری لە سەر خڕکردنەوەی ئیمزا کرد بۆ ئازادکردنی، بەتایبەت دوای بڵاوبوونەوەی هەواڵی هەوڵدان بۆ لەنێوبردنی، کە بەهۆی هەندەک لە ئەندامانی حوکوومەتی جەزائیرەوە، بە ڕۆژنامە فرانسییەکان گەیێندرابوو. ئەو پارێزەرە دەڵێ، لەوانەی هەوڵی ئازادکردنی بین بیللایان دەدا، جێنێراڵ دو گۆل و عەبدونناسر و ئەحمەد سێکۆتووریێ و جۆلیۆس نایریری[99] و کاسترۆ بوون. کاسترۆ لە هەموو دیدارێکیدا لەگەڵ بوومەدیەن باسی بین بیللا و داوای ئازادکردنی دەهێنایە گۆڕێ، لێ بوومەدیەن

---

[99] جۆلیۆس نایریری Julius Nyerere (1922–1999)، سەرۆکی تانزانیا.

مەرجی هەبوو بۆ ئازادکردنی، بین بیللاش مەرجەکانی ڕەفز دەکردن. مۆدیبۆ کیتا،[100] داوای لە وەزیری کاروباری دەرەوەی وەڵاتەکەی کرد، کێشەی بین بیللا بخاتە نێو بەرنامەی کارەکانی جڤینی وەزیرانی دەرەوەی ڕێکخراوی یەکیەتیی ئەفریقا (منظمة الوحدة الأفريقية)وە لە ئاکرا Accraی پێتەختی گانا، لە ساڵی 1967دا، لێ عەبدولعەزیز بووتەفلیقە داوای کێشانەوەی ئەو بابەتەی کرد، بەرانبەر بەوەی ڕێگە بە یەکەم سەرۆک، کە سەردانی جەزائیر دەکات، بدرێ، بەوەی سەردانی بین بیللا بکات.

## چۆن دەنۆڕدرێتە کوودێتاکەی بوومەدیەن

کوودێتای بوومەدیەن، بە دیدی زۆرینەی خەڵک، دەستی سی.ئای.ئەی CIA تێدا بوو و ناپاکییەک بوو، بوومەدیەن لەهەمبەر سەرۆکەکەی خۆی (بین بیللا) کردی. تاکە هۆکارێکیش بۆ دوورخستنەوەی بین بیللا لە دەسەڵات، بیروباوەڕی شۆڕشگێڕانە و مرۆڤدۆستانە و دەستپاکی و

[100] مۆدیبۆ کیتا Modibo Keïta (1915–1977)، سەرۆکی مالی.

دژەئیمپریالیزم بوونی بین بیللا بوو. ئەو سەرۆکی کارگەران و جووتیارە شۆڕشگێڕەکان بوو. بین بیللا، ئەزموونێکی ناوازە بوو لە جیهانی سێیەمدا، ئەو تاکە کەسێک بوو لە ئەفریقا و لە گەلێ شوێنی دیکەدا، باوەڕی وابوو، یەکبوونی بزاڤی شۆڕشگێڕیی بەرپرسیارە لە هەموو چەوساوەکان. ئەو داوای لە گەلێک کەسایەتیی عەرەب کرد، پۆستی وەزارەتی گرنگ لە حوکوومەتی جەزائیردا وەرگرن، هەندێک لەوان قایل بوون و هەندێکیش بوون بە ڕاوێژکاری. لە دوای دەستبەرداربوونی چێ گیڤارای شۆڕشگێڕی ئەمەریکای لاتین لە حوکوومەت و وەزارەت لە کووبا، بین بیللا داوای لێکرد، ببێتە وەزیری ئابووریی لە حوکوومەتی جەزائیردا، لێ گیڤارایەک، کە بۆ شۆڕش ئافرێندرابوو و پەیامهێنی شۆڕش بوو و بۆ خۆی شۆڕش بوو، هەرگیز وەها کارێکی پێ نەدەکرا، ئەو ڕزگارکردنی چەوساوەکانی جیهانی مەبەست بوو و بە ئەرکی خۆی دەزانی.

# بین بیللا وەک ئاکار و ڕەوشت و بەرخورد

بە بۆچوونی مادلێن لافی ڤیرۆن، پارێزەرەکەی بین بیللا: "بین بیللا  وەک ئاکار، هەرگیز وەدووی پارەوپووڵ و ساماندا وێڵ نەبووە و مەبەستی نەبووە و هەرگیز لە دەسەڵات و دەستەبەرییەکی دەیتوانی هەیبێت، سوودمەند نەدەبوو و هەمیشە ڕەفزی دەکرد. ئەو لە سەردەمی شۆڕشدا، کە پارەیەکی مشەی شۆڕشی لە بەردەستدا بوو، بۆڵەترێیەک، لە تەرابولس، خۆراکی بەیانیی بوو و زستانێکی تەواویشی لە مەدرید بە بێ پاڵتۆ بە سەر دەبرد، چون پارەیەک، کە بۆ خەرجیی خۆی تەرخان کرابوو، 300 فرانک بوو و بەو پارەیەیش پاڵتۆ نەدەکڕدرا". دایکی بین بیللا، فاتیمە بینتولحاج (فاطمة بنت الحاج)، لەتەک هەردوو کچەکەی (خوشکانی بین بیللا) و مێردەکانیان (زاواکانی)دا لە شاری مەغنییە لە خانوویەکی چوار ژووریی گچکەدا دەژیان و هەموو پێخەفەکانیان لە بن دیواری ژوورەکاندا لەسەر زەوی کەڵەکە دەکرد. دایکی بین بیللا، لە کاتێکدا کوڕەکەی سەرۆککۆمار بوو، وەک هەژارترین هەژاری ئاوایینشینێکی جەزائیری دەژیا.

وەک بەراوردێک لەنێوان بەرخوردی بین بیللا، لە سەردەمی فەرمانڕاواییدا لەگەڵ پێش فەرمانڕەواییدا، مادلێن لافی ڤیرۆن دەڵێ: "بین بیللام لە سەردەمی فەرمانڕەواییدا دیت، کە شێوازی پێوەندی لەگەڵ خەڵکدا هیچ نەگۆڕابوو. 1963 هاتمە جەزائیر و چەند گلەت دیتم، لەگەڵ منداڵەکانمدا، زۆر میهرەبان بوو، کاتی بۆیان تەرخان دەکرد و باسی شۆڕشی جەزائیر و مێژووی گەلی جەزائیری بۆ دەکردن".

بین بیللا، کە سەرۆککۆمار بوو، سەڵت بوو و لەفەن هەر جەزائیرییەکی ئاسایی، لە ئەپارتمانێکی گچکەدا، دەژیا. ئەگەر بەهۆی کارەوە بۆ جێگەیەکیش بچووایە، بێجگە لەو ماشێنەی، کە بۆ خۆی لەگەڵ ئاژۆرێکدا سواری دەبوو، تاکە یەک ماشێنی دیکەی بە دواوە بوو. ئەو تەنانەت لە جێی کارەکەیشی هەر وابوو و هێندە گەلێریش بوو، وەک هەر تاکێکی جەزائیری دەچووە نێو خەڵک و لە قاوەخانە و شوێنە گشتییەکاندا تێکەڵ بە خەڵک دەبوو و لەتەکیاندا دادەنیشت. بین بیللا، نموونەی ڕێبەر و سەرکردەیەکی شۆڕشگێر بوو، کە کار و بەرخوردی وی بە ئامانجی ئەوە بوو، گەل، جەماوەر، خەڵک، جڤاک، وەڵات، ڕابێنێت بەوەی دوای خۆی پێویستیان بە سەرکردە و ڕێبەر نەبێت، واتە: ئەو بە نەهێشتنی جیاوازیی نێوان مرۆڤەکان و سڕینەوەی

هێڵی نێوان دەسەڵات و خەڵک و دەستەبەرکردنی یەکسانی لە جڤاکدا، گەل پەروەردە بکات و پێبگەیەنێت و ڕۆڵی باوکێک ببینێت بۆ گەلی جەزائیر، مانەندی فیدێل کاسترۆ بۆ کووباییەکان. ئەو دەیویست خەڵکەکەی، گەلەکەی، قایل نەبن بە سەرۆکێک یا بەرپرسێک یا سەرکردەیەک، ئەگەر مەبەستی هەرە لە پێشینەی نەهێشتنی بیناکردن و هێنانەگۆڕێی جیهانێکی بێ بەرپرسی باڵا و بێ ڕێبەر و بێ سەرکردە نەبێت. جیاوازیی نێوان وەها سەرکردەیەکی شۆڕشگێڕی وەک بین بیللا و سەرکردەیەکی بۆرژوا، لەوەدایە، ئەمەی دووەمیان، دەیەوێت لە ڕێگەی سەرکردەیەتییەکەیەوە تا هەتایە درێژە بەو مەرجە بابەتی و خۆییانە بدات، کە بوونی سەرکردەیەک هەمیشە بە پێویست بزانرێت و ئەوی یەکەمیش بەپێچەوانەی دووەمەوە، گەلێک ئامادە بکات، خۆی سەرکردە و ڕێبەر و خاوەنی هەموو بڕیارێک بێت.

## بین بیللا پاش مردنی بوومەدیەن

هوواری بوومەدیەن، لە 27 دیسەمبەری 1978دا کۆچی دوایی کرد، ئەو کاتە ئەحمەد بین بیللا هێشتا لە

زیندانەکەی ئەودا بوو، لێ ئیدی دوای مردنی وی، ڕەوشی بین بیللا بڕێک گۆڕا. سەرباری کوودێتای بوومەدیەن بەسەریدا و وەدەرنانی لە دەسەڵات و 15 ساڵ زیندانی بە فەرمانی ڕاستەخۆی بوومەدیەن. بین بیللا، نە ڕقی لە کەس دەبووەوە و نە کینەی لە دڵدا بوو و نە هێرشی بەسەر کەسدا دەکرد، تەنانەت هوواری بوومەدیەن، کە ئەو هەموو ساڵانە ئەو (بین بیللا)ی زیندانی کردبوو، بین بیللا بە چاکە باسی لە بوومەدیەن دەکرد و ناوی دەهێنا. بین بیللا لە ساڵی 1979دا لەمەڕ بوومەدیەنەوە دەیگوت: "هیچ کینەیەکم بەرانبەر ڕەحمەتی بوومەدیەن نییە، بە پێچەوانەوە، دوای ئەوەی ئەو مرۆڤەی لەنێو ئەودا خۆی مەڵاس دابوو، بۆم دەرکەوت، بە باشی لێی تێدەگەم. من پێم وانەبووە و نەمزانیوە سیاسەت تاکتیکگەلێکی ڕووت بێت، تەنانەت ئەگەر دژ بە بەهاکانیش بێت... نەء... سیاسەتی سەرکەوتوو و کارا، ئەخلاقی سیاسیی پیاوەیلێکە خاوەنی ئاسۆیەکی بەرین و شارستانین، ئەخلاقی پیاوی شارستانیش، یەکەم شتێک خۆی لێ دەپارێزێ، تۆڵەسەندنەوەیە". کە ئەلشازیلی بین جدید (الشاذلي بن جديد) پاش مردنی بوومەدیەن گەیشتە دەسەڵات، لە 4ی جووڵای 1979دا، بین بیللا، لە مسیلە (مسيلة) زێدی ژنەکەی، خرایە ژێر چاودێری و دەستبەسەریی نێوماڵ. لە 1980دا فەرمانی لێخۆشبوونی

سەرۆکایەتی بۆ ئازادکردنی بین بیللا، هەرچەندە بڕێک خەڵک دژیشی بوون، دەرچوو.



ئەحمەد بین بیللا و زوهرە سەللامیی هاوژینی و هەردوو منداڵەکانیان

له 30 ئوکتۆبەری 1980دا بین بیللا ئازاد کرا و مووچەیەکی مانگانەی بە 12 هەزار دیناری جەزائیری بۆ بڕایەوە و ڤیللایەکی لە بولۆغین (بولوغین) لە جەزائیری پێتەخت پێ درا، لێ زۆری نەبرد لە مانگی نۆڤەمبەری ئەو ساڵەدا ڕێگەی پێ درا بچێتە دەرێی وەڵات و هەر ئەو ساڵە چووە فرانسا. ئەو جەزائیری جێهێشت، بۆوەی بگەڕێتەوە بۆ کاری سیاسی، هەرچەند، ساڵانێکیش زیندانی بوو، لێ هەر وەک چالاکوانێکی سیاسی مابووەوە.



ئەحمەد بین بیللا و زوهرە سەللامیی هاوژینی

لە ساڵی 1981دا بوو بە سەرۆکی لیژنەی ئیسلامیی نێودەوڵەتیی ماڤی مرۆڤ. فرانسا چالاکییە سیاسییەکانی بین بیللای لەسەر خاکی فرانسا، پێ قووت نەدەدرا، ئیدی بین بیللا، ناچار فرانسای جێهێشت و لە 1983دا لەژێر گوشاری دەسەڵاتداریەتیی فرانسادا ڕووی کردە لۆزان لە سویسرا. لە ساڵی 1984دا حیزبێکی دامەزراند بە ناوی بزاڤ لە پێناوی دیموکراتیدا "الحركة من أجل الديمقراطية"، وەک ڕەنگدانەوەی باوەڕی ئەو بە خەباتکردن بۆ فرەیی دیموکراتی و ڕێزگرتن لە مافی مرۆڤ لە جەزائیر. هەر لەو ساڵەیشدا بین بیللا میدالیای قارەمانی یەکیەتیی سۆڤییێتی وەک خەباتگێڕێکی قارەمانی دژ بە کۆلۆنیالیزم و ئیمپریالیزم و میدالیای لینینیشی بۆ ئاشتی وەرگرت.

# بەشی دووەم

# دید و هزر و جیهانبینیی ئەحمەد بین بیللا

بین بیللا یەکێکە لە سەرکردە و ڕێبەرە دیارەکانی جیهانی سێیەم. ئەو لە زۆر شوێن و بۆنەدا کاتێک لە کێشەکانی جیهانی سێیەم، وەلاتانی عەرب، جەزائیر، دەدوێ و دەیانخاتە پێش چاو، وەک زۆر سەرکردەی دیکە، بە کردەوە، تاڕادەیەک چارەسەری یەکجارەکی پێ نییە. جیاوازیی ئەم و ئەو سەرکردانە لەوەدایە، ئەوان هەموو خۆیان بە هزرمەند و خاوەنی تیۆری دادەنێن، لێ ئەم بۆ خۆیشی، ئەوە دەسەلمێنێت و ددان بەوەدا دەنێت و دەڵێت: "ئەز بە هەموو خاکەڕاییەکەوە ددان بەوەدا دەنێم کە خۆم فڕێداوەتە کوێرەڕێیەکەوە، چون من تیۆریزان (تیۆریست) نیم، پێش هەر شتێکی دی من مرۆڤی کردار و مەیدانم، مرۆڤێک، کە دەهزرێ و بڕێک پێشنیاز دەخاتە ڕوو".

ئەو گوتەیەی بین بیللا، خاکەرایی وی پێشان دەدات. بین بیللا، گەلێ شتی پێیە، ئەو خودانی پرۆژەیەکی هزرییە و دیتن و بۆچوون و ئەندێشەکانی ئەو، لە چوارچێوەی تیۆری و هزرمەندیدا پۆلێن دەکرێن و خۆ دەنوێنن و تەواوی لایەنەکانی ژیان و دەرد و کێشەکانی جیهانی

سێیەم دەستنیشان دەکەن و قامک دەخەنە سەر برینەکان. بین بیللا پرسیاری گەورە دەورووژێنێت و وەرامی گەورەیشی پێیە بۆ زۆرێک لە پرسەکانی مرۆڤ، بە تایبەت مرۆڤی جیهانی سێیەم.

## باکوور و باشووری هێڵی یەکسانی، هێڵی نێوان دەوڵەمەندی و هەژاری

وەڵاتانی جیهان، بەپێی دارایی و سامان، دابەش دەکرێن بە دوو بەشەوە، وەڵاتانی دەوڵەمەند، کە وەڵاتانی باکووری هێڵی یەکسانی (خط الإستواء/Equator) دەگرنەوە و وەڵاتانی هەژار، کە وەڵاتانی باشووری هێڵی یەکسانی دەگرنەوە. بین بیللا پێی وایە: کێشە و ناکۆکی و ناتەبایی نێوان باکوور (واتە: ئەوروپا، کەنەدا، ئەمەریکا و ژاپۆن) و باشووری زەوی (واتە: ئاسیا، ئەفریقا و ئەمەریکای لاتین)، لە جیاوازییە گەپ و زەبەلاحە ئابوورییەکانی نێوان هەردوولادا، باکووری دەوڵەمەند و

باشووری هەژاردا دەبینرێن.[101] بێگومان جیاوازیگەلێکی یەکجار مەزن لەنێوان ئەو دوو جیهانەدا وەدی دەکرێن. وەڵاتانی باکوور یا دەوڵەمەند، دەستیان بەسەر پیشەسازی و کشتوکێڵ و تەواوی ئابووریی جیهاندا گرتووە. وەڵاتانی هەژاریش لەژێر باری هەژاری و ناهەمواری و پاشکەوتن و نەخۆشی و برسییەتی و جەنگ و بارگرانیی ژیاندا دەناڵێنن. وەها ڕەوشێک، لە هەموو حاڵێکدا لە بەرژەوەندی وەڵاتانی دەوڵەمەنددایە، کە تەنانەت لە باری سیاسیشەوە ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ دەستیان بەسەر جیهانە هەژارەکەدا دەڕوات و ئەوانن هەوساری فەرماندارانی وەڵاتانی هەژاریان بە دەستەوەیە. ئەوەی مایەی تێڕوانینە ئەوەیە، مەرج نییە وەڵاتە

---

[101] ڕەنگە دەستەواژەی باکوور و باشوور، بتوانرێت بە ڕۆژاوا و ڕۆژهەڵاتیش باسی لێوە بکرێت، کە دەکاتە ڕۆژاوایەکی سەرمایەداری و خودان ئابوورییەکی بەهێز و زەنگین و ڕۆژهەڵاتێکی پێچەوانەی ئەو، واتە: کە دەگوترێ باکوور یا ڕۆژاوا، باس لە جۆرە ئابوورییەکی تۆکمە و بەهێز دەکرێت، کە ژاپۆن و ئیسرائیلیش، هەرچەندە ڕۆژهەڵاتن، لێ لەبەر بەهێزیی ئابوورییەکەیان و پێشکەوتنیان، لەنێو ڕۆژاوادا دێنە ژماردن. بیریاری ئێرانی جەلال ئال ئەحمەد (جلال آل أحمد) دەڵێ: "ڕۆژاوا، واتە: وەڵاتانی تێر و ڕۆژهەڵات، واتە: وەڵاتانی برسی".

دەوڵەمەندەکان لەباری بەرهەمی سروشتییەوە دەوڵەمەند بن و وەڵاتانی هەژاریش لەو ڕووەوە هەژار بن. بە پێچەوانەوە دەبینین زۆربەی وەڵاتانی هەژار لەبارەی بەرهەمی سروشتییەوە زۆر دەوڵەمەندن و ئەو بەرهەمانەیش هەمیشە لە لایەن وەڵاتانی دەوڵەمەندەوە هەڵدەلووشرێن و ئەو وەڵاتانەیشی بۆ خۆیان بەرهەمەکە وەبەرهەم دێنن، هێندەی ئەوەی لە ئابوورییان دەڕوات و کەم دەبێتەوە، هێندەی ئەوەیان دەست ناکەوێت، نموونەیش: وەڵاتە نەفتییەکان. نەفت و گاز تا ئێستا وەڵاتانی جیهانی سێیەمیان بە پاشکۆ کردووە. ئەو ڕەوشە تا ڕادەیەک مرۆڤ دەگەیەنێتە ئەو ئەنجامەی کە ئەو سامانە بۆ گەلانی جیهانی سێیەم، نەهامەتی و نەگبەتییە نەک خێروبێر.

وەڵاتانی ئاسیا و ئەفریقا و ئەمەریکای لاتین، وەڵاتگەلێکی بە پیت و بەرەکەت و پڕ نەفت و کانزا و ئاژەڵ و بەرهەمی سروشتین، لێ چ سوودێکیان لەو سامانە وەرگرتووە؟ نەوت و گاز تا هەنووکە، وەک بین بیللا دەڵێ: "لاقی ئێمەیان بە زنجیری وابەستەییەوە گرێ داوە، تا ئەو ڕادەیەی هەندێکمان پێمان وایە ئەم سامانە پتر نەفرەتێکە نەک خێروبێرێک بۆ گەلان و وەڵاتانی ئێمە. ئێمە دەبێ خۆمان دەستمان بەسەر ئەم سامانەدا بڕوات". تەواوی ئەو خێروبێرانە دەچنە گیرفانی وەڵاتانی باکوورەوە.

ئەوانن، نەفتی باشوور، بە پارەوپووڵێکی هەرزان، بۆ کارگە و کۆمپانیا پیشەسازییەکانی خۆیان بە تاڵان دەبەن و پاشان بەرهەم و پیشەسازییەکانی خۆیان، بە پارەوپووڵێکی گران بە باشوور دەفرۆشنەوە و تەکنۆلۆگیی خۆیان هەناردەی باشوور دەکەن و لەگەڵ ئەویشدا فەرهەنگی خۆیان بڵاو دەکەنەوە.
زۆر گلەت، وەک لێکتیگەیشتن و دۆزینەوەی چارەسەرێک بۆ کێشەکانی نێوان باکوور و باشوور، باس لە گوتوبێژ لەنێوانیاندا دەکرێت، لێ لەنێوان نەدار و دارادا، دوو زمانی جیاواز هەن، هەژاری بە زمانێک دەپەیڤێت و دەوڵەمەندییش بە زمانێکی دیکە. بە دیتنی بین بیللایش، وەها پرس و مژارێک، ڕاست نییە و لە جێی خۆیدا نییە، چون گوتوبێژ لەنێوان لایەنگەلێکی چون یەک و هاوتادا دەکرێ، وەها گوتوبێژێک لەنێوان دوولایەنی نایەکساندا، گاڵتەجاڕییەکی ئەخلاقییە.

# گەشەکردنی ئابووری و کێشە فەرهەنگییەکان

بین بیللا لەم بارەوە دەڵێ:"کێشەی سیستمی سەرمایەداریی جیهانی لە کۆتاییدا، کێشەیەکی فەرهەنگییە. ئەو وێنە ئابووری و جڤاکییەی سیستمی جیهانی پێشانمان دەدات، لە بنەمادا وێنەیەکی فەرهەنگییە، چونکە هەموو بەرهەمێکی ئابووری بە پلەی یەکەم، بەرهەمێکی فەرهەنگییە. ئێمە کارگەکانیان وەردەگرین و شێوازی گەشەکردنی باوی لای ئەوانیش وەردەگرین، کە دەکاتە ئەوەی، ئێمە فەرهەنگەکەیان وەردەگرین و ئەوەیش دەبێتە هۆی داڕووخانی خۆمان و داڕمانی پایە و هۆکارەکانی بوونمان و و تێکدان و شێواندنی کەسیەتیی خۆمان و مایەی تێداچوون و تێکشکانی خۆمان و لەدەستدانی هۆی بوون و ناسنامەی ڕەسەنی خۆمان. خۆمانیش بەرەبەرە، وەچە و نەوەیەکی دووڕوو و دووڕەگ و خاوەنی دوو کەسیەتی و تێکشکاومان تێدا پێدەگەن، کە سەرچاوەی نیگەرانی و دوودڵی و گومانەکانی لەو تێکشکانەوەیە". زانست و تەکنۆلۆگی، کە وەک زۆرێک لە پێویستییەکانی مرۆڤی سەردەم، چەکێکی دوودەمن یا ئامرازگەلێکن بە

دوو ڕەهەند و دوو لا، کاریگەرییان هەیە، لە دیدی بین بیللاوە، هەڵگری کۆمەڵێک گوتە و دەستەواژەن، گرنگترینیان بەکاربردنە، کە لەو حاڵەدا زانست و تەکنۆلۆگی دەبنە چەکێکی پڕفێڵ و هەڵخەڵەتێنەر و نوێنەرایەتیی سیاسەت و جیۆگرافیا دەکەن و پێگەی وەڵاتانی جیهانی سێیەم، بە پێچکەی کۆلۆنیالیزمەوە گرێ دەدەن.

بین بیللا، ڕاستەوخۆ بۆ کێشەکە چووە و پاشکۆیەتیی فەرهەنگی، کە پاشکۆیەتیی ئابووری و تەکنۆلۆگی دەیئافرێنن، وەک بنەمای زۆرینەی دەردەسەری و کێشەکانی وەڵاتانی جیهانی سێیەم ناساندووە. سیستمی سەرمایەداریی جیهانی، ئەگەر تەکنۆلۆگییەکی دا بە هەر وەڵاتێکی جیهانی سێیەم و هەر بەرهەمێکی پیشەسازی هەنارد بۆی، بێگومان شێوازی بەکارهێنانی ئەو تەکنۆلۆگییەی بەسەردا دەسەپێنێت، لەو ڕێگەیەیشەوە فەرهەنگی خۆی و زاڵبوونی خۆی و هەژموونی خۆی، بەسەر ئەو وەڵاتەدا دەسەپێنێت و هەرگیز لە بەکاربردنی دزێوترین ئامرازیش، بە جەنگیشەوە، بۆ ڕزگاربوون لەوانەی وەڕسی دەکەن و بۆ دەستبەسەرداگرتنی هەموو کانە سروشتییەکانی جیهانی سێیەم، سڵ ناکاتەوە.

هەر ئەو تەکنۆلۆگییەی، لە نەوتی وەڵاتانی جیهانی سێیەم ساز دەکرێن و پاشان پێیان دەفرۆشرێنەوە، دەبنە هۆی

گرێدان و بەستنەوەی جیهانی سێیەم بە سیستمی سەرمایەداریی جیهانی و قایلبوون بە  شێوازی ژیان و بیرکردنەوە و بۆچوونی ئەوان. جودابوونەوە و لێکترازانی نێوان ئامانجە دیار و ئاشکراکان و سروشتی ئەو ئامرازانەی بەکارهاتوون، دەبنە هۆی ئەوەی کار بەرەو لادانێکی کوشندە بڕوات، ئیدی لە کردار و مومارەسەدا ئاکار نامێنێت و ئەوەیش ڕێک ئەو تاوان و گوناهەیە کە بە درێژایی ئەم سەدانەی دواییە، لەگەڵ ئەزموونی ڕۆژاوادا دەڕوات. کەواتە سەرلەنوێ بیناکردنەوەی پایەکانی ناسنامەی جیهانی سێیەم، ئیسلامی و عەرەبی، بە ژیانەوەی ئاکار و بەهاکان لە کردارەکانی مرۆڤی ئەو سێ جیهانەدا تێدەپەڕێت، وەک بین بیللا بۆی دەچێت.

گەشەکردن دەبێ لە فەرهەنگەوە دەست پێ بکات. هۆکارە فەرهەنگییەکان، بزوێنەری گەلانن و میراتی فەرهەنگی بنەمای هەموو چالاکی و شارەزایی و لێزانینێکە و بەکاربردنی ئەرکێکی پێویستە. کردەی گۆڕین، پێش هەر شتێک کردەیەکی فەرهەنگییە، بەرهەمی ئابووری لە پێشدا بەرهەمێکی فەرهەنگییە، چون ئابووری ئامێر و ئامرازگەلێکی گەرەکە و بە کار دەهێنێت، کە لە ئاوەز و ویژدانی مرۆڤەوە سەر هەڵدەدەن. فەرهەنگی خۆماڵی، ناکاتە ئەوەی سەد لە سەد تەکنۆلۆگییەک بەکار بهێنیت

خەڵکی دی بەرهەمیان هێنابێت، بەڵکە ئەوەیە لەناوخۆوە هاتبێت. بنجی ژیانەوە و هەستانەوە و گەشەکردن، ئەو کاتە خۆماڵییە، لە زەوینەی ڕەسەنایەتی و کەلەپوور و فەرهەنگی خۆییەوە شین بووبێت. فەرهەنگی ڕاستینە، بەهای ڕاستینە بەرهەم دێنێت. بین بیللا، لەگەڵ گەشەسەندن و پێشڤەچوونێکدایە، لە فەرهەنگەوە هەڵقوڵێت. ئەو دەڵێ: "ناتوانین قسە لەسەر گەشەسەندن بکەین، ئەگەر لەپێشدا قسە لەسەر فەرهەنگ نەکەین، ناتوانین باسی هەڵسانەوەیەک بکەین بێ ئەوەی پێشتر لە فەرهەنگ بدوێین، چون هیچ بەرهەمێکی ئابووریی نییە و نابێت، ئەگەر لە پێشدا بەرهەمێکی فەرهەنگی نەبێت. هەموو بەرهەمێکی ئابووری بەرهەمێکی فەرهەنگییە. تەواوی کێشەکانی فراژۆتن پێش هەر شتێک گیروگرفتگەلێکی فەرهەنگین. کاتێک شێوازێکی گەشەکردن هەڵدەبژێرین و پێڕۆ دەکەین، تەنێ کارگە پیشەسازییەکان وەرناگرین، بەڵکە فەلسەفەیەکی ژیانیش لە بەرچاو دەگرین و وەردەگرین. کاتێک دەست دەکەین بە هاوردەی کارگە و کەرەستە و ئامێرەکانی ڕۆژاوا و وەریاندەگرین، زۆر بە هاسانی دەست دەکەین بە بیرکردنەوە و ڕامان و بەرخۆریی وەک ئەوان یا ڕەنگە زۆر بە پەرۆشتریشەوە و زیاتر لەوان، کە ئەوە بۆ خۆی نەهامەتییە، نەگبەتییەکەیش لەوەدایە. من لەگەڵ چارەسەرکردنی

کێشەکانی گەشەسەندندام، من لەگەڵ ژیانەوە و فراژۆتنێکدام، لە فەرهەنگەوە دەست پێ بکات و بێتە گۆڕێ، واتە: لە ئیسلامەوە، ئیسلامی پێشکەوتنخواز، ئیسلامی شۆڕشگێڕ و کراوە بەسەر ئەوانی دیکەدا. ئیسلامێک ڕێز لە جیاوازی لە ناوخۆ و دەرێدا بگرێ، چون ئیسلامی ڕاستینە، ئیسلامێکی جڤاکییە، گوڵێکە لەنێو زەلکاوێکدا".

ئێمە کە باس لە گەشەکردنی ئابووری دەکەین، ناتوانین وەک بابەتێکی سەربەخۆ و تەنیا و دابڕاو لە پێوەندداریەتی و بێ ڕەگ سەیری بکەین، چون ئەو بابەتە بەندە بە جڤاک، ژینگە، مێژوو، فەرهەنگ و گەلی شتی دیکەیشەوە، وەک دیموکراتی، کە بە ڕای بین بیللا، هیچ گەشەکردنێک بێ دیموکراتی نییە و نابێت و هیچ سیاسەتێکی گەشەسەندنیش بێ بەشداریی جەماوەر سەر ناکەوێت.

ئێمە کە شێوەی گەشەکردنی ئابووری ڕۆژاوایی هەڵدەبژێرین، دەکاتە ئەوەی بنەماکانی سەرمایەداری هەڵدەبژێرین. ئێمە کە شێوەی گەشەکردنی ئابووریی سۆسیالیستی هەڵدەبژێرین، دەکاتە ئەوەی بنەماکانی سۆسیالیزم هەڵدەبژێرین. بە هەڵبژاردنی هەر جۆرە ڕێگەیەک بۆ گەشەکردنی ئابووری، ئێمە فەرهەنگێک، فەلسەفەیەک، ڕێبازێک، نەخشەڕێگەیەک هەڵدەبژێرین.

بنگە و بنەما و سەرەتای کێشەکانی جیهانی سێیەم، لەو خاڵەوە دەست پێ دەکات، کە ڕێگەی گەشەکردنی سەرمایەداری بۆ گەشەکردنی ئابووری وەڵات هەڵدەبژێرێت و بەو هەڵبژاردنە، ئیدی فەرهەنگی خۆی بنکۆڵ دەکات و فەرهەنگی ڕۆژاوایی بەسەر خۆیدا زاڵ دەکات. لەوێوە ئیدی کێشەکان دەست پێ دەکەن.

کێشەی سەرەکیی جیهانی سێیەم و بەتایبەت جیهانی عەرەبی، وەک بین بیللا دەڵێ: "کێشەی فەرهەنگە"، ئەو دەڵێ، چون فەرهەنگی ئێمە سەردەمێک لاواز بوو، ئێمە لە فەرهەنگی خۆمانەوە دەتوانین شێوازێکی گەشەسەندنی جیاواز و نایاب بدۆزینەوە. ڕێبازی ئێمە ئەگەر لە دیدێکی فەرهەنگیی ڕەسەنەوە دەست پێ نەکات و سەر هەڵنەدات، کارا نابێت، دەبێ کار بکەین بۆ دەرخستن و نیشاندانی پێکهاتە فەرهەنگییەکانی واقیعی خۆمان. کێشەی جەزائیر لە کێشەکانی جیهانی سێیەم بەدەر نییە و تەواوی ئەو کێشانەیش بە هۆی سیستمی جیهانییەوەیە، کە زاڵە و دەسەڵاتی بەسەر چارەنووسی هەمووومانەوە هەیە. ئێمە خاکی خۆمان وەرگرتەوە و بووینە خاوەنی ئاڵا و سروودی نیشتمانیی خۆمان، لێ توخمەکانی، کە سەربەخۆیی ڕاستەقینە پێکدەهێنن وەرماننەگرتوونەوە و نەمانگێڕاونەوە. هیچ داهاتوویەک نابینم بۆ بینایەک، لەسەر پێکهاتە سەرەکییەکانی فەرهەنگی خۆمان

دانەمەزرابێت، کە گەرەکە بە وردی و سەلیقەوە بخوێنرێت و تێڕوانینی بۆ بکرێت. لە فەرهەنگی ئێمەدا دەستەبەرکردنی تەواوی دیموکراتی و تەواوی ئازادیی ڕادەربڕین هەیە و بەتایبەتیش ڕێزگرتن لە مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ.

ڕێژیمەیلێکی ئەمڕۆ لە جیهانی سێیەمدا دەیانبینین و بۆرژوازییانی جیهانی سێیەم تێیدا دەسەڵاتدارن، تەنێ وێنەیەکی ڕێژیمە ڕۆژاواییەکانن و پاشکۆ و کۆپیی وانن. وەها ڕێژیمگەلێک درێژکراوەی ڕۆژاوان لە جیهانی سێیەمدا و چەسپاندن و ڕۆژاواياندنی هەموو جمگەکانی ژیان، لە جیهانی سێیەمدا، ئەرکی سەرەکیی ئەوانە. لە واقیعیشدا زۆرینەی ئەو دەستە و خەڵکانەی لە جیهانی سێیەمدا فەرمانڕەوان، بەو ڕەوشە قایلن و بەردەوامبوونی سیستم و ڕێژیمێکی، ڕێگەی تالانی بە خۆی و بەمان بدات، بەلایانەوە قەبووڵە. کەواتە ئەم، فەرمانڕەوایانی جیهانی سێیەم لە بەرپرسیارییەتیدا هاوبەشیەتی، لێ بەرپرسیاریەتییەک لە مەنتیقی سیستمی سەرمایەداریی جیهانییەوە، نەک بژاردەیەک بێت لەتەک بەرژەوەندی گەلانی جیهانی سێیەمدا وێک بێتەوە.

گرێدانی پێشکەوتن و گەشەکردنی ئابووری بە فەرهەنگەوە، یەکێکە لە گرنگترین کێشە و مژارێک، کە ئەمڕۆ پتر لە هەموو سەردەمێکی دی، لە جیهانی سێیەمدا

سەرهەڵدەدا و زەق دەبێتەوە، چون کێشەکانی گەشەسەندن پێش هەر شتێک شێواز و سیمایەکی فەرهەنگییان هەیە. ڕۆژ لە دوای ڕۆژ خەڵکی ئەو وەڵاتانە هەست بە ناهەمواری و قورسایی ئەو پێوەندە ناڕاست و نادروستەی نێوان وەڵاتانی خۆیان و سیستمی جیهانی دەکەن. زۆر ئاشکرا پاشکۆیەتی وەدیار دەکەوێت، پاشکۆیەتییەک، کە تەواوی کێشە و گرفتەکانی وەڵاتانی باشوور بە هۆیەوە ساز دەبن. ڕاستە ڕەنگە وەڵاتی بندەست و داگیرکراو ئەمڕۆ لە باشووردا زۆرکەم مابن و مەگەر کوردستانێک یا ئێریتریایەک، دەنا بە ناویش بێ، هەموو ئەوانی دی سەربەخۆن و دەوڵەتی خۆیان هەیە، لێ چ جۆرە سەربەخۆییەک؟ هەموو جۆرە پاشکۆیەتی و وابەستەیی و بەجێماوییەک، بەکاربردن و چەوساندنەوە دێنێتە بەرهەم، تەواوی ئەوەیش لە بزرکردنی ڕەسەنایەتی و فەرهەنگەوە سەرچاوە دەگرێت، کە سیستمی جیهانی بەرهەمی دەهێنێت.

لە چوارچێوەی فەرهەنگدا، زمان، کەوڵ و بەرگ و پۆشاک و قاوغ و ڕۆحی فەرهەنگ و بەشە هەرە گرنگ و بناخە و پێکهێنەری فەرهەنگە، بین بیللا لە بیری ناچێت باس لە زمان بکات و گرنگیی پێ بدات. ئەو، لەمەڕ بەکارهێنانی زمانی عەرەبی ستاندارد (الفصحى) یا زمانی ئاخافتن و شێوەزارەوە دەڵێ: "ئەمە موناقەشەیەکی زۆر کۆنی

زانراوە لە جیهانی عەرەبیدا. هەڵوێستیش لەم پرسە یەکلایی و دابڕە و هیچ گومانێکی تێدا نییە، چون ئێمە لە تەواوی جیهانی عەرەبیدا باوەڕمان بەوەیە کە بەهێزکردن و کۆمەککردن بە بڵاوبوونەوەی زمانی ئاخافتن و شێوەزار، دوای ماوەیەک، دەکاتە مردنی زمانی عەرەبیی ستاندارد. مەگەر پشتگریی بڵاوکردنەوەی زمانانی فرانسی و ئیتالی و پورتوگالی بڕیاری مردنی زمانی عەرەبی نەبوو! هەرچی پێوەندە بە زمانی عەرەبییەوە، هەوڵ و کۆششێکی لەو جۆرە، بێجگە لەوەی زمانی عەرەبی وەک زمان دەگرێتەوە، لایەنێکی پیرۆزیش دەگرێتەوە، چون زمانی عەرەبی زمانی ئیسلامە، زمانی قورئانە، واتە: "زمانی خودایە". هەڵبەت، جەزائیرییەکان بە زمانی عەرەبی دەپەیڤن و کەم بەربەریش هەن، کە بەشێکی مشەی جەزائیر پێکدەهێنن، عەرەبی نەزانن.

بین بیللا پێی وایە، جەزائیر و وەڵاتانی دیکەی مەغریبی عەرەبی، چواردە سەدەیە لەنێو بازنە و چوارچێوەی عەرەبیدان. ئەو دەڵێ: "ئێمە هەموو بەربەرین و بین بیللا بۆ خۆی بەربەرە. ئەوانەی بە ڕەسەن عەرەبن، مەبەستم ئەوانەی بە خوێن عەرەبن، لەنێو ئێمەدا کەمن، لێ ئێمە هەموومان سەر بە فەرهەنگی عەرەبیین و ئەو ئینتیمایەیش دەپارێزین". سوودانیش، لە دیدی بین بیللاوە وەک بنەچە دەچنەوە سەر ڕەگەزە ئەفریقاییەکان، لێ

ئەوانیش وەک مەغریبی عەرەبی بەشێکن لە فەرهەنگی عەرەبی، چون عەرەبایەتی فەرهەنگە. بەو دەربڕینەی، بین بیللا، هیچ ناکۆکی و هەڤدژییەک لەنێوان ئەمازیغیەتی و سوودانیەتی و کوردبوون[102] و ئینتیما بۆ فەرهەنگێکی بەرینتر و گەورەتر، کە عەرەبییە و ئیسلامییە، نییە و نابینێت، کە ئەوەیش دیدێکی ڕاست و دروستە، ڕێک وەک ئینتیمای تەواوی دانیشتووانە ڕەسەنەکەی ئەمەریکای لاتین بۆ فەرهەنگێکی کەونارا و ڕەسەنی پێش داگیرکاریی ئەوروپا یا دانیشتووانی ئەمریکای باکوور، ئەوروپا، ئوستralیا، نیوزیلاند و ئەوروپاییانی داگیرکەری ئەمەریکای لاتین، بە هەموو جیاوازییەکانیانەوە، بۆ فەرهەنگێکی فراوانتری ئەمەریکایی و ئەوروپایی.

---

[102] کورد، لە ڕووی نەژادی و شارستانیەتی و فەرهەنگییەوە، گرێدراوی ئێرانیەتییە و بەشێکە لە نەتەوە ئێرانییەکانی وەک: فارس، بەلووچ، پەشتۆن و تاجیک، کە جیۆگرافیا و زەوینێکی فراوان و بەرێن دەگرنەوە و سەر بە یەک نەژادن و فەرهەنگێکی هاوبەشیان هەیە و خاوەنی یەک شارستانیەتین و وەک چۆن لە کۆندا سەر بە یەک ئایین بوونە، ئێستایش ئیسلامەتی پێکەوەیان گرێ دەدات. کورد وەک نەژاد، دەتوانێت هەمیشە بەشێک بێت لەو ئێرانیەتییە، بە هۆی ئیسلامبوونیشیەوە، دەتوانێت هەمێشە خۆی بە بەشێک لە فەرهەنگی عەرەبی بزانێت، کە بە هۆی ئایینی ئیسلامەوە، دەشێ وەک فەرهەنگی نەتەوە موسوڵمانەکان ببێنرێت.

جیاکردنەوەی فەرهەنگی عەرەبی لە فەرهەنگی ئیسلامی کارێکی نەکردەنی و مەحاڵە، ئەوەی یەکەم لە دووەمیانەوە وەرگیراوە و کارێکی سروشتیشە، گەلێکی موسوڵمان، زمانی عەرەبی لە زمانەکانی دیکەی پێ باشتر و لەپێشتر بێت، چون بۆ ئەنجامدانی ئەرکە ئایینییەکانی، بە لای بین بیللاوە، پێویستی پێویستە. زمان و ئایین لێرەدا یەکگرتوون و یەکەیەک پێک دەهێنن، کە جودا ناکرێنەوە. زمانی عەرەبی لە گینیا و مالی و ئێرانی دوای شۆڕش بووە بە زمانێکی سەپێنراو (إلزامي).[103] مێژوو و زمان و ئایین لەگەڵ یەکیەتیی عەرەبدان و هەروەها پێویستییەکانی ململانێی مان و نەمان لە سیستمێکی ئابووری بەسەر عەرەبدا سەپێنراو، داوای یەکگرتن و یەکیەتیی لە عەرەب دەکات، بە دیدی بین بیللا.

---

[103] هەر پاش شۆڕشی گەلانی ئێران و دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی لە ساڵی 1979دا، لە لایەن دامەزراوە ئایینی و زانستییەکانەوە، گرنگییەکی فرە بە زمانی عەرەبی درا چ وەک فێربوون و چ وەک فێرکردن. ئەو گرنگییەیش بە ڕوونی لە بەندی شانزدەیەمی دەستووری ئێراندا دانرابوو، کە دەڵێ: "لەبەر ئەوەی زمانی عەرەبی زمانی قورئان و زانستە ئیسلامییەکانە و لەبەر ئەوەی ئەدەبییاتی فارسی بە تەواوی تێکەڵە بە ئەدەبییاتی عەرەبی، بۆیە بڕیار درا بە خوێندنی زمانی عەرەبی لە خوێندنگەکانی ئێراندا، لە ئاستی ناوەندییەوە و لە هەموو ڕشتەکاندا".

له کوردستانی لەمەڕ ئێمەیش، زمان؛ زمانی کوردی، یەکێکە لە کێشە هەرە دژوار و بێ چارەسەرەکانی گەلی کورد و فەرهەنگی کوردی. بەکارهێنانی شێوەزارەکان وەک زمانی ستاندارد بۆ نووسین و خوێندنەوە و بەکارهێنانی ئەلفبێی جیاواز، ئەوەیشی کە تا ڕادەیەک، بە حوکمی پێشکەوتن و بەکارهێنانی فرەتر، بووەتە زمانێکی ستاندار، بەرەو لاوازکردن و کوژتنی دەبەن، بە تایبەت لەو دەمەی ڕا ئەو ئەلفبێ لاتینی/تورکییە لە لایەن هەندەک کوردی لاساییکەرەوە و تا ڕادەیەک ڕووخێنەری فەرهەنگەوە، هاتە گۆڕێ. ئەوەی بین بیللا لەمەڕ زمانی عەرەبییەوە باسی دەکات، زمانی کوردییش دەگرێتەوە.

## پاشکۆیەتیی ڕێژیمەکانی جیهانی سێیەم

بین بیللا دەڵێ: "ئەو ڕێژیمانەی ئەمڕۆ لە جیهانی سێیەمدا دەیانبینین، تەنێ وێنەیەکی ڕێژیمە ڕۆژاواییەکانن و هەر ئەوانیش سەرچاوەی کێشەکانن". کەواتە ئەو ڕێژیمانە بە خواستی خەڵک پەیدا نەبوون و دانەمەزراون، بەڵکە

سواری سەری خەڵکی ئەو وەڵاتانە بوون و بە تۆبزی خۆیان بەسەر خەڵکدا سەپاندووە. هەر لەو بارەوە بین بیللا دەڵێ: "بۆرژوازییەک، کە لە بان شانی جیهانی سێیەم ڕوونیشتووە و دەستی بەسەردا دەڕوات، ڕەنگدانەوەی بۆرژوازیی خۆراوایە، تەنێ یەک جیاوازییان هەیە، ئەویش ئەوەیە، کە بۆرژوازیی ئێمەی جیهانی سێیەمی، میانگەرە و بەشی خۆی لە قازانج دادەبڕێ و سیستمی جیهانی ئەوی پەسەند کردووە و داناوە. لە ڕاستیشدا زۆرینەی دەستە و گرۆ دەسەڵاتدارەکان بەم بار و ژیوارە قایلن و قایلیشن بە بەردەوامبوونی ڕێژیمێک، کە ڕێگەی تاڵانکردن بە هەردوولا دەدات. کەواتە ئەمیش بەشدارە لە بەرپرسیاریەتیدا، لێ بەرپرسیاریەتی لە دیتنی سیستمی سەرمایەداری جیهانییەوە دێت". پاشکۆیەتیی ئابووری و فەرهەنگی کارێکی وای کردووەتە سەر جیهانی سێیەم کە وەڵاتەکانی تا خاوەنی ئەو ڕێژیم و سیستمانەی ئێستا بن، دەرچوونیان لە بازنەی سیستمی جیهانی سەختە، چون پاشکۆیەتیی فەرهەنگی، کاریگەرییەکی وای هێناوەتە گۆڕێ کە ئیدی خەڵکی ئەو وەڵاتانەی جیهانی سێیەم، بە بیر و هۆش و هەستەوە، دەبنە بەشێک لە سەرمایەداری و ڕۆژاوا و بۆ خۆیان دەبنە کوژەری هەموو تایبەتمەندییەکی خۆماڵی لە وەڵاتەیل خۆیاندا. ڕەنگە وەها ڕەوشێک هەر لە سیستمی بارهێنان و خوێندنەوە دەست

پێ بکات، واتە: لە زارۆکیەتییەوە، کە ئەو سیستمە وەک بین بیللا دەیبینێت، بە هیچ جۆرێک لە خراپەکاریی سیستمی ڕۆژاواییەوە دوور نییە. خوێندنگەکانی وەڵاتانی جیهانی سێیەم و ئیسلامی، زانست و تەکنێکێک فێری مرۆڤ دەکەن، هەڵگری دیدێکی ژیانن، کە تا ڕادەیەک بە خەڵکی ئەو وەڵاتانە نامۆیە. ڕێک وەک ئەوە وایە خەڵک بۆ خۆیان، بەڵا و خراپەکاری بە دەستی خۆیان بۆ خۆیان بهێنن، یا کورد گوتەنی: "زێڕم دا و بەڵام کڕی". بە سیستم و بەرنامە، خەڵک یا دەسەڵات، لە مێشک و هۆش و عەقڵی منداڵ و نەوەکانی وەڵاتی خۆیاندا بەهاگەلێک دەچێنن، کە تەمەنی منداڵەکان دەگاتە بیست ساڵان، لە وەڵاتی خۆیاندا هەست بە نامۆیی دەکەن.

وەڵاتگەلی سەرمایەداری کۆلۆنیالیست، بە جێهێشتن و دەرچوونیان لە وەڵاتانی بندەستیش، پاش وەدەستهێنانی سەربەخۆیی، هەرگیز دەستبەرداری ئەو داگیرکراو و بندەستانە نابن و هەمیشە هەر بە پاشکۆ و مزوور و نانخۆری خۆیانی دەزانن. ئەوان، پێش جێهێشتنی ئەو وەڵاتانە، گەرا دادەنێن و کۆمەڵێک دەستوپێوەند و غوڵام و کاسەلێس و مێشکشۆردراو لەو وەڵاتانەدا دەهێننە بەرهەم و لە جێگەی خۆیان دەیانچێنن و جێیان دەهێڵن. بێجگە لەوەیش تۆڕێک نەخشە و فەرهەنگ و پرۆژەی درێژەپێدانی وابەستەیی و چەسپاندنی گرێدراویی لەو

وەڵاتانەدا چیّ دەکەن و جیّدەهیّڵن. میشال دۆبریّ Michel Jean-Pierre Debréی سەرۆکوەزیرانی فرانسا، لەنێوان 1959 و 1961دا، کە لە سەردەمی ئەودا، کۆکوژییەک لە 17ی ئوکتۆبەری 1961دا، دژ بە سەدان کارگەری جەزائیری ڕوویدا، کە لە خۆپیّشاندانیّکدا لە پاریس، داوای کۆتاییهیّنانیان بە داگیرکاریی فرانسا لە جەزائیر دەکرد، پیّش 1962، واتە: پیّش سەربەخۆیی جەزائیر، بە جیّنیّراڵ دو گۆلی، سەرۆکی فرانسا دەڵیّ: "تۆ وا خەریکی ئیمپراتۆریای فرانسا لە بەین دەبەیت"، دو گۆلیش پیّی دەڵیّت: "من لە ڕیّگەی هاریکاری و هەڵهیّنان و دروستکردنی سەرکردە گچکەکان و ئەنجامدانی پرۆژەوە، ئامادەکاریی بۆ ئیمپراتۆریای فرانسا دەکەم، دوای سەربەخۆبوونی گەلان". دیارە دو گۆل، مەبەستی تەنیّ جەزائیر نەبووە، بەڵکە ئەو ئاخاوتەیە تەواوی کۆلۆنییەکانی فرانسا لە هەموو جیهاندا دەگریّتەوە.

جیّنیّراڵ دو گۆل، بە سیاسەتی فرتوفیّڵ و مانۆرە بەرانبەر جەزائیر ناسرابوو. ئەو کاتیّک تیّگەیشت کە ڕازینەبوون بە مافی سەربەخۆبوونی جەزائیر، تووشی چ ئاریشەیەکی دەکات، گوتی: "وەها کاریّک دەبیّتە هۆی تیّچەقینی فرانسا، لە ڕووی سیاسی و دارایی و سەربازییەوە، لە زونگاویّکی بیّ بندا... ئیدی هیچ ڕیّگەیەکم لەبەردەمدا نەما، بیّجگە لەوەی مافی بڕیاردانی چارەنووس بە جەزائیر بدەم".

ڕزگارکردنی "فرانسای دایک"، هۆکاری بیرکردنەوەی دو گۆل بوو، بۆ پێدانی سەربەخۆیی بە جەزائیر. ئەوەیش بە هۆی ئەو هەموو دەستوەشاندنەی شۆڕشگێڕانی جەزائیری دژ بە فرانسا و زیانلێکەوتنی فرانسا و ئاوڕووچوونی فرانسا لەنێو وەڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی و نێودەوڵەتیدا. دو گۆل، خەونی بە دروستکردنی "جەزائیرێکی فرانسی"یەوە دەبینی، واتە: جەزائیرێکی فۆتۆکۆپی فرانسا. بێجگە لەوەیش هەوڵی دەدا حیزبی بەرەی ڕزگاریی نیشتمانیی جەزائیری، کە ڕێبەرایەتیی شۆڕشی جەزائیری دەکرد، لە دەسەڵات و سیاسەت دوور بخاتەوە، بۆیە دروشمی "جەزائیر جەزائیرییە"ی هەڵگرتبوو، وەک ئەوەی بڵێ: سەرکردیەتیی شۆڕش (بەرەی ڕزگاریی نیشمانیی جەزائیر) جەزائیری نییە! هەروەها هەوڵی دابڕینی بێئاوانی جەزائیری لە نیشتمانی جەزائیر دەدا. دو گۆل، لە ماوەی دوو ساڵی حوکمڕانیی خۆیدا، هێندەی تەواوی ماوەی داگیرکاریی جەزائیر لەلایەن فرانساوە، تاوانی دژ بە گەلی جەزائیر ئەنجامدا، هەربۆیە دو گۆل، پێش سەربەخۆیی جەزائیر، کۆمەڵێک ڕێکار و تەدارەکی ئامادە کردبوو، بۆوەی جەزائیر دوای سەربەخۆیی بە شێوازە فرانسییەکەی بمێنێتەوە.
یەکێک لەو تەدارەکانەی دو گۆل، کۆمەک بوو بە دەستەی وجدە (مجموعة وجدة)، کە گومانیان لەسەر بوو. دو گۆل،

هەوڵی دا کەش و دەرفەتی گونجاویان بۆ ئامادە بکات بۆوەی، هەر دوای دەرچوونی فرانسا لە جەزائیر، دەسەڵات لە جەزائیردا بگرنە دەست. ئەو دەستەیە بە سەرکردەیەتیی موحەممەد ئیبراهیم بووخەڕووبە بوو، کە بە ناوی خوازراوی هوواری بوومەدیەن (هواري بومدين) ناوی دەرکردبوو. ئەو لاوەی لە زانستگەی ئەزهەرەوە هاتبوو و بێ هیچ پاشخان و پێشینەیەکی خەباتکردن وەنێو شۆڕش کەوتبوو. بوومەدیەن، دوای کوژتنی موحەممەد ئەلعەرەبی بین مهێدی لە ساڵی 1957دا، کرا بە سەرکردەی بەرەی دەڤەری ڕۆژاوا. هێزەکانی فرانسا بە توندی و بە هەموو هێزێکەوە لە هێزی جەنگاوەرەکانی بەرەی دەڤەری ڕۆژهەڵاتی نزیکی توونسیان دەدا، کە لێدانی جەرگبڕ و کوژەندەیان بە هێزەکانی فرانسا دەگەیاند. هێزەکانی فرانسا، دەستیان لە بەرەی ڕۆژاوای نزیکی مەغریب دەپاراست، کە دەستەی وەجدەی لێ بوون. هەر بۆیە ئەم دەستەی وەجدەیە، توانییان خۆیان و ڕێکخستن و ئامێرە سەربازییەکانیان بپارێزن و زیانیان پێ نەکەوێت. ئەو دەستەیە، وەلائێکی ڕەهایان بۆ بوومەدیەنی سەرکردەیان هەبوو. فرانسا، لەو ماوەیەدا توانی چەندین سەرکردەی مەزن، لەوانەی شۆڕشیان بەرپا کرد، لەنێو ببات. فرانسا، بەو کارەی، دەرفەتی بۆ بوومەدیەن ڕەخساند، کە لە ساڵی 1960دا ببێتە

سپاسالار. فرانسا، ئەوەیشی لەنێو ئەو دەستەیەدا بڵاوکردەوە، کە ئەوان تاکە دەستەیەکن بتوانن لە دوای دەرچوونی فرانسا، جڵەوی دەسەڵات لە جەزائیر بگرنە دەست. ئیدی ئەو دەستەیە دوای هاوپەیمانییەکی "تاکتیکی" لەگەڵ سەرکردەی مێژوویی شۆڕش ئەحمەد بین بیللادا، لە ساڵی 1962دا، دەسەڵاتی جەزائیری سەربەخۆیان گرتە دەست. ئەو دەستەیە لە پشتی پەردەوە دەسەڵاتە ڕاستینەکەی بە دەست بوو و بین بیللا، تەنێ وەک ناو و هێمایەک سەرۆکی وەڵات و حیزب و دەسەڵات بوو. ئەو دەستەیە کەوتنە زیندانیکردنی زۆرێک لە جەنگاوەران و خەباتگێڕان و گۆڕینیان بە خەڵکانێک کە هەرگیز لە شۆڕشدا نەبوونە، بەڵکە هیچکارە بوونە. هەموو ئەو کارانە بەرەو ئەوە بردران، کە بوومەدیەن بە کۆمەکی ئەتتاهیر زوبێری (الطاهر زبيري)ی سپاسالار لە ساڵی 1965دا، کوودێتا لە بین بیللا بکات و وەدەری بنێت و بۆ خۆی ببێتە سەرۆککۆمار و ئەو کوودێتایە بە ناوی "ڕاستکردنەوەی ڕێڕۆی شۆڕش/ تصحيح مسار الثورة" بکات. تەواوی ئەو گۆڕانە و ئەو کوودێتایە و لابردنی بین بیللا و هێنانی بوومەدیەن بۆ سەر دەسەڵات، بە ئاگاداری و پێزانین و کۆمەکی دەسگە سیخوڕی و هەواڵگری و سەربازییەکانی ئەمەریکا، هاتبوونە گۆڕێ. ئیدی دو گۆل،

له ڕێگەی بوومەدیەنەوە، خەونی دروستکردنی جەزائیرێکی فرانسییانەی وەدیهێنا.
هەر لە سەردەمی شۆڕشی ڕزگاریخوازی جەزائیردا، فرانسوا میتێران، کە لە کۆماری چوارەمی فرانسادا (1946–1958) چەندین جار ئەندامی حوکوومەت بووە، کە وەزیری نێوخۆی فرانسای کۆلۆنیالیست بووە و جەزائیریش کۆلۆنی فرانسا بووە، ئەو کاتە گوتوویەتی: "جەزائیر فرانسایە. تەواوی ئەو خاکانەی، لە نێوان سنووری باکووری فرانساوە تا هەرێمی کۆنگۆ، لە باشووری درێژەهێڵ، هێڵی یەکسانی (خط الاستواء) درێژەیان هەن، هەموویان لە بن یەک قانوون و یەک پەرلەماندان و لە یەک نەتەوەیش پێکهاتوون"، واتە: جەزائیر و کۆلۆنییەکانی دیکەیش بە ڕای میتێران و کۆلۆنیالیستان، بەشێکی جیانەکراوە بوونە لە فرانسا. هەرچۆن کۆلۆنیالیستان دەستبەرداری وەڵاتانی بندەستیان نابن و بە پاشکۆی خۆیان دەیانزانن، گەلانی وەڵاتانی بندەست و داگیرکراویش زۆری دەوێ تا لە گریگوێرەی پاشکۆیەتیی کۆلۆنیالیستان و بە مەزنزانینی ئەوان ڕزگاریان ببێت. فیلۆسۆفی جەزائیری مالیک بین

نەبی[104] پێی وایە: مرۆڤی وەڵاتی بندەست گەرەکە لە پێشدا کۆلۆنیالیزم لە مێشکی خۆی وەدەرنێت و دواتر بیکاتە کردار، چون کۆلۆنیالیزم تەنێ لە بەرەڵایی و بێدەربەستیی سیاسەتکارانەوە نییە، بەڵکە لەو ناخ و دەروونانەوەیە کە بە سووکایەتی کۆلۆنیالیستانیان قایل دەبن و ڕێگەیان بۆ خۆش دەکەن. هەموو بیریار و

---

[104] مالیک بین نەبی (مالك بن نبي1905–1973) فیلۆسۆف و بیریار و زانایەکی مەزنی ڕابوونی هزری ئیسلامییە لە سەدەی بیستەمدا. جەزائیرییە و لە بازێڕی قوسەنتینە (قسنطينة) لە ڕۆژهەڵاتی جەزائیر لە ماڵباتێکی موسوڵمانی نەریتپارێزدا هاتووەتە دنیاوە. وەک درێژەپێدەری ئیبن خەلدوون (إبن خلدون) دادەنرێت و گرنگییەکی زۆری بە کێشەکانی شارستانیەتی داوە. بین نەبی، توێژینەوەی لەمەڕ کێشەکانی شارستانەتی و موسوڵمانان لە ڕەهەندە جیاوازەکانی جڤاکناسی، دەروونناسی و مێژووەوە دەکرد. خوێندنی تا ئامادەیی تەواو کردووە لە جەزائیر بووە و بە زمانی فرانسی بووە. دواتر بۆ خوێندنی باڵا چووەتە فرانسا. لە ساڵی 1954دا، کە شۆڕشی گەلی جەزائیر بەرپا دەبێت، بین نەبی، فرانسا و خێزانەکەی جێدەهێڵێت و دەگاتە قاهیرە. کۆمەڵێک کتێب و تێزی هزری فەلسەفەیی نووسیوە، کە بە زمانی فرانسی نووسیونی، چون ئەو دوای تەمەنی پەنجا ساڵی ئەوجا فێری زمانی عەرەبی بووە. دوای سەربەخۆیی جەزائیر، بین نەبی ساڵی 1963 گەڕایەوە بۆ جەزائیر و لە بواری خوێندنی باڵا و کاری هزری و نووسین و توێژینەوەدا کاری کردووە.

کۆمەڵناسانی سەردەمی فرانز فانۆن، لەسەر قووڵیی ڕەوتی خەباتی وی کۆدەنگن و پێیان وایە ئەو تێزێکی یەکگرتووی ڕەهای لەنێوان تیۆری و جێبەجێکردندا ڕاگەیاندووە، کە دەڵێ: "ڕزگارکردنی خاک بەس نییە، دەبێ ئاوەزیش ڕزگار بکرێت".

مەسەلەی ئەوەی چ فەلسەفە و چ جۆرە سیاسەتێک لە جیهانی سێیەمدا فەرمانڕەوایی دەکات، گرنگییەکی مەزنی هەیە لە شێوەی بۆچوون و نەخشەکێشان بۆ گەشەکردنی ئابووری و جڤاکی. ئەو ڕێژیمانەی، کە جیهان بەگشتی و جیهانی سێیەم بە تایبەتی بەڕێوە دەبەن، سەر بە فەلسەفە و سیاسەتی جیاوازن و ئەوانەی جیهانی سێیەم (لە ئەمڕۆدا ئێرانی لێ دەرچێت) هەر هەموویان بەستراونەوە بە زلهێزەکان و سەرمایەداریی جیهانییەوە، هەر نەخشە و پلانێکی ئابووری و جڤاکی کە لەو وەڵاتانەدا دادەڕێژرێن، لەگەڵ خواست و بەرژەوەندی گەلانی ئەو وەڵاتانەدا پێکنایەن، بەڵکە بەرژەوەندی سیستمی جیهانییان تێدا ڕەچاو دەکرێن و سەرمایەداریی ڕۆژاوایی جیهانییش، وەک نەخشە و هەمیشە کار بۆ پەکخستن و ڕێگرتن لە گەشەسەندنی وەڵاتانی جیهانی سێیەم دەکات. نەخشە و پلانی گەشەکردن و شێوەی بەکارهێنانی بۆ جیهانی سێیەم، لەلایەن پسپۆرانی وەڵاتانی دەوڵەمەند و سەرمایەدارەوە دادەنرێن و هەمیشەیش وەک شێوەیەک

بۆ گرێدانی وەڵاتانی جیهانی سێیەم بە سەرمایەداریی جیهانییەوە دادەنرێن و پاشکۆیەتیی سیاسی و ئابووری جیهانی سێیەم قووڵتر دەکەنەوە، چون ئەم شێوازی نەخشەی ئابوورییە بوو بە هۆی پشتگوێخستنی گشت بەشە سەرەکی و گرنگەکانی ئابووریی وەڵاتانی جیهانی سێیەم، بە تایبەت لایەنی کشتوکێڵ، چونکە گەشەکردنی ئابووری لەسەر بنگەی گەشەکردنی هاوتایی کەرتەکانە بە گوێرەی دارایی دەوڵەت لە سامانی سروشتی و ناوەکی. بۆ ئەوەی نەبێتە دیلی مەرجەکانی مامەڵەی نێودەوڵەتان بە تایبەت لە بواری قەرز و کۆمەکدا.[105]

## کشتوکێڵ

ئەگەر برێک وردتر بنۆڕینە وەڵاتانی جیهانی سێیەم دەبینین لەو هەموو بەرهەمە کشتوکێڵییانەی، لە وەڵاتەیل خۆیاندا هەیتیان، ئەورۆکە زۆربەی شتەکانیان، تەنانەت گەنم و جۆ و میوە و سەوزەیش لەدەرەوەڕا دەهاوردرێن. هۆی ئەوەیش دەگەڕێتەوە بۆ کوژتنی کشتوکێڵ و

[105] المالكي، أحمد علي، الأمن الغذائي، الأسباب والمظاهر، الجهاد، العدد 15، السنة الثانية، جمادي الثاني 1404 هجري.

چاولێکەریی ڕۆژاوا، لە دامەزراندنی پیشەسازیی مەزندا، کە لە بچووکترین بورغییەوە تا درشتترین شتی لەدەرەوەڕا دەهاوردرێن و هەر پسپۆرانی وەڵاتانی ڕۆژاوایش خۆیان دایدەمەزرێنن، لێ ئایا وەها کارێک خزمەتی گەلانی جیهانی سێیەمی کردووە؟ هەرگیز نەخێر...

بین بیللا دەڵێ: "کشتوکێڵ لەنێوبرا، پیشەسازی، ئێمەی بە پێچکەی باکوورەوە گرێ دا و باکووریش بە هۆی زانستەکانیەوە، هەژموونی خۆی بەسەرماندا سەپاند و وای لێ کردووین تەنانەت لە قووڵایی دەروونی خۆماندا لە بەهاکانی ئەوان بترسین. ڕۆژاوا، تەنانەت زۆربوون و زیادکردنی وەچەیشمان لێ دەکات بە عەیب و نەخشە و پێوەرەکانی خۆیمان بەسەردا دەسەپێنێت و وامان لێ دەکات هەموودەم پتر کارگە و ئامیریان بهێنین، لێ ئێمە پتر گەنم و خۆراک لای ئەوانەوە دەهێنین و گرێدراویمان بەوانەوە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاد دەکات".

هەروەها دەبێژێ: "پیشەسازیی مەزن دەبێتە هۆی کوشتنی کشتوکێڵ و ڕەو و وروژمهێنان و کۆچکردنی گوندنشینان بەرەو شار و داگیرکردنی لە لایەن لادێوە و فرەبوونی گەڕەک و بڕکە ماڵی داماو و ئاوەدانیی کلۆڵ و خەڵکێکی فرەی بێ کار، چونکە پیشەسازیی مەزن کێشەی دابینکردنی کار و وەگەڕخستن چارەسەر ناکات، لێ

پیشەسازییە ساکار و ئاساییەکان بەپێچەوانەوە تا ڕادەیەک توانستی هەڵمژینی بێکارییان هەیە".

ئەوەی ئێمە لە باشووری کوردستاندا دەیبینین، زۆر باش ئەو ڕاستییەمان، کە بین بیللا ئاماژەی پێ دەکات، بۆ دەردەخات. هەر لە ساڵەکانی 1970وە ڕێژیمی عیراق کەوتە چۆڵکردن و ڕاگوێزتنی خەڵکی کورد لە جێگە و ئاواییەکانی خۆیان ڕا بۆ ئۆردووگە زۆرەملێیەکان و شارەکان، بە بیانووی ئەوەی شوێنەکانی خۆیان خراپە و لەو ئۆردووگەیانەدا چاکتر خزمەت دەکرێن و هەموو پێداویستییەکی ژیانیان بۆ دابین دەکرێن، لێ ئەو ڕاگوێزتنە بوو بە هۆی چۆڵکردنی تەواوی ئەو گوندانە و دەستبەردان لە کاری کشتوکێڵ و وەرزێری و کوژتنی کشتوکێڵ و دار و درەخت و بەرهەم و ڕێگەنەدان بە بەخێوکردنی ئاژەڵ و لەنێوچوونی تەواوی ئاژەڵ و ئەو خەڵکەیش، کە برانە ئۆردووگە و نێزیکە شار ئیدی بۆ خۆیان لە بەرهەمهێنەوە بوون بە بەرخۆر. ئەگەر جاران نان و گۆشت و ڕۆن و خوری و سووتەمەنی و میوە و تووتن و سەوزە و هێلکە و مامریان بۆ خۆیان بەرهەم دەهێنا و بازاڕی شاریشیان لێ پڕ دەکرد، ئێستا خۆیان تەواوی ئەوانە دەکڕن. ئەوان لە فرۆشیارەوە بوون بە کڕیار. ئەگەر جاران لە کێڵگەی خۆیاندا کاریان دەکرد، ئێستاکە بێکارن. ئەگەر جاران خانوو و ماڵی خۆیان

هەبوو، ئێستاکە لە ماڵی خەڵکدا کرێنشینن. بەو ڕەوپێکردنە بە تۆبزییە، جووتیار و سەپان و وەرزێر و شوان و ئاواییینشینان، فەرهەنگی ژیانی لادێیان، بە هەموو وردیلەیەکیەوە، خانووی قوڕ، تەنوور و تەنووربان و ساج و نانی خۆماڵی، سەگ و تووتکە و مامر و قاز و چێڵ و کەر و ئەسپ و مایین و ڕەشەوڵاخ و وازیی زارۆکان و چیغ و کوندەڵان و داس و درەو و جووت و کڵاشچنین و جاجم و مافوور و گڵێم و فەرەنجی دروستکردن و ساوەر و قەرەخەرمان و دۆینە و کەشک و مەشکە و کوندە و هیزە و هۆڕ و خورج و کۆزەی بەرخەل و ماست و کەرە و پەنیر و دۆ و... دەیان شتی جوانی دیکە، فەرامۆش کران. وەها کارێک جاڕدانێک بوو بۆ کوژتنی کشتوکێڵ و ژیان و هەموو شتەکانی پێوەنددارن بە فەرهەنگێکەوە، کە هەزاران ساڵە هەیە.

کشتوکێڵ لە تەواوی جیهانی سێیەمدا تا ڕادەیەک، دارڕزێنراوە و لە بەین چووە، تەنانەت وەڵاتانی جیهانی سێیەم پێداویستییە سەرەتاییەکانی خۆیانیش وەدەست ناهێنن. بین بیللا دەڵێ: "جەزائیر 80%ی دانەوێڵەی لە دەرێ ڕا دەهێنێت، سەنیگال 60%ی. هەموو وەڵاتانی جیهانی سێیەم دانەوێڵە لە وەڵاتانی ڕۆژاواوە دەهێنن". هەر ئەوەیش هۆکارێکە بۆوەی وەڵاتانی جیهانی سێیەم وەک گرێدراو و پاشکۆی ڕۆژاوا بمێننەوە. هەر بۆیەیش

کیسینجەری وەزیری کاروباری دەرەوەی ئەمەریکا کاتی جەنگی 1973ی نێوان عەرەب و ئیسرائیل، پاش ئەوەی وەڵاتانی عەرەب بڕیاری بڕینی نەفتیان لە ڕۆژاوا دا، گوتی: "نەتانگەرەکە نەفتمان بدەنێ، کەواتە نانتان دەست ناکەویێت بۆ سەر خوانەکانتان".

ئەگەر لەبەینبردنی کشتوکێڵ لە جیهانی سێیەمدا، شێوازێکی کاریگەر بێت بە دەست سیستمی جیهانییەوە، بۆ برسیکردن و بە پاشکۆ هێشتنەوەی جیهانی سێیەم و ڕێژیمەکانی جیهانی سێیەم و بۆ ڕاگرتن و تێرکردن و پتر دەوڵەمەندکردنی خۆیان (سیستمی جیهانی) و لەوەڕینیان وەک مشەخۆرێک لەسەر ئەو وەڵاتانە و بەکارهێنانیان، ئەوا نەفت، کە ڕەنگە مەزنترین سامانێک بێت دوای کشتوکێڵ لە جیهانی سێیەمدا، هیچ کاتێک دادی جیهانی سێیەم نەدات و وەڵاتانی جیهانی سێیەم پتر دەستەپاچە بکات و هێندەی تر بیانکاتە پاشکۆ، چون ئەویش (نەفت) خزمەت بە سەرمایەداریی جیهانی دەکات و پیشەسازی و تەکنۆلۆگیی ئەوان وەپێش دەخات و زێتر جیهانی سێیەم دەکاتە بازاڕێکی مەزنتر بۆ هێنانە ناوەوەی بەرهەمەکانی سەرمایەداریی جیهانی. بین بیللا دەڵێ: "نەوت خێروبێر نییە بەڵکە نەگبەتییە. ئێمە دەینێرینە دەرەوە بۆ ئەوەی ئامێرێکی زەبەلاح و زل و مەزن، کە دەمانشێلێت، کاری پێ بکات و بە هۆی ئەوەوە، کارگە لە دوای کارگە

دەهێنرێنە ناوەوە و کشتوکێڵ دەکوژرێت. ئەورۆ ئێمە دیلی ئەوانین و لەژێر فەرمانی ئەواندایین، نەک تەنێ بە کارگەکانمان، بەڵکە بە نانیشمان، کە 80%ی لە دەرەوە دەهێنین، ئەمەیە ڕەوشی جیهانی سێیەم، نەک تەنێ ڕەوشی جەزائیر ".

ئێمە ئەگەر لەو دیدەی بین بیللاوە لەبارەی کشتوکێڵەوە، ئاوڕێک لە بار و ڕەوشی عیراق بدەینەوە، کە بەشێکی کوردستانەکەی لەمەڕ خۆمانیشی لەگەڵە و یەکێکە لە وەڵاتانی جیهانی سێیەم، ئەوا چەند ڕاستییەکمان لەمەڕ کوژتنی کشتوکێڵەوە بۆ دەردەکەوێت. بەرهەمهێنانی کشتوکێڵ لە عیراقدا گەلێک دابەزیوە و سەرجەمی بەرهەمی کشتوکێڵیی ساڵانەی گەنم و جۆ و کەتان و نیسک لە ساڵی 1968دا (2.506.320) تۆن بووە، لێ لە ساڵی 1977دا (1.159.150) تۆن بووە، واتە: 1.347.170 تۆن کەمتر و بە ڕێژەی 54%یش کەمی کردووە. سەرجەمی بەرهەمی کشتوکێڵیی هاوینە لە ساڵی 1968دا (393.453) تۆن بووە، لێ لە 1978دا دابەزیوە بۆ (199.700) تۆن، واتە: بە ڕێژەی 50% کەم بووەتەوە. خۆ ئەگەر سەرنج بدەینە قەوارەی هاوردەی بەرهەمی کشتوکێڵی و ئاژەڵیی دەبینین، ساڵ بە ساڵ زیادی کردووە. لە ساڵی 1968دا بایی (30.722.433) دینار بەرهەمی کشتوکێڵ و ئاژەڵ لە دەرێ ڕا هاوردراوە،

لێ لە ساڵی 1977دا گەیشتووەتە (159.672.000) دینار و بۆ ساڵی 1980یش بووە بە (404.967.258) دینار، کە (374.244.825) دیناری زیاترە لە ساڵی 1968 و ڕێژەی زیادەکەیش دەبێتە 1318%،[106] واتە: سێزدە جاران زیاتر لە 1968. ئەمە لە کاتێکدایە کە میلیاران دینار لە عیراقدا بۆ شتی دیکە تەرخان دەکرێن. بۆ نموونە ئێستاکە لە عیراقدا وەزارەتێک هەیە بە ناوی (وەزارەتی پیشەسازیی جەنگی)، کە چەکی قورس بۆ ئامێر و دەسگەی جەنگ دروست دەکات. بێجگە لەوەیش هەزاران کۆمپانیای ڕۆژاوا و ڕۆژهەڵاتی لێیە، کە شتگەلێک لەو وەڵاتەدا ساز دەکەن، بە هیچ شێوەیەک سوودی خەڵکی ئەو وەڵاتەی تێدا نییە، بۆ نموونە (دروستکردنی پەیکەر و نیشانەیەک بۆ سەربازی گوم بە 17 میلیۆن دینار و دروستکردنی مەیدانێک بۆ ئاهەنگگێڕان لە بەغدا بە 28 میلیۆن دینار و دروستکردنی پرۆژەی ساختمانەکانی کۆنگرەی وەڵاتانی بێلایەن بە 223 میلیۆن دۆلار و دروستکردنی شارێک بۆ ڕابواردن و سەما و داوێنپیسی لەسەر زەریاچەی حەببانییە (الحبانية) بە 35 میلیۆن دۆلار و دروستکردنی بینایەی سەرکردەیەتیی نەتەوەیی

---

[106] المهاجر، صهيب، الإقتصاد العراقي على حافة الإنهيار، الجهاد الإسلامي، العدد 7، السنة 1، ذي القعدة 1403 هجري، ص 18.

و سەرکردەیەتیی هەرێمیی حیزبی بەعس بە 20 ملیۆن دینار.[107]

ئەگەر کشتوکێڵ بۆ جیهانی سێیەم مەزنترین بوار و بڕبڕەی پشتی ئابووری و ژیان بێت، ئەوا وەک بین بیللا دەڵێ: "بۆ جیهانی ئیسلامی بنگە و بناخەی بیناکردنی ئابوورییەکی ئازاد و بەهێزە".

کشتوکێڵ داڕزاوە و ئەوەیشی دایڕزاندووە، ئەو نموونە شێواو و بێ سەروبەرەی گەشەکردنەیە، کە نەفت بناخە و بنگە و بنەڕەت بۆ ئابووری و ژیان دادەنێت، وەک کە لە وەڵاتانی جەزائیر، عیراق، کووەیت، سعوودییە، ئێران و... دەگوزەرێت. تاکە چارە بۆ چارەسەرکردنی کێشە ئابوورییەکان و برسییەتی و نەداریی تەواوی جیهانی سێیەم، ژیاندنەوە و زیندووکردنەوەی کشتوکێڵە و دامەزراندنی پیشەسازییەکیش، کە کشتوکێڵ بنگە و پایەی بێت و بۆ خزمەتی کشتوکێڵ و پیشەسازیی کشتوکێڵی، برەو بە توێژینەوەی زانستییانە و جیددی و بەرهەمدار بدرێت. بە باوەڕی بین بیللا، شۆڕشی کشتوکێڵی دەبێ پێش شۆڕشی پیشەسازی بکەوێت و پیشەسازی دوای دابینکردنی هەموو پێویستییەکان دێت، کە هەرە پێشینەیان پارووی خۆراکە و ئەو (بین بیللا) بۆ خۆی کە دەسەڵاتی

[107] المهاجر...، المصدر السابق...، ص 20.

گرتە دەست، هەوڵی ئەوەی دەدا ئەو بەرنامەیە جێبەجێ بکات، هەر بۆیەیش خۆماڵیکردنی زەوییە کشتوکێڵییەکانی بە پێویستییەک دەزانی بۆ وەدیهێنانی ئەوەی دەیویست.

## پارەی وەڵاتانی نەفتی و بانکەکانی ئەوروپا

کێشەیەکی گرنگی دیکە لە بارەی ئابوورییەوە کە هەیە، دارایی و پووڵ و پارەی وەڵاتەیلی جیهانی سێیەمە، بە تایبەت وەڵاتانی نەفتیی، کە لە بانکەکانی وەڵاتانی سەرمایەداریدا دانراون و ئەو وەڵاتە پیشەسازییانە بۆ وەبەرهێنان لە بواری پیشەسازی و بوارەکانی دیکەدا، لەنێو وەڵاتانی خۆیاندا، بۆ زێتر پێشخستنی وەڵاتانی خۆیان، کەڵکی لێ وەردەگرن. بین بیللا لەو بارەیەوە دەڵێ: "پارە و دارایی وەڵاتە دەوڵەمەندەکانی جیهانی سێیەم، وەک سعوودییە و کووەیت، کە لە بانکەکانی باکووردا دانراون بوونەتە بەڵا بۆ باکوور و باشوور". پێم وابێ باکوور سوودی لێ وەرگرتووە، بەڵام بۆ باشوور بووە بە قوڕبەسەری. بین بیللا، لەوەی ڕا کە (باکوور تووشی

ئیمتیلا"ئینتەلا" بووە، لە تێڕەیی و چڵێسی و فرەخۆریدا ترخەی کردووە و باشووریش گیرۆدەی برسییەتییە)، وای دەبینێت و ئیمتیلاکەی باکووریش هەر بە نەگبەتی دادەنێت. ئەو دەڵێ: "ئەو داراییانە دەبێ بەرەو باشوور بگەڕێنرێنەوە بۆ ئەوەی بەشداری لە پەرەپێدانی کشتوکێڵ و لە دامەزراندنەوە و بیناکردنی بنگە و بنەڕەتی بنگەی کشتوکێڵییدا بکەن، کە بە تەواوی لە بەین براوە".
بێگومان بواری کشتوکێڵ مەزنترین و گرنگترین بوارێکە لە جیهانی سێیەمدا، کە گەرەکە گرنگیی پێ بدرێت و گەشە بکات، چونکە ساڵانە لە هەموو جیهانی سێیەمدا نێزیکەی 50 میلیۆن مرۆڤ دەمرن، کە تەواوی ئەوانە قوربانیی برسییەتین، بەڵام وەک بین بیللا دەڵێ: "هیچ گەشەکردنێک بەبێ دیموکراتی نابێت و هیچ سیاسەتێکی گەشەکردنیش بەبێ بەشداربوونی جەماوەر سەرناکەوێت"، کە دیارە لە جیهانی سێیەمدا وەها باسێک لە ئارادا نییە.

## سەرمایەداری و سۆسیالیزم

مەبەست لە سیستمی جیهانی ئەوڕۆ تەنێ سەرمایەدارییی ڕۆژاوا نییە، بەڵکە سۆسیالیزم و مارکسیزمی وەڵاتانی

سۆسیالیستیشه. به بۆچوونی بین بیللا، مارکسیزم، هەرچەندە بۆ خۆی بانگەشەی پێچەوانەکەی دەکات، لێ درێژەپێدانی سیستمی سەرمایەدارییە، چونکە مارکسیزم و سۆسیالیزم، بەشێکن لەو سیستمە جیهانییەی لە گۆڕێدایە و ئەوانیش سەبارەت بە جیهانی سێیەم و سنووردارکردنی جووڵەی مرۆڤ و بەکارهێنانی مرۆڤ، لەگەڵ سەرمایەداریدا، هاوتا دەبنەوە و یەک دەگرنەوە و هەردوویان تەواوکەری یەکدین.

بین بیللا دەڵێ: "مارکسیزم، هەرچەندە بانگەشەی ناکۆکی و دژایەتیی سەرمایەداری دەکات، بۆ خۆی درێژەی سەرمایەدارییە". بێگومان وەک تیۆری دەبێ مارکسیزم هەڵوەشاندنەوەی پێوەندداریەتیی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری بێت و لەبری ئەو پێوەندداررییە پێوەندداررییەکی سۆسیالیستی بێتە کایەوە، بەڵام مارکسیزم بۆ خۆی دەڵێ، سۆسیالیزم لەنێو پزدانی سەرمایەدارییەوە پەیدا دەبێت، ئەوە لە خۆیدا بەڵگەیەکە بۆ درێژەپێدانی سەرمایەداری لەنێو سیستمی سۆسیالیستیدا و دامەزراندنی ئابووری و جڤاک و دەوڵەتی سۆسیالیستی لەسەر کەلاکی سەرمایەداری. ئەگەر لەو سیستمە بەناو سۆسیالیستییەی سۆڤییێت و وەڵاتانی وابەستە و پاشکۆی، سەرمایەداری، وەک سیستم و تاکەکەس و کۆمپانیا، نەمابێت، ئەوا گۆڕدراوە

بۆ سەرمایەداریی دەوڵەت، واتە: بەپێچەوانەی ڕۆژاواوە، کە سەرمایەداری بە دەست تاکەکانەوەیە، لە ڕۆژهەڵات، دەوڵەت بووە بە سەرمایەدار و خودانی هەموو شت، کە ئەمە بۆ خۆی پێڕۆکردنێکی چەوتی مارکسیزم و سۆسیالیزمە. وەها ڕەوشێک، ئەگەر خراپتر نەگەیەنێت، باشتر ناگەیەنێت، چونکە دەبوو سۆسیالیزم تەواوی خراپە و نامرۆڤیەتیی سەرمایەداری بنبڕ بکردایە و لە نێوی ببردایە، کەچی بۆ خۆیشی هەمان خراپە پێڕۆ دەکات و هێشتا چەوساندنەوە و بەکارهێنان و بەپاشکۆکردنی وەڵاتانی دیکەی لە سیاسەتی خۆیدا نەسڕیوەتەوە.

بین بیللا دەڵێ: "دەبوو سۆسیالیزم خراپەکارییەکانی سەرمایەداری لەنێو بردبایە، لێ ئەوەتا بۆ خۆی درێژە بەو خراپەکارییانە دەدات، سۆسیالیزم و سەرمایەداری لە ڕاستیدا دوو دیاردەی دژبەیەک نین، بەڵکە هاوژینن و پێکڕا لە یەک بازنەی فەرهەنگی و شارستانەتیدان و لە ڕووی بەها و چۆنیەتییەوە چون یەکن و هەردووکیان بەرهەمهێنی بەکاربردنن و دەبنە هۆی سازکردنی چەوساندنەوە و لێکەوتە ئابووری و جڤاکی و سیاسی و فەرهەنگییەکانی چەوساندنەوە و ئەو خڵتە و تڵپە و پاشەڕۆیانەیش لە سیستمی تاکپارتیدا گەلێک دیارتر و خراپترە". هەردوو سیستمەکە، سۆسیالیزم و سەرمایەداری، بە ڕای بین بیللا، لەبەر ئەوەی بنگە و

بنەمای هەردوویان، بنگە و بنەمایەکی ماددییە و دەگەڕێنەوە بۆ فەلسەفەی ئاوەزگەرایی (العقلانیة)، بۆیە هەردووک یەک فەرهەنگن و دیارە لە یەک سەرچاوەی جیۆگرافیاییشەوە پەیدا بوون، کە ئەورووپایە و ئەورووپای پیشەسازی و کارگە و کارگەر و قازانج و زێدەبایی، بنگە و بنەمای هەردووکیانن. عەبدوڵڵا ئەلعەرەوی دەڵێ: "مارکسیزم، کرۆکی مێژوو و فەرهەنگی ڕۆژاوایە"، کە لەتەک بۆچوونەکەی بین بیللادا یەک دەگرێتەوە، چون ڕۆژاوایش، دەکاتە هەموو ئەورووپا و وەڵاتانی سەرمایەداریی پیشەسازیی باکووری گۆی زەوی.

بەگوێرەی ئەو دیدەی بین بیللا، جڤاکێک سۆسیالیزمی دەگاتێ، ئیدی ئەو سۆسیالیزمە ئەگەر بە خۆی لەوێدا سەرهەڵبدات یا بهاوردرێت یا بۆی ببرێت و بنێردرێت، ئەوا بێگومان کارێکی زۆر دەکاتە سەر ئەو کۆمەڵە و گۆڕانێکی تێدا دێتە گۆڕێ، کە ئەو کۆمەڵە تا ڕادەیەک نەناسرێتەوە و کۆمەڵێ گرفت و کێشەی فەرهەنگی، سیاسی، جڤاکی و ئابووریشی تێدا پەیدا ببێت. نموونەیش بۆ ئەوە زۆرە، ئیدی ئەگەر لە وەڵاتانی ئەورووپای ڕۆژهەڵاتەوە دەست پێ بکەین تا دەگاتە جیهانی ئیسلامی وەک ئەفغانستان و یەمەنی خواروو، ئەوا بێجگە لە کێشە و گرفتی ئابووری، دەیان کێشە و گرفتی دیکە هاتوونە گۆڕێ، ئیدی هەر لە کێشەی نەریت و ڕەوشت و ئاکارەوە

تا دەگاتە کێشەی نەتەوایەتی و ئایین و دڵسۆزیی بۆ وەڵات و شتی دیکەیش. لەو وەڵاتانەی لە جیهانی ئیسلامیدا ڕێگەیەکی لەو جۆرەیان گرتبێتە بەر، ئەوە کێشە و گرفتەکان نایەنە ژماردن، چون ئەو سیستمە بۆ خۆی لە بنەڕەتدا، لە دیدی بین بیللاوە، تا ڕادەیەک، بە جڤاکی ئیسلامی نامۆیە و بڕێک دوورن لەیەکدییەوە.



ئەحمەد بین بیللا

ڕەنگە لێرەولەوێ لەو جڤاکە موسوڵمانانەدا، هەندەک کێشەی کۆمەڵایەتی یا جۆری دیکە، لە ئەنجامی بانگەشەی سۆسیالیزم و مارکسیزمدا هاتبنە گۆڕێ، لێ ئەوە بە

بۆچوونی من، هەرگیز ناکاتە نەگونجانی سۆسیالیزم لەگەڵ سروشتی ئەو جڤاکانەدا. ئەگەر بڕێک واقیعییانە بنۆڕینە ڕەوشی وەڵاتانی ئیسلامی و جیهانی سێیەم، ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە جیاوازیی چینایەتی و نادادپەروەری بنەما و کرۆکی تەواوی کێشەکانی مرۆڤی ئەو وەڵاتانەن، بە کێشە ڕەگەزی، نەتەوەیی، ئایینی و ئایینزاکانیشیانەوە. دیارە نهێنی هێزی نیشتمان و خۆشگوزەرانی و بەختەوەریی هەر گەل و وەڵاتێکی جیهانی سێیەم و ئیسلامی، دەستەبەرکردنی دادپەروەریی جڤاکی و یەکسانییە، کە ئەوانە کرۆکی سۆسیالیزمن و لە سۆسیالیزمدان. هەرچی ئایینە، لەبەر ئەوەی بەڵێن و بەها باڵاکانی بە جیهانی پاش مردنەوە پێوەنددارن، ناتوانێت لەم جیهانەدا ئەوەی سۆسیالیزم بۆ مرۆڤی دەستەبەر دەکات، ئەو بیکات. تاکە چارەسەرێک بۆ وەها کێشەگەلێکی جیهانی سێیەم و ئیسلامی پێوەی دەناڵێنێت، تەنێ سۆسیالیزمە، کە نایەکسانی لە بەین دەبات و یەکسانی لەنێوان مرۆڤەکاندا دەستبەر دەکات. ئیدیۆلۆگیی مارکسیزمیش، بە هەموو لادان و چەوتییەکیشیەوە، کە تێیکەوتووە، هێشتا لەم جیهانە نوێیەدا تاکە ئیدیۆلۆگییەکە، چاوەڕوانی پێشخستنی مرۆڤایەتی لێ دەکرێت.

دەشێ ئەزموونی دەوڵەتی قەرمەتییەکان وەک پێچەوانەی بۆچوونەکەی بین بیللا بخوێنینەوە. قەرمەتییەکان

(القرامطة)،[108] سیستمێکی شێوە کۆمارییان وەک بناخەی دەوڵەت دانا، کۆڵەکەکانی، عەدالەتی کۆمەڵایەتی و نەهێشتنی جیاوازیی چینایەتی بوون، لە شێوازێکی سۆسیالیستیدا، پێی دەگوترا سیستمی ئولفەت (الألفة). قەرمەتییەکان، سەندیکای کارگەرانیان دامەزراند و ئاسیاو و نانەواخانەی گشتی و خۆڕاییان بۆ جەماوەر کردەوە و کۆمەکی جووتیارانیان کرد و ئامێر و ئامرازەکانی کشتوکێڵ و تۆو و ئاژەڵیان بە خۆڕایی پێدان و خاوەنداریەتی یا موڵکایەتی تایبەتی زەوی کشتوکێڵییان نەهێشت و زەوی بۆ هەمووان بوو. دەسەڵاتداریەتیی قەرمەتییەکان نموونەی دەسەڵاتی سۆسیالیستیی هەڤپار؛ هاوکۆیی، هاوبەش، هەرەوەز و گشتیی بوون. دەوڵەتی قەرمەتییان لە ئەحساء (الأحساء) و بەحرەین (البحرين) دامەزرا، دەوڵەتێک بوو خواست و ئامانجەکانی کارگەر و جووتیارانی لە بەرچاو دەگرت و هەوڵی وەدیهێنانیانی

[108] قەرمەتییەکان (القرامطة)، بەشێک بوون لە هەوادارانی ئایینزای ئیسماعیلی و لە دەوڵەتی فاتیمی جودا بووبوونەوە. حەمدان بین ئەشعەس/حەمدانی قەرمەتی (حمدان بن أشعث القرمطي) بزاڤێکی لە کووفە بە مەبەستی دامەزراندنی دەسەڵاتێکی هەرەوەزیی هاوبەش و دەستەجەمعی دامەزراند. لەنێوان899-931ی زایینیدا، دەوڵەتێکیان لە بەحرەین بە سەرکردەیەتیی ئەبوو سەعید ئەلجەنابی (أبو سعيد الجنابي) دامەزراند.

دەدا، بۆ ڕزگارکردنیان لە ستەم و چەوساندنەوە. قەرمەتییەکان، کە لە سەردەم و هەلومەرجێکدا سەریان هەڵدا، جیهان و پێوەندەکان بە دەوروبەرەوە وەک پێوەندە نێودەوڵەتییەکانی ئەمڕۆ و بەم جۆر و شێوازە ئاڵۆزەی هەنووکە نەبوون، لێ ئەوەی کردیان ئەزموونێکی سۆسیالیستانەی قەرمەتییانە بوو.[109] ئەوان لە دامەزراندنی یەکەم سیستمی سۆسیالیستیدا، گەلێ پێش مارکس کەوتبوون. دەوڵەتی قەرمەتییەکان، دەوڵەتێک بوو بۆ هەمووان و هەمووان تێیدا هاوبەش بوون. ڕەنگە ئەزموونی بزاڤی حەقە لە کوردستان، بە تایبەت حەمەسوورییەکانیش، مانەندی ئەزموونی قەرمەتییەکان، وەک ئەزموونێکی سۆسیالیستانە تەماشا بکرێت.

بین بیللا دەڵێ: "سۆسیالیزم جێگرەوەی ڕاستینەی سەرمایەداری نەبوو. سۆسیالیزمی ڕەسمی بەڕاستی دەستکاریی کرۆکی سیستمی سەرمایەداریی جیهانیی نەکردووە. مرۆڤ، کە دەبووایە بنەڕەت و مەبەستی هەموو چالاکییەک بێت، لەنێو دڵی سیستمی سۆسیالیزمدا نییە. ئەو مرۆڤەی، بەڵێن بوو پەیدا بێت، هێشتا لە دایک نەبووە. سۆسیالیزم لەگەڵ سەرمایەداریدا دژبەیەک نین.

---

[109] إسماعيل، د. محمود، الحركات السرية في الإسلام، مؤسسة روز اليوسف، القاهرة، 1973، ص 159-216.

ڕووسیا لای من دەکاتە سفر. سۆسیالیزمی ڕەسمی ناکاتە هیچ. خەڵکێکی وڕێنەکەرن. کاسترۆ، وڕێنە دەکات. کیم ئیل سۆنگ، وڕێنە دەکات". ڕەنگە هیچ کەس تەنانەت ئەوانەیشی کوێرانە ڕەدووی ڕێبازێکی هزری و ئیدیۆلۆگییەک دەکەون و لێیان دەبێتە ئایین، گومانیان لەوەدا نەبێت، ئەوەی تا هەنووکە لە وەڵاتگەلێکی، ناوی سۆسیالیستیان لێ نراون و گوایە سۆسیالیزمیان تێدا پیادە دەکرێ، بێ کێماسی و لارولوێری و چەوتی نەبووبێت. لەگەڵ تەواوی ئەو چەوتییانەیشدا، گەلێ شتی باش و سوودمەند و بە قازانجی مرۆڤ کراون و هەرگیز ناکاتە ئەوەی هەموو بەرهەم و ئەنجامێکی ئەو سۆسیالیزمە بسڕدرێتەوە و فەرامۆش بکرێت وەک بین بیللا پێی وایە، سۆڤییێت دەکاتە سفر و کاسترۆ وڕێنە دەکات! ڕاستە حاڵ و گوزەرانی ئەلبانیای ئەنوەر خواجە و یۆگوسلاڤیای تیتۆ و ڕۆمانیای چاوچێسکۆ و دایکی سۆسیالیزمیش، سۆڤییێتەکەی لێنین و ستالین و برێژنێڤ دەبینین و دەزانین چ بەهەشتێک نین. دیارە مێژوویش گەواهی ئەوەیە، کە هەموو هەڕەشە و گوڕەشەی سۆسیالیزم بە ڕاماڵینی سەرمایەداری و ڕزگارکردنی مرۆڤ لە چەوساندنەوە و شکاندنی کۆت و زنجیری مرۆڤ بە تەواوی نەهاتوونە دی، بەڵکە سۆسیالیزم بۆ خۆی، لە گەلێ جێگە، جێی سەرمایەداری گرتووەتەوە و

نەخۆشییەکانی ئەویشی چارەسەر نەکردووە. ئەوان هەردوو کۆمەک بە یەکدی دەکەن بۆ پاراستن و درێژەپێدانی یەکتر. وێڕای هەموو ناتەواوییەکی ئەو ڕێژیمە سۆسیالیستانە و گومان نەبوون لەوەی سۆڤییێت وەلاتێکی زلهێزی سۆسیال ئیمپریالیزمە و پەیدابوونی توێژێکی ئەریستوکراتی حیزب و سەندیکا و کارگێڕی دەوڵەت و بیرۆکرات، کە هیچ جۆرە سیمایەکی سۆسیالیستییان نییە، لە تەواوی ئەو ڕێژیمانەدا، بەلام هێشتا جۆرێک لە یەکسانی لەنێوان مرۆڤەکاندا هەیە و کێشەی بیکاری، بێیانەیی (بێماڵی)، خوێندن بۆ هەمووان، لەشساغی و تەندروستی بۆ هەمووان، نان بۆ هەمووان و گەلێ شتی دیکەیش چارەسەر کراون و گۆڕانێلێکی باش وەدی هاتوون.

بین بیللا دەڵێ: "سۆسیالیزم بانگەشەی لەنێوبردنی سەرمایەداری وەک فەلسەفە دەکرد، بەلام بۆ خۆیشی لە کۆتاییدا هەمان مەبەست و ئامانجەکانی سەرمایەداری وەرگرت و هەڵبژارد. ئەویش جڤاکی بەرخۆری دامەزراند. لەنێوان سەرمایەداری و مارکسیزمدا هیچ دوژمنایەتییەکی تەواو توند نییە، ڕەنگە جۆرە پێشبڕکێ و ملانێیەک لەنێوانیاندا هەبێت، لێ دەتوانن بگەنە لێکتێگەیشتن و پێکهاتنێکی تەواو، ئەوەتا (ئەپۆلۆ) و (سیۆز)، ئەوە قەرزەکانی پۆلۆنیا. بۆ سەلماندنی نەبوونی دژایەتی

لەنێوانیاندا، بنۆڕنە بەرنامەی ڕیفۆرم، کە سۆلیداریتی لە پۆڵۆنیا پێشنیازی کرد، ئەو بەرنامەیە لە لایەن فرانسا و ئەڵمانیا و ئینگلستان و ئەمەریکاوە کۆمەک و تەمویل دەکرێ. من وام دەزانی دەبێ سۆسیالیزم سەرمایەداری هەڵتەکێنێت و بسڕێتەوە و لەنێو ببات، بەڵام ئەوڕۆ هیچ بەڵگە و نیشانەیەک بۆ ناکۆکی و نەیارییان نابینم، بەڵکە وەک دوو سیستەم دەیانبینم، کە تەواوکەری یەکترن".

بانگەشەی سۆسیالیزم لەنێو وەڵاتانی ئیسلامییشدا ماوەیەک باو بوو و بێجگە لە پارتییە کۆمیۆنیستەکان، کە کوتومت دەیانەویست و دەیانەوێ سیستەمەکەی سۆڤییێت یا چین یا ئەلبانیا یا شوێنێکی دیکە، بێ گوێدانە جیاوازیی ئایین و ئابووری و فەرهەنگ و باری کۆمەڵایەتی و شێوەی هزرین و دید و باری دەروونیی خەڵک لەو وەڵاتانەدا، بهێننە ئەو وەڵاتانەی ئیسلامی و جیهانی سێیەم. زۆر جاران، لە لایەن کەسان و خەڵکانێکەوە، کە دژ بە مارکسیزمیش بوون، هاوار بۆ سۆسیالیزم دەکرا و داوای پێڕۆکردنی دەکرا، لێ ئەو سۆسیالیزمەی باسی لێوە دەکرا، تەنێ ناوی بێ ناوەڕۆک و دوور لە کردار بوو. وەک نموونە دەشێ سۆسیالیزمەکەی جەمال عەبدونناسری میسر، سۆسیالیزمەکەی بەعسی عیراق و سووریا، سۆسیالیزمەکەی حەبیب بورقێبە، سۆسیالیزمەکەی عەبدوڕەحمان بەززاز، سۆسیالیزمەکەی

موعەممەر قەززافی و تا ڕادەیەکیش سۆسیالیزمەکەی یەمەنی خواروو و سۆسیالیزمەکەی جەزائیریش، بهێنینەوە یادی خۆمان.

بین بیللایش، سالانی 1962-1965، کە سەرۆککۆماری جەزائیر بوو، باسی سۆسیالیزمی دەکرد، لێ ئەو دەیگوت، ئەو سۆسیالیزمەی دەیگرێتە بەر و باوەڕی پێیەتی جیاوازە لە سۆسیالیزمی کۆمیۆنیستی و مارکسیزم، ئەوەی ئەو سۆسیالیزمێکە لەسەر بنەمای باوەڕبوون بە بەها گیانەکییەکان و بنەمای نەتەوەیی و کەلەپوور و فەرهەنگ و شارستانەتیی عەرەبی و ئیسلامی بنیات نراوە. دیارە هیچ مەرج نییە سۆسیالیزم هەمیشە لە مارکسیزمەوە سەری هەڵدابێت، بەلام مارکسیزم هەمیشە هەڵگری بنەمای سۆسیالیزمە، کە لە ئەدەبییاتی مارکسیزمدا پێی دەگوترێ: "سۆسیالیزمی زانستی". سۆسیالیزم بۆ خۆی، کۆمەڵە ئامانجێکی سیاسی و جڤاکی و ئەخلاقییە و مارکسیزمیش ڕێبازی شیکاریی دیاردە جڤاکی و ئابووری و مێژووییەکانە. سەرۆک بین بیللا لە دەسپێکی فەرمانڕەواییدا، سۆسیالیزمێکی شەرعیەت پێدراوی گرێدراوی بە مێژووی ئیسلامەوە هەڵبژاردبوو و دەیویست سۆسیالیزم و ئیسلام پێکەوە ببەستێتەوە، لە کاتێکدا سۆسیالیزم بۆ خۆی بەرهەمێکی ئیسلامی نییە. شێوەی ژیانی گەلی جەزائیر لە پاش وەدەستهێنانی

سەربەخۆیی، کاریگەریی هەبوو لەوەی ڕێبازی سۆسیالیستی بۆ بەڕێوەبردنی وەڵات پەسەند بکرێت، چ لەلایەن سەرۆک بین بیللا و چ سەرکردەیەتیی وەڵات لەو کاتەدا، چون سۆسیالیزم لەسەر بنەمای: دابەشکردنی سامان بە یەکسانی و خاوەنداریەتیی گشتیی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان دامەزراوە. هەروەها بەهۆی ئەوەی لەو کاتەدا گەلی جەزائیر لەژێر هێڵی هەژاریدا دەژیا، سەرباری ئەوانەیش وەڵاتانی تازە ئازادبوو، بۆوەی لە کۆلۆنیالیزم و پاشماوەکانی ڕزگاریان ببێت، هەموو ڕوویان کردبووە سۆسیالیزم، چونکە وەڵاتانی کۆلۆنیالیست سەرمایەداریی بوون. بێجگە لەوەیش وەڵاتانی سۆسیالیستی بە هەموو هێز و توانستێکیانەوە پشتگریی شۆڕشی جەزائیریان کرد، ئیدی شۆڕشگێڕانی جەزائیر لادانیان لە بەرەی سۆسیالیستی بە کارێکی خراپ و نەشیاو دەزانی، چون بەرەی سۆسیالیستی کۆمەکیان بە شۆڕشی جەزائیر کردبوو، دژ بە هێزێکی سەرمایەداری، کە دەوڵەتی جەزائیری ڕەد دەکردەوە. بەو جۆرە جەزائیر بوو بە یەکێک لە دەوڵەتە سۆسیالیستەکانی جیهان.

سەرۆک بین بیللا، کە بۆ خۆی بە جۆرێکی خویا، لەژێر کاریگەریی فەرهەنگی سۆسیالیستیی چەپدا بوو، دەستی کرد بە پیرۆزکردنی فەرهەنگی سۆسیالیستی بە جۆرێکی

جیددی، وەک نموونە ئەوەی لە بواری کشتوکێڵدا پێڕۆی کرد، شۆڕشێکی کشتوکێڵیی سۆسیالیستی بوو و هەروەها لە بواری بارهێنان و خوێندنیشدا بەرنامەی سۆسیالیستیی خستە نێو نەخشەی خوێندن. بین بیللا، پێیوابوو شۆڕشی جەزائیر بێجگە لە شۆڕشێکی سۆسیالیستی شتێکی دیکە نییە و جووتیارانیش هێزی سەرکردەیەتی تێدا دەبینن. ئەو جەختی لە ڕۆڵی ئیسلام دەکردەوە و ئیسلامی بە پارێزەری هەژاران، دژ بە دەوڵەمەندان دەبینی و باوەڕیشی بەوە بوو کە ئیسلام سیمایەکی تایبەت بە ڕەسەنایەتیی جەزائیر دەبەخشێت.[110] لێ ئەو کارانە و ئەو ڕێبازە تا ڕادەیەک سۆسیالیستییانە، بێ کێشە نەبوو و بوو بە هۆی ڕەخنەلێگرتن و ناکۆکی لە لایەن هەندێک لە بیریارە ئیسلامییەکانەوە، وەک ئەلبەشیر ئەلئیبراهیمی،[111] کە لە

---

[110] حربي...، جبهة... ص 272-273.

[111] ئەلبەشیر ئەلئیبراهیمی (محمد البشير الإبراهيمي 1889 - 1965) زانایەکی بواری هزر و ئەدەبییات و ئایینی ئیسلامی جەزائیری، کە هاوڕێی خەباتی ئیبن بادیس (للشيخ عبد الحميد ابن باديس) بوو لە ڕێبەریەتیی بزاڤی چاکسازیی جەزائیری (الحركة الإصلاحية الجزائرية) و جێگری بوو و دواتر بوو بە جێنشینی لە سەرۆکایەتیی کۆمەڵەی زانایانی موسوڵمان (جمعية العلماء المسلمين) و وەک نووسەریش بیری ڕزگارکردنی گەلانی عەرەبی

16ی ئەپریلی 1964دا ڕایەگەیێندراوێکی پەخش کردەوە، تێیدا ڕەخنەی لە سەرۆک بین بیللا و حوکوومەتەکەی گرتبوو، کە دەستبەرداری بنەماکانی ئیسلام بووە.
سەرۆک بین بیللا، کە باسی لە سۆسیالیزم و پێشخستنی ئابووریی وەڵاتەکەی (جەزائیر) دەکرد، کە یەکێکە لە وەڵاتانی ئیسلامی، دەبوو ئەوەی ڕەچاو کردبا کە "وەڵاتانی ئیسلامی ئەگەر بڕیار بدەن ببن بە جڤاکەیلێکی پیشەسازی، کە هێماکان وا پێشان دەدەن، ئەوان لە بەردەم دوو ڕێگەی سەرەکیدان، کە گەرەکە یەکێکیان هەڵبژێرن: سەرمایەداری یا سۆسیالیزم. بێجگە لەو دوو ڕێگەیە، ڕێگەی سێیەم نییە، بە پێچەوانەی ئەوەی ئابووریناسانی ئەوروپایی، کە دەیانەوێ لەو ئاریشەیە ڕزگاریان بێت، مەزەندەی دەکەن و بە پێچەوانەی زۆرێک لە هزرمەندانی جیهانی سێیەم کە ئارەزوو دەکەن، ڕەنگێکی نیشتمانی بدەن بە بەرنامە ئابوورییەکانیان".[112]
دەبوو بێ گوێدانە ئەم و ئەو و دەوروبەر، بڕیاری هەڵبژاردنی سۆسیالیزمی وەک سیستمی سیاسی و

---

لە کۆڵۆنیالیزم و بیری ڕزگارکردنی ئاوەزی لە نەزانین هەبوو. بەهۆی ڕەخنەوە لە سەرۆک بین بیللا لە ساڵی 1964دا، بڕیاری دەستبەسەرکردنی درا و تا کۆچی دوایی بەو جۆرە مایەوە.

112 رودنسون، مكسيم، الإسلام والرأسمالية، ترجمة نزيه الحكيم، دار الطليعة، بيروت، الطبعة الرابعة، 1982، ص 189-190.

ئابووری بۆ جەزائیر بدایە. دیارە "هەڵبژاردنی سۆسیالیزم، بە پێچەوانەی سەرمایەدارییەوە، کە بە هۆی قازانجەوە بۆ خۆی بڵاو دەبێتەوە و خەڵک وەدوویدا هەڕا دەکات، پێویستی بە ئیدیۆلۆگییەکە لە ڕووە ئابوورییەکەوە خەڵک لە دەوری خڕ بکرێتەوە و یەکدەنگییەکی بۆ دروست بکرێت. ئابووریی سۆسیالیستی یا ئابووریی دەوڵەت، گەرەکە بە هەرەوەزی جڤاک ڕێک بخرێت. هاندانی خەڵکیش بۆ پشتگرتنی تێکەڵەیەکی ئیدیۆلۆگی و کۆمەکی ماددی دەوێت".[113] هەرچی ئایینی ئیسلامە، لە گلێرکردنەوەی جەماوەردا بۆ بونیاتنانی ئابووری، ڕۆڵێکی کارای نییە، چون ئەو بونیادە دەبێ شۆڕشگێر بێت و ڕووخێنەری بونیادە زاڵ و باوەکان بێت.
لە هەمان کاتیشدا سەرۆک بین بیللا موسوڵمانە و باوەڕدارە، باوەڕی بە سیستمی ئیسلامییە و زەکات و ئەوقاف و خێر و سەدەقات، بەلای ئەوەوە، چارەسەرگەلێکی باشن و ئەمەی بە خرۆشچێڤیش گوتووە کاتێک سەردانی مۆسکۆی کردووە. وەک چۆن لە ئەوروپا بانگەشەی سۆسیالیزمی مەسیحی دەکرا، لەنێو جیهانی ئیسلامییشدا بانگەشەی سۆسیالیزمی ئیسلامی هەبوو، لێ بین بیللا ڕێکوڕەوان نەیدەگوت سۆسیالیزمی ئیسلامی،

[113] رودنسون... الإسلام...، ص 91.

بەڵکە دەیگوت: "قورئان ڕێنیشاندەری ئێمەیە بەرەو سۆسیالیزم"، واتە: سۆسیالیزمێکی گەرەک بوو و گەرەکە، قورئان بنگە و بنەما و سەرچاوەی بێت، کە تا ڕادەیەک دەکاتە ئەوەی باس لە سۆسیالیزمێکی ئیسلامی بکرێت.
لە قورئان و لەو گوتانەی لە پەیامهێنی ئیسلام دەگێڕدرێتەوە و لە هەندێک قسەی ئیمام عەلی و ئەبووزەڕی غیفاریدا مرۆڤ بیرۆکەی جۆرە دادپەروەرییەکی جڤاکی و ئابووری و جۆرێک لە یەکسانی و دژە دەوڵەمەندی و دژە چەوساندنەوەی هەژاران و باسوخواسێکی چینایەتی وەدی دەکات. لە قورئاندا هاتووە: {والذين يكنزون الذهب والفضة ولا ينفقونها في سبيل الله فبشرهم بعذاب أليم}،[114] واتە: ئەوانەی زێڕ و زیو هەڵدەگرن و لەڕێی خودادا خەرجی ناکەن، مزگێنی سزایەکی توندیان بدەیە. پەیامهێنی ئیسلام دەڵێ: "ما آمن بي من بات شبعان وجاره جائع"، واتە: ئەوەی بە تێری خەوت و هاوسێیەکەی برسی بوو، باوەڕی بە من نییە. ئیمام عەلی کوڕی ئەبو تالیب دەڵێ: "المال أربعة آلاف درهم وما زاد عليه فهو كنز"، واتە سامان چوارهەزار دیرهەمە، لەوە زیاتر دەبێتە گەنجینە. هەر لە ئیمام عەلی و لە ئەبووزەڕی غیفاری دەگێڕدرێتەوە و نەزانراوە

[114] القرآن الكريم: التوبة: 34، 35.

قسەی کامیانە، کە دەڵێ: "عجبت لمن لایجد قوت یومه کیف لایخرج علی الناس شاهرا سیفه"، واتە: سەرم لە کەسێک سوورِ دەمێنێت، کە بژێوی ڕۆژێکی نییە، چۆن شمشێرەکەی هەڵناکێشێ و ناچێتە سەر خەڵک. شاعیری بەناوێی عیراقی موزەففەر ئەننەوواب (مظفر النواب) لە شیعرێکیدا بە ناوی ژێیەکانی شەوانە[115] لە بڕگەیەکیدا و لە باس و پێناسەکردنی ئیمام عەلیدا وەک کەسێکی گەلێر و خاکەڕا و لایەنگری چەوساوە و ستەملێکراوان دەڵێ: "هێشتا ئەبووسوفیان بە ڕدێنە زەردەکەیەوە، بە ناوی ئەللاتەوە[116] هانی دەمارگیریی خێڵەکیەتی دەدات، هێشتا دەستەی بازرگانان، عوسمان بە خەلیفەی خۆیان دەزانن و تۆیان[117] پێ ڕێبەری ڕەشەخەڵکەکەی، ئەگەر تۆ ئەمڕۆ بێیت[118] ئەو خەڵکانەی، کە بانگت دەکەن، دەبنە دژت و ناوی کۆمۆنیستت لێ دەنێن. دەڵێن شوورا، چ

[115] وتریات لیلیة: "... ما زال أبو سفیان بلحیته الصفراء، یؤلب باسم اللات، العصبیات القبلیة، ما زالت شوری التجار تری عثمان خلیفتها، وتراک زعیم السوقیة! لو جئت الیوم، لحاربک الداعون إلیک، وسموک شیوعیة، یقولون شوری، ألا سوءة، أي شوری وقد قسم الأمر بین أقارب عثمان في لیلة، ولم یترکوا للجیاع ذبابة".

[116] یەکێک لە خوداکانی سەردەمی پێش ئیسلام بوو.

[117] مەبەستی عەلییە.

[118] مەبەستی عەلییە.

ناشیرینییەک کام شوورا، کە لە یەک شەودا لەنێوان خزمەکانی عوسماندا هەموو شتێکیان بڕییەوە و دابەشکرد، بۆ برسییانیش مێشێکیان نەهێشتەوە".
لە شیعرێکیدا، بەناوی "ولد الهدی"، واتە: ڕێگەی ڕاست، ڕزگاری یا ڕاستیی لە دایک بوو، شاعیری گەورەی عەرەب ئەحمەد شەوقی (أحمد شوقي)، کە لە ساڵی 1912دا لە پێشی شا فارووقی ئەودەمی شای میسردا، بۆ پەیامهێنی ئیسلامی گوتووە دەڵێ: "تۆ پێشەوای سۆسیالیستانی، لێ سۆسیالیستان پەلە دەکەن، هەمان ئەو دەردانەی ئەوان گەرەکیان بوو بە خێرایی تیماریان بکەن، تۆ بە کاوەخۆ تیمارت کردن، هەندێ گلەت دەرمان لە دەرد خراپترە، ئەگەر بڕیار بێت مرۆڤێک ئایینی خۆی هەڵبژێرێت، هەزاران تەنیا ئایینی تۆ هەڵدەبژێرن".[119]

بیریاری ئێرانی عەلی شەریعەتیش، گەلێ جار لە تێزەکانیدا سیمایەکی سۆسیالیستانەی تێکەڵ بە ئیسلام دەبینرێت و پێکەوەیان گرێ دەدا. لە کتێبێکیدا بە ناوی سۆسیالیزم و

---

[119] "الإشتراكيون أنت إمامهم... لولا دعاوي القوم والغلواء، داويت متئدا وداووا طفرة.. وأخف من بعض الدواء الداء، فلو ان إنسانا تخير دينه..مااختار إلا دينك الفقراء"".

ئیسلام "الإشتراكية والإسلام"،[120] دۆکتۆر موستەفا ئەلسیباعی، جەخت لەوە دەکات، کە سۆسیالیزم لە ئیسلامدا هەیە و ئیسلام ئایینێکی سەرمایەداری نییە، بەڵکە سۆسیالیستییە و باسکردنی ئیسلام وەک سۆسیالیست، هەرگیز نابێتە هۆی بەدناوکردنی ئیسلام. ئەلسیباعی پێی وایە، دەشێ ئەو سۆسیالیزمەی ئیسلام لە چوارچێوەی دادپەروەریی جڤاکی و تێکەڵکردن و گونجاندنی کۆمەڵایەتی و جەنگ دژ بە هەژاریدا، جێ بکرێتەوە. نووسەری میسری ئەحمەد عەبباسساڵح، لە کتێبێکیدا بە ناوی ڕاست و چەپ لە ئیسلامدا "اليمين واليسار في الإسلام"، بیرۆکەی ململانێی دوو باڵ و تەوژمی چەپ و ڕاست لەنێو ئیسلامدا دەخاتە بەرباس. ئاماژەکردن بە خەڵکانێک یا لایەنێک لەنێو ئیسلامدا وەک چەپ، ئاماژەکردنە بە بوونی بنەمایەکی شۆڕشگێڕی عەدالەتخواز لەنێو ئیسلامدا و هێمایەکە بۆ بیرێک نزیک لە هزری سۆسیالیستییەوە.[121]

ئەمڕۆ لە جیهاندا دوو جۆرە سیستمی زاڵ و باو هەن، کە دوو جۆرە ئابووری بنگە و کرۆکیانە، ئابوورییەکی

---

[120] السباعي، الدكتور مصطفى، إشتراكية الإسلام، الطبعة الثانية، الدار القومية للطباعة والنشر، دمشق، 1960.

[121] صالح، أحمد عباس، اليمين واليسار في الإسلام، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، الحبعة الثانية، بيروت، 1973.

سەرمایەداری و یەکێکی سۆسیالیستی. هیچ ئابوورییەک بە ناوی ئابووریی ئیسلامی یا مەسیحی، کاتۆلیکی یا پرۆتستانتی، فرانسی یا ئەڵمانی، عەرەبی یا تورکی نییە. لە باشترین ڕەوشدا ئەوانە، بێجگە لە هەندێک ڕەنگڕێژکردنی ڕوواڵەتی هەڵبژاردنی ئابوورییە سەرەکییەکە زیاتر، هیچی دیکە نین. ڕەنگە شێوازە نیشتمانییەکان بتوانن برێک پەرە بە جۆری کارکردنی سیستەمەکان بدەن، بەڵام ناتوانن لە بنەما و کرۆکە سەرەکییەکانی سیستەمەکاندا گۆڕین بکەن.[122] لە قورئاندا هاتووە: {لله ملك السموات والأرض}،[123] واتە خاوەنداریەتیی ئاسمانەکان و زەوی هیی خودایە، هەروەها دەڵێ: {لله ما في السموات وما في الأرض}،[124] واتە: هەرچی لە ئاسمانەکان و زەویدان هیی خودان. لە ئیسلامدا بنەما و باوەڕێک هەیە، کە "موڵک، سامان، دارایی، هیی خودان و مرۆڤ تەنێ وەک بریکار و جێگرێک لێیان سوودمەند دەبێت"، بەڵام بەهرەمەندبوون و چێژوەرگرتن لەو دارایی و سامانە، هەرگیز واتەی ڕاستەقینەی خۆیان ناگەیەنن و نابەخشن، ئەگەر شێواز و

---

[122] رودنسون... الإسلام...، ص 191.

[123] القرآن الكريم: الشورى:49.

[124] القرآن الكريم: إبراهيم:32،33.

ڕواڵەتێکی جڤاکی نەپۆشن. موحەممەد ئیقبال[125] دەڵێ: "ئیسلام فەرمانی لەسێدارەدانی سەرمایەدارییە". بین بیللاش، باس لە قورئان و ئیسلامێک دەکات، سەرمایەداری ڕامالێت، لێ ئەگەر کرۆک و بناخەی سەرمایەداری سامان و موڵکی تایبەت بێت، ئەوا قورئان هەرگیز دژ بە موڵکی تایبەت نەبووە، کە دەکاتە ئەوەی قورئان دژ بەو سەرمایەدارییەی سەرەتای ئیسلام نەبووە و کەواتە ئێستایش دژی نییە! ئایینی ئیسلام، هیچ جۆرە کاریگەرییەکی جیددی لەسەر سەرهەڵدان و بونیادی کەرتی سەرمایەداری و شێوازی کارکردنیشی لە وەڵاتانی ئیسلامیدا، تەنانەت لە بواری ئەوەی کە خەڵکە سادە و

---

[125] موحەممەد ئیقبال (1877–1938). فیلۆسۆفێکی ئیسلامی، سیاسی و شاعیر بووە. لە پونجاب لە دایک بووە و لە لاهوور کۆچی دوایی کردووە. نووسینێکی زۆری لەمەڕ ئایین و فەلسەفەوە هەیە و لە دیدێکی ئیسلامییەوە دەهزری. وەک شاعیری نیشتمانیی پاکستان دادەنرێت. شیعرەکانی بە زمانەکانی فارسی و ئوردوو دەنووسین. لە ئەڵمانیا بڕوانامەی دۆکتۆرای وەرگرتووە. لەگەڵ جیابوونەوە و سەربەخۆیی پاکستان (موسوڵمانانی هیندوستان)دا بوو. دوورکەوتنەوەی موسوڵمانانی لە ئایینی ئیسلام بە هۆکاری پاشکەوتوویی و بەجێماویی موسوڵمانان دەزانی.

ساکارەکەیشی پێی وایە ئایین ڕۆڵێک یا دەسەڵاتێکی تێدا هەیە، واتە: لایەنە مرۆڤییەکەی، نەبووە و نییە.[126]

هێنانەگۆڕێی پرسی ملانێی چینایەتی و سەرمایەداری و سۆسیالیزم و گرێدانی بە قورئان و ئیسلامەوە، کە گوایە ئیسلام دژ بە دەوڵەمەندان و چینە باڵاکانی کۆمەڵ، کۆمەک بە هەژاران و چەوساوان دەکات، تا ڕادەیەک لەلایەن مەسعوود موحەممەدەوە بەرپەرچ دەدرێتەوە، ئەو پێی وایە لە ئیسلامدا دادپەروەریی هەیە، کە لەسەر بنەمای چینایەتی هەڵنەچنراوە. ئەو دەڵێ: "فیکرەی داد لە ئیسلامدا لەسەر بناغەی چینایەتی هەڵنەستاوە... بێگومان ئیسلام دەوڵەمەندێکی نوێژکەری خۆشتر دەوێ لە هەژارێکی نوێژنەکەر، بەڵام گومان لەوەشدا نییە کە پتر لەسەر هەژار دەکاتەوە تا دەوڵەمەند هەرچەند لەسەرکردنەوەکە لە نوقتەی (دژایەتیی دەوڵەمەند)ەوە سەری هەڵنەداوە چونکە ئیسلام سەر بە چینبوون و سەر بەرەگەزبوونی نە کردوە بە تاوان... بێگومان لە سەرتاسەری شەریعەتی ئیسلام بە هەموو سەرچاوەکانی یاسادانانیەوە، وەک

[126] رودنسون...، الإسلام...، ص 152.

قورئان و حەدیس و قیاس و ئیجماع... تاکە یەک ڕێچکۆڵە بەدەست ناکەوێ ببرێتەوە بۆ فیکرەی چینایەتی..."[127]

بین بیللا، ئەوەی کە قورئان ڕێنیشاندەرە بەرەو سۆسیالیزم، لە ساڵی 1964دا لە ئاهەنگی یەکی مایدا لە مۆسکۆ لە بەردەم خرۆشچێڤNikita Chrusjtjov و برێژنێڤ Leonid Brezjnev و پێنج هەزار لە سەرانی کۆمیۆنیستانی جیهاندا، گوتووە.



ئەحمەد بین بیللا و نیکیتا خرۆشچێڤ

---

[127] محەمەد، مەسعوود، حاجی قادری کۆیی، بەرگی سێیەم ، کۆری زانیاری کورد، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد بەغدا – 1976، ل 279-295.

قورئان، کتێبی پیرۆزی ئیسلامە و بەگوێرەی ئیسلامیش، گوتار و فەرمانی خودایە و دەستوور و قانوونی جڤاکی ئیسلام و تەنانەت مرۆڤایەتیشە. لە قورئاندا، تا ڕادەیەک، سیستمێکی تایبەتی هەمەلایەن هەیە، کە بەشێک لە بوارەکانی ژیان دەگرێتەوە و چارەسەر دەکات، پێویستیش ناکات ئەو سیستمە، سۆسیالیزم بێت یا سەرمایەداری، بەڵکە فەلسەفە و سیستمێکی ئیسلامییە و کۆمەڵێک لایەنی ژیانی مرۆڤی ڕەچاو کردووە. هەر لە لایەنی ڕووحی و پێوەندی مرۆڤ و کردگارەوە تا دەگاتە لایەنە سیاسی و جڤاکی و ئابووری و... هتد. ئیسلام تاکە ئایینێکیشە هەموو ئەوانەی پێکەوە گرێداوە و بە جۆرێک لە جۆرەکان، قانوون و چارەسەری بۆ دۆزیونەوە، چون ئیسلام هەر لە دەسپێکڕا، بێجگە لەوەی پەیامێکی ئایینی بوو، بزاڤێکی جڤاکی و سیاسییش بوو، کە لە بنەمادا دەگەڕێتەوە بۆ ساکاری و ئاسانیی ئایینی و یەکتاپەرستی و دادپەروەری و سووککردن و کەمکردنەوەی جیاوازییە کۆمەلایەتییەکان لە ئایینی ئیبراهیمدا. بەرنامەی بنەڕەتیی ئیسلام لە بزاڤێکی شۆڕشگێڕیی جڤاکیی فرەلایەندا خۆی نواند، بە ڕاوەستان لەگەڵ خەڵکانی لاواز و بەشمەینەتی سەر زەوی و دژ بە دارا و دەوڵەمەندان و هێزداران و ستەمکاران. بۆیە لەو دیدەی ئیقبال و بین بیللاوە، ئیسلام و قورئانی ئیسلام، دەتوانن ڕێنوێنکار بن و وەلامدەری

پرس و چارەسەر بن، چون پێڕۆکردنی قورئان، موسوڵمانان بەرەو فەلسەفە، ئابووری، فەرهەنگ، جڤاک و دەوڵەتی ئیسلامی دەبات، کە ئیدی چ پێویست و مەرجیش نییە ڕێگەی سەرمایەداری یا سۆسیالیزم بگیریتە بەر. بە پێوەند بە لایەنە ئابوورییەکەی ئیسلامەوە کە ئەگەر قورئان وەک نەخشەڕێگە و ڕێباز و هزرێک تەماشا بکرێت، ڕەنگە برێک لە کێشە سەرەتاییەکانی ئابوورییەکی ساکاری پێش سەرمایەداری و ئەم سیستمە جیهانییەی لە گۆڕێدایە پێ بووبێت، لێ ئابوورییەکی زەبەلاح و ئاڵۆزی ئەم سەردەمە پیشەسازییە تەکنۆلۆگییە ئابوورییە پێشکەوتووە، هەرگیز بەو جۆرەی لە قورئاندا هاتووە، سەختە بڕوات بەڕێوە. ئایینی ئیسلام و قورئانیش وەک سەرچاوەی ئایینەکە، هەرگیز هیچ جۆرە ڕێبازێکی ئابووریی دیاریکراوی بەسەر خەڵک و شارستانەتی و دەوڵەتانی ئیسلامیدا نەسەپاندووە،[128]واتە: شێوازێک نییە مرۆڤ بتوانێت بڵێت: ئەمە ئابووریی ئیسلامییە.

قورئان، مرۆڤ و خەڵک و پێڕۆیانی، بەرەو جڤاکی شوورایی و بەکارنەبردنی مرۆڤ، نەک کۆمەڵی سەرمایەداری یا سۆسیالیستی، ڕێنوێنی دەکات، وەک بین بیللا دەیبینێت. ڕەنگە لەگەڵ چەرخ و سەردەم و هەموو

[128] رودنسون... الإسلام... ص 14.

ئەو گۆڕانە زەبەلاحانەی لە جیهانی ئەمڕۆدا هاتوونە گۆڕێ، ئیسلام چارەسەری بۆ هەموو کێشەیەک پێ نەبێت و وەڵامدەرەوەی هەموو پرسیێکیش نەبێت. زۆر گلەت دەگوترێ: "ئیسلام بۆ هەموو سەردەمەکانە..." یا "بەکەڵکی هەموو سەردەمێک دێت"، ئیسلام بە نوێکردنەوەی بەردەوام لە ناوەڕۆک و دەربڕیندا بەکەڵکە، دەنا ئەگەر موسوڵمان پێیوابێت ئیسلام ڕاستییەکی ڕەهایە و هەر ئەوەیە کە هەبووە و هەیە، ئەوا هەرگیز ناتوانرێت بە شێوەیەکی قایلکەر پێشکەشی خەڵکی دیکە بکرێت. ئەگەر ئیسلام لە مێژوو دابڕێنرێت و وەک پەیامێکی هەمیشەیی و هەر هەبوو و تا هەتایی ببینرێت و لە دیدێکی نوێوە نەخوێندرێتەوە، ڕەنگە کورت بهێنێت.

پرسێکی دیکە کە بین بیللا دەمەتەقێی لەسەر دەکات پرسی کارگەرە، کە مارکسیزم هەموودەم گرەوی لەسەر دەکات و کارگەر بە پێشەنگ دادەنێت و کارگەر لە خاوەنی هیچەوە بە شۆڕشی خوێناوی دەکاتە دیکتاتۆر و خودانی هەموو شت. کارگەر لە مارکسیزمدا شۆڕشگێڕترین چینە و دەبێ ئەو ڕێبەری خەبات و شۆڕش بێت و چینەکانی دیکە هەموو سەری بۆ دانەوێنن و ملکەچی فەرمان و دەسەڵاتی ئەو بن. بین بیللا دەڵێ: "من کارگەر بە چینێکی شۆڕش سازکەر نابینم، ئەوان هۆکارێکی کاریگەر نین و بەپێچەوانەوە من هێزی کارا لە لاوان و وەرزێرانیشدا

دەبینم". چینی کارگەر، کە بەگوێرەی تیۆریی مارکسیزم شۆڕشگێڕترین چینە، لەوەوە سەر هەڵدەدات، کە کارگەر لەلایەن سەرمایەدار و خودانکارەوە بە کار دەبرێ و کە چینێکە ستەمدیدە و چەوساوە و کە چینێکە بەرهەمهێن بۆ هەموو مرۆڤایەتی و چینێکە تەنێ خودانی بازوو و هێزی لەشەکی خۆیەتی و خودانی هیچی دیکە نییە، بۆیە شۆڕشگێڕە. کورد زۆر لەمێژە گوتوویەتی: "لات پاڵەوانی خودایە"،[129] مرۆڤی وا، هیچی نییە بیدۆڕێنێت، هەربۆیە ئامادەی هەموو جەنگ و بەرخودان و بەرەوڕووبوونەوەیەکە.

مرۆڤ، کە دەنۆڕێتە زۆربەی شۆڕشەکانی جیهان، دەبینێت ڕاپەڕین و یاخیبوون و شۆڕش لە خەڵکی دیکەوە، نەک کارگەر، دەستی پێ کردووە و ئەو خەڵکانەیش سووتەمەنی شۆڕش بوون. شۆڕشی چین، شۆڕشی ڤیێتنام، شۆڕشی کووبا، شۆڕشی جەزائیر، شۆڕشی ئێران و تەنانەت یاخیبوون و ڕابوونەکانی کوردستانیش، بێجگە لەوەیش ڕاپەڕینی لاوانی ساڵی 1968ی فرانسا و شوێنانی دی، هەموو ئەوانە، بەڵێ کارگەریان تێدا بوون، لێ پتر و بەتایبەت هێزی جووتیار بوون و لاوان و خوێندکاران و وردەبۆرژوازی و خەڵکانی شۆڕشگێڕ

[129] لات: مرۆڤی هەژار و نەدار، کە خاوەنی هیچ نییە.

بەشدارییان تێدا دەکرد.  بین بیللا، لەو بۆچوونەیدا لەگەڵ هەندەک لە ئەنارکیستاندا، کە کارگەر بە شۆڕشگێر نازانن و لەگەڵ هێربێرت مارکووزەدا[130] یەک دەگرنەوە لەوەی کە لاوان ڕۆڵێکی مەزن دەبینن لە هەڵگیرساندنی شۆڕشدا.

---

[130] هێربێرت مارکووزە Herbert Marcuse (1898–1979)، فیلۆسۆف و بیرمەندێکی ئەڵمانیایی ئەمەریکاییە. تیۆریستی چەپی ڕادیکاڵ و بزاڤی چەپی نوێیە و دژ بە ڕێژیمە دەسەڵاتدارەکانە. لە خێزانێکی جوولەکە لە بەرلین لە دایک بووە. پلەی دۆکتۆرای لە زانستگەی فرایبۆرگ لە ئەڵمانیا وەرگرتووە. لەو زانستگەیەدا دەست بە کار بووە و لە توێژینەوەدا هاریکاریی مارتن هایدیگەری کردووە و لەوێ لە ئەنیستیتووتی توێژینەوە کۆمەڵایەتییەکان کاری کردووە و گرۆیەکی هزریی خودانی ئاراستەیەکی مارکسیستی پێکهێناوە و تا ساڵی 1933، کە ئیدی حیزبی نازی دەسەڵاتی گرتووەتە دەست، ئەو ئەنیستیتووتەی داخراوە. مارکووزە، چووە بۆ سویسرا و دوای ساڵێک چووە بۆ ئەمەریکا.  ئیدی دژی نازیستەکان کاری کردووە. مارکووزە، کاریگەرییەکی بەرچاو و گرنگی لەسەر ڕابوونی خوێندکارانی زانستگەکانی ئەمەریکا و ئەورووپا لە کۆتایی ساڵانی 1960دا، هەبوو. ئەو لە نووسینەکانیدا ڕەخنەی توندی لە سەرمایەداری دەگرت و تێزە مارکسیستییەکانی نوێ دەکردەوە و جەختی لەوە دەکردەوە کە مەزنترین و بەهێزترین هەڕەشە لەسەر سیستمە سیاسییەکانی کە لە دەسەڵاتدان، لە خوێندکاران و کەمینەکانی نێو جڤاکەوە دێت، نەک لە چینی کارگەرەوە، کە بەو شێوازی بەرخۆرییەی لە گۆڕێدایە و بە دابینکردنی هەندەک پێویستیی ڕواڵەتی، دەستەمۆ کراون.

بین بیللا دەڵێ: "شۆڕشی ئێمە وەک چین و کووبا و ڤییێتنام، شۆڕشی جووتیاران بوو". ئەوەی کە شۆڕشی جەزائیر، چین، کووبا و ڤییێتنام، شۆڕشی جووتیاران بن، وەک سەرۆک بین بیللا دەبێژێت، دەشێت بە دیوێکی دیکەیشدا بخوێنرێتەوە. شۆڕشی جووتیاران، کاتێک دەبێتە شۆڕشی جووتیاران، کە جووتیار بڕیار لەسەر چارەنووسی زەوی و ئامرازەکانی کار و بەرهەمهێنانی کشتوکێڵ بدات و پێڕۆکردنی سیستمێکی هەرەوەزی یا جۆرێکی دیکە لە بەرچاو بگرێت و شۆڕشەکە سیمایەکی خویا و ڕوونی چینایەتی پێوە دیار بێت. شۆڕشەکانی چین، کووبا و ڤییێتنام، لە شۆڕشێکی جووتیاران گەلێک فراوانتر و بەرینتر بوون. ئەو شۆڕشانە بۆ ئامانجێکی ڕەهاتر و مەزنتر و فرەڕەهەندتر و گۆڕینی سیستمی وەڵات و بەڕێوەبردن بوون، شۆڕشگەلێکی هەمەلایەنە بوون. دیارە شۆڕشی جەزائیریش هەر لەو جۆرە شۆڕشانە بوو، لێ دوای سەرۆک بین بیللا گۆڕدرا و شێوەیەکی دیکەی وەرگرت. جیاوازییەکی شۆڕشی جەزائیر لەگەڵ شۆڕشەکانی سۆڤییێت، چین، کووبا و ئێراندا لەوەدایە، ئەو شۆڕشانە دژ بە دەسەڵات و فەرمانڕەوایی بۆرژوازیی سەرمایەداریی نێوخۆیی نیشتمانی بوون، لێ شۆڕشی جەزائیر دژ بە هێزێکی دەرەکی و داگیرکەری بێیانی بوو، دژ بە هێز و

داگیرکەرێک بوو کە جەزائیری بە بەشێکی جیانەکراوە لە خاکی خۆی دادەنا.[131]

هەرچی ڕاپەڕینەکانی کوردستانیشە، هەرچەندە جووتیار گەورەترین هێز بووە تێیاندا، بەڵام ناکرێت بە ڕاپەڕینی جووتیاران ناو بنرێن، چون جووتیار وەک چین یا تەنانەت توێژ بۆ وەدەستهێنانی مافە چینایەتییەکانی خۆی خەباتی نەکردووە و ڕانەپەڕیوە. جووتیار، هەوڵی نەداوە زەوی و ئامرازەکانی کار بکاتە موڵکی خۆی و هەوڵی گۆڕینی پێوەندە ئابووری و جڤاکییەکانی نەداوە. جووتیار، تەنێ بەشێک بووە لە ڕاپەڕینێکی کۆمەڵایەتی گەلێر، کە خەڵکی دیکە بەرپایان کردووە و ڕێبەرییان کردووە. شۆڕشی گەلانی ئێرانی 1979یش، کە شۆڕشێکی نموونەیی بوو و تا ڕادەیەک لە مێژوودا نموونەی نەبووە، نە کوودێتای سەربازی بوو، نە چینی کارگەر بە تەنێ، نە توێژاڵێکی تایبەت یا بۆرژوا پێی هەڵسان و کردیان. تەواوی خەڵک و گەلانی ئێران بە هەموو چین و توێژاڵێکیانەوە، بە چەوساوە و هەژاریانەوە، بە چەپ و ڕاستیانەوە بەشدارییان تێدا کرد و شۆڕشیکی دوور لە توندتیژییان ئەنجام دا. ناکرێت ئەویش بە شۆڕشێکی جووتیاری یا

---

131 بوحوش..، نفس المصدر. ص 562.

کارگەری یا شتێکی دیکە ناو بنرێت. شۆڕشێکی گەلێر و هیی هەموو خەڵک بوو.

کە باس لە شۆڕشی لاوان و شۆڕشی وەرزێران دەکرێ و گومان لە نۆرەی کارگەر دەکرێت، تا ڕادەیەک گومانکردنە لە مارکسیزم و مەسەلەی خەباتی چینایەتی و شۆڕشگێڕیی چینی کارگەر. کە دەگوترێ لاوان، لاوانی هەموو چین و توێژاڵەکانی کۆمەڵ دەگرێتەوە، تەنانەت بەچکە بۆرژواکانیش دەگرێتەوە. لاوان بۆ خۆیان بە تەنێ، چینێک پێک ناهێنن. جووتیارانیش بەپێی مارکسیزم دەبێ پاشکۆی کارگەران بن لە شۆڕشدا و کارگەران ڕێبەرایەتیی ئەوان و تەواوی خەڵک بکەن، بەڵام دەبینین، لە چین و جەزائیر و کووبا و ڤییێتنام و کوردستان، وەرزێر و لاوان شۆڕش دەکەن و کارگەریش ڕێبەرایەتییان ناکات، کە بێگومان تاکە هۆکارێک بۆ ئەوە، نەڕەسینی چینی کارگەرە، وەک چینێکی تایبەت و خودان هەموو تایبەتمەندی و خەسڵەتەکانی چینێک، کە ڕەنگە ئەوەیش بگەڕێتەوە بۆ نەبوونی کارگە و سەرمایەداریی مەزن و گەشەنەکردنی پیشەسازی بەو جۆرەی چینێکی وەها بەرهەم بهێنێت، وەک کە مارکسیزم باسی لێوە دەکات. لە شوێنێکی وەک جەزائیر، ئێران و کوردستان، کارگەر و بیری کارگەرییانە، لە بەرگە مارکسیزمییەکەیدا،

ڕێبەریەتیی شۆڕشیان نەکردووە و شۆڕش، شۆڕشی هەموو ستەمدیدە و چەوساوان و کەنارخراوان بووە.
بە ڕای بین بیللا، ئەو ناکۆکی و ململانێ چینایەتییەی مارکسیزم باسی دەکات تا ڕادەیەک کاڵ بووەتەوە و خەڵک نابزوێنێت. بین بیللا دەڵێ: "ئاخافتن لەبارەی جەنگی چینایەتییەوە جەماوەر گەرم ناکات و نابزوێنێت". بە وردبوونەوە لە ڕەوشی سیاسی و ئابووریی زۆربەی وەڵاتان، ڕاستییەکمان بۆ دەردەکەوێت، هەرگیز ناتوانین خۆمانی لێ نەبان بکەین، کە کێشەی نەتەوایەتی، ڕەگەز، ڕەنگی پێست، ئایین و ئایینزا، ژنان، بەکاربردنی مرۆڤ، هەڵاواردن، ئاریشە و ئەندێشەگەلێکن فرەتر لە مەسەلەی چینایەتی پاڵ بە خەڵکەوە دەنێن و دنەیان دەدەن و دەیانبزوێنن بۆ شۆڕش و ڕابوون و یاخیبوون. تەنانەت لە وەڵاتگەلێکیشدا، کە بیری مارکسیزم بەڕێوەیان دەبات و کارگەر بە فەرمی فەرمانڕەوایە و دەوڵەت بە دەوڵەتی کارگەر دادەنرێت، لەوێیشدا کە دەبووایە ئیدی خەڵک لە هەموو کێشەیەک دوور بوونایە و پاڵیان لێ دابایەوە، لەوێیش بیری نەتەوەیی و ئایین و زمان و فەرهەنگ، هانی جەماوەر دەدەن بۆ ڕابوون و جەماوەر پتر گوێ بۆ ئەو لایەنانە شل دەکات، وەک لەوەی باسی زێدەبایی بۆ بکرێت.

ڕابوونی "موجاهید"ە ئەفغانییەکان، هەرچەندە ئەمانە موجاهید نەبوون و بە دنەدانی ئەمەریکا و ڕێژیمگەلێکی دیکە دروستبوون، دژ بە ڕێژیمی کۆمیۆنیستی ئەوێ، سەرهەڵدانی کێشەی ئەرمەنی و ئازەری و گورووزینی و ئێستنی و مۆڵداڤی لە سۆڤییێت، ئەلبانەکانی یۆگۆسلاڤیا، تورکەکانی بولگارستان، مەجەرییەکانی نێو ڕۆمانیا و زۆر کێشەی دیکەی نێو ئەو وەڵاتە سۆسیالیستانە و لە وەڵاتانی دیکەیش ڕەگەزپەرستی و کێشەی ڕەشپێست (ئەسمەر) و سپیپێست لە ئەمەریکا و ئەفریقای خواروو، ئایینزای پرۆتستانت و کاسۆلیک لە ئایرلاند و بریتانیا، جەنگی نێوخۆی لبنان، باسکەکانی سپانیا و فرانسا، ڕابوون و شۆڕشی فلستینییان، تامیلەکانی سیریلانکا، ئێریتریا و ئیسیووپیا، خوارووی سوودان و سوودان، کورد و ڕێژیمە داگیرکەرەکانی کوردستان، ئەوانە هەموو دەمانگەیەننە ئەو ئەنجامەی کە خەڵک؛ جەماوەر، وەک بین بیللا باسی دەکات، کەمتر بە بیری چینایەتی گەرم دەبێت و ڕادەبێت و هۆکارەکانی دیکەی جیاوازی، پتر دەیانهەژێنێت.

# حیزب، پەرلەمان، دیموکراتی و شێوازی دەوڵەتداری و فەرمانڕەوایی

هەر ئیدیۆلۆگی و فەلسەفەیەکی سیاسی، شێوەیەکی لە دەوڵەتداری و فەرمانڕەوایی و دەسەڵاتداریی تایبەتی لە هزر و نەخشەکانی خۆیدا ڕەچاو کردووە و بۆ ئەوەیش کۆمەڵێک قانوون و ڕێسا و سیستمی تایبەتی داناوە. کۆمارەکەی ئەفلاتوون، یوتۆپییەکەی تۆماس مۆر، بیر و شێوازەکەی ماکیاڤیللی، سۆسیالیزم، سەندیکالیزم، مارکسیزم، لیبراڵیزم و دەیان ئیزم و بیری جیاوازی دیکە و تەنانەت قورئان و ئایینی ئیسلامیش لە دوای نەمانی پەیامهێنی ئیسلامەوە، هەریەکە و وێنایەکی هەیە بۆ ئەو جڤاک و دەوڵەت و دەسەڵاتەی دەیەوێت. ئیدیۆلۆگی و تێزی دژەدەوڵەت و دژەدەسەڵاتیش هەن، مانەندی ئەنارکیزم کە دەوڵەت بە بەڵا و خراپە دادەنێت و داخوازی پیرۆزاندنی تاک و ویستەکانی تاک دەکات و هەموو شتێکیشی بۆ خزمەتی تاک گەرەکە و دەیەوێت، لە ئێستادا و هەر لە سەرەتاوە، تەواوی خواستەکانی تاک لە جڤاکێکدا، بە یەکسانی و گرۆیی و هەرەوەزی و دوور لە هەژموونی دەسەڵات و سەروەریی وەدیبێن، بێ ئەوەی چاوەڕوانی بنیاتنان و دامەزراندنی بنگە و بنەمای ماددی

و ڕێکخستن بن. بە لای ئەنارکیزمەوە دەوڵەت و ڕێکخستن و خێزان دوژمنی تاکن.

ئەوروپا و ڕۆژاوا کە بە بیری لیبراڵیزم و سەرمایەداری، ئەمڕۆ بەشێکی زۆری گۆی زەوینیان تەنیوەتەوە و ئاوەزی فەرمانڕەوایانی جیهانی سێیەمیشیان بەلای خۆیاندا وەرچەرخاندووە، سیستمی دیموکراتی پەرلەمانیی پێڕۆ دەکەن، کە لەسەر بنەمای کەمینە و زۆرینە دامەزراوە. بین بیللا، ڕای لە پەرلەمان بەو شێوازە ڕۆژاواییەی نییە، ئەو دەڵێ: "من لایەنگری پەرلەمان لەسەر شێوەی ڕۆژاوا نیم. ئەم شێوە نوێنەرایەتییە، ئامرازی دەست بە سەردا گرتنە، پارە دروستی کردووە و پارە بەڕێوەی دەبات و پارەیش ڕای گشتیی پێکدەهێنێت".

پەرلەمان، لە ڕۆژاوا بێت یا لە هەر عەردێکی دیکە، لە جەڵەبێک مرۆڤ پێکدێت، ئەندامانی لە حیزبەوە دێن و نوێنەری حیزبن و خەڵک دەنگیان بۆ دەدات و هەڵیاندەبژێرێت، کاری سەرەکییان دانانی قانوون و چاودێریی کاروباری حوکوومەتە. بۆوەی ئەو کەسانە هەڵبژێردرێن، پارەوپووڵ، بانگەشە و پرۆپاگەندە، نۆرەیەکی مەزن دەبینن، لە گەیاندنیان بۆ دانیشتن لەسەر کورسییەکانیان. بە گوێرەی ئەو زۆرینە و کەمینەیەی پەرلەمان کاری پێ دەکات، مافی 49%ی خەڵکی تێدا

پێشێل دەکرێت و بە ئارەزووی 51%ی خەڵک کارەکان دەڕوات، کە هیچ جۆرە عەدالەتێکی تێدا نییە و ستەمێکە بەرانبەر، پیچەک کەمتر لە زۆرینە یا نزیکەی نیوەی خەڵک، دەکرێت. دیارە هەرگیز مەرجیش نییە زۆرینە هەمیشە ڕاست بن و لەسەر حەق بن و کەمینە هەڵە بن و لەسەر ناحەق بن، بیرمەندی عەرەب عەبباس مەحموود ئەلعەققاد (عباس محمود العقاد) دەڵێ: "ئەگەر هەزار نابینا (کوێر) بڵێن خۆر نییە و تاکە بینا (چاوساغ)ێکیش بڵێ وا نییە، ئایا ئەو هەڵەیە و نابیناکان ڕاستن؟". دیارە لە گەلێ ئایەتی قورئانیشدا جەخت لەوە دەکرێت کە مەرج نییە هەموو ڕاستییەکان، باشییەکان و... لەکن زۆرینە بن، زۆریان لادەر و بێڕەوشتن {وأكثرهم الفاسقون}،[132] زۆریان بێ عەقڵن {أكثرهم لا يعقلون}،[133] زۆریان کافرن {وأكثرهم الكافرون}،[134] زۆریان ڕقیان لە حەق دەبێتەوە {وأكثرهم للحق كارهون}،[135] زۆریان درۆزنن {وأكثرهم كاذبون}،[136] زۆریان بێ باوەڕن {أكثرهم لا يؤمنون}،[137]

---

[132] القرآن الكريم: آل عمران: 110.

[133] سەرچاوەی پێشوو: الحجرات: 4.

[134] سەرچاوەی پێشوو: النحل: 83.

[135] سەرچاوەی پێشوو: الزخرف: 78.

[136] سەرچاوەی پێشوو: الشعراء: 223.

[137] سەرچاوەی پێشوو: البقرة:100.

بەڵام زۆرینەی خەڵک نەزانن {ولكن أكثر الناس لا يعلمون}،[138] لێ زۆرینە بێ ئاگان {ولكن أكثرهم يجهلون}.[139]

پەرلەمان نوێنەری گەل نییە، هەڵخەڵەتاندن و کڵاولەسەرنانی گەلە و مەرجیش نییە ئەوانەی تێیدا دەبنە ئەندام، خەڵکی باش و ئاوەزدار بن. فیلۆسۆفی فرانسی دیکارت (René Descartes)، ڕاست بوو لەوەی دەیگوت: "شتێکی دزێو و گەمار لە دیموکراتیدا ئەوەیە، تۆ ناچاریت گوێ لە گێل و گەوج بگرێت". ساڵانێکە موعەممەر ئەلقەززافی (معمر القذافي)، ڕێبەری لیبیا، باسی لەو فرتوفێڵ و تەڵەکەیە، کە بە ناوی دیموکراتی و دەنگی گەل و ئازادیی بیروڕا و عەدالەتخوازییەوە، مرۆڤی پێ فریو دەدرێ، کردووە و دەکات و گشت هەڵە و ناتەواوییەکانی دەستنیشان کردووە. قەززافی، لەمەڕ هەڵبژاردن و پەرلەمانەوە دەڵێ: "ئەنجومەنی نوێنەران (پەرلەمان) بڕبڕەی پشتی دیموکراتیی نەریتیی باوە لە جیهاندا. پەرلەمان، نوێنەرایەتییەکی هەڵخەڵەتێنەری گەلە. سیستمە پەرلەمانییەکان چارەسەرێکی ساختەکارانەی کێشەکانی دیموکراتییە. پەرلەمان وەک بنەما نوێنەری گەلە، هەر

---

[138] سەرچاوەی پێشوو: الأعراف:187.

[139] سەرچاوەی پێشوو: الأنعام:111.

لەبەر ئەوە نادیموکراتییە، چون هیچ دیموکراتییەک ناکاتە دەسەڵاتی گەل و هیچ دەسەڵاتێکیش نوێنەری گەل نییە. دیموکراتی پەرلەمانی، بێجگە لە وازییەک و کێبەرکێیەکی نێوان حیزبەکان زیاتر، شتێکی دیکە نییە، تەنانەت بە شێوازە ڕۆژاواییەکەیشییەوە، کە خەڵک فرە سەرسامن پێی، دیموکراتییەکی فشۆڵ و لەرزۆکە، تەنێ نمایشە و پێشاندان، کردەیەکی ساختەیە، چون بەرژەوەندی حیزب دەخرێتە سەرەوەی بەرژەوەندی گەل. هەر تەنیا بۆ خۆی بوونی پەرلەمان دەکاتە نائامادەیی گەل. دیموکراتی ڕاستەقینە تەنێ بە بوونی گەل بۆ خۆی دەبێت، نەک بە بوونی نوێنەرانییەوە. پەرلەمان، بووە بە پەرژین و بەربەستێکی شەرعی لە نێوان گەلان و ڕاییکردنی دەسەڵاتدا، چون جەماوەر لە سیاسەتکردن دادەبڕێت و دەسەڵات و سەروەری لەبری گەل بۆ خۆی قۆرخ دەکات. ئەوەی تەنیا بۆ گەل دەمێنێتەوە، ئەو دیمەنە درۆینەی دیموکراتییە، کاتێک خەڵک لە ڕیزی درێژدا ڕادەوەستن بۆوەی کاغەزی دەنگدان بخەنە نێو سندووقی هەڵبژاردنەوە".[140] باشترین بەڵگەیش بۆ ئەوە، هەڵبژاردنی

---

[140] القذافي، معمر، الكتاب الأخضر، 1975، ص 11-12. ئەو کتێبە، باسێکە لە بواری فەلسەفەی سیاسییدا. چەند تێزێکی لەو بوارەدا خستووەتە بەر باس و کۆڵینەوە. لە سێ بەش پێکهاتووە، بەشێکی لەمەر دیموکراتی و دەسەڵاتی گەل و بەشێکی دیکەی لەمەڕ

پەرلەمان و سەرۆککۆمار و حوکوومەت و ئەوانەیە، وەک ئەوەی لە ئەمەریکا و زۆرینەی وەڵاتانی ڕۆژاوا دەبینرێن. میلیۆنان پووڵ و پارە بۆ هەڵبژاردن تەرخان دەکرێن و خەڵکی خۆپێداو نەبێت، ناتوانێت بۆ پلەوپایەی باڵا خۆی ناودێر بکات بۆ هەڵبژاردن. دەی ئایا ئەوە دیموکراسییە؟ چ دیموکراتییەکە و چ سوود و قازانجێک بە گەل دەگات، کاتێک کۆمەڵێ خەڵکی خراپ، تەنێ لەبەر ئەوەی نوێنەر و ئەندامی حیزبن هەڵدەبژێردرێن و دەچنە پەرلەمانەوە!

گەلێ جار خەڵک، کەسانێکی هەلپەرست و فێڵباز و گەندەڵ و جەردە و ڕێگر و پاشەڵپیس و ناپاک هەڵدەبژێرێت، کە ئەوە بۆ خۆی گەمژەیی و هەڵخەڵەتاوی دەنگدەران پێشان دەدات و ئەوەیشی دەیکەن، تاوانە بەرانبەر خۆیان. مەبەست لێرەدا تەنێ هەڵبژاردنی پەرلەمان نییە، بەڵکە دەسەڵات و دەسەڵاتدارە، بە شێوەیەکی گشتی. کاتێک مرۆڤ بە دەنگدان ئەو نموونانە دەگەیەنێتە سەر کورسی و دەیانکاتە دەمڕاستی خۆی، دەکاتە ئەوەی کە خۆی دۆڕاندووە. بین بیللا دەڵێ: "دیموکراسیی لیبراڵی، دیموکراسییەکی ناڕاست و ساختەیە و فێڵ و

---

ئابووری و سۆسیالیزم و بەشی سێیەمیشی لەمەڕ بنەمای جڤاکیی تیۆریی جیهانی سێیەمەوەیە. لەنێو ئەو باسانەدا باسی پەرلەمانیش بە وردی دەکات.

هەڵخەڵەتاندنێکی زیرەکانەیە، بۆرژوازییەت پەنای بۆ بردووە. دیموکراسیی مەرکەزییش[141] لە ڕاستیدا، نێوەندەکیی بیرۆکراتی تێدا زاڵە و دەسەڵاتی بەسەردا دەگرێت، ڕەنگە لە بنەمایەکی ڕاست و دروستەوە سەرهەڵدات، بەڵام زۆر جار لە پیادەکردن و کرداردا پرۆسێسە دیموکراسییەکە بەرەو لەنێوچوون دەبات". لە باشترین حاڵێکدا، دیموکراسیی لیبراڵی، دیموکراسییەک نییە بۆ هەموو خەڵک. ئەوەی خاوەن سەرمایەیە، ئەو دەگرێتەوە و خەڵکەکەی دیکەیش لە لایەن سەرمایەداران و دەسگەکانی ڕاگەیاندنەوە چەواشە دەکرێن و فریو دەدرێن.

---

[141] نێوەندەکیی دیموکراتی (المركزية الديمقراطية Democratic Centralism) یا دیموکراتیی نێوەندەکی (الديموقراطية المركزية)، چەمکێکە بۆ شێوازی هەڵبژاردن و دەربڕینی بیروڕا، بۆ یەکەم جار مارکس و ئێنگڵس لە ڕووی تیۆرییەوە دایاننا و لە دامەزراندن و چالاکییەکانی یەکیەتیی کۆمیۆنیستان و نێونەتەوەیی یەکەمدا پێڕۆیان کرد و دواتریش لێنین لە سەردەمی شۆڕشی پرۆلیتارییدا برەوی پێ دا. ئەم چەمکە بووە بناخەیەک لە دامەزراندنی هەموو حیزبە شۆڕشگێڕ و کۆمیۆنیستەکان لە جیهاندا.

بین بیللا، ڕێژیمی تاکحیزبییش ڕەد دەکاتەوە و دەڵێ: "ڕێژیمی تاکپارتی ڕەد دەکەمەوە و من دژی ئەوەم، ئەوە بەڵایەکی ڕەهایە و کارەساتە و ئەوەیشی، پارتی پێشڕەوی پێ دەڵێن و لەبری گەلان کار دەکات بۆ کلۆڵیی ئەوانە. تاکپارتی، لە کاتی تێکۆشاندا بۆ ڕزگاری، زۆر چاک و نایابە. کە دەگاتە دەسەڵات و لە کاتی بنیاتنانی نیشتمانییدا، دەبێتە ڕێگری کردەی بنیاتنان و دەبێتە بنکە و شوێنکیش بۆ هەموو جۆرە خۆهەڵکێشان و خیانەت و دەستدرێژکردنە سەر مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ. بەو جۆرە دەبێتە دژ بە هەڵوێستی پێش دەسەڵاتی خۆی. لە هەر کوێیەک ڕێژیمی تاکپارتی هەبوو، نەگبەتی و بەڵایەک بڵاو دەبێتەوە، کە لەوە خراپتر هەرگیز نابێت". بوونی تاکە پارتییەکی فەرمانڕەوا واتە: ڕێگەنەدان بە کەسی دیکە و دەمکوتکردنی خەڵکی دیکە. ئەوەی بۆ خەڵک ناڕەوایە، بۆ تاکپارتی ڕەوایە. بین بیللا، دوای ساڵانێکی دەسەڵات و زیندانی، دەگاتە ئەو باوەڕەی کە بەڕێوەبردنی وەڵات بە تاکە حیزبێک، فەرمانڕەواییەکی خراپە. ئەو پێی وایە وەها فەرمانڕەواییەک دەبێتە هۆی پەیدابوون و هاتنەسەرێی فەرمانڕەوایی تاک، کە دیاردەگەلی: نێوەندەکی، سەرکوتکردن و زیندانی تێدا دێنە گۆڕێ، کە ئەمانە کەمکردنەوەی مرۆڤیەتیی مرۆڤن و پێیشیوایە، فەرمانڕەوایی تاک لەسەر چەپاندن و ستەم دامەزراوە و

لەنێوان خۆی و خەڵکدا چەپەرێک دروست دەکات و دوودڵییش ناکات لە تاساندنی هەر بزاڤێکی نەیاری خۆی. موعەممەر قەززافی، ڕێبەری لیبیا، نەک هەر ڕێژیمی تاکحیزبی، بەڵکە هەر حیزب، وەک دامەزراوە و ڕێکخستنێک ڕەد دەکاتەوە، ئەو دەڵێ: "حیزب دیکتاتۆری و ئامرازی دیکتاتۆرییەکی سەردەمانەیە، چون حیزب حوکمی کەمینەیە بەسەر زۆرینەدا".[142]

نموونەی تاکپارتی لە جیهاندا گەلێ زۆرە. تەواوی وەڵاتانی سۆسیالیستی کە تاکە پارتیی کۆمیۆنیست لەوێ فەرمانڕەوان، بەعس لە عیراق و سووریا، کۆمیۆنیست لە ئیسیووپیا و یەمەنی خواروو و ئەفغانستان و پارتییە دەستوورییەکی بورقیبەی توونس و... بەڵام وا دەبینین، ئەو تاقیکردنەوانە سەرکەوتوو نەبوون، تەنانەت وەڵاتگەلێک، کە دەبووایە تەنێ پارتیی پرۆلیتاریا فەرمانڕەوا بن تێیاندا، ئەورۆکە بۆیان دەرکەوتووە، ئەوە هەڵەیەکی مێژوویی مەزنە و جەماوەر هەرگیز بەوە قایل نابێت، هەربۆیەیش ئەوان ئەورۆکە ڕێگە بە خەڵک دەدەن، پارتیی دیکە ساز بکەن و ئەگەر ڕێگەیش نەدەن، خەڵک بۆ خۆی پارتیی جیاوازی دامەزراو لەسەر بنەما و هزر و بەرژەوەندی جیاواز، ساز دەکەن و پارتییەکانی کە

---

[142] القذافي...، الكتاب...، ص19.

خەباتی ژێرزەوینییان کردبوو و دەکەن، ئەوانیش خۆ ئاشکرا دەکەن.

ئەوەی بە بیردا دێت ئەوەیە، کە بین بیللا بۆ خۆی، ئەودەمی سەرۆککۆماری جەزائیر بوو، لە سەردەمی ویدا، هەر تاکە یەک پارتیی فەرمانڕەوا هەبوو، ئەویش "پارتیی بەرەی ڕزگاریی نیشتمانیی جەزائیر"، مرۆڤ دەشێ بپرسێ بۆ؟ بین بیللا بۆ خۆی وەڵامی ئەوە دەداتەوە و دەڵێ: "ئەگەر بکرایە و لە فەرمانداریی مابامایەوە، سیستمی فەرمانڕەوایی تاکحیزبیم نەدەهێشت". ئەو لە ساڵی 1965دا بە کوودێتاکەی بوومەدیەن لەسەر کار لابرا، ئیدی نازانین ئایا وەهای دەکرد یا نەء؟ ئەو ئێستا بە ڕاشکاوی بیروڕای خۆی دەردەبڕێ و تاکە پارتی بە ناهەموار و نەگونجاو و چەوتییەکی سیاسی دادەنێت و چ هیوایەکیشی بە وەها ڕێژیمێک نییە. ئەو دەڵێ: "ڕێژیمێک ڕێگەی ڕەخنە، ڕەخنەی دروستکەر، ڕەخنەی ڕاستی نەدات و بە فرەیی دیتن و بیروڕا و جیاوازی قایل نەبێت، ئەوە ڕێژیمێکە، داهاتووی نییە و هەر ئەوەیشە ئەوڕۆ هاتووەتە دی. من بۆ خۆم بەرپرسیاری تاکە پارتییەک بووم و ئەنجامیش لە هەرکوێیەک بێت هەر یەک شتە، لە هەر شوێنێک تاکپارتی هەبێت، هەموو ئەزموونەکان دەدۆڕێن و سەرنگون دەبن. بە بیانووی دیسیپلین (إنضباط)ەوە مرۆڤ پشتگوێ دەخرێت و پێشەنگێک و

کەمینەیەکی خەڵک، بە ناوی جەماوەرەوە، دەست بەسەر پێشەنگییدا دەگرن و کار دەگرنە دەست و دەبنە دەسەڵاتدار و زۆرینەی خەڵک و خەباتگێڕان کەنار دەخرێن".

بێگومان ڕێژیمی تاکحیزبی دەکاتە ڕێژیمی تاکڕۆ و دیکتاتۆری، کە دەسەڵات لە یەک کەس یا لە چەند کەسێکدا کۆ دەبێتەوە و ئیدی ئەو کەسەیش یا ئەو کەسانەیش بە ئارەزووی خۆی یا خۆیان سیاسەتی سەرکوتکردن و زیندان و گرتن و کوشتن، دەگرنە بەر و ئەو حیزبە سیاسییەیش، کە جڵەوی بە دەستە، کورد گوتەنی دەبێتە "میر محێ"[143] و ببڕ و بکوژ خۆیەتی و لە شکاندن و کەمکردنەوەی نرخی مرۆڤ و لە داماڵینی مرۆڤیەتیی ئەوانەی لەگەڵی نین و ڕەنگە ڕەخنەیان لە دەسەڵاتەکەی هەبێت، هەرگیز سڵ ناکاتەوە. دەسەڵاتداریەتیی تاکڕۆ بەو جۆرە خۆی دەسەپێنێت و بەوەیش دیوارێک لەنێوان خۆی و خەڵکدا دروست دەکات و بۆ ئەوەی هەر جموجووڵێکی دژ بە خۆی داپڵۆسێ، لە هیچ شتێک ناپەرمێتەوە. نموونەی ڕێژیمی وەهایش یەکجار زۆرە و ڕێژیمی عیراق، باشترین نموونەیە بۆ ئەوە و لە جیهانی سێیەمدا گەلێک وەڵاتی وا

---

[143] وەک ئەفسانە، گوایە میر محێ میرێکی کورد بووە و لە سەردەمی گلگامیشی شای سۆمەردا ژیاوە.

هەن و وەڵاتانی سۆسیالیستیش هەموو دەکەونە ئەو خانەیەوە. بۆیە بین بیللا دەڵێ: "من دژ بە تاکە پارتیم، ئەوە ئەوپەڕی خراپەیە".
ئەوە تاکپارتی، بەڵام ئایا بوونی فرەپارتی و سیستمی پارتایەتی بۆ خۆی چارەسەری کێشەکان دەکات؟ یا ئایا حیزبێک دەتوانێت ئەو کارانەی کۆڕ و کۆمەڵ و خەڵکی دیکە ناتوانن ئەنجامی بدەن، ئەو ئەنجامی بدات؟ بەپێچەوانەوە لام وایە ئەوەی بە خەڵکی دیکە کراوە و دەکرێ، پارتیی سیاسی نەیتوانیوە و نایشتوانێ بیکات. پارتیی سیاسی لە چوارچێوەی تەسکی بیرکردنەوەی خۆیدا کار دەکات و دەجووڵێتەوە و کۆیلەی ئیدیۆلۆگییەکی چێوەدار و داخراوە، کە ڕێک وەک ئایین دەیبینێت و بەرخوردی لەتەکدا دەکات. بەرژەوەندی تەسکی خۆی وەسەرووی هەموو مەسەلەیەکی دیکەوە دەخات و لەخۆ زیاتر کەس بە ڕاست نازانێت و هەوڵ دەدات بۆ خۆی، بۆ ئەندامان و هەوادارانی خۆی، بۆ زاڵبوونی بیری خۆی و گرتنە دەستی جڵەوی فەرمانڕەوایی. دیارە وەها حاڵێک پتر و زەقتر لە وەڵاتانی جیهانی سێیەمدا دەبینرێن. بین بیللا دەڵێ: "لە ڕاستیدا حیزبەکان کار بۆ گۆڕان ناکەن، ڕێکخراوگەلێک هەن وەک (بژیشکانی بێسنوور) و (لێژنەی لێخۆشبوونی نێودەوڵەتی) کاری زێتر دەکەن"، بە پێچەوانەی حیزبەوە

ڕێکخراوگەلێکی ناحوکوومەتی، کۆمەڵە و ڕێکخراوە مرۆڤایەتییەکان، گەلێک زیاتر کاریان پێ دەکرێ وەک لە پارتییە سیاسییەکان. ئەو دەستە و کۆمەڵە و ڕێکخراوانە، ئەگەر گرێدراوی ئیدیۆلۆگییەکی تایبەت نەبن، باشتر دەچنە نێو خەڵکەوە و کێشە و گرفتی خەڵک زێتر دەبینن و مرۆڤانەتریش بیر دەکەنەوە و گۆڕانیش لە ئەنجامی کارەکانیاندا دروست دەبێت. ئەگەر سیستمی تاکحیزبی و ڕێژیمی تاکڕۆ، شەڕ و بەڵا و نەگبەتی بن، ئایا دیموکراسی لیبراڵی و بوونی پەرلەمان چارەسەرە و مرۆڤ لە سایەی وەها ڕێژیمێکدا بەختەوەرە؟ دیارە هەرگیز نەء. لەو جیهانە سەرمایەدارییەدا، لە پەنای ئەو دیموکراتییە ساختەیەدا، کە بانگەشەی بۆ دەکرێ، چەندین جۆر تاوان و نادادی و ڕەگەزپەرستی و جیاوازیی چینایەتی و تێکشکانی دەروونیی مرۆڤ و... گاڵە بە جڤاک دەکەن و ڕێگە خۆش دەکەن بۆ هەڵتەکاندنی.

ئەوەی پێی دەگوترێ دیموکراسی، بە ڕۆژ و دوو ڕۆژ ساز نابێت و خەڵک لەسەری ڕانایەت. بین بیللا دەڵێ: "دیموکراسی پێویستی بە ڕاهێنان و بارهێنانێکی دوورودرێژ هەیە و پرۆژەیەکە، لە ئەنجامی هاریکاری لەگەڵ خەڵکدا ساز دەکرێ، لەگەڵ کارگەراندا و بە پشتبەستن بە خۆڕسکی و هەڕەمەکیەتیی (عفوية) جەماوەر، بۆ وەدیهێنانیشی، چاوەڕوانی ئەوە ناکرێت،

وەک دەڵێن، گەل بڕەسێت و پێبگات. گریمانەیەکی وەها، بووەتە هۆی ئەوەی، بابەتگەلی سۆمۆسا[144] و عیدی ئەمین[145] ببنە دوو هێندە"، واتە: نموونەگەلی لەو جۆرە لە زێدەبووندان.

---

[144] ئاناستاسیۆ سۆمۆسا گارسییا Anastasio Somoza García (1898–1956) ماوەی 22 ساڵ سەرۆکی نیکاراگوا بوو. سەرۆکێکی دیکتاتۆر بوو، لەلایەن ئەمەریکاوە دانرابوو. دەگوترێ، کە فرانکلین ڕۆزڤێلت Franklin Delano Roosevelt ی سەرۆکی ئەمەریکا لەبارەی سۆمۆساوە گوتوویەتی: "ئەو کوڕی دێڵە سەگێکە، بەهەرحاڵ، کوڕی دێڵەسەگی خۆمانە، بۆیە پێمان وایە سوودمەندە". ڕەنگە ڕۆزڤێلت هەرگیز قسەیەکی وەهای نەکردبێ و سۆمۆسا خۆی شتێکی وەهای بڵاو کردبێتەوە، تەنێ بۆ تۆقاندنی گەلەکەی و بەکارهێنانی توندوتیژیی زیاتر و پەخشکردنەوەی دەنگۆی ئەوەی، کە ئەو دۆستی ئەمەریکایە. لە هەموو تاوانە دژە مرۆڤییەکانی و پێشێلکردنی دیموکراتی و مافی مرۆڤ و کارە ناڕەواکانی، ئەمەریکا چاوپۆشیی لێ دەکرد، تەنێ لەبەر ئەوەی ئەم کابرایە دژ بە کۆمۆنیزم بوو.

[145] عیدی ئەمین دادا Idi Amin Dada(1925–2003)، لە نێوان 1971–1979دا سەرۆکی ئۆگەندا بوو و هەمیشە وەک دیکتاتۆرێک باس دەکرا. لە سپای بریتانیدا بووە لە ئەفریقا و دواتر گەیشتووەتە پلەی لیوا و لە 1964دا، کراوە بە سەرکردەی سپای ئۆگەندا و لە ساڵی 1971دا کوودێتایەکی سەربازیی کردووە و خۆی کردووە بە سەرۆکی وەڵات. تەواوی ساڵانی فەرمانڕەوایی ئەو پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و سەرکوتکردن و چەپاندنی سیاسی و هەڵاواردنی

# ئیسلام وەک چارەسەر

ئیسلام وەک هزر و تیۆری و هێز، بە باوەڕی بین بیللا، چارەسەری بۆ گەلێک لە کێشەکانی سەردەم و جیهان پێیە و دەتوانێت، وەک سیستمێکی ئابووری و جڤاکی و سیاسی جیهانی نوێ، ببێتە جێگرەوەی هەردوو سیستمی سەرمایەداری و سۆسیالیستی. وەها سیستمێک دەکاتە فەرمانڕەوایی خودا لەسەر زەوی. هاتنە دی وەها سیستمێک، یا چەسپاندنی فەرمانڕەوایی خودا لەسەر زەوی، بە ڕای بین بیللا، بە گەڕانەوە بۆ ڕەسەنایەتی و تووڕهەڵدانی ئاوەزی سەرمایەداری و ڕۆژاوازەدەیی و ڕووکردنە شۆڕشێکی فەرهەنگیی ڕاستەقینە، کە بۆ خزمەتی مرۆڤ بێت، دێتە دی. مرۆڤ، خودا هەڵیبژاردووە بۆوەی ببێتە جێگرەوەی لەسەر زەوی و مەرجی سەرەکییش بۆ ئەوە، دوورکەوتنەوەیە لە هەموو فەلسەفە و ئیدیۆلۆگییە بچووککراوەکان و لەپێش

---

ڕەگەزی و لە سێدارەدانی ناقانوونی و وەدەرنانی ئاسیاییەکان بووە لە ئۆگەندا. دوای لە دەستدانی دەسەڵات، ئۆگەندای جێهێشت و چووە عەرەبستانی سعوودی و لەوێ مرد.

هەموویشیانەوە عەقڵگەرایی و تورەهاتەکانی و هەڵکێشانی ڕیشەی ئیمپریالیزم و ڕۆژاوا و پاشکۆیەتییان، لە دڵ و عەقڵ و فەرهەنگی جڤاکی ئیسلامدا، بین بیللا وا دەڵێت. بە پێچەوانەی سەرۆک بین بیللاوە، پێم وایە لە تەواوی جیهانی سێیەمدا، شتێک بە ناوی ئاوەزگەرا وەک دەسەڵاتێکی خودانهەژموون بەسەر سەرخان و دەسەڵاتەکانی سیاسی و فەرهەنگی و ئابووری و کۆمەڵایەتیدا نییە، بەڵکە ئەوە ئایینە کە پتر ئەگەر وەک فەرمانڕەوایی دەوڵەتیش نەبێت، وەک نەریت و فەرهەنگ بەسەر پێوەندارییە جڤاکییەکاندا زاڵە و هەژموونی بەسەر هەموو ورد و درشتێکی ژیان و مرۆڤی جیهانی سێیەمدا هەیە. تا ئەو کاتەیشی عەقڵ لە دەسەڵات و هەژموونی ئایین ڕزگار نەبێت و عەقڵ نەکرێتە پێوەر و دادوەر و دەسەڵات، هەرگیز جیهانی سێیەم لە پاشکۆیەتی و بەجێماوی ڕزگار نابێت و ناگاتە ئاستی جڤاکە پێشکەوتووەکان. نووسەری ئینگلیزی کۆڵن ویڵسن (Colin Wilson) دەڵێ: "ئاوەزی مرۆڤ هەرگیز بۆ ئەوە چێ نەکراوە لەنێو ڕووبەرێکی تەسک و داخراودا بژی، چون کاتێک دەکەوێتە نێو تەڵەیەکی تەسکەوە، دەگەنێ و دەهیچوپووچێ و دەبێتە دڕندە". عەقڵ، ئەو کاتە کارایە و دەهزرێ و گۆڕان چێ دەکات،

کە ڕەها بێت و هیچ کۆت و گرێ و بەربەستێک ڕێگری نەبێت و لە ترۆپکی ئازادیدا بێت.

باوەڕبوون بە خودا، بە ڕای بین بیللا، موسوڵمانان یەک دەخات و کاریگەریی عەقڵگەرایی و تەکنۆلۆگی و زانستە کردەیی و فەلسەفە ماددییەکان ناهێڵێت. بین بیللا، پێیشیوایە، ئیسلام وەڵامێک و نێوەندێکی زیندووە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ڕەگەزپەرستی و تەکنۆلۆگی، ئەو کێشانەی لە ڕۆژاوا و نیوەی باکووری گۆی زەویندا، ئەو نیوە گۆیە دەوڵەمەندە کۆلۆنیالیستە زاڵە، بوونەتە پەتا و بەڵایەک بۆ مرۆڤایەتی و بەکاربردن و چەوساندنەوەی مرۆڤ و کۆیلەیەتی بۆ ئامێر و مادده و پارە.

هزر و تێزەکانی جەمالوددینی ئەفغانی،[146] بە ڕای بین بیللا، ئوممەتی ئیسلامیان بووژاندەوە و پێیشی وایە،

---

[146] جەمالوددین ئەفغانی یا سەیید جەمالوددین ئەسەدابادی (1839–1897)، بۆ خۆی گوتوویەتی، کە لە ئەسعەداباد (اسعداباد)ی ئەفغانستان لە دایک بووە و بە ڕەچەڵەک ئەفغانییە و سەییدە، لێ ئێرانییەکان و خەڵکی دیکەیش دەبێژن، کە لە خێزانێکی موسوڵمانی شیعەی ئەسەدابادی دەوروبەری هەمەدانێ لە ئێران هاتووەتە دنیاوە. لە ئیستانبووڵ کۆچی دوایی کردووە و لە کابول بە خاک سپێردراوە. دەشگوترێ ئەو ناوی ئەفغانییەی لە خۆ ناوە، بۆوەی بە هاسانی مەیلی موسوڵمانانی سوننە بە لای خۆی و بیری

گەڕانەوە بۆ ئیسلام وەک فەلسەفە و ئایین و سیاسەت و هزر لە جیهانی ئیسلامیدا لەم دە ساڵەی دواییندا و چەسپاندنی ئیسلام، بە بەرپابوونی شۆڕشی ئیسلامی لە ئێران، هاتە گۆڕێ و واتا و گرنگییەکانی ئەو شۆڕشە بوون بە بزیسکی شۆڕشێکی جیهانی.

---

بانئیسلامیزم (Panislamism) و نوێکردنەوەی ئیسلامدا ڕاکێشێت، کە ئەفغانی خەباتی بۆ دەکرد، هەروەها لەبەر ئەوەی لەنێو دەوڵەتی عوسمانیی سووننەمەزهەبدا، ئاسان نەبووە خۆی وەک موسوڵمانێکی شیعە و ئێرانی بداتە ناسین. ئەسەدابادی، لە قەزوین و تاران و دواتر لە باژێرە پیرۆزەکانی شیعە لە عیراق خوێندوویەتی. ئەسەدابادی دەکۆشا بۆ چاکسازی لە ناوخۆی ئیسلامدا، بۆوەی لە ڕۆژاوا بپارێزرێت. ئەو لە تەک ڕەشید ڕەزا (رشید رضا) و موحەممەد عەبدە (محمد عبده)ەدا بە یەکێک لە بنیاتنەرانی ئیسلامی نوێ، ئیسلامی هاوچەرخ یا ئیسلامی لیبراڵ دادەنرێت. ئەسەدابادی، وەک بانگخواز، مامۆستا، ڕۆژنامەڤان و سیاسەتکار، لە چەندین وەڵاتی وەک ئێران، وەڵاتانی نێو ئیمپراتۆریای عوسمانی (عیراق، میسر، ئەفغانستان) و فرانسا چالاک بووە. ئەسەدابادی، ڕێبازی سۆفیگەریی ئیسلامی وەک بزاڤێکی تاکەکەسی و سست دەبینی و قەبووڵی نەبوو. ئەو ئیسلامی وەک ئایینێکی چالاک و زیندوو دەبینی و داوای لە موسوڵمانان دەکرد، ئیسلام وەک ئایینی ئاوەز و زانست ببینن، کە دەتوانێت دەسەڵات بگرێتە دەست و لەگەڵ نوێگەرییشدا هیچ کێشەیەکی نەبێت.

هەڵبژاردن و پێشکەشکردن و دانانی ئیسلام وەک چوارچێوەیەک بۆ یەکیەتی، بە بۆچوونی بین بیللا، لە عەرەبایەتی لەپێشتر و سەرکەوتووترە، نەک تەنێ لەبەر ئەوەی ئیسلام لە عەرەبایەتی بڵاوتر و فراوانتر و کاریگەرترە، بەڵکە لەبەر ئەوەی دەبێ چەمکی فەرهەنگی و شارستانەتی، بەتایبەت، بەسەر هەموو بناخە و بنەماکانی دیکەدا، تەنانەت نەتەوەییش، زاڵ بن. ئیسلام فرەڕەهەندە، بە تەنێ خۆی بواری ئەوە بۆ گەلانی موسوڵمان دەڕەخسێنێت بە ڕوونی سروشتی پێوەندەکانی خۆیان بە جیهانی دەوروبەریانەوە ببینن، بە تایبەت ئەو جیهانەی داگیری کردوون و دەستی بەسەریاندا دەڕوات، واتە: سیستمی جیهانی، کە دەسەڵات و زاڵبوونی وی، پێش هەر شتێک، شێوازێکی فەرهەنگیی هەیە.

ئیسلام، بە ڕای بین بیللا، لە نیشتمانپەروەری و وەڵاتپارێزی، کە ڕۆژگارێک بۆ گەلانێکی موسوڵمان، لەنێویشیاندا گەلی جەزائیر، لە پێناوی ڕزگارکردنی نیشتماندا، وەک ئامرازێکی فرەکاریگەری ڕابوون بووە و لە عەرەبایەتی و نەتەوایەتی، کە وزەبەخش و هەستبزوێنی خەبات بوون دژ بە ئیمپریالیزم، گەلێ بەرینتر و فراوانترە و لەگەڵ یەکدیدا بەراورد ناکرێن. ئایین لە جەزائیر ڕۆڵێکی گەلێ مەزن و لەبەرچاوی

هەبووە، بە جۆرێک، کە لە هیچ وەڵاتێکی عەرەبییدا نەیبووە. ئیسلام بوو بە جێگرەوەی دەوڵەت پێش ئەوەی ببێتە ڕۆحی.[147] ڕووخانی فەرمانڕەوایانی پێشووی جەزائیر و هۆزگەرایی، پتر جەزائیرییانی لە ئایین نزیک خستەوە. بین بیللا پێی وایە: "شۆڕشی جەزائیر، بە ئیسلام بەسەر فرانسادا سەرکەوت و هەرکەسێکیش لەمە تێنەگات، هیچ لە شۆڕشی جەزائیر تێناگات". ئیسلام، لە نیشتمانپەروەری و لە عەرەبایەتی، پتر پێشکەش دەکات و ئامراز و ڕێگەی هەرەباش بۆ ڕزگارییەکی ڕاستەقینە، دەبەخشێ. کرۆکی ڕەسەنایەتیی بنەماکانی بوونی عەرەب و گەلانی دیکەی موسوڵمان، ئەو کرۆکەی هیچ شتێک کاری تێ ناکات، ئیسلامە و جوداکردنەوەی فەرهەنگی عەرەبی لە فەرهەنگی ئیسلامییش کارێکی مەحاڵە. بین بیللا، کە بە تەواوی ڕووی لە ئیسلام کردووە، وەک خۆی دەڵێ: ڕووی لە ڕەهەندە فەرهەنگییەکەی کردووە و تەنانەت تێگەیشتنیشی بۆ نیشتمانپەروەریی تێگەیشتنێکی ئیسلامییانەیە.

خاکی ئیسلام سەرچاوەی هەرسێ ئایینە ئیبراهیمییەکان و کشتوکێڵ و نەفت و وزەی خۆرە، وەک ئەوەی لە ئاسمانەوە نێزیک بێت، لێ تەواوی سامان و نەفت و

---

[147] حربي...، جبهة...،ص 250..

ئابووریی ئیسلام، هەموو خزمەت بە سەرمایەداری و ڕۆژاوا دەکەن، چون فەرمانڕەوایانی موسوڵمانان لە بنەمادا بەکرێگیراو و پاشکۆ و گرێدراوی ڕۆژاوان، بین بیللا وای بۆ دەچێت.

لە هزری بین بیللادا، ئەوەی بتوانێت بەرانبەر سیستمی جیهانیی سەردەست و باو بوەستێتەوە، تەنێ ئیسلامە و هیچ بەدیلێکی دیکە بۆ ئیسلام نییە. ئیسلام، بۆوەی توانستی خۆی بگێڕێتەوە، بۆوەی کار بکاتە سەر چارەنووسی خۆی و بە خۆی مێژووی خۆی دروست بکات، دەتوانێت جەماوەر خڕکاتەوە. ڕێبازی شۆڕشگێڕیی کۆن، شکستی هێنا و دۆڕا و ڕێبازی ڕاست و دروست، هەمیشە لە فەرهەنگەوە دەپشکوێ و پەیدا دەبێت. عەممار ئۆزگان (أوزقان)،[148] کە لە دوای سەربەخۆیی جەزائیر و

---

[148] عەممار ئۆزگان یا ئۆزقان (عمار أوزقان 1910–1981)، لە ماڵێکی دەوڵەمەندی خودانزەویدا لە جەزائیری پێتەخت هاتووەتە دنیاوە. بە خوێندنی قورئان دەستی بە خوێندن کردووە و دواتر چووەتە خوێندنگەی فرانسی. هەر لە منداڵییەوە کاری ڕۆژنامەفرۆشیی کردووە و دواتر لە کارگێڕیی پۆست کاری کردووە. لە تەمەنێکی زۆر گچکەوە چووەتە نێو کاری سیاسییەوە. لقێکی سەندیکای لە پۆستخانە دامەزراندووە و دواتر چووەتە نێو بزاڤی لاوانی کۆمیۆنیستەوە و لە کۆمیۆنیستە فرانسییەکان نزیک بووەتەوە تا بووە بە سکرتێری حیزبی کۆمیۆنیستی فرانسی لە

له سەردەمی سەرۆک بین بیللادا وەزیر بووە، دەڵێ: "ئیسلام تاکە هزر و ڕێگەیەکە، دەگاتە دڵی هەژاران، کە هەرگیز هیچ ئیدیۆلۆگییەکی دیکە وەرناگرن".[149]

---

جەزائیر و بە بەرپرسی دەڤەری جەزائیر. ئیدی ئەوە دەرگەی بۆ واڵا کردووە تا بتوانێت لە کۆنگرە و جڤینەکانی بزاڤە چەپ و نێونەتەوەییە سۆسیالیستییەکاندا بەشدار بێت. لە کۆمێنترنی 1935دا بەشدار بوو و ڕۆڵێکی مەزنی بینی لە دامەزراندنی حیزبی کۆمیۆنیستی جەزائیردا، کە هەر لە پەنای حیزبی کۆمیۆنیستی فرانسیدا گەشەی کرد. لە کاتی بەستنی کۆنگرەی ئیسلامیدا وەک نوێنەری کۆمیۆنیستەکان بەشداری تێدا کرد. سەرنووسەری ڕۆژنامەی کیفاح (کفاح)ی حیزبی کۆمیۆنیست بوو. لە ساڵی 1937دا بە ئەندامی ئەنجومەنەی شارەداری جەزائیری پێتەخت هەڵبژێردرا و لە 1945دا بوو بە ئەندامی ئەنجومەنی قانووندانان و دوای دووەم جەنگیی جیهانی مەیلی بە لای بزاڤی نیشتمانیدا چوو، کە داوای سەربەخۆیی دەکرد و پاشانیش لە کۆمەڵەی زانایانەوە نزیک بووەوە، ئەوەیش بوو بە هۆی وەدەرنانی لە حیزبی کۆمیۆنیست. لە 1955دا چووە ڕیزی بەرەی ڕزگاری نیشتمانییەوە. لەوانە بوو کە لەگەڵ کۆنگرەی سوومامدا بوون. ساڵی 1958 خرایە زیندانەوە و تا سەربەخۆیی وەڵات لە زینداندا مایەوە. لەنێوان 1962-1964دا سێ گلەت سێ وەزارەتی وەرگرتووە، وەزارەتی کشتوکێڵ و چاکسازیی کشتوکێڵی، وەزارەتی دەوڵەت و دووجاریش وەزارەتی گەشت.

[149] رودنسون.، الإسلام.، ص 97.

خڕکردنەوەی خەڵک و جەماوەر لەلایەن ئیسلامەوە، وەک بین بیللا جەختی لێ دەکاتەوە، پاش ئەوە دێت، کە ئۆزگان دەیلێت، واتە: کاتێک ئیسلام دەگاتە دڵی هەژاران و ئیدی هەژارانیش، کە جەماوەرن، وەدووی ئەو ڕەوتە دەکەون. بێگومان ئەمە لە کاتێکدا وایە، ئەو خەڵکە موسوڵمانە لە هەموو هزر و فەلسەفە و بزاڤ و زانست و گۆڕانێکی دیکە لە جیهاندا دابڕابن و تەنێ لە چوارچێوەی دەسەڵاتێکی ئایینییدا بژین یا لە بەرخودان و جەنگدا بن لەهەمبەر داگیرکەرێکی دژەئیسلام، واتە: بە ئاشکرا و ڕاشکاوانە دژەئیسلام، کە ئەودەمی جەنگەکە دەچێتە چوارچێوەی جەنگێکی ئایینییەوە.

ئامادەیی هزری یەکیەتیی جیهانی ئیسلامی و هاریکاریی وەها تێزێک، لەکن بین بیللا، ئێستا لە کاتێکی تێپەڕبوو زیاترە، لێ ئەو کارە پێویستی بە نوێکردنەوەی شێوازی ئەو یەکیەتییەیە و پێویستی بە هاریکاری و کۆمەکی وەڵاتانی جیهانی سێیەمە، چون ئەوانیش (جیهانی سێیەم) گیرۆدەی کێشەکانی بنیاتنان و گەشەسەندن و کێشەگەلێکی هاوشێوەی کێشەکانی جیهانی ئیسلامین. بین بیللا، تا ڕادەیەک دڵنیایە لەوەی کە لە ئەورووپا، ڕۆژاوا، باکووری زەوین، ئاراستەیەک هەیە، ڕەفزی هەموو شتێک دەکات، کە سەرچاوەکەی ئیسلام بێت و پێیشی وایە، ئەوە عەقڵیەت و بیرکردنەوەیەکە، نیوەی باکووری گۆی

زەوینی بە تەواوی گرتووەتەوە: هەر شتێکی پێوەندداره بە ئیسلامەوە، بە هەستەوەرییەکی توند و خەست بەربەرەکانی دەکرێ.

بین بیللا پێی وایە، ئیسلام دەبێ بۆ هەموو مرۆڤ بێت و هەموو مرۆڤایەتی بگرێتەوە، نەک تەنێ مرۆڤی موسوڵمان، چون ئایین و فەلسەفە و ئیدیۆلۆگییەکان بە گشتی، بەختیان لەوەدایە، چەندی سەرکەوتوو دەبن لەوەی پاڵ بە مرۆڤەوە بنێن، ئیدی پیاو بێت یا ژن، بەرەو باشتر و لەو کارانەیشیاندا جێپەنجەی خۆیان بە ڕوونی بەسەر هەموو بوونەوەر و سروشتدا جێبهێڵن. ئیسلام داوای ئەوەی لێ دەکرێ جیهانێکی نوێ دابهێنێت و بئافرێنێت، کە بەکاربردن (إستغلال)ی تەنانەت ناموسوڵمانانیشی تێدا نەبێت. ئێستا ئیدی ئەو سەردەمە بەسەرچوو، کە تاکە یەک ئیدیۆلۆگی یا یەک شێوەی حوکمڕانی یا یەک ئایین و باوەڕ زاڵ و فەرمانڕەوا بێت. ئەو ئیسلامەی بین بیللا مزگێنی بۆ دەدات و باسی لێوە دەکات، بە ڕای خۆی، ئیسلامێکی پێشکەتنخواز و کراوەیە، داخراو و وشک نییە، بەخشندەیە، ئەوی دی قەبووڵ دەکات، لێ ئیسلامێکیشە ئەم سیستمی ئێستاکەی پێ پەسەند نییە و وەلاوەی دەنێت، ئیسلامێکە خەبات بۆ دامەزراندنی سیستم و ڕێژیمێکی شۆڕشگێڕ دەکات.

یەکێک لەو زانا موسوڵمانانەی، کە دەشێ تا ڕادەیەک، هیچ نەبێت لەم بوارەدا، خاڵی هاوبەش و نێزیکاتییەک لەنێوان بۆچوونەکانی بین بیللا و ئەودا ببینرێن و لەگەڵیدا یەک بگرێتەوە، موحەممەد باقیر ئەسسەدرە.[150] ئەسسەدر، پاشکەوتەیی جیهانی ئیسلامی لەهەمبەر ئەوروپا و ڕۆژاوای پێشەنگی شارستانەتی ئەم سەردەمە، لە سێ لایەندا دەبینێت: پاشکەوتەیی سیاسی، پاشکەوتەیی ئابووری و پاشکەوتەیی فەرهەنگی و ڕێباز. ئەو پێی وایە، نە بیری نەتەوەیی و نە سۆسیالیزمی عەرەبی، نەیانتوانیوە جیهانی ئیسلام لەو بەجێماوییەی وەدەربێنن. نەتەوە، لەکن وی، تەنێ پێوەندارییەکی مێژوویی و زمانە کە مرۆڤ پێکەوە گرێ دەدات، نەتەوە باوەڕ و فەلسەفەیەک نییە، بەڵکە بێلایەنە، تا ئەو دەمەی چوارچێوەیەکی هزری و فەلسەفەیەک بۆ خۆی دەکاتە بەرگێک و خۆی تێدا پێشان دەدات، ئیدی بەوە خۆی بە جیهان دەناسێنێت. هەرچی بانگەشەی سۆسیالیزمی عەرەبییشە، تەنێ بۆ

---

[150] موحەممەد باقیر ئەسسەدر (محمد باقر الصدر 1935–1980) بیرمەند و فیلۆسۆفێکی ئیسلامی و مەرجەعێکی گەورەی شیعە بوو لە عیراق. یەکێک بوو لە دامەزرێنەرە دیارەکانی حیزبی دەعوەی ئیسلامی (حزب الدعوة الإسلامية). خاوەنی چەندین کتێبە لەمەڕ هزر و فەلسەفە و ئابووریی ئیسلامییەوە. ڕێژیمی سەددام حوسەین بە تۆمەتی سیخوڕی بۆ ئێران لە سێدارەی دا.

خۆجوێکردنەوە بووە لە مرۆڤی ئەوروپایی. ئەوانەی ئەو بانگەشەیەیان دەکرد، ناتوانن جیاوازییەک لەنێوان سۆسیالیزمی عەرەبی و فارسی و تورکیدا ببینن. سۆسیالیزم لە نەتەوەیەکەوە بۆ نەتەوەیەکی تر ناگۆڕێت، مەگەر نەریت و فەرهەنگی تایبەتی نەتەوەکان بە تایبەتمەندییە نەتەوەییەکانی خۆیان ڕەنگی بکەن. ئەسسەدر، ئیسلام و سیستمێکی ئیسلامی و فەرمانڕەواییەکی ئیسلامی، بۆ تەواوی کێشەکانی جیهانی ئیسلامی، بە چارەسەر دەزانێت. ئەو پێی وایە، ئیسلام تەنێ نوێژکردن و هاتوچۆی مزگەوت و ڕۆژوو و حەج و زەکات و ئاکاری خاس و لایەنە ڕۆحییەکانی مرۆڤ و بوون نییە، وەک ئیمپریالیزم و کۆلۆنیالیزمی ڕۆژاوا پێیانخۆشە پێناسەی بکەن، بەڵکە سیستمێکە تاڕادەیەک فراوان و یەکگرتوو، کە بەرخورد لەگەڵ هەموو لایەنەکانی ژیانی مرۆڤدا دەکات و دەچێتە نێو هەموو بوارەکانەوە، کە پێویستیی ژیانن و چارەسەری گونجاویان بۆ دەدۆزێتەوە، بۆ ئاراستەکردنی جڤاک بەرەو بەختەوەری و ئازادی و ژیانێکی باشتر.[151]

بەکاربردنی مرۆڤ لەلایەن مرۆڤەوە، پێشینەیەکی درێژی لە مێژووی مرۆڤایەتیدا هەبووە. بین بیللا پێی وایە،

---

[151] الصدر، محمد باقر، إقتصادنا، 1961.

سیستمی ڕۆژاوا، له سڕینەوه و نەهێشتنی بەکاربردنی مرۆڤ لەلایەن مرۆڤەوه، دۆڕاوه. ئیسلام، به ڕای وی، دەتوانێت وەها کارێک بکات. ئەو، تۆوی بەکاربردنی مرۆڤ لەلایەن مرۆڤەوه له ئیسلامدا، دەگێڕێتەوه بۆ ئەو دەمەی که ئیدی دەسەڵات دەستبەرداری شێوازی شوورا و فەرمانڕەوایی شوورایی بوو، واته: له دوای شەهیدبوونی ئیمام عەلییەوه و له سەردەمی موعاوییەی کوڕی ئەبوسوفیان (معاوية بن أبي سفيان)ەوه، که به ڕای بین بیللا، لەو دەمەوه دەستی پێ کردووه و بۆ یەکەم جار لەگەڵ دەسەڵاتی دەوڵەتی ئومەوییدا هاتۆته گۆڕێ، ئەوەیش دەسپێکێک بووه بۆ گەندەڵبوونی دەوڵەتی ئیسلامی. بین بیللا، باوەڕیشی وایه، تەنێ له سەردەمی خیلافەتی عەلی (ئیمام عەلی)دا ئەو دیاردەیه نەبووه، هەر بۆیه داوا دەکات، عەلی و خیلافەتی ئەو بکرێنه نموونەی فەرمانڕەوایی شوورایی. بنەمای شوورا له فەرمانڕەواییدا وەک، ئەوەی له ئیسلامدا چۆن بووه، شێوازی نوێیش ببینرێنەوه، که لەتەک چەرخ و سەردەمدا بگونجێن. بین بیللا دەڵێ ئەو بۆ خۆی: "فەرمانڕەوایی شوورا"ی پێ باشه. فەرمانڕەوایی شوورا، له سەرەتای ئیسلامدا هەبووه، لێ بین بیللا پێی باشه و دەشیەوێت" شێوازی نوێیش، که لەگەڵ سەردەمدا بگونجێت، بدۆزرێتەوه". دیاره شوورایش بۆ خۆی قسەوباسێکی زۆر هەڵدەگرێت،

ڕەنگە هەندێکیان لەگەڵ بۆچوونەکەی سەرۆک بین بیللادا نەیەنەوە.

لە قورئاندا لە چەند جێیەکدا وشەی شوورا (شوری) هاتووە، بۆ نموونە: {وشاورهم في الأمر}[152] ڕاوێژیان پێ بکە، کە بە گوێرەی ئەوانەی ئەو ئایەتەیان لێکداوەتەوە دەگوترێ، خودا فەرمانی بە پەیامهێن کردووە، لە فڕوفێڵی جەنگ و ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمندا، بۆ دڵخۆشکردن و نزیککردنەوە و هاوئاهەنگی و پیشاندانی ئەوەی، کە گوێ لە یاوەرانی دەگرێ و کۆمەکیان لێ دەخوازێت، هەرچەندە خودا هەموو توانستێکی بۆ وی فەراهەم کردووە، داوای ڕاوێژیان لێ بکات و پرسیان پێ بکات، یا کاتێک پەیامی بۆ دادەبەزێت، ڕاوێژیان پێ بکات بۆوەی هەڤالانی باوەڕێکی زیاتریان بە خۆ ببێت، بەوەیش خودا ڕاستترین ڕێگەیان پیشان دەدات، یا بۆ پیشاندانی ئەوەی، کە گوێیان لێ دەگرێ و باوەڕی پێیانە، یا بۆوەی بیری دروست و ڕێگەی ڕاستیان بۆ ڕوون ببێتەوە، یا لەبەر ئەوەی بە ڕاوێژ، مرۆڤ دەگاتە باشترین ئەنجام، چون خودا ڕاوێژی بە کارێکی باش زانیوە، یا بۆوەی کاتێک پەیامهێن ڕاوێژیان پێ دەکات، فێری ئەوەیان دەکات، ئەوانیش ڕاوێژی پێ بکەن و بەو ڕاوێژە هەموو یەکدەنگ و یەکدڵ

---

[152] القرآن الكريم: آل عمران: 159.

دەبن. هەروەها {وأمرهم شورى بينهم}،[153] کارەکانیان بە ڕاوێژ لەنێوان خۆیاندا دەکەن، واتە: خودا فەرمانی بە پەیامهێن داوە، هیچ کارێکی گرنگی وەک جەنگ و پرسێکی چارەنووسساز، بەبێ ڕاوێژ لەنێوان خۆیاندا نەکەن. لە هەموو پرسێکی کۆمەڵایەتی و پێشهاتێکی دەرەکیدا، ڕاوێژ بە موسوڵمانان بکات. لە هەموو ئەو فەرمانانەی لە لایەن خوداوە بە موسوڵمانان دراوە و لە پرس و پێویستییەکاندا، دەبێ ڕاوێژ لەنێوانیاندا هەبێت. ئایەتی {فاعف عنهم واستغفر لهم وشاورهم في الأمر}،[154] کە خودا بە پەیامهێن دەڵێ: بیانبەخشە و داوای لێخۆشبوونیان لە خودا بۆ بکە و ڕاوێژیان پێ بکە.

بەپێی ئەو ئایەتانە، لە سەردەمی پەیامهێنی ئیسلامدا، بۆ هەر کاروبارێکی گرنگ و چارەنووسساز و پێوەندیدار بە ئایینی ئیسلام و موسوڵمانان و ژیانی خەڵک و جەنگ و... پەیامهێن کۆمەڵێک لە یاوەر و هەڤاڵانی خۆی خڕ کردووەتەوە، کە زۆر گلەت لە مزگەوت و پاش نوێژان بووە و هەموو کێشە و پرس و کار و ڕووداو و پێشهاتێکی خستووەتە پێش چاویان و داوای لێکردوون هەموو پێکەوە، بە خۆیشییەوە، بیخەنە بەر باس و

---

[153] القرآن الكريم، الشورى: 36-39..

[154] القرآن الكريم: آل عمران: 159.

گەنگەشەی لەسەر بکەن و بیروڕا و بۆچوونەکانیان بگۆڕنەوە و تاوتوێ بکەن و دواتر بگەنە ئەنجامێک، هەموو پێی قایل بن و ئەنجامەکەیش ببێتە بڕیار و پێکهاتنێک لەسەر بابەتەکە. ئەو خەڵکەی بەشداریی ئەو شوورایەیان کردووە، بە پلەی یەکەم کەسانی نێزیکی پەیامهێن و هەڤاڵانی بوونە، کە هەردەم لە دەوروبەری بوونە و لەو خەڵکانە بوونە کە لە جڤاکدا گوێیان لێ گیراوە و دواتریش هەموو ئەوانەی لەو کاتەدا لە مزگەوتدا ئامادە بوونە، ئەوانیش بەشدار بوونە و ڕای خۆیان دەربڕیوە.

بەهەرحاڵ، ئەگەر ئەو گردبوونەوەیە، وەک ئەنجومەنێک بژمێردرێ، ئەوا ئەنجومەنێک نەبووە، تەنێ چەند ئەندامێکی دیاریکراوی تێدا ئەندام بێت (بە من: ئەمە باش بووە) و ئەنجومەنێک نەبووە، لە لایەن خەڵکەوە و بە دەنگدان هەڵبژێردرابێت (بە من: ئەمەیان باش نەبووە)، ئەنجومەنێک نەبووە تەواوی دانیشتووانی وەڵاتی حیجاز و عەرەب و ئیسلام بگرێتەوە (بەمن: ئەمەیشیان باش نەبووە)، ئەنجومەنێکیش نەبووە بەشداربووانی مووچە و پارە وەرگرن و تایبەتمەندییان هەبێت (بە من: ئەمەیشیان باش بووە)، وەک ئەمەی ڕۆژگاری ئەمڕۆ، کە بە پەرلەمان دەناسرێت. ئەو شوورایە، خەڵکانێکی خۆبەخش بەشدارییان تێدا کردووە و ڕاوێژیان بە یەکدی کردووە، بێ هیچ سوودێکی ماددی یا پێگە و پایە (بە من:

ئەمەیشیان هەر باش بووە). ئەگەر بە دەستەواژەی ئەمڕۆیی پێناسەی ئەو سیستمی شوورایەی لەو سەردەمەدا بووە بکرێت، ئەوا ڕەنگە وەک جۆرێک لە پێڕۆکردنی "دیموکراتیی ڕاستەوخۆ"[155] ببینرێت، کە

---

[155] دیموکراتیی ڕاستەوخۆ (الدیمقراطیة المباشرة Direct democracy) جۆرێکە لە جۆرەکانی دیموکراتی، گەل بە شێوەیەکی ڕاستەخۆ دەنگ لەسەر بڕیارەکان دەدات، بە پێچەوانەی دیموکراتیی نوێنەرایەتی، کە گەل نوێنەر هەڵدەبژێرێت و ئەو نوێنەرانە دەنگ لەسەر بڕیار دەدەن، وەک کە لە پەرلەماندا کاری پێ دەکرێت. لە دیموکراتیی ڕاستەوخۆدا دەکرێ دەنگ لەسەر دەرکردنی هەندەک فەرمان، دارشتنی قانوون، هەڵبژاردن و لەسەر کار لابردنی بەرپرس، دادگەیی و... بدرێت و کاری پێ بکرێت. لە ڕووی سیاسیشەوە: ڕاپرسی: قایلبوون یا ڕەدکردنەوەی هەر قانوونێک، کە بە دڵی گەل بێت یا بە دڵی نەبێت، دەسپێشخەری: بۆ پێشنیازکردنی پرۆژەی قانوون لە لایەن گەلەوە، بانگکردن: لەکارلابردنی هەر بەرپرسێک، گەل بە دڵی نەبێت، پێش تەواوبوونی ماوەی کارەکەی، چون بەرپرس و کارمەند، تەنێ کار بۆ گەل دەکەن و گوێڕایەڵیی فەرمان و خواستەکانی گەل، ئەرکە لەسەریان. لەم سەردەمەی ئێستادا، سویسرا نێزیکترین وەڵاتە لە پێڕۆکردنی دیموکراتیی ڕاستەوخۆوە. لە مێژوویشدا، ئەسینا لە یۆنانی کۆن و کۆموونەی پاریسی ساڵی 1871، نموونەی دیموکراتیی ڕاستەوخۆ بوون. هەندێک بزاڤی ئەنارکیستی، باوەڕیان بە دیموکراتیی ڕاستەوخۆ هەیە و هەندێکیشیان هەر لە بنەوە دژ بە دیموکراتین. هەندەک لە بزاڤە سۆسیالیستە ئازادیخوازەکان لەگەڵ دیموکراتیی

دەشێ بە خاسترین و کاراترین جۆری دیموکراتی هەژمار بکرێت.

ئەگەر ئەو شێوازی شوورایە بۆ ئەم سەردەمە زیندوو بکرێتەوە و برێک گۆڕین و چاکسازیی تێدا بکرێت، وەک بین بیللا دەیڵێ، گەلێک لەمەی ئێستا پێی دەگوترێ "پەرلەمان و دیموکراتی"، کە داهێنانێکی ڕۆژاواییە و بێجگە لەوەی دامەزراوەیەکی مشەخۆری تەنبەڵخانەی مفتەخۆری ئیفلیجی ناپێویستە، هیچی دیکە نییە، باشتر و کاراترە. ئەوەی لە سەردەمی دەسپێکی ئیسلامدا پیرۆز کراوە و مزگەوت وەک مەکۆی خڕبوونەوەی خەڵک بووە و بنکەی پرس و ڕاوێژ و بڕیاردان بووە، لە جڤاکی ئەمڕۆدا نییە و ناکرێ. مزگەوتی ئەمڕۆ گۆڕاوە و بووە بە تەلارخانە و بینایەکی زەبەلاحی بێ ڕۆح، کە زۆر جاران بۆ ناو و خزمەت بە دەستەیەک و بەشێک لە موسوڵمانان دروست دەکرێت. بیریاری ئیسلامی عەلی شەریعەتی بەراوردێکی جوان لەنێوان مزگەوتی سەردەمی پەیامهێن و مزگەوتی ئەمڕۆدا دەکات و دەڵێ: "مزگەوت لە سەردەمی پەیامهێندا سێ ڕەهەندی هەبوون: ڕەهەندێکی ئایینی (پەرستگە)، ڕەهەندێکی پەروەردەیی (خوێندنگە)،

---

ڕاستەوخۆدان و تەنانەت زۆرێک لە مارکسیستەکانیش لەگەڵیدان و وەک پیرۆکردنێکی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا تەماشای دەکەن.

ڕەهەندێکی سیاسی (پەرلەمان) و هەموو وەڵاتییەک تێیدا ئەندام بوو... ئێستا مزگەوت بووە بە کۆشکێکی زەبەلاح، لێ بێ ڕەهەند".

دەشێ لەخوارێڕا، بەرەو بان، هەر گوندێک، شارۆکەیەک، باژێڕێک، ئاوەدانییەک، کۆمەڵێک، ژمارەیەکی دیاریکراوی مرۆڤ، وەک تاک، نەک وەک حیزب و لیستی حیزبی، چون حیزب بۆ خۆی بنەمای پەرتکردن و ئاژاوەیە، لە لایەن خەڵکەوە، نوێنەری خۆیان هەڵبژێرن و ئەم هەڵبژێردراوانە، کۆمیتەی کارگێڕی و بەڕێوەبردنی گوند و شار و ئاوەدانی و جڤاکەکانی لێ پێک بهێنرێن، واتە: حوکوومەتی ئەو شوێنانە، وەک ئەو سیستمی شارەدارییەی سوێد و کانتۆنانەی سویسرا. لەنێو ئەندامانی ئەو ئەنجومەن و کۆمیتانەوە، کە لە لایەن خەڵکەوە هەڵبژێدراون و نوێنەری خەڵکن، کەسانێک بۆ سەرۆکایەتیی دەوڵەت، بۆ سەرکردەیەتیی وەڵات، بۆ حوکوومەت و وەزارەت و پێگە و پلە باڵاکان، خۆیان ناودێر بکەن و لەو کەسانە و بە دەنگدانی ڕاستەوخۆی گەل، تەواوی ئەوانە بۆ کارەکانیان هەڵبژێردرێن.

ئەندامانی ئەو ئەنجومەن و کۆمیتانەیش، بە سەر چەند کۆمیتەیەکدا دابەش بکرێن. ژمارەیەک قانوونناس، ژمارەیەک پسپۆری کشتوکێڵ، ژمارەیەک ئابوورییناس، ژمارەیەک پسپۆری ئاژەڵ، ژمارەیەک جڤاکناس،

تەندروستی، خوێندن و بارهێنان، هونەر، فەرهەنگ، ڕێگەوبان، ئاو، جەنگ، ئایین، سیاسەت، پێوەندە نێودەوڵەتییەکان و... بوارەکانی دیکە، هەر کۆمیتەیە و کار لەو بوارەی خۆیدا بکات. ئەوەی قانووننناسە، قانوون داڕێژێ و ئەوەی پسپۆری کشتوکێڵە نەخشە و پرۆژە و کاری کشتوکێڵ بکات. تەلارساز خۆی لە ئایین هەڵنەقورتێنێت و ئابووریناس خۆی نەخاتە نێو باسی شانۆوە و شمشاڵژەن قانوون دانەڕێژێت و بەیتاڵ نەبێتە شارەزای جەنگ، کورد گوتەنی: "نان بۆ نانەوا و گۆشت بۆ قەسساب".

ئەو کۆمیتانە هەموویان لە ژێر چاودێریی سەرۆکی دەوڵەت و حوکوومەتدا بن و ڕاوێژکاری ئەوان بن. بۆ کارێکی قانوونی، سەرۆکی دەوڵەت تەنێ لەگەڵ قانووننناسەکاندا بجڤێ، بۆ پێوەندی دەرەکی، لەگەڵ سیاسەتزان و پسپۆری نێودەوڵەتیدا کۆ ببێتەوە و ڕاوێژ بەوان بکات لە بوارەکانی خۆیاندا. ئەنجومەنەکەیش وەک باڵاترین دەسەڵاتی شوورایی لە وەڵاتدا، کاری چاودێری هەموو جمگەکانی دەوڵەتداری بکات و نەبێتە دەسگەیەک و دامەزراوەیەکی بیرۆکراتی مشەخۆر، بەڵکە وەک سەربازی یەدەک، هەموودەم ئامادە بێت بۆ جڤین و پرس و ڕاوێژ.

دیارە وەها ئەنجومەنێک برێک، لە ئەنجومەنی شارەزایانی ڕێبەری (مجلس خبرگان رهبری) و کۆڕی دیاریکردنی بەرژەوەندی سیستم (مجمع تشخیص مصلحت نظام)، دەچێت، کە لە کۆماری ئیسلامی ئێرانێ هەن، لەگەڵ یەک جیاوازییدا، ئەوانەی ئێرانێ، لە زانای ئایینی و ئاخوند و فەقیهان پێکدێن و لەلایەن ئەوانەوە قۆرخکراون. بەشێکی زۆریشی ئەندامانیان لە لایەن ڕێبەری باڵا (مرشد أعلی)ی کۆمارەوە دیاری دەکرێن و بەشەکەی دیکەیش بە چەندین فلتەر و پاڵاوتندا تێدەپەڕن تا دەگەنە ئەو ئەنجومەنانە. وەها شێواز و ڕێکارێک لە ئێرانێ بۆیە پێڕۆ دەکرێت، چون ڕێژێمی ئێران پێڕۆی شێواز و ڕێباز و فەلسەفەی ویلایەتی فەقیهـ (ولایت فەقیە)ە، کە لە بنەمادا لە هزر و فەلسەفەی ئەفلاتوونPlato ەوە وەرگیراوە، کە پێی وایە: فیلۆسۆفەکان شایستەترین کەسانێکن بۆ دەسەڵات گرتنە دەست، چون ئەوانن دەتوانن دوور لە تەماح و چاوچنۆکی پارە و ستەم، بەرژەوەندە گشتییەکان وەدیبهێنن، لێ بە جیاوازیی ئەوەی وەلییە فەقیهەکانی ئێرانێ لە تەماح و چاوچنۆکی و پارەوە دوور نین، بەڵکە گەلێک نێزیکن! وەلییە فەقیهەکانی ئێرانێیش، بێجگە لەوەی خۆ بە فیلۆسۆف و شیاو دەزانن بۆ وەرگرتنی دەسەڵات، خۆ بە

جێگری ئیمام مەهدی، چاوەڕوانکراو، ئیمامی زەمان، دەزانن.

ئەڵبەت من ئەوە دەزانم، کە ڕێژیمی ئێران ڕێژیمێکی دیموکراتی نییە و هەر لە سەرەتای دەسەڵات گرتنە دەستی ئیمام خومەینی و سەرانی کۆمار، دەنگدانێکیان ئەنجامدا، بۆوەی بزانن خەڵک لەنێوان کۆماری ئیسلامی و گەڕانەوە بۆ سیستمی پاشایەتی کامیان هەڵدەبژێرێت. دیارە وەها دەنگدانێک هیچ دەرفەتێکی دیکە بە دەنگدەر نادات و ئەوەیش کارێکی نادیموکراتییە. لەو دەنگدانەدا، خەڵک ناچار بوون لەنێوان خراپ (کۆماری ئیسلامی) و خراپتر (سیستمی پاشایەتی)دا خراپ هەڵبژێرن یا لەنێوان دووخراپدا خراپێکیان (کۆماری ئیسلامی) هەڵبژێرن، ئەویش لەبەر ئەوەی نوێیە و لە ڕێژیمی شا نوێترە. ئەوەی ئەمن مەبەستمە ڕێبازی شوورا و ڕاوێژ و جۆرێکە لە دەوڵەتداری و دەسەڵات، لەسەر بنەمای دیموکراتیی ڕاستەخۆ، کە چەندی بکرێت، لە هەموو پرسێکی چارەنووسساز و مەزن و نیشتمانییەوە بیگرە تا دەگاتە دروستکردنی باخچەیەک، خوێندنگەیەک، شەقامێک یا هەر شتێکی دیکەی بچووکیشەوە، بخرێتە دەنگدانی ڕاستەوخۆوە و گەل بۆ خۆی دەنگی لەسەر بدات، هەموو کار و خزمەتەکان، لە گەلەوە بۆ گەل بێت.

فره کات، له لایەن خەڵکانێکی جیاوازەوە لەنێو ئیسلامدا باس له بنەمای شوورا له ئیسلامدا دەکرێ و پێیان وایە شوورا وەک بناخەیەکی سیاسی له دەسپێکی ئیسلامدا پێڕۆ کراوە و هەر ئەو شوورایەیش بووە بە سەرەتایەک بۆ ئەمەی ئەمڕۆ بە دیموکراتی ناو دەبرێت. دیارە ئێمە ئەوە دەزانین، کە وشەی دیموکراتی بۆ خۆی له یۆنانەوە بە پاشماوە ماوەتەوە بۆ گەلانی دیکە و ئیسلامیش له دوای ئەسینا و سیستمی دیموکراتیی ئەو دەڤەرە بە پتر له 700–800 ساڵێک سەری هەڵداوە، کەواتە دیموکراتی و شێوازی پیادەکردنی ئەگەر له شێوەی شوورابیشدا بووبێت و له ئیسلامیشدا پێڕۆ کرابێت، ئەوا دەسپێک و بنەماکەی هەر دەگەڕێتەوە بۆ ئەسینا و یۆنانی کۆن. ئەوانەی شوورای ئیسلام وەک سەرەتای دیموکراتی دەبینن، وەک بەڵگە ئەو ئایەتانە دەهێننەوە، کە وشەی شوورایان تێدا هاتووە و باس له هەندێک لەو بوویەرانەی جەنگ و هێرش و داگیرکردنانە دەکەن، کە ئیسلام بۆ خۆی ناوی (فتح و فتوحات)ی[156] لێ ناوە، کە پەیامهێنی

---

[156] تەواوی ئەوەی موسوڵمانان و مێژووی ئیسلام بە فەتح (فتح) و فوتووحات (فتوحات)ی ناو دەبەن، له ڕاستیدا هێرشی سەربازی و داگیرکاری و تاڵان و کوژتن و سەبی و زەوتکردنی ژنان بووە و بە تۆبزی و شمشێر خەڵکیان ناچار کردووە بەوەی بێنە سەر ئایینی ئیسلام. وەها کارێک تەنێ له سەردەمی خیلافەتی ئیمام عەلی

ئیسلام لە بارەیانەوە، ڕاویێژی بە هەڤالآنی خۆی کردووە و ئیدی ئەو ڕاویێژکردنە (شوورایە) وەک بنەمایەکی دیموکراتی لە سیاسەت و فەرمانڕەواییدا سەیر دەکریێت. لە هەمبەر ئەو بۆچوونانەی لەمەڕ شووراوە گوتران، بەگوێرەی زۆرێک لە سەرچاوە مێژووییەکان، ئەو ئایەتانەی باسی شوورایان تێدا هاتوون، وەک پەسندانی ئەنسار[157] دەبینن و دەخوێننەوە، چون ئەوان لەنێو خۆیاندا کار و کێشەکانیان بە ڕاوێژ ئەنجامداوە و چارەسەر کردووە. بەشێکی زۆر لە هزرمەند و ڕێبەر و توێژەرە موسوڵمان و ئیسلامییەکان، تەنانەت باسی ئەوەیش دەکەن، کە خەلیفەکانی دوای پەیامهێنیش ئەو شوورایەیان وەک بنەمایەک پێڕۆ کردووە. سەرۆک بین بیللا، لە باسکردنی شووورادا، ناڕاستەوخۆ ئاماژە بە نەبوونی شوورا لە سەردەمی خەلیفەکانی پێش عەلی

کوڕی ئەبووتالیبدا نەکراوە، ئیدی لە سەردەمی خەلیفەکانی پێش عەلیدا، بە تایبەت لە سەردەمی عومەری کوڕی خەتتابدا، زۆر بە جیددی و چالاکانە کراوە.

[157] ئەنسار لە مێژووی ئیسلامدا بە خەڵکی یەسریب (يثرب) یا مەدینە (المدينة) دەگوترێ، کە دوای کۆچی پەیامهێنی ئیسلام موحەممەد لە مەککە (مەكة)وە بۆ ئەوێ، پشتگریی پەیامهێنیان کرد. ئەو خەڵکە ئەنسارە لە دوو هۆزی عەرەب پێکهاتبوون: ئەوس (الأوس) و خەزرەج (الخزرج).

کوڕی ئەبوو تالیبدا دەکات و جەخت لە خیلافەتی عەلی کوڕی ئەبوو تالیب دەکاتەوە و ڕەخنە لە موعاویە و ئومەوییەکان دەگرێت، کە دەکرێ ئەو دیدەی سەرۆک بین بیللا برێک پەرەی پێ بدرێت.

شوورا، بە واتەی خیلافەت و حوکومداری، هەرگیز لە دەقەکانی ئایینی ئیسلامدا لە دەسپێکڕا نەبووە و پەیامهێنیش هەرگیز دەقێکی بۆ ئەو پرسە دانەناوە. خیلافەت، خیلافەتی دوای پەیامهێن، لە قورئاندا نەهاتووە، فوقەهاکان دایانهێناوە. پەیامهێن نە وەسیەتێک، نە پێکهاتنێک، نە دەقگەلێکی جێنەهێشتووە کە باسی لە خەلیفەیەک، وەک دەسەڵاتێکی سیاسی و دەوڵەتداری کردبێت بۆ جێگرەوەی خۆی پاش کۆچی دوایی. پەیامهێن، بۆ گەیاندنی پەیامێک بە مرۆڤ هاتبوو، نەک بۆ ئەوەی فەرمانڕەوایی بکات. ئەو نەهاتبوو بۆ دامەزراندنی دەوڵەت و دەسەڵات، سیستمی خیلافەت لەکن زۆرێک لە موسوڵمانان وەک پیرۆزییەک تەماشا دەکرێت. خیلافەت، سیستمێکی ئایینی نییە. کاری پەیامهێن ئایینی بووە. ئەو بۆ گەیاندنی پەیام و نامەیەک هاتبوو، کە بە تەواوی گەیاندی و ڕەساندییە خەڵک. ئەو بۆ ئەوە هاتبوو، ئەخلاقە باڵاکان تەواو بکات "إنما بعثت لأتمم مكارم الأخلاق" وەک بۆ خۆی دەیڵێ. هەرچی دەوڵەت و ئیمپراتۆریایە، کە ناوی خیلافەتیان لێناوە، موسوڵمانان دوای کۆچی دوایی

پەیامهێن دایانمەزراندووە. فوقەهاکان، ڕێگەخۆشکەر و بیری دامەزراوەی خیلافەت و دەوڵەتی ئایینییان هێناوەتە گۆڕێ. لە قورئاندا هەرگیز باسی پەیامهێن وەک شا، سوڵتان یا میر نەکراوە، بەڵکە هەمیشە وەک پەیامهێن، ڕێنیشاندەر، مژدەدەر و... ناوبراوە. زۆرینەی هاوەڵانی پەیامهێن، فەرمانڕاواییان بە کارێکی دنیایی و پرسێکی قسەهەڵگر و بەرلێکدانەوە داناوە. تاقە دەستەیەک، کە "ئیسلامی پێ دین و دەوڵەت بوو" و دەسەڵاتی بە "بەشێک لە باوەڕ" دەزانی، خەواریج (الخوارج) بوون. ئەوان هاوەڵانی پەیامهێن و هەموو ئەوانەیشی باوەڕیان بە باوەڕ و دیدی ئەمان (خواریج) نەبوو، بە کافر دادەنا. خەواریج، دروشمی "فەرمانڕەوایی خودایی"یان بەرز کردبووەوە، کە دواتر لەنێو دەستە و گرۆی دیکەی ئیسلامیدا، ئەو دروشم و دید و تێزە پەرەی پێ درا. ئەوەی، کە پێچەوانەی ئەو جیهانبینییە بوو، سۆفیگەری بوو، کە وەک پەرچەکردارێک بۆ فوقەها پەیدا بووە. فوقەها، هەمیشە نوێنەری ئیسلامی ڕەسمی و ئاخاوتەی ڕەسمیی ئایینی بوون.

ئەوەی، بە ناوی شووراوە، لە سەردەمی پەیامهێندا باسی لێوە دەکرێت، هەرگیز لە بڕێک بوار و پرسی دیاریکراوی ڕۆژانە و جەنگ تێپەڕی نەکردووە. دوای کۆچی دوایی پەیامهێنی ئیسلام و نەمانی ڕێبەر، ئەگەر شوورا وەک

بنەمایەک بۆ فەرمانڕەوایی و دەسەڵات بینراوە و چەسپاوە، ئەوا دەبوو شوورا وەک بنەما و باوەڕ و پێڕۆ، بئەزموونرێت و بخرێتە بواری کارەوە. ئەوەی لە سەقیفەی بەنی ساعیدە (سقيفة بني ساعدة)دا ڕوویدا، کێشەیەک بوو تەواوی موسوڵمانانی دەگرتەوە و تا هەنووکەیش دەگرێتەوە، چون ئەوە خاڵی وەرچەرخان بوو و وەدووی خۆیدا دنیایەک نەهامەتی و ئاریشە و لێقەومانی لێکەوتەوە. لە خڕبوونەوەی سەقیفەی بەنی ساعیدەدا، بەپێی ئیسلامی ڕەسمی، شوورا پێڕۆ کراوە، لێ ئەوە یەکێکە لە گرنگترین ئەو مژارانەی لە مێژووی ئیسلامدا، کە لە لایەن ئیسلامی ڕەسمی (ئیسلامی سوننە)وە، باس لە فاشیلبوونی نەکراوە و ناکرێت و بە هەموو ناڕەوایی و ناتەواوییەکییەوە بێدەنگیی لێکراوە و تێپەڕێنراوە. تەنانەت فرەجار وەک پرۆسێسێکی دیموکراتی و دروستیش باسی لێوە کراوە و دەکرێت. زۆرێک لە سەرچاوە مێژووییەکان لەسەر ئەوە کۆکن، کە جۆرە ناکۆکییەکی سیاسیی دەسبەجێ دوای کۆچی دوایی پەیامهێن، کەوتووەتە نێوان هاوەڵانی پەیامهێنەوە. ئەنسار و موهاجیرون، کە لە سەقیفەی بەنی ساعیدە کۆوەبوون، بۆ دانانی جێگرەوەیەک، خەلیفەیەک بۆ پەیامهێن، پێکنەهاتن. ئەنسار، دەیانویست سەعد بین عوبادە ئەلخەزرەجي ( سعد بن عبادة الأنصاري الساعدي

الخزرجي)، وەک نوێنەری خۆیان بەرانبەر بە ئەبووبەکر، کە نوێنەری موهاجیران بوو، بکرێت بە خەلیفە. ئەبووبەکر ئەسسددیق (أبوبكر الصديق) و عومەری کوڕی خەتتاب (عمر بن الخطاب) و ئەبوو عوبەیدە بین ئەلجەڕاح (أبو عبيدة بن الجراح) ڕێڕۆی ڕەوتی دەسەڵاتیان گۆڕی، بەوەی سەعد بین عوبادەیان ناچار کرد بەیعەت بە ئەبووبەکر بدات، کارێک کە سەعد بۆ خۆی پێی قایل نەبوو، چون وا باوە، کە سەعد هەواداری ئیمام عەلی بووە. ئەو گردبوونەوەیە لە هەلومەرجێکی ناسروشتیدا جێبەجێ کرا و زۆرینەی خەڵک هەر ئاگایان لێ نەبوو، تەنانەت گەورە هاوەڵانی پەیامهێن و سەرکردەکانی خەڵکیش، کە لە مەیداندا بوون، ئامادەی ئەو گردبوونەوەیە نەبوون. گردبوونەوەکە، بە دیدی گەلێک لە مێژوونووسانی وەک ئیبن هیشام (إبن هشام) و ئەلتەبەری، بێجگە لە کوودێتایەک هیچی دیکە نەبوو و وەک پرۆسێسێکی سیاسییش، بوو بە هۆی چاندنی تۆوی ناڕەوایی و لەتکردنی یەکیەتیی ئیسلام لەوێ ڕۆژێڕا.

هەر کە پەیامهێنی ئیسلام لە سەرەمەرگدا دەبێت، پرسی ئەوەی کێ دەبێتە جێگرەوەی پەیامهێن و سەرکردەی موسوڵمانان، دێتە گۆڕێ. هەرچەندە کەس بیری لەو بۆشاییەی کۆچی دوایی پەیامهێن جێی دەهێڵێت، نەکردبووەوە، لێ بوونی بڕێک کەسیەتی، کە قورساییەکی

جڤاكی و ئابووریيان هەبوو، مانەندی ئەبوبەكری سددیق (أبوبكر الصديق) و عومەری كوڕی خەتتاب (عمر بن الخطاب) و عوسمانی كوڕی عەففان (عثمان بن عفان) و هەندێكی تر وەك دڵنیایی و مسۆگەرییەكی ئارامی و ئاسوودەیی بۆ دەوڵەتی ئیسلامی لە لایەن هەندێک كەسەوە، بە تایبەت ئەوانەی خاوەن بەرژەوەندی ماددی و سامان و هۆز بوون، دەهاتە بەرچاو. ئەوە دیوێكی ڕەوشەكە بوو، دیوێكی دیكەی ئەوە بوو، كە لە حیجازدا سێ ڕەوت یا سێ دەستەی جڤاكی هەبوون:

یەكەم: بنەماڵەی ئەبووسوفیان، كە وەک ئەریستۆكراتییە كۆنەكانی حیجاز دەبینران.

دووەم: ئەریستۆكراتییە ئایینییەكانی قورەیش، ئەبووبەكری سددیق، عومەری كوڕی خەتتاب، عوسمانی كوڕی عەففان، عەبدوڕەحمانی كوڕی عۆف (عبدالرحمن بن عوف)، زوبێری كوڕی عەووام (زبير بن العوام) و تەلحەی كوڕی عەبدوڵلا (طلحة بن عبدالله) و هیی دیكە بوون، كە موڵكدار و دارا بوون.

سێیەم: عەلی كوڕی ئەبوو تالیب، كە تەواوی ئەو هەژار و نەدار و لاتولووت و كەنارخراوان و چەوساوە عەرەب و مەوالییەكانی (ناعەرەبە موسوڵمانەكان) هەڤالانی پەیامهێنی، لە دەور گرد بووبوونەوە. ئەم ڕەوتەی عەلی، دواتر بوو بە ڕەوتێكی گەلێر و جەماوەری.

ئەوەی لە سەقیفەی بەنی ساعیدەدا ڕوویدا، لەمیانی هەندێک دەنگی ناڕەزایی لەلایەن هاشمییەکانی وەک عەلی کوڕی ئەبوو تالیب و عەبباسی کوڕی عەبدەلموتتەلیب، بەیعەت درا بە ئەبووبەکر بۆوەی ببێتە یەکەم خەلیفە کە ئیدی شتێکی نەهێشت بە ناوی شوورا، بەڵکە بەرژەوەندی ئەریستۆکراتی ئابووری و خێڵەکی، بە بەیعەتدان بە ئەبووبەکر لەلایەن دوو کەسەوە، عومەری کوڕی خەتتاب و ئەبوو عوبەیدەی کوڕی ئەلجەڕاح و بە دیاریکردنی عومەریش لەلایەن ئەبووبەکرەوە وەک جێگرەوەی خۆی، لە بەرچاو گیرا. دواتریش عومەر، پێش کۆچی دوایی خۆی، شەش کەسی دەستنیشان کرد بۆوەی یەکێک لەوان ببێتە جێگرەوەی، کە یەکێکیان عەلی کوڕی ئەبووتالیب بوو. بەپێی برێک سەرچاوەی مێژوویی وەک ئەلیەعقووبی (أحمد بن أبي يعقوب)، عومەر، ئەبو تەلحەی زەیدی کوڕی سەهلی ئەنساری (أبا طلحة زيد بن سهل الأنصاري) داناوە و ڕایسپاردووە، بۆ ئەوەی دوای مردنی خۆی (واتە: عومەر) ئەو (واتە: ئەبا تەلحە) سەرپەرشتیی دانانی خەلیفەی سێیەم لەنێوان ئەو شەش کەسەدا بکات.[158] بە

[158] بەو مەرجەی: ئەگەر چواریان قایل بوون و دووانیان نەء، ئەوا ملی ئەو دووانە بپەڕێنێت و ئەگەر سیانیان قایل بوون و سیانیان نەء، ئەوا ملی ئەو سیانەیان بپەڕێنێت، بە مەرجێک عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوف (عبدالرحمن بن عوف) لەنێو ئەو سیانەی قایل نەبوون

گوێرەی گێڕانەوەی ئیبن میسکەوەی و تەبەری لە کتێب و مێژووەکانیاندا،[159] ئیمام عەلی دەیزانی ئەو مەرجانەی عومەری کوڕی خەتتاب بۆ هەڵبژاردنی خەلیفە دایناون، بە قازانجی وی (عەلی) نابێت. ئەو بۆچوونە لەو قسانەدا دەردەکەوێت، کە عەلی لەگەڵ مامیدا (عەبباسی کوڕی عەبدولموتتەلیب) دەیکات. پاش ئەوەی عەلی ئاگاداری کردەی شوورا دەبێت، مامی دەبینێت و پێی دەڵێ: "خیلافەت لە ئێمە لایدا." عەبباس دەڵێ: "چۆن دەزانیت؟" عەلی دەڵێ: "تووشی عوسمان بووم پێیگوتم: لەگەڵ زۆرینەدا بن، ئەگەر دوو پیاو بە پیاوێک قایل بوون و دوو پیاوی دیکە بە پیاوێکی دیکە قایل بوون، ئێوە لەگەڵ ئەوانەدا بن، کە عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوفیان تێدایە!

---

و گوتیان نەءدا نەبێت، ئەگەر سێ ڕۆژیش تێپەڕی و ئەوانە بە هیچ یەکێک لەو شەشە قایل نەبوون، ئەوا ملی هەر شەشیان بپەڕێنە "إن رضي أربعة وخالف اثنان، فاضرب عنق الاثنين، وإن رضي ثلاثة وخالف ثلاثة، فاضرب أعناق الثلاثة الذين ليس فيهم عبد الرحمن، وإن جازت الثلاثة الأيام ولم يتراضوا بأحد، فاضرب أعناقهم جميعا". بەگوێرەی ئەسسیووتی (جلال الدين عبد الرحمن بن أبي بكر بن محمد ابن سابق الدين الخضيري السيوطي)، عومەر، پەنجا کەسیشی لە ئەنسار داناوە بۆوەی پاسەوانی جێبەجێکردنی ئەو کارە بن.

[159] إبن مسكويه (محمد بن يعقوب، أبو علي مسكويه 932-1030)، تجارب الأمم وتعاقب الهمم، هەروەها: الطبري (محمد بن جرير الطبري 829-923)، تأريخ الطبري.

سەعد پێچەوانەی عەبدورڕەحمانی پسمامی ناکات و عەبدورڕەحمانیش زاوای عوسمانە و ناکۆک نابن، عەبدورڕەحمان دەیداتە عوسمان یا عوسمان دەیداتە عەبدورڕەحمان، تەنانەت ئەگەر ئەو دووانەی دیکەیش لەگەڵم بن، هیچ قازانجێک ناکەم". عەلی، بێزاری لە مەرجەکانی شوورا دەربڕی و دەیزانی، شوورا دەبێتە هۆی ئەوەی یەکێک لە بنەماڵەی ئومەوی ببێت بە خەلیفە، چون عومەر ئەوەی بڕیبووەوە کە ئەگەر دەنگەکان یەکسان بوون، ئەوا هەر دەبێت بە قازانجی عەبدورڕەحمانی کوڕی عەوف تەواو بێت. عەلی، دەیشیزانی سەعد کوڕی ئەبووەققاس، بە حوکمی بنەچە، لای عەبدورڕەحمان دەگرێت و لەگەڵ خیلافەتی عوسماندا دەبێت، چون زاوایەتی، بۆیە لەبەر ئەو هۆیانە هەر لە دەسپێکڕا عەلی، تووڕە بوو لە پرۆسێسی شوورا و بە دڵی نەبوو. ئەو تووڕەبوونە پتر لە سەرچاوەی دیکەدا باسی لێوە کراوە. لە کن ئەششەیخ موفید،[160] عەلی بەم جۆرە باس لە شوورا دەکات: "منی کرد[161] بە شەشەمی شەش کەس وەک پشکی داپیرە (نەنک) و گوتی کەمینە

---

[160] الشيخ مفيد (محمد بن محمد بن النعمان... بن سعيد بن جبير)، الأمالي.

[161] لەو "منی کرد...."ە، کە عەلی دەیڵێ، مەبەستی عومەرە، واتە: عومەر ئەوی کرد بە شەشەمی شەش کەس...!

بکوژن و مەبەستیشی بێجگە لە من کەسی دیکە نەبوو، من ددانم بە خۆمدا گرت و تووڕەبوونی خۆم شاردەوە و چاوەنۆڕی فەرمانی خودا بووم و پاژنەم لە زەوی توند کرد".

پاش کۆچی دوایی عومەری کوڕی خەتتاب، عوسمانی کوڕی عەففان (عثمان بن عفان) لەنێو ئەو شەش کەسەدا کرا بە خەلیفە. تەواوی پاساوێک بۆوەی ئیمام عەلی، هەر لە سەردەمی پێکهاتنەکەی سەقیفەوە، نەبێتە جێگرەوەی پەیامهێن، ئەوە بوو، کە قورەیش ناڕازی بوون و دەیانگوت نابێت پەیامهێن و خەلیفە؛ هەردووکیان، لە بەرەبابی هاشمدا بن.

لەنێو گرنگترین و نزیکترین کەسانێک لە پەیامهێنەوە، کە ئەگەر بنەمای شوورا هەبووایە و وەک دەگوترێ پێڕۆ دەکرا، ئیمام عەلی کوڕی ئەبووتالیب و عەبباس کوڕی عەبدولموتتەلیب (عباس بن عبدالمطلب) بوون، کە لە ماڵباتی پەیامهێن بوون و دەبوو لە گلێربوونەوەی سەقیفەی بەنی ساعیدەدا، ڕاوێژیان پێ کرابا، نەک هەر ڕاوێژ بەڵکە دەبوو عەلی کوڕی ئەبووتالیب، بە گوێرەی چەندین بەڵگە، کە نەک هەر هێما، بەڵکە جەخت لەوە دەکەن، پەیامهێن وەک جێگرەوەی خۆی دایناوە. عەلی کەسێک بووە، لە تەواوی ئەوانی دیکە شایستەتر، لێهاتووتر، تواناتر، زاناتر، خوێندووتر، عاقڵتر، ئازاتر و...

بووە، دەبوو ئەو نەک کەسێکی دیکە، بە جێگرەوەی پەیامهێن دیاری بکرێت. پەیامهێنی ئیسلام بۆ خۆی جەختی لەوە کردووەتەوە، کە عەلی کوڕی ئەبوو تالیب، جێنشینیەتی دوای نەمانی.[162] دیارە مەبەست لەو

[162] لە ساڵی 632ی زایین/ 10ی کۆچییدا، پێش کۆچی دوایی پەیامهێنی ئیسلام موحەممەد بە ماوەیەکی کەم، دوا حەجی کردووە و لەتەک نزیکەی 100000 کەس لە موسوڵمانانی هەواداریدا لە جێگەیەک بە ناوی غەدیری خوم (غدیر خم) لەنێوان مەککە و مەدینەدا، ڕادەوەستن. پەیامهێن لەوێ دوائاخافتن بۆ ئەو خەڵکە دەکات و کۆمەڵێک مۆچیاری و ڕێنوێنییان دەکات و لە میانی قسەکانیشیدا باسی ئیمام عەلی کوڕی ئەبوو تالیب، وەک برا و جێنشینی خۆی دەکات، کە لە لایەن خوداوە دیاری کراوە و دانراوە. لە میانی گوتەکەیدا لەمەڕ عەلییەوە دەڵێ: { إن الله مولاي وأنا مولى المؤمنين وأنا أولى بهم من أنفسهم فمن كنت مولاه فعلي مولاه، اللهم وال من والاه، وعاد من عاداه، وأحب من أحبه، وأبغض من أبغضه، وانصر من نصره، واخذل من خذله، وأدر الحق معه حيث دار، ألا فليبلغ الشاهد الغائب}، واتە: "خودا، سەروەری منە و منیش ڕێبەری باوەڕدارانم، من لە خۆیان شایستەتری ئەوانم، من ڕێبەری هەرکەسێک بووم، عەلی ڕێبەری ئەوە، خودایە پشتوپەنای ئەوانە بە کە پشتوپەنای ئەون، دوژمنی ئەوانە بە کە دوژمنی ئەون، ئەوانەت خۆشبووێ وا ئەویان خۆش دەوێ، ڕقت لەوانە بێت کە ڕقیان لەوە، کۆمەک بەوانە بکە کە کۆمەک بەو دەکەن و شکست بەوانە بهێنە کە شکست بەو دەهێنن و حەق لەگەڵ ئەودا بچەرخێنە، بەرەو هەر لایەک دەچەرخێت، ئەوەی ئامادەیە بەوەی ئامادە نییە

ڕاییگەیەنێت". لەکن شیعە و لەکن سوننەیش باس لەو دواگوتەیەی پەیامهێن کراوە، لی سوننە تەنێ وەک پەسنێک بۆ ئیمام عەلی لەلایەن پەیامهێنەوە دەیبینن، هەرچی شیعەیە، هیچ گومانیان لەوەدا نییە و جەخت دەکەنەوە کە ئەو گوتەیەی پەیامهێن، وەسیەتنامە و دوابڕیاریەتی بۆوەی دوای خۆی، ئیمام عەلی ببێتە جێنشینی و ڕێبەری موسوڵمانان. هەر لەو گوتەیەدا هاتووە، کە هێشتا پەیامهێن و خەڵکەکەی کە لەگەڵیدا بوون، ئەو جێگەیان جێنەهێشتبوو، لەلایەن خوداوە سرووشی بۆ هاتووە و پێی گوتراوە؛ { اليوم أكملت لكم دينكم وأتممت عليكم نعمتي ورضيت لكم الإسلام دينا}، واتە: { ئەمڕۆ ئایینەکەتانم پڕکردەوە و بەخشینی خۆمم بۆ تەواو کردن و ئیسلامم بە ئایینتان دانا}. ئەوجا پەیامهێن دەڵێ: "{الله أكبر على إكمال الدين، وإتمام النعمة، ورضى الرب برسالتي، والولاية لعلي من بعدي}، واتە: {خودا گەورەیە بۆ پڕکردنەوەی ئایین و تەواوکردنی بەخشین و خودا بە پەیامەکەم و بە ڕێبەرییش دوای خۆم بۆ عەلی قایل بوو}. لە کتێبی (الغدير في الكتاب والسنة والأدب)، کە (موسوعة الغدير)یشی پێ دەگوترێ، کە لە نووسینی (عەبدولحوسەین ئەمینی 1902-1971)یە و لە 11 بەرگدا چاپ کراوە، بە وردی و دوورودرێژی باس لە غەدیری خوم و گوتارەکەی پەیامهێن و دیاریکردنی ئیمام عەلی وەک جێنشینی پەیامهێن کراوە. لە سەرچاوەی سوننەیشدا ئاماژە بەو گوتەیەی پەیامهێن لەمەڕ عەلییەوە لە غەدیری خوم کراوە. بنۆڕە: الإمام أبي عبدالله أحمد بن محمد بن حنبل، كتاب فضائل الصحابة، الجزء الثاني، دار العلم للطباعة والنشر، الطبعة الأولى، مكة المكرمة، 1983، ص569، 682. ئەو کتێبە، کە سەرچاوەیەکی سوننەیە، تەواوی ڕووپەلەکانی 528-728ی تەرخان کردووە بۆ باسی شیاوی و زانایی ئیمام عەلی و

جێنشینییەیش، سیاسەت و دەسەڵات و دەوڵەتداری نەبووە، وەک دەستەی سەقیفە وایان لێکرد، بەڵکە ئیمامەت بووە، واتە: پەیامهێن، عەلی وەک ئیمام لە دوای خۆی دیاری کردووە بۆ درێژەپێدانی پەیامی پەیامهێنیەتی و ڕێبەریەتییەکی ڕۆحی، نەک بوون بە فەرمانڕەوا و دەسەڵاتدار، چون لە قورئاندا هیچ هێمایەک بۆ چۆنیەتی هەڵبژاردن یا دانان یا لابردن یا دەسەڵات و فەرمانڕەوایی نییە. عەلی و عەبباسی مامی پەیامهێن و خێزان وماڵباتی پەیامهێن، تەنێ خۆیان، لە گیانەڵڵایدا و کۆچی دواییدا و

---

ئەوەی لەمەڕ وییەوە گوتراوە. بێجگە لەوەیش لە گەلێ جێگەی ئەو کتێبەدا، لە پەیامهێن دەگێڕدرێتەوە، کە نێزیکایەتیی عەلی و پایەی وی لە پەیامهێن و لەکن وی، وەک هاروون لە مووسا داناوە، کاتێک گوتوویەتی: "أنت مني بمنزلة هارون من موسى، غير أنه لا نبي بعدي"، واتە: تۆ بۆ من لە جێگەی هاروونی بۆ مووسا، لێ لە دوای من پەیامهێن نییە. هاروون براگەورەی مووسا بووە، لەکن جوو، مەسیحی و موسوڵمان هاروون و مووسی بە پەیامهێن دادەنرێن. هەر لەو لاپەڕانەدا لەو کتێبەی ئیبن حەنبەلدا باس لەوە کراوە. ئەم گوتەیەی پەیامهێن لە ڕۆژی برایەتی "المؤاخاة" و ڕۆژی بەدر و ڕۆژی گرتنی خەیبەر و جەنگی تەبووک و ڕۆژی غەدیری خوم گوتراوە. لەکن ئەلبوخاری (صحيح البخاري) و ئەلتەبریزی (كتاب مشكاة المصابيح) و شەمسوددین ئەششافیعی (أسنى المطالب) و ئەلسیووتی (قطف الأزهار المتناثرة في الأخبار المتواترة)، باس لەو گوتەیەی پەیامهێن کراوە.

دواتریش بە خاک سپاردنیدا، بە دیار پەیامهێنەوە بوون، ئیدی تەواوی ئەوانی دی، بە ئەبووبەکر و عومەریشەوە، کە بە هاوەڵانی نێزیکی پەیامهێن دەژمێردرێن، لە سەقیفەی بەنی ساعیدە وەدووی دەسەڵات و بەرژەوەنددا وێڵ بوون. ئیمام عەلی بۆ خۆی دەڵێ: "هێشتا پەیامهێن نەنێژرابوو، ملانێ لەسەر دەسەڵات دەستی پێ کرد".

لە گوتاری ئەلشیقشیقییە (خطبة الشقشقیة)دا،[163] ئیمام عەلی زۆر بە ڕاشکاوانە و کراوەیی تەواوی خەلیفایەتیی ئەبووبەکر، عومەر و عوسمان دەخاتە ژێر پرسیارەوە و پێی وایە هەر لە دەسپێکڕا، ئەبووبەکر، کە خۆی کردووە

---

[163] ئەلشیقشیقییە (خطبة الشقشقیة) واتە پرمەی وشتر و ئەو لیک و لینجییەی لە کاتی تووڕەبوون و هەڵچووندا لە زاری وشتر دێتە دەرێ. بۆ بینینی ئەو گوتارە بنۆڕە:

نهج البلاغة، مجموع ما إختاره الشریف الرضي من كلام الإمام علي بن أبي طالب، شرح الشیخ محمد عبده، الطبعة الأولى، مؤسسة الأعلمي للمطبوعات، بیروت-لبنان، 1993.

نهج البلاغة، مجموع ما إختاره الشریف الرضي من كلام الإمام علي بن أبي طالب، ضبط النص الدكتور صبحي الصالح، منشورات دار الهجرة، إیران-قم، 1387هـ

نهج البلاغة بە کوردی، وتار و نامەکانی میری بڕواداران عەلی کوڕی ئەبو تالیب، کۆکردنەوە ئەششەریف ئەلڕزی، پێداچوونەی موحەممەد عەبدە، وەرگێڕانی مەلا عبداللطیف بامۆکی، التفسیر، هەولێر 2011.

بە خەلیفە، جێگرایەتیی پەیامهێنی زەوت کردووە و هەر خۆیشی (ئەبووبەکر)، عومەری بە جێگرەوەی خۆی داناوە و دواتریش عوسمان ئەو جێگەیەی وەرگرتووە، کە هیچ یەکێک لەوان شایستەی ئەو جێگەیە نەبوونە و تەواوی ئەو کارە، نەخشە و فرتوفێڵێک بووە و لەو (ئیمام عەلی) کراوە و مەبەستیش دوورخستنەوەی وی و ئالولبەیت بووە لەو جێگرییەی پەیامهێن، کە پەیامهێن بۆ خۆی عەلی بۆ ئەو جێگەیە دەستنیشان کردبوو. لە ئەلشیقشیقییەدا، عەلی، نارەزایی لە کێشە و پرسی خەلیفایەتی بەو جۆرەی لە سەقیفەی بەنی ساعیدەدا ئەنجامدرا و سەپێنرا، دەردەبڕێت و باسی خۆڕاگری و ددانبەخۆداگرتنی خۆی و بەیعەتدانی خەڵک بە خۆی دەکات و تەواوی پرۆسێسی خەلیفایەتیی ئەبووبەکر، عومەر و عوسمان دەخاتە ژێر پرسیارەوە و سەرلەبەری پێ ناڕەوا و نادروستە. ئەو گوتاری ئەلشیقشیقییە لەساڵی 38-39ی کۆچی/660ی زایینیدا ئیمام عەلی لە مزگەوتی کووفە (مسجد الکوفة) بۆ خەڵکی گوتووە. لەو گوتارەیدا دەڵێ: "سوێند بەخودا، کوڕی ئەبوو قوحافە پۆشیی و دەیشزانێت کە جێگەی من وەک جێگەی تەوەرەی ئاسیاوە، لە منەوە لافاو

دەردەچێت...". [164] ئەوەی پشتی کۆچی دوایی پەیامهێن ڕوویدا، واتە: ململانێی هاوەڵانی، بوو بە جەنگی برایان، کە تا ئێستایش درێژەی هەیە.
ئەو ڕووداوەی سەقیفە، کە لەکن ئیسلامی سوننە، گەلێک سروشتی و ئاسایی وەردەگیرێت، تەواوی بنەمای شوورا، ئەو شوورایەی کە لەو سەردەمەی سەرەتای ئیسلامدا، پیرۆز کراوە، دەخاتە ژێر پرسیارەوە و گومان دروست دەکات و هەڵیدەتەکێنێت. دواتریش، سەرکردەیەتیی سیاسی لە دەوڵەتی ئیسلامیدا، لەکن شیعە، لە شێوازی ئیمامەت (الإمامة)دا و لەکن سوننەیش لە شێوازی خیلافەت (الخلافة)دا خۆیان نواندووە، کە بە خوێی چێشتیش لەتەک شوورا و هەڵبژاردن و ڕای گەلدا نایەنەوە. پرۆسێسی دانانی هەرسێ خەلیفەکانی یەکەم و دووەم و سێیەمی پەیامبەر، کە بە ڕاشیدوون ناودێر کرابوون، دەشێ لەم چەند وشەیەدا کورت بکرێنەوە: ئەوان بە بڕیاری کۆی ئەریستۆکراتی قورەیش کران بە خەلیفە. ئەوان نوێنەری خەڵک نەبوون، بەڵکە نوێنەری

---

[164] کوڕی ئەبوو قوحافە، واتە: ئەبووبەکر و پۆشیی، مەبەست لێی خەلیفەیەتی یا پۆشاکی خەلیفەیەتییە، ئیمام عەلی بەم جۆرە دەست بە گوتارەکەی دەکات: "امَا وَاللَّهِ لَقَدْ تَقَمَّصَهَا ابن أبي قحافة وَإِنَّهُ لَيَعْلَمُ أَنَّ مَحَلِّي مِنْهَا مَحَلُّ الْقُطْبِ مِنَ الرَّحَى يَنْحَدِرُ عَنِّي السَّيْلُ..." و ئیدی بەردەوام دەبێت.

ئەریستۆکراتییان بوون. هەرچی عەلی کوڕی ئەبو تالیبە، ئەو نوێنەری خەڵک بوو و ئەریستۆکراتی قورەیش لەسەری کۆک نەبوون و ئەوانەی وەک دەستەی شوورای هەڵبژاردنی خەلیفەیش دانرابوون عەلییان ڕەد دەکردەوە. ئەوەی سەرۆک بین بیللا لەمەڕ شووراوە دەیڵێ، هەرگیز ناکاتە قایلبوونی و وێکهاتنەوەی لەتەک ڕووداوەکەی سەقیفەدا و بەشوورازانینی ئەو پرۆسێسە، بەڵکە دەکاتە پێچەوانەکەی.

عەلی عەبدوڕازیق[165] لە کتێبی ئیسلام و بنەماکانی فەرمانڕەوایی (الإسلام وأصول الحکم)دا دەڵێ: "خیلافەت هیچی لەگەڵ نەخشە ئایینییەکاندا نییە، دادگە و ئەرکەکانی فەرمانڕەوایی و نێوەندە دەوڵەتییەکانیش، هەموو ئەوانە، تەنێ نەخشەی سیاسیین و ئایین هیچ کارێکی بەوانەوە

[165]عەلی عەبدوڕازیق (علي عبد الرازق، علي حسن أحمد عبد الرازق 1888-1966). لە ئاوایی ئەبوو جرج (أبو جرج) لە ئوستانی ئەلمەنیا (المنيا) لە میسر لە دایک بووە. لە گوندەکەی خۆیان و لە حوجرە قورئانی خوێندووە و دواتر چووەتە ئەلئەزهەر (الأزهر) و پاشان چووەتە زانستگەی ئۆکسفۆرد لە بریتانیا و دوایی گەڕاوەتەوە وەڵات و بە قازیی شەرعی دامەزراوە. ئەوجا بووە بە مامۆستا لە ئەزهەر. لەنێوان 1948-1949دا کراوە بە وەزیری ئەوقاف. ئەندامی پەرلەمان و ئەنجومەنی پیران و کۆڕی زمانی عەرەبی بووە لە قاهیرە.

نییە".[166] لەو کتێبەدا نووسەر گەرەکیەتی ئەوە بسەلمێنێت کە ئیسلام ئایینێکی ڕۆحییە و هیچی لەگەڵ سیاسەتدا نییە و لە بواری سیاسەتدا هیچ قانوونێکی نییە، چون سیاسەت، پرس و کارێکی دنیاییە و خەڵک خۆیان ئامراز و بنەماکانی دیاریی دەکەن. نووسەر پێیشیوایە سیستمی خیلافەت، کە بە ئیسلامەوە لکێنراوە، هیچ پێوەندێکی بە ئیسلام, بنەماکانی ئیسلام و قورئانەوە نییە، بەڵکە موسوڵمانان بۆ خۆیان دایانناوە. هەندێک، ئەو کتێبەی عەبدوڕازیق، وەک جوداکردنەوەی ئایین لە سیاسەت دەبینن، لێ هەندێکی دیکە پێیان وایە، ئەو نووسەرە بە شەرع و ڕێگەی ڕاستی ئایین، ئەوەی سەلماندووە کە هیچ نیشانەیەک لەمەڕ شێوازێکی دیاریکراوی دەوڵەتداریی لە ئیسلامدا نییە، بەڵکە خودا لە کتێبەکەی خۆیدا؛ قورئان، ئازادیی بە موسوڵمانان داوە بەوەی چ جۆرە شێوەیەکی دەوڵەت دادەمەزرێنن، بەو مەرجەی ئەو دەوڵەتە بە وەدیهێنانی مەبەستەکانی شەریعەتەوە وابەستە بێت. دیارە لە ئیسلامدا شێوازی فەرمانڕەوایی پاشایەتی نییە، وەک ئەوەی کە لە موعاوییەی کوڕی ئەبووسوفیان و ئومەوییەکانەوە دەستی پێ کرد، ئیسلام بۆ خۆی نەفرەتێکە لە پاشا و پاشایەتی، وەک لە قورئاندا ئاماژەی

---

[166] عبدالرازق، علي، الإسلام وأصول الحكم، 1925.

پێ کراوه.[167] ئەو کتێبەی عەبدوڕازیق تەواوکەری ڕەوت و ئاراستەیەکی هزرییە، کە جەمالوددین ئەفغانی و موحەممەد عەبدە و قاسم ئەمین و عەبدوڕەحمان کەواکیبی (عبدالرحمن الكواكبي) دەستیان پێ کردبوو.

لە دیدی عەلی شەریعەتییەوە، حوکوومەت نابێ حوکوومەتی ئایینی بێت. ئەو لەو باوەڕەدایە، دیموکراسی، بە دەنگی زۆرینە، وەک سیستمی حوکومڕانی لە جیهانی ئەمڕۆدا، کاملترین نییە، بەڵکە ئەو بە پەسەندترین و مەقبوولترین حوکوومەتی دەزانێت. ئەو پێی وایە حوکوومەتی ئایینی، سیستمێکە، لەبری پیاوی سیاسەتکار، پیاوی ئایینی، پێگە و پایەی سیاسی و دەوڵەتیی دەگرێتە دەست، واتە: لە لایەن پیاوانی ئایینییەوە، حکوومەتی ئایینی دادەمەزرێت و حوکمڕانیی گەل و وەڵات دەکات. شوێنەواری سروشتی وەها حوکوومەتێک، چەوساندنەوە و ستەمە، چون پیاوانی ئایینی خۆیان بە جێنشینی خودا دەزانن و هەر کارێکی دەیکەن بە جێبەجێکردنی

---

[167] القرآن الكريم: النمل: 34 {قالت إن الملوك إذا دخلوا قرية أفسدوها وجعلوا أعزة أهلها أذلة وكذلك يفعلون}، واتە: {پادشاکان بچنە هەر ئاوایییەکەوە وێرانی دەکەن و باشترین مرۆڤەکانی سووک و ڕسوا دەکەن}، لە وەڵامی پەیامی سولەیمانی پەیامهێندا، بەلقیسی پاشای سەبەء (سبأ) وا دەڵێت. دیارە بەو جۆرە باسکردنی پاشایەتی، ئاماژەیە بۆ نەفرەتکردنی خودا لێی.

فەرمانەکانی خودای دەزانن و لە وەها ڕەوشێکدا، مرۆڤ، خەڵک، مافی ڕای جیاواز و ڕەخنە و دەربڕینی بۆچوونی خۆیانیان لەهەمبەر ئەواندا نییە. هەر سەرکردەیەکی ئایینی، بێ گوێدانە ڕا و بۆچوونی خەڵک، هەر لە خۆوە خۆی بە سەرکردەی خەڵک دەزانێت. لە وەها حاڵێکدا ئەو فەرمانڕەوایە، دەبێتە فەرمانڕەوایەکی نابەرپرس، کە ئەوە ڕێک چەوسێنەرێکی تەواوە، چون ئەو خۆی بە سێبەر و نوێنەری خودا دەزانێت. بەو جۆرەیش دەبێتە دیکتاتۆر بەسەر گیان و ماڵ و ژیانی هەموو خەڵکەوە و بە هیچ جۆرێک ڕێگە بە هیچ جۆرە بەرهەڵستی و ڕووبەڕووبوونەوەیەک بەرانبەر بە خۆی نادات و ڕازیبوونی خودا لەو کار و مامەڵەیەدا دەبینێت، کە دەیکات. بێجگە لەوانەیش، هەرچی ئەوانەن کە لەگەڵیدا نین یا سەر بە ئایینی دیکەن، تەنانەت مافی ژیانیشیان پێ ڕەوا نابینێت. ئەوان بە گومڕێ، بەر نەفرەتی خودا کەوتوو، گلاو و دوژمنی ئایین و دژی حەق دەژمێرێت و هەر جۆرە ستەمێکیش بەرانبەر وان، بە عەدالەتی خودایی دەزانێت. گوستاڤ لۆ بۆن،[168] تەنانەت نەک تەنێ دەسەڵات و

[168] گوستاڤ لۆ بۆن(1841–1931)Gustave Le Bon، فیلۆسۆف و مێژوونووس و کۆمەڵناس و دکتۆرێکی فرانسی بوو. چەندین کتێبی لە بوارەکانی سیاسەت و فەلسەفە و شارستانەتی و مێژوو

دەوڵەتی ئایینی، بەڵکە گەلانی باوەڕداریش بە ئایین، وەک پێشێلکەری قانوون و ئەخلاق دەبینێت، ئەو دەڵێ: "گەلانی باوەڕدار بە ئایین، کاتێک هەڵەیەکی ئەخلاقی یا قانوونی دەکەن، هەست بە ئازاری ویژدان ناکەن، چون لەسەر چەمکی ئەوەی کە خوداپەرستیی گوناهەکان دەسڕێتەوە، بارهێنراون و پێگەیێنراون".

دەوڵەتی ئایینیی لەنێویشیاندا ئەو حوکمە ئیسلامییانەی کە لە مێژوودا هەبوون و هەن و ناوی دەوڵەتی ئیسلامییان لێنراوە، بەگوێرەی "تیۆریی خودایی" دادەنرێن و دادەمەزرێن. بەگوێرەی ئەو تیۆرییە، دەوڵەت لەلایەن خوداوە دانراوە و مرۆڤ لە دامەزراندنیدا کەسێک یا بوونەوەرێکی هیچکارەیە و کارا و بنەڕەتی نییە، ئەوەی بنەڕەتی و هەمەکارەیە خودایە، خودا، فەرمانڕەوای بۆ ئەو دەوڵەتە هەڵبژاردووە بۆوەی بیبەن بەڕێوە کە دەکاتە ئەوەی ئایین و فەرمانڕەوا، تەواوکەر و پارێزەری یەکترن و دوو دیوی پارەیەکن. ئەبوو حامید موحەممەد ئەلغەززالی (أبو حامد محمد الغزالي)، کە سۆفی و زانایەکی ئیسلامی شافیعی ئەشعەری سوننەیە و لە 1111زاییندا کۆچی دوایی کردووە، لە کتێبی "إحیاء علوم الدین"دا دەڵێ:

---

و شۆڕش و دەیان بابەتی دیکەدا نووسیوە و لەمەڕ ئیسلام و جیهانی عەرەبیشەوە کاری هزریی کردووە.

"دەسەڵات و ئایین جمکن، ئایین بنەمایە و دەسەڵات پاسەوان، ئەوەی بنەمای نییە ڕووخاوە و ئەوەی پاسەوانی نییە بزرە".

ئەڵبەتە هەرگیز دەوڵەتێکی ئیسلامی، بە پێوەری پێناسەی دەوڵەت، لە مێژوودا نەبووە، چون چەمکی دەوڵەت و دەوڵەتداریی نوێیە. پوختەی پێناسەیەک کە بۆ دەوڵەت کراوە، ئەوەیە کە لە کۆمەڵە خەڵکێک پێکدێت و ئەوانیش لەسەر خاکێک و جیۆگرافیایەکی دیاریکراو و سنووردار دەژین و سیستمێکی سیاسی کە لەسەری پێکهاتوون، دەیانبات بەڕێوە و کاروباری خەڵک و دانیشتووان و دەوڵەتەکە، کە سەرپەرشتیی سیاسەت و ئابووری و کۆمەڵایەتی و گوزەران و ژیانی خەڵکەکەی دەکات و ئامانجی لەوەیشدا پێشکەوتن و خوشگوزەرانی و باشترکردنی ئاستی ژیانی تاکەکانە، جێبەجێ دەکات.

ئەو پێناسەیە دەوڵەتێک دەگرێتەوە، کە لەسەر بنەمای ئایینی نەبێت. ئەو تیۆرییەی دەڵێ: ئیسلام هەم ئایینە و هەم دەوڵەت "الإسلام دين و دولة" و بەشێک لە موسوڵمانان باوەڕیان پێیەتی و هەوڵی بۆ دەدەن، دەشێ بۆ ئایینەکانی دیکەی مانەندی: جوولەکایەتی، عیسایەتی، بوودایەتی، هیندۆسی، ئێزدیایەتی، یارسان، بەهائی، زەردەشتیەتی و هەموو ئەوانی دیکەیش ئومێد و ئامانج

و خواستێک بێت و ئەوانیش کار بکەن بۆ ئەوەی ئایینەکانی خۆیان هەم ئایین و هەم دەوڵەت بن! ئیدی لە وەها دەوڵەتگەلێکدا دوو ئایینی جیاواز پێکەوە هەڵناکەن و ناتوانن لەتەک یەکدیدا بژین و ژیان بۆ خەڵکانی سەر بە ئایینێکی دی یا بێئایینان کارێکی سەخت و دژوارە و تاکە پێناسەی مرۆڤ دەبێتە ئایین و هیچی دی. دامەزراندنی هەر دەوڵەتێک لەسەر بنەمای ئایینی، میتافیزیکی، ڕەگەزی، زمان، خێڵ، تایفە و... گچکەکردنەوەی دەوڵەتە و سڕینەوەی چەمکی دەوڵەتدارییە و کارێکە دوور لە گیانی پێکەوەژیان و بەهاکانی مرۆڤایەتی.

ئەوەی لە ئیسلام و مێژووی ئیسلامدا هەبووە حوکمی ئیسلامی بووە، کە تا ڕادەیەک هاوتایە بە چەمکی دەوڵەتی ئێستا. ئەو حوکمە ئیسلامییەیش لەسەر بنەمای ئەخلاقی و جڤاکی و سیاسی و میتافیزیکی و قانوونیی جیاواز لە بنەماکانی دەوڵەتی نوێی ئێستایی دامەزراوە. لە ئیسلامدا چەمکی ئوممەت هەیە، کە پتر بە واتای کۆمەڵ و خەڵک دێت و لە چەمکی نەتەوەی ئێستایی جیاوازە. ئەو دەڤەر و جڤاک و شوێن و ئاوەدانییانەی شەریعەتی ئیسلامیان تێدا جێبەجێ دەکرێت، بە خانەی ئیسلام (دارالإسلام) ناو دەبرێن و ئەوانی دیکە، کە قانوونی ئیسلامییان تێدا جێبەجێ ناکرێت، بە خانەی جەنگ (دارالحرب) یا خانەی

کوفر (دار الكفر) ناو دەبرێن و هەموودەم ئەگەری ئەوە هەیە، دەڤەرەکانی خانەی جەنگ/کوفر بە تۆبزی یا بە پێکهاتن و قایلبوون بکرێن بە جڤاکێکی ئیسلامی و قانوونەکانیشیان بگۆڕدرێن بۆ قانوونی ئیسلامی. دەوڵەت، بە شێوازە نوێ و سەردەمییەکەی، وەک دەسگەیەکی جێبەجێکردن و کارکردن، ئامرازێکە بۆ خزمەتکردن بە مرۆڤ، لێ لە ئیسلامدا حوکم و فەرمانڕەوایی و دەوڵەت و هەمووی بۆ خزمەتی خودایە و کارەکانیان دەبێ بۆ ڕەزامەندیی خودا بێت، نەک مرۆڤ. لە دەوڵەتێکدا ئایین فەرمانڕەوا بێت، هەر ئایینێک، ئیسلام بێت یا هەر ئایینێکی دیکە، لەژێر ناوی خودا، کردگار یا ئەو هێزە میتافیزیکییەی مرۆڤ باوەڕی پێیە، هەژموونی ئیدیۆلۆگی دەسەڵات زاڵە و بەو ئیدیۆلۆگییە تەنانەت مێشکی مرۆڤەکانیش چێوەدار دەکرێن. تاک، لە دەوڵەتی نوێدا بۆ خزمەتی دەوڵەت نییە، بەڵکە دەوڵەتە کە دەبێ خوشگوزەرانیی تاک وەدی بهێنێت.

دەوڵەتی ئیسلامی، کە هەرگیز لە مێژوودا، چ لە سەرەتای ئیسلامدا لە سەردەمی پەیامهێندا و چ دوای ویش لە سەردەمی خەلیفەکان و سەردەمی ئومەوی و عەبباسی و عوسمانی و سەفەوی و ئەم دەوڵەتانەیشی ئەمڕۆ ناوی ئیسلام لە خۆ دەنێن و هەنووکە هەن، هەرگیز نە بە شوورا و نە بێ شوورا، نەیانتوانیوە کیشە بنەڕەتییەکانی

مرۆڤ، بە تایبەت کێشەی چینایەتی، هەژاری و دەوڵەمەندی، نادادی و دادپەروەری، ستەم و چەوساندنەوە و ئازادی و دەیان کێشەی دیکە، چارەسەر بکەن. دیارە وەها کۆمەڵێک، کە نایەکسانیی کۆمەڵایەتی و ئابووری تێدا بێت و کاریگەریی بەسەر خەڵکەوە هەبێت، جڤاکێک دێنێتە بەرهەم و ئامادە دەکات، توندوتیژی قەبووڵ بکات و پێی کارێکی ئاسایی بێت و بۆ خۆیشی بە هەموو شێوازێک بە کاری بهێنێت و پیادەی بکات، کە دەبێتە هۆی چێکردنی نەوەگەلێک، گرێکوێرەی کێماسی و نەخۆشییەکانی هەژموونگەرایی و خۆبەزلزانیی ببێتە بنگە و کرۆک و بناخەی پێوەندارییان.

ئیسلام، کە وەک پەیام و نامەیەک، پەیامهێن گەیاندی بە مرۆڤایەتی، هەر لە دوای کۆچی دوایی ئەوەوە، لە نامە و پەیامێکەوە گۆڕا و بوو بە ئیدیۆلۆگی و چەک و دەسەڵات و ململانێ، کە لە ئەنجامدا بووە هۆی کاڵکردنەوە یا تەنانەت سڕینەوەی پەیامە خوداییەکە. دەوڵەتداری، نە کاری ئایینە و نە کاری ئەوانەیشی بەسەر ئایینەوە دەژین. دەوڵەت و سیاسەت، پێوەندیان بە کاروبار و ژیانی دنیاییەوەیە و لەتەک گۆڕان و پێشکەوتنی جڤاکدا، ئەوانیش دەگۆڕێن. فرێدریک نیتشەی فیلۆسۆف دەڵێ: "کاتێک خەڵکانێکی نادەوڵەتمەدار دەبنە سیاسەتکار،

دەوڵەتێکی نارێکوپێک دێتە گۆڕێ". کەسانێکی ئایینکار، مەلا و ئاخوند و فەقیهـ و قەشە و کاردیناڵ و حاخام و پاپا و... کە لە بازنەی کەنیسە و مزگەوت و حوسەینی و کنێشت و... دەهزرێن و دەژین و کار دەکەن و جیهان دەبینن و ڕەوتار دەکەن، وەک پیشە و شارەزایی، کەسانێکی سیاسەتکار و دەوڵەتمەدار نین، ئەوان هەرگیز ناتوانن، لە پەنا و بە گەڕانەوە بۆ ئایین و وردەکارییەکانی و وەک سیستمێکی لەسەر ئایین دامەزراو، دەوڵەتێکی ڕێکوپێک چێکەن و ببەن بەڕێوە، لێ ئەمە نابێتە هۆی ئەوەی مەلایەک، قەشەیەک، موغێک، پیرێک یا پیاوێکی ئایینی نەتوانێت لە سیستمێکی دەوڵەتداریی سێکولاردا ببێتە فەرمانڕەوا، زۆر باش دەتوانێت، چون لە وەها سیستمێکدا ئەو مەلا یا قەشەیە، بەرنامە ئایینییەکەی خۆی، تێکەڵ بە جۆری فەرمانڕەواییەکەی ناکات. هیچ پەیامهێنێک، کە بە ناوی خوداوە دواوە و پەیامی بەنێو مرۆڤایەتیدا پەخش کردووەتەوە، مانەندی مووسا و عیسا و تەنانەت پەیامهێنی ئیسلامیش، باسیان لە دەسەڵات و حوکومڕانیان بۆ خۆیان نەکردووە و خۆیان بە میر و سەرۆک و هەوساربەدەست نەزانیوە، بەڵکە ئایینەکە وەک پەیامێکی ئاکاری و ڕەوشت و پەروەردە بە خەڵک گەیاندووە. دەوڵەت و سیاسەت، چ تایبەتمەندییەکیان لەتەک ئاییندا، هیچ ئایینێک، نییە. کاتێک کە باس لە ئایینی

ئیسلامیش دەکەین، دیارە پایە و کۆڵەکەکانی، کە هەردوو بەشی بنەماکان (أصول الدین) و لقەکانی (فروع الدین) ئایینی ئیسلام پێک دەهێنن و فەرزەکانیش: نوێژ، ڕۆژوو، زەکات و حەج، هیچیان نابنە پایە و کۆڵەکە و بنەمای دەوڵەتداری بە شێوەیەکی گونجاو لەتەک سەردەمدا. ئەڵبەت بە زەکات و سەدەقەیش، جیاوازیی چینایەتیی نێوان هەژارێکی برسی و ڕووت و نەدار و میلیاردێرێکی خودان ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و دەیان کۆمپانیا و بانک، کە ڕۆژانە سەدان میلیۆن قازانج دەکات و دێتە سەر حیسابەکەی، هەرگیز لە بەین ناچێت و یەکسانی نایەتە گۆڕێ، تا ئەوانەیش نەیەنە دی، بەکاربردنی مرۆڤ و چەوساندنەوە و ستەم هەر دەمێنن.

ئەنجامگرییەک، سەرۆک ئەحمەد بین بیللا پێیگەیشتووە ئەوەیە، کە وەک بۆ خۆی دەڵێ: ئەو عەرەبە و موسوڵمانە، بەڵام هەرگیز نە لەگەڵ ئاخاوتەیەکی ئایینییدایە و نە حەزیش دەکات لە ژینگەیەکدا یا وەڵاتێکدا بژی، کە ئاراستەیەکی تونداژۆی کۆنەخوازی ئیسلامی تێدا زاڵ بێت. مەسعوود موحەممەد دەڵێ: "لە هەموو مێژووی نوێی ئیسلامەتیدا پیاوی وەک (عەلی کوڕی ئەبو تاڵیب) و (عومەری کوڕی عەبدولعەزیز) مرۆڤدۆست و دژەستەم و دیموکرات و دادپەروەر نە پەیدا بووە و نە ڕێی

پەیدابوونیشی هەبووە".[169] لە هەموو مێژووی ئیسلامدا، تاکە فەرمانڕەواییەکی دادپەروەریی تێدا خرابێتە بەر کار، سەردەمی خیلافەتی عەلی کوڕی ئەبوو تالیب بووە، کە نموونەی فەرمانڕەوایی باش لەکن سەرۆک بین بیللایش هەر ئەو سەردەمەیە.

## کێشەی نەتەوەیی و کەمینەکان

نەتەوەگەرایی (ناسیۆنالیزم)، داهێنانێکی بورژوازی سەرمایەداریی ڕۆژاواییە و لە دیدی بین بیللایشەوە، داهێنانێکی ڕۆژاواییە و لەگەڵ شۆڕشی فرانسادا لە 1789 و لە سەردەمی جەنگدا دژ بە سیستمە فەرمانڕەواییە دەرەبەگایەتی (فیۆداڵ)یە کۆنەکەی فرانسا و ڕێژیمە پاشاییەکان لە ئەوروپا، هاتە گۆڕێ و پەیدا بوو و تا ڕادەیەکیش نوێیە. بین بیللا پێی وایە، بیری نەتەوەیی بەو شێوازە ئەوروپاییەی یا ڕاستتر فرانساییەی، لە جیهانی عەرەبیشدا نوێیە و دەسپێکی سەرهەڵدانی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی 1940 و میشێل عەفلەق (میشیل

[169] محەمەد، مەسعوود، مرۆڤ و دەوروبەر، بەشی یەکەم، چاپی یەکەم، کۆڕی زانیاریی کورد، بەغدا 1977، ل 25-32.

عفلق) و هاوڕێ بەعسییەکانی.[170] بین بیللا دەڵێ: چەمکی نەتەوەگەرایی، وەک لە جیهاندا و لەنێویشیاندا جیهانی عەرەبی و جیهانی ئیسلامی، کە تا هەنووکە بە بەها و بیروباوەڕەکانی ئێمەی دژ بە لەتکردن و دابەشکردنی هەرێمی و جۆرەکانی دیکە دەناسرێت، نامۆیە، لێ ئەوە سڕینەوەی کێشەی نەتەوەیی لە جیهانی عەرەبی و

[170] نەتەوەگەرایی عەرەبی وەک هزر، دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەم، بەڵام پتر لە ساڵانی 1940دا وەک سەرۆک بین بیللا جەختی لێ دەکات، گەشە دەکات و دەبێتە بزاڤێکی ڕێکخراویی بەهێز. ڕەنگە مرۆڤ بتوانێت: ساتیع ئەلحوسەری (ساطع الحصري)، موحەممەد عیززە درووزە (محمد عزة دروزة)، قوستەنتین زورەیق (قسطنطين زريق )، عەبدوڕەحمان ئەلکەواکیبی (عبدالرحمن الكواكبي)، ئەمین ئەلڕەیحانی (أمين الريحاني)، زەکی ئەلئەرسۆزی (زكي الأرسوزي)، میشێل عەفلەق (ميشيل عفلق)، نەدیم ئەلبیتار(نديم البيطار)، بوتروس ئەلبوستانی (بطرس البستاني)، جەمال ئەلئەتاسي (جمال الأتاسي)، جۆرج ئەنتونیۆس (جورج أنطونيوس)، نەبیهـ ئەمین فارس (نبيه أمين فارس) و یاسین ئەلحافیز (ياسين الحافظ) و...، وەک بیریار و تیۆریزان و دانەرانی هزریی نەتەوەگەرایی عەرەبی دابنێت. وەک تەکان و بزاڤی سیاسییش دەشێ بەعس (حزب البعث العربي الإشتراكي) و دواتریش ناسرێ (پێڕۆیانی جەمال عەبدوننناسر)، بە دوو باڵی سەرەکیی بزاڤی نەتەوەیی عەرەبی دابنرێن، کە یەکیەتی، ئازادی، سۆسیالیزم (وحدة، حرية، إشتراكية)، دروشمی هەردوو بزاڤەکە بوو، تەنێ لە پاش و پێشخستنی وشەکاندا جیاواز بوون.

ئیسلامیدا ناگەیەنێت. بە بۆچوونی بین بیللا، کێشەی نەتەوەیی، ئاڵۆزترین کێشەیە لە جیهانی ئیسلامیدا و ئیمپریالیزمیش هەمیشە بە کاری هێناوە و دەهێنێت، لێ پێش ئەوەی ئیمپریالیزم بە کاری بهێنێت، گەرەکە چارەسەر بکرێت، چون بە چارەسەرکردنی، یەکیەتیی ئیسلامی بەهێز دەبێت. چارەنووس و بانەڕۆژی جیهانی ئیسلامی، پەیوەستە بە چارەسەرکردنی کێشەی کەمینە نەتەوەیی و ئایینییەکانی لەسەر خاکی ئیسلامدا دەژین، هەروەها کەمینەکانی، کە لەسەر خاکێکی نائیسلامیشدا دەژین. لە ڕەوشێکدا، کەمینە ئیسلامی و نائیسلامییەکان مافەکانی خۆیان وەدەست نەهێنن، شۆڕش مافێکە لە مافەکانی ئەوان. پرۆژەی شارستانەتی دەبێ خواست و ئارەزووە سەرەتاییەکانی ئەو کەمینانە لە بەرچاو بگرێت. ئەوەی ئیسلام دەیەوێت و هەموو موسوڵمانێک داوای دەکات، ئەوەیە، مرۆڤ بەتەواوەتی هەست بکات بەوەی لە وەڵات و زیدی خۆیدایە و لەنێو خزم و خوێشی خۆیدایە و لە هەرکوێیەکی خاکی ئیسلام بوو، هەموو ماف و ئەرکەکانی ئەوانی هەیە.

باوەڕم بە جیهانێک نییە یەک ئایین یا یەک فەلسەفەی تێدا باڵادەست بێت، بەڵکە باوەڕم بە داهاتوویەکە، جیهانێکی فرەڕەنگ و تژی لە جیاوازی بێت و وەک خۆی چۆنە هەر بەو جۆرە قەبووڵ بکرێت. باوەڕم بە جیاوازییە، یەکەمجار

لەگەڵ گەلانی دیکەدا و دواتریش لەگەڵ بەربەرەکانی[171] وەڵاتی خۆماندا و لەگەڵ کورددا لە جێیەکی دی. گەرەکە ئەوانی دی قەبووڵ بکرێن، بین بیللا وا دەڵێت.

---

[171] بەربەر (البربر)، کە ئەمازیغ (الأمازیغ )یشیان پێ دەگوترێ، کۆمەڵەیەکی ئیتنین، واتە: خاوەنی زمان، مێژوو، فەرهەنگ، بنەچەی هاوبەشن و لە دانیشتووانە ڕەسەنەکانی باکووری ئەفریقان، بە تایبەت وەڵاتی مەغریب. ئەمازیغەکان، بەشێک لە دانیشتووانی مەغریب، جەزائیر، توونس، لیبیا، مۆریتانیا، مالی، نایجیریا و کەمێکیش لە میسر و دوورگەی کەناریا، پێکدەهێنن. لە هەندێ شوێن و وەڵات لەبری ئەمازیغ، پێیان دەگوترێ تەواریق (الطوارق). ئەمازیغ، بە زمانی ئەمازیغی، کە زمانی خۆیانە، دەپەیڤن، زمانەکەیان لقێکە لە خێزانی زمانە ئەفریقایی-ئاسیاییەکان. ژمارەی ئەمازیغییەکان لە باکووری ئەفریقا دەگاتە 32 میلیۆن. پێدەچێت، زۆرینەی دانیشتووانی باکووری ئەفریقا، لە ڕۆژاوای میسرەوە بەرەو زەریای ئەتڵەسی، ئەمازیغ بن، هەرچەندە عەرەباندن و ئیسلاماندن زۆر بە توندی بەسەریاندا سەپێنراوە و زۆرێک لەوان عەرەبێنراون، لەگەڵ ئەوەیشدا هێشتا زمان و فەرهەنگ و مێژووی هاوبەش و ئەمازیغیەتی خۆیان پاراستووە، بەڵام ئاینی ئیسلام و زمان و فەرهەنگی عەرەبی زاڵە بە سەریاندا و خۆیان لەو چوارچێوەیەدا دەبیننەوە. زۆرینەی ئەمازیغییەکان، موسوڵمانن و سەر بە ئایینزای سوننەن و کەمینەیەکیشیان سەر بە ئایینزای ئیبازی (الإباضیة)ی شیعەن، کە لە مێرگ و سەوزەڵانییەکانی مزاب



ئەحمەد بین بیللا و جۆن کەنەدی

(المزاب) لە باشووری جەزائیر دەژین، لێیشیان بوون بە عیسایی یا بێ دین. ناوی ئەمازیغ و ناوی بەربەر، پێدەچێت هەردوویان لە زمانی یۆنانییەوە هاتبن. لێ بەربەر لە زمانی عەرەبیدا بە واتەی: بەدوو، بیێئاواننشین. وشەی ئەمازیغ لە زمانی ئەمازیغی خۆیدا بە واتەی: مرۆڤی ئازاد و جەوانمەرد دێت. کۆڵۆنیالیستانی بیێانی دەستەواژەی بەربەریان بە کار دەهێنا، ئەمازیغییەکان خۆیان خۆشیان لە دەستەواژەی ئەمازیغ دێت نەک بەربەر.

لە کاتێکدا ڕۆژاوا و بە تایبەت ئەمەریکا، بانگەشەی نەبوونی هەڵاواردن و بانگەشەی یەکسانی، لەنێوان مرۆڤەکاندا دەکەن و وا پیشان دەدەن، هەموو کەمینەکان، موسوڵمان، ڕەشپێست و... وەک یەکن، بین بیللا، کە لە ساڵی 1962دا و لە تەلاری ڕێکخراوی دەوڵەتانی یەکگرتوو (UN) لە جڤینێکدا، ئامادە دەبێت، مارتن لۆسەر کینگ[172] لێی دەپرسێت: "لەو باوەڕەدای شێوازی

[172] مارتن لۆسەر کینگ Martin Luther King, Jr (1929–1968)، سەرکردەیەکی ئەمریکایی بوو لە ڕەچەڵەکی ئەفریقایی. چالاکوانێکی سیاسی و مرۆڤایەتی بوو، داوای نەهێشتنی جیاوازیی نێوان سپیپێستان و ڕەشپێستان دەکرد. ڕەشپێستان (ئەفریقاییەکانی ئەمەریکا)، لە ساڵی 1963دا، گردبوونەوەیەکیان ساز کرد، شۆڕشێک بوو بۆ خۆی، 250 هەزار کەس بەشدارییان تێدا کرد، کە 60 هەزاریان سپیپێست بوون. ئەوە مەزنترین خۆپێشاندانێک بوو لە مێژووی مافە مەدەنییەکاندا. کینگ، لەو خۆپێشاندانەدا، گوتارە بەناوبانگەکەی، من خەونێکم هەیە "I have a dream"ی خوێندەوە و تێیدا گوتی: "خەونێکم هەیە، کە ڕۆژێ لە ڕۆژان، هەر چوار منداڵەکانم، لەنێو گەلێکدا بژین، فەرمانڕەواییکردنی خەڵک لەسەر بنەمای ڕەنگی پێستیان نەبێت، بەڵکە بەپێی ئاکاریان بێت". لە ساڵی 1964دا لە تەمەنی 35 ساڵیدا خەڵاتی نووبێلی ئاشتی پێ بەخشرا و ئەو گەنجترین کەسێک بوو، وەها خەڵاتێک وەرگرێت. لە 1968دا بە دەستی کەسێکی تەمەن چل ساڵانی توندئاژۆ و دزەوە بە ناوی جەیمس ئێرڵ ڕەی (James Earl Ray) کوژرا. پێش

ناتوندوتیژی، کە ئێمە گرتوومانەتە بەر، بمانگەیەنێتە ئەو جێ و مەبەستەی دەمانەوێت؟". بین بیللاش لە وەڵامدا پێی دەڵێ:"باوەڕ ناکەم ناتوندوتیژی، لە وەڵاتێک و لە جڤاکێکدا، کە توندوتیژی تێدا بە کار دەهێنرێت، ج سوودێکی هەبێت. ئێوە لەسەر خاکی توندوتیژیدا دەژین، ئا لێرەدا ڕەگەزێکی مرۆڤ کوژران، مەزنترین کردەی لەنێوبردن لە مێژوودا لێرە کرا. ئەم وەڵاتە لەسەر ڕووبارگەلێکی خوێن چێ بوو. من وەک سروشتی خۆم مەیلم بۆ توندوتیژی نییە، لێ دەبوو پەنای بۆ ببەم، چون هیچ بژاردەیەکی دیکەم نەبوو، منیان خستە بەرانبەر توندوتیژییەکی ڕوون و لەبەرچاو".[173] هەرچی موسوڵمانەکانن لە ئەمەریکا، کە ئەوانیش کەمینەن، بین بیللا پێی وایە ئەوان "مانەندی کچانی لەشفرۆش، بەنگکێش، زیندانیی و گەووادان،

---

کوژتنیشی چەندین جار هەڕەشەی کوژتنی لێکراوە و ماڵی وەبەر گوللە دراوە. کینگ، یەکێک بوو لە کەسایەتییە هەرە مەزنەکانی چالاکی و خەبات بۆ ئازادی و مافی مرۆڤ.

[173] مەبەستی بین بیللا لە دوا ڕستەی، کە بە کینگی گوتووە: "من وەک سروشتی خۆم مەیلم بۆ توندوتیژی نییە، لێ دەبوو پەنای بۆ ببەم، چون هیچ بژاردەیەکی دیکەم نەبوو، منیان خستە بەرانبەر توندوتیژییەکی ڕوون و لەبەرچاو"، پەنابردنی بۆ شۆڕش و چەک بووە دژ بە فرانسای داگیرکەر و بۆ ڕزگاریی جەزائیر.

خەڵکانێکی داماو و دەستەپاچە و چەوساوەن، ئیسلامی ئەمەریکا، ئیسلامی هەژارانە".

جیاوازیی نێوان مرۆڤەکان، ئیدی لە ڕووی ئایینی، نەتەوەیی، ڕەگەزی، فەرهەنگی، ڕەنگ یا هەر جۆرێکی دیکە بێت، دیاردەیەکی ناسروشتی نییە، بەڵکە بەشێکە لە بوون و ژیان و مێژووی مرۆڤ. بین بیللا لەو بارەوە دەڵێ: "مەسەلەی جیاوازیی مەسەلەیەکی بنەڕەتییە، من ڕێز لە جیاوازی دەگرم، ئەگەر جیاوازییەکی تەواو بێت یا بڕێک جیاوازی... لە جیاوازییدا دەوڵەمەندی هەیە. جیاوازیی بەربەر، لای ئێمە جیاوازییەکی ناوەکییە و لە جۆری جیاوازیی تەواوەتی نییە، جیاوازیی ئەوان تەنێ زمانە. بەربەر وەک کورد، داخوازیی هەرێمی و هەوڵدانیان بۆ یەککگرتنەوە نییە، بەربەر داخوازییەکانیان تەنێ لە چوارچێوەی زماندایە". هەرچەندە سەرۆک بین بیللا بەو جۆرە دەنۆڕێتە بەربەر و کێشەکەیان، بەڵام لەنێو ئەمازیغ (بەربەر)ەکاندا و بە دنەدانی بڕێک لە خەڵکانی چەپ، هەوڵی دامەزراندنی بزاڤێکی گەلێری بەربەر دەدرا و تا ڕادەیەکیش لەنێو بەربەراندا باس لەوە دەکرا، کە نابێت جەزائیر بە وەڵاتێکی عەرەبی - ئیسلامی بژمێردرێت. یەکێک لەوانەی کە جەزائیری بە وەڵاتێکی عەرەبی نەدەژمارد، ڕەشید عەلی یەحیا (موحەننەد سەیید

عەلی) بوو، کە بە دژایەتیی عەرەبایەتی ناسرابوو.[174]
لەنێو سەرکردەکانی شۆڕشی جەزائیردا، هەبوون بەربەر بوون، وەک کەریم بەلقاسم (كريم بلقاسم) و عومەر ئووعومران (عمر اوعمران)، بەڵام دژ بە بزاڤی بەربەری بوون لە جەزائیردا و داکۆکییان لێ نەدەکرد. بەلقاسم پێی وابوو، بزاڤی نەتەوەیی بەربەریی خزمەت بە بەرژەوەندی باڵای جەزائیر ناگەیەنێت و بارگرانییەکە بۆ جەزائیر و ئەو وەک چەکێکی خەتەرناک دەیبینی کە دەیانخاتە دەست داگیرکەر، دوژمنی هاوبەشی هەموو جەزائیرییان و دەبێتە هۆی پێکدادان و یەکدی کوژتنی نێوان هەموو ئەوانەی بۆ یەک ئامانج خەبات دەکەن.[175]
نزیکەی 2000 ساڵێک پێش ئەمڕۆ، بە تایبەتیش لە دوای هێرش و داگیرکاریی ئیسلامییەوە لە سەدەکانی پێنجەم و شەشەمی زایینەوە، لە باکووری ئەفریقا، کۆچی جوولەکە بۆ خاکی جەزائیر و نیشتەجێبوونیان تێیدا دەستی پێ کردووە و ئەوان وەک کەمینەیەک لەنێو جڤاکی جەزائیردا ژیاون. جوو، لە هەر وەڵات و جڤاکێکدا بووبێتن، هەمیشە لە بواری ئابووری و سیاسەتدا زیرەک و سەرکەوتوو

---

[174] بوحوش، الدكتور عمار، التأريخ السياسى للجزائر من البداية ولغاية 1962، الطبعة الأولى، دار الغرب الإسلامي، بيروت–لبنان، 1997، ص 318.

[175] بوحوش..، هەمان سەرچاوە، ص 322.

بوونە، دیارە لە جەزائیریش هەر بەو جۆرە بوونە. دەگوترێ بۆوەی لە چەوساندنەوە و ستەمی دەوڵەتی عوسمانی، کە ئەودەمی جەزائیریش بندەستی وان بووە، ڕزگار بن، جووەکان لە ساڵانی 1827ەوە، کە ئیدی فرانسا مرخی لە داگیرکردنی جەزائیر خۆش کردووە، ڕێگەخۆشکەر بوونە بۆ ئەو داگیرکارییە و کارئاسانییان بۆ کردووە. بە گوێرەی بڕیارێکی ساڵی 1870، فرانسا مافی وەڵاتیبوونی فرانسای پێ داون، ئیدی دوای سەرکەوتنی شۆڕشی جەزائیر و سەربەخۆیی وەڵات لە 1962دا، نزیکەی هەموو جووەکانی جەزائیر، وەک هاووەڵاتیی فرانسا مانەوە و چوون بۆ فرانسا. بین بیللا بە جەزائیری دەیانژمێرێت و بەخێرهاتنیان دەکات بۆ گەڕانەوە بۆ جەزائیر.

پاییزی 1985

# پاشەکی

# بین بیللا، بیرێکی جیاواز، ڕوانگەیەکی نوێ بۆ ژیان

مرۆڤ بۆوەی بەتەواوی لە بیرکردنەوە و جیهانبینیی بین بیللا تێبگات، گەرەکە کاریگەریی ژینگە و هەلومەرجێک و دەوروبەرێکی ئەوێ تێدا ژیاوە و مەزن بووە و پێگەیشتووە، لە بەرچاو بگرێت و بخوێنێتەوە. دیارە بۆ تێگەیشتن لە کەسیەتی هەر مرۆڤێکی دیکەیش، نەک تەنێ بین بیللا، هەر دەبێ بەو جۆرە بکرێت. بین بیللا، زارۆکێکی گوندیی و بەچکە جووتیارێکی هەژار و پەروەردە و گەورەبووی ژینگەیەکی ئایینی بوو. باوکی سەرپەرشتی زاویەیەکی دەکرد و دایکیشی لەوانە بوو، کە قورئان و پەسندانی پەیامهێنی لەبەربوون. بەو جۆرە بین بیللا هەر لە زارۆکییەوە لەنێو ژینگە و دەوروبەرێکی ئایینییدا ژیا و ئەو ژیانەی کارکردێکی گەورەی هەبوو لە دروستکردنی کەسیەتیی بین بیللادا. ئەو پیاوێکی باوەڕدار بوو و بە تەواوی بە ئەرک و فەرزە ئایینییەکانەوە پەیوەست بوو، دیارە ئەوەیش بەرهەمی ئەو پەروەردە و بارهێنانە ئایینییەیە، کە بۆی ڕەخسابوو و ئەوی دروست کردبوو. ئەو لەو ڕوانگەیەوە دەینۆڕییە جیهان و

مرۆڤایەتی و ژیان و هەرگیز لە هیچ وێستەگەیەکی ژیانیدا دەستبەرداری پاشخان و باوەڕ و بناخە هزرییەکانی نەبوو و ملی ڕێگەیەکی گرتبووە بەر، ڕێگەی هەموو بەشمەینەتان و ستەملێکراوان و چەوساوەکانی زەوی بوو.



ئەحمەد بین بیللا و زوهرە سەللامیی هاوژینی

لەو سالانەی لە سویسرا بوو، بێجگە لە چالاکیی سیاسی، بین بیللا، بەتەواوی خۆی تەرخان کردبوو بۆ کاری هزری، لە چوارچێوەی بیری ئیسلامی و جیهانی سێیەمدا. دەشێ ئەو وەک یەکێک لەو چەندین ڕووناکبیر و بیریارە عەرەب و ئیسلامییانە بژمێردرێ کە بەشێکیان پاشخانێکی چەپ و سۆسیالیستی و مارکسیستییان هەبوو و چووبوونە نێو بزاڤی وەئاگاهاتنەوە یا بێداربوونەوەی

ئیسلامییەوە (الصحوة الإسلامية) و بانگەشەی گەڕانەوەیان بۆ بنج و کرۆک و ڕەسەنایەتی و ڕەگەکان دەکرد. پاش ئەزموونی چەپایەتی، زۆرێک لەو ڕووناکبیر و بیریارانە بەرەو پیری ئەو ڕەوت و شەپۆلە چوون، کە دوای ئەوەی شۆڕشی گەلانی ئێرانی 1979 هاتە گۆڕێ. ئەوان، دەستیان کرد، بە خوێندنەوەیەکی نوێی مێژووی گەل و ناوچە و جڤاکەکانی خۆیان، لە دیدێکی نوێوە، لە دیدی شۆڕشی نوێ و بێداربوونەوەی ئیسلامییەوە. ئەوان باوەڕیان بەوە بوو، کە ئیسلام توانستی گەڵاڵەکردنی پرۆژەیەکی جڤاکی و شارستانەتیی ڕاستەقینەی هەیە، بەرانبەر بە پرۆژەی سیستمی جیهانی زاڵ، بە پرۆژە سۆسیالیستییەکەیشییەوە، چون ئەویش، لە دیدی ئەوانەوە، هەر بەرهەمی فەرهەنگی ڕۆژاوای گرێدراوە بە سەردەمی پێشەسازییەوە.[176]

---

[176] زۆرێک لە ڕووناکبیرانی بەناوێی جیهان، بە دەنگی بەرز و بە گەرمی لەگەڵ شۆڕشی 1979ی گەلانی ئێراندا بوون و ئومێدیان لەسەر هەڵچنیبوو، کە ببێتە چرایەک بۆ ڕۆشنکردنەوەی ڕێی شۆڕشگێڕان و گۆڕینی سیستمی جیهانی زاڵ. وەک نموونە میشێل فووکۆ (Michel Foucault)ی فیلۆسۆفی فرانسی، کە دووجاران پێش بەرپابوونی شۆڕش، لە 16ی سێپتەمبەری 1978دا و لە 9ی نۆڤەمبەری 1978 سەردانی تارانی کرد و لە نۆڤەمبەری هەمان ساڵیشدا لە نۆفل لووشاتوو (Neauphle-le-Château)،

بین بیللا، لەتەک د. وەجیە کەوسەرانی (د. وجیە کوثراني)، د. فازڵ ڕەسووڵ (د. فاضل رسول)،[177]

سەردانی ئیمام خومەینی کرد. ئەو کە لە تێزەکانی پێشووتریدا پیی وابوو: "ئایین ئاوەزی جڤاکێکی بێ ئاوەزە..."، لە ڕووماڵکردنی شۆڕشی 1979ی گەلانی ئێراندا وەک ڕۆژنامەوانێک بۆ ڕۆژنامەی کوریری دیلا سێرا (Corriere Della Sera)ی ئیتالیایی، ئەو دیدەی لەمەڕ ئایینەوە و باندۆری ئایین لەسەر سیاسەت گۆڕا و چەمکی "ڕۆحانییەتی سیاسی" داهێنا. ئەو چەمکە بە واتای: خواستی ڕەفز و ئایین دژی ستەم دێت، لە دەوڵەتێکی خۆرهەڵاتیدا، کە بە قازانجی نموونەیەکی نوێی خۆماڵی، ڕەفزی شێوازی ژیانی ڕۆژاوایی دەکات. فووکۆ، لە شۆڕشی ئێراندا ئایینی وەک جووڵێنەری شۆڕشی سیاسی تەماشای دەکرد. فووکۆ، لەنێوان سێپتەمبەری 1978 تا مەی 1979دا گەلێک هەوادار و لایەنگری شۆڕشی ئێران بوو، لێ دوای ئەوە ئیدی باسی ئەو شۆڕشەی نەدەکرد. ئەدۆنیسی شاعیری عەرەبیش، یەکێک لە هەوادارانی شۆڕشی ئێران بوو. سەرباری ئەمانە، دنیایەک خەڵکی چەپی ئەوروپایی و جیهانی سێیەمی پشتیوانییان لە شۆڕشی ئێرانێ دەکرد. خەڵکانی چەپ، هەر لەمێژەوە نزیکایەتییەکیان لەنێوان هزری چەپگەرا و ئیسلامی شیعە و هەوادارانی ئیمام عەلیدا دەدیت، لە ڕووی ڕادیکاڵبوونی هەردوولایان و باوەڕبوونیان بە یەکسانی و دادپەروەری و پشتگرتنی هەژاران و ستەملێکراوان.

[177] فازڵی مەلا مەحموودی حاجی مەلا ڕەسووڵی مەلا موحەممەدی مەلا شەریف (فازڵ ڕەسووڵ)، لە بنەماڵەیەکی مەلازادەی دێلەژەیی، لە سلێمانی، لە ساڵی 1947دا لە دایک بووە. 1972 بەشی زانستی

سیاسی لە زانستگەی بەغدا تەواو کردووە. تا سازکردنی کۆمەڵەی مارکسی-لێنینیی کوردستان و هەڵوەشاندنەوەی یەکەم حیزبی جەلالی لە 1971دا، سەر بە ڕێبازی جەلالی بوو. 1972 بەهۆی فارووقی مەلا مستەفاوە، کە ئامۆزای بوو و بەرپرسی هەرێمی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی عیراقی-سەرکردەیەتیی نێوەندی (القیادة المرکزیة) بوو، پێوەندی بەو حیزبەوە کرد و بوو بە هەڵسووڕێنەرێکی ئەو حیزبە. ئەو لە سەردەمی جەلالیەتیشدا بۆ خۆی وەک کەسێکی ڕووناکبیر لەگەڵ خەڵکانی چەپ و حیزبی قیادەی مەرکەزیدا دۆستایەتی هەبوو. وەک بیروباوەڕ، فازڵ، مارکسیست بوو و لە مارکسیستیشدا ماویست بوو. پاش هەرەسی 1975، کە ئیبراهیم عەللاوی (ئەبوو لەیلا)ی سکرتێر و هەندێک لە سەرانی حیزبی قیادەی مەرکەزی، ڕێگەی ئەورووپایان گرتەبەر و فارووقی مەلا مستەفایش چووەوە شار و کن حوکوومەتی عیراق، فازڵ کەوتە شام و بەیرووت و لەگەڵ عادیل عەبدولمەهدی (عادل عبدالمهدي)دا، کە بە (ئەبووئەمەل) دەناسرا، بە کاریگەری و هاندان و کۆمەکی جەلال تاڵەبانی، ڕێکخراوی کۆمیۆنیستیی وەحدەتولقاعیدە (وحدة القاعدة)یان دروست کرد، کە بەشێکی جیابووەوە بوو لە حیزبی کۆمیۆنیستی عیراقی-سەرکردەیەتیی نێوەندی (القیادة المرکزیة). تاڵەبانی، بە هۆی ناکۆکی خۆی و ئیبراهیم عەللاوی، هەوڵی لەتکردنی قیادەی مەرکەزی دا و هەر لە دوای دامەزراندنی یەکیەتیی نیشتمانی کوردستانەوە لە شام توانی کار بکاتە سەر فازڵ ڕەسووڵ و عادیل عەبدولمەهدی و لە عەللاوی و قیادەی مەرکەزییان دوور بخاتەوە. پاشتر لە ئوتریش، فازڵ خوێندنی دوکتۆرای لە بواری زانستی سیاسەتدا تەواو کرد و تێزێکی بەهاداری بە ناوی "سۆڤیێت و بزووتنەوەی نیشتمانیی

---

کورد" نووسی. بێجگە لەو کتێبەی چەندین نووسین و وەرگێڕانی بایەخداری دیکەیشی هەن. دوای تێپەڕاندنی قۆناخی ماویزم و هزری کۆمیۆنیزم، فازڵ خوێندنەوەیەکی دیکەی بۆ کێشەکانی ڕۆژهەڵات ناڤین دەست پێ کرد. ئەو پێی وابوو بە هۆی مێژوویەکی هاوبەشی گەلان و نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیۆگرافیایەک کە کۆیان دەکاتەوە، دەشێ بە ڕێگەی گوتوبێژ و لێکتێگەیشتنەوە، چارەسەری کێشە نەتەوەیی و سیاسییەکان بکرێت و لەو بوارەیشدا ئیسلام دەتوانێت نۆرەیەکی گرنگ لەو نزیکبوونەوە و چارەسەرییەدا ببینێت. فازڵ، تێزی پرۆژەیەکی شارستانەتی بۆ دەڤەری ڕۆژهەڵاتی ناڤین و هزری دامەزراندنی کۆمکارێکی ئیسلامی لەنێوان گەلانی دەڤەرەکەدا کردبووە ئامانج و بەرنامە و نەخشەڕێگەیەک. فازڵ، بە دژایەتیی زایۆنیزم ناسرابوو و پێی وابوو زایۆنیزم، بە بەکارهێنانی  ئیسرائیل وەک ماشین و ئامرازێک، کار دەکات بۆ لەتلەتکردنی دەڤەر و وەڵاتە ئیسلامییەکان بۆ قەوارەی گچکە گچکە. لەگەڵ کۆمەڵێک بیرمەندی عەرەبدا، مانەندی "موحەممەد عەمارە (محمد عمارة)، تاریق ئەلبیشری (طارق البشري)، فەهمی هوەیدی (فهمي هويدي)، عیسمەت سەیفوددەولە (عصمت سيف الدولة)، موحەممەد سەلیم ئەلعەووا (محمد سليم العوا)، عەلیوددین هیلال (علي الدين هلال)، سەعدەددین ئیبراهیم (سعدالدين ابراهيم)، وەجیھ کەوسەرانی (وجيه كوثراني) و ئەحمەد بین بیللا (احمد بن بلة)دا، فازڵ، تێکەڵاوی و نزیکایەتی چێ کردبوو و گۆڤارێکی عەرەبیی هزرییان، بە ناوی "منبر الحوار" دەردەکرد. پێوەندێکی گەلێک بەهێزیشی لەگەڵ ڕێکخراوە فلستینییەکان و زۆرێک لە بیرمەندانی عەرەبدا هەبوو. کە شۆڕشی گەلانی ئێران کرا، فازڵیش وەک زۆرینەی خەڵکانی چەپ، پێوەندی لەگەڵ کۆماری

ئیسلامیی ئێراندا ساز کرد و کومەڵێک کتێبی بەنی سەدر و بازرگان و عەلی شەریعەتی لە فارسیڕا کردن بە عەرەبی. فازڵ، لاوێکی زۆر زیرەک و توانا بوو. نووسەرێکی سیاسی و هزریی زۆر باش و وریا و بەرچاوڕوون بوو. سیاسەتکارێکی ورد و ئاسۆفراوان و قووڵ بوو. کۆمەڵێک زمانی وەک ئینگلیزی، ئەڵمانی، عەرەبی، فارسی و کوردی زۆر بە باشی و هەندێکیش فرانسی دەزانی. لە سازکردنی پێوەند و کاری دیپلۆماسی و سیاسیدا ورد و دووربین و لێزان و لێهاتوو بوو. مرۆڤێکی جوانخاس و ئارام و لەسەرخۆ و هێمن و ڕووخۆش و خوێنشیرین و ئێسکسووک و دەنگخۆش بوو و تەنانەت لەنێو کیژانیشدا بەخت یاری بوو. تاکە کێماسییەک – مخابن– کە فازڵ هەیبوو، ئەوە بوو، پاشخانە جەلالییەکەی وەک سێبەر لێی نەدەبووەوە و هەمیشە وەدوویەوە بوو و نەیدەتوانی خۆی ڕزگار بکات لێی. هەرچەندە بازنەی هزر و ئاسۆی دید و جیهانبینی و پێوەند و جووڵانەوەکانی فازڵ، بەرین و فرەڕەهەند بوون، لێ هێشتایش هەر لە بازنەی برادەرایەتیی جەلال تاڵەبانی و جەلالیەتییە کۆنەکەیدا دەخولایەوە و نەیدەتوانی لەو بازنەیە بێتە دەرێ، کە هەر ئەوەیش بوو بە هۆی شەهیدبوونی. ئەو کاتەی فازڵ لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێراندا نێوانی خۆش بوو، خەڵکانێک لەنێو کۆمەڵەی ڕەنجدەران و یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستاندا هەبوون، گومانیان لێی دەکرد و فازڵیان بەوە تۆمەتبار دەکرد، کە پیاوی ئێرانە و لە تاران بە ڕدێن و جوببە و عەباوە دەگەڕێ و تەزبێحی سەدویەک دانەیی بە دەستەوەیە و پاسداری بە دواوەیە و کتێبەکانی (کۆمەڵەی غەمخوارانی گەلی کورد)، لەگەڵ (هەڤاڵ جووجەڵە–خاڵەحاجی–حەمەڕەحیم)دا دەنووسێت و بڵاو دەکاتەوە" و هەر لەو کاتەیشدا، سەرانی یەکیەتی، بۆ ئەنجامدانی کارەکانی خۆیان لە


ڕێگەی ئەوەوە، مەراییان بۆ دەکرد. هەرچی فازڵیشە، لە هەموو قوناغەکانی ژیانی کۆمیۆنیستی و پێوەندی ئێرانی ئیسلامی و پێوەندی فلستینییەکان و ژیانی ئەوروپایشیدا، هیچ یەکێک لە کارەکانی دژ بە بەرژەوەند و قازانجی جەلالییەت نەبوو و هەمیشە سوودێکی بۆ ئەوان هەبووە، تەنانەت لەبەینچوونیشی هەر پێوەندی بە نێوانخۆشیی خۆی و جەلال تاڵەبانییەوە بوو. 13/07/ 1989، لە میانگەرییدا لە نێوان کۆماری ئیسلامیی ئێران و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا، کە لەسەر داوای جەلال تاڵەبانی و وەک نوێنەری ئەو لە ڤییەن؛ لە ئوتریش، فازڵ تێیدا بەشدار بوو، لەگەڵ دۆکتۆر عەبدوڕڕەحمانی قاسملوو و عەبدوڵڵای قادری ئازەردا، لە ماڵەکەی خۆیدا فازڵ شەهید کرا. وا باوە، کە "حاجی مصطفوی" و موحەممەد جەوادی ناسراو بە موحەممەد جەعفەر سەحراڕوودی"محمد جعفر صحرارودی" و "منصور بزرگیان"، کە هەرسێیان پێوەندار بوون بە سپای پاسداران و دەسگەی هەواڵگریی (اطلاعات)ەوە، پێوەندیان بە کوشتنی ئەوانەوە بووبێت. تەنانەت پاشتریش وا باو بوو، کە ئاغای (صحرارودی)، کە بە کوژەری ئەوان (قاسملوو، فازڵ و ئازەر) دادەنرا، بانگهێشتی کۆنگرەی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، لە سلێمانی کرابێت. تەواوی سیناریۆی دانوستاندنەکەی قاسملوو و ئێرانییەکان، لە ڕێگەی جەلال تاڵەبانییەوە ساز کرابوو و ئەو تاکەکەسێک بوو، شارەزای تەواوی پرۆسێسەکە، بە دیوە شاراوەکەیشییەوە بوو، چون سەحراڕوودی لەسەردەمێکەوە کە لە قەرارگەی ڕەمەزاندا؛ ئەو قەرارگەیەی سەرپەرشتی کارەکانی ڕێکخراوی بەدر و ڕێکخستنی پێوەندی لەگەڵ یەکیەتیی نیشتمانی کوردستان و حیزبەکانی باشووری کوردستاندا دەکرد، پێوەندێکی توندوتۆڵ و

د.موحەممەد عەمارە (د. محمد عمارة)، مونیر شەفیق (منیر شفیق)، تاریق ئەلبیشری (طارق البشري)، ڕیزوان ئەسسەیید (رضوان السید)، عادیل حوسەین (عادل حسين)، فەهمی هوویدی (فهمي هويدي)، ڕاشید ئەلغەننووشی (راشد الغنوشي) و... پرۆژەیەکی هزری، سیاسی، فەلسەفەیی، ئیسلامییان دەست پێ کرد و کۆڤاریێکیان وەک دەنگی ئەو پرۆژەیە دەرکرد. پرۆژە و کۆڤارەکە، هەوڵدانێک بوون بۆ نزیکخستنەوە و لێکتێگەیشتنێک لەنێوان تەواوی پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین و جیهانی عەرەبی، بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان لە ڕێگەی هزری

---

چڕی لەگەڵ جەلال تاڵەبانی و نەوشیروان مستەفادا هەبوو و وا باوە کە هەر سێیان؛ سەحراڕوودی، تاڵەبانی و نەوشیروان مستەفا لەمەڕ ئەو جڤین و دانوستاندنەی قاسملوو و ئێرانییەکان زانیارییان گۆڕیبێتەوە. تاڵەبانی، بە ڕێکخستن و زەوینەسازیی بۆ ئەو دانوستاندنەی ڤیێنی قاسملوو و ئێران، قەرزی دانوستاندنەکەی 1984/1983ی نێوان خۆی، حیزبەکەی و حکوومەتی بەعسی بۆ دکتۆر قاسملوو، کە ئەندازیاری بوو، گێڕایەوە و دایەوە. فازڵی مەلا مەحموود، ئەگەر تەمەن مەودای دابا و شەهید نەبووایە، دەبووە بیرمەندێکی مەزن و سیاسەتکارێکی شارەزا و پڕکار و لێهاتوو و خاوەن دید و پرۆژە و گۆڕین و تەنانەت خاوەن هێزیش، نە تەنێ لە کوردستاندا، بەڵکە لەسەر ئاستی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و بەرینتریش.

ئیسلامییەوە، وەک چوارچێوەیەکی گشتگر، کە جێگەی تەواوی گەل و جڤاک و پێکهاتە و مرۆڤەکانی ئەو وەڵاتانەی تێدا دەبوونەوە.



ئەحمەد بین بیللا و شەهید فازڵ ڕەسوول لە ڤییەن

کۆڤارەکەی، کە دەریان دەکرد، ناوی مینبەرولحیوار (منبر الحوار) بوو. یەکەم ژمارەی ئەو کۆڤارە بەهاری 1986 دەرچوو. کۆڤارەکە وەرزیی بوو و ساڵانە چوار ژمارەی لێ دەردەچوو. دەستەیەک کۆڤارەکەیان بەڕێوە دەبرد، پێکهاتبوون لە دۆکتۆر فازڵ ڕەسووڵ، ئەحمەد بین بیللا،


موحەممەد عەمارە، تاریق ئەلبیشری، عادیل حوسەین، ڕیزوان ئەسسەیید، وەجیە کەوسەرانی. بین بیللا، بێجگە لەوەی لە دەستەی ڕاوێژکار بوو، بۆ خۆیشی نووسەرێکی چالاک بوو و بەردەوام گوتاری لە کۆڤارەکەدا بڵاو دەکردەوە. فازڵ ڕەسووڵ، سەرنووسەری کۆڤارەکە بوو و ئەو ناوانەی دیکە، دەستەی ڕاوێژکاری کۆڤارەکە بوون. فازڵ ڕەسووڵ، لە ژمارەی یەکەمەوە (بەهاری 1986) تا ژمارەی سیانزدەیەم (بەهاری 1989) سەرنووسەر بوو و لە 13ی جووڵای 1989دا، لە ڤییەن، لە میانی میانگەریی گوتوبێژی نێوان حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، لەگەڵ دۆکتۆر عەبدوڕەحمانی قاسملوو، سکرتێری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و عەبدوڵڵای قادری ئازەر، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و نوێنەری ئەو حزبە لە ئەورووپا، شەهید کرا.

لە سەروبەندی ئەو گوتوبێژەی نێوان حیزبی دیموکرات و ئێراندا و بەیەکگەیاندنی دۆکتۆر قاسملوو و نوێنەرانی دەسەڵاتدارانی ئێران و میانگەریی فازڵ ڕەسووڵ لەو نێوەندەدا، سەرۆک بین بیللایش، وەک فازڵ ڕەسوول، یەکێک بوو لەو کەسانەی، لەلایەن تاڵەبانی و فازڵ ڕەسووڵەوە، تا ڕادەیەک ئاگادار کرابووەوە لە دیوە ئاشکراکەی ئەو پرۆسێسە. دوای شەهیدبوونی فازڵ

ڕەسووڵ، لە ژمارەی هاوینی 1989ی مینبەرولحیواردا، بین بیللا گوتارێکی پڕ لە خەفەت و پەژارە و ناسۆر و سۆز و ڕێزی بۆ شەهید فازڵ ڕەسووڵ نووسی. پێشتریش، کە هەڵەبجە لە ساڵی 1988دا کیمیاباران کرا، بین بیللا، لە ڕۆژنامەی ئەسسەفیر (السفیر)ی لبنانیدا، گوتارێکی هاوار و لاڵانەوەی نووسی، تێیدا داوای لە عەرەب و موسوڵمانان کرد، لەگەڵ کورددا بن، دژ بەو قڕکردنەی لە لایەن ڕێژیمی عیراقەوە تووشی دەبوون. کە خەڵکانێک و کەسایەتیگەلێکی سیاسی و ڕووناکبیریی جیاوازی جیهانییش نارەزایی و تووڕەبوونی خۆیان، لە ڕاگەیاندنێکدا دژ بەو کیمیابارانەی هەڵەبجە و ڕێژیمی عیراق دەربڕی، بین بیللایش ناوی خۆی خستە پاڵ ئەو کەسانە.

بین بیللا، ڕێک بە پێچەوانەی هوواری بوومەدیەنەوە، هەڵوێستی لە گەلی کورد زۆر باش بوو و پرسی کورد و چارەسەریی کێشەکانی، لە هزری بین بیللادا جێی دەبووەوە و ڕووبەرێکی بەرین و فراوانی دەگرتەوە و هاوسۆزی و تێگەیشتنی بۆی هەبوو و لەگەڵ ئەوەدا بوو، لەنێو سیستم و یەکیەتییەکی عەرەبییدا و لەژێر ئاڵای ئیسلامدا، کورد تایبەتمەندییەکی خۆی هەبێت. هەرچی بوومەدیەنە، کە بە پشتیوانیی ئەمەریکا، بە کوودێتایەکی سەربازی بەسەر بین بیللادا، دەسەڵاتی گرتە دەست، هەر

به کاریگەریی ئەمەریکا، بوو بە ئەندازیار و خانەخوێی پێکهاتنی جەزائیری 6ی مارسی 1975، لە نێوان سەددام حوسەین و موحەممەد ڕەزا شای ئێراندا، کە هەرەسی بە شۆڕشی خەڵکی باشووری کوردستان هێنا.



سەددام حوسەین، هوواری بوومەدیەن و موحەممەد ڕەزا شا

دوای هەندەک بێزاری و ڕابوونی خەڵک دژ بە دەسەڵات، ئەششازیلی بین جدید، بڕێک گۆڕینی لە سیاسەتی وەڵاتەکەیدا (جەزائیر) کرد، بواری بۆ فرەحیزبی کردەوە و بڕیاری گۆڕینی ئابووریی سۆسیالیستی بۆ ئابووریی بازاڕ دا. بین بیللا لەو هەلومەرج و ڕەوشەدا، لە سێپتەمبەری 1990دا وەک ئۆپۆزیسیۆنێک گەڕایەوە بۆ

جەزائیر و حیزبێکی بە ناوی بزاڤ لەپێناوی دیموکراتی لە جەزائیردا (الحركة من أجل الديمقراطية في الجزائر)، لەوێ دامەزراند و لە دیسەمبەری 1991دا بەشداریی هەڵبژاردنی کرد، لێ حیزبەکەی سەرنەکەوت. ئەنجامەکانی ئەو هەڵبژاردنە سڕدرایەوە. ئەنجومەنێکی باڵای دەوڵەت پێکهێنرا و بین جدید وەک دەسەڵاتێکی ناشەرعی هاتە هەژماردن و دەستی لە کار کێشایەوە. ساڵی 1992 لە لایەن دەسەڵاتەوە بەرەی ڕزگاریی ئیسلامی (الجبهة الإسلامية للإنقاذ) هەڵوەشێنرایەوە و باری ئاساییشی وەڵات تێکچوو. بین بیللا دیسان گەڕایەوە بۆ سویسرا و وەک چارەسەرێک بۆ دەرچوونی وەڵات لەو کێشە سیاسی و ئاڵۆزییە ئەمنییانە، دەستی کردەوە بە داخوازیی ئاشتبوونەوەی نیشتمانی.



ئەحمەد بین بیللا و زوهرە سەللامیی هاوژینی

ساڵی 1997 دەسەڵاتی جەزائیر بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی حیزبەکەی بین بیللای دا. کە بووتەفلیقە هاتە سەر دەسەڵات و سیاسەتی پێکهاتن و ئاشتبوونەوەی گرتە بەر، بین بیللا پشتیوانیی لێ کرد و دیسان گەڕایەوە بۆ جەزائیر و بەشداربوو لە قایلکردنی بەرەی ڕزگاریدا بە چەکدانان و داکۆکیشی لە هەندەک پەشیمانبووان لە دژایەتیی ڕێژیم کرد. ئیدی بین بیللا لەو قۆناغەدا لە سیاسەتی نێوخۆی جەزائیر دوورکەوتەوە و کەوتە داکۆکیکردن لە پرس و کێشە عەرەبییەکانی وەک عیراق و فلستین. لە ساڵی 1991یشدا، دوای جەنگی کەنداو، سەردانی عیراقی کرد و چاوی بە سەددام حوسەین کەوت و داوای هەڵگرتنی ئابلۆقەی سەر عیراق و کووبای کرد. هەرچەندە تەمەنی بین بیللا هەڵکشابوو، بەڵام ئەو هەر چالاک بوو و بەردەوام کاری دەکرد. ئەو ئەندامی لیژنەی سەرپەرشتیی دادگەی ڕەسڵ لەمەڕ فلستین (لجنة الرعاية لمحكمة راسل حول فلسطين) بوو و سەرۆکی لیژنەی نێودەوڵەتیی خەلاتی قەززافی مافی




ئەحمەد بین بیللا و هیووگۆ چاڤێز سەرۆکی پێشووتری ڤێنزوێلا

مرۆڤ (اللجنة الدولية لجائزة القذافي لحقوق الإنسان) بوو و بۆ ئەندامیەتی لیژنەی دادوەرانی ئەفریقا (لجنة حكماء أفريقيا)ی سەر بە یەکیەتیی ئەفریقا (الإتحاد الإفريقي) هەڵبژێردرا، کە بۆ چارەسەرکردنی کێشە و ناکۆکییەکانی کێشوەری ئەفریقا دامەزرابوو و لە 2007دا بوو بە سەرۆکی ئەو لیژنەیە. ئەمانە هەموو بێجگە لە چالاکی و پێوەندە نەتەوەییەکانی.

بین بیللا، ڕێبواری ڕێگەیەک بوو، بەرەو گۆڕینی ئەم جیهانە و دامەزراندنی جیهانێکی نوێ. بۆ وەدیهێنان و بیناکردنی جیهانێکی نوێ، دەشێ زەوینەسازیی بۆ بکرێت و پێشینەی بۆ ئامادە بکرێت و لە کاتی دەستبەکاربوونیشدا، پرۆژەیەک یا پرۆژەگەلێکی شارستانی ئامادە بکرێن، کە لە بنج و بنەما و بنگە فەرهەنگییەکانی گەلانەوە هەڵقوڵابن. ئەو پرۆژانە چارەسەرییەکی دادپەروەرانە و ڕاست و دروستیان بۆ تەواوی کێشەکانی مرۆڤایەتی بە گشتی، پێ بهێنرێنە گۆڕێ. هەڵسەنگاندن و دادوەری لەسەر باشی و لەباریی هەر پرۆژەیەکی ژیارییش، دەگەڕێتەوە بۆوەی ئەو پرۆژەیە چەند پابەندە بە کێشەکانی مرۆڤەوە، چەند بە تەنگ مرۆڤەوە دێت، چەند ڕێز لە مرۆڤ، هەموو مرۆڤ دەگرێت و تا چەند ڕایەڵە و پێوەندەکانی هاریکاری و یەکگرتن و تێکەڵبوون و بەتەنگەوەهاتن، لەنێوان هەموو ئادەمیزاددا، بە هەموو جیاوازییە ڕەگەزی و نەتەوەیی و فەرهەنگییەکانیانەوە، چێ دەکات و چەند جڤاکێکی دادپەروەر دێنێتە گۆڕێ و چەند مرۆڤەکان تێیدا هەست بە ئازادی دەکەن و خودانی خۆیانن و چەند جڤاکێکی بێ چین و یەکسان دەستەبەر دەکات. کارڵ مارکس، لە یەکێک لە تێز و بۆچوونەکانیدا پێی وایە، کاتێک مرۆڤ توانی "پێویستییە ئاژەڵییەکانی" بە شێوەیەکی باشتر دەستەبەر

و تێر بکات، ئەودەم لەبری ئەوەی بیر و وزەی خۆی تەرخان بکات بۆ تێرکردنی "پێویستییە مرۆڤییەکانی" بە جۆرێکی باشتر، تواناتر دەبێت و خاستر پێ ڕا دەگات. وەها کارێکیش پێویستی بە گۆڕینی ڕەگوڕیشەیی هەیە لە ڕێکخستنی جڤاکی و پێوەندە مرۆڤایەتییەکاندا. بە کورتی توانستی ئەو پرۆژە یا ئەو پرۆژانە، لە چێکردنی جیهانێکی بێ بەکاربردن و بێ ستەم و بێ چەوسانەوە و بێ پیسکردن و بێ گەمارکردنی سروشت و ژینگە و گۆڕینێکی بنچینەیی و داڕشتنەوەیەکی نوێی کۆمەڵ و پێوەندەکانی مرۆڤ و مرۆڤ، جیهانێک نێزیک لە خوداوە، ئەو جیهانە نوێیە بوو، بین بیللا بەڕێوە بوو بۆی.

ئەحمەد بین بیللا، کەسێک بوو لەتەک ئازار و نەهامەتییەکانی دواکەوتوویی گەلانی جیهانی سێیەم و جیهانی ئیسلامی و جیهانی عەرەبیدا دەژیا و وەدووی چارەسەردا وێڵ بوو بۆ دەردەکانیان. ئەو دەیزانی ڕزگاربوون لە بەجێماوی و پاشکەوتوویی ئابووری و جڤاکی و سیاسی، پێویستی بە وزە و سامانە، گرنگترین وزە و سامانیش، لە گەردووندا مرۆڤ خۆیەتی. سامان بە تەنێ، هەرچەندی مەزن بێت، کۆمەک بە مرۆڤ ناکات، ئەگەر مرۆڤ خاوەنی خۆی نەبێت و لە بێئاگایی و متبوون، بێدار نەبێتەوە و خۆی ئامادە نەکات بۆ چوونە نێو جیهانی داهێنان و توێژینەوە و پشکنین و گەڕانی

زانستی و ئاوەز و لەش و هێز و توانستی خۆی نەخاتە گەڕ. فیلۆسۆفی بەناوێی جەزائیری مالیک بین نەبی، پێی وایە، بۆ ئەنجامدان و وەدیهێنانی هەموو کارێک و چالاکییەک و ڕابوونێک و گۆڕینێکی کۆمەڵایەتی، گەرەکە سێ لایەن یا سێ کوچکەیەک هەبن، کە لە : مرۆڤ، هزر و ئامراز، پێکدێن. لەکن بین بیللا هزر هەبوو و وەدەسخستنی ئامرازیش هێندە سەخت نەبوو، لێ پەیداکردنی مرۆڤ و کەسگەلێک شان بدەنە بەر وەها کارێک، ئەوە پێویستییە سەرەکییەکە بوو. بین بیللا، یەکێک بوو لە پێشەنگەکانی ئەو بیرمەندانەی جیهانی سێیەم کە مزگێنی لەدایکبوونی وەئاگاهاتنەوەیەکی نوێیان لە جیهانی سێیەمدا دەدا و ئەو نوێبوونەوەیەیش لە نزیکبوونەوە و یەکگرتنی گەلانی تازە ئازادبووی ئەفریقا و ئاسیا و ئەمەریکای لاتیندا دەبینرا، بەرانبەر کۆلۆنیالیزمی کۆن و نوێ.

بین بیللا ناوێک بوو لە ڕیزی ناوەیلێکی گرنگی وەک، فرانز فانۆن، ڕێژێ دۆبرێ، چێ گیڤارا، نیکرۆما، نایریری، سیکۆتۆری، جەمال عەبدوںناسر، بین بەرەکە، هۆ شی مین، ماو زەدۆنگ، گاندی، نەهرۆ، تیتۆ، ماندێلا، لۆمۆمبا، کاوندادا بوو، کە جاڕی لەدایکبوونی شارستانیەتییەکی نوێیان دەدا. ئەم وەئاگاهاتنەوەیە نموونەیەکی نوێی لە ئازادی، یەکسانی، دادپەروەریی جڤاکی، پێشکەوتن و مافی

مرۆڤی، نیشان دا. دیارە ئەم نموونە نوێیانە هەر ئەو نموونانەن، کە خواستی ئاگایی ئەوروپایی بوون و لە سەردەمی ڕۆشنگەرییدا هاواریان بۆ دەکرا. بیرمەندانی جیهانی سێیەم، نموونەی نوێیان خستە سەر ئەوانەی ئەوروپاییان، مانەندی: دژایەتیی ڕەگەزپەرستی و دەمارگیری، دژایەتیی کۆلۆنیالیزمی داگیرکەری خاک و نیشتەجێکردن و بەکاربردنی گەلان و بەتالانبردنی سامانیان. ئەمان مرۆڤایەتییان یەکدەخست و جیاوازیی نێوان ڕۆژاوا و ڕۆژهەلاتیان دەسڕییەوە و نەدەهێشت. مافی مرۆڤ لەکن ئەمان یەکێک بوو، لەت نەدەکرا و لەسەر سنوورە جوگرافیاییەکان نەدەوستا و نەدەڕووخا و لە پشتی دیواری گەلان و ڕەگەزەکاندا خۆی حەشار نەدەدا. لەتەک ڕزگاربوونی نیشتمانیی گەلانی جیهانی سێیەمدا و لە پەنای ئاوابوون و خامۆشبوونی ڕۆژاوادا، ئیدی سەرلەنوێ هەستانەوەی گەلانی ڕۆژهەلات دەستی پێ کردەوە.

بین بیللا، خۆی بۆ دەسەلاتداریەتیی جەزائیر هەلنەگرتبوو و ئەوە ئامانجی وی نەبوو. ئەو لە ڕوانگەیەکی بەرینترەوە دەینۆڕییە جیهان. ئەو لە بازنەیەکی گەورەتردا دەجوولایەوە، ئەو بۆیە تاراوگەی هەلبژارد، بۆوەی بتوانێت بئاخڤێت، چون ئەو خەباتگێڕ بوو، کارا بوو و کزۆلەیەکی دوورەپەرێز و متبوویەکی خانەنشین نەبوو،

ئەگەر بێدەنگ بووایە، ئەوا دەبووە لاشەیەکی بێگیان، وەک خۆی دەیگوت. جەزائیر، بۆ بین بیللا ڕووبەرێکی بچووک بوو، ئەو پتر حەزی بە جووڵانەوەیەکی فراوانتر، ڕووبەرێکی بەرینتر دەکرد و خۆی لە بزاڤ و پرۆژەیەکدا دەبینییەوە، لەپێناوی وەڵاتانی بێلایەندا، لە پێناوی جیهانی سێیەمدا، لەپێناوی جیهانی عەرەبدا و لەپێناوی جیهانی ئیسلامدا، کاری دەکرد و بۆ یەکیەتییان دەکۆشا. ئەو بۆ خۆی هەمیشە دەیگوت: "من، یەکەم موسوڵمانم، دووەم عەرەبم و سێیەم جەزائیریم". ئەو هەوڵی گرێدانی بەرینترین پێوەندی لەگەڵ جیهاندا، تەنانەت لەگەڵ ڕۆژاوایشدا، کە ڕەخنەیەکی فرەی لەهەمبەری هەبوو، دەدا، چون پێی وابوو هەر دەبێ پرد و ڕایەڵە لەگەڵ هێزەکانی ڕۆژاوادا، ئەوانەی دەیانەوێ گۆڕان بکەن، ساز بکرێن. لەکن بین بیللا، کێشە و پرسێکی هاوبەش کە گەلانی چەوساوە ڕووبەڕووی دەبنەوە، لە چۆنیەتی دەرچوونیاندایە لە ستەم و لە داوی سیستمی سەرمایەداریی جیهانی و بیناکردنی جیهانی نوێی خۆماڵی و خۆیی، واتە: بە پێوەری خۆیان. چارەسەری ئەو ئاریشانە وەک لە تێز و بۆچوونەکانی بین بیللادا دەخوێندرێنەوە، لەم چەند خاڵەدا دەردەکەون:

* دەستەبەرکردنی ئازادی بۆ تەواوی هێزە میللییەکان و نەهێشتنی هەموو جۆرە کۆت و بەندێکی کە ئەو ئازادییە، سنووردار بکات.

* پێکهێنانی یەکیەتییەک لەنێوان تەواوی هێزە بەرەنگاربووەکان و دوورکەوتنەوە لە پەرتەوازەیی و نەهێشتنی دابەشبوون و بە جۆرێک هەوڵ بدرێت بۆ دۆزینەوەی چارەسەریی یەکپارچەیی، نەک چارەسەریی بەشبەش.

* ناسنامەی گەلان بگێڕدرێتەوە بۆیان و ڕەسەنایەتیی فەرهەنگیی خۆیان بڵند ڕابگرن و پێشان بدەن و بە کردەوە بۆ خۆیان بژین.

ئەم سیستمە جیهانییەی ئێستا هەیە، لەژێر ناوی جیهانگەرییدا، جۆرێکی دیکەی لە هەژموونگەرایی هێناوەتە گۆڕی کە بین بیللا ڕەددی دەکاتەوە و پێی وایە، جیهانگەریی دەستەواژەیەکی جوانە و پێی دەکرێ هەستی برایەتی لەنێوان گەلاندا بڵاو بکاتەوە و ڕیزەکانیان یەکخات، لێ بەم واتایەی هەنووکە هەیەتی و پێی دراوە، تژییە لە خراپەکاری. ئەوەی ئێستا هەیە، جیهانگەری برسییەتی و مردن و کلۆڵی و بەدبەختییە. جیهانگەرییەکە هۆکاری سەرەکی نەبوونی خۆراک و برسییەتییە، کە سالانە دەبێتە هۆی مردنی 35 میلیۆن مرۆڤ. جیهانگەرییەکە تەنانەت جیاوازی لەنێوان نەخۆشی و

نەخۆشەکانی دانیشتووانی جیهانە دەوڵەمەند و جیهانە هەژارەکەدا دەکات بەوەی کە ڕۆژاوا و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، پارە تەرخان دەکەن بۆ چارەسەرکردنی شێرپەنجە و شادەمارەکانی دڵ و ئیفلیجیی منداڵ و ئەیدز، واتە: نەخۆشییەکانی وەڵاتانی خۆیان، لێ هیچ پارەیەک بۆ چارەسەرکردنی مەلاریا و بەلهارزیا و سیل و... نەخۆشییەکانی جیهانی سێیەم، تەرخان ناکەن. دەکرا جیهانگەرییەکە ببووایەتە جیهانگەرییەک بۆ خێر و خۆشی و خۆشگوزەرانی بۆ هەمووان، لێ بە پێچەوانەوە بووە بە جیهانگەریی مردن، ڕەشبینی و هەژاری. برسیەتی و ژینگە، دوو پرسی گرنگن لەکن بین بیللا لە پرۆژەی ئەو جیهانە نوێیەدا، ئەو هەوڵی بۆ دەدا. بۆ چارەسەکردنی ئەو پرسانە، کۆمەککردن بە وەڵاتانی گەشەکردوو و گەشەنەکردوو و خەبات دژی برسییەتی و کارکردن بۆ ڕزگارکردنی ژینگە، کە بە توندوتۆڵکردنی پێوەندداریەتی نێوان مرۆڤ و سروشت و دابەشکردنێکی دادپەروەرانەی سامان دێتە گۆڕێ، پێویستییەکی هەنووکەییە.

لەنێوان چەپایەتی و ئیسلامدا، بین بیللا سنوورێک دانانێت و نابینێت. ئەو مارکسیست نییە، لێ لە خانە و سەنگەری چەپدایە. ئەو عەرەبە و موسوڵمانە، لێ لە چالاکی و باوەڕەکانیدا ئاراستەیەکی چەپ دەگرێتە بەر، هەر بۆیە، هەرچەندە مارکسیزمیشی وەک ڕێباز هەڵنەبژاردووە، ئەو

هەمیشە لە ڕیزی هەموو بزاڤە چەپەکانی جیهان و لە ڕیزی وەڵاتانی سۆسیالیستی وەک کووبا و چین و سۆڤییەتی جاراندا بوو، کە ڕێبەریەتی خەباتی دژ بە کۆڵۆنیالیزم و ئیمپریالیزمیان دەکرد. دیارە مارکسیزم بۆ خۆی لە سێ ئاراستە یا ڕووکاردا دەبینرێتەوە و کارایە: ئاراستەیەکی فەلسەفەیی، ئاراستەیەکی تیۆرییە جڤاکییەکان و ئاراستەیەکی ئیدیۆلۆگی، کە مرۆڤ ئەگەر گەرەکی بێت، دەتوانێت دەستبەرداری فەلسەفە و ئیدیۆلۆگییەکەی ببێت و تیۆرییە جڤاکی و مێژوویی و ئابوورییەکانی هەڵبژێرێت و سوودمەند بێت لێیان، کە سەرۆک بین بیللا، بەو جۆرە دەینۆڕییە مارکسیزم و خۆی بە چەپ دادەنا. ئەو بۆ خۆی دەڵێ: "چەپ بۆ ئێمە گرنگ بوو و من هێشتا لەگەڵ چەپدا خەبات دەکەم، من پیاوێکی چەپم".

بین بیللا، هەرچەندە عەرەبە و موسوڵمانە، وەک بۆ خۆی دەڵێ، بەڵام ئەو ئارەزووی ئەوەی نییە و نەیگەرەکە لە وەڵاتێکدا بژی ئاراستەیەکی ئوسوولی توندڕۆی ئیسلامی بەڕێوەی ببات، هەرچەندە وەها ئاراستەیەک فرە گلەت، سیستمی سەرمایەداری و توندڕۆیی ڕەگەزپەرستی لەو وەڵاتانەدا، هۆکارن بۆ سەرهەڵدانی ئوسوولییەت و توندڕۆیی ئیسلامی. بین بیللا، نایەوێ گوتاری ئایینی زاڵ بێت بەسەر جڤاکدا، ئەو دژی واقیعی ئایینییش نییە، لێ

ئەو گوتارانەی داوای نوێکردنەوەی ئیسلام ناکەن یا گوتارێکن ئیسلام دەگێڕنەوە پاش و خوێندنەوەیەکی بەرەو دواوەی بۆ دەکەن، ڕەد دەکاتەوە، چون ئەو پێی وایە ئیسلام باوەڕی بە هەردوو ئایینی جوو و عیسایی هەیە و پەیامهێن موحەممەد لە ئیسلامدا بەردەوامیی مووسا و عیسایە. یەکەم مافی مرۆڤ، مافی ژیانە. ئەوەی ئامانجی هەموو مرۆڤێکە پاراستنی ژیانە. سیستمی جیهانی گرنگیی بەو مافە نادات. سیستمی جیهانی مرۆڤ بە کار دەهێنێت، دەکوژێت، ئەگەر نەیشیکوژێت، زیندانی سەخت و دژواری بۆ دروست دەکات و لە هەمان کاتیشدا بانگەشەی دیموکراتی دەکات. لە ئەفغانستان، لە عیراق، لە فلستین و... بەردەوام خەڵک دەکوژن و لە کاتێکدا هەموو ئومێدێکی ژیان لە بەین دەبەن، باس لە مافی مرۆڤ و دیموکراتییش دەکەن! ئەوانە جەنگگەلێکن دژ بە ئیسلام و شارستانیەتی عەرەب، ئەو وەڵاتانەی ئیمپریالیزمی ئەمەریکا جەنگیان تێدا دەکات و دژیانە، کۆریای باکووری لێ دەرچێت، ئیدی هەموو ئەوانی دی، سووریا، عیراق، سوودان و ئێران، هەموو وەڵاتگەلێکی ئیسلامین.[178]

---

178 https://en.wikipedia.org/wiki/Robert_Merle، دیدارێکی ئەحمەد بین بیللا، لەلایەن ڕۆژنامەوانی سویسری سیلڤیا کاتتۆری Silvia Cattoriەوە، لە 21ی ئەپریلی 2006دا، لە ژنێڤ/سویسرا کراوە.




ئەحمەد بین بیللا

مرۆڤە ڕاستەقینەکان، بەرهەمی زانستگە و مامۆستا و خوێندنگە و کتێب نین، ئەوان، ژیان ڕێبەر و ڕێنیشاندەر و مامۆستای ڕاستەقینەیانە! ئەحمەد بین بیللا، ئەو پیاوە ڕاستەقینەیە بوو، ژیان مامۆستای ڕاستەقینەی بوو. ئەو مرۆڤێک بوو خۆکرد، خۆی دروستکەری کەسیەتیی خۆی بوو. ئەو، تەواوی ژیانی، خەبات و شۆڕش بوو، دژی کۆلۆنیالیزم، سەرمایەداری، ئیمپریالیزم، هەژاری، چەوساندنەوە، ستەم، بەکاربردنی مرۆڤ لەلایەن مرۆڤەوە. تەواوی ژیانی خەبات و شۆڕش بوو بۆ: دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، ئازادی، یەکسانی، ژیان، بۆ

گەلی جەزائیر، بۆ عەرەب، بۆ ئیسلام، بۆ جیهانی سێیەم، بۆ مرۆڤایەتی. بیستوچوار ساڵ و نیوی تەمەنی لە زینداندا بردە سەر. کەمتر لە سێ ساڵ سەرۆککۆماری جەزائیر بوو. بین بیللا، تاکەڕێبەر و دواڕێبەری جەزائیر بوو، بە شێوازێکی دیموکراتی هەڵبژێردرێت، بەڵام ئەو بەگوێرەی تیۆریی "شۆڕشەکان هەمیشە منداڵەکانی خۆیان دەخۆن..."، وەک چۆن لە شۆڕشی ئوکتۆبەری سۆڤییێتدا و لە ساڵی 1936دا، بە فەرمانی ستالین، سەرکردەکانی حیزبی کۆمیۆنیست دادگایی کران و فەرمانی لە سێدارەدانی 16یان دەرکرا، کە لە نێویاندا زینۆڤییێڤ Grigori Zinovjev و کامێنێڤ Lev Kamenev و بوخارین Nikolai Bukharin هەبوون،[179] دواتریش ترۆتسکی Leon Trotsk، کە هاوڕێ لەگەڵ لێنیندا سەرکردەیەتیی شۆڕشیان کرد، بوو بە قوربانیی دەستی ستالین و لە 1940دا لە مەکسیک بە تەور کوژرا. ئەوانە سەرەڕای لەبەینبردنی چەندینی دیکەی کەمتر ناسراو. هەر بەو جۆرە لە شۆڕشی جەزائیریشدا، سەرۆک بین بیللا بوو بە قوربانیی دەستی بوومەدیەن. لە شۆڕشە ڕاستەقینەکاندا، خەڵکە باش و کەسە جوامێرەکان هەمیشە

[179]https://sv.wikipedia.org/wiki/Moskvar%C3%A4tteg%C3%A5ngarna

نایەنە پێشێ. ئەگەر بێنە پێشێیش، فرەگلەت کەم دەخایەنێت. دەمارگیر و ئاسۆتەنگ و دووڕوو و زارقەرەباڵغ و چڵیس و ساختەکارانن، سواری سەری شۆڕش دەبن و دەبنە سەردار و سەرکردە و دەبنە خودانی شۆڕش و دواتر دەبنە هۆکاری تێکشکانی هزریی زل و قەبە. هەرچی دڵسۆز و دادپەروەر و مرۆڤدۆست و خاوێن و جوامێر و دۆستی سروشت و ژینگە و خۆنەویست و خاکەڕا و زرنگ و زیرەکیشە، ئەگەر هزرمەند و دەسپێشخەری شۆڕشیش بووبن، لە دەستیان دەردەچێت و دەبنە قوربانیانی شۆڕش. بین بیللا، یەکێک بوو لەوان.

فێرناندۆ پێسوا دەڵێ: "بە ڕق و قین و فێڵ، ئەشکەنجە و ئازاری برا و خوشکانی مرۆڤمان دەدەین و لە دواییشدا دەڵێین: جیهان جێگەیەکی بێفەڕ و گەنە". لە ڕاستیدا جیهان، نە گەن و نە بێفەڕە، ئەوەی بێفەڕ و گەنە، نییەت و ئارەزووە بێ سنوور و چاوچنۆکی و خۆپەرستی و تەماح و هەڵپە لەبننەهاتووەکانی مرۆڤە بۆ دەسەڵات و سامان و دارایی. ئەوانەن وا لە مرۆڤ دەکەن، تەواوی زیرەکی و ئاوەز و زانست و بەهرەیەک کە گەرەکە بۆ خزمەت بە ژیان بە کار ببرێن، بۆ  خزمەتی هیچی و پووچی بە کار دەبرێن. مرۆڤ ئەوانە، بۆ کینە و ڕق و زیانی یەکدی، وەگەڕ دەخەن. ئەو زیرەکی و عەقڵ و زانست و بەهرەیەی

هەمیشە زیاد دەکات و پێش دەکەوێت، ڕاستە بەرهەم و سامانی مرۆڤی زیاد کردووە و خەونەکانی مرۆڤ وەدی دەهێنێت، لێ لە لایەکی دیکەوە، نە تەنێ پێوەندی مرۆڤی بە ژینگە و دەوروبەریەوە ڕووخاندووە، بەڵکە پێوەندی مرۆڤی بە خۆیەوە و بە مرۆڤەوە وێران کردووە.

بین بیللا، بۆ خۆی خودانی پرۆژەیەکی گۆڕینی مرۆڤ بوو و خەونی هێنانەدی جیهانێکی نوێی جیاوازی دەدی. خەونی ئاشتکردنەوەی مرۆڤی لەتەک ناخی مرۆڤ خۆیدا، لەتەک ڕۆحی خۆیدا، لەتەک تەواوی مرۆڤدا و لەتەک ژینگە و دەوروبەر و سروشت و هەموو بوونەوەر و بووندا دەدی. ئەو هێشتا قسەکانی تەواو نەکردبوون و زۆری مابوون بیلێت. لە سایەی ئەم سیستمە جیهانییە نادادپەروەر و زاڵ و بێبەزەیی و ستەمکار و مرۆڤکوژ و ژینگەکوژە باوەی ئێستادا، کە کەس نازانێت بەرەو کوێ هەنگاو دەنێت، بین بیللا و بین بیللاکان پێویستن، چون وەک شاعیری ئێرانی ئیسماعیل خوویی[180] دەڵێ:

---

[180] ئیسماعیل خوویی (اسماعیل خویی/ 1938–....)، شاعیر و نووسەرێکی ئێرانییە. لە ساڵی 1980ەوە ئێرانی جێهێشتووە و لە ئینگلستان ژیاوە. پێش شۆڕشی گەلانی ئێران، یەکێک لە دامەزرێنەران و ئەندامی ئەنجومەنی نووسەرانی ئێران بووە و مامۆستای فەلسەفە بوو لە زانستگە. شیعرەکانی بێجگە لە عیشق، تێکەڵەیەکن لە ڕەخنەی کۆمەڵایەتی و هزر و فەلسەفە. شیعرەکانی

"تا یەک دڵی غەمگین هەبێت، لە جیهاندا شادی نییە
تا دێیەکی وێران هەبێت، ئاوەدانی نییە
تا لە تەواوی جیهاندا تاکەکەسێک زیندانیی بێت
لە هیچ جێیەکی جیهاندا ئازادی نییە".[181]

بۆوەی دڵە غەمگینەکان و دێیە وێرانەکان و زیندان و زیندانیی نەمێنێت، بۆوەی کۆیلەیەتی، برسییەتی و جیاوازییە ڕەگەزی و نەتەوەیی و ئایینی و چینایەتییەکان نەمێنن، دەبێ شادی و ئاوەدانی و ئازادی و یەکسانی جێگەی تەواوی نەهامەتییەکانی مرۆڤ بگرنەوە. وەها کارێکیش بزوێنەری وەک گێڤارا و بین بیللاکانی گەرەکە. ڕەنگە پرۆژە و خەونی سەرۆک بین بیللا و هەموو بین بیللاکانی تر، ماوەیەکی زۆر و دووردرێژی گەرەک بێت، تا لە چوارچێوەی هزر بچنە دەرێ و ببنە کردار.

15ی جەنیوەری 2021

---

وەرگێڕدراون بۆ گەلێ زمانی وەک: فرانسی، ئینگلیزی، ڕووسی، ئەڵمانی و ئۆکراینی.

[181] شیعرەکە بۆ خۆی بەم جۆرەیە:
"با یک دل غمگین به جهان شادی نیست
تا یک ده ویران بود، آبادی نیست
تا در همەی جهان یکی زندان هست
در هیچکجای عالم آزادی نیست ".

# سەرچاوەگەلێک بۆ نووسینی ئەم باسە سوودیان لێ وەرگیراوە:

1. مذكرت أحمد بن بلة، ترجمة العفيف الأخضر، دار الآداب - بيروت، 1981. ناوەڕۆکی ئەم کتێبە "بیرەوەرییەکانی ئەحمەد بین بیللا"، بین بیللا بۆ خۆی لە ساڵی 1964دا بە زمانی فرانسی بۆ ڕۆبێر میرڵ Robert Merle (1908–2004)ی وەرگێڕ و ڕۆماننووس و سیناریۆنووس و نووسەر و مامۆستای ئەدەبییاتی ئینگلیزی لە زانستگەی سۆربۆنی فرانسی گێڕاوەتەوە و ئەویش تۆماری کردووە و تۆمارکەرەکەیش بین بیللا بۆ خۆی پەیدای کردووە. میرڵ، چەندین کتێبی وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی فارسی. عەفیف ئەلئەخزەر (العفيف الأخضر (1934–2013)ی بیرمەندی چەپڕۆی توونسی، ئەو بیرەوەرییانەی بین بیللای کردووە بە عەرەبی. ئەلئەخزەر، دوای سەرکەوتنی شۆڕشی جەزائیر، توونسی جێهێشت و چووە جەزائیر و گەلێ لە سەرۆک بین بیللاوە نزیک بوو و دوای کوودێتای بوومەدیەن و لەکارلابردنی بین بیللا، جەزائیری جێهێشت و

چووە بەیرووت و لەگەڵ فلستینییەکاندا کاری کرد و پاشان لە 1979دا چووە پاریس و تا کۆچی دوایی کرد لەوێ ژیا. ئەلئەخزەر، لە سەرەتادا چەپڕۆ بوو و دواتر گۆڕا و بوو بە کەسێکی لیبراڵ و تەنانەت لایەنگری ڕۆژهەڵاتناسان لە ڕەخنەکانیاندا لەهەمبەر عەرەب و ئیسلام.

2. بن بلة، نحو عالم جديد، منشورات حركة الديمقراطيين الجزائريين، الطبعة الأولى، 21 آذار 1984. ئەم کتێبە وەرگێڕانی چەند گوتار و نامە و چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەوانی و ڕادیۆیی بین بیللایە، کە لە فرانسییەوە کراونە عەرەبی.
3. بن بلة، أحمد، حديث معرفي شامل، 1985. ئەم کتێبە دیدارێکی دوورودرێژە ڕۆژنامەوان موحەممەد خەلیفە (محمد خليفة) لەگەڵ سەرۆک بین بیللادا کردوویەتی و بیرۆکەی دیدارەکە دەگەڕێتەوە بۆ دوو ساڵێک پێش چاپکردنی کتێبەکە.
4. James M. Markham: Ben Bella, held 14 Years in Algeria, May Be Freed Soon, The New York Times, May 10, 1979, Section A, Page 2.

5. بۆ پەیداکردنی زانیاری لەمەڕ هەندێک ناو و کەس و شوێن و ڕێکخراو و دەسگە و ڕووداو لە google.se و google.com، سوودمەند بووم.